تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

تۆماری تەمەن

(١)

گەشت



کەریم زەند

تۆماری تەمەن

1

گەشـــــت

کەریم زەند

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافي)

www. iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى , عربي , فارسي)

تۆماری تەمەن – 1 – گەشت
کەریم زەند
چاپی یەکەم
تایپو مۆنتاج: چاپەمەنی ئەزمڕ
ئۆفسێت: چاپەمەنی روون
فەرزی بەرگ: داناز
کوردستان – سلێمانی
ژمارەی سپاردن: 92
ساڵی: 2004
تیراژ: 500

دیاریو تیشووی گەشتو تراژیدیای مەرگو ژینو

جیهانی ژێروو گۆڕو خەوابگەو نارامگەو گلکۆ -

پێشکەشە بە:

قوربانیانی ئازادیو رزگارکەرانی گەلانو جەماوەرانی

ستەمدیدەی بندەست، لە تاریکسان.

بۆ/ گەلانی روو لە رۆشنایی، خوازیارانی سەربەستی

بۆ/ خەباتگێڕ و شۆڕشگێڕان،

کە سەرمایەیان ئەزموونو کارامەییە،

پێشکەشە بە/

دەستی گەشمردانو شامێرانو نەمرانو جاویدانو

هەرگیز زیندووانی کوردستان

لە چرکەی لێدانی هەموو دڵێکی پڕ لە ئەڤینو خۆشەویستی

ئاشتیو دیموکراتیو تەبایی و لەخۆبایینەبوونو

سەردانەواندن بۆ لەخۆ تواناتر.

زەمەن قارەمانە، ئەیبرای کورد،

حاجی قادری کۆیی وتەنی:

مەرگو ژین میسلی سێبەر و تاوە

ئەویباقیبێ هەر ناوە

گەشتی زەند

سەرهەڵدان

ویڵەدەر

1936 لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی بووم، لە فێرگەی ئەیوبییە، کە لە پێشدا پێی دەوترا، فێرگەی دووەم، تەنها 2 فێرگە هەبوو لە هەموو شاری سلێمانیدا. گەشتێکی فێرگەیی رێکخرا بۆ گوندی ویڵەدەر بە چیای گۆیژەوە، کە زنجیرەی کێوی ئەزمڕە – ئەزمیر – لەو گەشتەدا بەشدار نەکرام، بەهۆی کەمتەمەنیو لاوازیو گچکەیو لە بەزەیی و داڵدەیێ باوکیش بێبە شبووم، ئەو هۆکارانە، کاریگەری دەروونی هەبوو. بۆ بەیانی کە رۆژی هەینیبوو، زوو بەرێرێکەمکرت لە تەك خوێنداکارەکاندا، کەوتمەرێ، سووکرەویو چالاکی و پیادەییەکەم، سەرنجی فێرکارو هەڤاڵەکانمی راکێشا، ئەمە هاندەربوو کە گەشتوگوزار بکەم بە پیشە.

هەزارمێرد:

1938بە گەشتی فێرگەیی چووین بۆ گوندی جێشانەو ئەشکەوتی هەزارمێرد، بە رابەری مامۆستا ئەحمەد ئیبراهیم و مامۆستا جەلال مەلا کاکە حەمە سەیفولاّ، کوڕی مامۆستای ناودار. لە گوندی ولۆبە و کانیگۆمەوە، بە چەمی ئاڵیشەدا بەرەو گوندی جێشانەو هەزارمێرد.

هەزارمێرد، لە قەدپاڵی چیای بەرانانەو، بەسەر دەشتی سەرچناردا فەرمانڕەوایە، لە چینەکانی خوارەویدا، شوێنی ئاگردانو کوانووی لێدۆزراوەتەوە، لەتەك کەمەکێ ئێسکو ئامێری بەردەستی، ئەگەڕێتەوە بۆ سەدەی بەردینی کۆنو ناوەند، تەمەنی لە نێوان 33-50 هەزار ساڵدایە.

لەو چەرخەدا مەردوم، خۆراکی خۆی کوڵاندووە، چێشتی بە ئاگر لێناوە، خۆی پێگەرمکردۆتەوە.

لە سلێمانییەوە تا زاری ئەشکەوتەکە 15 کم. زاری ئەشکەوتە گەورەکە گچکەیە، لە چوونە ژوورەوەدا گەرەکە خۆت نەوی بکەیت. دوای چوونە ناوەوەی، 4 کەس بە پێوە بەڕیز بە ناویدا دەڕوات. ماوەی دووری 300م، نزیکەی 200م پتر رۆیشتین، ئۆکسجین کەمبۆوە، لایتەکان روناکییان نەئەدا، تاپڕمان پێبوو، کاکە کەریم قەرەنی براو هاوڕێم تفەنگێکی تەقاند، دەنگدانەوەکەی بەخێرایی دەنگ مەزندە ئەکرا بە 100م ئەو ماوەیەی کە مابوو، ویزەویزی شەمشەمەکوێرە، بۆشایی ئەشکەوتەکەی پڕ کردبوو، سامو بۆنی ناخۆشی ریقنەی زۆری ئەم زیندەوەرە، کە پەینی سروشتییە ، زۆر بەدی ئەکرا، لەبەر ئەمانە، گەڕاینەوە.

رێگەی‌تر،

سلێمانی، بەکرەجۆ، بە پێدەشتدا، بەرەو گوندی باڵچوخو بنگرد، 2گوندن لەمبەرو ئەوبەری چۆمی ئاڵیشە. لە جۆگەی کاک ئەحمەدەوە، پێدەشتی کەم بەرەو گوندی هەزار مێرد، 30 خانەیە، لە پەنا دۆڵێکدا بە دامێنی چیای بەرانانەوە، گوندی دێکۆن لای راستیەوە، گوندی داربەڕوو لای دێکۆنو لای چەپیشی گوندی جێشانەیە.

قەڵای بارۆیی:

دوژی بارۆیی، لە بەکرەجۆوە بە پێدەشتدا ماوەی 25 خولەك، گوندی باڵچوخ ، گادانی، 12 خانە، چۆمی ئاڵیشە، بنگردی خێڵی مەنمی 35 خانە، جۆگە لە ئاڵیشە هەڵگیراوە، دووڕیانی هەزارمێرد و دێکۆن، بەرەو بنارو هەوراز، هەزارمێرد و دێکۆن لای چەپ، ناوەندی رێگەی گوندی داربەڕوو، لەنجاوا، داربەڕوو 25 خانە لای راست، لەنجاوا 7 خانەی لای چەپ، هەورازو بان، گوزەرگەی بەرانان ، 2 قوتکەیە، هەموو دەشتی سلێمانیو بەکرەجۆو بناری چیای گۆیژەی لێدیارە. لێژیو لابەلا بە بناری ئەودیوی چیای بەراناندا، دارو گوڕ بە پاڵی ئەمبەرو گوندی بارۆیی بە بناری ئەوبەرەوە، 70 خانەیە.

هەوراز بەرەو دوژی بارۆیی، ماوەی 3 چارەك بەپێ، پاشەواری دۆژی کۆن، شێوە هێلکەیی نزیکە لە بازنەوە، درێژی تیرەکەی 104 م، سەرەوەی بانی تەخت، شوێنی بیری پڕکراوە بە بەرد، شوێنی بەرگری بووە.

جێگەی خانووەکانیو شورەکەی ماوە، بناخەی دیواری شورە دەستکردەکەی پانی 2م، کەڵەکە بەردی ڕێکخراو بەردی گەورە و گچکە، ڕەنگی ڕەشو کەڕووی سەوز و کەسك، لەسەر بەردەکانی – قەڵا سورکە بەو بەرەوە، گوندی سەرزەلی قەراخ 20 خولەکە، سنووری بەخشی قەراخ نزیکە دوا سنووری بازیانە، دەشتی بازیان و سەگرمە و پشتی خاوێ دیارە.

لای خۆراوای قەڵاکە، هەمووی کەورگە داتاشراوە، شوێنی حەسانەوەو دانیشتنە بۆ سیبەری بەیانیان.

هۆکاری رووتکردنەوەو خواردن، باو ئاو و باران کاریتێکردووە، گوندە نزیکەکانی: بارۆیی گچکە لە قەدپاڵی ئەودیو، داریکەلی شێخی نەمر، کانیکە، گوندی زییەکە، کانیشایە، سەرچاوەی هاڵە، لەولایەوە نزیکی هەنجیرەی بازیانە.

شەقامی ئوتومبیل:

لە ڕێگەی تاسلوجەوە، چاخانەی ئالآیی، یەکدو-خانەی سەچاوەی کانیگەورە، کانیپێنجشەم 6 خانە، کانیشایە، 60 خانە، ورمزیار 4 خانە، گاوانی 50 خانە، بارۆیی دوا گوندی بەخشی بازیانە.

دوژی بارۆیی، شوێنی بەرگریبووە لە هێرشی نارامسندا و هەڵمەتەکانی ئاشوری بۆ سەر زاموا.

هەڵەبجە:

لە سلێمانییەوە، 76 کم، داربەڕولە، بەلای گۆڕستانەکەیدا، خەراجیان، ئەربەت، دووڕیانی دەربەندیخان.

سلێمانی – دەربەندیخان 69 کم، بنکەی بەخشی ئەربەت – ئاری بت، ڕێی بەرزنجە و پردی گچکەی خڕی چەناخچیان.

سلێمانی – بەرزنجە 57 کم، دوای پردی چەناخچیان، بە ڕێگەی زیخدا، هەنجیرە، هەورازو پێچو دۆڵ‌بان، تەختی، دەشتی زەڵێ- چاخانەی مۆریاس، 20 خولەکە بۆ گوندی مۆریاس، قوتکەی کوڕەکاژاو، دوژی گێڵدەرە، دیارە، دووڕیانی گێڵدەرە و کوپەی حاجی – بەرزنجە لە دامێنی چیای کوڕەکاژاودا، تەختیو کەمێ هەوراز، بەرزنجە لە پردی چەناخچیانەوە بۆ هەڵەبجە. ڕێگەکەی باشنییە، کانیپانکە و موان، گوندو ئاوەدانی، فێرگەو تیمارگەی تێدایە، گوندی گرێزە، دەشتی قوڕیچیا، سەراو، گۆمێکی گچکە-گۆمی سەرای سوبحاناغا، گوندی قلرخ، سەیسایەق، بنکە ی بەخشتی شارەزوور، پردی داخراوی سەیسایەق – دووڕیانی پێنجوین.

سلێمانی-پێنجوین، 105 کم، گوندی قەدەفری، پردی زەڵم، چاخانەکەی، گوندەکە بە پاڵ گردەوەیە، باخو گوێچەم و درەختی بی، ڕێگەی ئەحماوا، 10 خولەکە بۆ خورماڵ-خۆرماڵ، ڕێگەکە بە نزیکی گۆمی دەربەندخاندا، تەپەگوڵاوی، بنکەی بەخشتی سیروان، کێلەسپی، دێتەوە سەر ڕێگەی کۆن، باخی کێلەسپی، لای چەپی گوندی زەمەقی، لای ڕاستی گوڵانی خواروو، هەڵەبجە، شارۆچکەیە، مۆناتی 50 هەزار کەسە، لە پێدەشتدا، مەڵبەندی بازرگانییە، بەهۆی نزیکی لە سنوورەوە شەقامێکی ڕێکە بە ناوەندیدا.

خولیا

بڕیـــار

لێرەوە:

خولیـاو بڕیـار، لێـرەوە سـەرهەڵئەدات، ڕێنمـایی بـۆ گەشـتی فراوانـو درێـژخایانو نەپساوە، بـە ئومێـدی گـەڕانێکی سەرانسـەر بـە هـەموو کوردسـتاندا، بەپێ و هـەر هـەموو خـاوەری میانـەو زوربـەی کیشوەرو کـەرتی ئـەوروپا و بەشـی زۆری خاکی ئەفەریکا بگەڕێم، ماوەی 13 ساڵ.

هەرلێرەوە، لـە ئاکـامی ئـەم گـەڕانو دەربەدەریـەدا چـەرخو چاخو دەرفـەتی ڕۆژگار گەڕیدەیی بکەم بە پیشە و جوگرافیای کوردستان سەرتاپا بە مەیـدانی لـەو هاوکێشەیەدا دابڕێژم کە جەمسەرێکی چەرخو زەمەنە و جەمسەرەکەیتری زەوییە و مرۆڤیش خۆی دروستکەرو بڕیاردەرەو خاوەنی هزرە.

جوگرافیای کوردستان، ئا لێرەوە سەرهەڵئەدات، 1945.

بیارە:

لـە هەڵەبجـەوە، 18کـم، ڕێگـەی زیخـەڵان، پێدەشـت، پـرد، لـە بنـاری گونـدی ئەبابـەیلێوە، جەیەلـە – جەلیلـە، بـەرەو ئەنـەب، بـە نـاو بـاخو دارو درەختـدا، چاخانەی بیاوێڵە، چاخانەی دەرەشیشی خـواروو، چـەند جۆگـەو ئـاو، دەرەشیشـی ژووروو، هەوراز، خەرپانی و چۆمی بەنەو چاخانە، دووڕیانی تەوێڵە، پـردو چۆمو گوندی خاگێلان، بناری چەپی نارنجەڵەو گوڵپ، باخەکۆن، ئاو و پردی زەردەهاڵ.

پێشی زەردەهاڵ، بە ڕێگەی گوڵپدا 3کم، بۆ گوندی گوڵپ 30 خانـە، لابـەلاو پێچ، بەردەڵانی تا گوندی سەرگەت، هانەی دن 3کم.

سەرگەت 10 خانەیە، بەولایەوە هانەی دن 110 خانە، چاخانەی زەردەهاڵ، گوندی دەرەقەیسەر لای راست، بنجۆی دەرە لە ناو شیوەکەدا، لای چەپەوە ڕێگەی هەورازو بەردەڵانی، پێچ، خانووەکانی پێشی بیارەو چاخانەکەی دیارە.

بیارە، لە دۆڵێکدا، خانووەکانی بەری خۆراوای، 3 گەڕەکە، پشتجۆ، ناو دێ، گەڕەکی شێخان، مۆناتی 5 هەزار کەسە، فێرگەی سەرەتایی، ناوەندی، تیمارگە و چاخانەو بازاڕی گچکەی تێدایە.

لە خانەقا، ئارامگەو خەوابگەی شێخانی ڕێبازگەی نەخشی تێدایە، خەوابگەی شێخ ئومەر، شێخ ئەلائەدین، شێخ نەجمەدینی تێدایە.

چۆمی بیارە، لە چیای شرامەوە دێت، کە زنجیرەی چیای هەورامانە. تەمەنی بیارە 450 ساڵ پترە، لە وشەی بوێرە، بێدارەوە هاتووە، لە دۆڵێکی درێژدا، دارستانو باخ دایپۆشیوە تا دەراوی دەرەقوولو بنجۆیدەرە.

2 پرد، هەردوو بەری بیارەی بەیەکەوە بەستووە، بە تایبەتی ئەو پردەی ناو ئاوایی، پردێکیان ئوتومبیلی پێدا ئەڕوات بۆ تەوێڵە. چۆمەکەی، لایەنەکانی هەڵبەستراوە بە بەرد، خانووەکانی وشکەکەڵەکو دوو نهۆمە.

تەوێڵە:

17کم لە بیارەوە، قەدپاڵو ناوباخ، ڕووەو هەوراز، لای ڕاستی دۆڵ، چاخانەی دەرگاشێخان، گوندەکە لە سەرەوە، گۆڕی ساوا پێچو هەوراز و لابەلا، هاڵە، کانیوەزنەی بەڵخە، ناو باخ، تاقگەی لەسەرەوە، سەری سەیسەلام، باخەکانی خوارووی بیارە، دیارە، پێچ بۆ ئەودیوی بەڵخە، سەری شنروێ دیارە، چاخانەو گوندی بەڵخە.

فێرگە، لە سەر ڕێگە، کانیبەڵخە، چاخانەو کانیشڵە، کانیاوی ساردوو سێبەر، سوورەچناری گەورە، گۆماو، لە خوارەوە، پێچو لابەلا، خوارەوەی باخی شەمی، ڕەزەکانی سۆسەکان بەرانبەری ملەشۆپەی ئەودیو سنوور، باخەکانی تەوێڵە، بیریو گەریات، پێشی تەوێڵە، هەوراز، بۆ تەوێڵە.

خانەقاو ناوئاوایی لە دۆڵێکدا، هەردووبەری خانووی وشکەکەڵەکو دوونهۆم 10 هەزارکەس پتر، بازاڕو فرۆشگە، چاخانەو فێرگە و تیمارگە و پۆست، شوێنی دیدەنیو سەیرانگەی ئاوێسەر 45 خولەکە بەپێ، هەوراز بە ناو باخدا و سێبەرو درەخت تاکو ئاوێسەر، کانیاو و تەختیو سێبەر لە دامێنی چیای هەورامانی تەخت، سەری تەخت بە لوتکەوە، بەو دیودا گوندی هەورامانی تەخت، بەشی ژاوەڕۆ، شەقامی ئوتومبیلی سەر سنوور، بۆ هەورامانی تەخت 500 خانە، ئەودیوی باخو ئەستێڵ، گوندی خۆشی، ئاوایی کەماڵانە.

گوندەکانی هەورامانی تەخت: سەریپیر، سڵێنی، بلیە، نۆین، کەلجی، ژیوارە.. چاوگی سیروان، لە بەردەمی ئاوی سڵێنیەوە، هەوارگەی پیر رۆستەم، جێگەیەکی خۆشو سازگارە.

تەوێڵە، لە دۆڵێکی 3 کوچکەدایە، دەرەیەکی تاکو گوندی دزاوەر و کۆتایی باخەکانی ، دەرەکەیتری تاکو ئاوێسەر بریتیە لە 3 گەڕەك، چلانە، مالیدەر، بەرانبەر... خانەقای گەورە 1868 ز، دروستکراوە، مەزارو ئارامگەو خەوابگەی شێخ وەسمان، شێخ سیراجەدین ی تێدایە. خانووی شێخ بەوبەرەوە، سوورەچنار لە بەردەمیدا، بڵندگوی پێوەیە.

خورماڵ – خۆماڵ:

لە هەڵەبجەوە 15 کم بە گوندی دەلیندا – کێلەسپی، چاخانە، لای راست گردی سەفا، ئاوایی حەمە، گردی ئەولا، تەپەکوڕە، زەڵم، رێگەی سلێمانی، گوندی زەڵم بە بناری گردەوە، رێگەی قیر، کولکنی ئاوایی حەمەی کەرەم، جانجان لای راست، چەقەڵاواو شیرەمەڕە لای چەپ، درەختو باخو سەوزی و تەختی، خورماڵ بنکەی بەخش لە پێدەشتدا، هەندێك خانووی بە گردەوە لای خاوەری، مزگەوتو رۆشنگە مێژووییەکەی لە چاخی ئوسمانیدا دروستکراوە.

ئەم هۆنراوەیەی بە فارسی لەسەر بەردی سەر دەرگاکەی نووسراوە، سەردەمی چاکردنەوەی مزگەوتەکە لە چاخی موسا بەگی بابانیدا:

والی ملک جـود و کهف عبـاد ان سـلیمان تخـت عـــزت و داد
ید بیضـــــاء نمـود موســـــی له گـل گلعنبـرش ز لطف بمـــداد
دربنـا هــای خیر شـد سـاعی بهـر اجـر و پـواب روز ســــعاد
مسجد کردند سالْ شاه سلیم دید گشت است جای قزر و رماد
زکرم چنـــد بـدره در تعمـیر صرفکرد ازا و بیافت حســن مراد
این اشـارت زغیب شـد تاریخ بـود مســـــجد بزکـر حـق اباد

رۆشنگەکە، لە خشتو قسلْ دروستکراوە، 26 پلیکانەیە، هەر پێپیلکەی 30 سم، سەربانی مزگەوتەکە 9 خڕگەیە چالاوی مزگەوتەکە 7 × 11 م.، سولْتان یاوز سەلیم 1453ز دروستیکردووە، موسابەگی بابان 226 ساڵ لەمەوبەر چاکی کردۆتــەوە. 1162، ئەحمـەد عـەلی شـەعبان نووسـیویەتی: 1393، چـالاوی مزگەوتەکە، چاوگەکەی لە ناو خۆیدایە، گۆمـاوە، تێکـەلْ بـە چۆمی زەلْم ئـەبێت، لای شورەکەیەوە، بازاڕو فرۆشگەی هەیە... گەڕاوەکەی کبریتە، شوێنی خۆشـتنی هەیە، ڕێگەی ئـەحماوا زیخـو خۆڵـە، گۆڕسـتان لای چـەپی، لێرەوە ئـەحماوا دیـارە، جۆگەی ئەحماوا، گوندی ڕۆستەم بەگ، چاخانە، ڕێـی بیـارە، ئـاوایی ڕۆسـتەمبەگ، پێچی تەخت، هەوراز بۆ ئەحماوا، چاخانەکانی بن پەڵك، ئەحماوا ئاو و قەڵبـەزە و چۆمی زەڵم و چەند جۆگەیەك، لێی جودا ئەبێتەوە، سەیرانگە و سێبەر، پیادەڕێ بۆ گونـدی زەڵـم، چاوگەوکەی بـە دامێنـی لای چـەپدا چۆمی زەڵـم بـەلای راسـتدا، دۆڵی قووڵ، پڕ لە درەخت، هەنارو توو گوێز، تاشـە بـەردی زل، خـانووی سـەر ڕێ، گوندی زەڵم 160 خانە خانووی بەردوقوڕ، دوونهۆم، لابەلا تاکو چاوگ. ڕێی دزلی، چاوگ بە قەدی چیاوە، کەوانـەی کونەکـەی 2 م، سـەری تاشێکی مـەزن یەکسـەری تاکو سەری چیا، تاڤگە لە بەرزی 20 م، کونێك لە تەنیشت چاوگەکەوە، وەکو زار ئەشـکەوت، خـوارەوەی چـاخانە... خـاوەری زنجـیرە چـیای ڕەنگینـی هەورامانـە، گوندی هانەی دن، پالانی پێومیە.

قەلادزێ:

قەلادوزێ 170 کم لە سلێمانییەوە، تاکو دووکان 69 کم، لە دووکانەوە 101کم، لە سلێمانییەوە تاکو دووڕیانی دووکان – تاسلۆجە 20کم... لە دووڕیانەوە بۆ دووکان 51کم، لە دووڕیانی تاسلۆجەوە لائەدات، ڕێگەی تەخت، گردەبۆر، دوای کەلەوانان و کارگەی چیمەنتۆی تاسلۆجە، قەرەچەتان، قازیئاوا، سوسێ، چالاخ، پردی تابین.

ئەشکەوتی زەرزی:

نزیکی گوندی ئەوالان، ئامێری بەردو بەردەستی دۆزراوەتەوە، مێژووی ئەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی چەرخی بەردین.

هەورازی کۆتەڵ – دووڕیانی سووورداش ، ڕێگەی سووورداش خۆڵو زیخە... لە ڕێگەی سووورداشەوە، لێژیو نەوی بەلای ڕاستدا، هەورازو بەردەلانی، بەرەو هۆمەرقەوم، بە ڕێگەی تەسکدا، گوندەکە 40 خانەیە، لابەلا، ئەستێل، شەدەڵە دیارە، بەوبەرەوە 80 خانەیە، هەوراز بەرەو کەلی دابان، کاتونیو ئەبێ بۆ گوندی هەڵەدن، هەوراز بۆ سەری دابان بۆ سەرگەڵو... دووڕیان بەلای ڕاستدا، لاپاڵ، نشێو بە نزیکی ڕەزەکانی سەرگەڵودا، نشێوی، هەڵەدن دیارە، بە نزیکی ڕەزەکانیدا، پیادەڕێی، دووڕیانی یاخسەمەر، بەلای چەپدا، داروگۆڕ، گوندی هەڵەدن، 200 خانەیە، دۆڵی جافەتییە، خێڵی جافە ڕەشکەو تێکەڵن... دێتەوە بۆ خوردەلوك، دوای کۆتەڵو دووڕیانی سووورداش، شۆڕ ئەبێتەوە، کانیمیران، کانیخان، کانیسارد، قەشقۆڵی، هەورازی دووکان بۆ سەر بەنداوی دووکان، هەوراز و نشێو بۆ دۆڵی خەلەکان.

خەلەکان بنەی بەخشە، چاخانەکانی کانیوەتمان و شێخ ئوبید، گوندەکە لە سەرەوەیە، گوندی باقلان، باداوا، زوربەی دانیشتوانی شێخن، پردی باداوا، نزیکی گوندی باداوا، دۆڵی خەلەکان تەواو ئەبێت.

پردی بێستانە، دووڕیانی کۆیە، پردی هیزۆپ، پردێکی کراوەیە، قەسرۆکی کۆن، لەسەر ئاوی هیزۆب، داری قەمتەران، کانیماران، پردی کراوە، قەرەنیئاغا، گرجان، چوار قوڕنە، بنکەی بەخشە، رانیە.

رانیە

شارۆچکەیە، لە دامێنی کێوەڕەشە، ئاوداره، گردێکی دەستکرد، تانکی ئاوی لەسەرە، هەموو دەشتی بیتوێنی دیارە، بە تایبەتی گۆمی دووکان و گردی بازمسیان، کەڵکی شمشارە، گردی بۆسکێن، ئاشی مەلازادە، بناری کێوەڕەش، کە پاشەواری خانووە کۆنەکانی ماوە، گەڕەکی قەلا و رێگەی قەلادزێ بەو دیودا 32کم.

رانیە، بەری کراومیە، سێلای چیایە، سەیداوا، گوندی بۆسکێن، قوڕەگۆیە، دەربەند، پردی تووەسووران، چۆمی گارفێن و پردەکەی، پردی سەنگەسەر، پردی بەستەستێن، سەنگەسەر، پردی دۆڵەبەفر.

پاسگەی سەنگەرسەر، ئاشوران لە خواریەوە، رێگەی گڵ، گردێك، قادراوا، جۆگەی کۆنکرێت بو تەنیشتیدا 7 کم بۆ دۆڵی شەهیدان، بەنداو و ئەستێڵ، دۆڵ. دێتەوە بۆ رێگەی قەلادزێ، پردی چۆمی ژاراوا، قەلادزێ، شارۆچکەیە، مۆنانی 30 هەزار کەسە، خوێندنگەو فەرمانگەو تیمارگە و بازاڕو فرۆشگەی تێدایە.. لە نێوانی 2 زێی، دوژی 2 زێ.. نزیکی سنوورە، لە گربداخەوە، گردەسپیان، بەرانبەر بە دێگە، شێخ جنید، دۆڵەتووان، کانیشیلان، سالاری ، کانیبۆق، بەردەگورگ، گرتسوی، کێلی سنوور، کونئەسپ، دەراوی هۆدەران، بێورانی ژوورو، بێورانی خواروو، دەشتی کەپران، نیزەرۆ، سەردەشت.

مەرگە:

لە قایخەکەوە، 22 کم، لە قەلادزێوە، شۆڕ ئەبێتەوە بۆ سەر زێ، کەناری زێ، لاپالۆ هەوراز، لە کلکەی چیای ئاسۆسەوە، سەرسیان 400 خانەیە، بەسەر تەپکەوە، بەسەر زێدا فەرمانڕەوایە، پێدەشت، بە دامێنی خاوەری چیای ئاسۆسدا،

ئـەملای دەشـتایی، بـەردەکۆز بـە بنـارەوە، 30 خانەیـە، ئاوی بـیر بەکارئـەهێنن، دەشتی بەپیتو فەڕ و فراوان بەملادا و زنجیرە چیای ئاسۆس بەولادا، لـە بنـار دوور ئەکەوێتـەوە، پێدەشـتی فـراوان، قەرەتەپـە و دێلێـژە و مەمەنـداوا، بـە ناوەنـدی گوندی دێلێژەدا، قەرەتەپە لەسەرەوە هەوراز، سێوکان 40 خانەیە، کەمێ بەرز بـە ناو گۆڕستاندا، هـەوراز و نشێو، گۆمی دووکـان بـەملادا، بنگـرد لـە پێشـەوە گـردی گۆڕو ئارامگەی پیرۆتە سووری مەرگە لـە خـوارەوە، داروودرەختـی پێوەیـە، ڕێگـەی بەردەڵانی، هەوراز بەرەو بنگرد.

فەرمانگە و خوێندنگە لە خوارەوە، 6 کم بۆ مەرگە، ڕێگە لە سەرەوە بـەلای کۆنە سەراکەدا، لاپـاڵو لابـەلا، بـەناو دۆڵـی گەورەقـەڵادا، ئاشـی شـێخی چۆمو دۆڵو درەخـت، پێچـو هـەوراز، دەراوی بێـدەل، ڕێگـە بـە بـەری ئەوبـەردا، چۆمۆ دۆڵ، ئەملای نێوانی گەورە قـەڵا، ڕیزەگـردو زینـوی مەرگـە، بـەملادا داسـتانی فەروخشا ئەگێڕێتەوە... مەرگە دیارە، چۆمو پێدەشت، درەخت لە خوارەوە، هەوراز، نێـوانی بەردەقەڵشت، لاپاڵی گردەکانی ئەوبەر، بەلای گۆڕستاندا، سەرئەکەویت، مەرگـە لـە بەردەمتایە، کانیاوی بەرئاوایی، حەساوگە ڕووخاوەکەی و ناو گونـدی مەرگـە 300 خانەیـە، لـە دۆڵێکـدا، بـاخو درەخـت داپۆشـیوە، پـرد هـەردوو بـەری بـە یەکـەوە بەستووە لای کانییەکەیـەوە، کانیـاوی بـاش، سـەیرانگە و جێگـەی بـۆ چاکراوە، لای پردەکەوە، خاوەنداری تێدایە.

کـانیتوو، 12 کـم، 300 خانەیـە، هەوارگەیـە، سـازگاروخۆش، لـە دۆڵێکـدا، باخی زۆر، تـوتن، میـوە، بـە ئاسـانی ڕێگـەی بـۆ ئەچێت... لـە مەرگـەوە، هـەوراز، شیوو گۆڕ و دارودرەخت، نشێوی دۆڵ، نـاوگرد، داروگۆڕ، گونـدی هـەڵونی، نۆلچکە لای چەپ، لۆتـەر لـە خـوارەوە، ڕێگـەی ئۆتـومبیلی هەیـە، هـەوراز و دەوەنـو ڕەز و داروگۆڕ، لابەلا و قەدپاڵ، گوندی ئاوەژێ 50 خانەیە، کانیـاوی سـاردو ڕەز، هـەوراز و نەوی، ڕەز و باخ، گوندی چنارنە لە دۆڵێکدا، 170 خانە، هەوراز و پێچو لابـەلا و نشێوی، کانیـتوو دیارە، هەوراز، کانیتوو 200 خانەیە، دۆڵـی سـەراو لـە خـوارەوە تاکو کانیخەلیل و کوڕکوڕ، خانووی هاوینی و هەوارگە لە دۆڵـەوە، کاتێکـە، هـەوراز

بۆ کورکورِ، کوێستانو زۆزانو هەوارگە، ئاوی ساردو سێبەری دارگوێز، کانیتوو 12 کم، 300 خانەیە، هەوارگەیەکی خۆشە، لە دۆڵێکدا، سازگارە، باخاتی زۆرە، توتنو میوەی هەیە، بە ئاسانی ڕێگەی بۆ ئەچێت، خاوەنداریێتی زەویوزاری تێدایە.

چوارتا:

38کم لە سلێمانییەوە – بۆ ئەزمڕ 15 کم، تاکو ماوەت 75 کم، ڕێگەی قیر، هەوراز و پێچ، ناوگردان، پێچی هەوراز، بەرەو ئەزمڕ، زیخەڵانیو قیر، لوتکەی ئەزمڕ، نشێوی ، چاخانە و گازینۆ، کانیاوی سارد و تەزی، پێچی نشێوی بەناو دەوەندا، زیخەڵانیو شینکەو کەوەڵە، لابەلا و هەوراز، کەمێ تەختی، چاخانەی بازەگیر، دووڕیانی ماوەت، چاخانەی سیرەمێرگ، نشێوی بەرەوچۆم، پردی داخراوی چۆمی تەگەران، بە لاپاڵی گردی چاوەشاندا، پردی داخراوی قەڵاچوالان، گوندەکەی لە سەرووترە، هەوراز بەرەو چوارتا، داری پیر ئاڵك، شارۆچکەی چوارتا بنکەی شارباژێر دووڕیانی باسنێ.

بە ڕێی باسنێدا 24 کم تاکو باسنێ، بنکەی بەخشی سیوەیل، پێچو دارو دەوەن، گوندی گەنکی لای ڕاست، پێچو نشێوی، بۆ سەرچۆمی سیوەیل، پردی کەناروێ، کەناری ئاو، پردەکەی کراوەیە 8 پایەیە، هەوراز بە ناو دارو دەوەندا، گوندی کەناروێ لە قەدپاڵدا 3 بەشە، 80 خانەیە، هەوراز و لابەلا، چاخانەی کەناروێ، مووچەکانی، گوندی کانیشوان، هەوراز بە ناو دارو دەوەندا، پێچی کووڕ و هەوراز، بەندەن، دارو گوڕ بەسەر گوندی مڕانەدا، سێبەرو دارگوێز، 70 خانەیە، فێنك پلەی گەرمی لە هاویندا 26 پلەی سەدییە... چاخانەی مڕانە، بەندەنوپاڵ، گوندی بێورێ دیارە بەوبەرەوە، پێچونشێوی، دووڕیان بۆ بێورێ شۆڕ ئەبێتەوە، چۆمو پردی پیادە، لای ڕاستی گوندی بێورێ بەرەو هەوراز، 110 خانەیە، لە خێڵی بڵباسن..

لە باسنێوە بۆ سیرین، 25 کم، ڕێی باسنێ، پێچی هەوراز، ڕێی خۆڵ، گۆمڵە، چاڵاو پرۆژەی ئاو، بە ناو دارودەوەندا، نشێوی، باسنێ بە بەرزاییەوە دیارە بە دامێنیچیای گمۆوە، شیو و پردی پیادە، هەوراز و پێچ بەرەو باسنێ، لابەلا و پێچ،

دووڕیانی سیرێی بابە شێخ، دووڕیانی سوورە دزێ، لای راست بەرەو سیرین 80 خانەیە نشێوی، پێچی کوورِ و نەوی، هەوراز ئاوایی 50 خانە، هەوراز، بەلای راستدا، دووڕیانی تیمار، هەوراز بەرەو سیرین، هەوراز و دۆڵو گرد، خانووەکانی بانوان، 3-4 خانوو مووچەن، بە سنگی گردەکانەوە، دۆڵو شیو، مووچەی گوندی باری، چووك -- گچکە، بە ناو تاشەبەردو شیو و دەرەو جۆگەو دارچنار، دووڕیانی بارێچووك، تاشەبەردی دابڕاو، هەوراز و خۆڵ، دارستان، کەم ئەبێتەوە، پێچی نیشوی و هەوراز، باری گەورە، دارو سێبەری گوێز پێشی ئاوایی، باری گەورە 80خانەیە، هەوراز و نەوی، پاسکە گۆنەکەی گوندی شیوەکەل - شیوەکەڵ، لابەلا و هەوراز و بەندەن، دارو گۆڕستان، گوندی سیرین 110 خانەیە، بناری سوورکێوە، ئەولای، نەڵەسوو، بۆسکان، نۆرك، سوورەبان، گۆلێ.

باسنێ، بنکەی بەخشی سیوەیلە 75 خانەیە، 40 گوندە... سیرێ 40 خانەیە، تەکییەی رێبازگەی نەخشییە، حاجی ئوسمان کوڕی شێخ ئەبدولقادر کوڕی بابە شێخی سیرییە... پێچو هەوراز، سنووری ئالان، سوورەدزێ، پاسکەکەی دیارە، چیای خێڵەڕەش بەوبەرەوە چۆمی چۆمان، سنوورە، پێچی نەوی، گوندەکانی ئەودیوی سنوور کێوەرۆ، ئەنجینیە، ماڵتە، بەردەڕەشە.

گوندی سوورەدزێ، 53 خانەیە، فێرگەی تێدایە لە 1934 دەرچووانی پۆلی شەشەمی نەبووە، نشێویو پیادەڕێ، گردو دەوەنو لابەلا، سووربان لە چالاییدا، جۆگەو باریکەڕێ، شیو لە خوارەوە، لە چەمەکە ئەدەیت، هەوراز بە ناو گوندی سوورەباندا، گولاویو مەروێ، 20 خانە، کاتێکە لە سوورەدزیوە، مووچەی گوندی مەروێ تاکو مەروێ کاتێکە 5 کم، بۆ شاناخسی 5ر2 کم، سێبەر و جۆگە و لابەلا، نەویو سوورکە گردە سوور ئەوبەری، چۆم لە خوارەوە، چۆمانی سنوور، مووچەکانی بەو بەرەوە، چۆمەکە لە سەیرانبەنەوە دێت، مووچەی چۆمانی بن هەوراز 3 خانەی ئەمدیو، چۆمانی ئەودیو، واتە 2 چۆمان، ئەودیو و ئەمدیو 12 خانە بەوبەرەوە هەوراز بۆ مەروێ، لابەلا و مووچەی سەرسول بە کێوی بریتی ئەو دیو سنوورەوە، گوندی زەلێ 12 خانەیە لەودیو، کەمێ هەوراز و دارگوێز، دارو گۆڕ، مەروێ دیارە، بانو لابەلاو گۆڕستان، دارو کەمێ هەوراز، گوند و

کانیژنان، سووره چناری گەوره، مەروێ 80 خانە، لابەلاو دارو گۆڕ، خڕ و چۆم و کەمی هەوراز و دەوەن، گرد، مووچەی شاناخسێ ماشان لە نشێویدا، کەمێ هەوراز بەسەر شاناخسێدا، شۆڕ دەبێتەوە، گوندەکە 35 خانەیە، هەمووی 150 خانەیە، گرگاشە، بریتیە لە ماشان، دەشتی، کانیخێڵ، گوێزلە، شاناخسێ، هەوارگەی هاوینی و زستانگە، میوەی زۆر، فێرگەی تێدایە.

شارۆچکەی چوارتا، کۆنە رێگەی ماوەت بۆ سەرسیر، بە لابەلا و هەورازدا، کەناروێ بەوبەرەوە، پردی سەر چۆمی سیوەیل، لابەلا بەناو دەوەندا، بۆ سەرسیر.. سەرسیری سنجەڵیو گەنکی، گردی بەرز و کەمئاو. سەرسیر و چاڵاوەکەی، هەوارگە، کانیاوی سارد، سەکۆی چیمەنتۆ، کەپر بۆ حەوانەوە... لابەلا، گۆڕەدێم بەوبەرەوە دیارە، هەوراز بە ناو دەوەندا، تیرەشانو بان، هەوراز ، گوندی موبرە لە خوارەوە، 100 خانەیە، بەلای راستدا، چیای سوورکێو، راکشاوە، هێڵی سنوری دەستکرد دیاریدەکات... گوندی نۆرکو سوورەبان، شیوەکەڵ، گوندەکانی بنار، گوندی مامەخەلان بەدیو موبرەدا، لە دۆڵەکەدا، نشێوی، لابەلا، چەمیاڵە لە خوارەوە دیارە، بەلای راستدا، چاخانەی بەندەن، کورەکاژاو بەلای راستدا، گوندی هاجیمامەند و دۆڵپەموو، دیارن، زێی بەلای چەپەوە دیارە، هەوراز و لاشان، دووڕیانی پێنجوین، لە شێخەڵمارینەوە بەلای چەپی کانیکوزەڵەدا، بەرەو گوندی زییە و دووڕیانی نۆرك، گوندی زییە لە ناوگردا، میشولان بەوبەریەوە.

دووڕیانی زییە، لای راست و پێچونشێوی، دارچنار، بۆ سەر چۆمی شێخەڵمارین، بە قەدپاڵی کێوی لەرێوە 110 خانەیە، دارو گۆڕستان و ناوئاوایی. لە گوندی سیرینەوە، پێچو هەوراز و پاڵ، لابەلا، شۆڕ ئەبێتەوە بۆ گوندی نەڵەسوو، 35 خانەیە، سێبەرو دارگوێز و شیو، هەورازو پێچ بەرەو بناری 5 نمرە، لابەلاو هەوراز و گرد و دەوەن، بە سەر گوندی بۆسکاندا، شۆڕ ئەبێتەوە، 25 خانەیە، شیو و هەوراز و سێبەر، گوندی نۆرك، 50 خانەیە، شیو و لابەلا و پێچ و لێژی، لابەلا، گوندی سوورەبان، شیوو لێژی بۆ سەر چۆمی سیوەیل، هەوراز و تەختی، شیو و هەوراز، خەزینە، بە پشتی زییەدا، بەندەن، پشتی گوندی موبرە، سەرسیر، چوارتا.

پێنجوین:

105کم لە سلێمانییەوە، کانیبا، داربەڕولە، خەراجیان، ئەربەت، خرِی چەناقچیان، کانیپانکە، موان، گرێزە، قوریچیا، سەراوی سوبحاناغا، گوندی قلرخ، سەیسایەق... لێرەوە تەختی بۆ شانەدەری، لە بناری لای راستەوە نەویو بەردەبەل، دۆڵەسمت، تووتئاغاج.

دۆڵو هەوراز ، پردی کراوەی کەوڵۆس... کەوڵۆس، هەوراز و پێچوو بەرزی، دۆڵەسوور و چاخانەکانی 70 خانەیە، فێرگەی تێدایە، لە پردەکەوە، دار ژاڵە، لە بەهاردا، وەکو تارای سوورە، هەوراز و پێچ، کانیسپیکە ، هەوراز و پێچ وەکو کێوی ئەزمڕی سلێمانی، تەختایی ، ناڵپارێز، دارەبەن، لەو بەرەوە نزیکە بە کەناری چۆمی ناڵپارێزدا، پردی سێبواران، هەوراز و پێچ، پلەی بێمەحکەمە، پێچی وشکەشیو و دۆڵی شیلاناوی، پردی کانیمانگا، گوندەکە بە قەدپاڵەوە، پێچەکانی ملەکەوە، 10 پێچە، پێچو هەوراز و نەوی و لێژی هەر پێچە، تەختی ناوشاخان دوای گوندی راوگان، پێنجوین، پرۆژەی ئاو، گۆڕ و دار خەوابگەی پیر موحەمەد کوڕی ئیمام، پێشەوا موسا کازم، چارەکی ماوە، باخەکانی چوارباخو بلیکیان، چاڵاو، کانیاوی ساردو تەزی، هەوارگەن..

هەوراگەی چوارباخ 1 کم لە پێنجوینەوە، رەز و باخە، 1400م بەرزە لە رووی دەریاوە، پلەی گەرمی لە هاویندا 30 پلەیە، رادەی شێ 58-73٪، 1 کم تر گوندی بلیکیانە، رازاوە و رەندە، ئوتومبیلی بۆ ئەچێت، کانیاوی ساردو تەزیو و سازگار.

پێنجوین، شارۆچکەیە، لە وشەی 5 وێنەوە هاتووە... 5 بنەماڵە، بارامی، قوبادی، وەستا حسین، ئەحمەد ئەلی، مخە پێکهاتووە. یاخود 5 یانە، 5 بنەماڵە، لە پێشدا، لە گەندی قەلادێ بوون، 10 خولەکە لە پێنجوینەوە، سەردار سوور خابی لێبووە، نەخۆشی رشانەوەی تێکەوتووە، بەر لە ئیسلام، 5 شوانکارەکەی ماوەتەوە هاتوونەتە پێنجوین، هەر یەکەیان لە کورنەیەکدا خانووی دروستکردووە، بە پێی گوتەی هاجی کەرەمومیس لای مامۆستا مەلا ئەبدوڵا مفتی بۆ کاکە جەلال فارسی گێڕاوەتەوە: بارامی، بەرازی، قوبادی کەلۆرمکەلهوڕ، وەستا حسینی ئاسنگەر مەریوانی ، ئەحمەد ئەلی سابلاخی‌مەهابادی، مخە پاڕەزانی، ئەزریا کوڕی زەکا هەمەدانی.

پاشەواری نەویٚ:

زینـدانی گونـدی نـەویٚ، بنـاری شـارەزوور، زینـدانی زوحـاك‌زوهـاك، بـەردی پتــەوی هەڵکــەنراو، بۆشــایی 9م^2 ، تــاقی چوارگۆشــەی تێــدا هەڵکــەنراوە، کلاوڕۆژنــە لەســەرەوە، شـێوەی چوارگۆشــەیی، پانییەکــەی نیــو مەترەیــە، لەبــەر دەمیەوە لە خوارەوە، شوێنی گرێژەنەی دەرگا و پشکۆڵی بـەردینی هەیـە، لـە سـەر چەقی رێگەی نەوی، چیای سوورێن، نوسراوی لەسەر نییە، قووڵی 3م، بەشی زۆری پڕبۆتەوە بە گڵ، زستانان دانیشتوانی گوندی نەویٚ کاو ئاڵفی تیدا کۆئەکەنەوە، لە بەهاردا، پەنای ئەبەنە بەر لە تاو باوبۆران.

تاقەکانی ناوەوەی، لێواریان هەیە، لەسەر تەختی بەردەکە، خانووی کۆن لای ژوورووی زیندانەکەوە، بەسەر کەڵبە شاخاوەکەوە، پاشەواری دوژێکی مەزنە، سوێو پیپیلکـەی بـەردو قسـڵی بـۆ کـراوە. شـوێنی پلیکانـەکانی مـاوە، بـە دوژی زوهـاك بەناوبانگە، پاشەواری کۆنە شـارێکی گەورەیـە، بەرانبـەر بـە دوژەکـە و بەروپشتی، شەقامو کۆلانەکانی دیارە. بەرانبەر زیندانەکە شوێنی کوورەی ئاسنگەری کـاوە بـە گەچـو جـاروو دروسـتکراوە... رێچـکەی پاشــەواری خانووەکـانی ئەلکێتــەوە بــە خانووەکانی گوندی نەوێوە، خانووی گەورە و شەقامو راڕەو... گردێکی گچکە، لەو ناوە پێیدەڵێن گردی زوهاك، پاشەواری گۆرستانی لێنییە.

دانیشتوانی گوندی نەویٚ خۆیان ئەبەنەوە سەر زوهاکو بە بەدی لێینـادوێن. لــە کێلانــدا، کووپــەی گــەورە بــەدەم گاســنەوە، دەرکــەوتووە، هیچــی تێدانــەبووە، ئاشـەکۆنی زۆری تێـدا ئـەبینرێت، لـەو چـەمەدا، لـە ناوەنـدی کۆنـە شـارەکەدا، کـە نموونەی بەرجەستەیی ژیاریو شارستانیو پێشکەوتنی ئەو چەرخەبووە.

قەراخ – کەراخ – زەردیاوا:

46کم، لە سلێمانییەوە، قیرتاو تاکو سەر چۆمی تانجەرۆ، بەلای کوشتارگەو حاجیاوادا، کانیماسی، دووڕیانی ئەربەت، پردی تانجەرۆ، هەوراز و تەختی، چاخانەی کانیسپیکە، هەوراز، گوندی کانیسپیکە، 16 پێچی هەوراز، تەختایی و بان و دۆڵ، 15 پێچی نشێوی، لێژی و تەختی و هەوراز و نشێو بە ناو دۆڵو گردۆڵکەدا دەشتی تیمار، هەوراز و نشێو و تەختی، دووڕیانی گوندی باخان بۆ تلەزەیت، هەورازی بەرازاو، دووڕیانی ولیان، کۆنە هەنجیرەکە، هەوراز و پێچی سەخت و پێچی نشێو، کوپانو ملەی دارەکووپە، وشکەشیو، نێوانی باسکە درێژ و باسکەقووچ، لێژی، داری کۆکەڕەشە، قەراخ، بنکەی بەخشە لە ناو گردۆڵکەدا.

بە نزیکی دەربەند داریزەرد بۆ قۆپی 15کم و لە سلێمانییەوە 61کم، نزیکترین هەوارگەیە بۆ شاری بەغداد، لە ڕێگەی قیرەوە، لە کەرەخان-جەلەولاوە، 288کم، بە دۆڵی دێوانەدا، قەدی خاوەری چیای قەراخ، زنجیرەی سەگرمەیە، بەرزی 1850م، بەسەر ئاسۆیەکی فراواندا، فەرمانڕەوایە، تاکو چیای بەخۆ و دۆڵی سیروان و چۆمی دێوانە و چیای گڵەزەردە، جەنگەڵی ڕەندە، ئاوەکانی لە چیای قەراخەوە 900-1400م بەرزە، مێشومەگەزی نییە، سازگارە.

زنجیرەی چیای سەگرمە 12 دەربەندی تێدایە، لە باتیر-خۆراواوە بۆ خاوەر بەم جۆرەیە: دەربەند باسەڕە، خاوێ، سەگرمە، جافەران، داریزەرد، وەزیارە، وشك، ئەستێڵ، گۆشان، دەربەند گەور، تەکیە، پەیکۆڵی.

چیای سەگرمە، لە نێوانی سەنگاو و قەراخدایە، گوندەکانی دامێنی لای کرپچنەوە: ژاڵە، ڕەبات، داربەڕوو، شیوەباز، قەڵاگە، بانیمۆرد، عارفاوا، تەپەگەرووس، زەردەلیکاو، چرچەقەڵا، بانیخێڵان... کانیخاکی، دلکە، تەپەسوورە، هەشەزینی، ناو هەمەوەند.

هێرۆ – پشدەر:

20 کم لە قەلادزێوە، پێدەشت بەلای گریداخدا، پێمالك، بەملاو هەسار بەولادا، بەردەلانیو چۆم، هەوراز، گردمەیتەر... هەوراز، باسکەدرێژ، چۆمی ئالاونی، برنجی باشی هەیە، بناری ئەوبەری شێخ ئاودەلان، تووی زۆرە، لابەلاو چەورێژ، دۆڵی دزەو کەستانە، خڕە بەردان، چۆمو دەرە ئاشیزادە، هەوراز، گوندی هەڵشۆ، چۆمە بەردەلانیو جۆگە و هەوراز بۆ سارتکو هەورەبان، گوێزو سێبەرو کانیاوی سارد و هەوارگە، ماوەی 3 چارەکە.

دێنەوە بۆ لای گردمەیتەر... لای چەپی گردەسپیان، بەلای راستدا، هەوراز و نشێو، بادەڵیان، نزیکی رێگەکە، هەورازی نەویَ نزیکی پاچکار، دووڕیانی دێگە، بێشیر، هەوراز بە ناو ئاواییدا، گوندی کولارە، لە دۆڵێکدا بە پەنا گردەوە، بانو دۆڵی قووڵ، سەختی بەدوادا، ئەوبەری هەوراز، چەند پێچیَ بۆ دۆڵێکی قووڵتر شۆڕ ئەبێتەوە بۆ لای گوندی بێمووش، چۆمو هەوراز، خانووەکانی گوندی بادین، جۆگە و بەردەلانیو هەوراز و نشێو، داری قەلاشکەری، پێچی نشێو بۆ سەر چۆم، نزیکی گوندی دەروونیو خوارووی مڕیدا، هەوراز و پێچو لابەلا و لاپاڵ، نسیَمڕی، هەورازو سەختی و دۆڵو ئاو، بەو دیویدا قوولایی دۆڵی مڕی، هەردوو گوندی دۆڵەکە، مڕیو دەروونی دیارن، ناو باخی گوندی هێرۆ، ناو گوند، کانیسلۆت، کانیاوی سارد، خانووە بلاوەکانی هێرو 300 خانەیە، هەوارگەیە، بەرهەمی تووتنی زۆرە، دارودرەختی گوێز، چۆمەکەی تاکو خوارەوە، نزارو رەشی، گوند لە دۆڵێکدا وەکو شوێنی بیارە هەڵکەوتووە، کۆمەڵە خانووی بلاو، داری گوێز و چنار دایپۆشیوە، سێبەر و فێنکو سازگارە، رادەی گەرمی لە هاویندا 35 پلە تێپەرنابێت، نیوکات ئەچیتە باو شێخ هۆمەر، چنارو سێبەر، ئارامگەیە، سەیرانگە و جیگەی دیدەنییە... قەدو لاپاڵ، خڕە بەرد و هەوراز، دەشتی قەلادزیَ و دەربەند رانیە و زێی دیارن.

بە پیادەڕێدا، هەوراز، مرپیو دەروونی دەرئەکەوێ بەرەو لاپاڵو باسك، گونـدی هێرۆ، بنکـەی بەخشـە، لـە ئاوابووندایـە، کەڵـەکو سـنوور بەجێئـەهێڵی، گونـدی ئـاوەکی لـە قووڵاییـدا دەرئەکـەوێت... کێـوی ئاسـۆس بـە تـەواوی لەبەردەمتایـە، گونـدی سـێوەڵە لـە باسـکی سـەرەوە... پیـادەڕێ، قـەدپاڵو هـەوراز، رەزو نـزار و بانیبەرز، دەشتی قـەڵادزێ بـە تـەواوی دیـارە، لـە سنوری ئەحمەنـدە تێدەپـەڕیت، سـنووری گونـدی بێناسـەیە، لاپـاڵو کانیکەنـدیلان، مووچـەی بێناسـە، لابـەلا، ئەسـتێڵوکانی، هـەوراز و دار و درەختـو ئارامگـە، بـەرەو بێناسـە، لـە دۆڵێکـدا بـە قەدپاڵەوە، خانووەکانی، گوندی کەم ئاو نزاروباخ، پیادەڕێ، هەوراز و لاپـاڵ، نـەوی، کـانی گچکە، دارودرەختـو ئارامگـە، نـەوی و سـەختی، بـاوزی دەردەکـەوێت، نـەویو لێژی و لاپاڵ، گوندی رەزڵە لە خوارەوەی، لابەلا بـەرەو گونـدی بـاوزێ، تـەلانو نێـو توتڕك، شۆڕ ئەبێتەوە بۆ مووچەکانی بەردێ، بە کـەناری جۆگـەدا بـۆ نـاو گونـد و خانووە بڵاوەکانی لە پـەنا گـردا بـە سنگی چیاوە، خڕ، کەوانـەیی بەسـەر چۆمدا ئەڕوانێ، هاوینان، خانووەکاانیان چۆڵ دەکەن ئەچنە سەر رەز و باخەکانیان.

هێرۆ، بێناسە، کاتێکە بۆ باوزێ 2 کاتە، 10 کم بـەرەو نسێ بـەناو سێبەرو داروچۆمدا، بەلای گۆڕستاندا، لاپـاڵ، کێلێکـی کـۆن ئـەبینی نـاوی ئەبوبـەکر و ئـەلی لەسەر نووسراوە، چۆمو جۆگەی بۆ بـەری نسێ، دۆڵـی نسێ، کـە مووچـەی گونـدی ئەشکەنەیە، لە باوزێوە 3 چارەکە، 5ر3 کم، بۆ ئەشکەنە نیو کاتە، 5ر2 کم بەپێ، هەوراز، گوندی ئەشکەنە 94 خانەیە، کەمئاوە، هاوین 2 خـانووی تێـدا ئـەمێنێت، هەر هەموو ئەچنە سەر مووچەکانیان.

نیسی‌نسێ، هەوارگەیـە 15 خـانووی هەمیشـەییە، دارودرەختـو سـێبەری دارگوێز و هەنار و چناری فرە، فێنکو ئاودار و سازگارە، گەڕەکەکانی بـڵاوە... لـە ئەشکەنەوە بەلای کانیسوورکیدا، لاپاڵو هەوراز، کانی لاپاڵی بە رۆژ، دۆڵی قـووڵ لـە خـوارەوە، کێـوی ئاسـۆس وەکـو کێـوی سـەگرمەو دەربەنـدەکانی، دەرئەکـەون، دارودرەختـو گـۆڕ، خانووەکـانی بـالیلان، لەسـەر ئەشکـەنەیە، تـەنها خانوویـەك لـە سـەرەوە، پێیئـەڵێن، زنجەڵـە، بـالیلان 16 خانەیـە، لێـرەوە، گونـدی گـەناو و

پاسگەکەی و بەری ئالانی ماوەت دیارن... لابەلا و لێژی شۆڕ ئەبێتەوە بۆ بەری ئەوبەری شێوەکە، بە باسکێدا، گەناو بە تەواوی دەرئەکەوێت 5ر2 کم، لە بالیلانەوە، پاسگەی گەناو لە پشتی گوندەکەوەیە، بەلای رەز و دار بەرووەدا، نشێو و هەوراز بۆ ناو گوند 50 خانەی گردوکۆیە، شوێنگەی بەرزە، مووچەکانی نزیکە، ئاودارە، بۆ سنوور 5 کم، لە گوندی هەرزنیوە، کەڵەکی وەیسی 5ر2 کم، بەری ماوەت دیارە، فێرگە و تیمارگەی تێدایە، ریزە گردۆڵکەی نێوانی کێوی ئاسۆس دیارن، لە گردەسوورەکەی پشتی گوندەوە، گوندی دەوژان، رازان، سەرشیو، نزیکن.

گەناو – قەڵادزێ:

لێژیو نەویو هەوراز و نشێو بە دۆڵی نێوانی زنجیرەی کێوی پشدەرو ئاسۆسدا گۆڕستانی زینوی چوارداران، بە جۆگەی ئاشیلە و دۆڵی نسێ، بەملادا، ئاشی چەکوانو چۆمی نسێ، لە ئەودیویدا، پێدەشت، کانیبەردی، باخو دێبەر، ناو گوندی دەشتێو 75 خانەیە، تیمارگەی تێدایە، بەرهەمی توتن، گەنم بەشی خۆیان ئەکات، بەلای گۆڕستانی گوندا، لابەلا، چۆم، خانووەکانی ئەولای دەشتێو، زینوی کورەتاوڵ، دەشتی قەڵادزێ دەرئەکەوێت، شۆڕ ئەبێتەوە بۆ کانیکوەلی، بەمبەری گوندی دەلگێدا 20 خانەیە، کانی ئەولاغا، لێژی بەرەو زێ، بە کەناریدا بە نزیکی گوندی کەوێ بە پەنا گردو شینکەوە، چۆمی بەرسوول، هەوراز، کانیو ئەستێڵی کاشونە، ئاوەکەی گرانە، داری کاشونە، زێی لە خوارەوە، بە کەوانەیی دێتەوە، شۆڕ ئەبێتەوە بۆ تەختایی گوندی نورەدین، ئوتومبیلی جێبی پێدا ئەڕوات، بەسەر نورەدیندا 70 خانەیە، لە پەنا گردا، بەری دەشتە، دووڕیانی گەرمکان و رەنیخاس، پێدەشتو هەوراز و نەوی، بەلای رەنیخاسدا، کە بەشی نورەدینە، هەورازی خاس، بە بەرزییەوە، گوندی گەرمکان، لە ناو قەدی هەورازەکەوە، گوندی خاس لەسەر زێی، بە پەنا گردی خاسەوە لەسەر زێی، دیارە، دەشتی قەڵادزێ تەواو ئەبێت، ئەگەیتە قەڵادزێ.

ماوەت:

ماوت – ماوتە، لە دامێنی کێوی گێچینییە 50 کم لە سلێمانییەوە، ڤیر بە ناو گردانـدا، پـردی ئـەلیاغا 12 پێچـی هـەوراز، دوای دووڕیـانی خـەمزە، سـەری ئەزمڕ-ئەزمیرە، بەلای پاسگەکەیدا، گازینۆو چاخانەی ئـەزمڕ، ڕێگـەی زیخـەلانی، سیرەمێرگو چاخانەکەی، گەنکاوا 15 خانەیـە، فێرگـەی تێدایـە، کـەمێ هـەورازی دارو دەوەنداوی، چوارتا دیارە، کەناری چۆمی قەڵاچوالانو سیوەیل، لێـرەدا بەیـەك ئەگەن، گوندی کارێزە، فێرگەی تێایە 30 خانەیە، باڵخ 90 خانەیە لە دۆڵێکدا بـە پاڵی ئەوبەرەوە، لە چۆمەکە ئەپەڕیتەوە، دوای کووڕیو لێژی، نشێوی بۆ سەر چۆم، فێرگەکەی بە پاڵەوە، لە چۆمەوە لە کەناردا، بنار و هەوراز و قەدپاڵ، بان بـە نـاو دارو دەوەنـدا، گونـدی گـاپێلۆن 85 خانەیـە، بـەری نسـێو پـەنا گـرد، پاسـگە لـە خوارەوە بە دۆڵدا، بۆ گوندی مالوومە، ڕێگەی خۆڵ بە چارەکێ 1 کم، گەڕەدێ لای ڕاست، بە ناو قەدەوە، 30 خانەیە، دۆڵ ، مالوومە، دیارە ڕێگەی بەردەلانی، گوندی مالوومە، 130 خانەیە، نێوانی ئاسنگەران، کەمئاوە، گونـدی چۆخماخ کاتونیوێکە بە پێ 5ر7 کم.

مۆکەبە – ماوەت:

بە سوورەقەڵاتدا، چۆمی قەڵاچوالان، چـۆمی سیوەیل، دووچۆمان، هـەورازو سـەختی، سـەرکەل، سـوورەقەڵات دیـارە، نشـێویو دارودەوەنـی چـڕ، دووڕیـانی کونجرین، کێلاً، بێتواتە، 5ر7 کم، سوورەقەڵات، خێوەتە 5ر2 کم، 40 خانەیە.

کارێزە – ماوەت:

قـەدپاڵو لابـەلا پێچونشـێوی بـە نـاو گردۆلکـەدا بـۆ سـەر چـۆم و پـردی کونەماسی، چاخانەو و خانووەکانی 10 خانەیە، کەناری چۆم ، جرتاوا 2 خانـەیـە، بەوبەرەوە، دۆڵبێشکی شـێخان 2 دۆڵبێشکە، دۆڵبێشکی خاڵەباس، دۆڵبێشکی مـام خۆشی، دارو دەوەنو مەزارگە، دۆڵبێشکی ژمـارە 5، چاخانەو دارودەوەنو مەزارگە بە دۆڵدا... دووڕیـانی دڕی، لێـژیو هـەورازو قـەدپاڵ، فێرگـەی دڕی، گوندەکە 55

خانەیە، گوندی درِی، بە کاروانو بارکێشانو گۆڕینەوە ئەژین... پێچی لابەلا، چاخانە، 9 پێچی نشێوی لە ناڵەشکێنەوە بۆ سەر چۆمی قەشان، پردی قەشان، مووچەی بەرسماقی قەشان بەوبەری چۆمەوە، چاخانە، هەوراز بەرەو ماوەت، دووریانی قەشان، ماوەت.

گوندی قەشان 45 خانەیە، بەردەپان، بەرسماق، مووچەی قەشانن، یالانقۆز بەوبەرەوە، لابەلا و هەوراز بەرەو ماوەت، ساختمانی کارەبا، ماوەت، بنکەی بەخشە فەرمانگەی میری تێدایە.

ماوەت، بەرەو هەوراز، سەرکەل، لابەلا و لێژی، گوندی سپیدارە، شەشۆ 6 مووچەیە... خمانە، تووڵو، گورینو ئالانان، هەینالێ، گوڵژان، کۆی 100 خانەیە.

بەودیوی سەرای ماوەتدا، دۆڵو هەوراز، کانیبیوەکی 12 خانەیە، دارو دەوەنو مەزارگە، نشێوی، گوندی ژاژڵە لە پاڵ گردا 85 خانەیە، مووچەکانی کانیبیوەکی 12 خانەیە، کانیبی 27، کاولان 5، هەنجیرەسوورە 36، کانیوەستا خدر، دۆیڵەکانە 3 خانەن، زوربەیان خوێندەوارن، بەرهەمیان تووتن، رەزە... دارو دەوەنو مەزارگە و لابەلا و لاپاڵ، گوندی خەزێنە 9 خانەیە، لە شیوی خوارەوە، گلومان 10 خانەیە، لەولایەوە چاخانە، گوندی ئیساوی لە خوار گلۆمانەوە، هەنجیرە سوورە لە سەرەوە، گەرەنتینە و دووچۆمان، لە خوارەوە، گوندی ئاوکورتێ هەسەنی ئەلیاغا 70 خانەیە، بێخوان 15 خانەیە 4 کم، سەرگەڵو 35 خانەیە، 7 کم، لە پاسگەی کەرنتینەوە، سەرەولێژ بەروە دەشتی خانی و چۆمی تەیەت 1 کم پترە.

ماوەت:

لە دامێنی کێوی گێچینیە... خاوەری – کێوی بەرکێڵ... خۆراوای – کێوی بالوسە ... باکووری – سوورکان ... باشووری – گوندی قەشان و پردو چۆمەکەی، چۆمی زێیە، نشینانی بە کشتەوە خەریکن، ئاژەڵداریش ئەکەن، بەرهەمی دانەوێڵە، 3 هەزار دۆنم زەوی جووتی تێدا ئەکرێت، ساڵی 400 باتمان تووتنی ئەبێ.

سەر بە شارۆچکەی چوارتایە، شاربازێر، 50 گوندە، لە گوندەکانی لای خاوەری سپیدارە، لە خۆراوایەوە گوندی قامیش، لە باکوریەوە گوندی ژاژڵە، لە باشوورەوە قەشان، گوندی ناوداری گەلاڵە و کەڵەمێری دەڤەرەکەش، حاجی حەمەئاغای هەباساغای گەلاڵەیە.

زێوێ:

لە سلێمانییەوە، بە شەقامی قیر و تەختاییدا دووڕیانی قلیاسان، سەرچنار، بەروە تاسلۆجە و دووڕیانی دووکان، 20 کم ، کەڵەوانان، چەقژ و قاییکەند، بەوبەرەوە، گردەبۆر بەلای پاسگەکەیدا، بە تەنیشتی ئاواییدا، ڕێگەی قیر بەرەو گوندی یالانقۆز، بەردەلانی تاکو یالانقۆز، هەوراز و نشێو، هەوراز بە دۆڵدا بە بناری لای چەپدا، شیو لای راست، گوندی زێوێ، 40 خانەیە، لە بناردا، ناو ئاوایی، ڕێگەی بەردەلانی، سەختی، هەوراز و ڕێگەی ئوتومبیل، گازینۆ و سێبەر و دارگوێز، خەوابگەی پیر، دارودرەختو ئاوی ساردو کەپر و سەکۆ و ئەستێڵ و چاخانە و سێبەر، بەروپشتی رەز و دارترش..

مێرگەپان، لە جەمسەری کێوی ئەزمڕو پیرەمەگروندایە 32 کم لە سلێمانییەوە، لە ڕێگەی سوورداشەوە بۆی ئەچێت، دۆڵی فراوان، بەرزی 1200م، ئاوەکانی لە پیرەمەگروونەوە دێت، بەرزییەکەی 2650م، پلەی گەرمی 30 پلە، رادەی شێ 58-95٪، میوەی زۆرە.

سلێمانی – کۆیە:

شەقامی قیر، قلیاسان، دووڕیانی بەکرەجۆ، چاخانەی کەندەکەوە، گوندی تەپەڕەش، لای چەپ، دووڕیانی تاسلۆجە، 20 کم، بۆ دووکان 51 کم، 90 کم بۆ کەرکوك، 45 کم بۆ چەمچەماڵ، دارتووی سەروو، دارتووی خواروو، بە بناری تاسلۆجەدا لای چەپ، پێدەشتو کراوەیی، کەمێ لێژی، گردو پێدەشت، بناری پیرەمەگرون، لوتکەکەی دیارە، 2000 م پتر بەرزە، لە رووی دەریاوە، کەڵەوانان بەملاو گوندی چەقژ و قاییکەند و تەپەڕەش بەولادا، پاسگەی گردەبۆ، یالانقۆز

لای راستی ڕێگە، دۆڵی چەرمەگا، ئەوبەری ریزە کێوی تاسلۆجە و هەیبەسوڵتان، گوندی قازیاوا لای چەپ، کێوی ئاگرینی کوژاوەی پیرەمەگرون لای راست، گوندی قەرەچەتان ، گردی رەشکی لە تەنیشتیەوە لە دامێنی پیرەمەگروندا، دۆڵی قووڵو تەختی سوورداش، بەخشی سوسێ لای راست، گوندی چەرمەگا و موغاغ لای چەپ، چاخانەی سوسێ، بەوبەرەوە، چاخانەی موغاغ، کانیمیران، شۆڕ ئەبیتەوە بە سەر چالاخو سابوراوادا، هاجیتانی خواروو، گوندە کۆنەکە، سابووراواو چاخانەی سەر ڕێگە، چالاخ، بە لوولە ئاو دێت بۆ ئەمبەر، چۆمو پردی تابین، هەورازی کۆتەڵ، دووڕیانی سوورداش، کۆتەڵ، سوورداش.

دووڕیانی سوورداش، لێژی بە لای راستدا، نەویو هەوراز و بەردەڵانی بەرەو گوندی هۆمەرقەوم، گوندەکە دیارە، ڕێگەی تەسك، هۆمەرقەوم 40 خانەیە، لابەلا، ئەستێڵ، گوندی شەدەڵە دیارە، قەدپاڵ بەرەو شەدەڵە، 80 خانەیە، بەشێکی بەوبەرەوە، چاخانە، هەوراز، کەلی دابان 5ر7 کم ئەگەیتە گوندی هەڵەدن، هەوراز بۆ سەری دابان، گوندی سەرگەڵو دیارە، دووڕیان بەلای راستدا، نشێویو کووڕی، هەڵەدن دیارە، رەزەکانی، پیادەڕێ، دووڕیانی یاخسەمەر، لای چەپ بۆ هەڵەدن، داروگوڕ، هەڵەدن 200 خانەیە، 75٪ خێڵی جافە و 55٪ بەگزادەیە، ئەویتری تێکەڵە.

شەدەڵە – سلێمانی:

لە قزلەرەوە، بە دۆڵدا، دارو گوڕ بە نێوانی دابانو کێوی پیرەمەگروندا، دار و دەوەنو کانیاوی سارد، هەوراز و تەختی، بان، دۆڵی مێرگەپان، دارو گوڕی بەختوخە، خڕو شیوو دەرە و ئاو، تەختایی ، دارو گوڕ، کانیسمایل، هەواری پیرانە، رنوی سەهۆڵ لای راستەوە دیارە، خڕ و چۆم، نزیکی دارکوێز، بەرزایی کێوەکان کەم ئەبێتەوە، دەوەنو هەوراز، فراوانیو کراوەیی، رەزو باخو چنارو بیو، ئاوی قزلەر ، کچان، گوێچۆمو هەوراز، قزلەر بە پەنا زنجیرەی دابانەوە، 50 خانەیە، فراوانیو لاپاڵ بەمبەردا تاکو ئێرە 18 کم، بناری پیرکە، هەوراز و نشێویو دەوەن، قەدپاڵو شینکەو کەوەلە، دۆڵی هەناران لە خوارەوە 3 هەنارانە، هەوراز و پێچ،

قاراوا 5 خانەیە، لە هەناران جیابۆتەوە، هەوراز و نشێو، دۆڵەرووت، تاکو سەرچنار، گردۆلکەیی، کانیاو و باخ، دووریانی هەنارانی سەروو..

لە قزلەرەوە تاکو سەرچنار، پێی دەڵێن دۆڵەڕووت، گوندی هەنارانی سەروو، لە خوارەوە دیارە، هەوراز و کووریو نشێوی، گوندی پیرکە 7 خانەیە، کانیاو و کراوەیی پتر، تەختی گوندی قوڵقوڵە 20 خانەیە، چاڵگەی هاجی حەمە خورشید 3 خانەیە، باوکوکوڕن، شیو و هەوراز و دارگوێز و گۆڕ، گوندی کانیکلاو 12 خانەیە، هەوراز، گوندی کانیگۆران دیارە، 20 خانەیە، کانیاوو باخەکەی ، گوندی فایاڵ، تووەسپی 4 خانەیە، دێکۆنی ئەلیەفەندی دیارە، کانیمیکایل، ئەحەی کاکەئەولا، کوڕو کوڕەزا، کانیپیر دیارە، گوندی کانیبەردینە 70 خانەیە، رێگەی خێوەتە، گوندەکە دیارە، زەرگەتە 2 خانەیە، بەرزیو نزمی، سلێمانی.

سووورداش:

بە بنارەوە 2 بەرەیە، ئەمدیوو ئەودیو بەسەرە خوردەلوکدا شۆڕئەبێتەوە بۆ قەشقۆڵی، گوندی تەلانی کویخا سمایل بە قەدی چیاوە، کانیهەنجیر، لەولایەوە، جاسەنە و کانیخان، 3 لوولە ئاو، پێیدا تێدەپەڕێت، قەمچوغە و کانیسارد لای راست، پاسگە کۆنەکەی قەشقۆڵی، زێی، دوزی پاشاکۆر لای چەپ، تەختایو پێچ، هەوراز، بەرەو دووکان، بەخشی دووکان، هەنوکە شارۆچکەیە، پێچی نەوی بە ناو زێرپیندۆڵی دووکاندا، دارو درەخت بە هەردولادا، خانووی بڵاو، کەمێ هەوراز، بە ناو فرمانگە و گازینۆو خانووی کارگەراندا، گۆمی دووکان لای راست، بە تەواوی دەرئەکەوێت، شۆڕ ئەبێتەوە بۆ سەر پردەکەی دووکان، پردی بەنداوە، رێگەی زیخەڵانی و پێچوو هەوراز، بەسەر قووڵایی زێیدا ئەڕوانێ، بەرزایی ئەوبەر، گوندی کەلکەسماق بەوبەرەوە، پێچی نەوی، بەرەو دۆڵی شینکەی خەلەکان، پردی کراوە، دۆڵی خەلەکان، خانووەکانی شێخاجی، رێگەی گڵ چاکراو، بە ناوەندی دۆڵەکەدا، بەخشی خەلەکان، چناران، دارودەوەن، چاخانەی شێخ ئوبید و کانیوەتمان، دارودرەختو دەوەن، تەختی تاکو کانیمازو، کانیوەتمان، گوندی باقلان لای راست، تەختایی، پردو ئاوی باداوان، دووریانی خدران، تەختیو ناو دۆڵو فراوانیتر،

چاخانەی بێستانە، 15 کم، بۆ کۆیە، 31 کم بۆ رانیە و 39 کم، لە دووکانەوە، بە ناو دۆڵدا، شیو و دەرە و هەوراز، خانووی تووتنەوانەکان، بەرەو گازینۆی چناروک، ناوقەدی کێوی هەیبە سوڵتان، هەوارگەی فێنکو خۆش، سێبەر و ئاو، دارو درەختی چنار و شوێنی چاکراو، دار پەلکو هەنار و مێو، میوەی فرە، چالاو و کەپرو سابات، گازینۆیتر... پێچی هەوراز وەکو دیوی ئەمدیوی کێوی گڵەزەردە، بە گڵەسووردا، تاکو سەری رووتەنی کێوی هەیبەسوڵتان، شۆڕ ئەبێتەوە، پێچی نەویو لێژی بەرەو دەشتی کۆیە، پرۆژەی دارستانو جەنگەڵ، گۆڕو گومەز و خڕگەی هەیبە سوڵتان، تەختی و کەمێ لێژی، پرد و رووباری کۆیە، لە حەمامۆکەوە دێت، کە بناری کێوی باواجییە، شاری کۆیە.

کۆیە:

شارێکی مێژووییە، نشینگەی قوجپاشابووە لە چەرخی پاشا کۆرەدا، دوژی کەکۆن، بارەگابووە، لەسەر بەرزایی کەکۆن، رووپێوی 5 هەزار $م^2$یە، هەردوولای قوللەی بەرگری، کۆڕی فراوانو گەورە لە ناوەوە، کراوە بە تاوڵەی سورای لەسەردەمی میری عیراقدا، بارەگای رامیاری بووە، لە چەرخی داگیرکردنی ئینگلیزدا، کەوتۆتە پشتی یانەی فەرمانبەرانەوە، بەسەر هەموو شاری کۆیەدا ئەڕوانێ، گۆڕستان، لە تەنیشتەوە.

کۆیە، مەڵبەندی بزاڤی بیرو هزر و رامیاری بووە، مۆناتی 180 هەزار کەس پترە... لە شوێنەوارەکانی: مزگەوتی گەورەیە 1844ز، مەلا بەکر حەوێزی دروستیکردووە، ئەم هەڵبەستە فارسیەی لەسەر نووسراوە:

طالع بشمر مهمل این بیت و یکی فرد
تاریخ وی اینست کنید مینا
از همت ملا بکر این مسجد ممتاز
در ساڵ هزار و دووسد و شست شد انشا

حەمامۆك:

2 کم لە کۆیەوە، هەوارگەی خۆشو نزیك، بە رێگەی بەردەلانیو هەورازدا، شیو لای چەپ، داری کەندەکۆخی، سەیرانگەو جێی دیدەنی و نیازگە، گوندی کیلەخوار، بەوبەرەوە، بەرەو چاوگ، لە بناری کێوی باواجی، کانیاوی سەرەکی، سەرگیراو تەرخانکراو بۆ ئاوی خواردنەوەی شاری کۆیە، پرۆژەی لوولەکەشی، چالاوەکەی 4 × 6 م، دوو کانیاویتر، بە شیوی کۆیەدا ئەڕواتە خوارێ، لای سەرووی تالاوێکیشی هەیە، باخو داری میوەی زۆر، خاوەن باخەکان دێنە ناوی لە وەرزی خۆیدا، دیمەنی رەند و رەنگین، سێبەرو فێنکی، سەیرانگەو جای دیدەنی، چواریاخی گەورە، گەرەکە رێگی بۆ چاکبکرێت، گازینۆو میوانگەی لێبکرێتەوە.

پاشەواریتر، جگە لە کەکۆن، کلیسەی تۆپزاوا، لە کۆیەوە بە رێگەی قیردا تاکو نزیکی ئاشەکۆن، بەلای راستیدا بۆ توپزاوا، بەرانبەری ئەرمۆتە لەوبەرەوە، 3 کم باشوری کۆیە، بەپێ بەلای جۆگەی تۆپزاوا بۆ سەر گردێ، حەوشەی کلێسە، دار زەیتوونی تێدایە، گۆڕ لە تەنیشتیەوە، دەرگای کەوانەیی، هۆلی گچکەو خڕ، تیرەکەی 4 م، خڕگەی دەرگای گچکە، ژوور لەسەر ژوور، سەربانی گۆمەزی ژوورەکانی گچکەیە، جێی بەرگرییە.

گوندی تۆپزاوا، لە بناری کێوی باواجییە، 40 خانەیە، 3 کم لە خۆراوای کۆیە، ئاوەکەی لە پشتی گەلی گوندەکانی هۆمەراغاوە دێت، هەوارگەی رەندو جوانە، گەرەکە بەنداوی بۆ بکرێت، ئاوەکەی ئاشگێڕ پترە، شیوەکەی ئاودار و چڕە.

رێگەی ئەرمۆتە:

نزیکترە لە تۆپزاوا، لائەدات بەلای چەپدا، تاکو ناو ئاوایی، رێگەی ناخۆشو بەد، 50 خانەیە، 15 کوردی ئیسلامو ئەویتری کریستیانین، باری ئابووریيان کزە، کلێسەکەی هی پێشی ئیسلامە، 100 سالْ ئەبێت، نوێکراوەتەوە، لاکێشە و شێوەی گۆمەزیو خڕگەیی، 2 پایە لە ناوەندا... گوندی ئەرمۆتە، فێرگەی تێدایە، ئاوی کارێز بەکارئەهێنن.

کۆیە – کەرکوك:


85 کم، شەقامی قیر بە لای خانووی نیشتەجێدا، لای راست، دووڕیانی ئەرمۆتە و تۆپزاوا، کۆنە کڵێسەکەی بە گردەوە، لای راست، ڕێگەی قیر، کراوەیی، پێدەشت، گوندی داربەڕوو لای چەپ لە ناو گرداندا، پێچو لێژی و شیوی کۆیە، پردی ئاسنی داخراوی رۆباری کۆیە، هەوراز و پێچو تەختی، هەوراز و نەوی بە ناوگردۆڵکەدا، دۆڵ لای راست، پەناگرد، پردی گچکە، پردێکی گچکەیتر، زێی کۆیە، زێی گچکە لای چەپ بە پەنا گردا، کەمێ ڕێگەی قیر، پردی گەورەی داخراوی کۆنکرێت، لەسەر زێی، پایەی کۆنکریتی ئاسنرێژ، تەنیشتەکانی پیادەڕێیە، تەختیو پێدەشت، دەشتی قەرەناو، گوندەکە بە بنارەوە، هەوراز و پێچو پەنا گرد، ئەملای دۆڵ، لێژیو پێچ هەروازی بێدەر، کەمێ تەختی، پردی گچکە، لێژی بە سەر شیوە سووردا، کە ناوەندی ڕێگەیە، چۆمی چڕ، هەوراز و پێچ، گوندی هۆمەرمەندان، خڕگەو گومەز و ئارامگە لای چەپ، تەختی، هەوراز و پێچی سمایل بەگیان، تەختی بەرەو بنکەی بەخشی ڕێدار، شوان، چۆمو دارو درەخت لای راست چاخانەکانی سەر ڕێگە، خانووەکانی لە دۆڵێکدا، فێرگەی سەرەتایی و ناوەندی تێدایە، کارەبای نییە، 120 خانەیە، 30 کم بۆ کەرکوك، تەختی بەرەو حەسار لە هێڵی شەمەندەفەر ئەپەڕیتەوە ، گوندی دووبزنی، پردە روخاوەکەی، دووڕیانی کۆیە-هەولێر، تاکو ئێرە 72 کم، بۆ هەولێر 83 کم، بۆ کەرکوك 13 کم، بە ناو گردۆڵکەدا کۆمپانیای نەوت، دەرئەکەوێت، کەرکوك.

رانیە – شەقڵاوان:

بەلای گۆڕستاندا، پێدەشتو گردی بەردین بەملادا، زنجیرە کێو بەولادا، دۆڵی فراوان، دەشتی بەپیت، سەرکەپکان، لە پێدەشتدا 80 خانەیە، لە نێوانی دوو کێودا، دۆڵی شاور، چۆمی سەرکەپکان، بەلای میرەبەگدا، ئاوی زۆرە، چاوگی نزیکە لە گوندەکەوە چاخانەی سەرڕێی، جۆگەی بەردەمی ئاوایی، بۆ گرمکە دالّی، لە بناری کلکەی نەمرود، ئەملای دۆڵی سەرکەپکان، با ئەداتەوە بۆ لای چەپ، دۆڵی فراوانو تەختی، ئەسریلان، لای چەپ، بەرەو چۆڵیاوا، دەشتی بیتوێن، بەلای

راستدا بە دامێنی گردۆلکەدا، جۆگەی کازیوە و چاخانەکەی لە کلکەی کێوی ماکۆکەوە بەلای دۆڵی نارانددا — سەروچاوە، 200 خانەیە، جاوگەی فرە ئاو، جۆگەی کاکیزیوە، جۆگەی میراوای لێهەڵگیراوە، کە بە سکتانودیان ناو ئەبرێن، چاخانەو فرۆشگە و تیمارگە و فێرگەی تێدایە، مەڵبەندی خۆشناوەتییە، لە کلکەی نەمرودەوە چەند دۆڵێکە بەمجۆرە:

دۆڵی شاور، بالیسان، گۆران — گرد گۆران، تەختیو دۆڵی فراوان، بێتواتە لای راست بە بنارەوە، دارگۆڕو مەزار، تەختی، گوندی شکارتە لە بناری ئەملا 25 خانەیە ، بێتواتە بە بناری سەرەوە، گوندی ئەنگۆز نزیکی شکارتەیە، بە بناری سەرەوە، لە چۆمەوە با ئەداتەوە بەملادا، گوندی ئەندیك بە بنارەوە...



بە پەنا گرد و تاشەبەردا، هەوراز و چۆم بەولادا... بە ناو دارو گۆڕ و مەزاردا، هەوراز ، دوو ئاوی ، بەناو خانووەکانیدا، هەوراز، با ئەداتەوە، چۆمو دۆڵی چڕ، هەوراز، خانووەکانی بێتواتە، بە پەنا کێوەوە، شوێنی قایمە، تەنیشتو پشتی ئەشکەوتی هەیە، 200 خانەیە، نشێوو هەوراز بۆ هەرتەل، بەندەنو لابەلا، قوتکەی کێو، تەپکی شینە وەکو کڵاو دیارە، ریزەکێوی ئەولا، نزار و رەشیو جەنگەڵ داپۆشیوە، پیادەڕێی، هەورازو نشێو، بێکێل 70 خانەیە، بە قەدی گردەوە، دۆڵ لە خوارەوە، بە ناو ئاواییو بەروباخدا، سەرەوەی بازی بەرۆژی، باریکە رێی بە قەد و لاپاڵو زیخەڵانیو شینکە و کەوەلەدا هەوراز بۆ سەری باسکێ، داروگۆڕ و ئارامگە، بە رۆژی دیارە، تەپکە کێو گەیشتۆتە کەشکەشانی ئاسمان، نشێو و لابەلا و هەراز، باسکی، داروگۆڕ، گوندی هەرتەل، دیارە بەروپشتی باخە، زنجیرە کێو هەروەکو دیواری بەرز، هەڵچووە، قایم بە پشتەوەیدا، گوندەکە لە

دۆڵدا، کەوانەیی سەرەوەی لە یەکئەداتەوە، نشێوی بە ناو باخو کانیاو ودارگوێز و سێبەر و خڕە بەردو چۆم بە هەورازدا، ناو گوندی هەرتەل 250 خانەیە، شوێنی قایم، خێڵی خۆشناون... ئەم خێڵە، بریتییە لە میر و سویی و میر مەحمەلیو پشتگەی دێتەوە بۆ لای بەستۆرەی هەولێر و سنووری خێڵی سوورچی.

مەزنی هەرتەل، کوێخا موهەمەدە، 3 تافگەی تێدایە لە گەرووی سەرەوە، بەرزیان 5 م، دۆڵی چڕ و ئاودار لە بێتواتەوە 6 کم پشتەوەی ریزە کێوی قایمە. لێژی، بە ناو خانووەکاندا، باخو سێبەر و نشێو و خڕە بەرد و ناونزار و دۆڵ، لابەلا جاربەجار، ڕێگەی ئوتومبیل بۆ زیوە، گەرووی کێوەکەی زیوە، دیارە ڕێگەی ئوتومبیل، باخەکانی گوندی هەرمکی، گوندەکە بە بنارەوە، دۆڵ لە خوارەوەی پشتەوەی کێوی سەخت... خانووەکانیان لە خشتی کاڵ دروستکراوە، بە دۆڵدا تەنیشتی چۆم، هاوینان وشکە، ئەپەڕێتەوە، شەقامی ئوتومبیل تاکو شاری هەولێر، بە شەقلاوادا ئەڕوات... دارو گۆڕ، دۆڵی بالیسان ، دارو گۆڕ لاپاڵی ئەمبەر، فراوانی گوندی مەلوك بەولادا، لە کەمێ تەختاییدا بە پاڵ گردی سەرسنگی کێوی پشتەوەی، دووریانی ملوکو شیرە بەملاّدا کراوەیی، ریزە کێوەکان دوور ئەکەونەوە، گوندی مێرگی سەری 70 خانەیە، بلاّون، لە شەقام لائەدەیت بەرەو گوندی چیوە، سویری بەملادا، چیوە دیارە، ڕێگەی ئوتومبیل، ئەچێت بۆ هەردوو گوندی چیوە، سەریو ژێری لابەلا و باخەکانی چێوەی ژێری بە بنارەوە لەمبەروە گۆڕستان بەولادا، لاپاڵو بادانەوە، بەرەو خاوەر، چێوەی سەری دیارە، لابەلا، جۆگە و باخ، دێبەری خوار جۆگە، بادانەوە بەلای دێبەر و دارو گۆڕدا، چێوەی سەری 130 خانەیە، خۆشو ئاوەدانە، بەرهەمی تووتنو سپیدار و مەرەزەی هەیە، فێرگەی تێدایە، خێڵی خۆشناون، لە دۆڵێکی بەپیتدا نێوانی دووکێو، نشێویو چۆم، بەلای چیوەی ژێریدا بەرەو تەختیو دۆڵی فراوان، شیرو لای ڕاست بە بنارەوە بە ریزی بیراوا و شێخ وەسانو بالیساندا لە دۆڵەکەدا، گوندی داراش بەولادا، شەقام، سنووری شەقلاوا، بالیسان بە پاڵ گردەوە، بە قەدی ئەوبەرەوە، ئەشکەوتی گەورە، چاخانەی سەر ڕێی ، هەوراز بەرەو بالیسان، لە شەقام لائەدەیت، باخوشینایی

بالیسان 170 خانەیە، سەر بە هیرانی شەقڵاوایە، بە دۆڵدا، دەشتی بالیسان، لە شەقامەوە، لالوکاوا، بیروختە، ئەشکەفتە و گوندی سارتکە بە بنارەوە، دۆڵی هەروتیان، لە خوارەوە، بە زنجیرە کێوی هەرتەلەوە، بەو ریزەوە بە زنجیرەی چیای کۆرەکی رەواندوزەوە نووساوە، کێوی ئەوبەریش، کێوی هەریرە، بە گەلی ئەلییبەگەوە نووسراوە، هەر گوندە و لە سنووررری خۆیدا رێی ئوتومبیلی بۆ راکێشراوە، دەشتی زینەی هەوار، لای بناری زینەتیرە 18 پێچی هەوراز لە کێوی زینەتیر، 6 پێچی لێژی، دۆڵی‌یتر لە نێوانی کێوی هەریرو و ئەولادا، کراوەییو فراوانی پێدەشتی شێخ مەمودیان، شەقامی قیر، لەملای گوندی سیساوا و خواری شاومیس، بەرەو دەربەند شەقڵاوا، مامەرەوتکە، میر رۆستەم، پێچی هەورازی میراوا، 8 کم ئەمێنێ بۆ شەقڵاوای شارۆچکە و مزگەوتە کۆنەکەی کە چەرخی ئیسلامی دروستکراوە، میرانی مەحموبەگو بووکئەنبەر، نوێیانکردۆتەوە تاکو هەنوکە 2 جاریتر نوێکراوەتەوە، دوا جار لە 1971دا ئەم هەڵبەستەی لەسەر نووسراوە:

سەحابی بوو بانی اول	اخر گشت بوک عنبەر
بس است اورا کە با ابن عمر	گردیدهم قیمت بهرجا مسجد افشا نمود
خاسە این مسجد کە میمون است	جون عرش جگە و نوش پر زینت
خودش بامیر در خیرات و در سنت	میکوشند مینوشد از ان تاریخش

شەقڵاوا - هیران:

24 کم شەقامی قیر، لاپاڵ، بناری کێوی سەفین، بەرەبەرە، دوور ئەکەوێتەوە، نشێوی بۆ تەختی دۆڵ، کلکەی کێو، گوندی سپیگڵە، 40 خانەیە، رێگەی خۆڵ، گوندی چنێران، 30 خانەیە، بڵاو بە پەنا گردا، لاپاڵی ئەوبەر، پرد، هەوراز بەرەو بناری سەفین، باسکی مەزارگە، نشێوی، گوندی ئاقوبان بە چەپدا، خانووی میری، پێچی لێژ، ئاقوبان بە پەنا گردا، باسکی ئایشێ، ناوەندی رێی، نشێوو هەوراز و پێچ ، دۆڵی نێوانی سەفینو زینەتیر، گوندی پونگینە بەولادا، 40 خانەیە، پێچی هەورازو نشێو، پەنا گردۆلکە، دارو دەوەن، لە سەفین دوور

ئەکەوێتەوە، گردی جاسوس، پێچو هەورازو نشێو، لاپاڵی ئەملا، گوندی گەروەتە 50 خانەیە، بە ناو ئاواییدا مەزارگە، لابەلا و بەرزی بناری سەفین، خانووی دۆڵو باخەکانی، هەوراز، سوولاك، خانووی ناو باخەکانی نشێو، گوندی بێلنگە بەسەر گردەوە، هەوراز، گۆڕستان بەخشی هیران.

هیران، بنکەی بەخشی خۆشناو، هەوارگەیە، فەرمانگەو فێرگەو فرۆشگەی و ئاوەدانو فرمئاوە، ئاوی زۆر لە مزگەوتەکەی دێتە دەرێ، 2 چالاوە... گوندەکە، لە بناری کێوە، ئەشکەوت بەوبەریەوە، پەرستگەی بەری کاکی هیرانە، ڕێبازگەی قادرین، لە شێخ تەهای بتلیسەوە، ئەو ڕێبازگەیان وەرگرتووە، دەڤەرێکی ئاینییە.

نازەنین – کۆیە:

لە هیرانەوە، هەورازی قەدی کێوی سەفین، خەوابگەی کاك لە ئەشکەفتی گۆڕی سلێمانو ئارامگەی شێخ ئەبدولاو شێخ مستەفاو بەرەی کاکی هیرانە، باسکێ، دووڕیانی سماقوڵی، لابەلا و نشێو بە پیادەڕێدا، گەلی سماقووڵی ، لە کێوی ئەوبەر گەلی چاکی شێخ موحەمەدە، لەوێوە، کونە فلوسە و ئەچێتەوە بۆ چیوەو دۆڵی بالیسان ، گەلی ئاوی شوور، پیادەڕێ، هەوراز، کانیفەقێ برایم، لابەلا، گوندی کاموسەك، بە بناری ئەوبەرەوە، لە هیزۆبەوە، ڕێی ئۆتومبیلی بۆ دێ بە سکتاندا، لە دووڕیانەوە ئەچێ بۆ هیرانو نازەنین، هیزۆب، سکتان، کاموسەك، دووڕیانی هیران، نازەنین... گەلی ئەسکەندەر، سنووری کۆیە، نشێو، باخەکانی نازەنین، گەلی سەروکانی، بەناو رەز و باخدا بۆ ناو گوند، گۆڕستان، لابەلا، باخی سێوو هەنارو هەنجیرو سپیدار، نازەنین 75 خانەیە، مزگەوت، چاخانەی تێدایە، سوورەچناری بەر مزگەوت، هەوارگەی کۆیە، کانیاوی بلاو، فرەمیوە، فێرگەو پاسگە، ساختمانی میری نییە، تیمارگەی تێدا نییە، بە بناری سەفینی رەشدا، لابەلا، گۆڕستان، شۆڕ ئەبێتەوە بۆ ناو دۆڵی نزیکی بنار، سناوا، لە خوارەوە، وێرانەیە، خانووی نوێ لە سەرەوە کراوە، لێرەوە ئاوەگرد بەسەر چیاوە، دوژەکەی دیارە، پاشەواری پاشای کۆرە و بەر لەو وەسمان پاشا بووە، شوێنی بەرگرییە.

بە ناو باخەکانی سناوادا، مەزارگە، گوندی سناوای ئاوەدان، بانوو، گوندی جەلی دیارە، گۆمی دووکانو کێوی قەندیل دیارن، لێژیو باسکو لابەلا، کەدەدار بە بناردا، جەلی لە بناری رەش، گەڕەکی پێشەوەی ناو گوند 45 خانەیە،، باخەکانی تاکو سەرچۆمە، خاوەنداریێتی زەوییەکانن، بەرهەمی تووتن، دانەوێڵەی هەیە، چۆمەکەی ئەچێتەوە بۆ هیزۆبو قەسرۆك، ئەڕژێتە گۆمی دووکانەوە، کێوی پشتی چنارۆکە، پێوەی نووساوە، 15 کم بۆ کۆیە، بەری کراوەیە، گۆمی دووکانو کێوی قەندیل دیارن، شۆڕ ئەبێتەوە بۆ سەر ڕێی هیران، سەرەوخوار بۆ سەر جۆگە و چۆمی سماقوولی، بۆنی گۆگردی لێدێت، گەڕاوە، چۆمەکە ئەچێتەوە بۆ هیزۆب، لە تەك وشکە چۆمی نازەنیندا، دارو درەختوو سەیرانگە، گەرماوی جەلی، گۆگردی زۆرە، بە بەری ئەمبەرەوە، رەنگە ڕێژەی گۆگردی زۆر بێت ئەو گەرمکە. با ئەداتەوە، هەوراز بەرەو دۆڵی ئەسحابان، لاپاڵو هەورازو نشێو، دامێنی پێوار و پێدەشت، ڕێگەی ئوتومبیل، بۆ گەڕاوی جەلی، لە چنارۆکەوە دێت، زنجیرەی هەیبەسوڵتانە، سەری چنارۆکو ڕێگەکەی دیارە، پێوار و نشێویو چۆمی گەڕاو، هەورازو تەختی، مەیدانی قەرسان، ڕێی ئوتومبیل، با ئەداتەوە بەلای مەزارگە و کەمێ هەورازدا بەرەو دۆڵی ئەسحابان، نێوانی کەنەچووکو هەیبەسوڵتان، دارو مەزار و گۆڕی ئەسحابان بە ریز ئارامگەو کێلی بڵند و بەرز، گۆڕی سواراغای حەمەداغا و هەندێك گۆڕی نوێ، بیر بەوبەرەوە، دۆڵی سەحابان، نێوانی سەفینو هەیبەسوڵتان، کەمێ هەوراز و ئارامگە، لە کۆتەڵ ئەچێت، سماقوولی دیارە، لە دۆڵدا، لە ئاکاری ئاوەگرد، ئەمدیو و ئەودیوە لە تەك جەلیدا، ڕێی ئوتومبیل لێرەوە بۆ هەولێر، لە دووڕیانی بێستانەوە گەلییەکە لە جەلییەوە نزیکە.

ئاوی سماقوولی، لە گەلییەوە دێت بۆ گەڕاوی جەلیو پردی هیزۆب، بەلای مەزارگەدا بۆ ناو گوند 25 خانەیە بە سماقوولی گەلی ناو ئەبرێ، ئەوبەری کرۆژمیە، ساختمانی فێرگەکەی دیارە.


دووبارە دێتەوە بۆ ڕێی کۆیە، هەورازو دمرە بۆ چاخانەی تووە رەش، نزیکی میرسەید، 6 خانەیە، چنارۆکی بڵباسان، چنارۆکی مەلایان، لەیەکەوە نزیکن، کانیبی، سەری هەیبەسوڵتان، شۆرئەبێتەوە بۆ کۆیە، لەوێوە دیارە، گۆڕستانو چالاو، ئەستێڵ بەرەو شاری کۆیە لە ڕێی خوارەوە.

چەمچەماڵ – سەنگاو – 60 کم:

شەقامی قیر، تەختی، خانووی نوێ نزیکی شەقام، بەرزیو نزمیو جۆگە، گوندی گوشقوت لای چەپ، بانو ناوچەی گردۆلکەیی، بانەکە فەرمانڕەوایە بەسەر دەڤەرەکەدا، بەرزیو نزمیو پێچ، چۆمی پردی شیوەسوور، 10 کم، رۆخانە، هەوراز، شەقامەکەی پەرژینی بۆ کراوە، شیوو پرد و هەوراز، گوندی قەرەتامور 15 کم، 35 خانەیە، خوێندنگەی تێدایە، تەختیو گردۆلکەییو پێچ، چۆمو پردو هەوراز و تەختی، گوندی قەڵاچوخ 57 خانەیە، فێرگەی تێدایە، لەمبەرو ئەوبەری شیوێك، پردو 3 شیوو جۆگە و کونە ئاو، گوندی مەلاحسێن، 12 خانەیە، گوندی دووردەر بەوبەر ئاوەکەوە، 20 خانەیە، پردی چۆمی باسەڕە 30کم، چاخانەی باسەڕە، دووڕیانی هەشەزینی بۆ ناو گوندەکە 5 کم، 90 خانەیە، خوێندنگەی هەیە، دەربەند باسەڕە، 5 کم، کە گوندی دێلێژەی قەراخی لێنزیکە، 7 کم ئەبێ، تەپەسوورە 5ر1 کم، 25 خانەیە، گوندنشینانی بە کشتەوە خەریکن، جوتیارو چێنەرن.

دێتەوە بۆ سەر رێی گۆکتەپە، گوندی فەقێحاجی، شیوو تەختی، کەڵەسووران لای چەپ، کەڵەڕەش، گردۆلکەیی لای چەپو پێدەشت لای راست، نێوانی کێوی ئاجداخ، کێوەڕووت، کێوی سەگرمە، بەرزیو نزمیو لادانەوە، شیوو قەڵبەزەی تافتاف، پێچو شیوو هەوراز، فەرمانڕەوای رێگەیە، بەسەر ناوچەکەدا، گۆکتەپەی سەنگاو، گۆکتەپە، تەپە شین، وشەیەکی تورکییە، بنکەی بەخشە، 300 خانەیە، ریزە فرۆشگەو شەقام بەخواری، یەکدووکانیاو، بان بەرێی گڵدا، بەرەو بنار، قەڵا گۆکتەپە لای راست، بەرەو بنار بە مێرگە گەورەدا، رێی گوندی کچان، بەرەو بنار، گوندی کرپچنە 70 خانەیە، بە بناری کێوی سەگرمەوە دیارە، نزیکی دەربەند سپیە، ئارامگەو خەوابگەی شێخانی کرپچنەیە، شێخ کەریم کەسنەزان، شێخ قادر، شێخ حسین، و شێخ حسین شێخ ئەبدولکەریم، لە ساختمانی کۆندا، گۆڕستان لە خوارەوە، رێی کچان، بانی کەملێژ و تەختی، کچان دیارە، پێدەشت ، شیوەڵ، کچان، گوندەکە بە هەردوو بەری شیوەکەوە ، دارودرەختی زۆر، ساختمانی فێرگە لەولاوە 85 خانەیە، ئاجداخ، رووتەکێو، بەرانبەری، ئارامگەی پێشەوا زەینەلعابدین بۆ پێنج ئەموست 5 کم، چۆمی کچان بانی ئەوبەر، چۆم، رێی تیمار، گوندەکە دیارە، 5ر1 کم، پێدەشت، زۆنگو شیوو مێرگ، رێی ژاڵە، 35 خانەیە،

پێدەشت، گوندی رەبات بە بنارەوە، رێی گەرەچیای خالد، 7 خانەیە لەسەر رەباتە، چۆمی دووبر، رێی هەزارکانی، بنار، گەرەچیای خالد، رەباتی لای چەپ، گوندی رەبات بە بناری سەگرمەوە، 50 خانەیە، گۆڕستانو ئارامگە بە سەر گردەوە، لای خاورەوە، گۆڕی مەحموگێلە، کێلی لە بەردو گەج بۆ کراوە 5 م، مزگەوتو ئاوی هەیە، لێژی بۆ هەزارکانیانی فایەق ئوبید، زینانە لە بناری ئاجداخ، پێدەشتو مێرگو زۆنگ، قەڵاگە، بە بناری سەگرمەوە لای راست، گوندی بانیمورد لەولاوە، کێلەبەرزە بەوبەریەوە، لە خوار قەڵاگەوە، بەلای خاوەردا، کانیبەکتەش، بەو گوندی هەزارکانیانەوە.



سلێمانی – کەرکوك – 110 کم:

شەقامی قیر، دووریانی سەرچنار، بۆ کەرکوك 107 کم بۆ سەرچنار 2 کم، دووریانی قلیاسان-تاسلۆجە 20 کم بۆ کەرکوك، 90 کم، دارتووی سەروو خووارو بە بناری چەپی تاسلۆجەوە، شۆڕ ئەبێتەوە بۆ هەردوو ئالایی، بیبیجەك، سەروو خواروو، کەلاشکەران، بەملاداو کۆیەك بەولادا، دەشتی بازیان، تەینال، بنکەی بەخشە، چاخانەی گۆپالە، 70 کم ئەمێنێ، دەربەند بازیان و پرۆژەی جەنگەلۆ باخی ئاژەڵ، باسگەی نوێو چاخانەی دەربەند، دوای دەربەند، 20 کم بۆ ئاغجەلەر- ئاغاجلەر، دارستان، دارەکان، داران، هەوراز و پێچونەوی، قیر و تەختی، زنجیرەی کێوی دەربەند لای راست، شێخ وەیسو قشلاخ لای چەپ، زیخو گلۆ تەختی، بەرزی، گوندی تەوەکەلی گەورە، 100 خانەیە، قەڵاکۆنەکەی، بە ناو ئاوایی تەوەکەلدا، تەوەکەلی گچکە لەولایەوە، فێرگەو خانووی ئاوەدانی بەلای تەوەکەلی گچکەدا، هەوراز، ئاغجەلەر، پێچو نەویو بادانەوە، گوندی ئاغجەلەر، دالاوای کوردان، گوکتەپەی سەر زێی.

دەربەندی بازیان، کەرکوك، 60 کم، چەمچەماڵ، 45 کم ئەمێنێ، دووریانی سەنگاو 58 کم بۆ گوکتەپەی سەنگاو، هەوراز 40 کم.

چەمچەماڵ:

لە ئەنجامی هەڵکەندندا، لە بەردەبەلەکە – بەلە - بەلەك – بلکە، 3 کم باکووری خاوەری چەمچەماڵ، شیوەسوور نزیکی ڕێی کەرکوك-سلێمانی، لەسەر گردێکی کراوە، چینەکانی گەچین، لەسەر قەدپاڵەکانی، پاچەدەستی و ئامێری بەردەئەستێ دۆزراوەتەوە، پاشەواری زیندەوەری کۆنو نەماو، دۆزراوەتەوە، وەکو فیلی هیندی، ئەسپی ئاوی، پارچەئێسکی زیندەوەری کێوی وەکو کەر، گا، بزن، مەڕ، ئاسك.


جەرمۆ:

پاشەواری مێژوویی یەکەم نیشتەجێی کشت نزیکی چاوگی داقوقە.

چەرمگ – سپی – The white، نزیکی چەمچەماڵ، بە قەڵای ڕۆمی ناسراوە، قەڵا چەرمۆ، خانووی قوڕو بەرد، حەسیر و پووش بەکار هاتووە، دەنکە گەنم بۆتەوە بە خەڵوزی بەرد، تێیدا دۆزراوەتەوە.

کەریم شاهر:

10 کم باکووری خاوەری چەمچەماڵە، پاشەواری چەرخی بەردینی ناوەندی تێدا دۆزراوەتەوە.



چەمچەمماڵ – کەرکوك، 45 کم، هەوراز، قەرەهەنجیر، ڕەشە هەنجیر، 25 کم ئەمێنی، هەوارگەی کەرکوکە، 20 کم بۆ کەرکوك، شاری کەرکوك.

دەربەند بازیان – ئاغجەلەر – 17 کم:

رێی کۆن، لابەلا، گوندی کانیشێتان، لای راستەوە، هەوراز و جەنگەڵ وەکو کۆتەڵی سورداش، نشێویو تەختی، دۆڵ، گوندی خەربەندەلو، لای چەپ 25خانەیە لابەلا، دۆڵی نێوانی زنجیرەی دەربەندو گردۆلکە، پێچی هەوراز، لابەلا بە ناو دەوەندا، گوندی چنارتوو 20 خانەیە، ئازادی فەقێ سمایل 40 خانەیە، 2 گوندن بەرانبەر بەیەکتر، چاڵاوی بۆکراوە، بۆ ئاوی خواردنەوە، پردو شیوو دەرە، گوندی موتلیجە لای چەپ، گەرگەر لای راست، 20 خانەیە، بلوکین، 40 خانەیە لای راست، چۆمو بێشەڵانی دامێنی موتلیجە کەمێ هەوراز و نەوی – پرد، ئاغجەلەر.

ئاغجەلەر، بنکەی بەخشە، 250- خانەیە، 64 گوندە، فێرگەی سەرەتایی، خوێندنگەی ناوەندی تێدایە، هەردوولای بەرزییە، لەسەر چۆمی موتلیجەیە، پردێکی گچکە، هەردوو بەری بەیەکەوە بەستووە.

ئاغجەلەر – عەسکەر:

10 کم، پەناگرد و مێرگوزۆنگ، هەورازو نشێو، دووڕیانی گۆکتەپە، گوندی مایلە لای چەپ، پێدەشتو هەوراز و بەردەڵانی، مێرگو هەوراز و نشێو بە ناوەندی هەردوو گوندی سۆتکەدا – سۆتکەی شێخ قادر و گردە شیری، هەوراز و نەوی، گوندی عەسکەر دیارە، بادانەوە، عەسکەر 95 خانەیە لە پەنا قەڵادا، چۆمی رێزان 5 کم، بۆ دووکان 6 کم ئەبێ، مزگەوتی باشو فێرگەی تێدایە، گردێ بەرانبەریەتی.

عەسکەر – گۆکتەپە، تەپە شین بەسەر تەپەوە، سەر زێی گچکە 12 کم ، چۆمو هەوراز ، گۆڕستان، چەند گۆڕێکی پایەی بۆ کراوە، دۆڵو شیوو کەنار و پێدەشتو مێرگ، گوندی هەیدەر بەگ، دیارە، 60 خانەیە، جۆگە، دووڕیانی حەیدەر بەگ، بان کۆزەبۆرە لای چەپ، 35 خانەیە، داڵاوڕووتە لای چەپ، کێڵگە، گۆکتەپە، دیارە، شیوی گردیمیل، ئاوەکەی هی هەیدەربەگە، هەوراز، گۆڕستان لای چەپ، گۆکتەپەی سەرزێی، دەشتی کۆیە لەو بەرەوە، گوندی خەرابەی ئەزیزاغا 10 کم.

کەرکوك – هەولێر – ئەربل:

93 کم، لە رەحیماوەوە، کەڵبە و تاشە بەردەکان، پێدەشت بە رێی قیردا، دووریانی کۆیە، تەقتەق، تاکو ئێرە 12 کم، بۆ تەقتەق 50 کم بۆ کۆیە 70 کم، بۆ پردی ئاڵتونکۆپری 28 کم، دارامان و پاسکەکەی، 16 کم بۆ پردێ کە بنەی بەخشە، باخوباخات لە باتیر، خواراوایەوە گۆڕستان لە باشوورەوە، پرد نێوانی هەردووبەری پردێ، پردێك لە باکووریەوە، خانووەکانی بەردوگەچە، گۆڕستان لە باکوورەوە، کۆڕو ویستگەی شەمەندەفەر، هێڵی ئاسن، چەند خانوویەك، رێی قیر بە تەنیشت هێڵی ئاسندا، پێدەشت، لە کەرکوکەوە بۆ پردێ 43 کم، پردێ بۆ هەولێر 50 کم، بۆ دووبز 13 کم.

پردێ، شیراوا، شێخان، دۆڵەبەکرە، هەمزەکۆر، رەسوڵ بسکوڵ، قوشتەپە، کۆراوا، هەولێر... لە شیراوای دزەییو شێخانو گازینۆ، ویستگەی هەمزەکۆر یەك کم، لە رێگەکەوە، پردی گچکە، بنەی بەخشی قوشتەپە، 20 کم بۆ هەولێر، پێشی شار، دارودرەخت بە هەردوو لای رێگەکەدا، کۆر دوای کۆر، ناوشاری هەولێر و شەقامی سەرەکی، کۆروپردی ناوەندی بازاڕن نزیکی باخی شار.

هەولێر، بنکەی ئوستانە، هەوارگەکانی لە نێوان کێوی برادۆست لە خۆراواوە، زێی باکوور لە خاوەرەوە، لە زۆزانو هەوارگەکانی ئوستانی بەهدینان، دهۆك کەمترنین، لە بوونی سروشتیدا لوتکەکانی بەفری سپی هەڵئەگرن بۆ وەرزی هاوین، سەرشانەکانی جەنگەڵو دارستانو لێرەوار و سەوزاییە، لە بەهاردا، دەشتەکانی کێڵگەی پایزن، قەدپاڵو باسکەکانی هەوارگەی فێنکی هاوینین.

هەولێر – شەقلاوا – 49 کم:

پۆستی مەلا هۆمەر، جەنگەڵی خانزاد، پردی بەستۆرەی سەیرانگە، گوندی هەناران قەڵاو دوژی پاشاکۆرە، لە گوندی بانەمان، چاخانەی بانەمان، 14 پێچی هەوراز، بەرەو پیرمام، سەربەن، سەلاحەدین.

پیرمام، لە بانێکی فراواندا، بەسەردەشتی هەولێردا ئەڕوانێ، ئەولای کێوی سەفینەو پێیدا ئەڕوانێ، بەرزی 1090م، پلەی گەرما لە هاویندا 38 پلەیە، رادەی

شێ 55-60٪، بە لوولەو ترومپاو ماتۆڕ، ئاوی لە چاوگی خوارووی سەفینەوە بۆ دێت، بۆ هەوارگەی سەری ڕەش چارەکێکە، گازینۆی گەورە بەسەر تەختی چیاوە، هەردوولای دۆڵی قووڵ، گوندی گراو، لە دۆڵی لای ڕاست،

ناو دۆڵی هەردوولا ڕەز دایپۆشیوە، پلەی گەرما 25 پلە، وەکو کەشتی بە ئاسمانەوەیە.

پیرمام — سەلاحەدین - سەربەن، 30 کم لە هەولێرەوە، 6 پێچی لێژی دۆڵو پردی کراوەی گچکە، نزیکی گوندی کۆری لە خوارەوە، گوندی ئارماوا، گوندێکی خۆشە، کارەبای تێدایە، 60 کم بۆ گەلی ئەلیبەگ، چاخانەکانی سەرڕێ، باخی زۆر، گردچاڵو حوجران، دەربەندکۆری، 10 کم بۆ شەقلاوا، دۆڵو لابەلاو کەمێ هەوراز و دۆڵ، گوندی کاوانی وێران، 2 کم بۆ شەقلاوا، 50 کم بۆ گەلی، شارۆچکەی شەقلاوا لە پەنا کێوی سەفینی ڕەشدا.

شەقلاوا، لە دامێنی باکووری کێوی سەفینە، لە دۆڵێکی تەسکدا گژوگیا دایپۆشیوە، بەرزی 850-900 م، پلەی گەرما، 30 پلەیە، ڕادەی شێ 65٪، وشکی 74-94٪، بەهەشتی رووی زەمینە، ئاوی ساردوتەزی، کەشوباو ئاوی سازگار، باخی زۆر، لە هەولێرەوە 49 کم.

شەقلاوا — گەلی ئەلیبەگ 64 کم:

شەقامی سێبەر، شۆڕئەبێتەوە لاپاڵو چۆمو شیو، پردی کراوی گچکە، لەسەر شیوەکە، پردی دەربەند شەقلاوا، بەرزیو پێچو هەورازی میراوا، پشتی شەقلاوای ڕەشو دەربەندەکەی دیارە، پێچی نەوی، 40 کم بۆ گەلی، 18 کم بۆ هەریر، پێچەکانی مامەزەرتکە، بە نزیکی گوندەکەدا، پێدەشت، سەرتابێران، شیناوا، نزیکی بناری کێوی هەریر، سیساوای ئەوەرحمان بەگ، لای چەپ، 30 کم بۆ گەلی، 8 کم بۆ هەریر، ڕێی نوێ، بە ناوەندی دەشتی هەریردا، دوور لە بنەی بەخش، گوندی موترانو قاسمییە لە بنار، 2 باشوورەو گوندی سەرسوورە، چاخانەی شێخ ئەسعەد لە سەر ڕێی ، دێتەوە بۆ پێچەکانی سپیلك، سەری سپیلكو گۆڕی خدراغای سوورچی باوکی حسین ئاغا و هۆمەراغای سوورچی،دووریانی دیانە — خەلیفان.

لە چاخانەی شێخ ئەسعەدەوە، دووڕیانی زەنتەیە، دێتەوە بەرزیو لاپاڵ، هەریر، بادیان بە بناردا، گەلی سویران، خەروتان لای چەپ، گەلی خانزاد و پەیکەرەکەی بەخشی هەریر، نزیکی گەلی باتاس، باتاس، 20 کم بۆ گەلی، 105 کم بۆ هاجی ئۆمەران، بە بناردا، هەنارەی وێران، پێچەکانی گولەکو گوندەکەی، پێچی سپیلك وەکو پیرمامە، سپیلك، 10 کم بۆ گەلی، 95 کم بۆ هاجی ئۆمەران، گۆڕی خدراغای سوورچی، پێچی نەوی، بە ناو گردۆلکەدا، کانیکەڵەکین نزیکی گوندی حسێن ئاغای سەرچیا، سەرۆکی خێڵی سوورچی، دوژی بایزی ، پێچی نەوی، گوندی جۆڵەمێرگ لە بناری گۆرەك، کە سەری گەلییە، لێژی بۆ خەلیفان 23 کم بۆ جندیان، 85 کم بۆ هاجی ئۆمەران، دووڕیانی بارزان، زارگەلی، ناوگەلی، گەلی ئەلیبەگی ترسناك، خاوەنی دیمەنی رەندو دلڤرێن، 50 کم لە شەقلاواوە، بەرزی 800 م پلەی گەرمی لە هاویندا 38 پلە، درێژی 4 کم، تاڤگەی زۆری تێدایە، گەورەکەیان بێخاڵە، پردو 5 چاخانەو سەیرانگەی بلاو، سوورەبەرد، سەوز هەڵگەڕاون، نزیکی تاڤگەکە، گازینۆی قەشەنگ بە ناوی ئەلیبەگ داسنی، ئێزیدی، تەرمەکەی بەوێدا هەڵواسراوە دوای کوشتنی لە لایەن پاشاکۆرەوە، پردو چاخانەو پێچی سامناك، تاڤگەی گەلی 10 م بەرز، گازینۆکانی، بە ژێر بەردا، ئاو دێتە خوارەوە، پردی داخراو، لاپاڵی ئەوبەر، ئاوی بێخاڵ دێتەوە بۆ ئێرە، پرد، 75 کم بۆ هاجی هۆمەران، 13 کم بۆ جندیان، لاپاڵی ئەمبەر و دۆڵی قووڵ لە خوارەوە، دیواری بەردی کێوی هەڵچوو لە هەردوولاوە، زارگەلی ئەودیو، باپشتیان، دووڕیانی مێرگەسوور.

باپشتیان – مێرگەسوور 40 کم:

لە دووڕیانەوە بە شەقامی قیردا شۆڕئەبێتەوە، پردی رۆباری باڵەکیان، هەوراز.. باڵەکیان لەسەر چۆمەکە، لە پەنا گردا، گۆڕستانی پشتی گوند، کەناری چۆم، بە لاپاڵدا، مەجیداوا، پێدەشتو مێرگ، شاراوا، بە باخەکانی هاودیاندا، بۆ گوندی هاودیان، یەکدوو گوندی کوردی مەسیحی نزیك، هەوارگەی خۆش، چارەکێکە لە باپشتیانەوە، بە نێوانی شیرو کێوو هەوراز و داروگۆڕ، گوندی مازنە،

پردی داخراوی مازنە لەسەر ئاوی مازنە، هەوراز بەلای پاسگەی مازنەدا، سەردەرە لە خوارەوە، پێچی نەوی، بان، تەختی، پێچ بۆ لەیلوك، رێگەی خۆڵو زیخ، 20 كم بۆ مێرگەسوور، پێچی هەوراز، گردۆگۆلکە و دارستان بە ناو زیخو بەردەلانیدا، باوە، بە قەدی چیاوە لای راست، چۆمو پرد، بانی نێوانی نێوخینو کێوی پیران، گوندی باوە بەمبەرەوە، شێخ سەیدان بەو بەرەوە، پێچو لابەلا، رێی قیری بەد بە ناو دۆڵو نزاری رەشو هەورازدا بەرەو مێرگەسووری خواروو، پردو چۆمو باخ، میرگەسوورە بە قەدی کێوی شروەدینەوە، نێوانی پیرانو نێوەخین، بنەی شارستانە دەڤەری زێبار کە لە پێشدا لە گوندی بلە بوو.

فرۆشگەو فەرمانگە و کارەبا، شوێنگەی وەکو شەقلاوا وایە، زنجیرە کێوی لای باتیر، خۆراوا، گرتویەتیە نێو خۆی، بای فێنکی بۆ دێت، دەڤەرەکە کوورو کەمئاوە، لە نێوانی کێوی پیران لە باکوورەوە، نێوەخین لە باشوورەوە، ناسراو بە بیاو زنجیرە کێوی برادۆستە بەسەر دۆڵی باڵەکیانو دۆڵی مامزی ترسناکدا لە خاوەرەوە بەسەر جەنگەڵی چنار و دارەوە لە خۆراواوە دەڕوانێت.

مێرگەسوور:

گوڵستانی کەسکو سەوز، هیچ هەوارگەیەك لە جوانیدا نایگاتێ، هەرچەندە ئاوەدانیو حەساوگەی تێدا نییە، رێگەکەی باشنییە، لەبەر ئەمە میوانی کەمە، بەرزی 1250م، پلەی گەرمی 25 –30 پلە.

لە گەلییەوە بە ئوتومبیل بۆ باپشتیان، دووریانی رەواندوز، 50 کم، لای چەپی بۆ مێرگەسوور، بە ناو سەوزیو دیمەنی رەندو جواندا بەرەو ئارامی مێرگەسووری سازگار و ئاوو بای خۆشو ئاوی شیرینی کانی مێرگەسوور و سەروکانی و بیمرکی، کزەو سروەی بای دلگیر و کەشی گونجاو و ساز بۆ تەندروستی پڕ سوودە و دەرمانی نەخۆشییە.

بە نزیکی سپێدارەو و ماڵە سواری قەدی کێوی ئەوبەر بۆ گۆڕەتوو لە ناوەندی دۆڵدا 30 خانەیە، لێرەوە بۆ بییە، کووران، کانیلنج، چامە، دووریانی هەرگوش بۆ شیروانی مەزن، رێگەیتر بۆ / زێتە، گەلی، هەوراز بە ناو گردۆلکەو دەشتی دیانەدا، باپشتیان، کەمێ تەختی، دووریانی دیانە و لێژی بەرەو کاولۆکو

پێچی هەوراز بۆ ڕەواندوز، شوێنگەی بەرزی، بنەی شارستان، کاولۆك، کەناری ڕۆباری ڕەواندوز، جندیان، گازینۆکەی.

لە ناو ئاوایی جندیان – جنیان، بەرەو ڕەواندوز، هەوراز بەلای چەپدا 1 کم کەمتر گازینۆی جادوو، جۆگەی کۆنکریت تاکو چاوگەکەی کە لە کونە شاخەکەوە دێتەدەرێ، کونەکەی فراواننییە، ئاوە زۆرەکەی لە پڕ کەم ئەبێ نامێنی، بە تفەنگی تاپڕو تەقەی دەنگدار، لەرینەوە پەیدا بەبێ لە چیاکە ئاوەکە دووبارە، پەیدا ئەبێتەوە، لەبەر ئەمە پێی ئەڵێن کانیجادوو، جنییان، سێبەر و تەختی بۆ کراوە، خێوەتی گەشتیاری بۆ میوان، تا ڕادەیەك ڕێکخراوە.

پردی جندیان، 50 کم بۆ ڕایات، 7 کم لە ڕەواندوزەوە، 47 کم بۆ گەلاڵە، شارێ بە کەناری ڕۆباردا، لاپاڵو پێچ بە دۆڵدا هەتاکو بێت فراوانتر ئەبێ، دێبەرەکانی بە بەرزییەوە بەوبەری ڕۆبارەوە، پێچی سامناکو بیمدار، هەوارەکۆن، پردی پیادە، لە خوارەوە، 55 کم بۆ هاجی ئۆمەران، 45 کم بۆ ڕایات، لاپاڵی بەردو دۆڵی تەنگو کەناری ڕۆبارو کێوی هەڵچوو، بەرسیرین، بەوبەری ڕۆبارەوە، پردێ لە خوارەوە، پردی داخراوی بەرسیرین، لاپاڵی ئەمبەر 45 کم بۆ هاجی هۆمەران، 35 کم بۆ ڕایات، پردی کراوەی ڕێزانۆك، گازینۆ، لاپاڵو ئەوبەر، پاشکۆز بەوبەرەوە، ناوکێلك، چۆمو دۆڵی ڕەشی نێوانی دوو زنجیرەکێو، باخی چنار، هۆمەراوا، پردی داخراوی سوور، لای ڕاست 35 کم بۆ هاجیهۆمەران، 25 کم بۆ ڕایات، ڕێزانۆك، پردی زەرد، لای ڕاست، کێڵگەی تووتن، گەلاڵە بە پاڵەوە... ڕێی گەلاڵە 30 کم بۆ هاجی ئۆمەران، 20 کم بۆ ڕایات، 2 کم بۆ گەلاڵە، هەوراز بۆ گەلاڵە.

گەلاڵە:

بەری کراوە، 3 لای کێوە، 2 گەرەکی ئەمبەرو ئەوبەرە، پردی، لە کەوانەی خاوەریەوە، بە یەکیەوە بەستوە، بە سەر چۆمدا ئەروانێ، دارودرەخت، تەنیشتەکانی داپۆشیوە، بنەی بەخشە، بنکەی باڵك... دێینەوە بۆ چاخانەکەی دووڕیانی گەلاڵە، بە شارێدا، بە کەنار و لاپاڵو باخی چنارو کەناری چەپدا، 25 کم بۆ هاجی هۆمەران، 15 کم بۆ رایات، ناوپردان، پردی لای راست، خانووەکانی بەوبەرەوە، کۆشکی ئاشتی، پرد، چۆمانی خۆشو ئاوەدان، پردی نوێکراوە، لە بەری لای راست، دۆڵەکە فراوانتر ئەبێ، پردی ناوەند لای چەپ، باخی چنار لە هەردوو لاوە، دەربەند، خۆشیو ئاوەدانی، گوندەکە لە پەنا کێودا، چۆم بە بەردەمیدا، 15 کم بۆ هاجی هۆمەران، 5 کم بۆ رایات، بەرزی بە لاپاڵی ئەملادا، کراوەیی، فراوانی، رایات... گازینۆ و پردی بەرزی، ئازادی، زینووی شێخ بە یاڵی لای چەپەوە، 5 کم ماوە، هەوراز و کراوەیی، فراوانی، کێوی ئاکۆیان دیارە، هەوراز، گۆمەز و خرگەی شێخی باڵەکان، هاجی ئۆمەران، لێژی بۆ سەر لوولەی ئاوی سارد و چاڵاو، سەیرانگە و هەوارگە و ئاوی ساردو تەزیو و سازگار.

هاجی هۆمەران، سنوورە، باکوری رایاتە، بەرزی 700-750 م، بەفر، زستانو بەهار لوتکەکانی داپۆشیوە، زستان 15 ژێر بەستنە، هاوین 28 پلە، حەساوگەی باشی هەیە، میوەی زۆرە، ئاوەکەی بۆ نەخۆشی گورچیلە بەکەڵکە.

خەلیفان – بارزان 85 کم:

بەخشی خەلیفان، کارەبای هەیە، هەوراز بە لای خانووەکانیدا، پێچو لاپاڵی گرد و لابەلا و تەختیو دۆڵو کەمێ تەختی، سریشمە بە قەدی سەری چیای سریشمەوە، پێچی لابەلا و لێژ و دۆڵو نزار و پێچی لێژ، کنە 2 خانەیە، پردی داخراوی خەلان، لەسەر ئاوی رەواندوز کە لە بێخاڵو ئاوی هاجی هۆمەران پەیدا بووە، باخی پێشی خەلان، چاخانەو یەکدو کانی، لە خوارەوە، لە پشتییەوە، خانووەکانی لەسەرەوە 15 خانەیە، پاسگەکەی لە تەختایی سەروو گوندەکەوە لاپاڵو گردو بەرزی لای خەلان بەجێئەهێڵی، بانی نێوانی زنجیرەی کێوی شیرینو

پێرس، ڕەشیو نزارو جەنگەڵ، هەر دوو زنجیرە کێوەکەی داپۆشیوە، بە تایبەتی زنجیرەی پێرس کە هەمووی ئاوو گوندو ئاوەدانیو ڕەشیو دەربەندە لە کێوی گارە ئەچێت، ریزە لوتکەکانی، لە ڕێگەکەوە دیارن... لێژی بەرەو کەناری چۆمی خەلان، دۆڵی قووڵو پێچی هەوراز، لاپاڵ لای راست لە بەندەنەوە، 6 کم ڤیری بەد، بانی کراوە، جافرەکان، 3 خانەیە، شیوەڵو هەوراز و لاپاڵ لەمبەرەوە، لێژی، گەلی بێخمە، دەرئەکەوێت، لە زنجیرەی پێرس، زێی بەهدینانی پێدا ئەڕوات کە لە رۆباری ڕەواندوز رۆکچوکو رۆباری شینی لای ئامیدی، پەیدابووە، نەویو تەختی بە لوتکەی هەردوولا ئابلوقە دراوە، چۆمی خەلان لە قووڵیدا، هەوراز و نزیکبوونەوە لە بناری ئەمبەر، شیوەڵو ئاو، بانی ئەمبەر، چۆڕان 6 خانەیە، لای چەپە، بانو دەڤەری کووڕو کەمئاو و شینایی، خنکە لەسەر زێی بەهدینان. زێی باکوور.

ئەشکەوتی شانەدەر:

لە باشووری کێوی برادۆستە، بەرزی 2200 پێ، لە رووی دەریاوە، بەسەر رۆباری زێی ژووروودا ئەڕوانێ، لەم ئەشکەوتەدا، ئامێرو کاکڵەی بەردەئەستێ دۆزراوەتەوە، ئەگەڕێتەوە بۆ چەرخی کەڵچەری سەدەی بەردینی ناوەند، ئەوەی گرنگە کە تێیدا دۆزراوەتەوە، پەیکەری کۆئێسکە، کەللەسەری مەردومی نیاندەرتاڵە، پێش مەردومی هەنوکە ژیاوە بەر لە 50 هەزار ساڵ، ئەو جۆرە مەردومە نەماون... بە لاپاڵی نزیکی زێدا، پێچو دوورکەوتنەوە لە زێی شانەدەر، لەسەر زێی و ئەشکەوتە مێژووییەکەی لە زنجیرەی کێوی شیرین باکوری خاوەری ئاکرێ، نزیکی سنووری دەستکرد – تورکیە، لاپاڵو زێی باکوور، گەورە، زابوایلو(*).

کێوی بەردەڵانی، نزار، پردی گچکە لەسەر دەرەی ئەمبەری زێی، بیلەسارو، قەڵاتو بە پاڵەوە، کراوەیی نزیکی زێی ڕێزان لەسەر زێی، ئاوەدانیو خۆشی، پاسگە کۆنەکەی شۆڕئەبێتەوە بۆ سەر پردی داخراوی ڕێزان لەسەر رۆکچۆك، لێرە تێکەڵ

(*) زابوایلو، ناوی کۆنی زێی گەورە، زابشوبالو، زێی گچکە، ئامات–ئامێدی.

بە زێی ئەبێ، کەنارو تەختیو کراوەیی بەرەو بلە - بلێ خواروو، سەروو، بلێ لەسەر زێیە، ئاوەدانو خۆشە، زەویوزاری هەیە، لە پشتەوە پاسگە کۆنەکەی چۆڵە، گازینوی 2 نهۆم، شوێنی حەسانەوە.

بلێ، بنکەی فەرمانداری زێباربووە، هەنوکە مێرگەسوور بنکەی زێبارو مێرگەسوورە... هەوراز و پێچ، نیو کاتە بۆ بارزان. باخو بەردەلانیو ناو نزار و داربەڕوو، لێژی، بارزان، دەرئەکەوێت، بە بناری کێوی شیرینەوە، پێچی لێژی بە لاپالی ئەمبەردا، ئەولای دۆڵ، بارزان دەرەکەوێتەوە لە بەرزییەوە، بە تایبەتی باخەکانی خوارووی، بەردەلانیو لاپالێکیتر، پردی گچکە، بە ناو باخەکانی پێشەوەیدا چەند جۆگەیەکو هەوراز و پێچو لابەلا، بنەی بەخشی بارزان، ئاوەدانو خۆش، 265 خانەیە، فێرگەو فەرمانگەو مزگەوتە کۆنەکەی کە لە پێش ئیسلامدا دێر بووە، لە تەنیشتیەوە کە نیشتەی جووە، پاشەواری ماوە، کلیسەی تێدایە، دەڤەری ئایینی بووە، زەویو نشینگەی ئایینی ئاسمانی بووە، کوردستانی ئایینگە Religions land ، بەهدینان.

بارزان:

لە باکووری خاوەری ئاکرێوە بە 25 کم، نزیکی لای سەرووی زێی بەهدینان، مۆناتی 3 هەزار پترە، دەڤەری شاخاوی، سەختو قایم، زنجیرەی چیای شیرین ئابلۆقەیداوە، بەسەر گوندی بارزاندا فەرمانڕەوایە، لوتکە بلندەکانی 2300 م، چیاکانی پشتەوەی 2500م ئەبن، کۆسپو تەنگیو سەختی ڕێی لێگرتووە، ڕۆبار و ڕێژەنو ئاوەڕۆی زێی و ڕۆباری ڕەواندوز و ڕۆکچوکو شەمدینان، کە دەڤەری بارزان لە ئامێدی ئەپچڕێت، ئەم کۆسپە سروشتییانە، هۆکاری قایمیو سەختی شوێنگەکەی بێت، هۆی کاریگەری کەمپیتیو کەمبەرهەمی دەڤەرەکەبێت، نشینیانی ناچارکردووە کە بە لوولەی تفەنگ، ژیانی خۆیان دابین بکەن، جەنگاوەری سەختو دلاوەر و هەلکەوتووبن.

لە سەدەی 19، یەکێ لە شێخانی ڕێبازگەی نەخشی، شێخ موحەممەد، ناو، نشینگەی خۆی لە ئێران بەجێهێشتووە، لە سلێمانی نیشتەجێبووە، دوایی

روویکردۆتە گوندی بازی، شێخ ئەبدورەحیمی کوڕی پێڕەویکردووە و گوندی بارزان چۆتە ژێر رکێفیەوە کە 7 کم دوورە لە بازییەوە، لە ساختمانە کۆنەکەی تەکیەی دروستکردووە بۆ خۆیو یاوەرانی، پۆست نشین بووە.

شێخ ئەبدوڕەحیم 5 کوڕی لەپاش بەجێماوە، شێخ ئەبدوسەلام، شێخ ئەحمەد، خودانی بارزان، بارزانی مەلا مستەفا، شێخ سەدیق، شێخ موحەمەد بابو.. شێخ ئەبدوسەلام جێگری بوو، فەرمانڕەوایی دەڤەرەکەی ئەکرد، سەری نەوینەکرد بۆ سوڵتانی ئوسمانی، چەند جار بەرگریکرد و شکستی پێهێنا، لە 1909 پەیمانی لە تەك نازم پاشی والی عیراقدا بەست، خۆییك، باجو سەرانە و سەربازی نەئەدا... هێرشی سوپایی هێنرایە سەر بە فرِوفێڵ، بە کۆمەکی فارساغای زێباری بەدیل گیرا لە مووسڵ لەسێدارەدرا، 1904.

قەراخ، سێوسێنان - 15 کم:

لێژی بە رێی لای راستدا، شیوو گرد و هەوراز، دووڕیانی جافەران، تافان، لێژی بەرەو بنار و تەختی، رێی قۆپی – کۆپی، کەناری چۆمی دێوانە، سەیرانگە، داروگۆڕ، لە چۆمی دێوانە ئەپەڕیتەوە، ئاوایی چەمی سمۆر، هەوراز و گردی بنار، رێی ئەستێڵی نەجم، لای راست، ئاشان، گوندی ئەستێڵی نەجم دیارە، تەختیو هەوراز و تەختی، لابەلا، داروگۆڕی کۆشکی خواروو، رێی بەلەکجاڕ، کێوە بێشکەسپی، لە کەلوش کۆتایی دێت، هەوراز و تەختی گوندی سێوسێنان 300 خانەیە، لە بناری بێشکەسپی، لێرەوە بۆ کەلۆشو دێوانە و باوەخۆشێن، دیوی دەربەندیخان لەو لایەوە، گوندی تەکیەو دەربەندگەورە لای خۆراواوە، دەربەند بەڕووله – بەڕەوڵی پەیکوڵی بۆ لای بانیخێڵانی دەرەبەندیخانە.

قەراخ - رێی نوێ:

لە پردی تانجەرۆوە 42 کم گوندی زرگوێزی گەورە و گچکە، زڕگوێزەڵە، پێچی هەوراز، بانو نشێوی بەرەو گوندی تلەزەیت ئاودار و خۆش گوندی باخان، ماوەیەکی کەم بنکەی قەراخ، زەردیاوا.

قەراخ، جافەران، گوندی تەکیە، پەیکەری نارامسن، بە ڕێی سێوسێناندا، دۆڵیتر، گردۆڵکە، ڕێگەی تافان، نزیکی ڕێی 12 خانەیە، دارو گۆڕ، چۆمی تافان، چۆمی دێوانەو کەناری، دارودەوەنو گۆڕ، گوندی ئاش لە سەر چۆمی قازی، 12 خانەیە، مووچەی جافەران، پردی چۆمی دێوانە، بەرزی، دەرویانی خوارووو لای ڕاست، جافەران 100 خانەیە، لە بەردەمی دەربەند جافەراندا، ئاوەکەی لە دەربەندەوە دێت، کارێزو کانیاوی هەیە، قەراخو دووڕیانی سەروو خوارووو، دیارن دێتەوە بۆ لای گوندی سەرکۆ و ڕێی سێوسێنان، ڕێی گۆشان، داری زەرد، ئەستێڵی نەجم، لای ڕاست، کۆشکی خوارووو، لای ڕاست، کۆشکی سەروو، ڕێی تەکیە، بە دۆڵو چۆمدا، لە چەمی کۆشك ئەپەڕیتەوە، هەوراز و سوورکە و ناوگرد، گۆڕستانی تەکیە، سێوسێنان، خانووەکانی دیارە، کەمێ هەوراز، گوندی تەکیە، 100 خانەیە، کەمئاوە، فێرگەی تێدایە، خانووەکەی کرێیە. ئاواییەکە لە بەردەمی دەربەندا، دەربەند تەکیە 5 کم بۆ ناو دەربەند، پیادەڕێ، لاپاڵو بەردەمەڕمەڕی چەشنی بەد، هەوراز و دار و دەوەن، کونەگەچی ملەی ماڵەمەسۆیی، هەوراز، کۆشکی سەروو، کۆشکی خوارووو، دیارن، بەلای ڕاستی دەربەندتەکیەدا، قەدپاڵ بەرەو دەربەند گەور – گەورە، ڕەزەکانی شیوی گەچی تەکیە، چۆمی شیوی گەچ، ملەی هەزەلگە، شۆڕئەبێتەوە بۆ ناو دەربەند، 2 چالاوی بەردین، هەورازی ئەوبەرو پێپیلکە بۆ ناو قورگی دەربەند گەور، هەورازی ئەمبەرو قورگی قووڵ، پەیکەری نارامسن لەبەری چەپەوە، 4 م درێژ، 2 کەسی کچگە چواریەکی پەیکەرەکە لە ژێر پێیدا، یەکێکیان وێنەی ژنە، نیشانەی مەزنیو بزورگیو هێز و دەستەڵاتو سەرکەوتنە، میلی سەرکەوتنە، ڕوویکردۆتە باشووری خاوەر بە بەرگی سەربازییەوە، خوودە لەسەریدا، شیر بە دەستی ڕاستیو کەوان – کوتەك بە دەستی چەپیەوە، ڕیشی درێژی لاکێشی، هونەری سۆمەری، لە بەرد هەڵکەنراوە لە کەوانەو کەورگی کێوەکەدا، باران نایگرێتەوە بەرزی لە ناو دەربەندەکەوە، بە پەیژەی درێژی ئاسن، ئەیگاتێ کاتی خۆی لە کۆشکی ئەمارەت – ساختمان، نیشتەجێبووە، 5 کم لە پەیکەرەکەوە دوورە، پێتەختو کۆگابووە، ئاودارە.



چەرخی شۆلکی – ئۆرنیمۆ
سۆمەری

دەربەند گەور – گەورە
میلی سەرکەوتنی نارامسن

قۆپی – کۆپی، داریزەرد، 50 کم لە سلێمانیەوە، 65146 پێ بەرزە، لە قەرەتۆغان – قەرەدۆغان، هەڵۆی رەش، ناوەکە تورکییە، پردی تانجەرۆ، پێچەکانی کانیسپیکە و گڵەزەردە، بۆ ئەودیوی زنجیرەی بەرانان، گوندی تیمار، پێدەشت، قەراخ، بە جافەراندا، چاڵاوی داریزەرد، لە زنجیرەی چیای گارە ئەچێ.

قەراخ – تیمار - گەڕەزیل، هەرگینە، تەنگیسەر..

تیمار 14 خانەیە، دوای پێچەکانی گڵەزەردە، دیوی قەراخ، لای چاخانەکەیەوە، لائەدات، خانووەکانی دیارە، فێرگەی تێدایە، چارەکێکە بۆ گوندی گەڕەزیل، باخی سەروو 10 خولەکە، گوندی قارەمان، 5ر2 کم، هەوراز و گردۆڵکە و دارو دەوەنو جەنگەڵ، باخی سەروو لای راست، گوندی گەڕەزیل دیارە، 26 خانەیە، فێرگەی تێدایە، گردۆڵکەو بەرزی، نشێوی، دارودەوەن، ملەو داروگۆڕ، هەوراز، کانیڕۆشنایی، 15 خانەیە، فێرگەی تێدایە، گوندی برایماوا 35 خانەیە، گوندی تەنگیسەر نزیکە، رێی بەدو لابەلا، کەمێ هەوراز و نزمی گوندی برایماوا دیارە، لە پەناگردا، 40 خانەیە، بەرەو تەنگیسەر لابەلا و تەختیو نشێوی، چۆمی سەرزەل، گوندەکە لە ناو دەربەندەکەدا، رێی بەد و هەوراز، تەنکیسەر، دیارە پێچو بنارو بان، گۆڕستان، شۆڕ ئەبێتەوە بۆ سەر چۆمی تەنگیسەر و ناو گوند، 55 خانەیە، فێرگەی تێدایە، تیماگەی نییە، ئاوی خاوینی کەمە.

تیمار – ولیان – تلەزەیت:

تیمار، پێدەشتی تیمار، رێی ولیان، دوای چارەگێ، پێچو نەویو تەختی، دارو گۆڕ، گوندی باخان 12 خانەیە، تەختیو چۆمو لابەلا، هەوراز و تەختی، گۆڕستانی تلەزەیت، هەوراز، شۆڕئەبێتەوە، تلەزمیت بە بنارەوە بە قەپاڵەوە، 50 خانەیە، چاوگی ئاوەکەی 10 خولەکە، چەند کانیاوێکە، لەوێوە شۆڕ ئەبێتەوە بۆ گوندی ولیان، لێژی بەلای چەپدا، لێژیتر، ئاڵیاوا و چۆمەکەی، چۆمی ولیان، هەوراز، گوندی ولیان 75 خانەیە، چارەکێکە بۆ سەر رێی قەراخ، ئاوی خواردنەوەی هەیە، فێرگەو تیمارگەی تێدایە، هەوراز و نەوی، دەوەن، گردۆڵکە و خڕە بەرد، شەقامی قەراخ.

هەولێر – کۆیە – 72 **کم:**

شەقامی قیر، گوندی کەسنەزان، دڵوپە، لە ناو گۆدۆڵکەدا، نزیکی دەربەند گۆمئەسپان، باسگەکەی نزیکە لە رێگەکەوە دیارە، زنجیرە چیای باواجی لای چەپ، پێدەشت لای راست، ئەشکەوتسەقا، 30 خانەیە، گوندی ئاربانوباقلیتی لەولاوە لای راست، تەرگینە، کەمێ بەولاوە دووریانی پردی ئاڵتونکۆپری، دەفەری دێگەڵە، بەخشی شۆڕش، پردی دێگەڵە، گوندی سماقشیرین لای راست، گۆمەتاڵ لای چەپ بە زنجیرەی باواجییەوە، تەکەول لای چەپ لە دۆڵدا، بە ناو گردۆڵکەدا، دووریانی کەرکوك، شەقامی سێبەر و درەختی کالیبتۆس بە هەردوولای شەقامەکەدا، کۆیە.

هەولێر-ئەربل – مووسڵ-نەینەوا 87 **کم:**

هەولێر، چالوك، گوندێکی گچکەیە، هەوراز و نەویو لێژی، بۆسەر کەڵەکی یاسیناغا، ئەسکیکەڵەك، کەڵەکەکۆن، پرۆژەی سامانی مرداریو (Poultry) زیندەوەرو کشتو جەنگەڵ، چەند ساختمانێکی میری، دارو درەختی کالیبتۆسو چنار، لە شیوەکەدا، تاکو ئێرە، 37 کم، پردی گچکە پردی گەورەی ئاسن ، نزیکی کەڵەك، چاخانەکانی، هەوراز، پردی خازر، لکی زێی باکوور لە تەك رۆباری گۆمڵ لە نزیکی گوندی مەندان، رێی ئاکرێ تێکەڵئەبن، زێی بادینان پەیدا ئەبێ، گوندی

شێخ ئەمین، ڕێی قەرەقوش، بنەی بەخشە 1 کم لە ڕێگەکەوە، بەرتەلە – بەری تل، شارەوانیو تیمارگە و پۆستو بیری ئیرتوازی هەیە، بنەی بەخشی حەمدانییەبووە، دووریانی ئاکرێ، 87 کم بۆ ئاکرێ، بۆ مووسڵ ، بەری نەینەوا، خەوابگە و ئارامگەی پێغەمبەر یونس ، گۆڕستانو گەڕەکی نەسر، مزگەوتی نەجیب جادر.

مووسڵ – ئاکرێ – 87 کم:

لە مووسڵەوە، دووریانی خەزنە، تیس خەراب، دووریانی بەعشیقە، ئیمام ڕەزای شەیبەك، چیای مەقلوب، دێرێکی کۆنی تێدایە، 364 ژوورە، گوندی دووبەردان، هەورازی چیای مەقلوب، بان، پێچی لێژی، گوندی کانیلان، پردی مەندان 53 کم ماوە، گوندی کانیلان لە خێڵی گێژن، هەوراز و پێچو لێژی، نشیوی، گوندی شیوەڕێ، بەردەڕەش، زەنگەنان، بنەی بەخشە، دوو گوندی نزیك، لێژیو تەختی،پێدەشت، گوندی مەموزین، قەرەناس، گوندی جوجەڕێ، گچکەو گەورە، ڕووپیای موشیراغای سەرداری خێڵی گێژ، جۆگە و ئاو، دەشتی ئاکرێ، کە بە برنج بەناوبانگە، گرسی سەرۆکی هەرکی، گوندی موحی، لە سەرانی خێڵی هەرکییە، هەوراز و پێچ، ڕێی بەناو دارو دەختدا تاکو ئاکرێ.

ئاکرێ:

لە دامێنی چیای ئاکرییە، بە قەدپاڵەوە، سەیرانگە و شوێنی دیدەنییەکانی، سیپەلە، بەرزی 40 م، تاڤگە و ئاو، هەروەها کانیزەرد، چاوەکەی 4 × 9 م، ئاوی سارد، سەرەوژێر ئەچێتەوە بۆ تاڤگەی سیپەل.

مووسڵ – دهۆك – 73 کم:

دەرگەزلی، ئارامگەی پێغەمبەر جەرجیس، ڕێی تلکیف 7کم بۆ گوندەکە، پاسگەی فلفیلە، دووریانی تەلعەدەس مەنارە، چاخانەکەی بەرانبەری چیای ئەلقۆش و گوندەکەی، پردی ئاسنی بەقاق، کراوەو گچکە، چیای دووکان لای ڕاست

، وەکو چیای مەقلوبە، پاسگەو گوندی فایدە، لێژیو پێچو دۆڵو شیو و دارودرەخت، گوندی شێخ نور مەحەمەد، هەوراز و پێچ دووریانی زاخۆ، بۆ دهۆك 8 کم، بۆ زاخۆ 51 کم، لە مووسڵەوە بۆ زاخۆ 64 کم.

دهۆك زاخۆ – 59 **کم**:

لە گردی ماڵتەی نزیکی گوندی ماڵتەی پاشەوارەوە بۆ دووریانی دهۆك 8 کم، رێی تەخت و پێدەشت، گوندی سەرتەنگ، بنەی بەخشی سمێل، هەنۆکە شارۆچکەیە، لە بناری گردا، پرۆژەی ئاو و کارەبای تێدایە، پێدەشت، پردی کراوەی گچکە، دەشتی دێمی سلیڤانی، گوندی کانیسپی نیو کم، گوندی گردەڕەش 1 کم، لە رێگەکەوە ، پردی کراوەی گچکە زنجیرە چیای بێخێر بەملادا و پێدەشت بەولادا، لە دەشتی چەرمەگای سووررداش ئەچێت، گوندی باستکی، نزیکی پردێکی کراوەی گچکە ، پێدەشت، بنەی بەخشی سلیڤانی، ئاسی، ئاوسپی، فێرگەو تیمارگە و دامێنی چیای بێخێر، رێی تەختو ڤیر، ئەم دەشتە بە ئاوی دەچلە، ئەتوانرێت ئاودێر بکرێت، بە ترومپاو ماتۆڕو لوولە، رێی دێربوون، پێشخابوو، باسکو زارگەلیسپی زاخۆ، پێچو هەوراز و باسکو پاسگە و کونەئاو، بەرەو زاخۆ، ماوەی گەلیسپی 10 کم کەمترە.

زاخۆ:

114 کم لە مووسڵەوە، 1450 پێ بەرزە، لە رووی دەریاوە، مۆناتی 25 هەزار کەسە، هەنۆکە شارە ئاو و بای سازگارە، رەزو باخی زۆرە، لەسەر رۆباری خاپوورە، لە چیای ئەودیو کوردستانی باکوورەوە دێت، درێژییەکەی 160 کم، شاری زاخۆ دەخاتە نێوانی خۆیەوە لە باکوری شار ئەبێ بە 2 قۆڵەوە، وەکو دوورگەیەکە لە خواری شار دەبنەوە بەیەك، 3 پردی لەسەرە دوانیان شارەکە ئەبەستن بەیەکەوە، پری سەعدونی، فاروقی، سێیەم پردی مەزن، دەلال، 25 کڵە، 5 تاقە کەوانەییە، لە ناوەندا 15 م بەرزە، 10 م پانە، تاقە گچکەکانی 7 م پانو 5 م بەرزە، بە شێوەی کەوانەیی، بنکی پایەکان لەسەر بەردی نیشتوویی

دروستکراوە، درێژی 111 م، پانی لەسەرەوە، 4 م کەمترە، ڕێگەیە، چەرخی مید و رۆمان دروستکراوە، لە بەردی تاشراو و ڕێك، درێژی تێکڕایی 60 × 30 سم. لە گەلی زاخۆوە، بۆ ئیبراهیم خەلیل - پردی خاپور، لە زاخۆوە 11 کم بۆ سنوور.

زاخۆ – هەوارگەی شرانش:

گوندی تلکەبر، پرۆژەی ئاوی زاخۆی تێدایە، پێدەشت، ڕێی قیر، گردۆلکە لە هەردوولاوە، گوندی داروزان، بەرانبەر گوندی گوندۆك، جەلال، گرکسندی، مێرگە، نورەدین، نزیکی ڕێی هیزاوا، نزیکی ڕێگە، گوندی کورە، دووریانی باتوفە، گوندی دەرگائەجەم، لە دامێنی چیای شرانش، زار، شیوی شرانشی ڕەندو جوان، پێچو هەورازی رووتەنو سەخت، پێچی نشێو، شرانشو دیمەنی دڵفرێن، شرانشی گچکە، شیو و داردرەخت، پێچی هەوراز، شرانشی ڕەنگین، دیمەنی جوانی خەڵاتی سروشت، کریستیانو کورد، ڕێژەی کورد پترە، گوندەکە لە گەلیدا تاڤگە لە ناوەندا لە شیوی شرانشدا، تاڤگە بە بەرزییەوە دارودرەختی هەمەجۆە، فێرگەی شرانشی کورد، ڕێی بەردەلانی، ماوەی چارەکێ، شرانشی گەورە، لە شیوی نێوانی کلیوخانتوردا، هەموو کریستیانن، فەڵە – دیا، درەختی چناری زۆر، کە داهاتی دەڤەرەکەیە، چاوگی ئاوی سارد، شاڵی مەرمز و چنین، شاڵوشەپلك، پیشەسازی.

شرانش:

22 کم لە زاخۆوە، کاتونیوێکە، لە دامێنی باکووری چیای دودان لە بانی راستی چیای خانتورە، چەند گوندێکی جوان، شرانشی کورد و شرانشی کریستیانی، گەلییەکی قووڵ لەیەکتری دابریون، لە نێوانی خانتور و دوودانـدا، بەو دۆڵە جوانەوە نووساوە، ئاوی خاوێنی تاڤگەی ڕەند، پژاو لە بەرزی 45 م، شرانشی پایی، لەسەر تاڤگەکەیە، بە سەر چیای کیرادا، ئەروانێ، لە زاخۆی دابریوە، کانزای ڕەژووی خەڵووزی بەردی هەیە،

شرانش 1350 م بەرزە، پلەی گەرمی 22-26 پلەی سانتیگرادە، ئاووبای سازگارو شێی کەمە، دارچنار و باخو دیمەن چاو لێی تێر نابێت، بەهەشتی کوردستانو سەرزەمینە، ئوتومبیلی بۆ دێت، بە ڕێگەی سەختو پێچدا.

دهۆك – ئامێدی – 95 کم:

لە گەلی دهۆکەوە، نێوانی کێلی فرعینی، شەداد، ڕێی قیر، پێچوشیو، گردی قەسرۆك، ڕەزوباخ، گوندی پیری مرو، باشلور، پێچی هەوراز، دۆڵ، هەردوولای دارو درەخت، جۆگەو ئاو، هەوراز و تەختی، پشەگری، ڕەزوباخ، گوندی قارقاراوا، پێچی نشێو و هەوراز، چیای کەمکە لای چەپ، سندۆری خواروو، کێڵگەی میری، شیوی پێچاویو هەوراز، گوندی بادی، ڕێ بە ناو دارودرەختدا، گوندەکە لە سەر سنگی دەرپەڕیوی چیاکە لە شیوێکدا، چاخانەی سەر ڕێ، هەوراز و پێچ، زاوێتەی خواروو، بنەی بەخشە، لێژی بەرەو گوندو گازینۆ، ڕێی بە ناو چەنگەڵی سروشتیدا، پێچو بادانەوە، نشێوی، گازینۆی میری، چاخانە، گوند، جەنگەڵی سنەوبەر و کاری سروشتی، گازینۆی زاوێتە لە زارگەلی دارودرەختی سنەوبەر و بڕوو.

زاوێتە:

لە پێچی گەلی زاوێتەدا، 90 کم، لە مووسڵەوە، 900 م بەرزە، پلەی گەرمی 30-32 پلەیە، لە هاویندا... جەنگەڵی سنەوبەر و کاژ و ئاوی سارد و سازگار و باخی جوانو حەساوگەی هەیە، بەرزی دارستانەکەی 600-800 م.

زاوێتە، شەقامی قیر، هەوراز و چیای ڕەش لای چەپ، ڕێی قەدپاڵ، دۆڵ لای ڕاست، بەناو جەنگەڵدا، بابلو، پێچو هەوراز، بەندەن، گوزەرگە، پێچونشێو، چەند دەربەند لای ڕاست، گازینۆی میرونا، پێچو هەورازوبان، لابەلا، پێچی نشێو، پاسگە، پێدەشتو دۆڵی فراوانو کراوە، پاسگە، لابەلا بە ناو دۆڵو گردۆڵکەدا، پردی گچکە، پاسگە، دووڕیانی ئەترۆش، هەوراز بۆ گەلی مێرگە، دوای گوندی کانیکەوکا، کوڕەدێری، پیدە، دزوبیدیلە، دوای ئەم گوندانە، گەلیقیرکە، بەرەو لالش،

هەورازوبان پاسگە،، لالش 10 خولەکە لای راستەوە، لا ئەدەیت بۆ دۆڵی لالش، گۆڕی شێخ ئادای، شێخ هادی، پێشەوای ئێزدی، گومەزو خرگە و دێر و حەوشە و حەسار و سێبەر، فرۆشگە، خەوابگەو ئارامگەی شێخ حەسەن، شێخ ئادی، ئاو و کانیاوی ساردی دۆڵی لالش.

دووبارە شەقامی قیر، پێدەشتو شیو، پاسگە، نۆدارە، ئەینسفنی، بنکەی دەفەری شێخان، نرگزی، ناومران، دووڕیانی ئاکرێ، فازلییە، باحزان، ئارامگەی پارسایانی ئێزدی لەملاوە، شێخ بەکر، باخاتی زەیتونی بەعشیقە، دووڕیانی ئاکرێ، پێشەوا رەزای شەبەك، تیس خەراپی تورکمان، خەزنە.

زاوێتە – سوارەتوکە:

کۆڕی کافان، لای راست، پێچو هەوراز و تەختی، نشێوی نێوانی دوو زنجیرە چیای گەلی قەنتار، باگیرەی خواروو، پاپین، دووڕیان، بۆ مانگیش 14 کم، جۆگەو ئاو و پێچ، هەورازو تەختی، گوندی لۆمان لای چەپ، نزیکی رێ، پێچی هەوراز، سارتکێ لای راست، مێرگەدرێژ، چاخانەو کەپر، پێچی هەوراز، هەوارگەی گادرێژ، سوارەتووکە.

سوارەتووکە:

لە مووسڵەوە 114 کم، 1250 م بەرزە، پلەی گەرمی 38 پلە لە هاویندا، لە شیوی ساینەی فراواندایە، لە زارگەلی، گازینۆی خۆشو خانووی میری بڵاو، هەمووی 2 ژوورو گەرماوی هەیە.

سوارەتووکە – سەرسەنگ:

پێچی نەوی، لە پشتەوە، دیمەنی خانووە نیگارینەکانی، لە پێشەوە چیای مەتینە ئەبینی، گوندی کوڕە مارکە، رۆستکی لە پایینی، پێچوونشێوو کونی ئاو، رۆستکی پایینی لا چەپ، داربەڕوو بە هەردوو لای رێگەدا، چیای گارە، گارێ، لای راستو، مەتینە لای چەپ، پێچی نەوی، دووڕیانی بامرنی، 20 کم، بۆ ئامێدی 40 کم، بۆ دهۆك 58 کم.

بامرنی:

له دهۆکەوه 78 کم، له دامێنی خوارووی چیای ئامێدی، مەتینە، له دۆڵێکی تەسکدا، بەریکراوه، له مووسڵەوه 157 کم، له ئارادنەوه، نیو کاته به ئوتومبیل، 1240 م بەرزه، رادەی شێ 57-66٪، وشکی 66-73٪، پلەی گەرمی، له هاویندا 30 پله، ئابلۆقه دراوه به چیای بەرز و رووتەن، له هەندێ شوێنیدا، 400 خانەیه، ئاووبای سازگاره، باخی زۆره، فرگەی هەیه، رێی قیره، له سەرسەنگەوه نیو کاته به ئوتومبیل. له دووڕیانی بامرنییەوه بۆ پردی بەربانگ، کانیکه، رێی قیر، هەوراز، بۆ فرگه – فرۆکەخانەی بامرنی، هەوراز بۆ ناو گوند له دامێنی چیای مەتینه – میتانی، دوای پێچو هەورازی قیرتاو.

ئارادن:

ئارادنی ژوورو، ژێری، لەولا بامرنییەوه، له قەدی خۆراوا، باتیری چیای مەتینه- میتانی، که زنجره چیای ئامێدییه، بەسەر ئاسۆیەکی فراواندا و شیوی سابنەی جواندا ئەڕوانێ، 150 کم له مووسڵەوه، ئارادنی پایین – ژێری، خرستیانین، بەرزی ئارادنی ژوورو، بالا 1400م، ئارادنی پایین – ژێری 1140م، ئارادنی ژووری، ئوتومبیلی بۆ ناچێ، له لێژی چیای ئامێدیدایه، لەبەر ئەوه، زۆرکەس بۆی ناچێت، ئارادنی ژێری لەسەر رێی توتومبیله، بەرەو سۆلاڤ – سێلاڤ – سێلاو، رزەو باخ، بەرووپشتی گرتووه، رادی شێ 45-78٪ وشکی 67-85٪، پلەی گەرمی $76-99^0$ ف، بەرەوخۆره، نێوانی هەردوو گوندەکه، هەوارگەخۆشو رازاوەیه، بەهەشتی سەر زەمینه، ئاوی شیرینه، گەرەکه کاری بۆ بکرێت.

سەرسەنگو ئاشاو:

120 کم له مووسڵەوه، دوای دووڕیانی بامرنی، پێچو هەوراز، تەختی، گوندی سکرینی، چاخانەکەی، هەڤینەو گوندکی، دارچنار، گوندی سەردراڤ، نزیکی ئاشاو، هەوارگەیه، 1 کم له سکرینەوه به رێی خۆڵدا، نزیکی سەرسەنگه، ئەشکەوتو تاڤگەیه، فره خۆشه، له دامێنی چیای گاره، شارێ، چیای مەتینه بەو بەرەوه،

دەوەنی پێوەیە، بادە ڕەشکەی خرستیان، سەرسەنگ، دارودرەختی هەر دوولای ڕێی، ئوتێلو میوانگەی گەورە و کۆشکو چاوگی ئاوی سارد، دارو سێبەرو نسێ، سەکۆی خڕی کۆنکریتی لە ژێر سێبەر و کەپردا، بلاو، بۆ میوان، بەسەر بامرنیو چیای مەتینەدا ئەڕوانێ، 1070م بەرزە، پلەی گەرمی 38 پلە لە هاویندا، لە نێوانی زنجیرە چیای گارەو مەتینەدا، بە سنگی چیای گارەوە، شارێی – گارێی. بنەی بەخشە، فێرگەو تیمارگەو پۆستی تێدایە، خانووی بلاوی لێکراوە بۆ خێزان، لە نێو دارو درەختدا، دیمەنی رەندو رازاوە، چالاوی مەلە.

ئارادنو دوژی ئامێدی دیارە.

سەرسەنگ – ئامێدی 48 کم:

پێچی نشێو، تەختی، شیو و هەوراز، لە پشتەوە سەرسەنگ ئەبینی، ڕێی پێدەشت، تەختی، کێلگەی مەرەزە، گوندی ئینشکی لای چەپ، ئەشکەوتەکەی، دەربەندی زۆری چیای گارە وەکو دەربەندەکانی چیای سەگرمە، قۆپی قەراخی سلێمانییە، گوندی قدیش، چاخانەکانی سەر ڕێ، دارودەوەن، لە دامێنی چیاکان، ڕێ بەدامێنی چیای مەتینەدا، کونەئاو، پێچی هەوراز، کەمکەم، گوندی بێبادێ، لە دەربەندێکدا، خریستیانن، دارودرەخت لە دۆڵەکەدا، ئامێدی لە سنگی بەردینی چیاوە وەکو دۆژێکی بەرزی قایم، سەخت، خۆیو ڕۆشنگەکەی وەکو دەفرێکە لەسەر خوانچەیەك، بە ئاسمانەوە، کەشتییەکە، دوژەکەی دوو دەرگای هەیە، یەکێکیان ڕێی ئوتومبیلە، ئەویتر بۆ پیادەڕێیە، لە نێوانی چیای مەتینەو گارەدا لە شیوێکدا، پێچو نشێو بەسەر سۆلاڤدا – سێلاو، هەوارگەیە، لە چەند کونێکەوە، تاڤگەکەی دێتەخوارەوە لە بەرزییەوە، لە گەلی چیای مەتینەوە، بەسەر دۆڵێکدا ئەڕوانێ، تەنگوتەسك، دارودەوەن لە دۆڵەکەدا بلاو لە دامێنی چیا و شیو بەسەر سۆلاڤەوە، دووریانی ڕێکان، بییۆ، پیادەرێ، 100 کم، ئامێدی.

ئامێدی – ئەمادییە:


شارۆچکەیە، بنکەی دەڤەرەکەیە، 168 کم لە مووسڵەوە، دوژی مەزنو سەخت بە سەنگی چیایمەتینەوە، 1250 پێ بەرزە، شوێنی 5 هەزار خانووی هەیە، شەقامەکانی رێکنییە، دارودرەخت تەنها لە خانووەکانیدا هەیە، شوێنی فراوانو سەیرانگەی نییە، فێرگەی سەرەتاییو ناوەندی کوڕانو کچانی تێدایە، ئاوی لە سۆلاڤەوە بۆ دێت، ماتەری یۆدی کەمە، بۆ نەخۆشی ملەخڕێ پەریزادە، کاریگەرە، ئامێدی، دوو دەرگای کۆنی هەیە، دەرگای خاوەر، دەرگای زێبارو پاشای ژێك، دووەم، دەرگای مووسڵ ، سەقافا، بادینان، لەم دەرگایە، نەخشونیگاری پاڵەوانان و شاهانی ئامێدی لێهەڵکەنراوە، گورزو چەکیان پێیە، ئەژدەهاکی مەزن خۆی ئاڵاندووە بە دەرگاکەوە، دەرگای ناوشار، دروشمی مار و داڵی پێوەیە، دەرگای زێبار، سوڵتان ئوسمان بەگ، چاکیکردۆتەوە، بە عەرەبی نووسراوە.

رقم سلطان عثمان بک لنا بالمنى أتخذ تأريخه لک ربّ العنا

بە گوێرەی تیپی ئەبجەدی، مێژووی ساڵی کۆچی ئەکاتە 1013ز سەرەوەی رووخاوە، بە تەنیشت دەرگای مووسڵەوە، مرۆڤێ رمی بەدەستەوەیە، نیشانەی هێزە، دەرگاکانی لە داری تووە، بە پلێتی ئاسن و بزماری سەرخڕداکوتراوە، بزمارڕێژە، رمو ئەستێرەی شەش سووچ، بە سەریەوە، دواوەی، بە ئاسنو قوڵفە دائەخرێت... ئەستێرە، 6 گۆشەکە، ئەستێرەی داودە.


لای مەیدان، گۆڕستانی خۆراوای باشوور، شوێنی پەرستگە، ئەشکەوتو پایەکانی، بە تەواوی دیارە، لەولایەوە، بیری دەستکردی لێهەڵکەنراوە، لە چەرخی ئابلۆقە و گەمارۆی میری رەواندوزدا.

گۆڕستانی خاوەری، گۆڕی رەوشەن کچی سمایل پاشایە، 1787ز دروستکراوە، گومەزو خڕگەی بەردینی، بە بەردی تاشراو – نەقاڕی، لەسەر دروستکراوە، گۆڕی تریشی لە ناودایە، گۆڕی سوڵتان حسین بەملاوە، تەرمەکەی لە تەختەی نەخشین کیراوە، لاکێشە، گومەزوخڕگەی بەردینی بەسەرەوە، گۆڕیتر لە پاڵیدا، تەختەکە بزماری پێوە نییە، سنگی دارە.



ڕۆشنگەی ئامێدی:

106 پێپیلکەیە، هەریەکە 35 سم بەرزە، تاکو 40 سم، نێوانی بەردەکانی، جۆشوقوڕقوشمی تواوەیە، قوچکەکەی چوارگۆشەیە، بەردەکانی لاکێشە 25 × 35 سم، کەمەرەی هەیە، دوای کەمەرەکە، بە لوولەیی هەڵچووە، تاکو تەپڵەسەری گومەزییەکەی، میکرۆفۆنی پێوەیە، لە چەرخی میرایەتی بەهدینانندا دروستکراوە، لە گەڕانەوەی ئاشتیدا چاکراوەتەوە.



پاشەوار:

مزگەوتی قوبەهان لە شیوی نێوانی سۆلاڤو ئامێدی، شوێنی خوێندنی مەلای جەزیری، خوێندنگەی ئایینی، حەوشو شوورەی چوارگۆشەو فراوان، پایەی بەردی لوولەیی بە کەوتوویی، ئاوخانەو شوێنی نوێژ، لە شێوەی کەوانەییدا.

دوو نهۆمە، پاشەواری مزگەوتەکە بە چاکی دیارە لە بەردی تاشراو، کەوانەیی، قوبەو گومەزەکەی رووخاوە، شوێنی 2 پایەی پێشەکەی دیارە، جێگەی خوێندکار و شاگردو وتنەوەی وانە پۆلی خوێندن، ژوور لەولاوە، پاشەواری ماوە، نووسینی سەر بەردەکانی تیپی پ ، ی تێدایە، رەنگە نووسینی فارسی بێت. لە خوارووی ئامێدییەوە، گوندی ئیبراهیم زلە و هاجی ئەحمەد هەیە.

ئامێدی – دێری:


4 کم بەپێ، سەرەولێژ بۆ رێی ئوتومبیل، بەلای خاومردا، پێچی هەوراز، لای خوارەوەی گوندی میرستەك، لابەلا و نشێوی بەرەو دێری لە قورگی دەربەندا تاکو خوارەوەی هەر باخە، تاکو نزیکی رێی بیبۆ، گوندی کوانی لە دۆڵی نێوانی زنجیرەی گارەو مەتینەدا، دێری 6 خانەیە، ئاوی ساردو سازگارە، بەرەوەخوار بۆ گوندی کوانی، تاکو سەر پردی کەلیبا، کەرێی بەهدینانە... کوانی 50 خانەیە، کانیاوەکانی هەمووی لوولەی هەیە، گوندەکە لە دۆڵی سابنەدا، نشینیانی فەڵەو دیانن.

ئامێدی – کانیماسی – بەرواریبالاّ – 30 کم:

لە سۆلاڤەوە، هەوراز بەرەو گەلی مزورکا، دوای 1 کم پتر بەلای چاوگی سۆلاڤدا، کانی کۆنکرێت، چیمەنتۆڕێژ، لوولە، بۆ ناو گەلی، پێپیلکەکانی، کاتی خۆی ئینگلیزەکان چاکیانکردووە، کەڵبەی چیای هەردوولا بڵند و قوت، بەرەو ئاسمان، کراوەیی، ئەملای گەلی خەلافە شوێنی کۆچو ئاژاڵداری، هەورازی کوورِ بۆ سەری

ئامێدی، چاخانەکەی، یەکدوو کانیاوی سارد، لێرەوە خانووەکانی ئامێدی دیارە، کۆچو رەوی هاوینە و هاتنەوەی دانیشتوانی بەخشی کانیماسی بۆ سەر زەویو زاری خۆیان، نموونەی بەرجەستەی زیندوویی بزافی مەردوومە.

بەرەو سەری ئامێدی 10 خولەکە بەپێ، شوێنی کۆنە کەمپی ئینگلیز، نشێویو پێدەشتو بەردەڵانیو دارودەوەن پڕوچڕ داربەڕوو، تاتی گوندی هیسێ بەردەڵانی، لێرەوە قوتکەی سەر زێری سنوور نزیکی گوندی دۆشنانی ئەدیوی سنوور لە گوندی دوورپێوە، نزیکە، گوندەکەی مارگریت جۆرج، لێژیو بەردەڵانی، دۆڵو پێدەشت، چاخانەی هێسێ، ئاوو جۆگەی پشتی، لە کەورگی چیاوە دێت، ئاوی تەزییە، بەشی هەموو گوندەکە ئەکات، مەرمزەی لێکراوە، سپینداری زۆری هەیە، ناو گوندی هێسێ 20 خانەیە، 6 کورد و ئەویتری فەڵەیەی نەستورین، گوندی خەرابە 8 خانەیە، هەموو کوردن، گوندی یەکماڵەی کورد 40 خانەیە، پێدەشتو کێڵگەی مەرەزەو سپیندار، بەلای فێرگەی هێسێدا، کە تەنها خوێندنگەیە لە ناوەندی گوندی هێسێو مێرکاجیو یەکماڵە و خەرابەدا... مێرکەجی 3 خانەیە، هەمووی فەڵەیە، باخی سێوی زۆرە، چەشنی فەرەنسیو ئەمریکی.



مێرکاجێ، کانیماسی، بەرواریبالا، 10 کم، دۆڵو هەوراز بۆ سەری باسکێ، نشێویو بەردەڵانی، دۆڵ لەمدیوەوە، نزیکی گوندی بێتەنورە، 6 خانەیە، چارکێکە بەپێ لە تڕوانشەوە، کە 85 خانەیە، کەمێ هەوراز بەرەو کانیماسی لەسەر باسکێ، گوندی ئیات، شمایل، ئاسیتەنگ، دیارن، نشێویولابەلا، دیمەنی رەند، باخی چنار

بەلای رۆسوور، رۆباری سوور، لکی خابور، دێتەوە بۆ زێی لە گوندی بیدوومائی بۆ لای ترپوانش دێت، لە پردی بولبول، رەتئەبێت، لە بیبۆ ئەرژێتە زێوە.

دوای ئاسیتەنگ، لابەلا، رۆسوور لە خواری، باخی چنار لە شیوەکەدا، هەندێك کۆشك بەو بەرەوە... کانیماسیو بڕێ لە خانووەکانی، لەمبەری کانیاو، لە رۆسوور ئەپەڕیتەوە، پردی لەسەر نییە بۆ ئەوبەری کانیماسی بنەی بەخشن، لە دۆڵێکدا، فراوانو خۆش، سپینداری گەورە لە شیوەکەدا، کۆنەکانیماسی، دێر و گۆڕستانی فەڵە، بەرەو ئاوایی خۆشو ژیانی کۆمەڵایەتی بەرز، زۆریان رەویان کردووە، لەبەر هۆی تایبەتی..

لێرەوە بۆ هەردوو گوندی رەشکی فەڵەو کورد، 20 خانەیە، 5ر2 کم بۆ مائی فەڵە و 10 خولەك بۆ مائی کورد، بۆ بیدو 5ر2 کم، لە دۆڵێکدا 200 خانەیە، سەر سنوورە، بازاڕو بازرگانی هەیە... لە پردی رۆسوورەوە بەرەو مائی گوندی گەشمەردە و بەهەشتی ئەنومرمائی... ئەگەر لە کانیماسیەوە بڕۆیت بەرەو گوندی دووڕێ، بە ناو باخو جۆگەدا، گوندەکە لە قورگی گەلیدا، چۆمی پێدادێت، هەوارگەیە ئەگەر بایەخی پێبدرێت، بیری ئیرتوازی بۆ لێبدرێت، رێگەی بۆ چاکبکرێت، لە زاخۆوە کە رێی ئوتومبیلی هاوینەی هەیە، تەنها پردێکی گەرەکە لەسەر رۆباری خابوور.

دێرێکی کۆنی هەیە پتر لە 1200 ساڵە هەیە، دێری مارگورگیە، لە دووڕێوە بۆ شمایل ، قەڵای بێتەنورە بەلای رۆسووردا، پردی دار، گەلیێ پێپیلکە، بەردەکانی سەریان لەیەکداوە وەکو گەلیئبەگ، بانو هەوراز، کەمێ هەوراز، بانی دەشتەگولی، نزیکی کانیچواربی، کەمێ هەوراز، سەری ئامێدیو چاخانەکەی ئەمدیوی گەلی مزورکا و سۆلاڤ ، ئامێدی.

ئامێدی – میرستەك – سپیندار – دێرش... شۆر ئەبێتەوە، گوندی کوانی دەرئەکەوێت لە قورگی گەلی سەرەوەدا، نشێوو لابەلا، رێی خۆڵو داروەوەن، چیای گارە لەبەردەمتا، گەلی دێرش دیارە، لە چۆم ئەدەیت بۆ ئەوبەر، سابنە لە خوارەوە، کە لای سەرسەنگەوە دێت، بەرەوە زێی بەهدینان و ئەرژیتە ناویەوە، نشێوی بۆ سەر

سابنە، پردی کۆنکریتی 2 پایە، بۆ ڕێبوار و دەوار، وڵاخ، باریکەڕێو هەوراز، دارودەوەن، تاکو نزیکی سپیندار، بادانەوە بەلای چەپدا، بۆ گوندی مژێ، کانیاوی ساردو چاڵاو، بلوسکی گومەزی چیمەنتۆی کانییەکە، چاڵاوی 12 × 12 م، چنار و داری میوە و باخ، دیمەنی قەشەنگ، هاوار ئەکات کە هەوارگەو زۆزانە، گوندەکە 13 خانەیە، خاوەنەکەی هاجی تەهای برا گەورەی بەهەشتی کاک عیزەت ئەبدولعەزیزە.

بۆ گوندی سپیندارە 1 کم پترە، لە باسکەوە، گوندی گۆهرز بە بناری مەتینەوە، بە بانێکەوە، دیارە... چیای مەتینە، چەند گەلییەکی تێدایە، وەکو گەلی شەریفا، مزروکا، سنجی، سەرگەلی، رەشەوا، کە زێی بەهدینانی پێدا دەرباز ئەبێ، پردی گەلییای لەسەرە، گەلییەکە دیارە، بەودیویدا دەڤەری نهیلەیە، 20 خولەکە بۆ گوندی گرگاش، با ئەداتەوە بۆ سپیندار، خەڵفو، لە نەدیویدا، 60 خانەیە، کاتی خۆی 170 خانەبووە، هۆکاری دوژمنکاریو کارەسات، بڵاوەیانکردووە، فێرگە و مزگەوتی هەیە، خانووەکانی بەردە، کوێخا ئەلی، مەزنیەتی، خێڵی زێبارین، بەلای گۆڕستانی گوندا، نشێویو بەردەلانیو دەوەن، بە پشتی گەلی دێرشدا بۆ سەر چۆم، کە لە چیای گارەوە دێت، هەوراز بەرەو گوندی دێرش، دەراڤی نزیکی گوند، بانو مێرگو گۆم لای ڕاست، نسار و گۆڕ، ئارامگە و خەوابگەی شێخی ئیسلام شێخ ئەلی ئەحمەد یوسف جافر کوڕی ئەرفەی هەکاری بە شانێکەوە، لە ناو جەنگەڵدا وەکو هەموو ئارامگەو مەزارە پیرۆزەکانیتر کە دارودرەختیان نابڕن، گۆڕەکەی شوورەی بازنەیی، لەبەرد بۆ کراوە، ئارامگە لە ناوەندا، دەرگای نزمی لە بەرد بۆ کراوە، سەری بە بەرد گیراوە، بۆ چوونە دیدەنی، کێلەکانی پەڕۆی ڕەنگین و ئاڵای هەمە چەشنەی پێوەیە بە دەوروبەریدا... ئەم بەڕێزە، مامۆستا و فێرکار و ئامۆژگاری مامۆستای شێخی گەیلانی، ئەبدولقادر بووە لە 1018ز هاتۆتە جیهانەوە، دێرشی کردووە بە کونجی گۆشەگیری، سۆفیزمی لە کوردستاندا لەم بەڕێزەوە سەرهەڵئەدات، شاگرد و یاری لە هەموو کورنە و گۆشەیەکی کوردستانو دەرەوەدا بووە، لەوانە، لە ئاکاری

سۆفیگەریدا: شێخ موحەممەدی مەغریبی، پیرا موسی زیوەیی نزیکی بامرنیو، شێخ موحەممەدی مائی، شێخ موسا، لە هەکاری ساڵی 1093، بە خاک سپێردراوە.

گوندەکە 22 خانەیە، 2 کم نابێ لە گوندی رمزۆکەوە، لە بن کەڤروز زنجیرەی زەنگڵە، لە چیای گارە، پشتەوەی سەختە، شانێك لە بەردەمی گوندا، دێرشی خستۆتە نەدیوی، دارودرەختی زۆر، گەلی بییەی چیای گارەی لێنزیکە، مەلایاسین، مەلای گوندەکەیە... بەلای گۆمێکدا لە بن چیاکەوە، لە باراناو پەیدابووە، لە پایزدا وشکە، نشێوی بەلای کانیاوی بناڤو چالاوەکەیدا 9 × 4 م، درەختو چناری بەرز بەرەو گەلی سەخت، پێپیلکە و بەرزیو نزمی، بەرد سەری هێناوەتە پێشی، بەری ئەوبەری گەلی کەڤری، ئەشکەوتی حولی، بە پێپیلکە بۆی سەرئەکەویت، تووتنی تێدا وشك ئەکەنەوە، داروچیلکەکانی لەو بەرەوە، دیارە، تەنگی کەم ئەبێ، کراوەیی، ئامێدی دیارە، چۆمو هەوراز و نیشو بۆ سەر پردی سابنە، هەوراز بەرەو میرستەك تاکو ئامێدی.

سلێمانی – دەربەندیخان - 61 کم:

61 کم بۆ کەرەخان، جەلەولا، 120 کم، سلێمانی ، کانیبا، رێی هەڵەبجە، بڵندونەوی، کۆزەرەقە، خەراجیان، بنەی بەخشی ئەربەت، 20 کم، بۆ دەربەند 41 کم. تەختایی، باریکە 70 خانەیە، دزکەرە، لای راستو قازاوا لای چەپ، کانوویل لەسەر رێ، گوندی زەرایەن، تەختی، بنەی بەخش لای چەپ، ئەمدیو و ئەودیو 60 خانەیە، دوو داری قەڵان 50 خانە، هەوراز، میرەدێ، لە دامێنی زنجیرەی چیای قلیجەو ئەحمەدبرندە، ئەحمەدبرنەو لە بنار، بەخشی چنارە لای راست، هەوراز، گوندی بیرکێ، کاشتی، تونیلی 6 م 800 م درێژ و بانی سەلیمپیرك، دەربەندخان...

لە دەربەندخانەوە، کانیسارد 150 خانەیە، چەمەرگە 30 خانەیە، لە پێشدا بنەی بەخش وارماوابوو، فەقێجنە چەمەرگە، قلیجە، چنارە، بەم جۆە دوایی دەربەندخان کراوە بە بنەی بەخش.

رێی بەردەڵانیو ناخۆشی، چۆمو دارودرەخت، گوندی نەژدینی 15 خانەیە، لاپاڵو بنار، بەرەو باوەخۆشێن، نزیکی دێوانەو مەسۆیی، نیوکاتە، باوەخۆشێن،


لەسەرچۆمە، 100 خانەیە، نشێوی بۆ سەر پردو چۆمی دێوانە، بانیخێلان، هەوراز دوای دێوانە 10 خولەك، بە قەدی چیای گولانەوە 200 خانەیە، گوندی ئاوبەر بەوبەرەوە، ئەشکەوتی کونەبا 5 کم بە رووی دەربەندخاندا، ستالەکتایتو ستالەکمایتی تێدایە، بەرکەل، پاشەواری مێژووییە، بە دیوی پەیکوڵیدا 1 کم پترە لە پەیکوڵییەوە.

ئاوەکەی بانیخێلان گەڕاوە، گۆگردە، ئاوی خواردنەوەی کەمە، لە پردی دێوانەوە، کەناری رۆباری سیروان، توونی بابا، گردۆلکە، زنجیرەی بەمۆ، دەربەندهۆرێن، سەرتەك، لای چەپ، بەناو گردۆلکەدا بەرانبەری مەیدان، پێچەکانی ئاوەخوێری، پردی کراوەی گچکە گوندی سەید مەحمود، ئیسایی، بەرلووت، تازدێ، بەردەسوور، بنگرد، گردەگۆزین، پردی کراوەی ئاسن، شەمەنەفەری پێدا ئەڕوات، کەرەخان، جەلەولا.

سلێمانی – دەربەندخان 61 کم، کانیبا، کۆزەڕەقە، خەراجیان، ئەربەت، 20 کم بۆ دەربەندخان 41 کم، تەختی باریکە 70 خانەیە، دسکەرە، لای راستو قازاوا لا چەپ، کانوویل لەسەر رێگە، دوای پردی خاکوخۆڵ، زەڕایەن، بنەی بەخش، ئەمدیوونەودیو، 2 داری قەلانی هاجی دارا 50 خانەیە، پێچو هەوراز، میرەدێ لە دامێنی زنجیرەی چیای قلیجەو ئەحمەدبرنەو پێچی نشێو، ئەحمەد برنەو لە بنار نزیکی دەربەندێك، ئازەبان لای چەپ، چنارە لای راست، هەوراز، گوندی سیارە، هەسەنەکارە، لای راست، هەوراز، گۆمی دەربەندخان دیارە، پێچی نەوی، بیرکێ، هەوراز و پێچی نشێو و لابەلا، ناو تونێلی 6 م، 800 م درێژ، گۆمەکە بە چاکی دیارە، 120 کم بۆ کەرەخان، جەلەولا، گولالە.

لێژی، شۆڕئەبێتەوە بۆ سەر چۆمی دێوانەو پردەکەی، پردی داخراوی ئاسن، لابەلاو نێوانی گردۆلکە، بانیخێلان لای راست بە قەدی چیاوە، پردی چۆمی دەرەدۆین، قەترە، زنجیرە گۆدۆلکە، شینکەو کەوەلە، کەناری رۆباری سیروان، لای چەپ، 2 پرد و چۆم، کراوەیی، پێدەشتی پیباز، باوەنور، تازەدێ، لالیخان، لای چەپ، چۆمو پرد، مەیدان لەوبەرەوە، چۆمو پرد، ئاوایی هاجی حەمە فەرەج، چۆمو پردی


قەلاتۆپزان، چۆموپردی ئاوەخوێڕی، پاریاوڵە، گردۆڵکە، لای راستو ، رۆباری سیروان لا چەپ، بنەی بەخشی باوەنور، پێباز، گوندی قەرەچەم، لەوبەر سیروانەوە، ئاوایی سەید مەحمود، گوندی قولەبەرزو قەلاتەپ، لەوبەری سیروانەوە چۆموپردی خرِی ژاڵەو گوندی رەند ئەلیخان 47 کم لە دەربەندەوە، ئیسایی بۆ گوندی زەماوەنگە، 15 خولەکە، چۆمو پردی تازەدێ، 100 خانەیە، بەرلووت 120 خانەیە، خوێندنگەی هەیە، گوندی مستەفای کەریم بەگی جافە، بەردەسوور، دەشتی قەلاشیروانە، کەلارەکۆن دیارە، 183 گوند، چۆمو پرد، کەلاری نوێی شارۆچکە، 2 بەخشی هەیە، پێباز و تیلەکۆ 26-11-1975 کراوە بە بەخش، شەقامی زیخ بۆ ناو شارۆچکەی کەلار، لە کەلارەکۆنەوە سروشتی گەرمیانە، دارخورمای هەیە، پێدەشتە، بەرەو گوندی گۆبان 17 کم بە دەشتی کرکوبەریندا 3 گوند، سەیدخەلەف لای راست، ئارامگەکەی دیارە، قاسماغا لە بناو گۆبان، لە دوورەوە، بە پەنا ریزە گردۆڵکەوە، گوندی گۆبان 70 خانەیە، خوێندنگەی تێدایە، بێ مامۆستا، گۆبانی قەرچیل حەمە ئەمین بەگ.




ئیسایی، زەماوەنگە، 15 کم، بەلای خرِی ژاڵەدا بە ناو گردۆڵکەدا، هەوراز و نەوی، بان دووریانی ژاڵەی سەفەر و چەمە بیسمیلا، زەماوەنگە 90 خانەیە، بە هەردوو بەری شیوێکەوە، جافی شاترین، ئاژەڵدار و چێنەرن.

لە تازەدێوە، هەسەن محە، لادانەوە بەلای کەناری خرِی ژاڵەدا، خرِو چۆمو هەورازی کەم، هەسەن محە 75 خانەیە، بە بانێکەوە پشتی گردە، سۆفین، جافی شاترین، مچەشەل چارەکێکە، 30 خانەیە، مزگەوتی تێدایە، ئاوی باشە، سەرچۆمە، کانیاوی باشی هەیە، باخ بەوبەر چۆمەوە..

لە نێوانی تازدێ، ئیساوا بۆ قولە سووتاو 180 خانەیە بە لێژییەکەوە، لە سەر سیروانە، لە نێوانی گردۆلکەدا، گوندی گۆڕەشەلە بەوبەرەوە، چۆڵە... بەرەو ئیسایی، چاڵەڕەش، 100 خانەیە، لە سەر سیروان، بە لێژییەوە لە نێوانی گردا، بەرانبەر ئەلیخاڵە و بانەبۆر، باخی هەیە لەسەر چۆمەکە، مزگەوتی تێدایە... خڕی قەڵاتۆپزان، قەڵاتۆپزان، لە خڕەکەوە، گرمك بەوبەرچۆمەوە، 10 خانەیە، تەنگی قەڵاتەرزان، بە ناو چڕو چۆمدا، قەڵاتۆپزان، گوندی هاجی برایم شاتری، 50 خانەیە، لە لێژییەوە، لە ناوگردا لەسەر چۆمی بەکربایەف، گوندی مراوا، 2 کەڵەشێرە نزیکن، 3 چارەکە، ئاوی حەمەکە و کانیشێخ موسا و شێخ ئیسا ئەخۆنەوە.



کەلار، گردەگۆزینە، گێژەکان لای چەپ، شێخ لەنگەری گەورە، شێخ لەنگەری گچکە، بانئاسیاو شیوو پردی پێشی قەربولاخی خواروو، کولەجۆ...



بانسنوقو کۆکس، لەولاوە لای راست.

خانەکین – خانەقین – خان نەقی:

لە بەغداوە 170 کم، لە باقووبەوە، 105 کم، لە وشەی خانی کەیانەوە هاتووە، لە دووڕیانی باقووبەوە بۆ خانەکین 29 کم، پاسگەی ناو دوومان، گوندی دەلۆی ڕەزابەگو مەلەکشاهی.

خانەقین، شاری ڕەندو جوانو پڕ پیتوفەڕ، سامانی نەوت لەسەر ڕۆباری ئەلوەندە، کردوویەتی بە 2 بەرەوە... بەری کۆن، جەلەوە، ئاغاو خەلیفە، ئەمبەری هاجی قەرەیە، بریتیە لە گەڕەکی حەمیدی، ئەبدولابەگ، سالح بەگ، جامع، مەیان، مەزرەعە، هاشمییە، پاشاکۆپری، ئەرکەوازیو تۆلەفرۆش، لە ناو سنووری شارەوانیدا مۆناتی 150 هەزار کەس پترە.

پردە بەردینەکەی 1860 ز، دروستکراوە، 10 پایەی خشتی سوورە، سیانی ئەوسەری کەوانەییە، کەنیسەی تێدایە، چۆلە... 25 فێرگەی سەرەتایی کوڕانو 12 کچانە، 2 ناوەندی کچانو 4 کوڕانو 4 ئامادەیی کوڕانو 1 کچانی تێدایە.

لە قزرابات – خوسرەواباد – سەعدییە 7 کوڕانو 1 کچان... لە کەرەخان، جەلەولا – گولالە، 16 کوڕانو 4 کچان... لە خۆرەتوو 12 کوڕان... لە مەیدان 5 کوڕان.

نوسراوخانەکەی 1957 دامەزراوە 4615 نوسراوەی تێدایە، 51 نوسراوەی کوردی، 20 فارسی، 2 ئەلمانی، 12 فەرەنسی، 209 ئینگلیزی، 30 تورکی، ئەویتری کە 4291، عەرەبییە.

نەخۆشخانەکەی 60 پێخەفی تێدایە، 4 دکتوری پیاو، 1 ژن، 1 دوکتۆری دان، 15 تیمارگەی تێدایە هەموو دەڤەرەکە.

1782ز، دەرەنەو دەرەتەنگ، بانیزەهاو، سنجەڤی قەسری شیرین، خانەقین، خراوەتە سەر میرایەتی قەلاچوالان،

خانەقین، لە سنوورەوە 8 کم بۆ پالێوگە 5 کم، گوندی ئەرکەوازی 1 کم، قۆڕەتوو، 37 کم.

جەژنی رەمەزانو قوربان 6 رۆژە، یەکەم رۆژ لە ناو شاردا، دووەم رۆژ لە ئیمام ئەباس لە عەلیاوا، سێیەم لە عەلەمدار، پشتی ئامادەیی کوڕان، چوارەم رۆژ لە باوەمەحمود، پێنجەم لە خدری زندە، شەشەم رۆژ، پاشەلەقەیە.

لە 60٪ ی دانیشتوانی خانەکین ئایینزای جەعفەرین، شیعەن، شێوەی ئەرکەوازیو سوورەمێری نزیکی زاری لوڕییە، زاری باجەلانیو جاف، تاڵەبانی، دەلۆ، کرمانجی ناڤەندە.

گوندە نزیکەکانی، یوسف بەگ، مێخاس، موبارەکە، ئەوبەری، ئەلیاوا، کارێز، بانیمیل، مەلیکشاهی.

خانەقین – قۆرەتوو – خۆرەتوو – 37 کم:

37 کم بەرەو باکوری خاوەر، بەلای تانکی ئاودا، زنجیرە چیای سنوور لای راست KO2 کۆمپانیای ئوئیل – خانەقین، کۆگای نەوت، گوندی تۆڵەفرۆش لای چەپ، 2 پردی کراوەی ئاسن، شەمەندەفەری پێدا ئەڕوات، رێگەی زیخەڵانی، پێدەشت، گوندی مێخاس، یوسف بەگی کاکەیی، گوندی بافلاوی، ئارامگەی باوەمەحمودە، رۆژانی جەژن لێی گرد ئەبنەوە.

رێی تایبەتی لە شەقام جوێ ئەبێتەوە، زنجیرەی راکشاوی نزم، سنوور باشتر دیارە، ملەی کەنار، بە ناو گوندا، ئاوایی دارەکەنار، پردی گچکەو جۆگە، پردی کەندی سیروان، شەفکراوە بۆ خانەقین لای راستەوە، گوندی موسا ئوسمانە، گوندی تازەو سەوزبولاق، فێرگەی تێدایە، گوندی دارەخورما لای راست، کانیزەرد لای چەپ، گردۆلکە و زیخەلان، رێی چەمچەقەلۆ قەلەم کاکەیی، پاسگەی نزیکی سنوور، پێدەشت، گردۆلکە، گوندی حەوشکوڕی، پاشەواری مێژوویی، پەچەی ئاژەلو شوورەکەی ماوە، فێرگەی تێدایە، رەوەزو گردی بەردین، رکەبەردی نیشتوویی نزم، دەڤەری گردۆلکە، پێچو قایم – خۆرەتوو، بنکەی بەخش، ئاوی خۆرەتووی پێدادێت، 2 بەرەیە، بەریکۆنی بەوبەرەوە، رێگەی خۆلۆتۆز، هەوراز و نشیو، لە چۆمی خۆرەتوو ئەدەیت پردی لەسەر نییە، ئاوەکەی لە سنوورەوە دێت، لە خۆلدا ئەچەقیت، ئارامگە لای چەپ، کەمەکێ زیخەلانیو سەختی، دووبارە لە چۆمەکە

ئەدەیت، هەوراز و پێچو سەختیو زیخەڵانیو تەختی، گردو بەردەڵانی سوورکە، رەنگە کانزای مسی هەبێت، دەربەندی گچکە، گوندی گۆڕەشەلە، لەسەر سیروان، گوند لەمبەرو ئەوبەرەوە بە کەناری رۆباری سیرواندا، گوندی بانیبۆر، بیری نەوتی داپۆشراو، لای چەپی سیروان دوور دەکەوێتەوە، پێچو نشێوە، چۆمی کەمئاو لە هاویندا هەوراز و پێچو گردۆڵکە، زیخو پێدەشتو چوڵەوانی، گوندی زەلکەی شێخ نوری لە ناو هەردو گردۆڵکەدا، بە پشتی گردەوە، گۆڕستان لای چەپ، پردی کراوەی گچکە، لە وشکە شیوێکدا، وشکەشیوو پردی گچکە، هەورازو تەختی، زنجیرە چیای بڵند، لەبەردەمتا، گوندی حاجیلەر، پاسگەی شێخ رەزا لەولاوە، بەرانبەری پاسگەی سنوور، ئاوی کارێز دەخۆنەوە، هەورازو بەردەڵانی، سەختی، باسکی شەڵواروشرە، تەخیتو بان، وەکو کەشتی هەرد، دەشتایی نزم لە هەردوولاوە، نشێو و پێچە تاکو سەر ئاوی هەواسان کە دەڕژێتە سیروانەوە، زنجیرە کێوی بەمۆ لای راست، بەودیویدا خێڵی قەڵخانی، پێدەشت تاکو کەناری هەواسان، گوندی کانیکرمانج، لەسەر ئاوی هەواسان، لەمبەرەوە بە ناو ئاوی هەواساندا، هەوراز و تەختی، رێگەی خاکوخۆڵ، چەند جۆگەیەك، تەختی بۆ مەیدان، بنکەی بەخشە، گوندەکە لە نزمیدا، تۆقکە لەسەرەوە، فەرمانگە و خانووی میری، لە بانەکەدا... دێتەوە بۆ دووڕیان، هەورازو بەردەڵانی، گوندی هۆرێن لەبەردەمی قوڕگی بەمۆدا، 5 کم بە دەربەندا، هەوراز بۆ سەرتەك، هەوارگەو سازگار، پڕ لە داری میوەو باخ، 1 کم پتر بۆ کانیژاڵەو ئەودیو بەمۆ، گوندەکانی شەمێران و دێهاتەکانی 10 کم بەولاوە، سنوورە، لوتکەی باکوری خاوەری بەمۆ، لوتکەی خۆشکی بەلای دەرەبەندو زمناکۆدا، ناو دەربەند، 2ر5 کم قەڵبەزەو تاشەبەرد، رێگەی سەختو قایم، بە ناو ئاوەکەدا، بە دینامیت چاکراوە، 2 دیواری چیا یەك تاشەبەرد، روو لە ئاسمان، نزیکە سەر لەیەکبدەن، تەسکیو تەنگی، بە ژێر تاشەبەردا، قایموسەخت... دێتەوە بۆگوندی هۆرێن، بە رێگەی مەیدانو دووڕیاندا، بادانەوە بەرەو دەربەند بێلوولە، بە رێی خۆڵدا، زنجیرە کێوی بەمۆ، لەبەردەمتایە، لە کێوەکە نزیك دەبێتەوە، گوندی شاوازی سووتاو، زیخەڵانی، گوندی باخهەنارە، بە بنارەوە، بە ناو ئاواییدا، لە ئاوەکە دەدەیت، هەوراز و نشێوی تاکو

بێلووله، دەربەندەکەی، بە چارەکێ بە ئوتومبیل، بە ناو دەربەندا، کێوی لای راستی، پاشەواری مێژوویی، میلی سەرکەوتن، پەیکەری تیروکەوانهاوێژ، منداڵێك لە ژێر پێیدا، یەکێ بە قەلغانوشمشێر لە سەرەوە، پەیکەری مرۆڤی بەپێوە، وەکو میلی سەرکەوتنی نرامسن لە دەربەندگەوری قەراخ، ئانوبانینی، یاخود ئۆرنیمۆی سۆمەری.

ئەمانە وتەی لەسەرە، ئاو بە ناو دەربەندا، دارودرەخت، کانیاوی بن چنار و کونی ختەوە، دێتەخوارەوە، گوندی دەربەند بێلووله، 10 خولەکە بۆ ناو دەربەند، لێرەوە بۆ بنچنارو کونی ختە، 2ر5 کم بۆ سنوور، گوندی نیسکەجاڕ لەمدیو، درۆیی رەوەند بەودیودا، گوندی دەروێشی لەسەر قەسرە، پەیوەستی کرمنشایە... چاخانەی بێلووله، 1ر5 کم پتر بۆ سنوور بۆ گوندی باوێس.

خانەقین – مەندەلی – بەندنیچین - 88 کم:

88 کم لە باقووبەوە - بعقوبە، 105کم، مەندەلی، مەند، وەستاو، نیـنەوەی-چین – جێگە – جێلێژ، وشەی مەندولێژ، مەند ئەلی، مەندیتکان لە مرووەوە واتا زۆرە – بەند نێوان.

دووریان، بنکەی بەخشی کەنعان، لەسەر جۆگەی بەلەدروز، بەرازەروز، 47 کم بۆ مەندەلی، بیابانو چۆڵی کرك، پردی کراوە لەسەر ئاوی گەنگیر، وشکە لە هاویندا، لە پێشدا ناوی زۆر بووە، ئاوەکەی میری ئیران لایداوە و دایبڕیوە، شارێکی مێژوویی کۆنە، پاشەواری چەرخی ساسانی تێدایە، وەکو قەڵاسپی، ترساق، لە ناو خێڵی قەرەئۆڵوس – قەڵەوس، کە چند تیرەیەکن... گێچینە، قەیتول، کونارە، هەواسی، کەپریان، قەڵاسپی، لای گوندی کەپریانە، مۆناتی شارەکە 50 هەزار کەسە، چەند گەڕەکێکە...

قەلعەبالی، قەلعە جەمیل، بازاڕی گەورە، بازاڕی کچکە، بۆیاقی، گەورەترین گەڕەکی شارۆچکەی مەندەلییە، تێکەڵە لە کورد و تورکمانو عەرەب، زۆرینەی کوردە.. لە شادروان، ئاسیاوەکەی وەکو تافگەیەکی گچکەیە، شوێنەکەی کەمێ بەرزە،

باخی زۆرە، دارخورماو دارهەناری هێجگار زۆرە، ملیۆنێ دارخورمای هەیە، شاری ملیۆنێ دارخورمایە..

لە شوێنە ئایینیەکانی، شێخی مەندەل، باوەحافز، سەیرەحمان، شوێنی بابەتایەری هەمەدانی لە گەڕەکی قەڵەمحاجی کاکەیی، بەکتاش، مەزارەکەی رماوە، بازارێکی چاکی هەیە، کۆنترین بازاڕی، گوزەری هەواسییە، پەتکو خەرارو کلاشو پیشەسازی دەستی ناسراوە، نووسراوخانەی گشتی هەیە، فێرگەی سەرەتایی، ناوەندی، ئامادەیی کوڕانو کچانی تێدایە، پرۆژەی کارەبای هەیە، ئاوی لە مەنسورییەوە بۆ دێت، بە جۆگە... هەنوکە بێئاوە، لە بەلەدروزەوە بە تانکەرو ئوتومبیل ئاوی بۆ دێنن.

مەندەلی — باوەگورزین، ئارامگەو مەزاری پیرۆزی، دانیشتوانی دەڤەرەکەیە لە رۆژانی هێنی مانگی رەجەب ئەچن بۆ دیدەنیو سەیران، لە قەڵەمحاجی کاکەییەوە بۆی ئەچێت، رێی قەزاینیە، بنەی بەخشە قەزاینیە، کوردو تورکمانو عەرەب تێکەڵە.

لە مەندەلییەوە، بە قەڵەمحاجی کاکەییدا 11 کم بۆ قەزاینیە، لای چەپی رێگەی، قەلاسپی نزیکی گوندی کەپریان، 2 گوندی کوردن، پاشەواری مێژوویی تێدایە، دووریانی گورزەدین، باوەگورزین، ئاوی چۆمی گەلاڵ، لە پشتکۆوە، دێت بۆ شارۆچکەی بەدرە، رێی بەد، لای راستی قەزاینیە، بە شوێنێکی کەم بەرزییەوە، گۆرزین، خەوابگەو ئارامگەو گۆڕی گەورە، ناوەندەکەی گۆڕی پارسایە، شوێنی حەسانەوەی هەیە، ڕاڕەوو هەیوانی هەیە، بە چوارلایدا، رۆژانی هێنی و رۆژانی مانگی رەجەب، بۆ دیدەنی دێن، پیرۆزگەیە، بە پارسا ناسراوە، گوندی ئەحمەدی، عەرەبن 20 خانەیە، لەسەر ئەم ئارامگەیە دەژین، خانوو دەدەن بەکرێ، لە کاتی دیدەنیدا.

گوندی دوو شێخ، سەرووی قەزاینیە، لەسەر چۆمی گەلاڵ بە زاری لوڕی ئەدوێن، شوێنەکەی تۆزێ بەرزە، لە قەزاینیەوە، نزیکە، قەزاینیە بنەی بەخشە، 2 گەڕەکە چاییو سەرای.

لە خانەقینەوە بۆ مەندەلی، لەڕێی نەوتخانەوە کاتونیوێک دووریان، گوندی پەڵکان، هەورازونەوی، گوندی کانیماسی، پەنجئەلی، چەمەنەوت، قەشقە، مەکەتوو، بە بەرزییەوە، پاسگەی پۆلیسە، لێرەوە مەندەلی دیارە، کانیاو قامیشووقەرەم، گوندی گێچینە، گوندێکی مەزنە، گوندی چەرمەوەندی، کۆنارە، پەنکۆکە، ئەگەیتە مەندەلی.

خێڵی قەڵوس، چەند تیرەیەکن، گێچینە، قەیتول، کۆنارە، هەوامی، کەپریان.

خانەقین – نەوتخانە:

لە دووریانەوە، شەقامی قیر، پێدەشتی کراوەی کۆزەڕەقە، گردۆڵکە، گوندی پەڵکانە، لای راست لە پەنا گردا، نشێویو هەورازو نەوی بە ناو چینی گردی نیشتوییدا، لوولەی نەوتی راکشاو، لای رێگە، پردی ئاسیاو، گوندی کانیماسی لای راست، زنجیرەی چیای باغچە، ئەودیوی سنوور، خێڵی سنجابی، بەهاران دەیکەن بە هەوارگە، خڕی میلوگۆم، شوێنی پەنجئەلی ناوگردو بەردەڵانی، خڕی نەوتشا و نزمایی ئەوبەری کانیخاسان، نەوتنخانە، بە بەرزییەوە، بیری نەوتە، بە لوولە دەبرێت بۆ پاڵیوگەی وەند، پاڵشگە 1932 دامەزراوە، دوای 1958 بووە بە دامەزراوی میری 27 کم لە نەوتخانەوە دوورە، 340 کارگەر و 63 کارمەند، لەم ژمارییە 10 ئەندازیاری تێدایە.

بەرهەمی 380-430 هەزار گاڵۆن نەوتی هەیە، لەمە 20٪ بەنزین، 20٪ کیرۆسین، 18٪ نەوتی سپی، 9٪ تاکو 11٪ گازۆئیلە، 40٪-45٪ نەوتیڕەشە، 50٪ کەمتر نەوتو قیرو گازە.

نەوتشای ئەودیو سنوور، زەوییەکانی نزمە، ئەوبەری نەوتخانەیە، نزیکە، ئەمبەروئەوبەرن، چۆم لە نێوانیاندا.

کەرکوك – بەغداد 260 کم:

شەقامی بەغداد، وێستگەی تەلەفزیۆنی کەرکوك، بەخشی تازەخورماتوو، 20 کم، بۆ بەغداد، 240 کم، زەوی نەوتی جانبۆر، 230 کم دەمینێ، گوندی تەمموز، پردی گچکە، نزیکی داقوق، تاوغ، 163 کم بۆ دەڵتاوا - دەوڵەتاوا، خالیس، 220 کم بۆ بەغداد.

تاوغ – داقوق، گۆڕی زەینەلعابدین، گۆڕستانو ئارامگە، پردی درێژی کراوەی داقوق، 2 پرد، یەکێکیان درێژ، بەرەوە دوز، 190 کم بۆ بەغداد، 133 کم بۆ خالیس، دەڤەری دوزی ئاوەدانو حەساوگە و چاخانەکانی، پردی ئاقسوو، ئاوەسپی، رۆخانە، 1962 دروستکراوە، پردێکی درێژە لە نزیکی دوزە، 180 کم بۆ بەغداد، 123 کم بۆ خالیس، دووڕیانی کفری ، رێی خۆڵە.

لە کەرکوکەوە بۆ کفری 120 کم لە دووڕیانەکەوە، 37 کم بۆ کفری، دوای سلێمان بەگ... لە دووڕیانەوە، پردی قوریچیا، وشکەچۆم، بۆ قاهیرە، تەلئەخزەر، کنگربان، کارێزەی دەلۆ، پێچ، کفری... دێینەوە بۆ پردی سلێمان بەگ، شەمەندەفەر بە ژێریدا دەڕوات، بەخشی سلێمان بەگ بەملادا، ئاوی بیر بەکار دەهێنن، 170 کم بۆ بەغداد، 113 کم بۆ خالیس.

دووڕیانی ئامرلی، پردی درێژ، پاسگەی کێوی هەمرین – هامرین، زەوی گردۆلکەیی نامێنی، 140 کم بۆ بەغداد، 83 کم بۆ خالیس، پاسگەی ئینجانە، ناوچەی گردۆلکەیی بەجێدەهێڵی، بەرەو عزیم، حەساوگە، 130 کم بۆ بەغداد، 53 کم بۆ خالیس ، دەڵتاوا، 67 کم بۆ بەغداد، لە ریگەی نوێوە، 57 کم بەخشی هەبهەب، رێگەی جیزانی ئیمام، غالبییە، راشدییە، تاجی، عیوازییە، بەغداد.

مووسڵ – تەلەعفەر – شەنگار – سنجار:

126 کم ڕێی قیر، کوورەگەچ لە هەردوولاوە، گۆڕستانی مووسڵ، بڵندو نەوی، دووڕیانی کارگەی چیمەنتۆ، پێشی دووڕیانی بادۆش، وێستگەی شەمەندەفەری سابرینیە، گوند و ئاوایی لە هەردوو لای ڕێگە، دووڕیانی زەمار، گوندی ئەبوماریيە، دووڕیانی تەلەعفەر، تەل عەفەر، شارۆچکەیە، 69 کم لە مووسڵەوە، بۆ سنجار، 57 کم تەلعەفەر، لەسەر دوو گردە، شیو لە نێوانیاندا، لە هاویندا وشکە، پردی کراوەی گچکە، هەردوولای بەیەکەوە بەستووە، بەری ئەوبەری ئاوەدانە، بازاڕ و فرمانگەو فەرمانگە و فێرگەو تیمارگەی تێدایە، پرۆژەی ئاو، لە پێشی شاردا ئەبینی، پرۆژەی کارەبای هەیە، ماوەیەکە لە ڕۆباری دەجلەوە، ئاوی بۆ هاتووە، خانووەکانی بەردو گەچە، وەکو خانووەکانی شاری کەرکوکە، باخی گەورە، لە خوارووی شارەوە، بەرەو پشتی شارەکە سەوازییە، کشتی کەمە، لەبەر بێئاوی.

تەلعەفەر – سنجار – 57 کم:


لە گوندە عەبرەی گچکەوە، عەبرەی گەورە، دانیشتوانی تورکمانن، لە خێڵی ئالیبەگ، گوندی عەیزولای تورکمان، گوندی سینو، باخو فێرگەی هەیە، دووڕیانی بەخشی سنون، گوندی عەینو شەبابیت، پاسگەی سەرڕێ، ڕێی قیرو تەختی چیای رووتەنی شەنگار ئەبینی، لە دامێنەوە، گردە نزیکەکانی، گوندی ئیزدییە وەکو: خان دوای بەسێخان گوندی هەمەدانی ئێزدی، هی خدر حەسۆ، لای چەپ گوندی سۆلاخ لای ڕاست، یەکێکیان لەسەر گردێ، باخو ئاوی سازگار و شیرین، گۆڕستان پێشی شەنگار.

شەنگار – ژەنگار – شەنگال - سنجار، بنەی شارۆچکەیە، لە سەر گردە، خانووەکانی بەردو گەچە، فێرگەی سەرەتایی، ناوەندی تێدایە، کوردی ئێزدین، کەمێ خریستیانی، باخو چاوگی ئاو، لە خوارووی شارەوە، گەڕەکی پیرزەکەر، گۆڕی زەینەب کچی عەلی کوڕی ئەبی تالب (د.خ).

گەڕەکەکانی: بورج، ئێزدییە، بەرۆژ، بەرسەهی، سەرایە.

سنجار – کەرسی – 85 کم:

سنجار، گوندی مامیس، بە پێ لە چیاکەوە، 40 کم بەڵام بەرێی ئوتومبیـل، 2 کاتە 85 کم.



گوندەکانی گەلی کەرسی:

1- ئەتو، تەلحەمدین، شامیکا، مامیس، بەخشی پێشوو، مەلاك، سمیهێستر،

2- شیشمس، شێخ شەمس، نزیکی چنری، لە خۆراوای گەلی،

3- شێخ مەند، نزیکی حەلیفی، خاوەری ئارامگەی شیشمسە،

4- ئامادین، نزیکی شێخ مەندو باشوری،

5- خاتووفەرخە، مەزنی منداڵان، لە ناوەندی گوندی حەلیفەدا.

دیـدەنی ئارامگـەکان: لـە ناوەنـدی وەرزی پایزدایـە، هـەمووی شـێوە گومـەزیو خرگە، لە بەردو گەچ دروستکراوە، هەموو ساڵێ سپی ئەکرێتەوە.

چاوگی ئاوەکانی گەلی:

کەهێنا ژووری، لە گوندی مامیس.

- ★ کەهێنا دعدوش لە گوندی مەللەك
- ★ کەهێنا پیراخایی، پیراخایا لە گوندی کولکان
- ★ چراڤا حاهەیسی، حاهیسی لە گوندی مامیسە
- ★ کەهێنا حتو – حتو لە گوندی مامیسە

پاشەوار:

* ★ گۆڕی گۆن، ئێزدی نین، ملکی توربا.
* ★ دێرمفەلەها، بەرانبەر گوندی مەللەك، پاشەواری دیارە.

بەرهەم: لە نزیکی مامیس، خەڵوزی بەردی هەیە و بەکاردەهێنرێت، لە لایەن شوانەکانەوە... لە گوندی مەللەك، سمیهێستر، کولکان، دارهەنجیر و هەنارو سێوو قۆخو هەڵوژەو قەیسی، رەزی مێو، زۆرە، داری میوەی تریشی هەیە... تووتن، تەنانەت درەختی بۆ ئەبڕن بۆ ئەوەی سوودی لێوەربگیرێت... داری جەنگەڵی، بەڕوو، گوێز، قەزوان، چەقالەی هەیە.

رێی ئوتومبیل، لە سنجارەوە تاکو سەنابیت، قیرە، لێرەوە تا براتە، قیری باشنییە، لە برانەوە بۆ سنوونی قیرە، لە سنوونییەوە بۆ مامیس، ناو گەلی، قیر نییە، پێچەو شاخاوی، ئوتومبیلی پێدا دەڕوات، دوای مامیس ئوتومبیل ناڕواتە بیراخایا و مەللەك... ئەم ماوەیە 4 کم بەپێ. لە پێش گەلییەوە تاکو مامیس 2 کم، بەپێ، 15 خولەکە، لە مامیسەوە بۆ مەللەك 15 خولەکە، بۆ بیراخایا 25 خولەکە بە پێ، 2 کم نابێ.

بە بارانو کانیاو، زەوییەکان ئاودێر دەکەن، لافاو جۆگەکانی تێکدەدات، لە دەڤەری کەرسی، قەیدی بە تایبەتی ئاوی چاوگی پیراخایا، دەڕژێتە چاڵاوێکی گەورەی قووڵەوە 70ر1 م، لە هەموو ئاوە کانی خۆشترە، لە هاویندا ساردە.

هەوراگەکان:

ئەم گوندانە هەوارگەن، مامیس، پیراخایا، گەرەکی، رێی چاکردنە بۆیان لە چیاکەوە، زۆر نزیکە، گازینۆو ئوتێلی بۆ دروستبکرێت لەسەر رێگەکە، داربڕین قەدەغەبکرێت.

جێگەی تریشی هەیە بۆ دیدەنی، سەیرانگە، وەکو: دێرئاسی، 5 کم لە سنجارەوە، بەدەمیان خانووی لە بەرد تاشراوی تێدایە لە چیاکە، بە شێوەی ئەندازەیی، جگە لە ئەشکەوتی، قرچراغ، وەکو ئەشکەوتی جعیتای لوبنانە، بێروت،

ئاو لە سەرییەوە دێتە خوارەوە، کۆتاییەکەی نازانرێت، نیشتنی ئاو کاریکردۆتە بەردەکانی، شێوەی رەند و رازاوەی وەرگرتووە، بە کرداری کردگاری ئافەرین، سروشتی هێجگار پەسەند.

هەولێر – دیبەگە – کەندیناوا – مەخمور – 70 کم:

هەولێر، دیبەگە، کەندیناوە، 42 کم، لە گەڕەکی ئازادییەوە، بائەداتەوە بە شەقامی قیردا، گلو زیخ، گوندی قوڕپتان، لە پێدەشتی دێمدا، کووره خشتەکان، رێی خاکو گڵ، گۆڕستانی ئاغاکان، ئارامگەی پیرداود، گوندی پیرداودی نزیکی... بەرهەمی سەرەکییان دانەوێڵەیە، گوندی مەنارە، زورگی دیبەگە، بەرزیو نزمیو پێدەشت، بنەی بەخشی دیبەگە، کەندیناوا، خانووی قوڕ و دواکەوتوویی، ناو گوند قیرتاو و لێژە، کارەبای نییە، ئاوی کارێز و بیر دەخۆنەوە... دیبەگە، گەندیناوا، مەخمور، 25 کم، دەشتی کەندیناوا، گوندی کەنداڵی چوول، هی سمایلاغا، هەوراز، چاخانەی مامهێنی، دەربەند بازاڕگە، لە چیای بەردینی رووتەنی، قەرەچوق، لێرەوە مەخموور دیارە، مەزاری برایماغا، خاوەنی دوژی برایماغا لەسەر گردێکی نزیکی شارۆچکەی مەخمور، دیارە، دەشتی قەراج، مەخمور.

مەخمور، بنکەی دەڤەرە، مۆناتی 3 هەزار کەسە، فێرگەی سەرتایو ناوەندی تێکەڵاوی تێدایە، شەقامەکانی قیرە، لۆکنتەو چێشتخانەی تێدا نییە، لە کەناری چەپی زێی گچکەیە، 18 کم، پرۆژەی ئاو لە زێوە بۆی دابین کراوە، کارەبای هەیە.

کەرکوك – دووبز:


لە ئەرەفەوە، کۆمپانیای کارگەی خشتی ئۆتۆماتیکی، دووڕیانی فەتحە، گوندی باجوان، قەرەهەنجیرە، گوتان، قوشتایە، قەرەدەرە، دووبز، گوندی نوێ، خانووی باش، شەقامی قیرو رێك، خانووی کارگەر و کارمەندان، بنەی بەخشە، دەپەڕێتەوە بۆ ئەوبەر، پردی درێژی ئاسن لەسەر زێ، رێگە، لێرەوە بۆ پردی ئاڵتونکۆپری، بەندەکە 10 خولەکە لە بنەی بەخشەوە... لە کەرکووکەوە بە ئوتومبیل نیو کاتە 30 کم.

مووسڵ – بەغداد:

398 کم، زاکە، کارگەی چیمەنتۆ، گوندی عەریج، دووڕیانی حەمام عەلیل، 2 کم، گوندی سەفیتوت، بەرانبەر نەمرود، ڕێژەنی زێی، مەخلەت، گردەکانی ناسر، گەیارە، پاڵێوگە، لەسەر ڕێگەی شەمەندەفەر، دووڕیانی حەزەر، ئورگبە، کۆشکی مشعان فەیسەڵ، بەخشی شرگات، دبز، بادییە و چۆڵیو بیابانی دوورگە، ڕێی بەد، دووڕیانی بێجی سەر بە بەغداد، تکریت، بەنداوی سەرسار، دەرگاو بەنداو، بۆ کەمکردنەوەی مەترسی لافاو بۆ سەر بەغداد، بۆ کۆکردنەوەی ئاو، بۆ هاوین، سامەڕا – سامرێ، شارۆچکەیە.

سامەڕا – سامرێ، 122 کم لە بەغداوە، ڕێی قیر، لە باکوری بەغداوە، گۆڕو ئارامگە و خەوابگەی پیرۆزی پێشەوا، عەلیهادی، حەسەن عەسکەری، نرگز خاتوونی خێزانی حەسەن عەسکەری، حەلیمەخاتونی خوشکی پێشەوا عەلی هادی کچی پێشەوا جەوادی لێیە... قوبەی زێڕو خڕگە و 2 ڕۆشنگە، قوبەکانی زەرکەشە، پەیکەری سەرباز لە بەردەمیدا.

پرۆژەی سەرسار 2 کم لە سامەڕاوە، 270 کم بۆ مووسڵ، سامەڕا لە چەرخی موعتەسەم کوڕی هارونە ڕەشید، کرا بە پێتەختی جێنشینانی ئەباسی، لە کۆشکی ئاشتی، دوایی گەڕاوەتەوە بۆ بەغداد، ڕۆشنگە و پێچۆکەکەی نزیکی مزگەوتە کۆنەکەیە، ئەچێتە ناو شوورەکەوە، ژوورەکانی نەماوە، شوێنی نوێژگەی ماوە، 2 دەرگا لەملاو لەولایەوە، ئەمە مزگەوتی موتەوەکیلی ئەباسییە 849 ز دوژەکانی دەرەوەی کە بە شوورەی مزگەوتەکەوەیە، دروستکراوە، دیواری شوورەکە 2 م پانە، 10 م درێژە، بە پێپیلکە سەر ئەکەوێت بۆ بنکەی ڕۆشنگە پێچۆکەکە پێپیلکەکان 2 م پانە، بەرزییان لەیەکەوە5 سم، 50 سم پانو 2 م درێژە. لە خشتی سوور دروستکراوە، تاکو سەر ئەکەوێت بەرزی پێپیلکە ئەبێ بە 7 سم، تاکو ڕێڕەوی دوژەکە پێپیلکەکان تەسك ئەبنەوە، پێپیلکەی سەرەوە سەری گیراوە وەکو تونێل، کونی هەیە، لووتکەکەی بازنەییە، تیرەکەی 5 م.



دوژەکـــــه لــــــه دەرەوە، کەوانـــــــەیی بەچاڵداچـووە، جێنشـینان بـه سـواری ئەسـپ، سەرکەوتوون، 9 پێچە، بە بنکەکەیەوە، دیـواری شـوورەکەی چـەرخەی چـەماوەیە، مزگەوتەکـە شوێنی بەرزە، بەلای کۆمپانیـای دەرمانـدا، بـۆ لای مزگـەوتی ئـەبی دەلـەف، تاقـەکانی بـەرز، سـەری مـاوە، 10 م درێـژ لـە بەرزاییـدا، لـە سـەر ڕۆبـاری دەجلە، پاشەواری شوورە و کەلووی دوژەکە، مـاوە، ماوەیەکی فراوانی هەیە، پشتەوەی خانووە.

کۆشکی ئاشق، لە بەرزاییدا، لەبەری ئەوبەری دەچـڵە، کۆشـکی فـراوان، ژووری زۆر، نهـۆمی خوارەوەیـو دیوارەکـانی نهـۆمی سـەرەوەی رووخـاوە، پێپیلکـەکانی بـە کونێکدا ئەڕوا، کەلووی دوژەکـەی لـە گۆشـەکاندا، ڕێڕەوەکـانی، لێـی سـەرئەکەون بـۆ ژوورەکان، لە دەرەوە، کۆڵەکەو پاڵپشتی دیواری شوورەکەی ماوە.

سارمەڕا – بەغداد – 122 کم:

پـرۆژەی سەرسـار و پـردی سـەر بەنـداوەکـە، کارەبـا، بـەرەو بەلـەد 6 کـم لـە ڕێگەکـەوە، بـەرێکی هێڵـی ئاسـن، لای ڕاسـت، شـەمەندەفەری ڕێـی مووسـڵ، تارمییـە، تاجی کازمییە، ، ئەعزەمییە، بەغداد.

بەغداد – سەلمانپاك – 31 کم:

باشوری بەغـداد، ڕێـی کـووت، پـردی دیالـە، سـەلمان، بنـەی بەخشـە، ئارامگـە و خەوابگـەی سـەلمانی فارسـی، حەوشـی فـراوان، گـۆڕ لـە ناوەنـدا، ناوەنـدی شارۆچـکە، فلکـەی هێلکـەیی، گۆڕەپـان، فـوارەی ئـاو، لـە چـەرخی موسـتەنیسـردا، ئارامگەکـە دروسـتکراوە لـە تـەك مزگـەوتی موستەنسـیرییە، تاقیکیسـرا، بـەرزو قـایمو پتـەو، سـەیرانگەو دیـدەنی... تاقیکیسـرا، 30 کـم باشـووری بەغـداد، پاشـەواری ساسـانی، بـەرزی 30 م، درێـژی 148 م پـانی لـە خـوارەوە، لـە بنکـەوە 7 م، چـەرخی 3 ز،

تیسەفۆن لە کەناری دەچلە، باشوری خۆرهەلاتی بەغداد، بریتیبووە لە سلوقییەو تیسەفۆن، خێوەتو رەشماڵی خێڵەکی عەرەبی، نەریتو رەوشی رەسەنی کۆنمان دێتەوە یاد، چاخانەی میللی، شەقامو دار و درەخت، لە هەردوولایەوە، پاریگەی منداڵان، دیمەنی رەندو دلگیر، پەیکەری ئافرەت لە بەردەمی تاقەکەدا، پەرژینی تەلی چنراو، کۆڵەکەی کۆنکریتی، بە بەروپشتیدا.

بەغداد – کەربەلا - 98 کم:

کۆڕی نەسر، دووڕیانی فرگە، 17 کم بەخشی یوسفییە، پاسگەی حورییە، شارۆچکەی مەحمودییە، دووڕیانی گوندی 14 تەمموز، کارگەکانی ئەسکەندەرییە، سنووری ئوستانی بابل، حەسرە، دووڕیانی حیلە، بەغداد، 95 کم، بەنداوی هیندییە، بەرێکی هێڵی ئاسندا شارۆچکەی موسەیب، لا ئەکاتەوە بەلای راستدا، پرد 110 کم بۆ نەجەف، 23 کم بۆ کەربەلا، بە ناو باخی خورمادا، دووڕیانی حسێنییە و پێشەوا عون، ئارامگەکەی لە یارانی پێغەمبەر بووە (د.خ). بەناو زەویو باخدا، خاکی کەربەلای پیرۆز، گۆڕەپانی ئەتەق، ئەبوزەری غەفاری، پێشەوا عەلی کۆڕی پێغەمبەر، ناوەندی شار، شەقامی حەرەمەین، نێوانی خەوابگەی پێشەوا حسێنو عەباسدا... دووڕیانی نەجەف، گۆمی رەزازە، کۆشکی ئەخێزری مێژوویی، کۆشکی رێی نەجەف، ئارامگەی حسێن.. ئەو 7 گەشمردەیەی لە تەکیا بە بەهەشت شادبوون... قاسم کوڕی حسێن، هاوکارییو لە جەنگی ئەتەف عاشورا، 10 مانگی موحەرەم ساڵی 601 لە تەك سەرداری خێڵی بەنی ئەسەد، حەبیب کوڕی مەزاهیر ئەسەدی، کوڕانی حسێن، عەلی گەورە، ئەبدولا، کۆرپەی نێژراو لە رێی حسێندا، شمری کوڕی زیجەوشەن، کوژەری پێشەوا حسێن د.، سەری بە شیر لە لاشەکەی جودا کردەوە... چیرۆکی ئەم کارەساتە، واتای زۆری لەسەرە، بە تایبەتی لە سەر کەللەی حسێن، د. هەندێك ئەڵێن لە شامە، یا لە قاهیرە، یا لە کەربەلا، دوای 40 رۆژ هێناویانەتەوە لای لاشەکەی...

سەحەنەکە چەند دەرگایەکی هەیە، دەرگای قاضی الحاجات، القبلة، الکرامة، هەیوانەکەی میری دروستیکردووە، سەحەنەکە، لە چەرخی بوەیهیدا کراوە،

1200ز، قوبە و خرگەکانی زەرکەفتی زێـڕن، دوڕ و لوءلوء لە ناوەوە، ناوی 12 پێشەواکەی لەسەرە:

	لەدایکبوون	کۆچکردن
1- پێشەوا عەلی کوڕی ئەبی تالب	13 رەجەب	21 رەمەزان
2- حەسەن زەکی	15 رەمەزان	7 سەفەر
3- حسێن بەهەشتی	3 شەعبان	10 مەحەڕەم
4- عەلی سەجاد	5 شەعبان	25 موحەڕەم
5- مەحەمەد باقر	1 رەجەب	7 زیلحەجە
6- جەعفەر سادق	17 رەبیعی 1	25 شەوال
7- موسا کازم	7 سەفەر	25 رەجەب
8- عەلی رەزا	11 زیلقەعدە	کۆتایی سەفەر
9- موحەمەد جەواد	10 رەجەب	کۆتایی زیلقەعدە
10- عەلی هادی	2 رەجەب	3 رەجەب
11- حەسەن عەسکەری	8 رەبیعی 2	8 رەبیعی 1
12- مەحەمەد مەهدی – الحجه القائم	15 شەعبان	زیندووە

گۆمی رەزازە:

18 کم لە کەربەلاوە، بەلای هێڵی ئاسندا، گەرەکی تەعلیب، کۆڕی حوڕرەیاحی، دووڕیانی کۆشکی ئەخێزری مێژوویی، دەریاچەی ناوبیابان، گازینۆی ناو ئاوو کەنارەکانی، لمو ورد و بەردی نیشتوویی، سەیرانگە، با لە خۆراواوە بەسەریدا دێت، فێنك، بە پێچەوانەی دەریاچەی حەبانییە، سوێری زۆر ئەبێ، لەبەر کەمی ئاو، ئەبێ بە هەڵم، کزی رێژگە، دەفەری سوێرەکاتە.

کەربەلا – نەجەف – 85 کم:

شەقامی قیر بەلای خانە کۆنەکەدا، کە حەساوگەی کاروان بووە، لە کاتی خۆیدا، خانی حەماد 35 کم، ئەمێنێ بۆ نەجەف، 100 کم بۆ دیوانییە، قادسییە، پشتێنەی سەوزی شاری نەجەفی پیرۆز، النجف الأشرف، گۆڕی خانوو لەسەرکراو، حەساوگەی نەجەف پێشی شار، شەقامە سەرەکییەکانی، فەرمانگەکان، چەقی شار، وشەی نەجەف، واتە مۆم، رۆشنایی، ئارامگەو خەوابگەی پێشەوا عەلی کوڕی ئەبی تالب (د.خ)، خرگەی بڵندی زەرکەش، چەرخی بوەیهی دروستکراوە، 1200 ز، بەخشی کفل، ئارامگەی موسلیم کوڕی عەقیل کوڕی ئەبی تالبی تێدایە، مزگەوتی کۆن، شەقڵی کۆنو نوێی پێوەیە.

کوفە:

پێتەختی جێنشینی ئیسلامەتی بووە، لە چەرخی پێشەوا عەلی (د.خ)، بەر لەوە ئوستان بووە، لە چەرخی عومەر کوڕی خەتابدا (د.خ)، ساڵی 17 ك – 628ز، دروستکراوە، بە فەرمانی ئەو شاری کوفە و بەسرە بناخەی دانراوە، کۆشکی میرێتی، خانووی جێنشین لە پشت مزگەوتەکەوەیە، مزگەوتەکە 18 × 7 م، ساختمانەکەی کۆنە، نوێکراوەتەوە لە لایەن حاجی ئەبود شەلاشەوە، 1370 ك – 1950 ز، کۆڕی مزگەوتەکە، فراوانە، ئارامگەکە، لە کۆڕی دووەمدایە، رێڕەو هەردوو گۆڕەپانەکەی بەیەکەوە بەستووە، راڕەوەکە، رۆشنگەی لەسەرە.

موسلیم کوڕی عەقیل، نمایندەی حسێن بوو (د.خ)، لە کوفە کوژراوە، گۆڕی موختار کوڕی ئەبی عوبیدەی سەقەفی، یارمەتدەری حسێن بووە (د.خ) لە نزیکی ئارامگەکەیە، لە ناوەندی سەحەنەکە، کۆڕەکە، چالاییەکی هەڵکەنراوی تێدایە، گومانە، کە کەشتی نوح لێرەدا وستاوەتەوە، لەوبەری ئارامگەکەوە، تەرمی راکشاوی هانی کوڕی عروەیە... دێتەوە بۆ پردی کوفە، لەسەر ئاوی فورات، رێی حیلە، بەخشی کفل، حیلە، پاشەواری کیش، مەحاویل، گوندی نوێ، لەتیفییە، مەحمودییە، دووریانی فرگەی جیهانی، مزگەوتی ئوموتبول، کۆڕی نسور، بەغداد.

بەغداد – کوت، 171 کم - بەسرە، 545 کم:

پردی نوێی دیالە، زەوی سازکراو بۆ کشت بەشێوەی یاسای پەخش - بەزل، دووریانی سەلمان، 9 کم، بۆ سەلمان 22 کم لە بەغداوە پرۆژەی مرداری POULTRY سوێرە، 13 کم، حەفرییە، باخەکانی، مەڵبەندی تەندروستییەکەی، بەخشی عەزیزییە، پێشەوە رازاوەکەی، بە ناو عەزیزییەدا، شەقامو فرۆشگە و چاخانەو فەرمانگە، لەسەر کەناری دەچلە، 85 کم، لە بەغداوە، دووریانی پرۆژەی واسیت، دووریانی زبێدییە، زەوی بەکەڵك، دەبونی، مەڵبەندی تەندروستی 85 کم، دووریانی نەعمانییە، 8 کم، دووریانی بەدرە، 171 کم، پاسگە، 5 کم بۆ کوت، بۆ ناسریە، 179 کم کوت، بنکەی ئوستانی، واسیت، 171 کم لە بەغدادەوە، مۆناتی 290 هەزار کەسە، بۆ عەمارە، 196 کم.

کوت، عەمارە، 196 کم، بە زەوی کشتوکاڵدا پاسگەی چەباب، لەوەڕگە و کێڵگەی گەنم، نزیکی کەناری دەچلە، چاندنگەی شێخ سەعد و بنکەی بەخش، دەڤەری عەلی غەربی، بەخشی عەلی شەرقی، کمیت، شاری عەمارە، میسان، لە بەغدادەوە 394 کم ، پێشی شار، دووریانی شارۆچکەی مەیمونە 8 کم، لە عەمارەوە، لە دووریانەوە، 23 کم بۆ بەسرە 179 کم، پردی مشرەح، پردی کەحلا، کێڵگەی قامیشی شەکر، بۆ قەلعە ساڵح 44 کم، شارۆچکەی قەلعە ساڵح، عزیر، شارۆچکەی قورنە، پردەکەی، داری ئادەم، چەقاندنی سەرەکی پاشەواری بەهەشتی ئەدەن EDEN GARDEN لەسەرزەمیندا، ئیبراهیم خەلیل، نوێژی تێدا کردووە 2000 پ.ز، لێرەوە بۆ جبایش 45 کم، لە عەمارەوە، 107 کم، کۆمپانیای پەرە، گەرمە، پردەکەی بەسرە.

بەسرە – سەفوان 48 کم:

بۆ کوێت 168 کم، بۆ زبێر 20 کم، بۆ ئەبوخەسیب 19 کم، بۆ بەغداد 545 کم، بۆ فاو 105 کم، بۆ ئەبادان 45 کم.

بەسرە، ئەبوخەسیب، 19 کم، بە ناو باخی خورمادا، پردی خۆرە، خێزاوو نیشتاوی بەکەڵك، ئەبوخەسیب کوڕی مەنسور متوەکیل، فەرماندەی موعتەسەم، لە ڕۆبار دەپەڕیتەوە، حەمدان، حەمزە، سلیبیات، پردی دەرگا سلێمان، ڕێی قیرنەکراو، خانووی حەسیر، سەریفە، نشینیانی ناو باخ، ئەبی مەغیرە، مەڵبەندی تەندروستی، بازاڕ، پرد، ئەگەڕێتەوە بۆ ڕێی بەسرە، ڕێی بیابانە و چۆڵییە.

بەسرە – زوبێر 20 کم، سەفوان 48 کم... دووڕیانی ئوم قەسر، دارگەز، ئەسەل، شوێنو مزگەوتی پێشەوا عەلی (د.خ) پێشی زوبێر، زوبێر کوڕی عەوام لە کۆڕی سەعدی کوڕی ئەبی وەقاسەوە، لە بەسرەوە بۆ زوبێر 16 کم، بۆ کوێت 164 کم، بۆ بەغداد 545 کم.

لە نزیکی مزگەوتی پێشەوا عەلی لای چەپیدا، ئارامگەی تەلحە کوڕی ئەبدوڵا، ژوورو گۆڕ و ئارامگە، 2 × 5 م، بنمیچی، خرگەی گچکەی نزم، ڕێی سەفوان، درەختی تەلبەندکراو، قیرتاوی بیابان، حەساوگەی کارگەی خشت، دوای دارگەز، بیابانو چۆڵیو لمی ورد، زەوی نەوتی رمێلە، ئاگرەکەی لای ڕاست لە دوورەوە.

چیای سەنام، بارەگای فەرماندەیەتی بووە لە جەنگی دووەمی جیهانیدا، لە خاوەری ناوەندا، بەخشی سەفوان مەڵبەندی پاسپۆرتو گومرگ، ڕێژی.

سەفوان، - جەهرە 90 کم، ڕێی قیر بە بیابان‌دا، لە جەهرەوە بۆ کوێت 30 کم، پێتەختە، شارێکی ئاوەدان لەسەر کەناری کەنداو، لە ناو زەردەلمدا، ساختمانو خانووەکانی لەسەر شێوەی ئەوروپایی، هەر گەڕەکەی شێوەی تایبەتی هەیە، لەتەخشت، دیواری کۆن نابینی، شەقامەکانی بازنەییە.

بۆ ئەحمەدی 30 کم، لەسەر کەناری کەنداو، بەندەرو ئەسکەلەیە، دووەم شارە، چیمەنەکانی بە لوولە ئاو دەدرێت، کۆشکی میر، لەسەر کەناری دەریایە، لە کوێت چەند کۆشکێك لە شەقامەکانەوە ئەبینرێت وەکو بەنان، ئەحمەدی، فحیحیل،

30 کم، پەیوەستیئەحمەدییە، لێرەوە بە فەنتاس – فینتس، حەولی، شوێنی گرنگی کوێت، سالمییە، جزیرەی شیوخ... سەفوان – کوێت 120 کم.

بەغداد – عەقەرقوف – ئاگرگف:

5 کم، لە کێلگەی ئەبوغرێبەوە، 26 کم باتیر و خۆراوای بەغداد، لوتکەی زەقورە، لە دوورەوە دیارە، وەکو پاشەواری دوژێکی رووخاو، لە شێوەی دوژدا. دەریاچەی وشك، لە نزیکیەوە، بە زەقورەی پەزدانی – خوداوەندی ئەنلیل ناسراوە، پاشەواری دەوڵەتی کاشی – کاسی کوردە، لە سەمتی چیاکانی باکوورەوە هاتوون، حیتی – هیتی، شکستیان هێناوە، لایەنگری ئەکەدییان دابین کردووە بۆ خۆیان، نووسینیان شێوەی مێخی بووە، پەیوەندییان لەتەك فیرعەونەکانی میسردا هەبووە، بە گۆڕینەوەی نامە، بە بەڵگەی ئەو نوسراوو نامە تابلۆییانەی کە نێردراوە بۆ ئەخناتونی فیرعەونی میسر لە کوڕی کالزۆی شاهی کاشییەوە.

زەقورەکە پەرستگەیە، ئارامگەی شاهەکانی کاشییە، لە ژێرەوەیدا، لە قوڕو خشتی چوارگۆشەی قوڕی سوورکراوە دروستکراوە، قامیش، لە نێوانی چینەکانی، دیواری تیمیتۆس 2 م پان، بەروپشتی پەرستگەی زەمینی بووە، لە چاڵایی نزمی زەقورەکە، کونێکی هێلکەیی، کۆشکی کاریکالزو کوڕیکالزو لە پایتەخت بە دووری 1 کم لە پەرستگەوە، بەرزی خڕگە – قوبەی پەرستگە 100 م خشتی زەمینی سوورە، مۆری لاکێشی، نووسینی مێخی لێیهەڵکەنراوە، دەقەری گەشتوگوزارە.

بەغداد – ناسرییە – زیقار – 365 کم:

سەربازگەی رەشید، پردی دیالە، دووڕیانی سوێرە، بەخشی عەزیزییە، لەسەر رۆباری دەجلە، بە ناوەندی شەقامەکانی عەزیزییەدا، دووڕیانی زبێدییە، نوعمانییە، کوت... تاکو ئێرە 171 کم، بەنداوی کوت، دووڕیانی موەفەقییە، شارۆچکەی حەی 47 کم لە کوتەوە، رێی بە کەناری رۆباری غەڕافدا، فێرگەی فاخر، بەخشی سویج شەجەر – فەجر، کەناری غەڕاف، قەلعەسوکەر، لە حەییەوە 45 کم، بۆ روفاعی، 15 کم ئەمێنێ، بەخشی قەلعە، دەڤەرێکی خۆشە، هەوارگەی ناسرییەیە، باخوداری

میوەی زۆرە، لەسەر کەناری رۆباری غەڕافە، بەری ئەمبەری ئاوەدانە، فێرگەی سەرەتایی، ناوەندی کوڕانو کچانی تێدایە.

روفاعی:

شارۆچکەیە، 15 کم لە قەلعەسوکەرەوە، لە سەر کەناری غەڕافە، راستە شەقام، دادگەو فێرگە، فەرمانگە، پۆستی عریشی، بەخشی نەسر، ئەوبەری ئاوەدانە، 20 کم لە روفاعییەوە، لە پێشدا سویچ شەگبانی پێوتراوە، بەدعە، بەنداوەکەی بۆ دەوایە، 30 کم، بۆ نەسر 12 کم، بەنداوەکە 65 کونی هەیە، تیرەی هەر یەکێکیان 1ر5 م، 3 کم لە شەترەوە.

ناسرییە:

لەسەر رۆباری فوراتە 250 هەزار کەس پترە، پردی گەورە لەسەر رۆبارەکە، ئەمبەری ئاوەدانە، شەقامەکانی رێکە، ئەوبەری خەریکە لە پێشکەوتندایە، چەرخی مدحەت پاشا لەتەك شاری رومادی دروستکراوە... ناسرییە – سوقوشیوخ 29 کم، لە سەر رۆباری فوراتە، شارۆچکەیەکی کۆنە، پێشکەوتوو نییە، لە شەقامی قیرەوە بە پاس هاتوچو بۆی ئەچن.

ناسرییە – ئەلبوساڵح 44 کم، لەسەید دخیلەوە بۆ فرهە، ئەلبوساڵح ، بنکەی بەخشە، ئیسلاح، فێرگەو فەرمانگەو پۆلیسی تێدایە، لەسەر هۆڕ – زەلکاوی ئەلبوساڵحە، لە کەناری کۆتایی رۆباری غەڕاف، کە لێرە کۆتایی دێتو ئەڕژێتە هۆڕەکانەوە.

ناسرییە – بەغداد – 375 کم:

دووڕیانی ئور، بەتحە، بەخشی خزر و پردەکەی، پۆستی خافورە، سەماوە، تاکو ئێرە، 100 کم، بنکەی ئوستانی موسەنا، سماوە، کارگەی چیمەنتۆی تێدایە، لە پردەکەیەوە، بەری ئەمبەر ئاوەدانی، لێرەوە بۆ نوگرەسەلمان 190 کم... پردی ئاسنی سوێر، پۆستی سوێر لەمبەر، پۆستی حەجامە، بەخشی رومێسە 63 کم بۆ دیوانییە، قادسییە، پۆستی عارزیات، شوێنی بەیەکگەیشتنی رۆبارەکان، بەخشی

هەمزە، لەسەر رۆباری حیلە، رومێسەش لەسەر ئەم رۆبارەیە، ئارامگەی هەمزە، لە نزیکیەوە، دووڕیانی شەنافییە، دیوانیە، بەخشی سەنییە و قاسم، دووڕیانی هاشمییە، حیلە ، بەغداد.

ناسرییە – جبایش:

لە سەید دخیلەوە، فرهە، دووڕیانی فهود، گەوبەع، خدری زیندە، خضر حی الدار، دووڕیانی عبید، دەشتو بیابان، بائەداتەوە بۆ لای سوقوشیوخ، هۆڕو زەلکاو لە هەردوولاوە، لای راستی ئاوی فوراتو لای چەپی ئاوی شەترەی تێئەڕژێت، باخی خورما، فهود، بنکەی بەخشە، خانووەکانی حەسیرە، سەریفەیە، فرمانگەکانی لەوبەر پردەکەوە، ئاشو گەراج، ئەچێتەوە ناو فهود، بەخشی سەر بە جبایشە، فێرگەی تێدایە، بە ناوی خەرجییەی کوڕانو کچانەوە، کارەباو لوولەکەشی ئاوی هەیە، راستە بازاڕەکەی هەمە چەشنە شتومەکی تێدایە، دارخورما و سەریفە، لە هەردوولای رێگە لە نێوانی هۆڕو زەلکاودا، گومەزی سەید ئەحمەد، پردی گچکە پێش گومەزەکە، فێرگەی ئینتفازییە لە گوندی عەمائر، فێرگەی مەجد، لە گوندی ئەلبوشامە، لە خشت دروستکراوە، نزیکی هۆڕی حەماڕ، لای چەپی رێگە هەتا چاوبڕبکات، هۆڕی حەمارە، رەنگی ئاوەکەی سوورە، مەلوبالندەی زۆر تێدایە، خانووەکانی هەموو حەسیرە، سەریفەیە لە ناو هۆڕەکەدا، ئاوی تێدەچێت، بالندەو مەلەکان، زوربەیان وەکو مراوییە... نعیجی ئاو، قاز، ئەمحوس، سپیو گەورە، ماسیگرە، بدرهان، بیوزی سودانی، خزیری، حەزاف، سەند، بریزجی خۆی نقوم ئەکات، رزقی ، کەرکی، دجاجی ماء، حەممەر، زۆر گەورەیە، 7 گەزە، غاق، غەرنوك، رخیوی، بە گەلێکیان دەڵێن حوڕ، لەبەر ئەوەی گۆشتی دەخورێ، خاوێنەو بۆگەنی نییە، حلیجی، منیلی، جەهلول، کەرسوع، تەتوە، عەرموت، شهیبی، سمێکی، عویدی، وەردە... حوڕەکان ئەمانەن: بەربەش، کۆشەم، حەزاف، مەسو، خزیری، ئەبوزەلە... لە چەند پردێك تێدەپەڕیت، زەلو قامیشی بەردی زۆری ناو هۆڕ، رەشماڵو دەوار، لە کەنار، مەڕو ئاژەڵ، لە نزیکیەو، ئەلەوەڕێت، دەڤەری قامیشو حەسیر، سەرچاوەی ژیانی

هۆرنشینانە، هۆی گواستنەوە، بەلەمە، مەشحوف، لەسەر ڕێگەکان حەسیر لێژنەکراوە، قامیش هەڵئەقلیشێنن و حەسیری لێدروست دەکەن..

وشەی جبایش — کەبائس، پەستاوتن، لە کەناری هۆڕی حەمارە، شارۆچکەیە، کەنارەکەی ڕێکخراوە، باریکەڕێی بۆ کراوە، بەردەمەکەی دارو درەختو باخە، فەرمانگەکانی هەمووی لە بەردەم باخەکانە... هۆڕی حەمار، لە ئاوی فوراتو شەترە پێکدێت.

ناسرییە – سوقوشیوخ – 29 کم:

شەقامی قیر، بە پاس هاتوچۆ، فێرگەی حورپیە، ئیمام باقر، شەریف رەزی، سوق، شارۆچکەیە، پردی گەڕۆك بەرەو گەرمەو عکێکە، بە ماتۆر بە ئاودا 3 کات لە سوقەوە بۆ گەرمەوتار، نیو کاتە، ئەگەیتە فێرگەی کیفاح، هەردوولا باخی خورما، خێڵەکان ناو باخەکانیان ئاوەدانکردۆتەوە، بە تایبەتی خێڵی بەنی سعید، ڕێی ئوتومبیل لای چەپ، ڕێی نوێ لای ڕاست، چەند دەرگایەکی ئاوی، بۆ ئاودانی باخەکان، پردی گچکە بە سەریانەوە، جۆگەکان 1 م پانن، لە کاتی بەنداودا، خێزاو، دەرگاکان دادەخرێت، بۆ ئەوەی لافاو، ناوباخەکان تێکنەدات.

ئاوی فورات لە گەرمە ئەبێ بە 3 لکەوە: 1) مزلك، 2) حەفار، 3) منخەڵە. لە تار دەبنەوە بەیەك، ئاوی فورات لای پاڵێوگەی ئاوی سوقەوە لکی عکێکەی لێجوێئەبێتەوە، لای تار دیسانەوە ئەڕژێتە هۆڕی حەمارەوە، نزیکی ڕێژگەی لکەکانی تری فورات، هەروەها ئاوی شەترەش دێتەوە بۆ لای کۆتایی ئەلبوساڵح، دەڕژێتە هۆڕی حەمارەوە، هەموویان هۆڕی حەماریان لێپێکدێت.

ئەم دەڤەرە خورمای زۆرە، بەڵام، هۆی گواستنەوەیانە، خانووەکانیان لە حەسیر و پووشە، بە درێژایی کەناری فورات، لە هەردوو لاوە، باخی خورمایە، بە تایبەتی چەشنی شویس، گەڵی چەشنی تر، وەکو: قونتار، ئەستی عەمران، حابسی، خەزراوی، هێری، دێری، زهدی، مەکتوم، خەساب، خەستاوی، بریم، میاسی، ودگڵ، حلاوی، خەساوی بەغەڵ، شەکەر، بەس، سەفار، هەدلە، بربەن، بە چەشنی سویسییەوە، خورما گەلی جۆرە..

جگە لە خورما، برنجی عەنبەریان هەیە.

دوای ئەوە ئەگەینە فێرگەی شروق، ساختمانەکەی لە خشت دروستکراوە، بە درێژایی کەناری فورات، سەریفە، خەرمانی خورما، هەڵدراوەتەوە، بە بەلەم ئەگوێزرێتەوە.

گەرمە، بنکەی بەخشە، لە سەر ئاوی فورات، 10 کم لە سووقەوە، ئاوی فورات لێرە ئەبێ بە 3 لکەوە، لای راستی منخەڵە، ساختمانی پولیسو فێرگەی لێکراوە، لکی حەفار، لە هەموویان پانترە، پردی گەورەی لە سەرکراوە، چەند کونێکە درێژی 75 م.

بە ماتۆڕ بە ژێر پردی مەزلەکدا 3 دەرگایتر، لە تەنیشتی گوزەرگەوە ئەیبینی، دەرگاکان 3 م پانن، گوزەرگەی ماتۆڕەکان 4 م، هەردوولای کۆنکرێتە، باخی خورما لە هەردوولاوە، نیوکات بۆ فێرگەی ئال جوبێر، خاوەن باخەکان، کارگەر ئەگرن بۆ کۆکردنەوەی خورما بێدراو، تەنها خورما وەرئەگرن، ئەم کارە، پێی دەڵێن، تەمرە، بە کارگەران دەڵێن ناگولات.

لە کاتی خورمادا، باخەکان ئاوەدانن، بە زۆری خێڵی بەنی سعید... پاش ئەوە، ئەچێتە فێرگەی حەزارە، لە سەریفە کراوە، گامێشی زۆر لە ئاوی فوراتدا ئەبینی، دیوەخانو میوانگە ئەبینی، لێرەدا بەشی خێڵی ئال جوبێر کۆتایی دێت... لە گەرمە، جۆگەی حەمیدی، زگێتی، لێجوێدەبێتەوە، لە لکی مەزلەکەوە.

سەرداری ئال جوبێر، حاتەم موزانە، هەنوکە حسێن حاتەمە، کوێخایە، بە تیرەی کەریم ئال موحسندا، تێدەپەڕین، فێرگەی ئال جوبێر لە خشت دروستکراوە، خانووی لێکراوە بۆ فێرکاران، مامۆستایان... گوندەکە تۆزێ لەملاترەوەیە.

بە ناو ئاودا بە ماتۆر تاکو تار، پاسگەو بیمارگەو بازاڕ، ئاوی خاوێنی تێدایە..

حەفار دێتەوە ناو مەزلەك، دوای ماوەیەك مەزلەکو حەفار و منخەڵە، دەڕژێنە هۆڕی حەمارەوە، بازاڕی تار، ساختمانەکانی، لە کەناری ئاوی مەزلەکو حەفارە، فێرگەی وەتەنی تێدایە، لە خشت کراوە خانووش بۆ فێرکاران کراوە.

بەدرە – بەد ڕێ:

لە واسیتەوە – کوت – 71 کم:

ناوەکەی لە بەد ڕێوە، هاتووە، شارۆچکەیەکی کۆنە، پەیوەستی کوتە، بەری کۆنی لە ناو باخدایە، بەری نوێ، فەرمانگەو خانووی لێکراوە شیو بە ناوەندیدا، لافاوی زستانی پێدا دێت، وشکە لە هاویندا، پردی کۆنکریتی لەسەر کراوە، هەردووبەری بەیەکەوە بەستووە، ئاوەکەی سوێرە، لە دامێنی چیاکانی پشتکۆوە دێت، بە کانیخوێدا تێدەپەڕێت، ئاوەکە سوێر دەبێت، ڕێگەکە قۆرتی کەمە، مۆناتی 10 هەزار کەس پترە، دەرامەتیان کشتو باخی خورما و ترشەمەنییە، باشترین چەشنی خورمای هەیە، لە نزیکی خانووی فەرمانبەرانەوە، گردێك پێی‌دەڵێن عوقر... فێرگەی سەرەتایو ناوەندی کوڕانو کچانی تێدایە، دانیشتوانی کوردی لوڕن، 2 بەخشی هەیە:

1- زرباتییە، نزیکی سنوورە، شوێنگەی بەرزو نزمی، ناوباخ، لە وشەی زڕ-باتیَ واتاکەی هاتووە، 13 کم لە بەدرەوە، مۆناتی 3 هەزار کەسە، هەموو کوردی لوڕین. دەرامەتیان، باخی خورما و ترشەمەنی، میوەیە، ئەو شیوەی کە شارۆچکەی بەدرەی شەقکردووە، بە ناو بەخشی زڕباتییەدا دەڕوات، لە دامێنی چیاکانی پشتکۆوە دێت، فێرگەی سەرەتایی کوڕانو کچانی تێدایە.

2- جەسان، لە بەدرەوە، 19 کم، زوربەی دانیشتوانی عەرەبن.

دیوانییە – شامییە – 34 کم:

شارۆچکەیەکی دیوانییەیە، ڕێی قیرتاو نەکراو بە ناو هۆری شامییەدا، ڕێی خاکوگڵی بەرزکراوە، لە هەردوولاوە، ئاو، لە لای ڕاستەوە لە کونەکانی حەفار و نورییە و 4 کونی ترەوە، دێت بۆ لای چەپ، پردی تەختە بەسەر کونی ئاوەکانەوە، پێشی شامییە کۆڕ و باخو شەقامی قیری ناو شارۆچکە، پرۆژەی ئاوو ئەلەکتریك، فێرگەی سەرەتاییو ناوەندی کوڕانو کچان، فەرمانگەی تێدایە.

لە ئەبی سخیرەوە، 15 کم، خانووی حەسیر، سەریفە بەروپشی شاری تـەنیوە، چاخانەو بازاڕی گەورەی هەیە پردێك بەری نوێو کۆنی بەیەکەوە بەستووە، پردەکە لەسەر لکی فوراتە.

بەری نوێی خانووی میری زۆر تێدایە..

رێ لە شامییەوە بۆ ئەبی سخیر، بە ناو گڵو خاکدا، باخ لـە هـەردوولاوە، پـردی تەختە لەسەر کونە ئاوەکان بۆ پەخشی ئاو.

ئەبی سخێر:

شارۆچکەی دیوانییەیە، لـە نەجـەفی شکۆدارەوە 18 کـم، لـە میشخابەوە 18 کم، لە شامییەوە 15 کم، ساختمانی نوێو فێرگەی سەرەتایی، ناوەندی کوڕانو کچانی هەیە، پـرۆژەی ئـاوو ئەلـەکتریکی تێدایـە، شـەقامەکانی قیرە، پـردی گـەڕۆك، نزیکی پێشی شارۆچکەکەیە، باخی هەیە.

بەغداد – تاران:

لە کاسل پۆستەوە، خان بەنی سەعد بـەرەوە باقووبـە، شارەبان، 45 کـم، 70 کم بۆ خانەقین، مەنسورییە، کەژی هـەمرین، قزرابـات، سـەعدییە، خوسـرەواباد، بـۆ دووریان 1 کم بۆ خانـەقین 26 کـم، رێـی بـە نـاو گردۆلکـەدا، 15 کـم بـۆ خانـەقین، پێدەشتی کراوە، خانەقین، لـە بەغـدادەوە 159 کـم، پۆسـتی گـومرگ، رێـژی سـنوور 8کـم، مونزرییـە، خەسـرەوی، سـاختمانی مـیری کۆتـەڵی شـێر، سـاختمانی گـومرگی فراوان، حەساوگە، کەشو ئاو و بای کتومت لە خانەقین ئەچێت، دارخورمای زۆرە، بۆ قەسری شیرین 15 کـم، لـە قەسـرەوە بـۆ کرمنشـا 200 کـم، گونـدی خەسـرەوی لە نێوانی گردا، رێی بە ناو زورگەزراودا، تـەختی، پـردی کـراوە، بـۆ کرمنشـا، 190 کـم، پێچو لابەلاو هەوراز، تـەختی، رێـی قـیر، زنجیرە چیای راکشاو لەبـەر دەمتـا، چۆکی داداوەتە سـەر سـنگی زەوی، درێژبۆتـەوە لـە بـاکوری خـۆراواوە بـۆ باشـووری خـاوەر، قەسری شیرین، بەروپشتی گیراوە بە باخی خورما لـە نێـوانی گردۆلکـەدا، هـاڕەی ئـاو لـە بـاخی نـاو شـیوەکاندا، سـاختمانەکانی لەسـەر گـرد بـە بەرزاییـەوە بـڵاو، بەهـەردوولای رێگـەدا، گۆڕسـتان لای راسـت، فرۆشـگەو چـاخانە بـە هـەردوولای

شەقامدا، باخ لە پشتەوە، خانووەکانی لە خشت کراوە، پرۆژەی ئاوی تێدایە، ڕێی بە تەختاییو پێدەشتدا، دووڕیانی کۆمپانیای نەوت، بۆ کرمنشا 160 کم، گوندی گچکە لای ڕاست، گوندی پڕ لە دارودرەخت لای چەپ، سەرپوڵی زەهاو، پردوئاو دارودرەختوو خانوو تا گەروو، تەنگی شارۆچکە، بە ناو دەربەندا، وەکو دەربەند بازیانە، لە بەروپشتەوە پێدەشت لە پێشیەوە، 140 کم بۆ کرمنشا، زنجیرە چیا لە هەردوولاوە، لە پێشەوە ئاوو پردو کون، چاخانەی نزیکی گوند، دێهات لە هەردوو لاوە، ڕێی شاخاویو سەخت لە پایتاقەوە دەست پێدەکات، وەکو پشتەوەی دەربەندخانە، هەوراز و بەرزی کەمکەم بەسەر شیوێکدا ئەڕوانیێ، گوند لە ناو شیوەکەدا، نەوتخانە، دامێنی چیا لای چەپەوە، گەروو، تەنگی، دەربەند و هەوراز، لە ڕێی سۆلاڤ دەچێت، دارودەوەن بە کەژەکانەوە، بای فێنکو سازگار، پێچی شاخ، سەرپاتاق، نشێویو نەوی، پێچ، دارودەوەن بە کەژە نزیکەکانەوە، هەر دەڵێت ڕێی زاوێتەیە، دارچنار لە تەنیشتی ڕێگەوە، 120 کم بۆ کرمنشا، پێچی هەوراز، تەختی، بەرزایی کەژەکان کەم ئەبنەوە، چاخانە و هەوراگەی **سەرمیل**، وەکو هەوارگەی بادێیە، هێجگار خۆشە، ڕێی بەناو پێدەشتدا، چاخانە، پەیوەستی سەرمیلە، تەختی، کرند و باخە دلگیرەکانی لە دامێنی چەپی چیا، پشتەوەی تەنگیو دەربەند، ڕێی بەناو دارچنارو باخدا، فرۆشگەو چاخانە، پێدەشت 100 کم بۆ کرمنشا، شائاباد، لای ڕاست، 70 کم ماوە، پادگانی شائابادی خۆراوا، باختەر، باتیر، شائابادی غەرب، بەنزیخانە، دارودرەختی چڕو مەزن، هەردوولای ڕێی تەنیوە، دووڕیانی ئیلام، بە ناوەندی شارۆچکەی شائابادا، باخ، لای چەپ، تەختایی، 60 کم ماوە بۆ کرمنشا... زنجیرە چیا لای ڕاست، دووڕیانی مەلاوی – ئابادان، تەختیو هەوراز، گوندێکی گچکە، فێرگەو چاخانەی تێدایە، 50 کم ماوە، دەربەند ئەبڕیت، بەرزایی لە شەقامەکەوە 7-4 م، بەسەر دەشتێکی کراوەدا دەڕوانیێ، پێچی نشێویو پەستی، بە دەربەندەکاندا، تەختیو دەربەندیتر وەکو دەربەند بازیانی سلێمانی، دارودەوەن، لە هەردوولاوە، پێچی نشێوی، چاخانەی چار زەعفەر، پێدەشت، چاخانەیتری سەرڕێ، ماهیدەشت، ڕێی تەختیو هەورازو نەوی، 10 کم بۆ کرمنشا.

کرمنشا:

شارێکی مەزنە، 600 هەزار کەس پترە، شەقامی شاپور، دووکەرتی کردووە، کۆڕو مەیدانی شا، شوێنگەی لێژی، کەشوئاووبای خۆشی، دلگیر، هەوارگەکانی، تاق بوستانە 2 کم لە ناو شارەوە، پاشەواری ئەردەشیری 2، خەسەروی پەروێزو شاپووری 2، لە چیاکە لە بەرد هەلکەنراوە، چالاوی گەورە لە بەردەمی کەژەکەدا، چاوگە، باخودرەخت لە هەوارگەی سەرچناری سلێمانی دەچێت، هەوارگەی بێستون، پەیکەرەکانی هەرقەل، بە بەرجەستەیی ژمارەیەك، چاوگی ئاوی سارد لە ژێرەوە، دەڕوات، باخەکانی درێژ بۆتەوە، جۆگاکانی لکی لێبۆتەوە، لە چاوگەوە، بەهەشتی سەرزەمینە، 40 کم لە کرمنشاوە، گوندی بێستونی گچکە، بازاڕو فرۆشگە، کارگەی شەکر، خاوێنگەی شیر، پردی شائەباس، لەسەر رۆباری دینەوەر، دێهاتی سەرڕێی، کرمنشا، بێستون ئەمانەن: کاگییە، پاسگەو چالاوە، دووریانی هەرسین، خورەماباد.

کرمنشا – سنە – 128 کم:

رێی قیرو دەشتایی بە رێکی زنجیرە چیای بێستوندا، گوندی قازانجی، دیدەنگەی خدری زیندە، باخەڕازاوەکانی، پێدەشت، گوندی ئاودەربەند، برنجان، خاوەن باخوبێستان، رێی لە دامێنی کەژەوە بە شیوێکدا، پردی کراوەی تازاوا، لە سەر ئاوی تازاوا، پێدەشتی کراوە، بەخشی کامیاران، لەسەر سنەیە 70 کم لە سنەوە، گوندی وەردە، رێی دەچێتەوە بۆ دامێنی چەپ، بە شیوێکدا، دەربەند بەسەر شیودا دەڕوانێ، ئاوی پێدا دەڕوات، گەردنەی برواری پێدەڵێن، هەوراز، کۆتایی دەربەند، 60 کم بۆ سنە، پێچی نەوی پێشەوەی کەژ، باخی چناری بلاو، سەختوشاخاوی، هەوارگەی سەربناو، چاخانەکەی.

رێی دێتەوە لای چەپ، 50- کم بۆ سنە، پردی کراوەی ئاورۆشن، رێی دەڕواتەوە لای راست، تونێلی ئەباساوا، 20 م، پێچی بڕدراو، تونێلی تر وەکو هی پێشوو، گوندی شیلان، هەوراز، دەربەندەکان ئەبڕیت، پێدەشت، گوندی کرێزە، هەوراز، سنە لە چالیو پەستیدا، لەسەر چەند گردێك، گەژوکێو بە بروپشتیدا.

سنە:

سنە، ساناندوژ، قەلای سانان، سولتانان، سینەدوژ، سنگ کێو، قەلای سنگ، بنکەی ئوستانی کوردستانە، لە شاری سلێمانی دەچێت لە مەزنیدا، 2 شەقامی سەرەکی چوار کەرتیکردووە، لە کۆڕی شا یەکئەگرنەوە، کۆڕیتریشی هەیە وەکو ئیقبال زەمان، هیتر، شەقامەکانی فیرو ڕێکە، پەیکەری شا، لە کۆڕی شا، فەرمانگەی میری تێدایە.

سنە – هەمەدان – 180 کم:

ڕێی سەختوشاخاوی، فیرنەکراو، گوندی فەرەج قشلاخ، پردی کراوە، سایلوی دانەوێڵە، نزیکی دارودرەختوو ڕۆبار، ڕێی شاخاوی بە دۆڵدا، کێوی رووتەن لە هەردوولاوە، دۆڵی پڕ دارودرەخت، گوندی گچکە،پێچی هەوراز، چاخانە، پێچی لابەلاو تەخت، سەڵوەتاوا، سەرکەل، دۆڵ لە خوارەوە، کێوی رووتەن، لێژی، ئاووبای سارد، پێدەشتی فراوانو گوشاد، بەخشی دەهگلان، ئاوەدانو ڕازاوە، پێدەشت، گوندی ئاردەسەر، هەسەناوا، دارو درەختو فێرگە، گوندی کاشگرا، شارۆچکەی غەروە، قەروەی تورکی، ناوەندی ڕێی سنەو هەمەدانە، پێدەشت، ئەچێتە ناو مەڵبەندی تورك زمانەوە، گوندی نازماوا، سالحاوا، تورکمانن، فیرتاو سەربازگەی هەمەدان، دووریانی بیجار، شاری هەمەدانی ڕازاوە، فێنکوسازگار، دارودرەختو بێستانو میوە، شارێکی گەورەیە لە دامێنی کێوێکی ڕەشدا، هەوارگەیە، شەقامەکانی، لە ناوەندا، لە کۆڕی جوانی شادا یەکئەگرنەوە، پەیکەری ڕەزاشای تێدایە، بە سواری ئەسپەوە، کۆڕو ئاوی پژاو، فوارە، دارودرەخت.

هەمەدان – ئەکباتان:

شارێکی ڕەند و جوانە، بنکەی ئوستانە، تورکمانی زوربەن، لە دامێنی چیای ئەباساوادایە، 225 کم لە قەزوێنەوە، دوورە.

هەمەدان – قەزوین – 225 کم:

دووڕیانی پایگای شاروخی، پێدەشتو ڤیر، گوند و چاخانەی سەرڕێ، گردۆڵکە، چاخانەی گەرمك، شارۆچکەی ناوج، لۆکنتە و ئوتێل، فرمانگە و دبیرستان و ناوەندی، زورگەزراو و گردۆڵکە، پێچی نشێویو لێژی، چاخانە، پێچی نشێویو لێژی، گردۆڵکەی بەردینی سوور، پردی کراوە، تونێل 7-5 م، پەستی، گردۆڵکە و گوندو پێدەشت، گوندی ئاوەدانو پڕ دارودرەخت، ئیرەماباد، هێڵی ئاسن، شارۆچکەی تاکستان، دەشتی کراوە، ڕێنمای پۆلیس، فێرگەی ڕەزەوی، 15 کم بۆ قەزوین، قەزوین، باخەکانی ڕێکنەخراوە، بەرەو تاران.

قەزوین – تاران:

دەشتی کراوەو دارودرەخت، بە هەردوولادا، کارگەی شەکر، ڕێنمای پۆلیس، لۆکنتەو چێشتخانەو حەساوگە، شاری پیشەسازی قەزوین، 90 کم بۆ کەرەج، ڤیرتاوی باش، دەشتی کراوەو بەرین، دووڕیانی تالقان، پێدەشتی لا چەپ، چیای پاسگەی ئابیك 45 کم بۆ کەرەج، جەلیلاوا، دووڕیانی نەزمراباد، کارگەی چنین، گوندی هەشتگورد، 30 کم بۆ کەرەج، یەنگئیمام، دووڕیانی ویلیان، کۆمپانیا و چاخانە، کێلگەی حەمیدیو سوهەیلیر حەکیمی، دووڕیانی بورغان، خانووی گوندەکان، لە قوڕ دروستکراوە، وەکو گوندەکانی باشووری ئیراق، پرماینە، دووڕیانی کەمالاباد، گوندی حەسارکو باخوبێستانەکەی، کەرەج، دەروازەکەی، باخەکانی ڕێکوپێکن، دووڕیانی گوڵشەهر، دارودرەخت لە دوولاوە، ڕێی تەنیوە، ساختمانو هەوارگە، ئەم راستە شەقامە بە تارانەوە نووساوە، پەیکەری شا، پردی داخراو، کەژوکێو لای چەپ، پرۆژەی جەنگەڵ، خانووی یەك لەسەر یەك وەکو پێپیلکە، باخو بێستان لای راستی، بە ژێر پردا، شەقامی تەنراو بە درەخت، لە هەردوولاوە ڤیرتاو، دارودرەخت نامێنی، دووبارە، دارودرەخت، کەژوکێوی لای چەپ، 20 کم بۆ تاران، فرودگەی میهراباد، نووساوە بە تارانەوە، کەنارو دەروازەی تاران، نزیکی چیاکە، هەمووی شارۆچکەو خانوو ئاوەدانییە، کارگەی زۆر بە هەردوولادا، تاران.

تاران:

شارێکی رەند جوانە، پێتەختە، 5 ملیۆن کەس پترە، شەقامەکانی، لالەزار، بزورجەمهەر، مەولەوی، شاپور، شارەزا، لە فرودگای تارانەوە، بۆ تارانپارس، شەقامی پەهلەوەی، فیردەوسی، سەعدی، هەوراگەی شەمێران، دەربەند، سەربەند، پولی تەجریش، بەهارستان، کۆرو گۆڕەپانو مەیدانەکانی، مەیدانی سوپا، تۆپخانە، سێرای سپەند، مەیدانی سەعدی ، شوش.

تاران – رامسەر – 265 کم:

لە کەرەجەوە، هەوراگەی گەورە و ناودار، پێچو دارودرەخت، ئاوی ساردی کەرەج، لە چیاوە دێت، 140 کم بۆ چالوس، ڤینە، رێ بە دۆڵدا، سەختو شاخاوی بەسەر شیودا ئەڕوانێ، تونێل 20 م درێژ، تونێلی دووەم، درێژتر، تونێلی سێیەمو چوارەم 100م، چالاو و بەنداوی ئەمیرکەبیر، لە بەنداوی دەربەندخان دەچێت، دەریاچەیە، تونێلی پێنجەم 70 م، شەشەم تونێل 3 کم، رووناکە، دەریاچەکە لە بەردەمتا، تونێلی هەشتەم، 8 کم، نۆهەم 10 م، چاخانەی دهقانان، دۆڵی تەنگو تەسك، ئاو لە تەنیشتیەوە، چاخانەی سەرڕێ، گوندی نیسار، هەوارگە و خانووی بلاو، لە ناو باخدا، بەردەگەچ، لە شاخەکە دەردەهێنن، بۆ کوورەی گەچ، هەوارگەی کچسەر، خانووەکانی بلاوە، پردی کراوەی کۆن، دووڕیانی گاچرە، دوو تاقی کۆنکرێت، چەند تاقێکیتر، بەرانبەری، پێچی هەوراز، 2 تاقیتر، تونێلی 3 کم، لێژی، دووڕیانی ئیلگا، تەنگیو گەرووی درێژ، ئاوی پێدا دەڕوات، کەژوکێو و نزار، هەوارگەی سیابێشە و ڤالیئاباد، لێژیو پێچو پردو ئاو، رکەبەردی گەورە و تاشەبەرد، کەژونزار، گەروو، تەنگی دزین، دوژە، چاخانەی هەمیشە بەهار، رێی پشتی چیاو زنجیرە چیا لە بەردەمتا، 30 کم بۆ چالوس، شاخی گلی ، رێ بە نێو دیوارە چیاکاندا، مەزرانئاباد، پۆستو فەرمانگەی لێیە. هەوارگەی خۆش، نهالناز، دووڕیانی دەشتنەزێر 20 کم بۆ چالوس، ئاوو دارودرەخت، لە ناو شیوو دۆڵدا، پرد، جەنگەڵی چڕو رەش، ئاو دێتە خوارەوە، رێی ڤیر و پێچو لاری، پێچو لوولخواردوو، وەکو

رەشمار، هەور بە سەرەوە، ساردو نمنمی باران، لە نیوەی دووەمی مانگی ئابدا، گەڵای داری رەونەقدار، شۆراوە بە نمەی باران، خاوێن، رووناکی چاوی گەشتیارە، کێڵگەی هەسەن زەهوری، جەنگەڵی چڕوپڕ، لە هەردوولاوە، **شاری چالوس**، فەرمانگەو پەیکەری رەزاشا، لە مەیدان، باخی گشتی، پردو ئاو، شاری رازاوە، بەرەو رامسەر، باخوباخاتی سەر ڕێ، 75 کم بۆ رامسەر، عەلی سەرای لەسەر دەریای کەزبین، دەریاکە دەبینی، باخ لە کەناری، شەپۆلی دەریا، شڵپوهوڕپەتی، ڕێ بە کەناری دەریادا، موتول غو، جەمشیدخان، ئەباساوا، موتول دیانا، نەشتارود، موتول مەرجان، شاری شاەسوار، گازینۆ، تونێل، هەوراگەی رامسەر، شاری رامسەر، پەیکەری شا لە دەروازەی شاردا، فەرمانگەو نەخۆشخانە، شاری شاخاوی لەسەر کەناری دەریای کەزبین، بەرەو رەشت.

رامسەر – رەشت:

ڕێی کەناری دەریای کەزبین، چیا جەنگەڵ، چڕو رەش لای چەپ، شارۆچکەی چابوکسەر، باخوباخات، بە کەناری دەریادا، شارۆچکەی گەلاچایی، لە دەریا دوور ئەکەوێتەوە، بەرەبەرە، تەسکەرمەحەلە، ڕێ بۆ رامدەشت، لەسەر دەریا، شاری جووسەر، پەیکەری رەزاشا لە چەقی شاردا، شەلما، شەقامی ڤیر کۆتایی دێت، دووبارە ڤیر، شاری لەنگەرودی رەندو جوان، کێڵگەی چا، مەرەزە، کارگەی چا، ئوتێل ئیشار، شاری لاهیچان، کە بە بەرهەمی چایی ناوبانگی دەرکردووە، بنکەی ئوستانە، جەنگەڵ بە هەردوولادا، شارۆچکەی لولومند، کوچی سفهان، مەرەزەو دارودرەخت، لە هەردوولاوە، شاری رەشت، دلگیر و خاوەنی باخوباخات.

رەشت:

بنکەی ئوستانی گێلانە، شارێکی جوانە، هەمیشە هەوری بەسەرەوەیە، بارانی زۆر دەبارێ، شێو هەڵمی هەیە، بەرهەتاوی گەرمو سێبەری فێنکە، کۆڕو مەیدانو باخی گشتی، پارکی فەرەح پەهلەوی، پەیکەری شا، شەقامی ڕێك، فەرمانگە، ئاوەکەی لینجاو و سوێری هەیە، لە دەریاوە دێت.

رەشت – بەندەر پەهلەوی – 40 کم:

لە شارۆچکەی خەمامەوە، بەرەو بەندەر، ئەسکەلەی پەهلەوی، بلاجی سەر دەریای کەزبین، شوێنگەی مەلەی ئافرەتوپیاو، دیمەنی سەرنج راکێش، بەندەر پەهلەوی، شارێکی جوانە، پارکی رازاوە، شەقامی کۆرنیش، خۆشو دلگیر.

رەشت – ئەستەرە:

بە ئوتوبیس، هەردوولای رێ مەرمزەو باخە، شەقامی قیر، شارۆچکەی خەمام، گوندی مەتروپۆڵ، نزیکی دەریا، رێی بە رێکی دەریادا، بەندەر پەهلەوی، کویروکی، جەنگەڵ، لە هەردوو لای رێگە، رێی کەنار، زۆر باشنییە، خانووی تەنها لە ناو باخەکاندا، بۆ ئەستەرە 120 کم، چاخانە و گوندی گچکەی سەر رێ، بەخشی رێزواندە 110 بۆ ئەستەرە، ئەستارا، جەنگەڵ لە هەردوو لاوە، کێوی جەنگەڵی، لەبەردەمتا، خانووی تەنها، لە ناو باخدا، سەری بە زەل گیراوە، هەندێکی بە گونج رێی قیر نییە، تاکو ئەستارا، گوندی ئەردەجان، نهالستان پلمدا، پاراسەر، گوندی دنیاچاڵ، خالیسەرا، 59 کم کارگەو فابریکەی تەختە برین، هەشتپرشارە، شاری هەشتپر، دیهاتیتر، بەرەوە ئەستارا، لەسەر کەناری دەریای خەزەر، کەزبین نزیکی سنووری سۆڤیەت، رووسیا، بەرەوە ئەردەبیل، رێی شاخاوی، جەنگەڵ، پێچ، هەورازونشێوی زۆر، دوای ماوەیەك جەنگەڵ نامێنێ، رووتەنە، چەند گوندێ لەسەر رێ، نشێویو لێژی بۆ شاری ئەردەبیل، لە ئەستارەوە، 80 کم، رێی سەختوبەد.

ئەردەبیل:

بنکەی ئوستانە، دەڤەری ئازربیجانە، تورکی ئازمرین، مۆناتی 150 هەزار کەس پترە، راستەشەقامێ شەقی دەکات، پاشەوارەی مێژوویی کۆنی ئێرانو رووالەتی ژیاری و شارستانێتی لە ساختمانی شێخ سەفی، دەردەکەوێت، شوێنگەی فراوانو خۆشی ناوشار، پلەی گەرما 25 پلە لە هاویندا، نزیکی کوێستانی سەبولانە، گەرماو، ئابی گەرم، 30 کم لە ئەردەبیلەوە، جێی دیدەنیو سەیرانگە.

ئەردەبیل – ئابی جەرم – گەرم – 30 کم:

لە ئەردەبیلەوە تاکو سەریئاب 80 کم، تاکو دووڕیانی ئابیجەرم، 20 کم، لە دووڕیانەوە، 9 کم بۆ ئابیجەرم، دەڤەری گردۆلکەییە، زنجیرە چیاکانو کێوەکانی سەبولان، دیارن، رووتەنو بەفری پێوەیە، هەور بە سەریانەوە، لە مانگی ئابدا، بارانی لێئەبارێت، بەخشی تیر، شارۆچکەی مزاب، رێی گلۆخاك ، خەرمانی گەنمو دانەوێلە، دروێنە بە دەستوکومباین، لە هەردوولای رێوە، پێدەشت، گوندی رۆستەماباد، دێهاتی ئاوەدان بە هەردوولادا قورگول، گۆمێکی کچکەیە، پێچو هەورازی ساین، ئوتومبیلی بیمارستانی گەڕۆك، ئامادەیە بۆ کارەسات، لێژی دووڕیانی تەهران، تەورێز، کێوی سەهەند، دەردەکەوێت، نزیکی تەبرێزە.

تەبرێز:

شاری گەورە، خۆشو فێنك، سازگار، پێتەختی ئوستانی ئازربیجانە، مۆناتی 500 هەزار کەسە، دانیشتوانی تورکی ئازەرین، ئازربیجانی خاوەرە، ئازربیجانی خۆراوا، پێتەختەکەی شاری ئورمییەیە، جێی دیدەنی و سەیرانگەی، باخی گولستان، شاگولییە، شەقامی پەهلەوی، فیردەوسی، سەرەکییە.

تەبرێز – ئەرزوروم – 900 کم:

لەرێی قیرەوە تاکو مەرەند، 64 کم، نزیکەی 10 کم بە رێگەکەدا، لە نیشانگەوە، 54 کم، گوندی سۆفیان، 30 کم ئەمێنێ بۆ مەرەند، بەرێکی هێلی ئاسندا، چەند پردێ شەمەندەفەر بە ژێریدا دەڕوات، شیوو دەرە و پرد، گردۆلکە، 18 کم بۆ مەرەند، باخی چنار، کێوو کەژ، لە هەردوولاوە، چاخانەی پەیام نزیکی گوند، لێژیو نەوی بەرەو دەشتی مەرەند، 6 کم ئەمێنێ بۆ مەرەند، باخودارو درەخت، ریزە کێوی بلند، لە بەردەمتا، شاری مەرەند، درەخت بە هەردوولای شەقامەکانیدا، تەنیویەتی، پەیکەری شا لە چەقی شاردا، کۆڕی جوان، 180 کم بۆ ماکۆ، 200 کم بۆ بازرگان، قیرتاو و پێدەشت، باخی میوە، بە زۆری دارقەیسی، قەیسیەکەی وشك دەکەنەوە، لەم دەشتانە وشتری کوێستانی بەخێو دەکەن، شیوو

پرد، دوورپیانی خۆی، بناری کێو، ریزەکێوی بەرانبەرت، تەنگیو دۆڵوکێوی رووتەن، دێهات، خانووەکانی قوڕە، پێدەشت، باخو دێهات، بنار پێدەشت، گوندی قەرەزیادین، پێدەشت، ریزە کێوی بەرانبەرت، کێوی ئارارات دیارە، بەفری پێوەیە، دەشتایی، گوندی شائاباد، لای چەپ، 28 کم، بۆ ماکۆ، باخی گوڵەبەڕۆژە، رێی سەختو شاخاوی، دۆڵوچیای سەخت، رووتەنی، 8 کم بۆ ماکۆ، ئاوێکی کەم، لە دەرەی بەردەلانییەوە، دەرەکەی دادرپیوە، تەنگیو دۆڵ، ماکۆ، لە قوڕگی کێودا، ماکۆ، مەیدانی کێو، نێوانکێو، باخاتی زۆر، ئاوی پێدادەڕوات، خانووی قوڕ، لەسەر یەکتر بە شاخەکەوە، 22 کم بۆ بازرگان، دۆڵوپێدەشت، هەموو کێوی ئارارات، لەبەردەمتا، بەرانبەرت، هەوراز 20 کم بۆ بازرگان، سنوور، گومرگو رێژی، پاسپۆرت، سنووری ئێرانو تورکیا، 321 کم بۆ ئەرزوورووم، 133 کم بۆ شاری ئاگری، رێی قیرو لێژی، پێدەشت، چیای ئاگری لای راست، 2 کێوی قوت، وەکو سەیوانو خێوەت، هەڵدراون، یەکێکیان بەرزترە 34 کم بۆ بایەزید، دۆگر بایەزید، سلیوانی، گوندی سووربەها، پردوشیو، کێوی ئاگری لای راستەوە، نزیکە، پێدەشت، هەردوولای کێو، شارۆچکەی دۆگوبایەزید، بنکەیە، مۆناتی 30 هەزار کەسە، چیای ئاگری بەسەریا فەرمانڕەوایە، شاری ئەحمەدی خانییە، کێوەکە بە سەر هەموو دەشتی بایەزیدا دەڕوانێ، خانووەکانی قوڕە، 65 کم بۆ تاشلیچای، پێدەشتو لێژیو کێوی رووتەن، دەشتی پڕ دانەوێڵە، دوورپیانی دیادین، تاشلیچای، گوندێکی گەورەیە، بازاڕو بازرگانی، چۆمی تاشلی لای چەپەوە، رێ بە رێکی چۆمەکەدا، گوندی موراد، بانیلێژ، ئوستانی ئاگری، پردی سەرئاوی موراد، لکی رۆباری فورات، شاری ئاگری بنکەی ئوستان، مۆناتی 150 هەزار کەسە، پێدەشتو رێی قیر، ئالشگورد، دەڤەری ئاگرییە، گوندی تورکتاڵ، هەوراز و پێچ، رێگەوی شاخاوی، تایەر داخ، قیرتاو نییە، پێچوولێژی بۆ هۆراست 46 کم، بۆ ئەرزوورووم، 130 کم. لێژیو دێهات، کێوی ساجداخ، دەلال کۆیی، لێژیو تەختی پردی سەرئاوی ئاراس، دەڤەری هۆراسان سەر بە ئەرزووروومە، شەقامی قیر – لێژی، دەڤەری پەسەندلەرە، شوێنگەی خۆشو دارودرەخت، هەردوولای شەقامەکانی تەنیوە، ئاوی سازگار بۆ نەخۆشی بەسوودە، 38 کم بۆ ئەرزوورووم، تەختیو لێژی شەقامی قیر تاکو شاری ئەرزوورووم.

ئەرزوڕووم – ئەرزنرووم:

بنکەی ئوستانە، شارێکی جوانو فێنکە، 250 هەزارکەسە، ساختمانی 5 نهۆمی تێدایە، جەمالۆنە بە گونج سەریگیراوە، باخاتی زۆرە، لە سەر هێڵی شەمەندەفەری ئەنکەرەیە، شوێنگەی بەرز، کەژو کێو لە هەموو لایەکیەوە، ئاشقەلاو بەخشی موسەنی لەسەرە.

ئەرزوڕووم، ئەنکەرە – 900 کم:

لە شارۆچکەی ئاشقەلاوە، 50 کم ڕێگەیە، قیروپێدەشت، چەند گوندێ، کەندیلەی، شوێنێکی خۆشو بەرزایی، ئاوەدان، تونێلی 10 م، کانە ڕەژوو، خەلۆز، قیرتاو نامێنێ، تەنگی، تونێلیتر بەلایدا ئەڕۆیت، تەنگی، شارۆچکەی ترجان بە بەرزییەوە، شوێنگەی خۆش، پێدەشت، گوندی مەرزان، ئاوی فورات 3 لك، هەریەکەی بە ناوێکەوە... قەرەسوو، لای ئەرزوڕوومو ترجان لای تورجانەوە پێدەشتو خەلەو خەرمان، هێڵی ئاسن، گوندی قجان، کونێ، شەمەندەفەر پێیدا دەڕوات، 3 کونیتر، هەر شەمەندەفەر، پێیدا دەڕوات، ڕێی ئوتومبیل بە تەنیشتیدا، ئاوی لکی فورات، بەلایدا، دۆلۆدار و دەوەن بە کێوەکانەوە، کە ناری ڕۆبار، بە ژێر، پردی کەوانەییدا، هێڵی ئاسن لە سەرەوەی، دووڕیان، تونێل، بۆ ئەرزنجان، 41 کم، زنجیرە کێو لە هەردوولای ڕێی کراوەیی، دێهاتی جوان، بەقەدپاڵی کێوەکانەوە، باخات لە دامێنی گوندەکان، پێدەشت وەکو دۆڵی سووورداشە، ئەرزنجان، بنکەی ئوستانە، شارێکی گەورەیە، لە پێدەشتدا، هەردوولای زنجیرەکێوی بلند، بەفری پێوەیە، باخی زۆر، بۆ سیواس 240 کم، ڕێی سەختو شاخاوی 2 کونی گچکە، کونیتر، هەورازو پێچ، کێوی رووتەن، لێژیو پێچو لابەلاو هەوراز و تەختیو کراوەیی، دێهات، کێو و جەنگەڵ، شارۆچکەی روفاهییە، نیوەی پتر کوردە، ڕێگەی شاخی، چۆم بەلای چەپدا، گوندی ئەوغانس، کراوەیی، سوشەهەی، دەفەری سیواسە، شارۆچکەی سیواس، شەقامی خشتڕێژ، بە بەرزییەوە، کراوەیی، ڕێی شاخاوی پێچو هەوراز، کراوەیی، شەرەفییە، گوندی زارا، شارۆچکەی هەرفیك، سیواس، بنکەی ئوستانە،

کەسە کوردن، عەرەبی تێدایە، پێش شارۆچکە، لای چاخانەی سەر رێی، باخو فێنکی، هەوارگەیە، گوندەکە بە بەرزییەوە... بە رێی جەزیرەدا، بە ناو باخو سێبەردا، جۆگە بەلای رێدا، هەورازو پێچو لابەلا، بۆ مدیات 45 کم، بۆ جەزیرە 140کم، دۆڵی چڕو دارچنار و دیمەن، بە ناو ڤلچدا، تەختیو دۆڵو پێچو کراوەیی بەملادا، تەختی، گوندی مۆتکۆیی، کراوەیو فراوانی، گوند و ئاوایی، بەسەر گردەوە، مدیات 15 هەزار کەسە بەلای پەیکەری گچکەی ئەتاتورکدا، بۆ ئیدل 60 کم، بۆ جەزیرە 90- کم، پێدەشتو بەرزیو نەوی، نشێوی، گرد، گوند بەولادا لە بنارەوە، هەوراز، دووڕیانی خەبیرلی، تەختی، کایالە، گردو تەختیو دۆڵ، پێدەشت، زنجیرە کێوی راکشاو لە پێشەوە، نشێویو هەوراز، شارۆچکەی ئیدل سەر بە ماردین، 30 کم بۆ جەزیرە، بەرزیو نزمیو پرد، تەختیو پێدەشت، کێوی دیرو، بەولادا، زنجیرە کێوی جودی – گۆدی – گۆدی لە خوارییەوە، کەشتی پێغەمبەر نوح (د.خ) لێی نیشتۆتەوە، دەرەبندی نێوانیان، گوند ئەملای ، نشێویو لاپاڵ، شۆڕ دەبێتەوە بەسەر جەزیرەدا.

جەزیرە:

شارۆچکەیە، سەر بە ئوستانی ماردینە، مۆناتی 20 هەزار کەسە، لەسەر ڕۆباری دەجلەیە، لە شوێنگەی نزمدا، پێدەشت بەرەو خابور و زاخۆ 55 کم بۆ زاخۆ، بۆ سلۆپی 31 کم، بە سەر پردو ڕۆباری دەجلەدا، شەقامی قیر، بۆ سەر پردی سنوور 49 کم، کەناری دەجلە و لێی دوور دەکەویتەوە بەلای چەپدا، چۆمو ڕۆبار، 14 کم بۆ سلۆپی، تاکو ئێرە لە جەزیرەوە 40 کم، هەوراز و تەختی، کێوی جودی – گودی، لای چەپ، کێوی بێخبر لەبەردەمتا، نشێوو هەوراز، تەختیو کراوەیی، سلۆپی شارۆچکەی سەر بە ماردین، بەولادا، مۆناتی 5 هەزار کەسە، پردی خابورو هیزل بە 20 م درێژی، لەسەروو پرەکەوە تێکەڵدەبن، خابوری زاخۆ هیزلی بۆتان، شوێنی گومرگو ڕێژیو فیزەو پاسپۆرت، پردی درێژی سەر ڕۆباری خابور، بەری ئەمدیو، میزۆپۆتامیا، بەخشی ئیبراهیم خەلیل، پۆستی گومرگو فیزەی زاخۆ، بۆ زاخۆ 11 کم، پێدەشت تاکو شاری زاخۆ.

تاشکەند:

شارە بەردینە، پێتەختی ئوزبەکستان، لە شەستەکاندا، تووشی بوومەلەرزە – زەمین لەرزە بووە، ئاوەدانکراوەتەوە لەسەر شێوەی نوێ، لە ئاسیای ناوەند و کازاخستاندا... بارەگای کاروباری ئیسلامییە... پلەی گەرمی لە هاویندا 45 پلەیە... ساختمانو بیناکانی بەرگەی گەرماو بوومەلەرزە دەگرن... لە شەقامەکاندا، فوارەی ئاو دەپەرژێت بە دارەکانی سەر شەقامەکاندا، لە مەیدانەکاندا، چاڵاوی گەورە هەیە... شارێکی پیشەسازیو ڕۆشنبیرییە..

بنەماڵەی باباخان، مەجید خان، ئیشانخان کوڕی زیائەدین خان، پشتاوپشت، مفتی و پێشەوای ئایینی ئەم هەرێمەبوون.

حەمید عینایەت، مێژووناس، مامۆستای عەرەبی، بارزانی سالح توشی، لە زانکۆ، وتاربێژبوون... قورئانی پیرۆزی ئوسمانی کوڕی عەفان، لە موزەخانەی ئوزبەکستان، لە قاسەی پۆڵای ساردا، لە پێستی تەنک 353 پەڕە، 68 × 35 سم، هی

سەدەی یەکەمی کۆچی، تەیموری لەنگ، لە هێرشەکەیدا، هێناویەتی بۆ نووسراوخانەی سەمەرقەند، 4 سەد ساڵ لە مزگەوتی خواجە ئەحرار پارێزراوە. لە شەستەکانی سەدەی 19 دا، یەکێ لە جەنراڵەکانی رووسی زەوتیکرد و بردی بۆ نووسراوخانەی پەترسبورگ، بە تەقەلای ئیسلامەکان، دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری 1917، بە فەرمانی لینین، بردیانەوە، لە شاری ئوفە مایەوە، لە 1923 گەڕایەوە بۆ ئوزبەکستان، لە موزەخانەی مێژوویی میللەتان، پارێزراوە.

بوخارا:

شاری پێشەوا بوخاری، خاوەنی فەرمایشتەکانی پێغەمبەر محەمەد (د.خ) نوسراوەی جامع الصحیح، دوای قورئانی پیرۆز دووەم کتێبە و نووسراوەیە... بوخاری سالی 256 ك، 878 ز، لە گۆڕستانی خۆرتانغ، نزیکی سەمەرقەند، نێژراوەو خەوابگەیەتی.

نوسراوی الأدب المفرد، 350 پەڕە، مفتی باباخانوف نووسیویەتی، ژیانو بەرهەمی پێشەوا بوخارییە... کۆشکی عالمخان، زینداني... دوای پاڕانەوە، گوتووان، مردنیان، لاشەکانیان بۆنیدەکرد، ئەوساکە لا دەبران، کۆشکێکی یەکنهۆمی گەورەیە، لە ناوەندی باخێکی دلگیردا، تاوسی رەنگینی تێدایە.. ساختمانەکە لە داری هەمەڕەنگ، لەسەر شێوەی خاوەری دروستکراوە.

سەمەرقەند – سەمەرکەند:

پایتەختی تەیمووری لەنگە، لە کەناری رۆباری زرافشان، 2 جۆگەیە، دراچۆم، سناب... لەبەر چیای ئوراتاوی قووچ، بەرەو ئاسمان، جەمسەری رێی ئاسن و ئوتومبیل، شەقامی راست، باخچەی گەشاوە، کۆشك، فێرگە، کۆشکی چەند نهۆم، زانکۆ، مێژووی سەمەرقەند - سەمەرکەند 15 سەدە لەمەوبەر، سوارەی ئەسکەندەرو شیربەدەست، ئارەب، لێرەو تەیمووری لەنگ و هێرش بۆ سەر ولاتان.

هونەری ئەندازیاریو بیناسازی بابلی، فیرعەونی، چینی، یۆنانی – گریکی، مزگەوتی بیبی‌خان – بیبیخانم، گۆڕستانی تەیموور و شەقامی شازەند، بنکەی ئەستێرەناسی، ئولوخبەگ، مەیدانی دیکستان، مزگەوتی بیبیخانم، زانکۆی میرئارەب، لەسەر شێوەی بینای موستەنسرییە، مەیدانی فراوانی لەبەردەمدا، لە شەقامی شازەند، گۆڕی قوسەم عەبباس، ئامۆزای پێغەمبەر (د.خ) لەوێیە.

رۆباری زرافشان، دراچۆمی لێهەلگیراوە، کشتوکاڵو چای بۆندار، پیشەسازیو مەزار، مۆزەخانەی سەمەرکەند، کە لە بەر دەرگاکەی کۆتەڵ تا پشتوێناوی تەیموور، بە بەرگی سەربازییەوە، زرێپۆش، کڵاوی مس، دوای هەڵدانەوەی گۆڕی تەیموور لەنگ، لە لایەن یۆنیسکۆوە، لە شێوەی کەللە ئێسك، دروستکراوە...

گۆڕستانی تەیموور، دایکی، مامۆستاکەی، 2 کوڕی لە ژێر خرگەی مەرمەڕی جواندا، لەم شارە، رووداکی، فیردەوسی، خەیام، جانی، ئیبن سینا، بایر، ئولوخبەگ، ژیاون.

شیرتەوانی موقیمی، دانش سەدرەدین ئەینی، بە هەڵبەست، میللەتیان هۆشیار کردۆتەوە.

ڕەوت

زەند، بۆ نەوە دەدوێ

داستان، دەگێڕێتەوە

بەلگەو سەودا

18 دانانو وەرگێڕان، بە نووسراوەکانی فێرگەوە.

25 کۆنگرەو کۆنفرانس، بەشداربووم

2 کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوا 1959-1960.

7 کۆنگرەی نووسرانی کورد لە 1970.

1 کۆنگرەی کارمەندانی نووسراوخانەکانی عیراق لە زانکۆی سلێمانی 23-27/1977.

1 کۆنگرەی یەکێتی ئافرەتان لە سلێمانی 1978/12/10.

1 کۆنگرەی زمانگۆرانی جیهانی لە لوبنان، بێروت، ڕۆشە 1974.

1 کۆنگرەی مێژووناسانی عەرەب لە هەولێر – ئەربل 1986.

1 کۆنگرەی نێودەوڵەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری، بەغداد 1976.

1 کۆنگرەی ئەنجوومەنی شارەکان لە بەغداد.

1 کۆنگرەی یادی جەنراڵ بارزانی نەمر مستەفا لە پیرمام، سەربەن 1993/9/14.

300 زنجیرە وتار لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا، گەلاوێژ، نەورۆز، ڕۆژی نوێ، کاروان، دەنگی مامۆستا، سلێمانی، ژین، هاوکاری ... هتد.

5 خولی زمانی کوردی بەشداربووم، بە وتاربێژی، لە خانەکین، ئامێدی، سلێمانی.

بەشداریم، لە چلەو ماتەمو مەهرەجاندا، وەکو: کاردۆخی، کامەران موکری، مەولوود مەم، ئەمین زەکی، قازی خاڵ، خالید زامدار، مەنگوری، قادر کەسنەزانی، مندالە گەشموردەکانی فێرگەی ئاسۆ، ئەفسەر حەمە ساڵح ژاژلی، ئەحمەد خواجە ... هتد.

بەشداریم لە بیرەوەریو یادی 2 سەد ساڵەی سلێمانی، یادی ئەحمەدی خانی لە هەولێر، جگەر خوێن لە دهۆك، چەند کۆڕو کۆبوونەوەی وێژەیی، چیرۆك، ئەڵقەی لێکۆڵینەوە، سیمینار ... هتد.

کەریم زەند:

کوڕی حەمە ئاغا ساڵح حاجی سەلیم ئەمیناغا گەڵی – چنگنی – چگینی – زەنگنە، لەتەك سیامەنسوریو تاڵەبانی، بەرەبابێکن، چیگینی، زەند، هەر هەمو لەکن، چیگینی، دەڤەرێکی لوڕستانە، چنگنی، میرنشینی چنگیان، گوندی چنگیان شارباژێڕ، ریشەو رێچەڵەکو بنەڕەتی ئەم خێڵە مەزنەیە، لە درووستبونی شار سلێمانیدا، لەتەك بابانەکان هاوکاربوون لە ئاوەدانکردنەوەی ئەم شارەد بابوباپیرانی نشینیانی گەڕەکی مەڵکەندین، کە بە خێڵی حەماغا مەڵکەند ناسراون.

کەریم زەند، لە گەڕەکی مەڵکەندی شاری سلێمانی، لە ساڵی 1924 هاتۆتە جیهانەوە، خوێندنی ئایینی، فێرگەیی، سەرەتایی، ناوەندی، تێدا تەواوکردووە چۆتە ئامۆژگەی فێرکاران، لە بەغداد، ئەعزەمییە... دوای تەواوکردنی، بۆتە مامۆستا لە خوێندنگەی فەیسەڵییە بۆ ماوەی ساڵێکی خوێندن... دووبارە چۆتەوە بۆ خوێندن لە بەغداد و ئازربیجان لە چەرخی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، رووەوە موکریان، رۆیشتووە، بەشداری کۆمارەکەبووە... بە مامۆستایی لە مەهابادو بۆکان، وێڕای نمایندەی خودی پێشەوای مەزن، قازی موحەمەد بووە، لە شاری بۆکان.

دوای شکستی کۆمار و نیسکۆی بزاڤی گەلی کورد، لە جەنگی پارتیزانیدا بەرەو رووسیا کشاوە بە مایەی شانازییەوە، سەربازی ئەو گۆڕە پانەبووە، ئەگەرچی فریای دوا شۆڕشی شێخ مەحمودی حەفیدی مەزن کەوتووە.

ئاوارەیی، رەهەندەیی، دەربەدەری، 21 ساڵ.

ساڵو ئاوابوون:

ساڵ:

13 ئاوارەیی، دەربەدەری، رەهەندەیی، بێکارەیی، گەڕیدەیی، بە پێی هەموو سەرتاپانی کوردستان.

2 زیندانی سەخت بە زنجیرەوە لە بەندیخانەی مەڵبەندی بەغداد، گرتوخانەی کەرخ، بەندی تەنهایی، لە ئەبوغرێب.

6 دەستبەسەری، دوورخراوەیی، لە کەناری زۆنگاوەکانی باشوری میزۆپۆتامیا، ئوستانی ناسرییە، ئەلبوساڵح، کەحلا، قەلعەسوکەر.

---

21 بەشێکە لە ژیانم.

دوای ئاوارەییو رەهەندەیی، دەربەدەری، ماوەی 13 ساڵ، 2 ساڵ لە بەندیو زیندانی، گەڕاومەتەوە بۆ نیشتمان بە نەداری، بە گیرفانی تەهی – واڵاو خاڵی، دوای 14 گەلاوێژ 1958، بەرپابوونی کۆماری ئیراق، هاتۆتەوە سەر پیشەی مامۆستایی، زۆری نەخایاند، بە دەستبەرسەری دوور خراومەتەوە بۆ ماوەی 6 ساڵ لە ئوستانی ناسرییە – زیقار، لە ئەلبوساڵح، قەلعەسوکەر، کەحلا.

دوای ئەوە، گەڕاومەتەوەو ئەرکی فێرکاری و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواریو فرکردنی بە کارمەندی و بریکاری کارگێڕی.

ژیانی رۆشنبیریو نووسینو سەوداو مامەڵەی لەتەك تیپو وشەو رستەدا، لە 1940 بەدواوە، لە گۆڤاری گەلاوێژەوە بە ناوی نهێنی و ئاشکرا، کورتە چیرۆکی وەرگێڕدراو، تاڵی ژیان، هێزی سامدار، لەسەر ئێزیدی – ئێزدی، نامیلکەی نووسیوە بە راسپێری مامۆستای وێژەی عەرەبی لە ئامۆژگای مامۆستایان، بەڕێز، ئەبدولکەریم دوجەیلی... 1947 بزافی کوردستانو ئازربیجانی بە عەرەبی نووسیوە، لە 1958 چاپکراوە... 490 زنجیرە وتاری لە رۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکاندا نووسیوە، لە ژین، رۆژی نوێ، گۆڤاری نەورۆز...

لە بواری جوگرافیاو زەویناسی کوردستان و کۆمەڵایەتیدا، نامیلکەیەکی بەم ناوەوە چاپکردووە، دەستنووسی هەیە، وەکو پیرۆزگە، گەشت، جوگرافیای کوردستان، کوردستانی پەرتکراو، کرکوك و السلیمانیە صنوان.

پیرۆزگە، ژیانی کۆماری کوردستانە لە مەهاباد، گەشتی زەند، گەڕیدەیی بە پێ سەرتاپا کوردستان، خاوەری میانە، ئەوروپا، باکوورو ناوەندی ئەفەریکا،

چاپکراوان:

1- بزافی کوردستانو ئازربیجان بە عەرەبی، چاپخانەی کامەرانی 1959.
2- سەرنجێ لە ئابووری رامیاری، وەرگێڕان، چاپخانەی کامەرانی 1959.
3- جوگرافیای کوردستان بە کورتی، چاپخانەی کامەرانی، 1958.
4- مێژووی نەژادو پەیوەستەگی، وەرگێڕان لە تەك قانعدا، 1969.
5- میللەتی کورد، دانان، چاپخانەی کامەرانی، 1970.
6- ئایین و باوەر لە کوردستاندا، چاپخانەی کامەرانی، 1971.
7- ئینجلەکانو کرداری نوێنەران، وەرگێڕان لە فەڕەنسییەوە لەتەك خوالێخۆشبوو، بەڕێز قەشە یوسف پەری، چاخانەی راپەڕین، 1972.
8- زمانی کوردیو هونەری وەرگێڕان، دانان، چایخانەی کامەرانی، 1977.

وەرگێڕان:

1- پەروەردەی کۆمەڵایەتیو نیشتمانی پۆلی 4 ی سەرەتایی، ئەبدولغەفور مەلا ئەلی، جەمال غەفور، مستەفا ساڵح کەریم، کەریم زەند، 1969، بە خۆڕایی.
2- خوێندنەوەی کوردی، بۆ هەڵمەتی نیشتمانی گشتی نەخوێندەواری تەوزیمی، قۆناخی بنچینە، چاپخانەی ئیخلاس، بەغداد، کەریم زەند، جەمال فەتاح کەریم، چاپی یەکەم 1978، 151 وانە.
3- خوێندنەوەی کوردی بۆ هەڵمەتی نیشتمانی نەخوێندەواری تەوزیمی، قۆناخی تەواوبوون. مستەفا سەید ئەحمەد، نەریمان، کەریم زەند، جەمال فەتاح کەریم، چاپی یەکەم 1978، چاپخانەی شەرقی ئەوسەت، 44 وانە، 144 لاپەڕە.

4- جوگرافیای سروشتی، پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، وێژەیی، شاکیر فەتاح، عومەر مستەفا، کەریم زەند.. چاپی یەکەم 1974، چاپخانەی دارئەلجاحیز، بەغداد، 352 لاپەڕە.

5- جوگرافیای ئیراق، پۆلی 5 سەرەتایی 1959، 2 جار چاپکراوەتەوە.

6- جوگرافیای ئابووری پۆلی 6 ی وێژەیی. کەریم زەند، خەسرەو مستەفا، کەریم شێخانی، عومەر مارف بەرزنجی، حەمە غەریب موحەمەد قادر، چاپی یەکەم، 1983، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ژمارە 2 ، هەولێر – ئەربل، ژمارەی سپاردن، 1346، 385 لاپەڕە.

7- خوێندنەوەی کوردی بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری پیشەیی، قۆناخی تەواوکردن. قادر بابان، ساجد ئاوارە، کەریم زەند، مەهدی غەفور شەریف، چاپخانەی شەرقی ئەوسەت، بەغداد، 1976، 80 وانە، 176 لاپەڕە.

ئازووخە

بیرەوەریو یادەوەری:

ئاوڕانەوە لە یاد و بیرەوەری سەردەمو چەرخەکانی دێروك، تێڕوانینە بۆ ڕێنمایی ئایندە، سووڕی مێژوو دەردەخات، خولو هەڵسوکەوتو هەورازو نشێویو تاڵیو سوێریو شادیو خۆشنوودیو کامیابیو بەختەوەری ژیان، لەو ئاوێنەیەدا دەبینی، کە ئاوڕی لێدەدیتەوە، ئاراستەی ڕاستییەکی جاویدیو نەمریمان دەکات، کە شارەزایی مەردوومەو کاتی سەرهەڵدانی نیشاندەداتو ئاماژەی سەرەتای ژیانی مرۆڤە ئەو شارەزاییەیە، کە سنوورو کۆتایی نییەو جاویدە، لەسەرهەڵدانی مرۆڤەوە، لە پێشینیانەوە بۆ نەوەو نیژەی نویّ، هاتووە، لە زنجیرەیەکی نەپساوەی پەیدەرپەیدا، بە ئەڵقەی هەمە جۆرە، کێشو سەنگو هاوتای خۆی لە تای تەرازووی مێژوودا، کە کەلچەری گەلە، لە ماوەی مێژووی دیموکراتیدا، کە دەربڕینی ژیانە، لە قووڵایی لاپەڕەکانی کۆششی مەردوومەوە بۆ ڕاهاتن لەسەر هەلومەرجی جوگرافیو کاریگەری دانو وەرگرتنو تیشکدانەوەی بۆ گەلانی دوورو نزیك، ئەو ئەندازە و سەنگو قورساییەی دیاردە دەکات لە ناو کەشمەکەشی ژیانو کێشەی میللیدا، بەرەنگاریو بەرەوڕووبوونەوە، بەدوابەدوای جەنگی جیهانیو پێچانەوەی ساڵ لە نێو دووتوێی خولی چەرخو چاخو زەمەنو زەمیندا، ئەم کارەساتانە، شوێنی سەرنجو تێڕوانینە لە سەرهەڵدانی چیرۆکی مرۆڤەوە، لە کەلگامێشەوە، کێشەی جاویدیو مانەوەی هەتاهەتایی، ئامانجو ئاواتی ڕەچاوکراوی مرۆڤ بووە.

کاروانی تەمەن، وەرزو قۆناخەکانی، درێژی زستانو گێژەڵوکە و گێژاو و گەردەلوولو زریانی ژیان، ئومێدی هاتنی بەهار و کراوەیی خونچەو دەربازبوون لەم ململانێو زۆرانبازییەداو مەترسی خنکاندنو مەلەنەزانینو ساڵانی پێچراوەی خولو سووڕی گۆی زەویو شەپۆلەکانی کۆمەڵەی خۆرو گەشتو گوزارەکانی ڕواڵەتی خۆر.

ئەمانە هەرهەموو، قورساییو ئەرکی پیرۆزی مرۆڤایەتی دەردەخات، لە بەدیهێنانی داستانە مەزنەکەیدا.

ئەگەر رەوابێت بڵێین، کە مێژوو جەمسەرو کۆو گردو کۆکەرەوەی چەرخەکانی دێرکو سەردەمی پێشوون بە کارەساتیەوە، بە پیاوانیەوە، کاتو سەردەمی هەنووکەش، پاڵپشتەو پشتگیرو پشتیوانی ئەو رووداوانەیە.

.1924

لەم ساڵەدا، چاوم بە ژیان هەڵهێناوە، داستانی کاروانی ژیانم دەست پێدەکاتو سەرهەڵئەدات، ماوەی ساوایی، خەریکی بەسەرچوونە، بەرەو خوێندن بۆ لای مامۆستای ئایینی، لە ژووره قورەکاندا، پێشوازی ساڵی 1930 دەکەین... هەرای 6ی ئەیلولەو دەبدەبەی نەتەوایەتیو لافی میللیەتە، راپەڕینە، کورد، گەرەکیەتی چارەنووس بنەخشێنێ بە خوێنی گەشوئاڵی لاوانی گەشموردەو سەرقافڵەیان، عەولەسیسی بەهەشتی و هاوڕێیانیەتی، لە بەسەرهاتو تێپەڕبوونی تەمەن، 6 ساڵە تەواو، بە پێی ئاراستەو ئامۆژگاری باوکی بەڕێز، بەرەو خوێندنگە چووین، لە فێرگەو خوێندنگەی دووەم گیرساینەوە، ئەو سەردەمە، هەموو شاری سلێمانی 2 فێرگەی تێدابوو، خوێندنگەی یەکەم، لە جێگەی بازاڕی نوێی ئیستەکەبوو، پێیان دەوت، مەکتەبی یەکەم، تاکو 2ی ناوەندی تێدابوو، خوێندنگەی دووەم، لە خانەی کاک سەعید مارف، لای خانەقای مەحوییەوە، پێی دەوترا، مەکتەبی دووەم، بە زاری کۆمەڵگەی ئەو سەردەمە دەیانووت، مەکتەبی پەڕۆ، چەپەکو دوورو تاکو پۆلی 5ی سەرتایی تێدابوو.

لەتەك براو هاوڕێیەکانمدا لە گەڕەکی مەلکەندی وەکو کاك کەریم قەرەنی، هۆمەری مام رەحیم کۆڵەیی و گەلێکیتر... مامۆستا تۆفیق فیکرەت ئەبدوڕەحمان، باوکی د. حیکمەت، بەدوری، خاتو منیرە، وەریگرتین بە پێشوازییەکی بەگەرم، لە پۆلی نیو دایاننایین، وەکو پۆلی ئامادەیی دوای 2 رۆژ، داوام لە مامۆستاکەمان کرد،

ناوی نوری ئەفەندی حاجی ساڵحاغابوو، دەستم هەڵبڕی وتم ئەفەنی، بە وشەی باوی سەردەم، هاتە پێشەوە لێم، وتم: ئیملامان پێبکە.

ئەویش، وتی: چی؟.. وتم ئیملا، رێنووسمان پێبکەن، لە مەبەستەکەم گەیشت، ئەویش بە ساکارییەوە، وتی: بنووسە، ئیمڕۆ چووم بۆ مەکتەب، خوێندنگە.. منیش بە رێنووسی سەردەم، نووسینی کۆن، کە سەنگو کێشی بۆ بزوێن دانەدەنا، بە داینمەکیەتی نووسین، خێرا، رەستەکەم بۆ نووسی... مامۆستا کتوپڕ، دوای سەرنجێك لە نووسینەکەم، وتی: کێ تۆی لێرە داناوە، منیش وەڵامێکم نەبوو، بەخێرایی گواستمیەوە بۆ پۆلی یەکەم، ئەمە هەنگاوی یەکەم بوو.

لەو ماوەیەدا، کۆسپو تەگەرە هاتە رێم، منداڵانی گەڕەکی چوارباخ و بەروپشتی، رێگەیان پێدەگرتین، داوای باجیاندەکرد، توانجو پلاری ناشیرینو دزێویان تێدەگرتین، بە چاوی سووك سەیریان دەکردین... ئێمەش، رۆژانەکەمان ئانەیەك پتر نەبوو، تێیدا نەدەبوو باجو مافی تێپەڕبوونو ترانسێت، لە زەوی مەڵکەندییەوە بدەین بە چوارباخ، مزەی ترانسێت، پاسپۆرت بدەین، وێڕای گاڵتەجاڕی، سەریاندەکردە سەرمان، رێگەیان دەبەستو دەیانوت: پاس، واتە کرێی تێپەڕبوون... ئێمەش بەرگری توندو بەگژاچوونەوە، بەرەنگاریان بووینەوە، مامۆستا، یاخو کەسوکارمان لە مەڵکەندی ئاگادارکرد لەم دیاردە دزێوە، بۆ ئەوەی لەم گۆڵمەزە رزگاربین، ملمانکەچنەکرد، چۆکمان دانەدا بۆ ئەو بارە دواکەوتووە، تێمانگەیاندن کە ئەمە زەوی ئێمەیە، بێپەساپۆرت و فیزە پێیدا دەڕۆین، بە هاوکاری کەسو کارو هاوشیرەم کاکە کەریم قەرەنی... بەم رەنگە کارو فەرمانی خۆمان سەرئەنجام هێنا، بەو پێودانە، پۆلی 1، 2 تەواوکراو چووینە پۆلی 3...
بەڵام لەم قۆناخەدا، فێری خۆدزینەوە بووم، بێئەوەی هیچ هەستێ بکەم بە ئاڵۆزیو تەگەرەو کۆسپ، چ لەلایەن دەستەی مامۆستایانو کارگێڕی خوێندنگەو، چ لە خانەوادەکەم، ماوەی هەفتەیەك، لەباتی چوون بۆ خوێندنگە، ئەچووم بۆ دەشتی ئەحمەدی ساغا، سەیری مووشێنم دەکرد، خۆم ئەخلافاند تاکو کاتی بەربوونی شاگردانی خوێندنگە، ئەوساکە بەرەو خانە دەهاتمەوە، ئامۆژگاری باوکی

بەڕێزم لە گوێمدا دەزرنگایەوە، کارگوزارەکەمان، کاك حەمە کەریم کەوەلە، دوایی حەجیکرد، ئاگاهی لێدام لای کارگێڕی خوێندنگە، عەلی ئاگاشەوقی سەعید، کە بە راستی پەروەردکار بوو، دەروونناسبوو، بێئازار و لێدان، ئامۆژگاری پەرەوەردەناسییەوە، ئاراستەیکردمەوە بۆ خوێندن، هانیدام بە رستەیەك وتی: کوڕم، تۆ قوتابییەکی زیرەکو پێشکەوتوویت، خوو رەوشتت پەسەندە، چۆن خۆت دەدزیتەوە؟.. بە راستی تاکو هەنووکە زۆر شەرمەزاری ئەو کارگێڕو کارگوزارەم، چونکە هۆی پێگەیاندنی نەك هەر بە تەنها من، بەڵکو نەوەیەکی پێگەیاند.

کارگوزار، کاك حەمە کەریم، لە کاروفرمانەکەی خۆیدا، هەرمابوو، ساڵ لە دووتوێی گۆی زەویدا پێچرایەوە، هەتاکو بووم بە مامۆستا لە خوێندنگەی فەیسەڵییە ئەو هەر کارگوزاربوو لەو خوێندنگەیە.. کە دیم کڕنووشم بۆ برد، هەردوو دەستیم ماچکرد، وتم: تۆ منت پێگەیاندووە، تۆ لە جێگەی باوکمی، باوکم، لە پۆلی 2ی سەرەتاییەوە کۆچیکردبوو.. دوای پۆلی 3، لك ێلە خوێندنگەی یەکەم کرایەوە، خوێندنگەکان ناونران..

یەکەم، ناونرا بە فەیسەڵییە، دووەم بە ئەیووبییە، ئەو لقەی لە خوێندنگەی یەکەم جودا کرایەوە، ناونرا بە خالیدییە.

ئێمەش گوێزرایەنەوە بۆ خانەی حاجی موحەمەدی لاوە، لە پشت گومرگەسووتاوەوە، پۆلی 6ی تێدا کرایەوە، مامۆستا عەلی ئەگاشەوقی سەعید، هەر کارگێڕبوو، بەڵام گوێزرایەوە، بوو بە کارگێڕی خوێندنگەی فەیسەڵییە، دوای نشینی مامۆستای مێژووناس، ساڵح قەفتان، ئەدیب ئەفەندی کرا بە کارگێڕی ئەیوبییە... مستەفا بەهجەت مەولود، بوو بە کارگێڕی خالیدییە.

بەم جۆرە، شاری سلێمانی 3 خوێندنگەی تێدابوو... لە باری خوێندنەوە، لە خوێندنو وانەکاندا باشبووین، بەڵام لە بیرکاریدا نەء، چێژمان لێوەرنەدەگرت، تاکو پۆلەکانی ناوەندیش، تەنها بەهای دەرچوونمان دەزانی.

مامۆستای کۆمەڵایەتی، مێژوو جوگرافیا، کاریگەریەکی چاکی هەبوو، بە تایبەتی، نەزهەت ئەفەندی فەتاح شەشخانە، مامۆستای جوگرافیاو زانابوو،

زوربەی مامۆستاکان، کۆنە ئەفسەری ئوسمانی بوون، گەڕابوونەوە بۆ نیشتمانی دایك، کرابوون بە مامۆستا، لەوانە: مامۆستا ساڵح قەفتان ئەبدوڕەحمان، تۆفیق فیکرەت ئەبدوڕەحمان، خالید سەعید و هیتر.

مامۆستای جوگرافیا، نەزهەت ئەفەندی، زوربەی ئەو جێگایانە گەڕابوو، وانەکەی خۆشبوو، لە 90 نمرەی بەرزمان تێدا وەردەگرت، گوێمان بۆ شل دەکرد، وای لێکردم کە بایەخی تەواوی پێبدەم، لە ژیانما هەر ئەو هۆکارەبوو ببم بە گەڕیدەو جوگرافناس – ڕێڤینگ – پیادەگەڕی، ڕووەو چۆڵو بیابانو کەژو کێوو دەشتودەر، ماندووبوونو گەڕان، ئارەق ڕشتن، لەم ئاکارەدا، لەو کاتەوەی کە خۆم ناسیوە سەرنجو تێبینی کۆبکەمەوە، کەرەسە گرد بکەمەوە، گەشتی خۆم بخەمە ڕێژەی گەشتی ئەوانەی لەم بوارەدا کارمەند بوون، لە میللەتانیتر تاکو بیسەلمێنم کە کوردیش گەشتیارو گەڕیدەو ڕێڤینگی هەیە، گەشتنمای هەیە، بۆ نەوەو نیژەی ئایندە.

کۆکردنەوەو گردکردنەوەی، کەرەسەکانی منیش دەیسپێرم بە ئەندازیارانی بیناسازی ئایندەو دوارۆژ بۆ بنیادنانی جوگرافیای کوردستان.

وێڵــــەدەر:

لە پۆلی 6ی سەرەتایی بووم، لە فێرگەی ئەیوبییە، گەشتێك ڕێکخرا بۆ گوندی وێڵەدەر، بە کێوی گۆیژەوە، لەو گەشتەدا، مامۆستاکەمان، ئوسمان حاجی عارف دەباخ، بەشداری نەکردم، چونکە کەم تەمەنو لاواز بووم لە رووی جەستەوە... ئەوە، کاریگەری تەواوی کردە سەر هەستم، وێڕای بێبەشبوونم لە بەزەیو سۆزو دالدەی باوك، منیش ڕۆژی هەینی بوو، بەیانی زوو، لە خەو ڕاپەڕیم، چووم پێشی ڕێگەم گرتو لە تەکیاندا کەتمەڕێ، زۆر لە هاوڕێیەکانم چالاکتربووم، سەرنجی مامۆستاکانم ڕاکێشا، ئەمە هاندەربوو کە گەشتوگوزارو گەڕیدەیی بکەم بە پیشە.

ئەشكەوتی هەزارمێرد:

ئەنجامی ئەزموونی 6ی بەکەلۆریمان وەرگرت، چوینە ناوەندی سلێمانی، تەنها یەك ناوەندی هەبوو، کەریم قەرەنی برام یەکەم بوو، منیش دووەم، هۆمەر مام رەحیم کۆڵەبی، بە قرە دەرچوو، ئەوە کاری تێکردو گریا، هەفتەیەك نەهاتەدەرەوە، لە ماڵەوە 3 هاوڕێ بووین، پێشبڕکێمان ئەکرد لەسەر یەکەمیو دووەمی.

هاتینە ناوەندی، مامۆستا زەکی ئەمین کارگێڕبوو، هاتە ناو پۆلە یەکەکان، 2 پۆل بوو، وتی: کێ ئەچێت بۆ خانەی مامۆستایان لە رۆستەمییە؟.. هۆمەر مام رەحیم، دەستی هەڵبڕی، چونکە خولیای ئەوەبوو، نێردرا بۆ ئەوێ، ئیمەش پۆلی یەکمان بڕی، لە 2 ی ناوەندی بە گەشت چووین بۆ جێشانەو هەزارمێرد، لەتەك مامۆستا ئەحمەد ئیبراهیم قازیو مامۆستا مەلا جەلال مەحەمەد سەیفوڵا، کوڕی مامۆستای نەمر، مەلا کاکە حەمە، بەرەو ئەشکەوتەکان رۆیشتین.

گوندی هەزار مێرد 35 خانەوادە لە پەنا دۆژێکدا، لە دامێنی کێوی بەرانان، لای راستی دێکۆن، داربەڕوو، لای چەپی جێشانەیە.

رێگە لە سلێمانییەوە، بەکرەجۆ، بە پێدەشتدا، باڵجوخ، بنگرد، 2 گوندن، لە هەردوو بەری چۆمی ئاڵیشە، لە جۆگەی کاك ئەحمەد، ئەپەڕێتەوە، دەشتاییەکی کەم، دەگەیتە هەزارمێرد.

رێیتر، هەر لە سلێمانییەوە، ولۆبە، کانیگۆمە، چۆمی ئاڵیشە، جێشانەو هەزارمێرد.

لە سلێمانییەوە بۆ زار ئەشکەوتەکە 15 کم... پێشی هاوڕێیەکانم کەوتم، چووینە ناو ئەشکەوتەکانەوە، کتریمان پڕکرد لە ئاوی ناو ئەشکەوتەکە، ماوەیەك رۆیشتین بە ناو ئەشکەوتی تاریکدا، دەنگی ویزەویزی شەمشەمەکوێرە دەهات، تاپرێکمان نا بە دەنگەکەوە، کزبوو ماوەیەك، دووبارە هەڵیدایەوە... ئەشکەوتە گەورەکە، دەمەکەی گچکەیە، بۆ چوونە ژوورەوە گەرەکە خۆت دابنەوێنی، لەسەر سك، دوای چوونە ژوورەوە، بەری فراوان دەبێ 4 کەس بە ریز، بە پێوە ئەتوانن

پێیدا برۆن... 200 م رۆیشتین، رەنگە دووری ئەوسەری 300 م ببێ، ئۆکسجین کزبوو، لایتو چرا رووناکی نەدەدا، بڕیارماندا، منو کاک کەریم قەرەنی و هاوڕێیەکانمان گەڕاینەوە، لەبەر مەترسی درندەو تەنگە هەناسەیی و ویزەویزی دەنگی شەمشەمە کوێرەو بۆگەنی رقنە.

پشووی هاوینە:

لە پشووی هاوینەکاندا، دەچووم بۆ کەرکوك بۆ سەردانی خزموخوێش، هەروەها بۆ هەڵەبجە، لەوێوە، دەچووم بۆ بیارە و گوندەکانی بەروپشتی هەڵەبجە، وەکو: ئەبابەیلێ، بامۆکو ئەنەب، جەلیلە، دەرەشیش بەپێ، چووم بۆ بیارە بۆ دیدەنی بەڕێز شێخ ئەلائەدین.

هەڵەبجە – بیارە 18 کم، بۆ خورماڵ 15 کم... رێی زیخەڵانی، بە پێدەشتدا لە بناری ئەبابەیلێوە، ئەنەب، جەلیلە، بە ناو باخدا، چاخانەی بیاوێڵە، چاخانەی دەرەشیشی خواروو، چەند جۆگەو ئاوێك، دەرەشیشی ژووروو، خەرپانی، چۆمی بەنەو چاخانەکەی ، دوورپیانی تەوێڵە، پردو ئاوو چۆم، خاگێلان، بناری چەپی گوندی نارنجەڵەو گوڵپو باخەکۆن، ئاوو پردی زەردەهاڵو، چاخانەکەی، لای راستی گۆڕ، گوندی دەرەقەیسەر، لای چەپی بنجۆی درە، لە شیوێکدا، بەرەو هەوراز، بەردەڵانی، پێچ، خانووەکانی پێشی بیارە و چاخانەکەی، ئاوایی بیارە، لە دۆڵێکدا، خانووی بەرەوخۆراوا، گەڕەکەکانی، پشتچۆ، ناودێ، شێخان... مۆناتی 5 هەزار کەسە، خوێندنگەی سەرەتاییو ناوەندیو تیمارگەو چاخانەو بازاڕی گچکەی تێدایە... خانەقاو تەکەیی شێخانی رێبازگەی نەخشبەندی تێدایە، ئارامگە – خەوابگەی پێشەوایانی ئایینی وەکو شێخ ئومەر شێخ نەجمەدین، بەڕێز شێخ ئەلائەدین، هەڵبەستراون، چۆمەکەی لە کێوی شرامەوە دێت، کە زنجیرە کێوی هەورامانە، هەردوولای چۆمەکە هەڵبەستراوە، خانووەکانی وشکەکەڵەکو دوونهۆمن، تەمەنی بیارە لە 450 ساڵ پترە، لە وشەی بوێرە، بیدارەوە هاتووە، دۆڵێکی لێژو درێژ، دارستانو باخ، داپیۆشیوە، بە تایبەت دەراوی دەرەقوولو بنجۆی درە.

لە پردەکەوە، ئوتومبیل دەڕوات بۆ تەوێڵە، 17 کم، قەدپاڵو ناوباخ، هەوراز، لای راستی دۆڵ، چاخانەی دەرگا شێخان، گوندەکە لە سەرەوە، گۆڕی ساوا – پێچو، هەوراز و لابەلا، هاڵە، کانیرەزنەی بەڵخە، ناوباخ، تافگە لەسەرەوە، سەری سەیسەلام، باخەکانی، خوارووی بیارە دیارە، پێچ بەرەو ئەودیوی بەڵخە، سەری شنروێ دیارە، چاخانەو گوندی بەڵخە، خوێندنگەکەی، لە سەر رێگە، کانیبەڵخە، چاخانەو کانیمێشڵە، کانیاو و سێبەر، سوورەچناری گەورە، لەسەر کانییەکە گۆماو لە خوارەوە، پێچو لابەلا، خوارەوەی باخی شەمی رەزەکانی سۆسەکان، باخەکانی گوندی هاوار لە قووڵاییدا، بەرامبەر ملەشۆپی، دیارە.

بەودیودا سنوور، باخەکانی تەوێڵە، هەوراز، تەوێڵە، چاخانەی گەڕیات، خانەقا، ناو گوند، دۆڵ، هەردووبەری خانووی وشکەکەڵەکو دوونهۆم، مۆنانی 8 هەزار کەسە، بازاڕو فرۆشگەو چاخانەو خوێندنگە، تیمارگە، پۆستی تێدایە، گەڕەکەکانی: چلانە، مالیدەر، بەرانبەر.

ئاوێسەر:

سەیرانگە 2ر5 کم، بە پێ بە هەورازدا، بە ناو باخو ژێر سێبەردا، لە دامێنی هەورامانی تەخت، سەری تەخت، پۆپەکەی، گوندی هەورامانی تەختو بەشی ژاوەروو بە ئوتومبیل لە شەقامی سنوورەوە، دەڕوات، ئەودیوی هەورامانی تەختە 500 خانەیە، باخو ئەستێڵ بناری ئەو دیوی، گوندی خۆشو ئاوەدان، کەماڵانە... گوندەکانی هەورامانی تەخت، سەرپیرو ، سێلتی، بلبە، ئۆین، کەلچی، ژیوارە.

بناری ئەودیو، تەختایی، باخ، ئەستێڵە تاکو لای هەجیج، سەرچاوەی رۆباری سیروان، لە بەردەمی گوندی سیلنیەوە، لە دۆڵی 3 کوچکەدا، دەرەی تاکو دزاوەرو کۆتایی باخەکانی، دەرەکەیتری تاکو ئاوێسەر دەچێت.

تەوێڵە 3 گەڕەکە، خانەقا گەورەکەی 1255 ك، 1868 ز دروستکراوە، خەوابگەی شێخ ئوسمان سیراجەینی تێدایە، بەرانبەری خانووی شێخ، سوورەچناری گەورە لەبەر دەمیدا، بڵندگۆی پێوەیە.

کۆمەڵەی برایەتی، 1937:

ڕۆژنامەی ژین ژمارە 85، 9/14 و
ژمارە 86، 1972/9/21

دوای کۆمەڵەی خۆیبوون، 1927، دوای بەسەرچوونی ڕۆژانی ڕەشی شەشی ئەیلولی 1930، کپبوونەوەی دەنگو دەبدەبەی کوردایەتی، جنگوجووڵی دوژمن بۆ بەربەستی بزافی نەتەوەیو خنکاندنی، پەیمانی سەعداباد بەسترا 1937.

لە گەرمەی ئەم ڕووداوەدا، ڕۆزگاری ڕەشی ناهەموار، گەلی کورد، کەوتەخۆی لە ناو ئەو گێژاوەدا، ناچارکرا، کە خۆی ڕزگار بکات، لەو گەرداوە، ڕۆشنبیرانی کورد، لەو کاتەدا هاتوچۆی خانەقای مەحوییان دەکرد، بە مەبەستی خۆخرپکردنەوە لە بارەی کێشەی نەتەوەیو ژیانی میللییەوە، پەلەقاژە بکرێت بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارە، لەم بارەیەوە، لە ئاکامدا، کۆبوونەوەیەك سازکرا لە خانەی شێخ لەتیف حەفید لە پایزی 1937، لەو شەوەدا ئەم بەڕێزانە ئامادەبوون: ئەسعەد مەحوی، د. نوری فەتوحی ئەلەکە، خودی شێخ لەتیف حەفید، شێخ جەلال حەفید، شێخ لەتیف سنەوی دانساز، ئیسماعیل شاوەیس، سەدیق شاوەیس، ئەحمەد فەخری، عەلی قەفتان، موحەمەد خدر تاپۆ، مەحمود ئەحمەد، حەمە سەعید سلیم جاف، شێخ قادر سەید ئەحمەد، ئیبراهیم گوردی، فوئاد ڕەشید... لەم کۆمایەدا، بڕیاری دامەزراندنی کۆمەڵەی برایەتی درا، دەستەڵاتی ڕەها درا بە ئەسعەد مەحوی، کە بنێرێت بە دوای یەکتا بەگ، حەماغای خوبیلە کاکەیی، جێگەی باوەڕی شێخ مەحمود نەمر، بە هاوکاری شێخ لەتیف دانساز، مەحەمەد قودسی مەحمود، ئاگادارکرا... ژمارەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی گەیشتە 20 کەس.

خانەقای مەحوی بنکەو بارەگابوو، وەرگرتنو سوێندو سەوگەن، بە قورئانی پیرۆز، هەر لە خانەقابوو... لە خانەقا سەری هەڵداو هەر لەوێش کۆتایی هات... سوێند ئەخورا کە ناپاکی نەکات بە گەلی کورد و هیچ کوردێ، لە کۆبوونەوەکاندا، سەرۆکو جێگر دادەنرا، تاکو کۆبوونەوەیەکیتر، فەرمانڕەوا نەبوو، بە ئامادەبوونی

12 ئەندام کۆبوونەوەی یاسایی پێکدەهات، بە سەرۆکو جێگرەوە... سەرۆك مافی 2 دەنگی هەبوو.

جارجار، لە خانەی خوبیلە و شاوەیس کۆبوونەوە سازدەکرا، لە پرۆژەی بەسوود دەدوان، بەڵام زوربەی کۆبوونەوە هەر لە خانەقا پێکدەهات، چونکە پەرستگەبوو، شوێنی گومان نەبوو، خۆشم لەوێ سوێندم خواردووە، نیمچە رازگربووم، پۆستەبەر و نامە هەڵگربووین لە تەك مستەفا کەریم غەفوردا، لقو پەلی لە ناو خوێندکاران و سەربازو پۆلیسو فرۆشیارو ئەرککێشو، کارگەراندا، بڵاو بۆوە..

لە خوێندکاران: نوری شاوەیس، مەحەڕەم موحەمەد ئەمین، مەحەمەد قودسی، مەهدی خوێ، قادر ئەبدورەزاق، حەمە سەعید حاجی ئیبراهیماغا خەفاف، ساڵح ئەحمەد بەگ بابان، مستەفا کەریم غەفور، ئەحمەد خدر، کەریم زەند...

بەرپرسی پۆلیس، حسێن ئەسعەد زەنگنە، کەریم کۆیی... بەپرسی سەرباز، فەتاح شاڵی لە بەغداد... لە بازرگانان، حەمە فەرەج شاڵی، وێرای هاوکاری تەواوی خێزانو فامیلیای شاڵی، کۆمەکیان بەم کۆمەڵەیە... دەمانچەی کاك حەمە فەرەج شاڵی بوو لای من بە متمانەی حەمە سەعید حاجی ئیبراهیم خەفاف... هەروەها مارف چیاوك، سەرۆکی یانەی سەرکەوتن، هاوکاربوو.

لقی کەرکوك، جەمیل رۆژبەیانی، لکی کۆیە، کاکە زیاداغابوو، پەلی بۆ ناو مەنگوڕایەتی درێژکرد، مەلا خەلیل مەنگوڕ هاوکاریدەکرد، بەهۆی مەلا ئەبدوڵا ناوێکەوە، بەم جۆرە پەرەی سەند، لە سایەو سێبەری شێخی نەمر مەحمود حەفیدا.

ئەبدوڵا بەگ، سەیرانبەن، هاوکاربوو، پەلی هاویشتبوو بۆ لای بانە... بەندیخانەی سلێمانیان شکاند بە پێی پرۆگرامو نەخشەی کۆمەڵەی برایەتی بە کۆمەکی کاك فوئاد عارف کە فەرمانەدەی سوپابوو لە سلێمانی 1936، پیلان دانرا،

2 دەمانچە نێردرایە ژووری زیندانی بۆ بەڕێز حەمە رەشید خانی بەندکراو لەتەك سەید عەتاو مەجید گەڵباخی.

ئەمە لە جەژنی تاجگوزاریدا، بە هاوکاری شێخ لەتیف حەفیدو ئەسعەد مەحوی نەخشەی شکاندنی بەندیخانەو گوشارخستنە سەر ئوستاندار مەجید یاقوبی، رایانفڕاند، بۆمبایان فرێدایە ناو خانەی عەلی حیجازی کارگێڕی پۆلیس بە دەستی ئەحمەدی قالە شاسوار، هەروەها دادیار عەزیز خەڵوسی لە ئەنجامی ئەم کارە شۆڕشگێڕییەدا، بەندیخانە شکا، حەمە رەشید خانوو سەید عەتاو مەجید گەڵباخی رزگاربوون، بەڵام مەجید گەلباخی 4 تفەنگی هەلگرتبو، پشتی دانەواندبوو، بۆ هاوڕێکانی، پشتێنەکەی لە لاقی ئالابوو، گیرایەوەو درا بە دادگاو دوایی بەربوو، بە کۆمەکی کۆمەڵە.

شێخ مستەفا قەراخی کرایە ئوستاندار، بزافی رەشید عالی گەیلانی بەسەرداهات، شێخی مەزن کە لە بەغداد، سلێخ دەستبەسەربوو، دەرفەتی هێنا بە ناو زەنگنەو تاڵەباندا و بە یارمەتی شۆڕەسوارانی گەرمیان، خۆی گەیاندە گوندی سیتەك، لە شاربازێر... شۆفێرە مەردەکەی ، ئەحە خورشە، میرزا ئەزیز ئاخەیی تەرخانی، حاجی دەروێش حسێن خانەکینی، پێشوازی چەکدارانی سەعیداغای جافەرانو کوێخا نەجمی سێوسێنان، شێخانو ئاغاکانی قەراخ، سوارچاکانی میراودەلی، پشدەری، شاربازێری، ئەندامانی کۆمەڵەی برایەتی، کەریم زەند، ساڵح ئەحمەد بەگ بابان، مستەفا کەریم غەفور، بەشداری ئەو بزووتنەوەیە بووین، ئەسعەد مەحوی، نوری ئەحمەد تەها، چوونە سیتەك بۆ ئەوەی لە رازونیازی شێخی نەمر بگەن... داوای هاوکاری کرا لە تەك مامۆستای باڵا رەفیق حیلمی نەمر، بەڵام ئەو هاوکارییە پێکنەهات بەهۆی رۆزگارو سەردەمەوە.

مستەفا خۆشناو، ئومەر مستەفا – ئومەر دەبابە، لایەنگری کۆمەڵەی هیوابوون، هەستی رازەی گشتییان دەربڕیوە، بۆ ئەم کۆمەڵەیە.

نمایندەی شاری کۆیەی خەباتگێڕ، مامۆستا حەمە حوێز – حەمە رەش، کاك سەمەد موحەمەد مەنجەڵ، هاتن، بە هاوڕێیەتی خۆم چووینە دیداری شێخی

مەزن، بۆ گەیاندنی مەبەست. هەروەها پەیوەندیکرا لەتەك موحسین ئەبوتبیخ، کۆمەڵەکە گەیشتە پۆپە، خواست، پێشکەشی میری بەغدادکرا، بەهۆی نمایندە، شێخ جەلال حەفیدەوە، بریتیبوو لە:

1- بانکی کشتیاری، پیشەسازی لە شارە کوردەکان دابنرێت.

2- لە وەزارەتەکاندا، بە تایبەتی شایارێتی جەنگو سوپا، کورد، بە گوێرەی مۆنات، بەشدار بێت.

میری لەمە راچڵەکی، کەوتە گرتنو پەلاماردان و بەندکردنی ئەندامانی کۆمەڵەکە... لەم کاتەدا، بەرێز سەرۆك بارزانی نەمر، کە لایەنگری ئەم کۆمەڵەبوو، هەلی بۆ رەخسا بە کۆمەکی کۆمەڵەی برایەتی، شێخ لەتیف حەفید، ئەسعەد مەحوی، چەکو وڵاخ ئامادەکرا، منیش ئاگاداری ئەو نەخشەیەبووم... بە ئوتومبیلی شێخی نەمر و شۆفێری مەردی، ئەحە خورشید، نوری حەمە سوور، حەمە پیزە، مچە قرگەیی، محەی سالەسوور... مچە قرگەیی، مکایەلی، براگەورەبوو، شێخ حسێن بەردەزەردی بەرزنجی، حەمە پیزە بێسەری، ئەحە ببورەیی، بلباس، ئەم هاوکارانە، نموونەی بەرجەستەی تەبایی خێڵە کوردەکان بوون لەو چەرخەدا.

ئەم چەکدارانە، پارێزگاری شێری بارزان، شێری کەپریرە – پیرەکەپرە، جەنراڵ بارزانی نەمر بوون، تاکو خۆی گەیاندەوە بێشەو لانەی خۆی لە بارزان، کە شۆرش بەرپا بکات، لە ئەنجامی ئەم رووداوە، بەرێز خودانی بارزان شێخ ئەحمەد و ئاوارەکراوانی بارزانی، دەستبەسەران، رەوانەی ئوستانی حیلەکران، لەوێ، دیدەنیم کردوون.

لێرەدا، مەحمود خانی دزلی دەستبەسەر لە سلێمانی، شێخ لەتیف دانساز بە ئەسپی خۆی، رەوانەیکردەوە، لەو کارە ئاگاداربووم... ئەم هەموو ئامادەییە، بۆ بەرپابوونی شۆرشێکی نەتەوەییبوو... بەلام، تەنها سەرۆك بارزانی نەمر بەڵێنی خۆی بەجێهێنا، لە لایەکیترەوە، هەرەشەی دوژمنو هاتنەوەی نوری سەعید و

دامەزراندنی دامودەزگای شاهێنی و هەڵاتنی رەشید عالی گەیلانی بۆ وڵاتی سعودییە.. ئەم هۆکارانە، شێخی مەزنی ناچارکرد بە دانیشتن لە گوندی داریکەلی.

وەک مەدینە بێ نەبی‌بێ یا نەجەف بێ بێ عەلی
شاری غەزنە بێ مەحمودە ئیستە وەک داریکەلی

حەمدی ساحبقران

شۆرش، هەرەسی هێنا، بلاوەی‌پێکرا، هەرکەسە بۆ شوێنی خۆی، دوای دەرکردنی بەخشینی گشتی‌و دەستبەسەرکردنی شێخ لەتیف حەفید لە بەغداد، شێخ لەتیف حەفید بە چەند چەکدارێکەوە رووەو کوردستانی خاوەر رۆیشت بۆ چەمپاراو و بلەکیو ئارمردە، چووە بارەگای حەمە رەشید خان لە بانە، کە ئەو سەردەمە شاری بانە و سەقز لە ژێر رکێفی حەمە رەشید خاندابوو، سوپای ئێرانی دەرپەڕاندبوو.

دوای ئەوە شێخ لەتیف حەفید چوو بۆ گوندی زەرواو، بۆ لای سەلیم خان، پێشوازی بە گەرمی لێکرا، حەواندنەوەی خۆیو لەشکرەکەی گرتە ئەستۆ، شازادە تەلاخانمی کچی بە کەژاوەوە پێشکەشکرد، بۆی ناردە گوندی کەناروێ، ئەو کیژە میرە، ئەو خانمە رشتە شۆخوشەنگەی لێمارەکرا، ئەگەرچی حاجی قادر خانی ئارمردەو ئەبدولابەگی سەیرانبەنێ، لەم بارەیەوە، درێغییان نەکردووە.

ئەسعەد مەحوی، هاتەوە بۆ داریکەلی‌و دووبارە گەڕایەوە بۆ مەریوان، باشماخ، دیدەنی مەحمود خانی کانیسانانیکرد

شێخ لەتیف حەفید خۆیو چەکدارانو یاوەرانی هاتنە سەردەشت، سەلیمخان مەحمودخان زەرواو ئەحمەدی 500 سوارەی بۆ خڕکردەوە، کاروباری ئازوخەو ژیانی لەشکرەکەی گرتە ئەستۆی خۆی... دادگا دامەزرا، ئەسعەد مەحوی باوەڕپێکراو دادیارو جێگرو بریکاربوو، ستونو کارگێڕ بوو، ئاگاهی دەرنەکرد، پەیوەندی لەتەك قازی موحەممەدی پێشەواو سۆڤیەت – رووسیاداکرا، نامە بۆ ژەنراڵی سۆڤیەتی نێردرا... دوای ماوەیەك، سەرۆکی ستادی سوپای رووسی ژەنراڵ لوپۆڤ، ژەنراڵ ئەتاکشیۆڤ، هاتنە سەردەشت، زمانزانییان لەتەکدابوو، بە ئازەری

ئـەدوا... رووی تێکـردین دوای پێشـوازیکردنی لـە پـردی کـەڵوێوە، تـاکو خانـەی حـاجی غـەفوراغای شـافیعی لـە سەردەشـت، دوای حەسـانەوە، وتووێـژ کـرا، وتـی: کێشەی کورد، لە پرۆگرامدا نییە، لە خشتەو نەخشەی کاردا نییـە، مەگـەر جـەنگی سێیەم، هەرچەندە جەنگی سێیەم نابێت، 2 جار دووپاتیکردەوە وتی نییـەت، واتـە نابێ، جـەنگی سارد ئـەبێ، جـەنگی پێشبڕکێی چـەك دەبێـت، خۆتـان هـەلگرن بـۆ دەرفەتێکی‌تر، لە رووی هەستی مرۆڤایەتییەوە.

پەیوەندیکرا بە سۆڤیەتەوە، لە ئاکامدا، ژەنراڵ ئەتاکشیۆف، بابلۆڤ سوپاپود و سالاری سوپای سوور لە رەبـەتو پـردی کـەڵوێوە هـاتن بـۆ سەردەشـت، لـە خانـەی حـاجی غـەفوراغا کۆبوونـەوەکرا، زمـانزانی لەتەکـدابوو، بـە ئـازەری دەدوا، دوای تەواوبوونی وتووێژ، رووی تێکردین، منیش لەوێ ئامادەبووم، وتی: جەنگی سێیەم، ئەگەر، مەگەر، نابێت بـە رووسـی نییـەت، کێشـەی کـورد، لـە پرۆگرامـدا نییـە، لـە نەخشەدا نییە، لە بەرنامەدا نییە، خۆتان هەلگرن بۆ دەرفەتێکیتر.

لە کاتێکدا گەرمەی جەنگی دووەمی جیهانی‌بوو لە شاری ستالینگراد لەسـەر رۆباری ڤۆلگـا، بـە چـەکی سـپی، ئـەم ئامۆژگارییـەی کـردین، وتـی جـەنگی سـێیەم نابێت... لەملاشەوە، لـە کوردسـتانی باشـور قورسـاییو گوشـار خرایـە سـەر شـێخی نـەمر، لـە رێگـەی شـیخ قـادر حەفیـد و بابـە عەلییـەوە ناردیـان شـێخ لـەتیفیان هێنایەوە.

ئەسـعەد مـەحوی، دوای ئـەم گفتوگۆیـە، بـە دڵنیـایی گەڕایـەوە، کۆمەڵـەی برایەتی لاوازبوو، کۆتایی هات، هەر لە خانەقا، هەروەکو چۆن لـەوێش سـەریهەڵدا، کۆمەڵەی هیوا پارسەنگی قورس بوو، پەرەی سەندو هاتە سـەر شـانۆی رامیـاری، تـا رادەیەك دەستی هەبوو لە بزاڤی بارزانی 1943 دا.

بـە هاتنـەوەی ئەسـعەد مـەحوی بـە راشـکاوی، شـێخ لـەتیف حەفیـد پشـتی چۆڵبوو.

بۆ ئەم رووداوە، چاوگ بەڕێز خودی حاجی مەلا ئەسعەد مەحوی بووە.

کۆمەڵەی هیوا – 1938:

سەرهەڵدانی ئەم کۆمەڵەیە، بە ناوی دارکەرەوەبووە، لە وشەی کاربۆناری ئیتالییەوە وەرگیراوە، رەژوو، خەڵوزکەران.

لە کەرکوك 1938-1939 لە کۆبوونەوەیەکدا، لە ئوتێلێك دامەزراوە، دەستەی دامەزرێنەری 6 ئەندام بوون، یونس رەئوف – دڵدار، نوری شاوەیس، نوری مەلا سمایل، جەلال ئەمین بەگ، جەلال حامد جاف – پاشا... مامۆستا حەمە حەوێز ئەڵێ: کاتێ خوێندکاری ئامادەیی بووە، لە هەولێر، لە شاگردان، یونس رەئوف، یاوەرانی ئەم تەقەلایە دراوە، بۆ دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە لە خانەکین، مەلا رحیم بەشداریکردووە.

لە هاوینی 1940، مامۆستای باڵا، رەفیق حیلمی نەمر، بانگهێشتکراوە بۆ شەقڵاوا، کراوە بە سەرۆکو ئەویش ناوەکەی گۆڕیوە بە هیوا – هێڤی، ئەو گۆڤارەی کە لە سورییە دەردەچوو لەو سەردەمەدا.

کۆمەڵەی هیوا، پەرەی سەند، لقوپۆپی بڵاوبۆوە، ئەفسەرو رۆشنبیرو کاسبکارو ناوداری کوردی تێدا گردبۆوە، لەتەك کۆمەڵەی برایەتیدا وتووێژ کرا بۆ پەیدابوونی نێوانێك.

هیوا، بەرنامەو پێڕەوو پرۆگرامی نەبوو، وەکو یاسای ناوخۆی چاپکراو، 4 گۆڤاری دەستنووسی دەرکرد، هەر ژمارەی 6 دانەی لێدەنووسرایەوە، بە دەست، بە نۆرە دەخوێنرایەوە، دروشمی، بژی سەرۆکی باڵا، گۆڤارەکەش وێژەییو پەروەردەیی بوو پتر، هەر بەرپرسێ دەیتوانی سوێندی ئەندامی بەشداربوو بدات، ماوەیەك لە ژێر چاودێریدا دەبوو، 3 ئەندام نامزەدی دەکرد، ئەپاڵێورا بۆ ئەندامی.

ئەندامی کارای، جەلال ئەمین بەگ، ئەمین رەواندوزی، شێخ حەسیب تاڵەبانی، رەشید باجەلان، موکەڕەم تاڵەبانی، فایەق هوشیار، عەونی یوسف لە هەولێر، زەید ئەحمەد ئوسمان پۆستەبەر، رەفیق تۆفیق چالاك، رەئوف مارف، بوون... شانەکانی زۆر نهێنی نەبوو، هەر 5-6 ئەندام بەرپرسێکی هەبوو، ئابوونەو کۆمەك کۆ دەکرایەوە، بەڵام بودجەی تایبەتی نەبوو... سوێندو سەوگەن، بە خوداو و خاکو ئاڵای کوردستان بوو، کۆمەڵێکی نەتەوەیی بوو،

خەباتی بۆ گەلی کوردبوو، ئەگەر ئەندامێ ناپاکی بکات، ئەو خەنجەرەی کە سوێندی پێخواردووە، مەرگی بێت.

دوای کپبوونەوەی بزافی کۆمەڵەی برایەتی، هاتنەوەی حەفید مەحمودی نەمر بۆ گوندی داریکەلی، لە سەر پاشەڕۆکو لاشەی برایەتی، کۆمەڵەی هیوا، پەرەی سەند، پەلی هاویشت بۆ دەڤەری بارزان، دەستێکی باڵای هەبوو لە بزافی بارزانی 1943دا.

لێرەدا، هەڵوێست گۆڕدرا، لاوەکان داوای پشتگیرییان دەکرد بە خۆپیشاندان، ئەم کێشەیە، هۆکاری سڵەمینەوەو کۆسپو تەگەرەبوو، لە نێوانی بنەماو پایەگاو سەرکردایەتی کۆمەڵەکە، دووبەرەکیو ناکۆکی خستە ناوەوە، کزیو کەنەفتی روویدا، کۆمەڵە کەوتە گیانەڵا، خۆخۆیی پەیدا بوو، زۆرینەی ئەفسەرە کوردەکان بوون بە لایەنگری ماجد مستەفا تاکو 1944 ئەمە خایاندیو بە تەواوی ناوی هیوا کشایەوە لە مەیدانی رامیاری، لەسەر لاشەی هیوا کۆمەڵە پێشکەوتووخوازەکان، هاتنە کایەوە، چالاکی رامیاری نوێخوازی دەستپێکرد، بە مەبەستی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە.

لاوەکان هەریەکەیان نوێنەری هێڵێکی رامیاری بوون، کۆمایەك پێکهات لە خانەی سەدیق شاوەیس، بە مەبەستی یەکگرتن، کاك سەدیق شاوەیس، سمایل شاوەیس، نوری موحەمەد ئەمین، مەحەرەم مەحەمەد ئەمین، کەریم زەند، مامۆستای پارێزەر ئیبراهیم ئەحمەد – بلە، ئەنوەر مەلا حەماغا، ئامادەبوون.

نوری مەحەمەد ئەمین، بە ناوی دارکەرەوە، بە ئومێدی زیندوو کردنەوەی، کەریم زەند، بە ناوی کۆمەڵەی ئازادییەوە، پایەگاو بنەمای دیموکراتی مەڵبەندی، دووخی، راڤەکرد، لە ئەنجامدا، نوێخوازان زاڵبوون بەسەر بڕیارەکاندا، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد – بلە، وتی:

خۆشبەختم کە ئێوە پێشکەوتوخوازترین.

لێرەوە، کۆمەڵە پێشکەوتووخوازەکان، بە بارودۆخێکیتر، بە هەلومەرجێکیتر، کەوتنە کار، لەوانە کۆمەڵەی ئازادی، ژ.ك. بوو.

گەشتی زەند، دەستنووس، کەریم زەند،
1936، تاکو هەنوکە.

مایس – 1941 – **ئایار**:

بزاڤی رەشید عالی گەیلانی، هاتنەوەی شێخی نەمر، مەحمود حەفید، بەشداریم لەم بزاڤەدا.

ئەزمونی پۆلی 3 ی ناوەندی دواخرا بۆ خولی دووەم لە پایزدا، لە کەرکوك، لە هۆڵی شارەوانی، بە ئەنجامێکی سەرکەوتوو روومکردە خانەی مامۆستایان لە بەغداد، ئەعزەمییە، ئەگەرچی تەقەلامدا بۆ ئامادەیی سەربازی... دوای پەشیمانکردنەوە، هاورێیەکانم چوون بۆ ئامادەیی سەربازی، بوون بە ئەفسەر، منیش لەتەك، موحەمەد شێخ مستەفا، هادی موحەمەد خوێ، باقی ئەحمەد سابیر، چووینە خانەی مامۆستایان، لەوێ، لەتەك مستەفا سەید ئەحمەد - نەریمان، موحەمەد تۆفیق وردی، یەکانگیربووین، هەریەکەمان لە ئوستانێك، سلێمانی، کەرکوك، هەولێر.

100 خوێندکار وەرگیرا بەپێی ئوستانەکان، بە گوێرەی نمرە، پۆلی یەکمان بری، کرا بە ئامۆژگا، گەشتی ئوستانی بابل، شاری خانەکینمانکرد، مامۆستای جوگرافیا ئەبدولمونعیم مەرسی میسری لە تەکماندابوو، لە پۆلی کۆتایی ئامۆژگە، مامۆستا ئەبدولکەریم دوجێلی وانەی عەرەبی، وێژەی پێدەوتین، هاندەرمبوو، لەسەر ئێزدی نووسیم.

لێرەوە دەستمکرد بە نووسین لە گۆڤاری گەلاوێژدا، کەوتمە سەوداو مامەڵە لەتەك تیپو وشەو رستەدا، بە ناوی بایز و کەریم موحەمەدو هیتر، نووسیومە.

پێنجوین، 105 کم لە سلێمانییەوە:

گەشتی هاوینی:

کانیبا، داربەروولە، خەراجیان، عەربەت – ئاربەت، خڕی چەناقچیان، کانیپانکە، موان، گرێزە، قورپچیا، سەرای سوبحاناغا، گوندی قلرخ، سەیسادق، دووریانی هەڵەبجە، شانەدەری، دۆڵەسوور، هەوراز، کانیسپیکە، پردی ناڵپارێز و

سێبواران، پێچی بێمەحکەمە، کانیمانگا، پێچەکانی ملەکەوە 13 پێچە، راوگان، ناوشاخان، بووبان، پێنجوین.

دوو هەفتەی تێدامامەوە، لە ئوتێلی حەمە نێرگەلە، قاوەسازی شێخی نەمربوو، ئەوەی جێگەی سەرنج بوو، پۆلیسێکی سوارە، هەموو بەیانییەك، سلاوێکی سەربازی بۆ ئەسپەکەی ئەکرد، لە تەویلەی ژێرخانی ئوتێلەکەدا، پرسیانکرد، بۆ ئەم سلاوە سەربازییەی بۆ دەکەی؟ وتی: قۆمیسەرەکەم 6 دینار مووچەکەیەتی، سلاوی بۆ دەکەم، ئەسپەکەم بەهای 6 دینار پتر ئالیکی بۆ وەردەگرم، ئەسپەکەم لە قۆمیسەرەکەم پتر وەردەگرێ، چۆن سلاوی بۆ ناکەم!.

کۆمەڵەی زانستی – 1926:

خوێندنگەی کۆمەڵەی زانستی.

رۆژنامەی هاوکاری، ژمارە 607، پێنجشەممە 1981/10/8

خوێندنگەیەك، بە پیتاکو باربوو کۆمەکی هاووڵاتیانی شاری سلێمانی، پێکهاتبێ، خوێندنگەی میللی بۆ توێژو چینەکانی کۆمەلگە، بەپێی فەرمانی وەزارەتی، شایاری ناوخۆ ژمارە 2571، رۆژی 1926/2/24 دامەزراوە، لەسەر خواستی دەستەی دامەزرێنەری کە ئەم بەرێزانەبوون:

1- ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ سەرۆك
2- جەمال بابان جێگر
3- مستەفا قەراخی ئەندام
4- عیزەت بەگ وەسمان پاشا =
5- حەماغا ئەورەحماناغا ئەبدولاغا =
6- رەمزی فەتاح =
7- فایەق مارف بەگ ژمێریار
8- رەفیق ئەفەندی رازگر

بۆ یەکەمجار، حاجی تۆفیق – پیرەمێرد کارگێڕبووە، بە بەرگی کوردییەوە، بە یەکدەنگ، هاواریاندەکردو دەیانوت:

واوەرن لاوەکان یەکگرن، یەکگرن، زانستی راگرن

یاریدەی لاو نەبێ، کۆششی لاو نەبێ

هەوڵو کۆششمان رۆژ لەتەک شەو نەبێ

بۆ بڵند کردنەوەی زانستی کوردان

ناگرین جێگەیان، ونئەکەین نیشتمان

ئیمرۆ لاوی هەموو میللەتی رووی زەمین

هەوڵئەدەن بۆ بڵاوکردنەوەی زانین

زانستی جێگەی عیلمو عیرفانە

شوێنی رووناکی ژینی کوردانە

بۆیە وا بەرزنو گەورەو دووربین

ئێمە پاشکەوتوی دەستی نەزانین

شاکر فەتاح

دوای 3 ساڵ، کەریم سەعید بەگ زانستی، کرا بە کارگێڕ، لە پۆلی یەکەوە تاکو 6ی سەرتایی تێدابوو.

1933، مامۆستا شاکیر فەتاح، کرا بە کارگێڕ، ژمارەی خوێندکار و فێرخواز 240 دەبوو، مامۆستایانی: فایەق بێکەس، ئەبوبەکر هەوری، ئوسمان ساحبقران، ئەورەحمان مفتی.

لە خولی شاکیر فەتاحدا، شێوەی پرۆژەی نەهێشتنی نەخوێندەورای وەرگرت تاکو 1937... دوای ئەمە داخرا، کۆمەڵێکی تر لە لاوان تێکۆشان بۆ زیندووکردنەوەی، لە 1942، دووبارە خۆری زانستی هەڵهاتەوە... دەستەیەکیتر بوون بە هەڵسوڕێنەری کە ئەم بەرێزانەبوون:

1- کەریم زەند کارگێر
2- فایەق هوشیار ئەندام
3- ئەبوبەکر هەوری ئەندام
4- نوری مەحەممەد ئەمین ئەندام
5- موحەڕەم موحەممەد ئەمین ئەندام
6- قادر ئەبدوڕەزاق ئەندام
7- مەحەممەد تۆفیق عەزیز ئەندام
8- هادی موحەممەد خوێ ئەندام
9- نوری شاوەیس ئەندام
10- مەحەممەد شێخ مستەفا ئەندام

بەرهەمی ئەم خوێندنگەیە، ڕۆژمێر، یەکەم فڕۆکە بەهۆی زەنبەلەکەوە، 15 م دەڕۆیشت.

لە هەرای 6ی ئەیلول، 1930، بەشدارییانکردووە... ناردنی خوێندکار بۆ دەرەوەی کوردستان، یەکێ لەوانە بەڕێز ئەنوەر سایب بوو، لەسەر بودجەی زانستی نێردرا بۆ ئەورووپا.

بەمجۆرە تاکو 1944-1945، کەوتە ژێر ڕکێفی میرییەوە، ناسرا بە ناوی زانستی ئێواران.

بڕوانە: پیرەمێرد، نووسینی موحەممەد ڕەسوڵ هاوار، نامیلکەی پرشنگ، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد، ل 72، بڵاوکراوەی شاکیر فەتاح، سروودەکەی لەسەر ئاوازی ئاڵای لوبنانی، **كلّنا للوطن**، خوێندکارەکان بە سروود دەیانوت.

مامۆستایەتی – 1943-1944:

مێژووی خوێندنگەی فەیسەڵییە:

یەکەم خوێندنگە لە سلێمانی، مەکتەبی یەکەم، نموونەی سەعادەت، تەشویقییە، راهێنگەی مامۆستایان، پێشکەوتن.

گۆڤاری دەنگی مامۆستا ژمارە 4 ساڵی 1،

ت1، 1971، نووسینی کەریم زەند.

بەپێی زانیاری مامۆستا فوئاد رەشید و ئەندازیار نوری کاکە حەمە – نوری غەربی، ئەم خوێندنگەیە، لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا، چەرخی ئوسمانی، بۆ یەکەمجار، بە ناوی روشدییەی سوپاییەوە، لە ساختمانی تیمارگەی ناوبازاڕدا، ئەوەی کە کراوە بە بازاڕی نوێ.

1911، بە باربووی هاووڵاتیانو هاوکاری سەرۆکی شارەوانی سەردەم، دروستکراوە، ناوی ئامادەیی موڵکی بووە، مامۆستا فایەق ومیسەڵ کارگێڕ بووە.

1914، کراوە بە بارەگای فەرماندەیی سوپا و نشینگەی رامیاری.

1916، بە ناوی تەشویقییەوە، کراوەتەوە، وەکو خوێندنگە، مامۆستایانی: زێوەر ئەفەندی، مەلا سەعید کابان، شێخ ئەبدوڕەحمان نەسیب، عەلی ئەفەندی کوردی باکور، ئەبدوجەبار ئەفەندی، شێخ مەحمود، حەمدی ئەفەندی، سەید ئەحمەد بەرزنجی، بوون.

1917، کراوە بە بارەگای شێخ مەحمودی نەمر.

1918، نموونەی سەعادەت، لە خانەی تۆفیقاغا، وەکو خوێندنگە، لە چەرخی ئینگلیزدا، لە فێرکارانی: مامۆستا رەشید کابان، شێخ ئەبدوڕەحمان نەسیب، مەلا سەعید کابان، مەحەمەد باشقە – باشەکە، مەحەمەد زەکی کابان، زێوەر ئەفەندی، بوون.

1919، گوێزرایەوە بۆ کانێسکان، لە خانەی نەجیب ئەفەندی، لە فێرکارانی، مامۆستایانی: مامۆستا سەبری.

1920، کراوە بە نشینگەی مێجەر سۆن، چاپمان، هۆڵد، لاین.

خوێندنگـە، گوێزرایـەوە بـۆ قشـڵەی جـاران، مامۆسـتا عەبـدوڵا نـوری، کـارگێڕبووە، لـە 1920، مامۆسـتا سـەعید زەکـی لـە 1922، دوای ئـەوە، ناوەکـەی بووە بە مەکتەبی یەکەم، لە کانێسکان، لە خانەی بابە عەلی، بەرانبەر بە مزگەوتی گەورە، چەرخی عێراق تا 1924، هەر بەم نـاوەوە ماوەتـەوە، 7 پۆلی بـووە... لـە فێرکارانی: مامۆستا ئەبدوڵا عەزیز هەولێری، ئەلفبای کوردیو دیدەوانی وتوەتەوە، مەلا سەعید کابان، قورئانی پیرۆزو ئاین، عەزیز فەرەج سەلیم زوڵاڵئاغا، قـامیش عـەزیز، ژمێـرەو گۆرانیـو سـروود، مسـتەفا مـەولود بەهجـەت گـارووت، وەرزشـی وەرگرتبوو..

1929-1928، کراوە بە 2 خوێندنگە، یەکەمیان چۆتە شوێنی پێشووی لـە ساختمانی رامیاری نهۆمی سەرەوە، پۆلی 5 و 6، 1 و 2 ی ناوەنـدی تێدابووە... ژمـارەی پـۆلی 2ی ناوەنـدی 4 خوێنـدکاربوون، یـەکێکیان ئەحمـەد رەفیـق، بـای ئەحمەد، لە ئامادەیی مەڵبەندی بەغداوە هاتبوو... نهۆمی خوارەوە 4 پۆل بـووە، تۆفیق فیکرەت ئەبدوڕەحمان کارگێربووە.

خوێندنگەی دووەم، لە حەوشی گـەورە، بەرانبـەر خـانووی غـەفور شـاڵی لـە دەرگـەزێن، دوایـی گوێزرایـەوە بـۆ خـانووی سـەعەی مـارف، لـە خـوار مەیـدانی ماستەکە نزیکی خانەقای مـەحوی، لـە کـارگێڕانی: تۆفیـق فیکـرەت ئەبـدوڕەحمان، عەلی ئاگا شەوقی سەعید، بوون.

1930، یەکـەم خوێندنگـە، گوێزرایـەوە بـۆ سـابونکەران، بـۆ خـانووی یەکتابـەگ، 4 پـۆلی بـووە، تۆفیـق فیکـرەت ئەبـدوڕەحمان کـارگێڕو مامۆسـتایانی: رەفعەت ئەفەندی، مەلا سەعید کابان، خالید سەعید ئەبدوڵا، شاکیر سەید حەکیم، شاکیرە رەش، بوون، تاکو 1931، لە سابونکەران ماوەتەوە.

1932-1931، لـە پـایزدا، گوێزرایـەوە بۆ خـانووی جـەمیل سـایب، نزیکـی مزگەوتی گەورە، 4 پۆل بووە، تەنیشتی خانەی شێخ قادر حەفید.. تۆفیق فیکرەت ئەبدوڕەحمان، کـارگێڕو فێرکـارانی: نەزهـەت ئەفەنـدی، واحیـد ئەفەنـدی، خالیـد ئەفەندی، شێخ کەریم، عەزیز فەرەج سەلیم قامیش، شاکیر سەید حەکیم — رەش.

1933، لافاوی گەورە، لکێکی تـری لێجوداکرایـەوە، بە نـاوی شـوعبە، چـۆتە خانووی حاجی ساڵح قاسم، لە دواییدا ناونرا، خالیدییە.. مامۆستا ساڵح قـەفتان،

یەکەم کارگێڕی خوێندنگەی یەکەم بووە... لە فێرکارانی: مامۆستا ئەحمەد فەهمی، ساڵح سەعید، فوئاد رەشید بەکر، حەمە پاشا ئەبدوڕەحماناغا، ئەوڕەحمان شەرەف، رەشید کەریم، ساڵح عەلی، بەهادین عارف، مەلا جەلال مەحەمەد سەیفولا، خالید سەعید عەبدولا، فەوزی رەشید، رەمزی قەزاز محی‌الدین، بوون.

1934، ناوی خوێندنگاکان، گۆڕدرا... یەکەم بوو بە فەیسەڵییە، دووەم بە ئەیوبییە، گوێزرایەوە بۆ لای گومرگە سووتاو، خانووی حاجی مەحەمەد لاوە، خۆم خوێندکارێ بووم لەوێ... سێیەم خوێندنگە ناونرا بە خالیدییە، کە لە پێشدا ناوی شوعبەبوو.

مامۆستا ساڵح قەفتان تاکو 1936، لە خوێندنگەی فەیسەڵییە ماوەتەوە، دوای ئەو مامۆستا عەلی ئاگا شەوقی سەعید، لە 1936دا کارگێڕبوو، دوای ئەو فوئاد رەشید، لە 1936/12/1 تاکو 2947/2/6 بە دوایدا، مامۆستا مەلا جەلال کاکە حەمە سەیفولا تاکو 1966/9/10، دوای ئەو ناوی فەیسەڵییە گۆڕدرا بە ئەلعیززە، پاش ماوەیەك بە سەرکەوتن، ماوەیەکیتر بە سلێمانی، دوای کۆچی مامۆستا مەلا جەلال، مامۆستا بەهجەت سەعید کابان، کارگێڕبوو تاکو 1969-1970، مامۆستا ئەبدولا ئەژدەر رەزا قادر بریکاربوو.

1970/1/17، کەریم زەند حەماغا بوو بە کارکێڕ، ئەبدولا ئەژدەر، رەشید ئەحمەد بەرزنجی بریکاری بوون، بەپێی ئاگاهی پەروەردە، 1970/9/29، ناونرا بە پێشکەوتن، بە راهێنگە ماوەتەوە، بە ناوی راهێنگەی مامۆستایانەوە، دەستەی مامۆستایانی: کەریم زەند، کارگێڕ، ئەبدولا ئەژدەر، رەشید بەرزنجی بریکار، مامۆستایانی: ئەبدولا شێخ خالید، فایەق ئەحمەد، ئوسمان خاڵ مستەفا، عومەر موحەمەد قادر، کەمال عەزیز، رەشید هەورامی، جەبار شێخ غەفور، حەمە عەزیز ئەمین، عیزەت عەزیز، عەلی رازی، چەند مامۆستایەکیتر.

دوای کەریم زەند، مامۆستا حەمە عەلی حسێن، فایەق ئەحمەد، 1974/12/12، مامۆستا حەمە رەحیم رەمەزان، کاروباری ئەم خوێندنگەیەیان گرتۆتە ئەستۆ.

کۆمەڵەی ئازادی، ژ.ك[*] - 1943:

دوای کشانەوەی کۆمەڵەی هیوا، لە گۆڕەپانی رامیاری، کۆمەڵەی پێشکەوتووخواز هاتەکایەوە، لە کاتێکدا، پارتی کۆمۆنیستی عێراقی 3 بەش بوون، قاعیدە، شەرارە، وەحدەت نیزال. لە 1934دا القاعدة، الشرارة، وحدة النضال، پارتی العمل، داود سایغ، کاروباری دەبرد بەڕێوە، یەکێتی تێکۆشین، 3 بڵاوکراوەی دەرکرد، دەگەیشتە دەستمان، تێیدا ئەندام بووین، مامۆستا ساڵح حەیدەریمان دەناسی، دوای کۆمەڵەی ئازادی برەوی پەیداکرد و کارمان تێدادەکرد، بەبێ چەندووچوون چوینە ناو کۆمەڵەی پارتی کۆمۆنیستی عێراقی، قاعیدەوە، تاکو هاوینی 1945.

ئابی 1945، ساڵح حەیدەری هاتە سلێمانی لە خانەی کەریم زەند کۆبوونەوەکرا، مەحەمەد تۆفیق عەزیز، ئامادەبوو، ئەو رایە هاتە گۆڕێ، کە پەیوەندی بکرێت بە کۆمەڵەی ژ.ك.، بۆ ئەم مەبەستە، خۆم تەرخانکردو ئەو ئەرکەم گرتە ئەستۆ، بڵاوکراوەم دانابوو، لە خانوویەکی خزمێکم لە گەڕەکی سەرشەقام، چووم هێنام، کاك غەفور میرزا کەریم ئاگادارە، شەو لای گرتووخانەکەی سلێمانییەوە نووستم لەتەك کاروانی گوندی گۆڕەدێمدا، قادری ئەبدولاغا شیوەکەڵی ئاشنام بوو، باری سیگاری هێنابوو بۆ فرۆشتن، بارگیرێکی بەکرێ گرتبوو، خاوەنەکەی دانیشتووی گوندی چەمپاراوی لای بانەبوو.

بۆ بەیانی کەوتینەڕێ، لە ئەزمڕ و قەڵاچوالانەوە بەلای چوارتادا بەرەو گوندی گۆڕەدێم، شەو لەوێ ماینەوە، کاروانەکە لایدا، منیش لەتەك قادر ئەبدولاغا شیوەکەڵی خۆیو کابرای کاروانی، بە وڵاخەکەوە، بارەکەی پەڕە سیگاربوو، بە چۆمی ئاشیبارامو قەڵاتی سلێماندا، کەوتینە پشتی گوندی شیوەکەڵ، سیرین، بەرەو کێوی سوورکێو، پۆلیس پشتی لێگرتین، خۆمان رزگارکرد، یەکێکیان

---

* ژ.ك. 1942/9/16 لە باخی حاجی داود لە مەهاباد دامەزراوە.

ئەیناسیم وتی ئەمە ئاشنای سۆفی سەعیداغایە، ملی هەورازمانگرتوو سەرکەوتین بە دیوی بلەکیدا، خاوەنی ئێسترەکە ناوی رەحیم بوو.

لەولاوە، کابرایەك بە باری گوێدرێژەوە، هەر جارەی کە بارە قورسەکە ئەکەوت، گوێدرێژەکە ترپێکی لێئەدا، بارەکەی بۆ راست دەکردەوەو دەستی دەکردە ملی، ئەیوت بە حەمریم، تاکو سەرکەوت لە هەورازەکە، ئەمجارە، بارەکەی کەوت، راستی کردەوە، وتی ئەی بە گونێم، کارەکەی مەیسەربوو، لە هەورازی سەخت قورتاربوو، لەمەوە سیاسەت فێربووم.

بە دیوی گوندی بلەکێدا، شۆڕبووینەوە، گەیشتینە چۆمی بلەکی، کابرای کاروانی هاواریکرد، هۆو کاکە، کاکە هۆو... هاتن بە دەنگمانەوە، گوێ چۆمەکە ساردبوو، شەومان گوزەراند، بۆ بەیانی چووینە گوندی ماسییەرو بایزاوا، نزیکی بانە، بارەکەیان فرۆشت، بە تەنها مامەوە، رێ نەشارەزام، هەچەندە خەریکبوم، کاروانیو خاوەن شمەك، تەفرەبدەم، بێن لەتەکما بۆ بۆکان، بەڵام سوودی نەبوو.

خۆم راگرت، تاکو ئێوارە، کاروانێکی گەورەی پێنجوێن هاتن، خێرا کەوتمە خۆمو رامکرد بە دوایاندا، لەوانیش وایە کە چەتەم یاخود پیاوی عیزەتخانی بانەم، زەنگی ملی وڵاخەکان لۆکەیان تێئاخنیبوو، بۆ ئەوەی دەنگی نەیەت، خێرا لێدەخوڕن، منیش بە دوایاندا تاکو شوێ، لەوێ خستیان، بۆ حەسانەوە، تێیان خوڕیم، لوولەی چەخماخیان لێراکێشام، منیش دەمانچەم پێبوو، وتیان کوڕە کێیت، وتم خۆمانین، لە خۆتانم، کاروانیم، هاوڕێم لە پێشەوەیە، هەر تێم دەڕوانن، نەیان دەناسیم.

شەومان بەسەربرد، بەیانی کەوتینەڕێ، تا گەیشتینە چاخانەی زەمبیل، خەرجییەکەم هەمووداْ، بە ناو گەورکدا بە شێخ چۆپانو مێرگە نەخشینەدا، رووەو حەسارو بۆ گەبەسی، بۆکان... ئەوان لایاندا، منیش چوومە گوندی شێخلەری رەحماناغای ئێڵخانی، دیبوکری، بەرگەو بەلگەم پێبوو، ئەویش هاوکاریکردم، لە قەرەکەندو کانیتۆمارو ئوتەمیشو بورهانەوە، چوومە مەهاباد، سابلاخ، لە کاروانسەرای گەرمێن لاماندا، مانگی رەمەزان بوو، چوومە خزمەت قازی موحەمەد،

هێشتا نامزەد نەکرابوو بۆ پێشەوایی کۆماری کوردستان، خێرا دەستەی کارگێڕی کۆمەڵەی ژ.ك. خڕبوونەوە، وتووێژکرا، شەوێ هاتمە فەرمانگەی پەیوەستی فەرهەنگی، شوورەوی، لەوێ مستەفا خۆشناوم دی.

بەرێز قازی ناردی بە دوامدا، شەو لە خانەی قازی مەحەمەد نووستم، بەیانی مستەفا موئمینی هات، کاروبار بە ئەندازەیەك پێکهات. گەڕامەوە بۆ بۆکانو شێخلەر، لەوێ مامۆستا کاردۆخی، شێخ موعتەسەمم دی، خۆم لێئاشکرا نەکردن، شەو لە خانەی قاسماغا، لەسەر چاڵاوەکە دانیشتین، تەگبیری گەڕانەوەم دەکرد... ئیسماعیل ئەردەڵان، خاوەنی رۆژنامەی کۆهستان، لەوێبوو، یەکتریمان ناسی، زنجیرە وتاری لە رۆژنامەکەیدا دەنووسی بە ناونیشانی وەقایعی ئارارات، چەند دانەیکی پێبوو.

بەیانی زوو رێکەوتم بەرەو بلەکی – بانە، لای کەلیخان پاسدار ریگەکەیان گرتبوو، ئیستیان لێکردین، کاروانەکە وتیان، پیاوی حەمە رەشید بەگی بلەکێن، لەم مقۆمقۆیەدا، لە ژێر سکی وڵاخەکانەوە، خۆم دەربازکرد، دەمانچەم پێبوو، بە ناو جەنگەڵدا بەو شەوە تاریکە، بەرەوە کێوی ئاردبەبای پشتی بانە هاتم، 2 جار گەڕامەوە بە تروسکەی ئاگرەکانەوە وامدەزانی، هاوڕێ کاروانییەکانن پێش جیابوونەوەمان، کاروانەکە رێگەیان هەڵەکرد، شەوبوو، چوینە لای قادرخانی ئارمردە، دیارییان بۆ برد، ئەویش رێنمایکردن، تووشی ئەو پاسدارانە بوون، ماشینێك لەسەر رێی کەلیخان شکابوو، پاسەوانی ئەوەبوون.

ناگەهانو رێکەوت وابوو، جودا ببینەوە، بە تەنها هەر ئەوشەوە، لە ژێربالی تاریکیدا خۆم گەیاندە قاییکەندو لە چۆمەکەی بانە پەڕیمەوە، بە کلاشەوە، گەیشتمە بایزاوا، لەوێ سۆفی رشید هاوکاریکردم، بە پیادەیی بۆ دەمەوئێوارە، لە سوورکێو سەرکەوتم، هاتمە کانییەکەی پشتی گوندی نۆرك، خۆم کۆکردەوە، هاتمە نورکی حەمەرەشیداغا، خانمی خێزانی بەرێی کردم بۆ سوورەبان، ئەوڕەحماناغای حەمە رەشیداغا لەوێبوو، هەفتەیەك مامەوە، کاژمێرێکی ئۆڵمای چاکم هەبوو، بە دیاری دامێ.

حەسیب شێخ ئەحمەدو حسێن مەحەمەد دەباخ – لیمۆ، هاوڕێیەکانی چوارتا هاتن بۆلام، هاتینە چوارتا، هەرچەندە ئەو هاوینە تەقەلامدا کە لە چوارتاوە بچم بەهۆی ئەو ناسیاوانەوە، بەڵام سەرینەگرت.

هاتمەوە سلێمانی، بەلای رەزەکانی قادری کوێخا مستەفای چوارتا، کەمیکی لامدا، دوای ئەوە بەرەو سلێمانی هاتمەوە، خۆمکرد بە ناوشاردا وەکوتولبڕ، وازم لە مامۆستایەتی هێنا، چوومەوە بۆ خوێندن لە بەغداد بۆ خانەی بەرزی مامۆستایان، پۆلی ئامادەیی بە ئینگلیزی.

لە بەغداد، بەهۆی کاك حەمە جەمیلەوە، لەتەك ئەنوەر مەلا حەماغا، چوین بۆ لای زەکی بەسیم – حازم، لە رێگەی ئەوەوە، دیداری فەهد – یوسف سەلمان، مەلا شەریف – فوئاد، مەلا عروس لەوێبوو، گفتوگۆکرا، پەیوەندی مەهاباد باسکراو بوو بە دروشمی کارمان.

قەرەچەتان:

لە بارودۆخێکی ناهەمواردا، گەڕامەوە، رۆژگار ئالۆزو گرژبوو، نێردرام بۆ قەرەچەتان بە مامۆستایی لە چلەی زستاندا، بە باوڵێکی تەنەکەو کلیمولێفەیەکی تەنکەوە چوومە گەراجی حاجی فەرەج، پێشی لۆرییەکم گرت بە 750 فلس، وتیان لە گردەبۆر، دابەزە، لە دووڕیانەکەی قەرەچەتانەوە بەپێ 5 کم، لەبەر ئەوە لە گردەبۆر دابەزیم، ئێوارەبوو، نمەنم باران دەباری، مێردمنداڵێ خەریکی جووتبەردانبوو، هاوارم لێکرد، وتم کاکە پۆلیسەکان ئاگادارکە کە ولاخێکم بۆ بنێرن، مامۆستام، گوێزراومەتەوە بۆ قەرەچەتان، ئەوەندەی نەبرد، ولاخ هاتوو کەلوپەلەکەم لێناو چوومە باسگەی پۆلیسی گردەبۆر، لەسەر کۆنکریتی ژوورەکە، راخەرم داناو لێیکەوتم، 2 هێلکەیان بۆ کولاندم، شێومکردو وتەی خۆشم بۆ کردنو شەوم بەسەربرد.

بەیانی بەرەو قەرەچەتان رۆیشتم، مامۆستا ئەحمەد سەعید حەسەن ئامان، هاوڕێی خوێندنگەمبوو، ئەو شەوە میوانداریکردم. 2 هێلکەی بۆ کولاندم، هێلکە دوانی بە 3 فلس بوو. دوای نانخواردن وتی: با جیابین، هەیە کەمدەخوات، هەیە

زۆرتر. ئەوە کاریتێکردم، بۆ بەیانی کارگوزارەکە ناوی کاك مەجیدبوو، بانگم کردو دینارێکم دایە، وتم: پێخوێیە قورپکرەوە، من وەستاو تۆ کرێکار ژوورەکەیترم سواغدا و کونبرمکرد. راخەرم تێدا راخست بە تەڕی، بێئاگرودوو، شەو تێیدا نووستم... بەرەبەیان لەسەرمادا بەئاگابووم، لایەکم تەزیبوو، پێمەوەنووسابوو، هەرچەندمدەکرد، نەدەبزوا، بە چنگەکڕێ، بەرەو ژووری خوێندن هاتم، هاوارمکردە کاك مەجید، دەهات بۆ نوێژی بەیانی، وتم: سۆپاکەم بۆ هەلکە، رانکوچۆخەی بووزوم لەبەردابوو، خۆمدەنا بە لوولەی سۆپاکەوە، بۆکرۆز هەلدەسا، تینم پێنەدەگەیی، وتم شیرم بۆ بێنە، نیو قاپ شیرم گەرمکرد لە ناو کترییەکدا، ئاوی ناو کترییەکە دەکولا، شیرەکەم نا بەسەرمەوە، هەستامو دەکەوتم، لەوێوە بە راکردن بۆ دووڕیانەکە و هاتمەوە، چاکتربووم، بۆ شەویدوایی، هەر لەو ژوورە نووستم، گلەییو نارەزاییم نیشانی خۆم دەدا، کە چۆن؟ لە ناو قوڕدا پەکم بکەوێ، لە کاتێکدا رزگاری خاکی کوردستان دەخوازم.

کاك مەجید، گلەییوگازندەی خۆی ئاراستەکردم، وتی: بۆ ئەم ئاوایيە پیاوی تێدا نییە؟

قەرەچەتان، لە دامێنی کێوی پیرەمەگروونە، کاتی 5 کم لەرێی قەلادزێ، شارێگەوە، دوورە، بەفر دایپۆشیوە، زستانێکی سەختبوو.

هەفتەیەکی بەسەردا تێپەڕی، لە مزگەوت نوێژمدەکرد، دوای نوێژی شێوان رووەتێکردن، وتم: برایان، من خزمی ئێوەم، وتیان: ئەفەندی تۆ کابرایەکی شاریت، لەکوێ خزمی ئێمەیت !... وتم: ئێوە بڕبڕەی پشتی منن، ئامۆزای منن، ئەم خاکە قەوالەکەی هی ئێمەیە، وەرن بۆ خوێندنگەی شەو، فێری خوێندنو نووسینتان دەکەم، بە مەرج، تاکو بەهارێ... وتیان: ئەفەندی فێرنابین...

دووبارە سووربووم لەسەر فێکردنیان، یەکەم مامۆستا بووم لە بواری نەهێشتنی نەخوێندەواریدا، دوای بەرێز مەلا کاکە حەمە، مامۆستای نەمر.

هاتن، چەکیان دادەنا لە ژوورێکیتر، نەریتی خوێندنو فێرخوازیم فێردەکرد، چیرۆکی دلاومریو قارەمانیو ئازایەتیم بۆ دەگێڕانەوە.

گوندەکە 2 بەرەکیبوو، بەری کوێخا وەسمان، بەری کوێخا گووروون، وتم: من خزمی هەردوولاتانم، دوژمنایەتێکی قووڵو دووروودرێژ هەبوو لە نێوانیاندا، لە چەرخی ئوسمانییەوە، کلکی ئێستر و خەرمانی یەکتریان دەسووتاند، گایان لە تەویلەدا دەکوشت، زیانیان بەیەك دەگەیاند... هەموو کوڕی یەکییەکی، قۆز، ئازا، دلاوەرو قارەمان... ئەو ئازایەتییەیان لە بواری بەدیو خراپەدا بەکار دەهێنا، تێم گەیاندن، کە ئەوە ئازایەتی نییە، بەڵکو ترسنۆکییە... ئازایەتیو جوامێری، خزمەتی یەکترییە، رزگارکردنی ولاتە... ماوەیەك بەمجۆرە، پاش نیوەڕوان دەهاتمە چاخانەکەی سووسێ، لەتەك بەڕێز کاك حەمە عەلی رۆستەم عوزێری میرالەیی، ئاشنایەتیم پەیداکرد، تفەنگێکی برنەوم پێشکەشکرد، بەهای 4 دیناربوو، ئەویش بە زۆر 5 دیناری دامێ، بە پشتی لۆری لە تەکیدا هاتم بۆ سلێمانی، خواستم بۆ نووسی بە مەبەستی کردنەوەی خوێندنگە لە گوندی چەرمەگا - چەرمگە – سپیگە – الموقع الأبیض.

پشووی نیوەی ساڵ، هاتمەوە بۆ سلێمانی، بەدوامدا دەگەڕان، کارگێڕی گشتی پەروەردە، مامۆستا مستەفا مەزهەر، بە فەرمانێ گوێزامیەوە بۆ گوندی ئەبابەیلێ لە هەڵەبجە.

بەڕێز مارف چیاوك ئوستاندار بوو، شارەزایی تەکنیکی فەرمانڕەوایەتی نەبوو، پەلاماری بەڕێزان تۆفیق قەزازو شێخ قادر حەفیدیدا، بەڵام نێوانی خۆی لەتەك شێخی نەمردا تێکنەدا، منیش قوربانی ئەو گێژاوەبووم، هەر لە یانەی سەرکەوتنەوە لە بەغداد، چونکە ئێمەی لاوان لایەنگری پارێزەر مەحەمەد بابان بووین لە هەڵبژاردندا.. بە راستی مارف چیاوك، کوردێکی پاکوخاوێنبوو، مرد، کفنو جاوی نەبوو، نەداربوو، خاوەنی خێزانێکی جەنجاڵبوو.

ئەبابەیلێ – 1945:

دوای نیوەی ساڵ هاتمە ئەبابەیلێ بە کارگێڕی خویندنگە، 15 کم لە هەڵەبجەوە، بەسەر هەموو دەشتی شارەزووردا دەڕوانێ، شێخ کەریم ، شێخ ڕەشید شێخ مەحمود، مەزنی ئەم گوندەن، داودبەگی جافیش خانووەکەی بەسەر خوێندنگەکەدا دەیڕوانی.

لە هەڵەبجە، ئاشنایەتیم لەتەك مامەڕەزای سەرۆکی هەقەدا هەبوو، لەوێ دەستبەسەربوو، لە ژووری ئوتێلێکدا، دەنووستین، گزنگی کۆمەڵەی مەهاباد ژ.ك. دابووی لەمدیو.

زۆربەی شەوانی هێنی بەیەکەوە دەبووین، ئەویش جارێك هات بۆ ئەبابەیلێ، بەیەکەوە چووینەلای شێخ کەریمو شێخ ڕەشید.

خوێندنگەی شەوم کردەوە، بەخۆڕایی، نەهێشتنی نەخوێندەواریم کردبوو بە دروشمو سەرمەشقی کارەکانم لەو سەردەمەدا، پاسگەی پۆلیسی بیارەو تەوێڵەو خورماڵو سازانو گریانەیان لە شەوێکی هێنیدا دایەبەر گوللە... مامۆستاکانیان تاوانبارکرد، لەوانە: کاردۆخی، شێخ سەفادین، عارف شێخ ئەحمەد، حەمە ئەمین کاکە شێخ، گێژاوەکە منیشی گرتەوە، هەرچەندە ئاگادار نەبووم.

گەشتێکمانکرد بە چەکەوە، لە ئەشکەوەڵەوە بۆ گوندی هاوار و سۆسەکانو تەوێڵە.

بابەشێخ، بارچاوەشی تەوێڵەبوو، فەرمانی کارگێڕی پۆلیسی هەبوو لەودیو سنوور زەلامی دەهێنایەوە.

لە چاخانەی گەڕیات لاماندا، میوانداریکردین، شەوێ چووینە دیودخانی قادر بەگ، باوکی سەعدی بەگ، کوڕەزای جافر سوڵتانی هەورامان.

ئەو شەوە بەگزادەی لهونو هەورامان هەر هەموو هاتبوون وەکو کونگرەبێت، دوای شێوکردن، کەوتینە مقۆمقۆ، ئەو ئەیوت پاوەهی منە، ئەویتر دەیوت نەخێر هی منە.

حەمەئەمین سوڵتان راستبۆوەو وتی: پاوەهی لوولەی تفەنگە، منیش بۆم پەسەند کرد، وتم: ئەمە فەلسفەیە، هێز لەسەروو هەموو دەستێکەوەیە، باوکی هەمووان، هێزە.

بە چەکەوە چووینە ناو پاسگەی پۆلیسەوە، دوایی بەرەوبیارە و خورماڵ، گوڵپ، رۆیشتین، گەڕاینەوە، لە کۆتایی گەشتەکەماندا بۆ گوندی ئەبابەیلێ.

هاوینی بەسەرداهات، هاتمەوە سلێمانی، چووم بۆ بەغداد، 3 مانگ لەژێر زەمیندا، ئاندەرگراوند، لەتەك فەهد – یوسف سلمان، زەکی بەسیم – حازم، مامەوە... بڵاوکراوەی ئازادیمان بە تەواوی چاپکرد، نامەکەی فەهد، سەرکردایەتی پارتی کۆمۆنیستی عیراقی بۆ پێشەوا قازی لەتەك بڵاوەکراوەکاندا هێنامە سلێمانی، لە خانووی حاجی رەشید مامی پارێزەر مەحەمەد مستەفا و غەفور میرزا کەریم کۆ دەبووینەوە، بە بڕیاری نمایندەیی رووەکردە موکریان، وازم لە مامۆستایەتی هێنا و خۆم تەرخانکرد بۆ کاری رامیاری – سیاسی.

موکریان – ئاتروپاتین – 1946:

کۆڵوبار و بارگەم پێچایەوە، پێشەکی مامۆستا جەعفەر شێخ حسێن بەرزنجیم، ئاگادارکردبوو، ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ رۆیشتن، وتم: ئەمە رێگەی هاتوونەهاتە، وتی: لەتەکتام... رانکوچۆخەو سوخمەیەکی تەنکی لەبەرابوو، وتم سەرماوکوێستانە، بەرەو زستان دەچین، گەرەکە توندوتۆڵ خۆمان بپێچینەوە، بەرگەو بەڵگەونامەی بڕواو بڵاوکراوەو نووسراو، نامەکەی فەهدو باروبارگەمان دا بە کۆڵدا پێشی کاروانی حاجی عەبدوڵا بۆسکانی کەوتین، لە چاخانەکەی گۆیژە، چاوەڕوانیمانکرد، دیار نەبوون، هاتینەوە دامێنی چیای گۆیژە و سەرکەوتینەوە، سەرەتایان دەرکەوت.

حاجی عەبدوڵا بۆسکانی، باوکی عەلی بۆسکانیو ئەبدوڕەحمان فرۆشیارێکی قورسبوو، سەوداو مامەڵەو بنکەی لە سلێمانییەوە تاکو تەبرێز درێژەی هەبوو.

کەوتینە ئەودیوی کۆیژە، لە چۆمی زاخیو بەلای گوندی گۆڕەدێمدا، بەرەو نەڵەسوو، بۆسکان، شیوەکەڵ، بە سوورکێودا، گەیشتینە چەمپاراو، لەوێ

حەساینەوە... ئێمە هەر پیادەبووین، شەوێ ساردبوو، شێخ جەعفەر بەرزنجی وتی: سەرمامە، منیش وتم، هێچ نییە، سوخمەت لەبەردایە، وتەکەی خۆیم خستەوەبیر.

بەناو گەورکایەتیدا، مێرگە نەخشینە، شێخ چۆپان، زەمبیل، قاراوا، بۆ گەبەسی، حەسار تاکو بۆکان، لەوێ کووتالۆ شمەك بەرەو شاری تەورێز و ئێمەش جیابووینەوە، شارەزاییم هەبوو، جاری دووەمە کە هاتوومەتە موکریان، چوینە گومرگ، رێژی، لەوێ بە رێکەوت، ئەورەحمان زەبیحی هاتبوو، جیبێکی پێبوو، یەکتریمان دەناسی، لە تەکیدا هاتین بۆ مەهاباد، هەفتەیەك میواندارێکردین، دیدەنی پێشەوای مەزنمانکرد، ژوورمانگرت، جێگەمان بۆ دیاریکرا.

جا بێینەوە سەر لەشکری بارزانو شۆڕشی پایزی 1945، شکستی و کشانەوە بۆ دەڤەری شنۆو لاجانو نەغەدەو سندوس، ماوەیەکی 3 مانگ پتر وەرنەگیران، لە نێوانی سەردەشتو شاری ئورومیەدا، نزیکەی 120 کەس پتر لەسەرماو لە برسا مردن...

رۆژێك تاکو ئێوارە بەناو بەفردا رچەی بەفرمان دەشکاند، 4 کم رێگەمان نەدەبڕی، بە نۆرە، کوڕی بە توانا پێشدەکەوت رچەکەی دەشکاند.

بە ناچاری پەیوەندیکرا بە رووسەکانەوە، لە رێی بیمارستانی ئوورمیەوە، لەسەر فەرمانی سەرۆك بارزانی نەمر، بە ئامۆژگاری خودی سەرۆك بارزانی، پەیوەندیکرا، د. مەلکۆی دانساز ئەرمەنی، زمانزان بوو، ئازەری باشی دەزانی، کاك عیزت ئەبدولعەزیز لەتەکماندابوو، نمایندەبووین، تێمانگەیاند، ئەگەرچی ئێمەی پیاو مەردووم، بەدکاربین، بەڵام ئەو منداڵو پیرو ئافرەتانەمان، ژمارەیەکی زۆرن، لەتەکماندا، ئەمانە بێتاوانن، ئێوە ئەگەر پشتیوانی میللەتو قەڵای ئازادیخوازن، ئەگەر وابێ، کوا؟ برایەتی، کوا یارمەتی؟... سەربازە رووسییەکە پایەی مایوربوو، لە وتەکەی ئێمە قەڵسبوو، وتی: ئێمە براین، بە رووسی، وتمان کوا؟ ئێوە ئێمە بە سیپای ئەمریکیو بێنتاگۆنو ئینلیچنسیڤر، دەزانن... ئەگەر ئێمە وادابنێن، ئەی ئەو بێتاوانانە گوناهیان چییە؟... ئەویش وتی: ماوەم بدەنێ، پەیوەندیکرد بە

فەرماندەی کەزبین، ژەنراڵی کەزبین پەیوەندیکرد بە کاپکاسەوە – کەوکاس، بە پشتەوەی کاپکاس، بۆ کرمڵن... وەڵام هاتەوە، بە تووڕەیی کە چۆن تاکو ئێستەکە وەرنەگیراوین؟

فەرماندرا کە دەرزی دژی تیفوسمان لێبدەن، کراسەکانمان رزیبوو، بەرگەکانمانیان گشتی سووتانیان، بەرگی نوێمان وەرگرت، چەکی باشمان وەرگرت، کۆنەکانمان فرۆشت، لە 2 رێبەندان، 1946/1/22 رێکەوتی 1324/11/2 هەتاوی، ئاڵای پیرۆزی کوردستان بە ئاهەنگێکی قەشەنگ، هەڵکرا، پێشەوا هەڵبژێردرا، وتاری مێژوویی پێشکەشی جەماوەرکرا، تەرمی حاجی قادری کۆیی بڵندکرایەوە لە ناو دارتەرمەکەدا تاکو ئاڵاکە ببینێ... ئاڵاکەی ماچکردو راکشایەوە، لە ناو دارتەرمەکە.. منیش کرام بە مامۆستای مێژوو لە خوێندنگەی ناوەندی، دوو هەفتەی نەبرد، وانەی مێژووم دەوتەوە، راڤەی مێژووم دەکرد کە تۆماری رووداوو کارەساتی مرۆڤە، ململانێیە... راپۆرتیان لێدام کە کۆمۆنیستم، لەو خوێنگەیە لابرام، کرام بە مامۆستای سەرەتایی لای مەلای داودی، کە ئاستێکی خوێندەواری وای نەبوو، تەنها خەباتی ئەو لە چەرخی عەجەماندا وتوویەتی ئەمن کوردم، ئیعلاناتی دڕاندووە، 2 هەفتە پتر لەو خوێندنگەیە مامەوە، لەوێش راپۆرتم لێدرا، کە زاری موکریانی بەکارناهێنم.

ئیبراهیم نادری، کارگێڕی گشتی فەرهەنگبوو، لە کرمانشاوە هاتبوو، رۆشنبیر بوو... ئەم راپۆرتانە لای پێشەوای مەزن کۆبۆوە، چونکە خودی خۆی دەیناسیم.. بە رێکەوت رۆژێك لە ناکاو هاتە ئەو خوێندنگەیی کە من لەوێ مامۆستام، هاتە پۆلەکەی من، وانەی جوگرافیام دەوتەوە، هۆی رۆشنکردنەوەو فێرکردنم بەکاردەهێنا، بەڵگەی خڕێتی گۆی زەویو سووڕاندنەوەی بە دەوری خۆیو و خڕی خۆردا... لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی مایەوە، بە وردی سەرنجی دەدا، کاتی تەواوبوونی وانە، سڵاوێکی سەربازیم بۆ کرد هەروەکو لە هاتنەژوورەوەی پۆلیشدا هەمان سڵاوی سەربازیم بۆ کرد، وتی فەرموو، رێزی لێگرتم، هاتە بیرو دەفتەر، ژووری کارگێڕ، بە سەرپێوە فەرمووی، دانەنیشت، بە تووڕەیی وتی: لە

تاراندا مامۆستای ئەوهام نەدیتووە... دوایی فەرمووی: بتبینم.. وتم فەرمانت هەیە... ئەو رۆژە نەچوومە خزمەتی، دوایی سەعید خان هومایۆنی خوشکەزای، یاوەری بوو، ناردی بە دوامدا، منیش چوومە خزمەتی، سڵاوێکی سەربازیم بۆ کرد، ئەویش هەستا لەبەرم، لە روانگەی رەوشت بەرزی خۆیەوە، مرۆڤی مەزن، پێشەنگ، فەرمووی، چۆنە باری فەرهەنگ؟ وتم: بەرێزتان، ئاگادارترن، فەرمووی: کارێکی وەها بکەین، کە لە ئاستی کۆماره ساواکەماندا بێت... وتم: ئەگەر فەرمان بدەیت، خولێك بکەینەوە بۆ فێرکردنی مامۆستاکان، رەوانناسی رێی وتنەوەی وانەیان فێربکەین... فەرمووی کارێکی پەسەندە، دەستبەکاربە، فەرماندرا بەو کارە، بووم بە بەرپرس، ماوەیك بەم جۆرە کۆتایی خولەکە، فەرمانی دەرکرد بووم بە نمایندەی خودی پێشەوا لە شاری بۆکان، وانکاری خوێندنگەی ناوەندی بۆکانیش بووم، بەرپرسی جەوانانیش بووم بە هاوکاری حاجی رەحماناغای شێخ لەر ئێلخانی – دیبوکری، لە قەڵاکەی بۆکان دەنوستم.. لەپڕ پێشمەرگەیەك هاتوو وتی: شێخ جەلال هاتووە.. خێرا هاتم وامزانی شێخ جەلالی حەفیدە، کەچی شێخ جەلالی کاکە لاو بوو، برای شێخ جافری لای شێخی مەزن، نامەی شێخ مەحمودی نەمری پێبوو، نامەکەم ماچکردو نامە سەر سەرم... لە تەکیدا هاتمە مەهاباد، نامە پێشکەشی پێشەوای مەزنکرا... 13 کەس بوون، هەموو سەربازی هەڵاتەبوون، 13 تفەنگی برنەوی بۆ وەرگرتن، نوێ لە رۆندا قایشیان تێهەڵنەکێشرابوو..

ئەمە بە فەرمانی پێشەوای، دوای ماچکردنی نامەکەی شێخی نەمر، رەوانەکران بۆ رۆخی جەنگ لای پەسوی نەغەدە، منیش رۆژانی هەینی سەرلەبەیانی وتارم دەدا لەسەر چالاوەکەی بۆکان.

لەلایەکی ترەوە، کاك عیزەت ئەبدولعەزیز، رای سەرۆك بارزانی نەمری وەرگرتبوو، نامەی ئاراستەی بارەگای پێشەوای مەزنکردبوو، کرام بە یارمەتدەرو بریکاری فەرماندەی هێز لە سەرا و سەرچاوە، نزیکی سەقز... دوای کشانەوەی

لەشکری ژەنراڵ حەمە رەشید خان لەبەر هۆی تایبەتی و ناتەبایی راو بۆچوون لەتەك پێشەوای مەزندا..

چوومە سەراو سەرچاوە، سەرۆك بارزانی نەمر فەرمووی ئەمە رای منەو تۆش شایستەی ئەوەی.. وتم: ئەزبەنی: ئەز سەربازم، بەو مەبەستەش هاتوومەتە ناو شۆڕشەوە، ئەوەی زۆر خۆشنودیکرد و لە هزر و مێشکی خۆیدا، كێشێکی بۆ دانام، لە ئایندەدا، بارزانی نەمر سووربوو لەسەر فەرمانەکەی... وتم: ئەزبەنی حەز دەکەم لەتەك شێخ مەحەمەد ئەمینی مەلحەدا بم، کەسی دووەم بوو دوای مامەڕەزا لە رێبازیهەقەدا.

شەوی کۆتایی – 1946:

سەراو سەرچاوەیە، کاك میر حاجو کاك عیزەت، هەرهەمووومان لە خزمەت سەرۆکی نەمر بارزانیداین، نەخشە دانراوە، پلانی گرتنی شاری سەقزە، کاك میرحاج وتی ئەگەر 25٪ زیانیش هەبێت، هەر سەرکەوتوین... لە ناکاو، نوری ئەحمەد تەها لە تەورێزەوە هات، بە ئەنتەرناشێکی ئازربیجانیو چەند چەکیکی بڕنەوی تێدابوو، هەر دابەزیو، سەرۆك بارزانی فەرمووی، ها نوری چییە؟ وتی: تەورێز گیرا... سەرۆك بارزانی فەرمووی چۆن؟ وتی ئەزبەنی تەورێز گیرا، ئەم رووداوە پەستی کردین، تانکەکانی ئازربیجان دەکشانەوە، گوێمان لە تەقەتەقیانبو.

کات 12 ی شەوە، زستانە، سەرۆك بارزانی نەمر روویکردە میرحاج، فەرمووی 200 مێر لەتەك خۆت بەرە، بەری ساینقەڵا بگرن، تاکو بەبێزیان بکشێینەوە، نەخشەو پلانی کشانەوەی دانا... شێخ موحەمەد ئەمین مەڵحە 18 چەکداری لەتەکدابوو، خۆشم چوومە پاڵیان، بە ئەنتەرناشێ لە بۆکانەوە، شاری چۆڵوهۆڵ، بێئاگا، هاتینە تەغیاباد، بارزانیەکان لەوێ نیشتەجێکرابوون، شوێنی ئەرمەنی بوو کۆچیانکردبوو بۆ ئەرمەنستان، هەر بەو شەوە، ئافرەتو منداڵی بارزانی لە تەغیاباد، هاتبوونە سەر شەقامەکە و هاواریاندەکرد، زۆر نیگەران بوون... وتمان، هەرن ئەز سەربازی دیموکراتین.

هاتینــە میانــدواو، بڕیــاروابوو کــە ژەنــراڵ ئــەزیمی ببیــنین، ســەربازگەی میاندواو چۆڵکرابوو، ژەنـراڵ عـەزیمی دیـار نـەبوو کـە پلانمـان بـۆ دابنـێ... تـاقی سـەرکەوتنو پێشـوازی سـەربازی ئیرانـی دروسـتکرابوو، لـە شـەقامەکاندا، منـیش فەرشێکی گچکەم ڕاکێشاو خستمە ژێر خۆم، بەفر دەباری، بـەرەوە مـەهاباد هـاتین، ئاڵای پیرۆز داگیرابوو، ئەژنۆمان شکا، بەرەبـەیانبوو، چووینە خزمـەت پێشـەوا لـە ماڵـەوە، نوێـژمانکرد لـە پشـتیەوە، بـە خیابانـدا هـاتین بـۆ بارەگـا، بـەڕێزەوە لـە پشـتیەوە بـە یاسـای سـەربازی دەڕۆیشـتین، ئـاوڕی دایـەوە، ئـەگریا و فرمێسـك بەچاویدا دەهاتەو خوارەوە، تا گەیشتینە بارەگای سەرکۆمار پێشەوا، میرحاج وتـی: بەڕێز پێشەوا، فـەرمانت بەچییە؟ فـەرمووی کاکـە میـر، کـاك کـەریم، ئێـوە منتـان دانابوو بە پێشەوا، ئێوە فەرمانتان بەچییە؟

میرحـاج، سـیخورمەیەکی تێـژەنم، وتـی: ئـەی خـاك، ئـاخ بەسـەرم، پێشـەوا وابڵێ!...

هەستاین، هاتینە دەرەوە، میرحاج شەقێکی لـە شـەبقە رووسییەکەی هەڵدا، پودپولکۆنیك بـوو، سـەرهەنگ، منـیش پلـەی کاپتـانیم هـەبوو... بـەرگمان گـۆڕی، لەتەك شـێخ موحەمـەد ئـەمین مەڵحـە، تـاکو گونـدی گوێچکەدەرە هـاتین، ئـەومان بـەڕێکرد، میرحـاج دووربینێکـی خۆیدایـە، منـیش تفـەنگێکی برنـەو بـە سـەد فیشـەکەوە... گەڕاینـەوە بـۆ مـەهابادو شـێخ مەحەمـەد ئـەمین مەڵحـە بـەرەو ئەمدیو، لای قەڵادزێ.

کاك مەحمود مەجید بەگ حاجی ڕەسوڵ بـەگمان لەتەکدابوو، خوێنـدکاری کۆلێژی ئەنداریاریبوو لە بەغداد، هاتبوو کـە بچێت بـۆ سـۆڤیەت بـۆ تـەواوکردنی خوێنـدنی بـاڵا، لـەو ڕووداوەدا پـەکی کـەوت، نـەیتوانی بـڕوات، گوێدرێـژێکم بـۆ پەیداکردو تفەنگم نایە سەر نەرەی شانم و لەتەك کاکە میرحاجو کاك مـەحمودا، گەڕاینەوە بۆ مەهاباد.

شـێخ مەحەمـەد ئـەمین مەڵحـە، لـە ڕێگـە، مـەلا خـەلیلی مـەنگوڕ ڕووتـی کردنـەوە، 18 کـەس بـوون، تفـەنگو فیشـەکو جبەخانـە هەرچـییەکیان پێبـوو،

لێیانسەندبوون، شەو لە خەودا سواری سەریان ببوون، دوای ئەوەی کە میوانداریێتی کرابوون.

جەعفەر شێخ حسێن بەرزنجی لەتەك شێخ جەلال کاکەلاو، کە جودابوونەوە، ئەوانیش بە هەمانشێوە لە گوندی میرەدێ و ساحیب، رووتکرانەوە.

بێینەوە مەهاباد، پێشەواو ئەنجوومەنی جەنگ، کە بۆ ماوەی 3 رۆژ گیرا بە مەبەستی راوێژکردن لە بارەی شەرێ دەکەن یا نەء.

لە ئاکامدا، بەڕێز پێشەوا بڕیاریدا کە جەنگ بەرپانەکرێ، پێشوازی سوپای ئیرانی بکات و بەرەو میاندواو بڕوات، بە خۆیو ئوتومبیلەکەیەوە، مێرکەری، جیوە، کە لە باکۆ خەڵاتیکرابوو، منیش لە خزمەت سەرۆك بارزانی نەمردا چووینە خزمەت پێشەوا قازی موحەمەد، 2 جار، سەرۆك بارزانی فەرمووی: بەڕێزتان هەر پێشەوامانن، لە تەکماندابە، مەزنی ئێمەیت.

پێشەوا فەرمووی، من لە خۆشیدا لەتەك میللەتەکەم بووم، گەرەکە لە ناخۆشیشدا لەتەکیاندابم، سوێندم خوارد کە لەتەك میللەتەکەمدا بژیم و بمرم، ئەمە بڕیاری کۆتاییمە.

ماڵئاواییمان لێکرد، کلیلی قاسەیداینێ، چەند هەزار تمەنی تێدابوو، چەکو جبەخانەی سەربازخانەی پێبەخشین، فەرمووی ئەمانە بۆ ئێوە باشە... منیش لەسەر فەرمانی سەرۆك بارزانی نەمر، کرام بە بەرپرسی گواستنەوەی خێزانەکانی بارزانی، لە کارێز، هەرچی ئوتومبیلو ئەنتەرناش هەبوو، بە سوخرەمانگرت، خێزانەکانم گواستەوە بۆ نەغەدە و لاجانو شنۆ، رێ شارەزابووم، خەریکبو شۆفیرەکان رێم لێچەواشەبکەن، لەو دەڤەرانە ماینەوە.

سەرۆك بارزانی نەمر، بە خۆیو چەنکدارو نیگابانەکانیەوە لە کارێزەوە بەپێ هاتەوە بۆ لای نەغەدە.

بەڕێز خودانی بارزان، شێخ ئەحمەد، چوو بۆ شنۆ، خێزانەکانم هەرهەموو دامەزراند، ئەو ئەرکەی پێم سپێردرابوو، گەیاندم ئەوەش بە بڕواپێکردنو بتمانە بە منی لاوبوو، کەسێ نەیدەتوانی تەماشی ئافرەتێکی بارزانی بکات، بە جۆرێ، دەبوایە روو وەربگێرێت.

پێشەوا قازی موحەممەد - 1947-1901:

پایەبڵند، ڕەوشتوخوو بەرز، بێهەوا، لە بنەماڵەیەکی خەباتگێڕن نەوەی قازی عەلی، کوڕی قازی فەتاح، لە بزافی شێخ موحەممەدی خیابانیدا هاوکاربوون، لە شۆڕشی جەنگەڵی، ستارخانو باغرخانو کوچکخان لە باکوور بەشداربوون، ڕەچەڵەکی پێشەوا دەگەڕێتەوە بۆ کاپکاس، لەوێوە کۆچیانکردووە.

پێشەوا بەو ئوتومبیلە میرکەرییەوە کە هەیبو، بە دیاری لە باکۆ وەریگرتبوو، بە ناوەندی مەهابادا خولێکیدا بە خیابانەکانیدا و ماڵئاوایی لە شاری مەهابادکرد... وا گوماندەکرا لە پردی سوورەوە بەرەو ئورمییەو سنووری رووسیا بچێت، کەچی روویکردە میاندواو و پێشوازی لە سەرلەشکر همایونی کرد، ئەویش بە ڕێزلێگرتنێکی رووالەتی وتی: بفەرموو جناب پێشەوا، لە تەکیدا هاتنەوە بۆ مەهاباد... هەتاکو پێشەوا نەچوو بە پیر لەشکری ئێرانەوە، یەك سەربازی ئێران نەیتوانی بە پۆستاڵەوە بێتە پێشەوەو بێتە ناو خاکی ئازادکراوی کوردستانەوە.

دوای 3 رۆژ، گرتیانو درا بە دادگا بە تاوانی کوشتنی بازرگانی مەهابادی، مەحمودیان، نەك وەکو رابەرێکی نەتەوەیی، سەرکۆمار و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان... لە ئەنجامی دادگا کردنیدا، فەرمانی خنکاندنی درا لە تەك سەیفی قازی، مەحەممەد حسێن خانی ئامۆزای، سەدری قازی برای، ئەبولقاسم، لە چوارچرا، لەو مەیدانو گۆڕەپانەی کە وتاری تێدا دەدا، لە 1326/1/10 هەتاوی ڕێکەوتی 30 ئازار، 1947.

دادگاو رووداوەکان، لە پیرۆزگە.

نووسینی: کەریم زەند

نەغەدەو شنۆ:

سەرهەنگ غەفاری هاتە نەغەدە لە خانەی پاشاخان قولی خان، سەرۆکی خێڵی قەرەپاپاخ، داوای شێخ ئەحمەدی بارزانی کرد، ئەویش بە سواری داشقە، بەفربوو، لە شنۆوە هات، هەموو میوانی پاشاخانو قولیخانبووین، ئەفسەرە کوردەکان، کاك عیزەتو کاك میرحاج، کاك نوری ئەحمەد تەها، جەلال ئەمین بەگ، کاك بەکراغا ئەبدولکەریم لەوێبوون.

سەرهەنگ غەفاری، روویکردە خودانی بارزان، شێخ ئەحمەدو وتی: شاە نەوازشی هەیە، داوا دەکات کە بە دیداری شادبن... شێخ ئەحمەد فەرمانیدا بە سەرۆك بارزانی کە بچێت بۆ تەهران لەوێ 40 شەو مایەوە.

سەرهەنگ غەفاری هاتەوە بۆ نەغەدە، دووبارە، داوای چەکو چۆڵیکرد. شێخ ئەحمەدی بارزان، فەرمووی: مەلا مستەفا دەزانێ. ئەو نەگەڕێتەوە، هیچ کارێك بەبێ مستەفا بارزانی پێکنایەت... ناچاربوون، سەرۆك بارزانی هاتەوە، ئەو شەوە چووینە پۆستی سلێمان بەگی دەرگەلە... بڕیاردرا بە گوێرەی رای شێخ سلێمان بارزانی، کە بکشێینەوە بۆ سنوری رووسیا، رای کاك عیزەتو منیش ئەو رایەمان پەسەند کرد.

سەرلەبەیانی، لەشکری ئیران هەنگێك دەهاتە نەغەدە، بەرەنگاری یەکتر دەبووین.

جەنگی پارتیزانی:

نەغەدەمان بەجێهێشت، جەنگی پارتیزانی دەستیپێکرد، سەرەتای بەهارە رووداوان زۆرن، لە بزاڤی کوردستانو ئازربیجاندا، نووسراوە، بە عەرەبی، نووسینی کەریم زەند...

ئەو زستانەم لە شارۆچکەی شنۆ بەسەربرد، شەو لەسەر حەسیری چاخانەکان دەنووستم، 4 ئەفسەری ئازربیجانی هاتبوونە هاوکاریمان، دوای شکستی ئازربیجان، کە ئەمانەبوون: جیهانگیری مەحمود، تەفریشیان، ئارتەشیان، لەتەك 2

ئەفسەریاندا هاتینە مەرگەوەر بە مەبەستی ڕێخۆشکردن بۆ چوون بۆ سۆڤیەت... بەڵام ئەم تەقەلایە، سەرینەگرت، سەید عەبدوڵا فەندی شێخ عەبدولقادر نەهری لەوێنەبوو... من مامەوە، تاکو دیدەنی بەڕێزی بکەم... سەید عەبدولقادری کوڕی، خوێندکاربوو لای من لە مەهاباد، برای سەید عەزیز شەمزینی ئەفسەری هاوڕێمان... ماوەی 25 شەو لە دیوەخانەکەیان مامەوە... دەمانچەیەکی کۆڵت بە 100 فیشەکەوە پێشکەشمکرد، ئەویش ڕەشکیو ساقەی خودی سەید عەبدوڵا کە هاتەوە، کلێتەی پێبەخشیم تاکو ئیستەکەش پاراستوومەو لەسەریدەکەم، کە بە خزمەتی گەیشتم ڕێزی لێگرتم، هەروەها خانەوادەکەیسەید مریەمو سەید فەهیمەی خێزانی، دایکی سەید عەزیز دەیانزانی کە هاوڕێی ئەوین.

دوای ئەوە، چوومە گەلی کوتور، بووم بە فەرمانەدەی هێز، 20 چەکدارم لەتەکدابوو، شەوانی هێنی بۆ بیستنی دەنگوباس رادیۆی پاتری هی سەید عەبدوڵا، هەیبوو... لەو کاتەی کە شەوانە لە دزەی گەوەر بووم، پەڕەیەك، پسووڵەیەك، یەکێ هێنای، دایە دەستم، نووسرابوو گیانەکەم، کاکە کەریم، دەمەوێ بتبینم، لە ژێرەوە مۆرەکەی مستەفا، منیش وامزانی مستەفا بۆتییە، کوردی باکووربوو، لەتەکماندا بە پەلە ڕۆیشتم بۆ خانەی کامیل بەگ، خزمی نوری بەگی ئەنبی، خێڵی بەگزادە، کە دیم، مستەفا خۆشناوو ئەنوەر عەبدوڵا – دڵسۆز، دیمەنێکی کاریگەر، سەرپەتی، کاڵە لە پێدا دڕاو، بەرگی شڕ، ئەو دیمەنە کاریتێکردم، خانە خوێکە ڕێزی لە من پتر دەگرت، چونکە لەو دەڤەرەدا ناسراوبووم، پێم وتن، ڕێز لەمانبگرن، ئەمانە لەمن مەزنترن، لە خوار ئەوانەوە دانیشتم، کەمەربەندەکەم کردەوە، 100 تمەنم هەبوو، نیوەم دانێ، ساقەو گۆرەویو کلێتەم دانێ.

کیژی خانمی ئەو خانەوادەیە، بەو شۆخییەی تاکو نزیکی بەرەبەیان بە دیارمانەوە، دەمایەوە، دادەنیشت، دەیوت، سەد خۆزگە ئەز مێربوومایە، تفەنگو رەختی خۆ لە مل دابنایە، لەتەك ئەنگۆ بەڕێکەوتمایە، چاوە جوانەکانی سوور هەڵگەڕابوو، خەوی نەدەهات.

مستەفا خۆشناو وتی: ئێمە بۆ لای تۆ هاتووین و زانیمان کە لێرەیت، دەخوازین کە بێیت لەتەکماندا بۆ لای شێخ مەحمودی نەمر، یاخود لەتەکماندابیت. زۆریتر، دواجار وتم: کاکە من لە میللەتی بارزان جودانابمەوە، قەل پاشەڕۆکمان ناگەیەنێتە داریکەلی شێخی نەمر، دەیانزانی کە من ئاشنایەتیم لە خزمەت شێخی نەمرو شێخ لەتیفدا هەیە.

وتم: برا بەڕێزەکانم، ئێوە لێرە بمێننەوە، وتیان ناتوانین، چونکە کاتی خۆی لەتەك شێخ ئەحمەدی بارزان تێکچووبوون، مستەفا خۆشناو راپۆرتی لێدابوو، وتبووی کە سەر بە ئینگلیزەو پیاوی ئەوانە... منیش وتم فەرمانی بەخشینتان بۆ وەردەگرم... وتی: دەتوانی؟، وتم بەڵێ، بە هاوکاری کاك عیزەتو ئەفسەرەکان خێرا بە پەلە هاتمە دەشتەبێڵ گوندی تەهاغای تاهیراغای هەرکی، دەڤەری ئەوبوو.

لە گوندی کانیسپیکە، نیوەڕۆژمکردو هاتمە شنۆ بۆ بارەگای خودانی بارزان، کاك عیزەتو کاك بەکر ئەبدولکەریمو ئەفسەرەکانم دی، وتم: کاکە، مستەفا خۆشناو، نامەی بۆ ناردووم، نەموت لە کوێیە، ئەو نهێنیەم پاراست... چووینە خزمەت خودانی بارزان، لای ئێوارە، حەسیری رووت لە دیوەخانەکەیدا راخرابوو، سڵاومانکرد... فەرمووی رۆنێن، بە کەسی نەدەوت دانیشن، رێزی لێدەگرتین، چونکە بە میللەتی خۆی داینابووین... سەرۆك بارزانی لە خزمەتیدا، بەپێوە، دەستەوئەژنۆ، دەست بە بەرۆکەوە وەکو نوێژبکات، هەمیشە لە خزمەت خودانی بارزاندا بەم جۆرە دەوەستا... بە کاك عیزەتم وت: تە پسمامی منی، سبەینێ من کوژرام، تە، تفەنگی من هەڵدەگریت، تە خودانەخواستە بکوژرێیت من دووربینی تە هەڵدەگرم، مستەفا خۆشناو برایی مەیە، پسمامی مەیە، گەرەکە تەقەلابدەین، کە خودانی بارزان بیبەخشێ... وتی: لە کێرییە، ئەڤە برا مە...

باسەکەی کردەوە لای خودانی بارزان، ئەویش زۆر تووڕەبوو، وتی مستەفا وەها کرد، لای عروسان، شکاتاکرد، گوتی مرۆڤی ئینگلیز و ئینگلیزخوازم... وەها هەڵچوو تاکو خاوبۆوە، وتم: بەڕێز خودان، رێم پێدەبەخشی بە رەزامەندی ئێوەی

مەزن؟ وتی بڵە، وتم: ئارایشی رەحمەت ز گناهکەردنی ماست... واتە: رەونەقی بەخشین لە گوناهو تاوانی ئێمەوەیە... بەرێز خودان خاوبۆوە، لە باری هەڵچوونو گرژییەوە، بۆ باری خاوبوونەوە، بە نەرمی فەرمووی، لە کێرییە، **ئەڤ مستەفا، ئەڤە مستەفا**، واتە مستەفای برای، فەرمووی: سۆفی رەشکۆ، هەرە کاغەزا بینە، بنووسە، تە برای منی، تە میللەتی مەی.

ئەم مرۆڤە هێمایە، رەوشتو خوو بڵندە، پایە بەرزە، بەخشینی، توانایی، دلۆڤانی، سۆزو بەزەیی، دلاوەری، قارەمانی، هەرچی پەستندییەك هەیە، تێدابوو، لەم پێشەوا ئایینیە، خێلایەتی، ئەمەیە، خودانی بارزان بە راستی، شێخ ئەحمەدی مەزن، ئەمە لێکۆڵینەوەو باسێکی تەواوی گەرەکە.

خێرا، نامەی بەخشینەکەیم خستە باخەڵم، شەو لە شنۆدا، نەمامەوە، هاتمەوە، نامەکەمدانێ، بەڵام مەراقی هەر هەبوو... دەیوت، لێرە بکوژرێم، دەڵێن ناپاکێ کورژرا، لە عێراق لە سێدارە بدرێم، دەڵێن نیشتمان پەروەرێ کوژرا.

ماوەیەکی تر لە گەلی کوتور مامەوە، کە هاتمەوە لای دزەی تەرگەوەر، ئەوان نەمابوون رۆیشتبوون، لە رێی شێخ رەشیدی لولانەوە، میری سەعیدی لە عیراق، بە رووالەت بەخشینی گشتی بۆ دەرکردبوون، هاتنەوە بۆ ئەمدیو، لەسێدارە دران لەتەك 4 ئەفسەرکە لە 1947/6/19.

جەنگی گۆجار و قاسملۆ – 30 ئادار – 1947:

چوومەوە بۆ گەلی کوتور، نێوانی سنوور، لە پێشدا چووینە گوندی یەشماوای قادراغا، سەرۆك بارزانی پەیمانی لەتەکیدا بەست، کە هێزی بارزانی لە رۆخی چەکدارانی کوردەوە، هێرش نابات، شەری کورد ناکات، جەنگ لەتەك سوپای ئێرانیدا دەکات... هاتینە گەلی قاسملۆ، خەیرولا ئەبدولکەریم فەرماندەبوو، لەتەك خەلیل هەرگۆشی تێکچووین، حەمەدی مەولودی مەهابادی، کاپتان بوو، هاتبووە ناو شۆرشی پارتیزانییەوە، هەواڵی درۆی بردبو بۆی کە گوایا ئێمە دەرۆینەوە بۆ ئەودیوی ئیراق، کاتێ ئێمە لە سەنگەردابووین لە کێوی ماداغی

بەسەر شاری ئورومییەدا دەیڕوانی ، زۆر بڵندبوو، قەڵای دمدمیش هەر بەو کێوەوەیە..

بە رای من گەرەکبوو، کە بەرەو سنووری رووسیا بکشێینەوە، چونکە نەخشەکە وابوو، حەمەدی مەولود راپۆرتەکەی بە هەڵە و پێچەوانە دابوو بە خەلیل هەرگوشی، بەپێی ئەو هەواڵە درۆیە، هاتن چەکمبکەن، خەیروڵا فریامکەوت، کارەساتێ خەریبکبوو رووبدات، کاك خەیروڵا، تێی گەیاند، کە ئەو کارە بەرانبەر بەمن شایستە نییە، حەمەدی مەولود، پەشیمانبۆوە، وتی من وام نەگوتووە.

حەمەد مەولود، نەخوێندەوارو نەزانبوو، بەڵام هەتا بڵێیت دلاوەرو بەجەرگبوو، لەشکرێکی ئێرانی شکاند لە مەکلاوی رێی سەردەشت... حەمەدی مەولود هاتەوە بۆ عیراق، لێرە یارمەتی درا، دوایی گەڕایەوە بۆ رووسیا، لەوێ کۆچیکرد، منیش لەتەك سەعید باخەوان مەهابادی کە کاتی خۆی مەحمودیانی بارزگانی مەهابادی کوشتبوو، تاوانەکەی درایە پاڵ قازی موحەمەد لە دادگاکەیدا.

چووینە پۆستی ئاسووری، لەوێوە بۆ قاسملو، بەیانی زووبوو، دەنگی تۆپ دەهات، ئێمەش بەرەو قەڵای دمدم دەچووین، گوللە گڤەی دەهات بەلاماندا، قەڵاکە گیرابوو، بە شەبەیخون، خۆمان گەیاندە ناو گوندی قاسملو، لە ناو گەلییەکەدا، تانکی ئێرانی هاتە ناو گوندی قاسملو، ئێمەش بە پەلەپروزێ، تلاوتل رزگاربووین.

دووبارە، چوومەوە بۆ گەلی کۆتۆر، سەرۆك بارزانی نەمر فەرمووی: ئێوە هێرش مەبەن، تەنانەت بە عەرەبی فەرمانیدامێ.

کۆتۆر، لەسەر سنوری دەستکردی تورکیەو ئێرانە، گەلییەکی قایمە، سەرۆك بارزانی نەمر، ناردی بەدوامدا، 4 چەکدارم لەتەك خۆمدا برد، چەکدارەکانیترم راسپێریکرد لە هەردووبەری گەلییەکە، کە توند بیپارێزن، من دەچمە خزمەت سەرۆك بارزانی... کە هاتمە خزمەتی، سەرۆك بارزانی 20 چەکداری لەتەکداتبوو، بە ئێمەوە بووین بە 25... بەرەو تەرگەڤەر رۆیشتین، بەمەبەستی دیدەنی عەمەرخانی شکاك، لە گەلی بارەندێز پەڕینەوە، باراندێز، ئاشەوانەکەی

لەپەساوەری دەرخواردداین، زۆر بەتام بوو، بۆ ئێوارە گەیشتینە گوندی گۆجاری سەید نورەدین ئەفەندی، بنەماڵەی سەیدەکانی نەهری، پۆستی کوردی چەکداری سەر بە ئێرانی لێبوو، کە ئێمەیاندی کشانەوە.

کەدخودا وتی: دەمێکە چاڤەڕوانی ئێوە دەکەم، مەڕێکی سەربڕی لە بەرپێی سەرۆك بارزانیدا... شەو لەوێ ماینەوە بە ئاگادارییەوە، قەدەخەی هاتوچۆمانکرد، لە کاتی 10ی شەو، مرۆڤێك هات، ناو گوند شڵەقابوو، دەڕۆیشتن، دەیانزانی بەیانی هەراوشەڕو گوللەباران روویانتێدەکات، هەر ئەو شەوە، گوندەکە چۆڵیانکرد... منیش ئاگاداربووم، نیگابانبووم، لە کابرام خوڕی، ئەوەی کە هاتبوو، وتم: کیشکە، کیدەری دچیت؟ وتی: ئەز مرۆڤی رەشید بەگی مەوانەم، تانکی عەجەما هاتە ئەنبی، گوندی نوری بەگ، رەشید بەگ دبیژی، مرۆڤی چاکبی مستەفا بارزانی، وەگەڕێ، باخوێن نەڕێژرێت... منیش چوومە خزمەت بارزانی نەمر، کاك بەکراغا دەڵی میرحاجمان لەتەکدا نەبوو... وتم: ئەم مرۆڤە وا دبیژی. فەرمانتان بە چییە؟ فەرمووی لای خۆت دایبنێ.

بەیانی کازیوە، گەمارۆ و ئابلۆقەیانداین، ئاگاداربووم، وتم: قادر، حەبیب، رابن، ئابلۆقەدراوین، کێوەکانیان هەموو گرتبوو، گوندی گۆجار لە چاڵاییدابوو، کێو لە هەرچوارلایەوە، ئابلۆقەیداوە... خێرا خۆم گەیاندە سەنگەرێکی بەرز، لە کاتی وادا زۆر وریایی گەرەکە، سەرۆك بارزانی، ئاماژەیکرد، فەرمووی: وەهابڕۆن، رۆژ بۆوە، کێوەکان رەش دەچێتەوە، خۆیان قایم دەکەن، جاشو قەرەیەخەو چریك لە دواوەی لەشکری ئێرانییەوە، 600 پتر بوون، داینگرتین بە شەستیری قورسو سەبوك، موسەلسەلی سەنگینو سەبوك، دەنگ لە دوورەوە دەڵێ: قبۆ قبۆ، نەرابە، مەلا مستەفا نەرابە، مەحەلی تە دبیژی ئەز مێرم.

وەڵامدرایەوە لای بارزانی نەمرەوە، هاواریدەکرد: کرو، ئەز شەڕی کورداناکەم، بەڕێ خۆبدا بۆ عەجەما، وتیان، کوڕو تە چ دبیژی... دەستڕێژیانکرد، دوو چەکدارمان کوژرا، بەم جۆرە 2 کەسی تریش کوژرا هەر لە ئێمە.

ئێمەش دەستمان لێکردنەوە، شەڕی دەستەویەخە، بەفروپشۆ، سەرما، زیخی تۆپی هاوەنو شەستیر داپیۆشیبووین، پاڵتۆی ئازربیجانیمان لەبەردابوو... زیخو قوڕ بەسەر پشتو سەرمانەوە، خۆمان قایمکردبوو، سەنگەرەکەمان، زۆر باشبوو..

وتم: کەس تەقە نەکات.. تەمومژبوو، کەس کەسی نەدەدی ، بێدەنگو کشومات خۆمان متکردبوو لە ناو سەنگەرەکەدا، لای ئێوارە سوارە و پیادە، هێرشیانهێنا، وایانزانی کوژراوین، خێرا کەوتینەخۆ، دەسەتمان لەسەر زامنەی تفەنگ بوو، پەنجەمان گۆی نەدەکرد، لیکولێك دەستمان لێکردنەوە، چاك شکستیان هێنا، تەرمیان بەجێ هێشت.. بەڕێز کاك ئەسعەد خۆشەویّ، کەسی دووەمی ناو شۆڕش، دوای بارزانی نەمر، گەڕایەوە سەرمان، هەر ئەویش بوو، لە پشتی لەشکرو چەکدارانەوە، نیگابانبوو، گەڕایەوە سەر من وتی: کەریم ماون؟ وتم: بەڵێ ئەزبەنی.. زۆر خۆشنوودبوو، هەر ئەو شەوە هاتینە گوندی خۆشەکۆیی، بناری چیای خەلیل، سنوور دەستکردی تورکیاو ئێران، 3 رۆژ بەپێ لە شارۆچکەی شنۆوە دوورە... ئەو شەوە خۆمان تێرکرد، وەکو ژەمی گورگی، کاڵەکانمان نوێکردەوە، هەموو دانیشتوانی گوندەکە چۆڵیانکردبوو..

بەمجۆرە، شەڕی هەورسەو زۆریتر لە 13 ئازارەوە تاکو 30 ئازار، 1947، هەرهەمووی رێگەخۆشکردنبوو بۆ کشانەوە بەرەوە سنووری رووسیا بە خاووخێزانەوە.. بەڵام لەو نەخشەیەدا، سەرنەکەوتین، خێڵەکان بەریان پێگرتین، دووبارە، گەڕاینەوە بۆ کێوی گادەری 3 سنوور، لە چیای گادەر، پشتی گوندی گەلاسو شنۆ 15 رۆژ ماینەوە، گەماروو ئابلۆقەیەکی وا دراین، ئەو ماوەیە، برێشکە، گەنممان دەبرژاند لەسەر بەرد، بە گوینووی کوێستان، هەگبەکانمان لێپڕدەکرد، تفەنگێکی برنەو بە تەنەکەیەك ئارد، فیشەك سەربەسەر بە ئارد، بەهای تفەنگێ بە 4 دینار، خێڵی هەرکی هاتبوون بۆ کوێستان ئەوان لێیاندەکڕین، ئەو خێڵانە بۆ لەوەڕی بەهار، هاتبوون.

چیرۆکی ئەفسەرە کوردەکان:

عیزەت عەبدولعەزیز:

پلەی تاج بوو، ستاف، دەرچووی لەندەن، هاوبەشی بزافی بارزانی 1945، ئەفسەری تۆپ، سەرزەنشتکرا کە تۆپەکانی زیبار – بلێ – نەیپێکاوە، لە مەهاباد، لە بەراییەوە، ئەو ڕێزەی لێنەگیرا، لەلایەن رووسەکانەوە تاکو ئەندازەیەك، بەرپرس بوو، سەرزەنشت دەکرا، من ئاگاهی باشم بۆدا، دەرئەنجام، پاداشتی دامەوە ڕێزی لێدەگرتم، هەرچی نهێنی خۆی هەبوو، لە چیاکان لە ماوەی جەنگی پارتیزانیدا بۆی دەکێڕامەوە... چیرۆکی خۆیو سانحەخانمی ئەمین زەکی بەگ، چوونی بۆ میسر لە تەکیدا.

دوایی کرا بە فەرماندەی سەقز لە سەراو سەرچاوە، بە پایەی پۆدپۆلکۆنیك – سەرهەنگ، لە کۆماری کوردستاندا... ئەویش کردمی بە بریکاری خۆی... لە شکستی کۆمارەکەدا، خۆی دا بە دەستەوە، ماڵئاوایی لە سەرۆك بارزانی نەمر کردو وتی ئەزبەنی، گەردنم ئازادکە، نەبادا نەتبینمەوە، کە نەیدییەوە، هاتەوە ئەمدیو، بە بەندکراوی، کاك میرحاج، دەستی نەبووە لەو کارەدا، لەتەك 4 ئەفسەرە قارەمانەکان لە سێدارەدرا 1947/6/19.

داوای سانحە خانمی کرد لەسەرمەرگیدا، لە کاتی لەسێدارەدانیدا، تاکو تێر بە کامی دڵداریو ئەڤینی دێرینەوە، ماڵئاوایی لێبکات، ئەویش نەچوو بە پیر داواکەیەوە، بە ناکامی سەری نایەوە بەلای سیاسەتگەوە، دوور لە کچی مێژووناسی گەورەی کورد، دوور لە کەسوکارو قەوموخوێش، دوور لە یارانی، دوور لە دەزگیرانی نازداری، دواکرنوش بردن بۆ نیگای چاوە گەشەکانی بۆ دواجار، لە چاوەکانیدا نقوومی بکات، چاو لێکبنێ، لە دەفری چەرخدا بتوێتەوە، ببنە دڵۆپێك لە تەك بووکی رازاوەی خەیاڵیدا، کە سانحە خانمی رشتو سەلارە، ئەو ئاواتو ئاکامەی نایە ناو کلکۆو قاڵبە گڵەکەیەوە، لە باخی سینەیدا، لە بەهەشتی یادگاریدا، بیرەوەری رابووردووی ئەکردەوە.

مستەفا خۆشناو – مستەفا ئەبدولکەریم – 1910:

ئەفسەری 3 ئەستێرە، هاوبەشی بزافی بارزانی 1945 کرد، هاتە کۆماری کوردستان لە مەهاباد، بەر لە بزاڤ چاوم پێکەوتووە لە مەهاباد... باوکی بەکراغا حەوێزی لەتەك کوڕەکەیدا پەروەردەیکردووە، ئەفسەرێکی ئازاو دلاوەرو جوامێرو نەبەز بووە، قارەمانی جەنگی مامەشەیە بە 40 چەکداری بارزانییەوە، یەك لەشکری ئێرانی شکاند، پایەی پۆدپۆلکۆنیك بوو، بەلام کەللەشەق و توورەبوو، نێوانی خۆی لەتەك خودانی بارزاندا ، شێخ ئەحمەد، تێکدا، راپۆرتی دا بە رووسەکان، گوایە بەرێز شێخ ئەحمەد سەر بە ئینگلیزە، کێشە پەیدابوو، خەریکبوون ئەم کێشەیە بدەن بە دادگا.

ئێمەش دەزگای ئاسایشمان ئاگادارکردەوە K.G.B، کە ئەم مرۆڤە مەزنە، هێماو پیرۆزە خودانی بارزانە، پێشەوای رەوانی میللەتە، پایە بلندە، شیرازە تێکدەچێ، بە نیگەرانی ئەو مرۆڤە بەرێزە... ئەمە کاری خۆیکرد، وازیان هێنا لە کێشەکە، دەرئەنجام، مستەفا خۆشناو، لە بارزانیەکان جودابۆوە، هاتە لای پێشەوا قازی موحەمەد، کرا بە فەرماندەی مەهاباد، لە شوێنی ئیبراهیم سەلاح، مامۆستای خەباتگێڕ، قەدری جەمیل پاشا، کوردی سورییە، هاتەلامان.

شەوێ بە رێکەوت چوومە ماڵی مستەفا خۆشناو، بوغدەسەر کاپتانی سۆڤیەتی، لە دەزگای پاراستنی رووسی کاریدەکرد، دەمناسی بە پێی فرمانەکەم، بەرگی شۆفێری شری لەبەردەکرد، جیبێکی هەبوو نەدەناسرا، من بەپێی فرمانی کارەکەم دەمناسی... کە چووم، رێگەیان پێدام، قەدری بەگ جەمیل پاشا، لەوێ ئامادەبوو، لە نێوانی کفتوگۆدا، وتی: ئێوە بیروڕاتان چییە؟

منیش وتم: هەر بزافی رزگاریخوازێ لە هەر شوێنێ بێت لەم جیهانەدا، ئێمە پشتگیری دەکەین، ئەگەرچی لە ئەندەنووسیاش بێت... قەدری بەگ، ناسینی منی لا پەسەندبوو، وتی: دەتوانم 10 لاوی وەکو تۆ دوکتۆرای پێتەواوبکەم ، لەسەر خەرجو گیرفانی خۆم.

ئێواران لەتەکماندا دەگەڕاو وێنەی لەتەکدا گرتین، کاتی هەرەسی کۆمار، مستەفا خۆشناو و ئەنوەر عەبدولا دڵسۆز، لەتەك بوغدەسەری کاپتاندا، بە خاووخێزانەوە، دەچن بۆ شاری ئورومیە، لەوێ بەجێیاندێڵن، خۆیدەکات بە باڵیۆزخانەی سۆڤێتیدا، ئەمانیش مانەوە بەبێ پشو و پەنا، روو دەکەنە ناو شکاك، 2 رۆژ رێگەیان مابوو بۆ سنووری رووسیا، دەرباز نەبوون، لەسەرماو برسانو لە ترسدا گەڕابوونەوە، هاتنەوە مەرگەڤەر، بۆ لام.. منیش نامەی بەخشینم بۆ وەرگرتن، ئەگەرچی نەشمانەوە، خۆیاندابەدەستەوە، لە تەك ئەفسەرەکاندا لەسێدارەدرا لە 19 حوزەیرانی 1947.

بەکر ئەبدولکەریم – بەکراغا:

3 ئەستێرەبوو، 1914 هاوبەشی بزاڤی بارزانی 1945ی کرد، هاتە مەهاباد پایەی پۆدپۆلکۆنێکی پێبەخشرا، فەرماندەی رۆخی سەردەشت لەرەبەتبوو، لەوپەڕی چۆمی کەلۆێ لە شکستی کۆماردا، خۆی نەدا بە دەستەوە، هاتەوە بۆ گوندەکەی خۆی شیواشان، لای کۆیە، ژن برای کاکە زیاداغا، ئازاو دلێرو جوامێر، ئەفسەری تۆپ، ماوەیەك فەرمانداری چەمچەماڵبوو، لە خەبات هەرگیز دابڕانی نەبووە.

خەیروڵا ئەبدولکەریم:

باوکی کوردو دایکی مووسڵی، ئەفسەری 2 ئەستێرە، کوردێکی دڵسۆز، چەند جارێك یارمەتیداوم، پایەی مایۆری پێبەخشرابوو... بەهۆی نەخۆشییەوە، خۆیدابەدەستەوە، لە سەرماوە تووشی نەخۆشی سنگبوو، لەسێدارەدرا لەتەك ئەفسەرانی هاوڕێیدا.

جەلال ئەمین بەگ مەحمود بەگ – 1911 – 2004/5/28:

ئەفسەری 2 ئەستێرە، تۆپهاوێژ، لە بزاڤی بارزانی 1945، هاوبەشبوو، پایەی مایۆری پێبەخشرابوو، مێجەر، لە شکستی کۆمارەکەدا، خۆیدا بەدەست

ئێرانەوە لە کاتێکدا ویستی بگەڕێتەوەو نەیتوانی، گیرا، بردیان بۆ تەهران، چەند ساڵێ مایەوە، دوایی درایەوە بە رژێمی عێراق لەتەك ئەفسەرە ئازەرییەکاندا، تەفریشیانو ئارتەشیانو مەحمودی جیهانگیری و ئەوانیتردا، گۆڕییانەوە. لە بەندیخانە مایەوە، شێخی نەمر، مەحمود حەفید، فریای کەوت، لەسێدارە نەدرا.

موحەمەد قودسی مەحمود:

ئەفسەری یەك ئەستێرە، هی ئازوخە، هاوبەشی بزاڤی بارزانی 1945 بوو، هاتە مەهاباد و پایەی کاپتانی پێبەخشرا، ژنی هێنا لەوێ، زۆر تەبابوو لەتەکما، دوای نیسکۆ و شکست هاتەوە، لە رێگە گیرا، عەلی حیجازی بەندیکردو ناردی بۆ بەغداد، لەسێدارەدرا لە 1947/6/19.

نوری ئەحمەد تەها:

ئەفسەری 2 ئەستێرە، جەنگی، هاوکاری بزاڤی بارزانی 1945 بوو، هاتە مەهاباد، پایەی مایۆری پێبەخشرا، هاتنەوەی هۆکاری خێزانیبوو، نەجیبە کچی خاڵە ئەبدە خێزانیبوو، لە زیندانی مایەوە، دەربەدەریو ئەشکەنجەی زۆری دی، کورد پەروەرو خاوێن، بە سەربەرزی کۆچیکرد و سەرینایەوە، دوای کۆچو رەوەی میللەت لە 1991/4/3.

حەمە ساڵح فەقێ موحەمەد ژاژڵی:

ئەفسەری ئەندازیار، هاوبەشی بزاڤی بارزانی 1945بوو، پایەی مایۆری پێبەخشرا لە کۆماری کوردستاندا، گوللەی وێڵ، یاخود ڤینورکی کەسێتی کە جێگەی گومانە، بریندارکرا، تاکو ئیستەکەش دەرنەکەوت.

میرحاج ئەحمەد ئاکرێی:

ئەفسەری 3 ئەستێرە، تۆپهاوێژ، هاوبەشی بزافی بارزانیکردو هاتۆتە مەهاباد، پایەی پۆدپۆلکۆنێکی پێبەخشرا، سەهەنگ، نمایندەی خودی بارزانی نەمربوو، ئەفسەری ستافی زیرەك، نهێنی قایم، کەس سوودی لێوەرنەدەگرت، بە هەژاریو بێباوکی لە ئاکرێ پێگەیشتووە، لە پێشدا مامۆستابووە.

لە کۆڕەوەی بارزانیدا بەرەو رووسیا لە جەنگی پارتیزانیدا، چووە، لە 1958 گەڕایەوە لە قاهیرەوە وێنەی لەتەك سەرۆك بارزانی نەمر و سەرۆك جەمال ئەبدوناسر، سەرکۆماری میسر، کە هاتەوە، کەنارەگیربوو، ژیانی زۆر نهێنی تێدایە... ئەو کچە بەتەمەنەی لە ئاکرێ کە بەتەمایبوو، هێنای، رۆژانی دوایی بە تەنهایی، کەنارەگیری لە بەغداد بەسەربرد، تاکو کۆچی، تێکەڵ بە کەس نەدەبوو، لە رووی دەروونییەوە، سەرنجی لەسەربوو.

سەید عەزیز شەمزینی:

کوڕی شێخ ئەبدوڵا نەهری، کوڕی سەید عەبدولقادر نەهری شۆڕشگێڕ، هاوبەشی بزافی بارزانی 1945بوو، ئەفسەری 3 ئەستێرە، یاوەری فەرماندەی کەرکوك، یەکسەر نێردرا بۆ باکۆ بۆ خوێندنی دوکتۆرا لە مێژووی رامیاریدا، بڕوانامە وەرگرتو نووسراوەی مێژوویی بزافی رزگاریخوازی کوردی هەیە، مرۆڤی بەهاو بە نرخ، بنەماڵەو خانەدان.

عەبدوڕەحمان تەییب مفتی، ئامێدی:

ئەفسەری خۆبەختکەر، هاوبەشی بزافی بارزانی 1945بوو، هاتە مەهاباد، لە کۆڕەوی مەزنی بارزانیدا بەرەو سۆڤیەت بەشداربووە. لە 1958 گەڕایەوە کوردستان.

خودانی بارزان – شێخ ئەحمەدی نەمر:

مرۆڤی مەزنو ناوداری نەتەوەی کورد، پارسا، پێشەوای رەوانی، پایە بڵند، هێماو پیرۆزیو دەروونپاکی ، دلۆڤانو رووالەتو سیمای کەسێتی، رەوشتو خوو بەرز، ناوداری مێژووی میللی، جێگەو شوێنەواری دیاردەیە لە دووخی بزافی بارزانیدا لە 1933، لە چلەکاندا، کاتی دەستبەرسەری لە سلێمانیو گواستنەوەی بۆ ئوستانی بابل – حیللە، دوای دەربازبوونی سەرۆك بارزانی نەمر، گەڕانەوەی بۆ بارزان. خۆشم لە حیللە دیدەنیم کردوون، لە شۆڕشەکاندا، لە مەهابادیش، پەیکەری دادپەروەریو مرۆڤایەتی بووە.

دوای ئابلۆقەی گادەر، بە خۆیو خێزانەکانەوە، هاتەوە ئەمدیو، فەرمانی خنکاندنی درا بەسەردا و نێردرا بۆ بەسرە، دوای 1958، هاتەوە بارزان، لەوێ کۆچیکرد، کۆچەکەی کاریتێکردم، چوومو دیدەنی ئارامگەو خەوابگەکەیمکرد، لە گۆڕستانی بارزان، هیواخوازم کە گیانی بە بەهەشت شادکردووە.

ژەنراڵ حەمە رەشید خان قادر خان بانە – 1889-1974:

ئەو بۆشاییەی کە گەرەکە پڕبکرێتەوە لە مێژووی خەباتی خوێناوی میللەتەکەماندا، ئەو مرۆڤە مەزنەی کە شایستەی پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانەبێت، یەکێك لەو کەڵەمێرانە بەڕێز حەمەرەشید خانە، کە تاکو هەنووکە، ئەو بایەخو بەهایەی نەدراوەتێ، چونکە شۆڕشو یاخیگەرییەکەی موتوربە نەکرابوو بە راگەیاندنو رۆشنبیرو رووناکبیران، کە سیمای هەموو شۆڕشێکە... مامۆستای کۆنینەناس ئەبدوڕەقیب یوسف، ئەمە پەسەند دەکات.

حەمە رەشید خان بێگومان مەزنە، لە 1937 لە زیندنی سلێمانی، دەربازبوو، بە هاوکاری کۆمەڵەی برایەتی و نەخشەیەکو پلانێکی کۆك کە لە لایەن شێخ لەتیف حەفیدو ئەسعەد مەحوی جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی برایەتیو کاکە فوئاد عارف کە فەرماندەی سوپابووە، لە 1936 و دەرفەتهێنان لە جەژنی تاجگوزاری پاشایەتی رژێمی عیراقدا، 2 دەمانچەیان ناردە ژووری بەندیخانە بۆ

حەمە رەشید خانو هاورێکانی لە زیندانا، مەجید گەڵباخی، سەید عەتای یاخی، دەمانچەکان لە ناو پاکەتی شیرینیدا بوون... بەندیخانەیان شکاند، دەربازبوون، بەڵام مەجید گەڵباخی، دەربازنەبوو، مشکیو پشتێنەکەی لە لاقی ئالآبوو، 4 تفەنگی هەلگرتبوو، درا بە دادگا، هەر بەرێز شێخ لەتیف و بریکاری کۆمەڵەی برایەتی بەرێز مامۆستا ئەسعەدی مەحوی، یارمەتییاندا و سەرفرازکرا، گەڕایەوە بۆ هەرێمی خاوەرو لە شۆڕشی جوانرۆدا، هاوبەشبو، گیرا، لەسێدارەدرا.

ئەو شەوە بۆ بەیانی کە لەسێدارەی دەدەن، ریشی دەتاشێ، خۆی خاوێنو رێکدەخا، بەو مەبەستەی کە خانمانی سنە دێنە سەر تەرمەکەی، رەنگزەردیو چەپەڵی پێوە دیار نەبێت، گەردی لێنەنیشێت.

حەمە رەشیدخان هاتەوە لانەی خۆی لە وێنەو دارۆخان، دەفەری شلێر، لە هەرای ئێراندا شاری بانەو سەقزی گرت، لە چنگی ئێران ئازادیکرد، فەرمانڕەوابوو، دووبارە هاتەوە بۆ ئەمدیو، بە دەستبەسەری لە ئوستانی رومادی – ئەنبار، کەرکوك، بەسەریبرد، هاوکاری کۆماری مەهابادیکرد لە کوردستان... پایەی ژەنراڵی پێبەخشرا، هاتە سەراو سەرچاوە، ناکۆکی کەوتە نێوانی ئەوو پێشەوای مەزنەوە، لەسەر شێوازی فەرمانڕەوایەتیو بارودۆخی سەردەم کە هێڵی رامیاری کوردی لەو بازنەیەدا دەسووڕایەوە، نیگەرانی پەیدابوو، گەڕایەوە، خۆیو مەجید خانو ئەنوەر بەگی کوڕی و لەتەك سەرکردەی سوپاکەی حەمە ئەمین خانی برای، دەستی راستیو ئازاو دلێر، تەگبیرکەر و پیلاندانەر، لە گرتنی بانەو سەقزدا... رژێمی عێراق بە دەستبەرسەری ناردی بۆ رومادی دوایی بۆ کەرکوك.

لە شۆڕشی نەتەوەیی کورد، ئەیلول 1961، دووبارە ، هاتەوە مەیدان هاوبەشیکرد، پێنجوینی گرت، تاکو کۆچی، لە هاریکاریدا، درێغی نەکردووە... لە دارۆخان نێژراوە 1974/12/3.

دۆکومێنتو بەلگەو نامەکانی لە سوید چاپکراوە لە لایەن مامۆستای مێژووناس، مەحمود مەلا عیزەتەوە.

کۆڕەوی مەزن – 1947/6/17:

دوای 15 ڕۆژ ئابڵوقەو گەمارۆ لە کێوی گادەر، لە گۆشەی 3 سنووری دەستکرد، ئێراق، تورکیە، ئێران، بەڕێز شێخ ئەحمەدی بارزان بە خۆیو خێزانەکانەوە خڕ هەموو هاتن بەمەدیودا، هەندێك لە ئەفسەرەکان جودابوونەوە... عەلی حیجازی فەرماندەری هێزی گەڕۆکی عیراق، ئەو ناوچەیەی گرتبوو، خێزانەکان خرانە پەرژینو سیمەوە، بەڕێز شێخ ئەحمەد و مرۆڤەکانی نێردران بۆ بەسرە.

سەرۆك بارزانی نەمر بە 800 جەنگاوەرەوە، لە ناکاودا بە هەڵمەتی شێرانە هاتنەوە چیای شیرین، ئازوخەو نانی یەك مانگ کۆکرایەوە، بە هەڵمەتی شێرانە لە گوندەکانی باکوورەوە، سنووریان شکاند بەرەو رووسیا، دوای چەند بەرەنگارییەك وەکو پڵنگی هێرشبەر، خۆمان گەیاندە سەر ئاوی ئاراس، لەوبەرەوە گەمێی رووسی چاوەڕووانبوون، بە چەکەوە، بە کۆڵو بارەوە لەژێر دەستڕێژو گوللە باراندا بە پردی جولفاو تەنکاییەکانی رۆباری ئاراسدا، بە پردی ئارەبلو، خۆمان گەیاندە خاکی کاپکاس، ماوەیەك لە کەرەنتینە، دوایی بڵاوەمان پێکرا، لەو وڵاتە پانوپۆڕەدا، تەمموزی 1947، ماوەیەك لە کاپکاسو ئوزبەگستانو قیرغیزستان، مامەوە، هاتمەوە لەتەك چەند کەسێکی دۆست، گیرامو دادگاکرامو 2 ساڵ بە زنجیرەوە بەندکرام، نهێنیم نەدرکان، ئەرکی رامیاریم بەدیهێنا، راسپێریم هێنا بۆ پارتی کۆمۆنستی عێراق کە بە ناوی ناسیۆنالیستەوە کاربکەن، پارتی کۆمۆنیستی کوردستان بێتە ئاراوە، کۆڕەوی مەزن، باسێکی تایبەتییە لە بواری تردا باسمکردووە.

ئیتر لێرەوە، ژیانی دەربەدەری، رەهەندەیی، 13 ساڵ، 2 ساڵ بەندی قورس بە زنجیرەوە، 6 ساڵ دەستبەسەری لە کەناری خوارووی باشووری عێراق، لە زۆنگاوەکان... ئەم 21 ساڵە هاوسەنگی ژیانی کەریم زەندە.

ماوەتو قەشان:

لـە بەندیخانـە بـەربوومو گەڕامـەوە سـەر پیشـەی مامۆسـتایی و کـرام بـە کـارگێڕی خوێندنگـەی مـاوەت.. ئـەمین یـامولکی بەخشـداربوو، دوایـی بـوو بـە فەرمانداری چوارتا.. ماوەیەك ماوەت بەخشداری نـەبوو، حەمـە جـەمیل رەزا بـوو بەخشدار، هاوڕێبووین، شارەزایی کەمبو لە تەکنیکی فەرمانڕەواییدا، نێوانی خـۆی تێکدا لـە تـەك قۆمیسـەرو نووسیاری بەخشدا، دەهاتـەو خویندنگە لام، دەیویسـت هەواڵو باسی پێبلێم، منیش بە زەقی پێمـوت: مـن زیـزو و زیـر دەزانم، مامۆسـتام، هەواڵوباس نازانم... ئیتر نەهاتەوە بۆ لام، خـۆمم لێزویـر کـرد.. دووبـارە هاتـەوە، وتـی: باشـە پێمبلێ ئـەم قۆمیسـەرو نووسـیارە چۆنن؟ لـە وەڵامـدا وتم: قۆمیسـەر پۆلیسـە.. وتـی چـۆن؟ وتم: خـۆت یاسـاییت، یاسـی نێودەوڵـەتی شـارەزایت، ئەمـە پۆلیسـە، پەیوەنـدە بـە پۆلیسی چـوارتاو سـلێمانیو بەغـدادەوە.. زنجیرەیـەکن، نووسیارەکەش پەیوەندی تایبەتی هەیە، دەرەقەتیان نایەیت..

دوایـی لەیەکتر ئاشـکرابوون، حەمـە جـەمیل وتـی: ئـەیانگرم، مـن بریکـاری شاهم.. ئەوانیش لـە بۆسـەدابوون بـۆی.. لیسـتەی گواسـتنەوەیان لێگرتـو دەیـانوت: مودیر بەگ جوچکوموچوك ناخوا. بارگیر قوتدەدات..

شەوێکی تاریك، پاسەوانەکەیان لێسەندەوە، بە تەنها مابۆوە، دەترسـا، نـاردی بە دوامدا، مەجید بەگی قۆڵچی، باڵباز، لە سەربانەوە هاواریکرد، کەریمـە فەنـدی، مـودیر بـەگ بانگتـدەکات، بـە پەلـە چـووم.. کـە دیـم خـۆی شـاردۆتەوە، وتم وەرە دەرێ، تۆ بریکاری شاهی، وتی دەمکوژن، منیش ناردم بە دوای کوڕەکوڕەی ماوەتدا، 15 تفەنگی بڕنەو هاتن، چامان بۆ ئامادەکردن، خۆی گیرو چنۆکبوو، چایەکی بە کەس نەدەدا.

هاتەوە هۆشخۆی وتـی: بـەخوا تـۆ ورەت بـەرزە، وتم: بـە چـاکی خـۆم پشـت ئەستوورم، نا ترسـم.. دوایـی پێمـوت: لیسـتەی گواسـتنەوەکەت گیراوە، 50 وڵاخـی نووسیبوو، هەموو ماوەت 4 بارگیرەلاتی تێدابوو.. ئـەو شـەوە بەسەرچـوو، بـەیانی کازیوە، مودیربەگ هەڵات، چوو بۆ بەغداد، چارسەری خۆی بکات.

بە تەنها مامەوە، لە مەیدانـدا، ئـەوانیش وایـان دەزانـی کـە گوایـا مـن هـانی دەدەم، مامۆسـتای ئـەوم، ئـەویان بـە نـەزان دەزانـی، کـە لـە راسـتیدا، ئاراستەکەری

چاکە بووم.. کەوتمە بەر هێرشی ئەوان، لای فەرماندار، سەعید ئەبدولقادر، کۆنە چەکمەڕەق، سەر بە عومەر نەزمیو نوری سەعید.. بەڕێز حاجی حەماغای گەلالە، لەو گێژاوە زرگاریکردم.. نامەی نارد بۆ فەرمانداری چوارتا، وتی: کەریمە فەندی خزمی دەخۆنە، واتە خۆمانە، گەرەکە نەوازشت هەبێت.. ئەمە بەسەرچوو.

خوێندنگەی شەوم کردبۆوە، بە پەڕەو پێنووسو لوکسو چراو نەوتی خۆم، تەنها تەختەی رەشو تەباشیر هی میری بوو.. خوێندنگەی رۆژ 6 پۆلو 3 مامۆستا، پۆلەکانمان تێکەڵدەکرد.. دوای نیوەڕوان دەچووم بۆ قەشان، مامۆستای نەبوو.. نەمهێشت دابخرێت، ئەو سەردەمە مامۆستا کەمبوو.. ئەبدولاغا قەشان برای فەقێ رەشید و حاجی حەمە عەلیاغا، خاوەنی گوندی قەشان بوون.

هاتەلام، وتی: کەریمە فەندی بەزاری خێڵەکی، بنووسە، مامۆستامان نییە.. ئەو سەردەمە وشەی موعەلیم بەکار دەهات.. منیش رێنمایمکرد، ناردمەلای بەخشدار، بۆ ئەوەی تاوانێکم بۆ ساز نەکەن، بەخشدار کوردی نەدەزانی، بانگی کردم، وتی: ئوستاد، ئەو ئەرکەت پێدەسپێرم، وتم: فەرمانت هەیە.. ئەو ساڵە پەیدەرپەی، بەیانیان لە ماوەتو دوای نیوەڕوان لە قەشان، شەوانەش دەگەڕامەوە ماوەت.. 2 پۆل خوێندنگەی شەوم هەبوو بۆ بنبڕی نەخوێندەواری.. بەم جۆرە گوزەراندم.

پاداش:

ساڵ 1959، دەبدەبەی نیشتمانپەروەریو لافی کوردایەتی، پارتی دیموکراتی کوردستان سیلەو مۆڵەتی وەرگرت، هاتن بە دوامدا، زۆریانلێکردم، رووگیر بووم، جیب ئامادکرا، وتم کاتی خۆی بەپێ هاتووچۆمان دەکرد.. چوومە ماوەت لە تەکیاندا، هەڵبژاردن بوو، کە منیاندی وتیان کەریمە فەندی چییە، ئێمەش لەتەك ئەوداین، هەڵبژاردن نییە، ئەو پارتە، ئێمەش پارتین، ئەو کوردە، ئێمەش کوردین، هیچ نییە، وەکو ئەوین، هەر هەموویان هاتنە لای من.. منیش وتم: من کوردم، کوردستانیم

لەبری ئەو رێزو بایەخە، تۆزێ خۆڵم هەڵگرتو نامە ناو دەممەوە، لەسەر سەرمدانا، وتم: من ئەگەر خەڵکی مەڵکەندی نەبم، خەڵکی ماوەتو قەشانم.

خوێندنگەی گۆیژە:

گوێزرامەوە بۆ خوێندنگەی گۆیژەی سەرەتایی، 2 مانگ بەسەرچوو، مامۆستا غەفور مەلا عەلی، کارگێڕبوو، رۆژێك لە ناو ژووری پۆلدا، وانەی جوگرافیام دەوتەوە، ئەفسەری ئاسایش، مارف ئوسمان، یەکە نۆکەری بێشەرم، لە هەموو وڵاتدا، هات، پەلبەستی کردم بۆ بەندیخانە، بەرەو ئەبوغرێب، نانی بەیانیم نەخواردبوو.

گرتووخانە:

سەرماوەزبوو، 2 رۆژ بەر لە گرتنم پاڵتۆیەکی لەنگەم کڕی بە 2 دینار، فریامکەوت بۆ زستانەکەی بەندیخانە.. بە پەلبەستراوی هێنامیان بۆ گرتووخانەی سلێمانی، شەوێکی لێمامەوە، بۆ بەیانی بەڕێیانکردین، بە پاسە تەختەکان بۆ کەرکوك، خوێندکارەکان بە گریانەوە هاتن، ماڵئاواییان لێکردم، ئێوارە بۆ سەر شەمەندەفەر، لەتەك بەڕێز مەحمود فەقێ موحەمەد، سەرۆکی خێڵی هەمەوەند، لە کەلەپچەیەکدا بووین، پۆلیسەکە، ئێوارە لەسەر شەمەندەفەرەکە دەستی کردمەوە، دەستوو دەموچاوم پشۆمو نوێژ بکەم.. دەمتوانی رابکەم، بەڵام نەریتی کوردایەتیو رەوش رێیپێنەدام پۆلیسە هەژارەکە سزا بدرێت بەهۆی منەوە، ملی رێمانگرتو گەیشتینە بەغداد، بردیانین بۆ کارگێڕێتی ئاسایشی گشتی.. بیجامە لەبەرو خاولی لە مل، بەزیو، درکێنەران، تەپیو، رووخاو، لە ئەندامانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق، یەکێك لەوانە مالیك سەیف، رەفیق چالاك، عومەر عەلی ئەمین.. مالیك سەیف، وتی: نایناسم، ناویم بیستووە، پەڕەی کرداریان بۆ پڕکردینەوە، بەرەو ئەبوغرێبیانبردین.. فەرمانی سوپایی لە ئارادابوو، لەو سەربازگەیە، رووتکراینەوە، بۆ پشکنین، نەیانهێشت دراومان پێبێت، هیچ شتێك، بە نەرمەڕاکردن بەرەو تەویلەکان.. ناو ژوورەکان کۆنکرێت کرابوو هێشتا ئاوی تێدا وەستابوو.. ژووری گچکە 2 کەسی دەگرت، تەنهایی، تاریکو نوتەك، بێچرا، پەنجەرەی تێدانەبوو.. 5 مانگ پتر ماینەوە، رۆژمان لێتێکچووبوو، تەنەکەیەکو شەربەیەکیان بۆ دانابووین، تەنها بەیانیان بۆ ئاودەست یەکجار دەبراین.

بە ئێسکی ناو چێشتەکان، نیشانەو ئاماژەی دیوارەکانمان دەکرد، لە بۆشایی بلۆکەکانەوە، لەتەك گرتووەکانـدا دەدوایـن، مامۆسـتا هـەمزە ئەبـدوڵا، گیرابـوو، کابریەکی خانەکینی ڕۆستەم هەیدەر، بە عـەرەبی شکست لێـی دەپرسـیم، منـیش دڵخۆشی ئەو و هیتریشم دەدایەوە.

شەوانە، زرەی زنجیرو لێدانو گریانو هاوار دەهات، بە مەبەستی ترساندن و رووخان، زۆر کەس بەو جەنگی دەمارە، دەروخاو نهێنی دەدرکان..

شـەوێك، نمایندەی تەندروستی جیهانی هاتنە لامان، بە ئینگلیـزی دەدوا، لێیانپرسـیم، تـۆ چیت؟ وتم: مامۆسـتام، وتیـان: مامۆسـتای چـی؟ وتم: مامۆسـتای مێـژوو جوگرافیـا، وتیـان بـۆ گیراوی، وتم: ناحـەز بەگرتی داوم.. ئێمـەش ڕەنـگ زەردو هـەتاومان نـەدەدی، ریـش هـاتوو، کراسـوبەرگی چڵکن، پاڵتۆکـەم ئاوەژوو لەبەرکردبوو، ڕاخەرو سەرینیش بوو، ناو ژوورەکە تەڕوتووشی هەبوو.

ئەو زستانەمان بەسـەربرد، گرتووخانـەی ئـەبوغرێب هـەڵگیرا، لـە ئـەنجامی ڕاپۆرتی ئەو نمایندانەدا، گوتبوویان کە ئەم شوێنە، شوێنی ئاژەڵە.

هاتینـە گرتووخانـەی کـەرخ، دەرگـای ئاسـنی گـەورە، کونکون، خـەڵکمان لـە شـەقامەکانەوە دەدی، دەهاتینـە دەرێ بـۆ دەموچاوشـتن، وامانـدەزانی بـەربووین.. گرتووەکـان، کـراین بـە 2 بەشـەوە، بەشـێکمان دران بـە دادگـای ڕەسـافە، ئەوانـە هەرهەموو بەربوون، بەشەکەیتر بۆ دادگای کـەرخ، ئێمـە درایـن بـە دادگـای مـەزن، پـارێزەری بـەڕێز نیشـتمانپەروەرو پـارێزەری بـوێر کاك موحەمـەد بابان، ئـەونی یوسف، مەردانە، دادکۆکیان لێکردین، تاکو سەر گۆڕ شەرمەزاریانم.

گەواهی درکێنەران، ئێمەش لە رکەی دادگادا، یەکێك لەو بەزیوانـە، خـوێنی منی کردە کاسەوە، وتی: ئەمە لەتەك فەهدابووە، چۆتە ئێرانـو رووسـیا، بەشـداری شۆڕشی بارزانو کۆماری کوردستانی کردووە، لە جەنگی پارتیزانیـدا بـەرەو رووسـیا چـووە، بـە ئـەرك هاتۆتـەوە.. وتم: ئەمانـە گـەواە نـین، ئاگاهیـدەرنین، نۆکـەری ئاسایشن، خواردنو نووستنیان لەوێیـە، ئاگاهیـدەرو گـەواە گەرەکـە راسـتو بێلایـەن بـن.. وتم: بـەڕێز دادوەر، لـەو گەواهـە بپرسـە، خـۆی لەتەکمـدابووە، یـاخود بـە دووربینـی گـەورە، منـی دیـوە لـە ئێرانـو رووسـیا؟ دادپـرس، ڕوویتێکـردو پرسـی:

چوویتە ئێرانو رووسیا؟ ئاگاهیدەر، وتی: نەخێر.. وتی: چۆن دەزانی؟ وتی بیستوومە.. بیستن ئەو بەها یاساییەی نییە.

وێڕای ئەم هەموو ئازار و ئەشکەنجەو کێبلۆ گازو پلایسە، هیچم نەدرکاند و 2 ساڵ بەندی قورس بە زنجیرەوەو 2 ساڵ چاودێری پۆلیس، دوای تەواوکردنی ماوەی بەندیو زیندانی، براین بۆ زیندانی مەڵبەندی.. ژووری ئەشکەنجەو ئازار، 15 رۆژی لێماینەوە.. دوایی هاوڕێیەکان وتیان خواست بدەین، تاکو بمانگوێزنەوە بۆ دوژەکان.. خواستەکەم نووسی، وتم راستیم لێمەدەن.

بەندکراوێك ناوی فجل بوو، شێت بوو، لەتەك فەهدا ژیابوو، پێنووسوپەڕەی بۆ هێناین، هەواڵی دەبردو دەیهێنا.

دەرئەنجامی ئەوە، بڕیار درا کاروانمانبکەن.. کاروانی تێهەڵدانە بە هەموو وەردیانەکانی زیندانی، وەکو فتبۆڵ لەمسەرەوە بۆ ئەوسەر.. لەو کاتەدا، پارێزەر کاك موحەمەد بابان دێتە لای کارکێڕی گشتی بەندیخانە، پێی دەڵێ: ئەمانەی کە کاروانیان دەکەن، هاوڕێی منن.

پۆلیسەکان، کە سەربانو بنبانیانگرتبوو، هەرهەموو کشانەوە، ئێمەش، ئاهێکمان پێداهات.

دوایی گوێزراینەوە بۆ قەلاکان، دوژەکان، هەر لەو بەندیخانەیە، ساڵ گوزەشت، مەحەمەد بابان وازی نەهێنا، داواکەی دا بە دادگای بەرزتر، ماوەی بەندییەکەی کەمترکردەوە، چاودێری پۆلیس، کەمکرایەوە... هاتینەوە، پێشوازیکراین.

ئەوانەی کە بەندکرابوون لەتەکمدا: حەسیب شێخ ئەحمەد، عەبدولا خالید، رەئوف حەمە سەعید فەتاح، وەستا حەمەلاو دارتاش، بابا عەلی، 13 کەس بووین.. موحەمەد مستەفاو میرە برای رۆفائیل جوو، لەتەکماندابوون.

بێکارەیی، ڕەهەندەیو ئاوارەیی:

دوای بەندی، هاتمەوە بۆ سلێمانی، 1ر250 دینارم پێبوو، هاوڕێ، خزموخوێش هاتنە لام، 250 فلسم بۆ دان بە چا، لە چاخانەی حەمەڕەق، دینارێکم پێمابوو، بەرەوە خانووەکەمان هاتمەوە، لای ئێوارە، پێیان وتم: خانووەکەتان فرۆشراوە، رووەکردە خانەی حسێن بەگ جاف، حەسەن بەگی کوڕی، خوێندکارمبوو، لەتەك عەلی بەگو ئەوڕەحمان بەگدا، ئاشنابووین لەسەربانەکەیان دەنووستم، بێنانخواردن، تەنها نووستنبوو، کەچی چەند چامرلغێکی کوردە کۆمۆنیستەکان فەرمانیاندابوو، کە فڕێمبدەنە خوارەوە، لەسەربانەوە.. گوایا من گۆڕاوم، پارتی کۆمۆنیستی کوردستان دادەمەزرێنم، بەو سۆنگەیەوە، ئەو بێئەمەکانە، ئەحمەد غەفور و عومەر عارف بوون، ئەوانیش، نەریتی خێلایەتیو میواندار، دژیانوەستان، ناچارکرام کە بێمەوە سەربانی کەلاوە فرۆشراوەکەی خۆمان، بەڕەیەکی شڕم لەسەربانەکە راخست، راکشام بە ئاگادارییەوە.

لەپڕ پۆلیس بە سونییەوە هاتە سەربانو وتی: لە پۆلیسخانە داواتدەکەن، منیش نەچووم، وتم نایەم، بڕۆ، پۆلیسەکە چوو نامەیەکی لە ئەفسەری پۆلیسەوە عەلی ئەباس بوو، دەیناسیم، مامۆستای کوڕەکەیبووم، منیش چووم بەپێر نامەکەیەوە کە نووسیبووی: بەڕێز کەریمە فەندی، تکایە تاکو ئێرە وەرە.. چووم، وتیان: فەرموو دانیشە. ئەوەی خانووەکەی کڕیبوو، سکاڵایکردبوو، وتبووی: ڕەبەنی خۆیکردووە بە خانووەکەیدا.. ئەفسەری پۆلیس، ئەوڕەحمان کیلو، وتی: ئەمە لە تۆوە دوورە، وتم: بەگ، خاوەن ماڵی، خۆیکردووە بە ماڵدا، بە خانووی خۆیدا، بەشی زۆری ئەم خانووە هی منە، بەشی کەمی کڕیوە.. وتم: ئەوە فەرمانگەی تاپۆ، خانووبەرە بپرسە.. لە کابرای کڕیاری پرسی، وتی: بەشی هەیە؟ وتی: بەڵێ.. وتم: ئەم خانووە، خانە 3 ماڵی تێدایە، ئەفسەری پۆلیس تووڕەبوو لێی، خەریکبو لێیبدات.. وتم: بەگ، وازی لێبهێنن..

هاتینەدەرێ، ئەفسەرەکە پێیوتم: بە فەرمانی میری تێیدابە، پۆلیست دەدەمینێ.. وتم: بەگ، نامەوێ، ئەوەی کە ناچاریکردووم کە لەوێ بنووم، دراوم نییە

بچمە ئوتێل، گومانلێکراوم، لەسەر شەقامەکان بنووم، بچمە هەر خانوو ماڵێك، چونکە رەبەنم، پێیان ناخۆشە، هاتینە دەرەوە، سەرزەنشتی کابرای کرپیارمکرد، وتم: من ئاوارەو دەربەردەرم، گریمان هاتمە خانووەکەت، گەرەکبوو رێزت لێبگرتمایە... شەرمەزارمکرد.. کابرای کرپیار وازی نەهێنا بەهۆی شێخ لەتیف حەفیدەوە ویستی بەشەکەی خۆمی پێبفرۆشم، بەرێز مەلا کاکە حەمەی چوارتاو کاك محیّدینی چنارە ئاشنامبوون، برادەریم لەتەك شێخ لەتیف حەفیدو ئەو بەرێزانە هەبوو.. شێخ لەتیف لە وەڵامی ئەودا وتبووی: بەو کورە بڵێم بەشە کەلاوەیەکت هەیە، بیفرۆشە، ئەمە رەوایە؟ ئەو کورە، واتە کەریم زەند، ئەگەر بێتەلام، گوندی کەناروێی پێشکەشدەکەم، کە لە هەموو گوندەکانم لاپەسەندترە.. ئیتر کابرا پەتی پچرا، نائومێدبوو، لەرێی میریو هەم لەرێی خێڵایەتییەوە، ناچاربوو لە تەکمدا رێکبکەوێت.

چوومە خانەکەی عەلی ماوەتی، گەلاڵەیی، قەشانی لێبوون، وتم: وەرنە خانەکەی من بەخۆرایی، تێمگەیاندن، کێشەکەم چییە.. ئەوانیش هاتن بە خۆیانو وڵاخەکانیانەوە، کابرا بێزاربوو، خواخوایبوو لەکۆڵی بکەوێت.. چوو بۆ لای حاجی قادر جەبارو حاجی مستەفا، جارجار دەچوومە لایان، رێکیان خستین بە 300 دینار، منیش هیچم نییە، دەستگیرۆیی کرام، کاك سدیق شاوەیس، کارمەندی تاپۆ بە زوویی کارەکەی راپەراندو خانووە گڵە شرەکەم، دەستکەوتەوە، پێموت: من دەرۆم، بە ئارەزووی خۆت چۆڵیبکە، کلیلەکەم بۆ دابنێ لەو شوێنە.

سلێمانیم بە ناچاری بەجێهێشت، چوومە شارەزوور، بەهۆی خوێشایەتییەوە لەتەك بەرێز کاك تۆفیق قەزازدا.. ماوەیەك لە گوندی کەلۆران، سەراو مامەوە، سەپانو وەرزێر لە گوندی چنارو مۆردینەوە، خاووخێزانیان لەتەکدابوو، تووشی نەخۆشی مەلاریا – لەرزووتابوون، دەمردن، یەك هەگبە، حەبی کنینم پێبوو، هەندێکیانم بۆ رزگارکرا، خێزانێك تەنها ئافرەتێکیان لێدەرچوو، هەرهەموو مردن، ئەو سەردەمە شارەزوور، پیسترین چەشنی مێشوولەی لەرزوتای هەبوو، چارەسەریکرا لە لایەن فەرمانگەی مەلاریاوە، هاورێیەکی خۆشەویستی منی

تێدابوو، مستەفا کەریم غەفور، راژەی دانیشتوانی شارەزووریانکرد، مەلاریا بنەبڕکرا.

دوایی هاتمە گوندی زڕگوێزی گچکە، تلەزەیت، بەری قەراخ، ماوەیەك، لەبەر گرتکخۆر نەمتوانی زۆر بمێنمەوە، وێڕای ناکۆکی شێخی ئەمرو کاك تۆفیق قەزاز، نۆکەرو دەستوپێوەند، شێواندبوویان.

هاتمە پشدەر، کوڕەکانی بەڕێز مەحموداغا حاجیاغا خوێندکارمبوون، وانەم پێدەوتن، زستانم بەسەربرد، هاوین هاتمە هۆمەرامانو کەرپچنە.. خوێندنگەیەکی بێنازمکردەوە، ساڵێ پتر مامەوە،، شێخ محەمەدی شێخ ئەبدولکەریم کەسنەزانی، کرپچنە، شێخ حسێنی کوڕی زاوای شێخ سەلامی بوێژ، کوڕە شێخەکانو خزمەکانیان، قالەو قەلەندەر، شێخ عەلی کوڕانی شێخ حسێن منداڵبوون، ئەم کارە، بەڕێز شێخ سەلام هۆزانڤان، رەخساندی بۆم..

لێرە کارم نەما، رووکردە چوێسەی شلێر بۆ زستانی دوایی لای بەڕێز شێخ ئەبدولقادر چوێسە گیرسامەوە.. خوێندنگەیەکی گچکەم کردەوە، کوڕەکانی شێخ کامل، شێخ ئەحمەد دەیانخوێند، ئەوازشیان هەبوو.. ناوبەناو سەرم دەدا لە گوندی وێنە و داروخانو شیوەگوێزانو گۆلی، میشیاو، شەیدان، گەرمك، براله، دەڤەری شلێرو ناوخوان..

مەجید خانی حەمەڕەشیدخان، هاوڕێیەتی کۆنم هەبوو لەتەکیدا، رێزیان لێدەگرتم، هەروەها حەمە سدیق خان سلێمان خان میشیاو، هەرهەموو خاوەن رێزبوون.. حەمە ئەمین بەگ گۆلەو مەحمود بەگی کوڕی، بەهەمان شێوە رەفتاریان لەتەکدا دەکردم.

کارگەریی:

هاتمــە سەرچــنار، ماوەیــەك کارگــەریمکرد لای مــاتیۆس، کــونترانگریکی ئەرمەنیبوو.. دوای ئەوە هاتمـە دەربنـدخان، بـووم بـە ئەفسـەری پـەیوەدنی نێـوانی کۆمپانیای سەنرابتوبریسی فەرەنسیو میری.. ساڵێك پـتر مامـەوە، هۆزانڤـان قـانع هاتە لام ، داممەزراند، ئەویش لە یاداشتی خۆیدا نووسیویەتی.

لە بارودۆخی دەربەدەریو رەهەندەییو ئاوارەییدا مامەوە تاکو 1959.

گەڕانەوەم بۆ رووسیا:

دەرفەتم بۆ رێکەوت، بەپێ لە مـاوەتو چۆمی تەیـەتو کێوی هوملیـو، گونـدی بێـژوێ لـە شەلماشـەوە، پـردی کـەلۆێی خـوارووی سەردەشـت، بـە شنۆو لاجانـدا، بـە تەرگەڤەڕو مەرگەڤەڕدا، چیای خەلیل، بە ناو شکاکدا، دەشتی سۆما و برادۆست.. بـە ناو ملانیـو کوێرەسـونیو مـاکۆ لـە پـردی ئـارەبلوەوە بـەرەو سنووری رووسـیا، وڵاتـی کاپکـاس، ئازربیجـان، تەخچـەڤان، رەوان، ئیریڤـان، بـاکۆ، بـۆ خوێنـدنی ئـەکادیمی مێژووی رامیاری و وتاردان لە شاری تەشکەندو دووشەنبی و شـاری مـاری، مـەرۆ، کـە کـوردی ئـاینزای جەعفـەرین، چـەند سـاڵێك لـەم دەڤەرانـە مامـەوە، لێـرەوە بـۆ بولگارسـتان، گــەڕان بــە چـیاکانی بالکانــدا بــەپێ، چــوونم بــۆ یوگۆســلاڤیا و چیکوسـلوڤاکیا و ئـەڵمانیای خـاوەرو خۆرنشـین، شـاری بـەرلین، گـەڕانێکی تـەواو بـە خـاوەری میانـەدا، ئەمانـە لـە گەشـتی زەنـدا، نووسـراوە، بـە مەبەسـتی نووسـینی جوگرافیا.

مامۆستایی دووبارە – 1959:

یاسای پادشاهێتی لە ئێـراق رووخـا، کۆمـار بـەرپابوو، گەڕامـەوە سـەر پیشـەی مامۆستایەتی، هاتمە خوێندنگەی خالیدییە، مامۆسـتا یـونس تۆفیـق ئەبـدوڕەحمان، کـارگێڕبوو، پاشـکۆی بـۆ کرایـەوە، وەکـو یارمەتـدەر، بریکـاربووم لـە 1959/10/8، دوای ئەوە کرام بە کارگێڕی خوێندنگەی پیرەمەگروون لە 1961/3/22، مامۆسـتا

غەفور مەلا عەلی، کلیلەکانی لای کارگێری پەروەردە، دانابوو، کە مامۆستا موسا سەمەدبوو..

شۆڕشی کورد بەرپابوو، ئەیلول 1961، دەربەندبازیانو دەربەندخان گیران، ئێمەش پاڵتۆو بەرگمان برد بۆ چەکداران بە ئوتومبیلی مامۆستا وەلید کەرکوکی.. سوپای عێراق شاڵاوی هێنا، هەردوو دەربەند بەرگری تێدا نەما..

کارگێری گشتی پەروەرد، هەموو کارگێڕانی خوێندنگەکانی کۆکردەوە، داوای تەلەگرافو بروسکەی لایەنگری لێکردن بۆ میری، بەپێی ئەو کلێشەیەی کە دانرابوو مۆڵەتیش 24 کاتە.

هەر لەوێ راوێژکرا، وتم گەرەکە یەکیەتی هەبێت، هاتمەوە خوێندنگە، مامۆستاکان پێشوازییان لێکردم، وتیان چییە؟ وتم داوای بروسکەی لایەنگری بۆ میری دەکەن، بەم کلێشەیە.. بروسکە لێنەدرا، 24 کات بەسەرچوو، چاوەڕوانی ئاکامیبووین.. ئاشکرایە، کە ئەم هەموو مامۆستایانە ناگیرێن و دەرناکرێن، گەڕان بەدوای ئەوانەدا کە رابوردوویەکیان هەیە، وەکو ئێمەمانان.. لیستە دوای لیستە دەردەچوو، مامۆستا دەگوێزرایەوە بۆ باشووری ئێراق.. مامۆستا حەمە ساڵح سەعیدم لابو، فەرمانی گواستنەوەی دەرچوو، هاتو وتی: دابڕانم بنووسە، وتم: باشە، ئەی کێ دابڕانی من دەنووسێت؟.. لەولاوە مامۆستا ئوسمان سەعید هاتوو وتی: پارت منی داوەتە دەست تۆ.. پێموت: باشە، ئەی من بەدەست کێم؟ هەرهەموو بەدەست یەزدانی مەزنە..

هەموو رۆژێ ئاسایش دەهاتن بۆ پرسین لە مامۆستا عوسمان سەعید، ئاگاهی بۆ دەرکرا بۆ ماوەیەك کە بگەڕێتەوە، ماوە تەواوبوو، مووچەی ئەو مانگەم هەرچۆنێبوو بۆم وەرگرت، دوای ئاگاهییەکەی بە ماوەیەك گەڕایەوە، بۆمنووسی کە لە پێش تەواوبوونی ئاگاهییەکەدا گەڕاوەتەوە.. یەکێ لەو ئاسایشانەی کە دەهاتن بۆ کێشەی مامۆستا ئوسمان سەعید وتی: کە من لەو ترسناکترم، راپۆرتیان لێدام کە من نوێنەری خودی بارزانی نەمرم، بەرپرسی شۆڕشم، پەیوەندیم بە دەرەوە و نێو دەوڵەتی هەیە.

ئەم راپۆرتە، لە کەرکوك، فەرماندەی لەشکر، کاك کەریم قەرەنی فریامکەوتو کەمەکێ خاوکرایەوە، بە لیستەیەکی تایبەتی گوێزرامەوە بە دەستبەسەری بۆ ئوستانی ناسرییە، کەناری زۆلکاوەکانی باشووری ئێراق 1962/11/28.. بۆ ئەلبوسالّح، سادە، کەحلا، قەلعەسوکەر لە 1964/10/19.. شەش ساڵ بە دەستبەرسەری بە مووچەیەکی کەم، لە ناو هۆڕو زەلکاوەکاندا مامەوە، 3 ژەمە بەلگەی بوون واژۆ مۆرم دەکرد، لە پۆلیسخانە.

لە ماوەی رێکەوتنەکانیشدا، نۆرەمان بەرنەکەوت کە بگەڕێمەوە، پەنامان دەبرد بۆ هەرلایەك، دەیانوت بەدەست ئێمە نییە، تاکو چەرخی ئەوڕەحمان عارف، ئەوڕەحمان بەزاز، نامەیەکی تایبەتیم بۆ نووسی بە عەرەبی، بە هەڵبەستو پەخشان بەم جۆرە: لە برایەکی کوردەوە بۆ برایەکی عەرەب، لە برای زەندەوە بۆ برای مەعازید، نامەی تۆمارکراو گەیشت، کەوتەگەڕ، بەلاّم بێسوودبوو، تاکو ناجی تالب، سەرۆك وەزیران کوڕی حاجی تالبی ناسرییە، ئەو هەموو دوورخراوەو دەستبەسەرانەی کوردی ئازادکرد.. لە گۆڤاری رووداوی عێراقی بلاّوکرایەوە.. دوای ناوی بەڕێزان مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و سمایل عارف، ناوی منی تێدابوو، هاتمەوە بۆ سلێمانی.

الوقائع العراقية، العدد 1306

السنة التاسعة و الخميس، أيلول 1966

هاتمە خوێندنگەی مەولاناخالید، نالی، سەرشەقامی 2 تاکو 1970/1/17، کرام بە کارگێڕی راهێنگە، تطبيقات دار المعلمين.. لەو کارەدا هەڵبـژێردرام، بووم بە سکرتێری کابینە و سەندیکای یەکێتی مامۆستایان، دەستەلاّتی سەرۆکایەتیم پێدرا.

خانەکین – 1970:

پەیتاپەیتا لە خانەکینەوە، داوادەکرا کە کارگێڕی پەروەردەی سلێمانی، مامۆستا سامی حسێن نازم بوو، کادەری خولی زمانی کوردی بنێرێت، ئەمیش بە هەر مامۆستایەکی دەوت، داوای نرخی وتارو پێشەکییاندەکرد، ئەویش دەیوت، ئەوە ئوستانێکیترە، لەو بارەیەوە هیچم بۆ دەرنەکەوتووە، بە ناچاری تەلەفونی بۆ کردم، خێرا چووم وتم: تەلەفۆنەکەم بدەرێ، وتی وەرە لە شوێنەکەم دابنیشە، وتم فەرماندەرکە، مامۆستا محەمەد عەبدە، فوئاد رەئوف سەڕاف، شێرکۆ ئەحمەد شەوقی، خۆم ئامادەین، تەلەفۆنم بۆ کردن، بە زوویی هاتن، پاش نیوەڕۆ، باروبارخانەمان پێچایەوە، ڕۆیشتین بۆ باقوبە، لەوێ شەو ماینەوە، بۆ بەیانی چووینە کارگێڕێتی پەروەردەی دیالە – دێیەلە، ئامادەییمان نیشاندا، فەرمانیاندەرکرد، هەر ئەوە رۆژە گەیشتینە خانەقین.

لەوێ لە سەندیکا دەنووستین، زۆربەی رۆژەکانیش میوانداری دەکراین، مامۆستا جاوید بەگ، مەحمود زەهاوی ، ئیسماعیل کەرەم، عەدنان مایخان، پێشوازییەکی بە گەرمیان لێکردین، هەفتەیەك بەسەرنەچوو، کارەساتێ روویدا، کوردێکی سەر بە بەعس، کوردێکی پارتی کوشت، بارودۆخ ئالۆزا، چوومە بارەگای پارتی، کاك غولام بەرپرسبوو، تکام لێکرد، کە ئەم کارە بداتە دەستم، زۆر پەسەندیکرد، چەکدار رژایە ناوشار، خەریکبوو خوێن برژێت، خۆپیشاندانێکمان سازکرد، خۆمو مامۆستا عەزیز پشتیوان لە پێشەوە، هەموو رێکخراوو چەکدار بە دواماندا، گرمانخوارد بە هەموو شەقامەکانی شاردا ، میری، چەکداری ئامادەکردبوو، لەسەر پێبوون، منەی تەقەیەکیاندەکرد، زۆر بە ئارامی کۆتاییمان پێهێنا.. وتارێکم بۆ دان، چوومە لای عەلی عیسا بەگی ئەرکەوازی، هاوکاری کردین، ئاژاوە کوژایەوە، کارەکە لە رەگوڕیشەوە دوژمنایەتی ناوخۆبوو، رکوکینەی کۆنی چەرخی ئوسمانیبوو بۆ سەردەمی نوری سەعید، هەر بەرەیەکیان لایەکی دەگرت.. بەرەیەکیان، ئیتحادی دەستوری، بەرەکەیتر، ئومەی ئیشتراکی.. بەم جۆرە دوای

شۆڕشی تەممووزی 1958، مۆڵەتی پارتی دیموکرات، ئەمان لایەنی بارزانی نەمر، ئەولا لایەنی هەڤاڵ مام جەلال تاڵەبانی.

لە چەرخی بەعسدا، ئەوان بەعسی و ئەمان پارتی.. بەم جۆرە، لە رووی خێڵایەتییەوە بە تفەنگو ئافرەت، چارەسەرکرا.

ئامێدی:

ساڵ زڤرا، مامۆستا موحەمەد حەوێز، حەمە رەش کارگێڕی گشتی پەروەردەی دهۆکە - ئوستان، داوای کادەری خولی زمانی کوردیکرد، دووبارە خۆمان ئامادەکرد، لە تەك مامۆستا ئەبدوڵا رەزا قادر ئەژدەر، شێرکۆ ئەحمەد شەوقی.. وتم خۆتان سەرپشکبن، بۆ زاخۆ، دهۆك، من چووم بۆ ئامێدی، خولی زمانی کوردیمانکردەوە، ئاسوورییەکان، لە پێشەوە سڵیاندەکرد، بە پێ چووم بۆ لای مەترانی دووری ئەندراوس، لەتەکیدا دوام، فەرمانیدا، بە مامۆستا ئاسوورییەکان کە بەشداربن، وتی ئێمە لە ناو کورداین.

ئەرکی پێسێراومان بەجێهێنا، بەڕێز ئەسعەد خۆشەوی، کەسی دووەمی شۆڕشی کوردستان لە فڕۆکەخانەی بامەڕنیبوو، فەرماندەی ئەو دەڤەرەبوو، دەبوایە ماڵئاوایی لێبکەم، دوای تەواوبوونی کارکەم، چوومە بامەڕنی، خەسرەو رەشید کەریم، کارمەندی تاپۆی ئامێدی هات لە تەکمدا، کە چووین هەر لە دوورەوە هات بەرەو پیرمان، وتی: من تەمدیوە، وتم: ئەزبەنی خۆتان بێژن.. دوای هەناسەیەك، وتی: تە کەریمی.. وتم: بەڵێ ئەزبەنی، باوەشی پێداکردم، نیوەڕۆ یاپراخی بە پەراسوو بۆ کردین، وێنەی خۆی دامێ، لە ناو ئەو هەموو ئامادەبووانەدا، وتی: ئەڤە لەتەك ئێمەبوو.. ئەڤە هەڤاڵی بارزانی نەمرە.. وتی: ئەی وردی لە کێرییە، وتم: مامۆستایە، وتی: چەوە مامۆستایە، وتم: مامۆستایە ئەزبەنی، وتی: دەبوایە ئێوە کاربەدەستبن.

دوای نیوەڕۆ سیلەم خواست کە بڕۆین، کاك سەلیمی کوڕی کە فەرماندەی هێزبوو، پێیوت: جانتاکەی بۆ هەڵبگرە تاکو سەر جادە و رەوانەیانبکە.. بەمجۆرە هاتینەوە.

کۆڕی زانیاری – 1971:

لە کۆڕی زانیاری کوردیدا، بووم بە ئەندامی یارمەتدەر، بە فەرمانی کۆڕ چووینە رانیە، قەڵادزێ، مەرگە بۆ گەڕان بەدوای میراتو کەڵچەرو وشەی کوردیو زاراوو دەستنووسدا، گوندەکانمان تەیکرد، مامۆستا کەریم شێخانیم، لە تەکدابوو، چووینە بەستەستێن لای کاک حەسۆ میرخان، میوانداری کردین، نامەیداینێ بۆ مەلا محەڕەمی مەرگە، کە گوایا دەستنووسێکی لایە، لە پێستی ئاسك نووسراوە، باسی چەرخی هاتنی ئیسلامی تێدایە، دەستنووسەکە قورسو سەنگینە، باری ئێسترە. هەرچییەکمان کرد، هیچمان بۆ ساخ نەبۆوە، دەفتەرێکی گچکەی شڕی نیشانداین، لە نووسینی شاگردی 6 سەرەتایی دەچوو.

هاتینە بێتواتەو سەروچاوە و بالیسان، بە گوندی هەرمکێ، شکارتە، چیوەی سەروو خواروو، بۆ لای مەلا سەلامی چیوە، کەریم شێخانی لە پێشمەوەبوو بە قولیا نەدەگەیشتم، ئەو شەوە لە گوندی چیوە گرتمەوە.. بە دۆڵی بالیساندا، بە زوینوەتیردا بەسەر شەقڵاوادا هاتینە خوارەوە هەر بە پێ، لەوێوە هاتمە هیران، لای کاکو دیدەنی ئارامگەو خەوابگەی لە چیا هەڵکەندراوەکان لە ئەشکەفتێ، دەربارەی رێبازی پارسایی کاك زانیاریم وەرگرت، هەر بە پیادەیی هاتمە نازەنین، جەلێ، چناروکی بلباس، هاتمە شاری کۆیە. کاك عەلی بەهار سلێمان، فەرمانداربوو، کۆمەکی پێکردین..

لەم ماوەیەدا، کۆنگرەی نووسەرانی کورد لە هەولێر بەسترا، بەشداریمکرد. ئەو گەشتەش بەوجۆرە کۆتایی هات.

دوای هاتنەوەم، مەلا محەڕەمی مەرگە خەریکبوو تووشی گاشەیەکمان بکات لە فەرمانگەی پاشەوار، سکاڵای لێکردبووین، ئێمەش لە رووی راستییەوە، وەڵامێکی یاساییمان پێشکەشکرد، تاوانەکەمان لەسەر لاچوو، شێخ موحەممەد خاڵ خاوەنی هەستونەستی نەتەوەیی، راستیەکەی روونکردەوە بە باشی بەلای ئێمەدا شکایەوە، خۆی بریکاری کۆڕی زانیاری کوردبوو ئەو سەردەمە.

بنبڕی – نەهێشتنی نەخوێندەواری:

لە چێوەی گەڕانەکەمدا، بەدوای کەڵچەرو دەستنووسدا، چوومە چۆمانو ناوپردانو ماکۆس، نەچوومە خزمەت دیدارو دیدەنی بارەگای سەرۆك بارزانی نەمر، شەو هاتمەوە چاخانەکەی رایات، لەسەر تەختەکان نووستم.

کە سەرۆك بارزانی نەمر، شەو درەنگ دێتە بارەگاو هەواڵی ئێمە دەزانێ، دەڵێن، کەریم زەند هاتووە بۆ ئێرە.. دەفەرموێ: چتوف نەهاتووە بۆ ئێرە، سڵدەبێ.. مام ئەلی کە لە بنەڕەتدا کاپکاسییە، کە شوێنی بتمانەیەتی و تەنها مرۆڤە لە بەردەمی بارزانی نەمردا، بدوێ و بوێرێ.. دەڵێ: ئەزبەنی کەریم زەند کاری بە بەرێزتان نییە، بۆچی دێت.. دەفەرموێ: چەوا، کاری نیتە، مام ئەلی.. مام ئەلی دەڵێ: ئەزبەنی کەریم زەند، زیرەڤانو جاسوسو نۆکەرو جاش نییە، تاکو بیبەخشی، جاش نییە کلاشینکۆفی بدەیتێ.. بەدوای فەرمانبەریو کارمەندیو دراودا ناگەڕێ.. سەرۆك بارزانی، لەمەدا راماو خامۆشبوو، دەست بە شانی مام ئەلیدا دەکێشێ، دەڵێ، خودی راستبیژی.

دوایی هاتمەوە بواری بنبڕی – نەهێشتنی نەخوێندەواری، 15 ساڵ کارمەند، سەرپەرشتیار، بریکاری کارگێڕ، لیستەی گەڕانو هاتووچۆم نەدەکرد، دەرماڵەم وەرنەدەگرت، ماوەی کارمەندێتی زۆر گەڕام، گوندو بەخشو شارۆچکەکانی ئوستانی سلێمانی، زوربەی، خوێندنگامان تێدا دەکردەوە.

بۆ نموونە، لە گوندی زەماوەنگەی نزیکی باوەنور – پێباز سەر بە کەلار، کە لە چەرخی ئوسمانییەوە، خوێندنگەی تێدانەبووە، کوێخا مەلا فایەق، گەواهە.

هەر لەو گەشتو گەڕانەدا، دوای رایات، هاتمە خەلیفان، باپشتیان، لای ئێوارە چاوم بە ئەنومربەگ عارف بەگك کەوت، فەرمانداری مێرگەسووربوو، لە چاخانەی خەلیفان لایدا، کەمەکێ بەیەکەوە دانیشتین، ویستی لەتەکیدا بگەڕێمەوە.. وتم دوێنێ شەو لە مێرگەسووربووم، چوومەتە خزمەت شێخ موحەمەد خالیدی کوڕی خودانی بارزان، شێخ ئەحمەد، میوانی ئەو بەرێزبووم.

چوومەتەلای کوڕی حەمەدەمین میرخان، شیروانی، وێنەم لێداواکرد، دایمیٚ، لە گۆڤاری دەنگی مامۆستادا، روونی دەکەمەوە، قارەمانێتی ئەم جەنگاوەرە.

هەروەها چوومە گوندی ژاژوك، کە حەسۆ میرخان، خەڵکی ئەو گوندەیە.. لە خەلیفانەوە چوومە جافرەکان، شانەدەر، رێزان، بلێ، بارزان، چوومەلای بەخشدار، دیدەنی مزگەوتە کۆنە دێرینەکەیمکرد کە پێش ئیسلام، هەر پەرستگەبووە، کەنیشتەی جوو، کڵێسەی کریستیانی، چەرخی ئیسلامی کراوە بە مزگەوت.

چوومە دیدەنی ئارامگەو خەوابگەی بەرێز خوالێخۆشبوو شێخ ئەحمەدی خودانی بارزان، 1969 کۆچیدواییکردوە، لە کاتی خۆیدا، کۆچەکەی کاریتێکردووم.

نووسەرانی کورد:

وێژەی کورد، بە هاوبایەخی بە تایبەتی، نووسەرو بەرپرس لە رابەرێتی و کۆڕو کۆماو رەوتی مرۆڤو مەردوومی کوردا، لە چاخو چەرخەکاندا، کە ئەرکی مێژونووسی چەرخو سەردەمو دەروونو دەربڕینی میللی هەیە، لە بواری ژیانو رووداوەکانیداو لە سنوور و چێوەی وێژەو گۆڕانکاریو رووداو و گەشەکردنو داهێنانو پێشدەستی ئەفرانو بارودۆخو کاریگەری وێژەی نەتەوەو میللەتانیتر، ئارمانجو ئاواتی ستراتیجی گۆڕاندا، ناوازەیە.. بۆ ئەوەی پەیدەرپەی، پەی بەوە ببرێت ، کۆتایی ترۆپ، پۆپە، لوتکە نییە.

بەڵکو کۆتاییش هەر نییە، هەر چەندە هۆکاری وەکو رۆژنامەو گۆڤارو تێپەڕبوون بەسەر ئەم شێوازەشدا وێژەیی یاخود رەشۆکی، ئەوەی کە گرنگە چ نوێکارییەك خراوەتە سەر کەڵچەر؟ چ نوێکردنەوەیەك، بابەتی نویٚ، فراوانتر، ناواخن، خراوەتە بەردەمی خوێنەر، چونکە وێژە بەشێکە لە هونەر، هونەریش لاساییکردنەوەی ژیانە، هەرهەموو لە کێشو سەنگو پێوەرو تەرازوودا، دەردەکەویٚ.

هەموو زمانێك بنەماو پایەگاو بنەڕەتو بناغەی پتەوی خۆی هەیە، شەقڵو گۆڕانکاری، دیاردەی تایبەتی خۆی هەیە.

ئەركی نووسەرو شارەزایی لە زمانداو هەست بە گرفتی میللەت، بڕوا بە گەشەكردنو نوێخوازی، پشت بەستن بە رۆشنیری گشتی، هەروەها بە تایبەتی ئەو سووڕ و خولو رۆڵەی كە بە گۆڕانكاری دراوە.. ئەمانە هەر هەموو كێشو سەنگی دیاریكراوی خۆی هەیە، وێژەی كوردی هاوچەرخ شانبەشانی مرۆڤایەتییە، لە بونیادنانی داستانە مەزنەكەیدا. لە هەموو بوارو لكەكانیدا.

لێكۆڵینەوەی مێژوویی وێژە، لكێكی زیندووە، رشتەیەكی پرشنگدارە، لە لكەكانی رۆشنبیری و چاوگە بنەڕەتەكانی كە بەرووبوومی هەیە، بەرهەمی هەیە، ئەو بەرهەمەی كە توانای بیركردنەوەو ئاراستەیی، بونیادنانی مرۆڤایەتیو جێگیركردنی هەستونەستو نیازو خوازە، لە هەموو جۆرە ژیانێكدا و ئاشكراكردنی رامانە، بە بەدی یاخود نێكی، چاكو بەد.

هەرچەندە كەڵە هۆزانڤانو هۆنەرو نووسەرانی وەكو حاجی قادری كۆیی، مستەفا بەگی كوردی، نالی، حەمدی، پیرەمێرد، گۆران، زێوەر، نوری شێخ ساڵح، بێكەس، بێخود، سەلام، هەردی، رەمزی مەلا مارف، تۆفیق وەهبی، محەمەدی خاڵ، قانع، د. عیزەدین... لە هاوچەرخەكان، حەسیب قەراخی، ع.ح.ب، ع.ع. شەونم، كاكەی فەلاح، دیلان، كامەران.

دوای شۆڕشی گەلاوێژی 1958، جموجۆڵ و چالاكی وێژەیی، سەریهەڵدا، نووسەرانو شاعیران لە خانەی یەكتردا، كۆدەبوونەوە، لەوانە، بەڕێز محەمەدی خاڵ، شاكیر فەتاح ئەحمەد، رەمزی مەلا مارف، كامەران، كەریم زەند... هیتر.

لە لایەكی ترەوە، بوێژی نەمر گۆران ئەبدوڵا، لەتەك نووسەرانی عێراقییدا، تەباییەك پەیدابوو، چەند نووسەرێكی تێدابوو بە ئەندام وەكو مستەفا ساڵح كەریم، كەریم زەند... هیتر.

چەند جارێك كۆبوونەوەكرا، ئەبدوڵا گۆرانی مەزن وتارێكی درێژخایانیدا، لەبارەی مێژووی وێژەی كوردەوە، لەم كەشمەكەشەدا، دەستەیەك، لە نووسەرانی كورد، كۆمەڵی نووسەرو وێژەوانی كوردیان دامەزراند.. ئەم بەڕێزانە، بوون بە دەستەی دامزرێنەر: ئەنوەر مائی، ساڵح یوسف بامڕنی، محەمەد تۆفیق وردی،

حسێن رشوانی، کەریم زەند، مەجید ئاسنگەر، بورهان قانع، محەمەد مەولود مەم، حەیدەر محەمەدئەمین، مستەفا نەریمان سەید ئەحمەد، شەفیقە لەیلان، حەسیبە محەمەد، ئەحمەد حەمە رەشید، رۆستەم نافع فەتاح، بەشیر موشیر، دوای سالآنی شەست، بارودۆخی کوردستان ئالۆزبوو، شۆڕشی کورد لە ئەیلولی 1961 بەرپابوو، نووسەران بلاوبوونەوە، یەکیەتی شێوا، یاسایی نەما.

سەر لەنوێ، دەوستەیەکی نوێ، بەرنامەو پێڕەوو پرۆگرامو یاسای ناوخۆییان دانا، 1970، دەستەی دامەزرێنەری لەم بەرێزانە پێکهات: جەمال بابان، د. ئیحسان فۆئاد، حسێن عارف، د. مارف خەزنەدار، کاکە مەم بۆتانی، د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ، خالید دلێر، د. کاوس قەفتان، د. نەسرین فەخری، محەمەد مەلا کەریم، نوری عەلی ئەمین.

بەیانی ئازار – ئاودار 1970، رێژەنی ژیانی خەباتی میللی گۆڕی، خالی وەرچەرخانبوو لە مێژووی، کۆششو خەباتدا، رێڕەوو یاسا بۆ رێکخراوەکاندانرا، دەستەیەکیتر لە نووسەرانی کورد، کودەتا، گەرِدانیانکرد بەسەر دەستەی دامەزرێنەری پێشوودا، بە سەرۆکایەتی ئەوڕەحمان هەژار موکریانی. رێخوشکرا بۆ بەستنی یەکەم کۆنگرەی نووسەرانی کورد لە بەغداد لە هۆلی خولد، لە حوزەیرانی 1970، بە وتاری مامۆستا هەژار موکریانی کۆنگرە کرایەوە، لە وتارەکەیدا، هێرشی بردە سەر دەستەی پێشوو، بە خۆفرۆشی ناوبردن، ئەم ناووناتۆرەیە لەسەریکەوت.

ئەگەر رەوابێ بلێین کە مێژوو گردوکۆو سەرجەمی چەرخوچاخی دێرینو کۆن بێت، بە رووداوو کارەساتو پیاوو مرۆڤو قارەمانەکانیەوە، چەرخو سەردەمی هەنوکەش پشتیوانو پالپشتە، قووڵایی‌و رەهەند دەبەخشێ بەو رووداوو کارەساتە مێژووییانە، درێژە پێدانی مرۆڤایەتی قارەمانانو پیاوەکانیەتی.

یاسای ویستی خەباتە، ئەو ویستە تێکۆشەرو خەباتگێڕە نەخشەکێشەری بەرهەمهێنەرو بەدیهێنانی ئەو گردو کۆیەیە کە سەرئەنجامی پالپێوەنەرو هاندەری رەوتی مێژووە، لەسەر رێی کردار و بەدیهێنان.

ڕەوا، لە ئابڕوی وشەدایە، ئەو دروشمەی کە بە سەر داری ئالاوەیە، بەرزو بڵندە، لە ناوقەدی ئەو مرۆڤانەیە، کە بەخشراوە پێیان، بە ئاشکرا دەڵێن و پێشەنگن، بوێرو نەترسن، چونکە وشە هەڵوێستە لێرەدا، بە ئاگایە، لە بیرەوەریدا دەپارێزێت، مێژووش، لە یادەوەریو مێشکی خۆیدا، پەسمەندەی دەکاتو چیرۆکو سەرگوزەشتەو سەرهەڵدانی بەسەرهاتیان دەگێرێتەوە، لە شێوەی داستاندا بە درێژایی چەرخو سووری گۆی زەوی، لە پێچانەوەی ساڵەکان لە دووتوێیدا، پەپوولە بە خولی چراو گڕی مۆمدا، دەسووتێ، ڕووناکی چراو مۆم کز دەبێت، ڕەوغەنی تێدا نامێنێت، شەوگار شەق دەبێت، بەلام چیرۆکی دڵی من کۆتایی نایەت.

کۆنگرەکان:

1- 1970/6/23 لە هۆڵی خولد، هەژار موکریانی بوو بە سەرۆك.
2- 1970/7/17-14 لە هەولێر، سەیدا ساڵح یوسفی کرا بە سەرۆکی نووسەران
3- 1973/11/5 لە بەغداد، دووبارە سەیدا ساڵح یوسفی کرا بە سەرۆك.
4- 1974/1/10 بەغداد، هۆڵی زانکۆی موستەنسرییە، هەر سەیدا ساڵح یوسفی دانرایەوە بە سەرۆك.
5- 1978/9/10 لە هەولێر، د. عیزەدین مستەفا دانرا بە سەرۆك.
6- 1979/9/15 لە بەغداد، دووبارە د. عیزەدین دانرایەوە. 12 ژمارە لە گۆڤاری نووسەری کورد، دەرچوو.

دوای 1974-1975 دووبارە سستی کەوتە ناو ریزی نووسەرانو بزافی وێژەیی.

لە دەرەوە یەکیەتی نووسەران دامەزرا، ئەندامانی کارای: مامۆستا هەردی ئەحمەد، سەعید ناکام، بە سەرۆکایەتی سەیدا ساڵح یوسفی، لە بابەکراواو دەربەند، ژمارەیەکیش لە نووسەری کورد دەرچوو.

7- گۆنگرەی راپەرین – شەقلاوا، 1991/10/17-15، د. عیزەدین، فەلەکەدین کاکەیی، ئەبدوڕەحمان مزوری، محەمەد موکری، ئیدریس چەلکی، قوباد جلیزادە، حەمە، حەمە باقی، ئەبدوڕەقیب یوسف، جەلال بەرزنجی.. ئەندامانی سپێر: زاهیر ڕۆژبەیانی، ئەبدولا سەراج.

لقی نووسەرانی سلێمانی – سەرۆکەکانی:

1- بەڕێز، قازی شێخ محەمەد خاڵ شێخ عەلی حاجی شێخ ئەمین، 1970/10/4 - 1971/1/1 ، 1973/11/22 - 1974/7/26، 2 جار.

2- بەڕێز شاکیر فەتاح ئەحمەد، 1971/10/1 - 1971/10/10.

3- ئەحمەد هەردی حەسەن عەزیز بەگ، 1971/10/10 - 1972/12/8.

4- ئەمین میرزا کەریم شریف، 1972/12/8 - 1973/11/22.

5- ئەژی گۆران عبدالله، 1974/7/26 - 1978/10/9.

6- مستەفا ساڵح کەریم، 1978/10/15 - 1979/10/23.

7- کەمال مەمەند میراودەلی، 1979/10/25 - 1982/3/5.

8- موحەمەد ئەمین پێنجوینی، 1985/2/23 - 1986/1/12.

9- کەریم زەند محەمەد ساڵح، 2 جار 1986/1/12 - 1986/7/18
1986/7/18 - 1988/4/8

10- دڵشاد محەمەد ئەمین مەریوانی، 1988/4/8

دەستەی کارگێڕی: فریا جاف، هوشیار بەرزنجی، حەسەن تەنیا، سەلاح محەمەد، ئازاد مەحمود.

11- فریاد جاف.

12- دەستەکارنیتر، 1991/3/19:

حەمە فەریق حەسەن، حەسیب قەراخی، ئەبدوڕەقیب یوسف، ئەبدولقادر سەرچناری، د. شێرکۆ ئەبدولا، هیوا قادر، ئازاد بەرزنجی.

13- رەئوف بێگەرد، 1991/11/7.

دوای کۆنگرەی راپەڕین، دەستەی کارگێڕی: شێرزاد حەسەن، جەمال غەمبار، قادر سەعید سەچناری، ئەحمەد سەلام، فوئاد محەمەد ئەمین، هیدایەت ئەبدولا حەیران.

بیرخەرەوە:

❀ دوای شکستی کۆماری کوردستان لە مەهاباد 1947، جەنگی پارتیزانی دەستپێکرد، لەتەك چەند چەکداریکدا، ئێوارەیەکی زستان، رووماکردە گوندی ژاراوا لە مەرگەڤەر، خودانەکەی، سەید ئەبدولواحیدبوو لە بنەماڵەی نەهری، چووینە دیوەخانەکەی، دانیشتین، کابرایەك بە ژووری دیوەخانەکەدا پیاسەی دەکرد، دەهاتوو دەچوو، سەرنجی راکێشام، تێیوردبوومەوە، ئەو تێروانینەم سەرنجی ئەویشی راکێشا، لێم هاتە پێشەوە، وتی: کاکە، پسمام، تە سەرنجی من زۆر دەدەیت، بە کێم تێدەگەیت؟ وتم: تە مەلانەجمەدینی کتومت، بەلام ئەویش نیت، شێوەو رەفتارو تووێژت هەروەکو ئەوە.. وتی: ئای بە قوربانی دەمت بم، تە کێیت؟ خەلکی کوێیت؟ لێرە چ دەکەی؟.. وتم، من کەریم زەند، خەلکی سلێمانی گەڕەکی مەلکەندیم، مەلا نەجمەدین دناسم، وتی: من کاکە برای ئەوم، ناوی خۆی نابوو میرزا عەلی.

دوایی زانیم کە ئەمە بارچاوەشی پۆلیس بووە، لەمدیو، پیاوی لەدەست کوژراوە، هەلاتووەو کەوتۆتە ئەم دەڤەرە.

رۆژان، رۆژگار دەزفرێت، دوای سالی 1958، هاتینەوە ئەمدیو، چوومە دیدەنی مەلا نەجمەدین، بۆمگێڕایەوە، گەشکەداربوو، باوەشی پێدا کردم، وتی: توخودا ماوە، لە کوێیە؟ ئەوە برامە.. وتم: بەلێ ماوە، لە گوندی ژاراوای مەرگەڤەرە، نزیکی گۆمی ئورمییە.

❀ رووژانی بێکارەیی، لای سورداش، لەسەر جۆگەی چالاخ، لەتەك سەید عەلی درەیی، باوکی ئەحمەد و مەحمودی هاوڕێم، یەکمانگرت، بەرەو گوندی حاجیتان، حاجی تەنگ، هەلکشاین، بۆ سەر کەژەکە، ئەودیوی گوندی شەدەلەیە، خێرا سەردەکەوتین، هەرزەکاری مێردمندالی ئەویش زۆر بە خێرایی سەردەکەوت، تێمانخوڕی، کوڕە بۆ وا خێرا دەڕۆیت؟، ئەویش ترساو رایکرد، شۆڕبۆوە بۆ شەدەلە، منیش هەستمکرد، وتم کاك سەید عەلی باخێرا خۆمان بگەیەنینە

دیوەخانی شێخ یوسفی شەدەڵە، ئەگینا چەکدارمان بۆ دەردەچێ، دەڵێن ئەمانە چەتەن، تووشی گاشەیەك دەبین، ئەم کوڕە، هەواڵی بەد دەگەیەنێت، دەڵێ ئەم کێوە چەتەی پێوەیە، ئەویش پەسەندیکرد.. بە خێرایی خۆمانگەیاندە دیوەخانەکەی شێخ یوسفی شەدەڵە، ئاوایی، ناو گوند شڵەژابوو، کەوتبوونە مقۆمقۆ، خەریکی خڕکردنەوە ی چەکداربوون هێرش بەرنە سەر چەتەکان، کە ئێمەین..

منیش سەرگوزشتەکەم بۆ بەڕێز شێخ یوسف گێڕایەوە، ئەویش وتی: وەرن کوڕینە، وا چەتەکان لێرەن، بوو بە گاڵتە و پێکەنین.

شێخ یوسف زۆری لێکردین، کە ماوەیەك بمێنینەوە، میوانداریمانبکات، بەڵام بۆ دوای نیوەڕۆ چووینە مێرگەپان، نێوانی پیرەمەگرون، لای تووتنەوانانی شێخ تەیفورو حاجی عومەر ئەفەندی ساماغا، باوکی جەلال ساماغا، چەند شەوێ لایان میوانبووین.

بەڕاستی عومەر ئەفەندی ساماغا، پیاوێکی قۆز و رێکوپێکو وتەخۆش، رۆشنبیر، جیهاندیدە، سوودم لێوەرگرت، زۆری پێخۆشبوو لە تەکیدا بمێنمەوە.

رۆژان دێتو دەڕوات، لە بواری بنبڕی – نەهێشتنی نەخوێندەواری، لە فێرگەی ناوشار ئەو هەرزەکارەم دیتەوە، لە تەمەنێکی تردات، ناسیمەوە، ناوی شێخ تەیفور بوو، کارەساتوو رووداوەکەم بیرخستەوە، ئەویش کارگوزاربوو لە بەکرەجۆو شەرمەزاری نیشانداو بیریکەوتەوە.

❀ لە فەرمانگەی بنبڕی نەخوێندەواری کارگێڕو کارمەندبووم، کیژێك جەوان، بەگریانەوە هاتەلام، لە دەرگایدا، وتی: تۆ کاك کەریم زەندی، وتم: بەڵێ کچم.. وامزانی لەتەك ماموستاکانیدا هەرایبووە، ناڕەوایی دەربارەکراوە، وتم: ها کچم چییە؟.. وتی من لە خانەقین هاتووم، لە خوێندنگەی پیشەسازی وەرنەگیراوم، چوومەوە خانەقین، وتیان بچۆرە لای کەریم زەند لە نەهێشتنی نەخوێندەواری، هاتووم بۆ لایتۆ..

وتم: با بڕۆین، بردم بۆ کارگێڕێتی خوێندنگەی پیشەسازی لە سلێمانی، هەموو ڕێزیان لێگرتم وەکو کۆنە مامۆستایەك، وتیان فەرموو، وتم: ئەم کیژە بۆ وەرنەگیراوە؟ وتیان ئەم کچە زێدی ئێرە نییە، خەڵکی خانەقینە.. وتم ئەم کچە، خوشکەزامە، خوشکم لە خانەقین شوی کردووە، خاڵی ئەوم.. بەخێوکەریم، بڕوام پێهێنان.. دەستەبەریبووم بە 100 دینار، شەوانەم بۆ سازکرد، هێنامەوە فەرمانگە، لای ئافرەتەکان.

پێش بەربوون، هەڤاڵ زاواکەی، بەهەڵەداوان هاتوو، سوپاسیکردمو بردیە لای خۆی.

ئەمەش، دەرئەنجامی ئەوەبوو، ماوەیەك لە خانەقین مامۆستابووم، ئەو خێزانەم خۆشنوودکرد. ساڵی دوایی بۆم گواستنەوە بۆ باقووبە.

❀ لە ماوەت، قەشان، کارگێڕو مامۆستابووم، زۆربەی پاش نیوەڕوان دەهاتینە چۆمی قەشان بۆ مەلەکردن.

چۆمی قەشان لکی ڕۆباری زێیە، لای پردەکەیەوە، کیژێکی تێدابوو، خۆملێدا نوقمی کردم، قژی سەرم وەکو گوڵوڵەبەن، بەسەر ئاوەکەوە، دیاربوو، هاوڕێیەکانم، مەلەیان باشتر دەزانی، شێخ موحەمەد شێخ حسێن بەرزنجی ع.ح.ب، جەلال شاکیر، ڕزگاریانکردم.

پەند:

چ نهێنییەك هەیە؟ بۆ پەی پێنابەین؟ گروپی خاوەن بیرو ڕۆشنبیر و هوزانڤانو ویژەوانی ئەم میللەتە، دەربەدەری هەندەرانن، لە ئاوارەییدا، لە دووروڵات ، بە نەداری، بە کەساسی، سەر دەنێنەوە، دەبێ نهێنییەك هەبێت، تاکو ئیستەکەش ئەم گرێکوێرەیە، نەکراوەتەوە، بۆ ئاوارەدەبن؟ دەبێ حاجی قادر کۆیی، ئێسکوداری، ئەسپەردەی ئەسکودار بێت لە ئەستانبوڵ، لە گۆڕستانی ئەبائەیوبی ئەنساری، سەر بنێت بەلای سیاسەنگەوە، نزیکی نالی – نالی هۆزانڤانی

مەزنی کورد، نالی مرۆڤ، لە ژێر خاکدا هاوسێی هەمیشەیی بن؟ لە ئاوارەییدا، بێکەسو بێدمر؟

بۆ؟ داماو حسێن حوزنی موکریانی لە رەواندوز، خاوەنی مەزرگەی زاری کرمانجی بە تاوانی دزێتی گوریسوپەتك لە دادگا 3 مانگ فەرمانی بەسەرابدرێت؟. گوشاری بۆ بەرن، داوای ولاتنامەی لێبکەن، رەوانەی ئەودیو سنووری بکەن.. ئەویش بە ناچاری پەنا بۆ زانا تۆفیق وەهبی بەرێت، لە گۆڤاری دەنگی گێتی تازە ببێت بە کارمەند مانگی بە 10 دینار.. کە مرد، شارەوانی تەرمی لە جاو بگرێتو کفنی بۆ بکات، بە ئاخ بسپێرێت؟

بۆ؟ ئەمین فەیزی، لە پەککەوتەخانە، خەلۆەتگەی پیران، لە ئەستانبوڵ، بە نەداری، بە بێکەسی، گیان بسپێرێت؟

بۆ؟، زانا وەهبی تۆفیق لە لەندەن، کۆچیدوایی بکات، راسپێریێ تەرمەکەی بێتەوە زێویێ، پاڵبدا بە گۆڕی پیرەمەگروونەوە؟

بۆ؟، ئەفسەری خەباتگێرو پایە بڵند، عیزەت ئەبدولعەزیز تاکو نەکرا بەسێدارەدا، هەر ناوی نۆکەریو ناپاکیو زێرەڤانی جاسوسی بەدواوە بێت؟

بۆ؟ حاجی تۆفیق پیرەمێرد، 1867-1950، پیاوی بێگانەبێ، تاکو کۆچی، دوای مردنی پەیکەری بۆ بکرێت؟

بۆ؟ قانع، 1898 – 1965، پەنا ببات بۆ کارگەری لە دەربەندخان، کاتێ کەریم زەند ئەفسەری پەیوەندیبوو لەوێ، فریای بکەوێت، بە پسووڵەیەك کە تێیدا نووسیبووی: یا کەریمی کارساز مەدەدێ.. ئەویش فریای بکەوێت لای ئەندازیاری جێگر کۆلۆنێل گریفس، کۆلۆنێل ڤانس، مسیو بۆتۆفۆس، کارگێڕی گشتی کۆمپانیای سەنرابتوبریس، فەرەنسی، کۆلۆنێل کریفس، یاوەری سەرکۆماری ئەمریکی، ئایزنهاونوەر، قانع وا پێشکەشکرا کە شکسپیری کوردە.. بە سەرسامییەوە، وتیان: ئوە، منیش وتم: باوەڕم پێبکەن، بە ئینگلیزی پێم وتن.. ئەوانیش وتیان، خۆت دەزانی، کردمان بە سەرۆکی پاسەوانان، پێم راگەیاندن، کە ئەمە قانعە.. بە ئارەزووی خۆی دێتو دەڕوات، کارناکات، ئاوی بۆ بهێنن، چایی بۆ

لێبنێن.. ماوەیەك مایەوە، لە سەرماوەزەوە تاکو بەهار خۆروبان گەرمبوو، چونکە رەفتار دەروێشیبوو، کندرت بخستایە لووتی بەند نەئەبوو، دانەدەنیشت..

هاتەلام وتی: کەریم، فنیشمکە، بەڵکو نۆتیس وەربگرم، واتە 7 رۆژ پێتری، منیش وتم ئەمە کەڵکی کارکردنی نییە بابڕوات، 7 رۆژ پێترییەکەی وەرگرتو بە مووچەکەیەوە. ئیتر نەمدییەوە تاکو دوای شۆڕشی گەلاوێژی 1958.. کرام بە کارگێڕی خوێندنگەی پیرەمەگرون.. هاتەوە لام، داوای ئەلفبایەکی کوردی پۆلی یەکەمی سەرەتایی کرد، منیش دامێ، رۆژی دوایی هاتەوە، نوسراوەکەی رەشید یاسمی، مێژووی نەژادو پەیوەستەگی لە باخەڵ دەرهێنا، وتی: کەریم: ئەم هاوکارییە بکەین، وەریگێڕینە سەر زمانی کوردی، نووسراوەکە فارسیبوو، وتی تۆ لاوی، چاپی بکە، ناوم بهێنە.

دەستمان پێکرد، چەند مامۆستایەکی خۆشنووسم هێنا، 3 روونووسمان بەدەست نووسییەوە، یەکێکیان لای من، ئەویتر خۆی خستیە باخەڵیو بردی، لە جیابوونەوەدا وتی: کەریم: دەستم دامێنت خۆت مەخەرە ناو هیچ بەرمورەزمێکەوە..

هەرا بەرپابوو، لە دەربەند بازیانو دەربەندخانەوە، کە لاپەڕەیەکی تری مێژووە، بەلام ئەم نووسراوە چاپبکە.. بە سەریا دستبەسەرکرام، 6 ساڵ بە مووچەیەکی کەم لە کەناری خوارووی زۆنگاوەکانی باشووری میزۆپۆتامیا.. دوای هاتنەوەم.. لە ژێر زەوی دەستنووسەکەم دەرهێنا، نووسیمەوە دووبارە، لە چاپمدا، د. عیزەدین مستەفا یارمەتیدام لە چاودێری رزگاریکرد.

قانع، لە برسا، رووەکاتە شلێروناوخوان، لە گوندی لەنگەدێ بەخاك سپێردرا. ئەو نیشتمانە دایکەی خۆیو روونووسەکەی بە لێفە شرەکەیەوە، لە دووتوێی خۆیگرتو گڵ شاردییەوە، ئەو کوردستانە کە خۆی واتە قانع سنووری دیاردەکردبوو بە هەڵبەست.

خاوەنی گوند، ئەحمەد مینەرەندان، ئەرکی ناشتنی گرتبوە ئەستۆ، تاکو لە خەوابگەو ئارامگەکەیدا ئارامبگرێت بە یەکجاری جاویدی. هەڵبەستەکەی دێنینەوەیاد.

زەمانێکی فراوانە دەنۆشم شەربەتی تاڵی
دەروونم پڕ لە ئەشعارە و لە ترسا دەفتەرم خاڵی

ئەمانە لە بیرەوەرییەکەیدا، ئاماژەم بۆ کردووە.. دەبێ رەفتارو نەریتو یاسای ئەم جیهانە، ئەم گێتییە بێئەمەکی تێدابێت.

پێغەمبەر عیسای یەسوع، د.خ، لە کاتی بەندیدا لە زیندانی چەرخی بیلاتۆسدا.. بەرئەباسی، پیاوکوژ، چەقۆکێش، دز، لەتەکیدا بەندکرابوو، بەپێی رەفتاری ئەرستوکراتییەتی چەرخ، لە جەژنەکاندا، لە بۆنەکاندا، بەند ئازاد دەکرا، داواکرا لە جەماوەر، کێ بەربدرێت؟ هەموو هاواریانکرد، بەرئەباس !!، ئەو پیغەمبەرە، ئەو رابەرە، پییان رەوانەدی کە ئازاد بکرێت لەو جەژنەدا، دەبێ سروشتی چەرخی چەپگەردی رۆژگار، وەهابێت؟

کریستۆف کۆلۆمب، ئەمەریکا بدۆزێتەوە، لە 1492 بەر لە ئەو لە 1000ز، لیف ئەرکۆن، دۆزییەوە، گەشتی کۆلۆمبۆ، 72 رۆژی خایاند، لە نێوانی شینایی ئاسمانو شینایی دەریادا، ئەم مرۆڤە مەزنە، رۆژانی دوایی ژیانی بە هەژاری، بە نەداری، بە نەخۆشی، بە کەساسی، لە زیندان بەسەربرد و بە داخو پەژارەوە سەری نایەوە.

د. ئەحمەد سۆکارنۆ، لەسەر نەخشەی جیهان، ناوی ئەندەنووسیای نەخشاند، کەچی لە زیندانیدا، سەرینایەو کۆچیکرد.

هۆی چیبێت؟ نەخشەکێشێ لە نەبووەوە، ئەندەنووسیا بهێنێتەبوون، ئەمەش ئاکامو ئەنجامی بێت؟

وردی محەممەد تۆفیق – کلۆڵ، 1924 – 1976، هەموو ژیانی نەهاتیبوو، پاداشتی ئەو هەموو لێبوردنەی، نائومێد، لە خێزانو جیابوونەوەی ناڕەوا، بێبەهرە لە ژنی دووەم، جەنگو ئاژاوە، لە ژنی سێیەم، وێڕای نەداریو ئاڵۆزی ژیانو چەرخی چەپگەردی ناهەموار، درشتی ئەگەرچی خۆی وردیبوو، چەرخو رۆژگار لەتەکیدا درشتبوو، ئەمەش نموونەیەکیترە لە بەسەرهاتوو رەنگدانەوەی رووداوی بەدبەختی کە رووالەتی کلۆڵیو بێبەشیو چەوساوەیی میللەتی ستەمدیدەیە.

نەجمەدین مەلا – 1888 – 1962:

گەنجینەو کۆکەرەوەی رۆژنامەو گۆڤارو وێنەی دێروکو مێژوویی، دەستنووسی کۆن، خاوەنی نامەخانەو نووسراوەکانی مێژووناس، داماو حسێن حوزنی موکریانی، کارکێڕی خوێندنگەی کەشتی نوح.

خوێندکاری ناوەندی بووین، ئەو نووسراوانەمان لێدەکڕی، مەڵبەندی رۆشنبیری ئێمەی لاوبوو، لە رۆژانی دوایی ژیانیدا ویستی بیبەخشێ بە پارێزەر ئەحمەد زرنگ وەچەی پیرەمێرد.. لەتەك مامۆستا ئەبدوڵا زێباری چووینەلای پێمانوت: بیبەخشە بە نامەخانەی گشتی، ناوت دەمێنێ، مەیبەخشە بەکەس.

کاتێ کە پارتی دیموکراتی کوردستان، فەرمانوسیلەی وەرگرت، کاك ئوسمان سەعید، بە ناوی پارتییەوە دەچنەلای، ئەویش هەندێکی پێبەخشین، ئەویتری دوای مردنی، 3 رۆژ تەرمەکەی لە ژوورەوەبوو، پشیلەکەی دەمووچاوی کڕاندبۆوە، نووسراوە شڕەکانی، رۆژنامەو کۆڤارەکان، لە دالآنی دادگای یاسایی، هەڕاجکرا..

خۆی دەیوت: ئێمە زیندوکوژی مردوو پەرستین.. لە ژیانی خۆیدا، بەردەباران دەکرا، گاڵتەجاڕی هەرزەو نەزانو منداڵە وردکەبوو، دەرگا تەنەکەکەی وەکو شەستیر دەدرایە بەربەرد.. بەرانبەری گەرماوی مفتیبوو لە سابوونکەران، خانووی لەعلی خانم.. کەسێ نەدەچوو پێیبڵێ، مامۆستا با ژەمێ نانت بۆ بێنم، یاخود کراسەکەی بۆ بشۆن..

شەوێك ئوستانداری سلێمانی عومەر عەلی دەچێتە خوێندنگەکەی، ئەڵێ: کوڕە تۆ چیت؟.. دەڵێ: من پزیشکم.. ئەویش نازانێ پزیشك چییە، دەڵێ: کوڕە پزیشك چییە؟.. دەڵێ: دوکتۆرم.. دەڵێ: دوکتۆری چی؟ دەڵێ دوکتۆری چاوم، کوێر چاکدەکەمەوە.. دەڵێ: کوا ئامێرو کەرەسەت؟ ئەویش فێرخوازێ هەڵدەسێنێ، نانەوا دەبێت، دەڵێ: بنووسە، لەواشەی گەرم... خوێندکارێکیتر هەڵدەستێنێ، دەڵێ: بنووسە کەبابی گەرم.. کە ئەویش کەبابکارە.. ئەمە لە رووی پیشەییەوە، بۆ فێرکردنی گەورە.. رەوانناسی، سایکۆلۆژی، بە کارکردنو رەفتار، شۆڕەسوارو پسپۆر و بلیمەتی ئەو گۆڕەپانەبووە، بۆ؟ دەبێ بەردەبارانبکرێت؟

رایسپارد کە تەرمەکەی، لە کێوی ئەزمڕ، ئەزمیرە بنێژن، بە هەڵپەڕکێو ئاهەنگ.

مەلا کاکە حەمە سەیفوڵا:

خۆیتەرخانکرد بۆ راژەی میللی فێرکردنی منداڵانی دێهات، وازی لە کەسوکارو خوێش و خێزان هێنا، چووە سەنگاو، قەراخ، کە خۆی دادومربوو، کاتی خۆی لەوێ خوێندنگەی لە گوندەکان دەکردەوە، هەتاکو کۆچی نەهاتەوە شار.. ئەمەیە مەزنی، ئەمەیە گەورەیی، ئەمەیە مامۆستای نەمر، لە بواری بنبڕی نەخوێندەواریدا.

ئاغای ئەقدەسی:

بەیانییەکی زوو بەر لەوەی بچمە فەرمانگە، پێیانڕاگەیاندم کە ئێوە نووسەرانن؟ وتم: بەڵێ.. ئەو کاتە سەرۆکی لقی نووسەرانبووم.. وتیان: ئاغای ئەقدەسی مەریوانی تەرمەکەی لە مزگەوتی ئەبوبەکری سدیقە، گەڕەکی مەجید بەگ.. لەسەر سکۆکە دانرابوو بە بێکەسی.

ئەقدەسی ئەبدولا مەریوانی، پەنابەرو لێقەوماو، هۆنەر، لە کاتی خۆیدا کارگێڕی شارەوانی مەریوان بووە، رێزی لە کوردی ئەمدیو گرتووە و میوانداری کردوون..

منیش خێرا خۆم گەیاندە مزگەوتەکە، ئەوەی کە پێداویست بوو، بۆیکرا، بە پەرۆشەوە بە دوای تەرمەکەیەوە، بردمان بەرەو سەیوان، بەخاك سپێردرا.. وتارمدا لە سەر گۆڕەکەی.. سەرنجمدا خۆفرۆشێك لە تەنیشتمەوە، خرەخرِی تۆمار د ێ لە بنباخەڵیدا.. وریا بوومەوە، زمانم گۆڕی، وتم: شەرمەزار نییە، سەیوان کە تۆی لە ئامێز گرتووە، چونکە سەیوان ، پشتیوانی مەریوانەو سەنگەری کوردی ئەودیوە، سەیوان شانازیت پێوە دەکات، کە تۆ، ئاغای ئەقدەسی میوانی بیت.

پرسەمان بۆ دانا، بە گیرفانی نووسەران، ویستیان ئەو مەزاختنەمان بدەنەوە، سوپاسیانکردین، ئێمەش وەرمان نەگرت، چونکە ئەرکی خۆمانەو برای ئێمەبوو.

مارف چیاوگ:

سەرۆکی یانەی سەرکەوتنی کوردان بوو لە بەغداد، سەرۆکی دادگای بالابوو لە چلەکاندا 1945، کرا بە ئوستانداری سلێمانی، نێوانی تێکچوو لەتەك تۆفیق قەزازو شێخ قادر حەفیدا، گوشاری بۆ هێنان، بە پۆلیس دیواری خانووەکەی شێخ قادر حەفیدی تێکدا، بە بیانوی ئەوەی کە سیلەو مۆڵەتی وەرنەگرتووە، سەریدا لە خوێندنگەی فەیسەلییە، منیش مامۆستابووم لە 1944، داوای لێکردم کە ببمە فێرکاری تایبەتی منداڵەکانی، یەکێکیان ناوی باران بوو، منیش نەمکرد..

ئەم مرۆڤە کەللە رەقە، بە دەمارە، هەڵچوونو هەڵەشەیی هەبوو، بەڵام، دەست پاکوو داوێن پاکو خاوێن و دڵسۆزبوو، کە مرد، خاوەنی جاوی تەرمەکەی نەبوو، کە پێی بشارنەوە، سەربازی گومناو، کوردپەروەر، خاوەنی نووسراوەی بارزانی ستەمدیدە، مەزڵومە.

مێژووی نهێنی خاوەری میانە:

کورد لە وشەی کارەوە هاتووە، واتە کاری، وەکو: دەردی کاری، ئازا، کاریگەری، هەورەها گۆتی، گۆتیام، زەوی جەنگاوەران، لە نووسینی ئاشووریدا، بینراوە، ماد، واتە میدیوم، ناوەند، نافەند.. پارس، پەراسوو، کەنار، ماد، مید، لە ناوەندا بووە، بەپێی نەخشەی جوگرافی سەردەم..

پارس — فارس، لە کەناردا بوون.

یۆنان، - گریك، بە کوردستانیان وتووە، کوردوئان، هەر لە کۆنەوە، زەوی کوردستان مەیدانی جەنگو لەشکرکەشی بووە لە نێوانی شاهەنشاهێتی فارسو ئوسمانی بە تایبەتی، دوای نەمانی مید، دەستەڵاتو فەرمانڕەوایی کورد نەما و کشایەوە.

هاخامەنشی هاتنە سەرکار، یەکەمجار ئوسمانی بە سەرکردەی سوڵتان یاوز سەلیم، پۆستاڵی سەربازی ئوسمانی، پێیان خستە سەر زەویو ئاخی کوردستان، لە جەنگی چاڵدێراندا، 1513، میرنیشینی بتلیس لاوازی تێکەوت، مەلا ئیدریس

بتلیسی، هاوکاری ئوسمانیکرد.. کورد، دەستەڵاتی رامیاری نـەمان، لـە پەلوپۆکەوت، کشایەوە پاشەکشێیکرد، کوردستان پەرتکرا بـە 2 هەرێمەوە، لـە نێوانی ئوسمـانیو ئێرانـدا، لـە چەرخی شائەباسی سـەفەویو سوڵتان مـورادا، هـەروەها شائیسـماعیل سەفەویو سوڵتانی ئوسمانی موراد، لە سەدەی 16 ئەو پەرتکردنە، لە زنجیرە چیای ئاراراتەوە، تاکو کەنداو کە هەرێمیخاوەرە، ئەمکەرتەی بۆ ئێـران... خۆراواشـی بـۆ ئوسمانی، تاکو 1917، هێرشی ئینگلیز بۆ سەر ئێراق لە کەنداوەوە بە سـەرکردەی ژەنراڵ تاوسند، کە لە جەنگی شاری کوتدا بەدیل گیرا...

هێرشی دووەم، بەهێزتر، بە سەرکردەی ژەنراڵ مۆد، بەغدادی گرت، بە ناوی رزگارکەرەوە، گرتنی ولایەتی مووسڵ بـەهۆی ئاگربەسـتەوە، کێشـەی مووسـڵ، دوای پەیمانی سایکسبیکۆ، دابەشکردنی موڵکەکانی ئوسمانی، پیاوە نەخۆشەکە..

ئەسـکەندەروونە، درا بـە تورکیـە لـەبری ولایـەتی موسـڵ، لکانـدنی هـەرێمی مووسڵ بە ئێراقەوە، کـە بریتیـە لـە ئوسـتانی مووسـڵ، هـەولێر، کـەرکو: سـلێمانی، تاکو خانەقین و مەندەلی.. هەرهەمووی خرایە سەر فەرمانڕەوایی عێراق.

گۆڕینی پەیمانی سیڤەر، ئاب 1920، بە پـەیمانی لۆزان 1923، بەنـدەکانی سـیڤەر، 62، 63، 64... کپبوونـەوەی کێشـەی کـورد، کوژاندنـەوەی شۆڕشـی شـێخ سەعید 1925، خنکاندنی سەرکردەکانی، شێخ سەعیدو د. فوئاد، شێخ ئەبدولقادر نەهری، پێکهاتنو دروستبوونی تورکیای کەمالی، ئەمە لە تورکیاو بەسـتنی پـەیمانی سەعداباد 1937.

تـەختی ئێـران، لـە مێـژووی هاخامەنشـییەوە، تـاکو ئێسـتەکە تـەهرانی پێتـەخت، پێشبڕکێبووە، لـە نێـوانی گـەلی فارسـو کـوردو ئازەریـدا، بـۆ کۆنترۆڵـو دەستبەسەراگرتنی.. هەر ماوەیەك، دەوستەڵات بەدەست لایەکیانەوەبووە..

کەریم خانی زەنـد، 33 ساڵ فـەرمانڕەوا و شاهەنشای ئێـران بـوو، نوێنـەری میللەت بـوو، خـۆی نـاو نـەنا شاهەنشا، دیموکراتیـو نەوازشـو دادپـەروەربووە.. دوای زەنـد، قاجـاری فـەرمانڕەوابوون، ئـازەری بـوون تـاکو 1908، کودەتـاو گەردشـی رەزاشـای پەهلـەوی، گەڕانـەوەی دەسـتەڵات بـۆ گـەلی فـارس، گـۆڕینی نـاوی

شاهەنشاهێتی فارس بە ئێران، ئاریایی لە عێراق، شۆڕشی 14 گەلاوێژ 1958، بەر لەوەش هەموو راپەڕینەکانو بەسەرهات، هێزی کورد، بە نهێنی بەشداربووە، بەڵام کاتی بەرهەم، کاتی خەرمان، کورد بێبەشبووە.

ئەمانەو زۆریتر، بەڵگەی ئەوەن کە مێژووی نهێنی هەر هەموو خاوەری میانە، هێزو پەلاماری گەلی کوردی ستەمدیدەی بەشخوراوە.

کورد لە چێوەو ستراتیژیەتی دەوڵەتاندا بۆ راگرتنی لەنگەر، هاوسەنگی، هەر گۆڕانکارییەك لە دەڤەرەکەدا، بە گەلی کوردەوە، ئەگەر تەبابیو گونجاوی پەیدابووبێ لەتەك بەرژەوەندی ئەو نەخشەو ستراتیژییەدا، بەو پێودانە، بەو پێوەرە، کێشەی کورد هاتۆتە پێشەوە، بۆتە کێشەیەکی نێونەتەوەیی، بەپێی چەرخو شوێن بە پێی رۆژگار، ئەو رۆژگارو دەرفەتە دروستنابێ، پێکنایەت، تاکو گۆڕانکارییەك، پەیدا نەبێت لە کێشەی کوردا.

2 لایەنە، کێشەی کورد لەسەر 2 لاقە، یەکیەکتری دێنێتە ئاراوە، لە 1991، جەنگی کەنداو بەرژەوەندی ئابووری، ژێرخانی پتەو بۆ باڵاخانە، کێشەی کورد تا رادەیەك، هاتە پێشەوە تا رادەیەك بوو بەکێشەیەکی نێودەوڵەتی، ئەگەرچی دەوڵەتانی هاوسێ، ئەوانەی کوردیان لە ناودایە، وەکو ئێرانو تورکیە و سورییە.

ئەوانیتریش، سعودیو کوێت، دەوڵەتە میرنشینەکانی کەنداو هەریەکەیان، پارسەنگی خۆی هەیە، سەنگێکە لە شایەنەو تای تەرازوودا بۆ هاوسەنگیو لەنگەر راگرتن، پارسەنگ بۆ سەقامگیری ستراتیژی خاوەری میانە، ناڤەند، لە نەخشە گشتییەکەدا، کە رامیاری باڵا و بەرژەوەندی بنچینەیی هێزە گەورەکانی جیهانی، ماسۆنیەتی، ئاراستەکردنی نهێنی، ئەو دەوڵەتە زلهێزانە، دەوەڵەتانی سێبەر، دۆستە هەمیشەییەکانیان، رەنگرێژی گشتی و تایبەتی بەرژەوەندی هەمیشەیی لە تاکتیکی رۆژانەداو ستراتیژیەتی گشتی، بۆ ماوەی دووروو نزیك.

میللەتی کوردیش لەو بازنەیەدا سەنگی خۆی هەیە، نموونە بۆ ئەمە، هاتنی ژەنراڵی رووسی لە 1943 بۆ شارۆچکەی سەردەشت، کاتی جەنگی دووەمی

جیهانی، ئەو سەردەمەی کە فەرمانڕەوایی شێخ لەتیف حەفیدو دادوەر و جێگرو بریکار حاجی مەلا ئەسعەد مەحوی، لە ڕۆژانی دوایی کۆمەڵەی برایەتی.

وتەی ئەو ژەنراڵە کە درکانی، کە کورد هێشتا نەخراوەتە پرۆگرامو نەخشەی کارو بەرنامەوە، مەگەر جەنگی 3، ئەو جەنگەی کە نابێت، جەنگی سارد، جەنگی پێشبڕکێی چەك دەبێت.. خۆتان هەڵگرن بۆ دەرفەتێکیتر..

نموونەیەکیتر، هاتنی نمایندەی ئەمریکی لەسەر ئاستو بارستایی بەرز بۆ مەهاباد، 1946، لە ژیانی کۆماری کوردستاندا، روون نەکردنەوەی کێشەی کورد بۆ ئەو نمایندانە لە لایەن سەرانی کوردەوە.

خۆم چوومە خزمەت پێشەوا قازی محەمەد، دوای من کاك میرحاج چووەلای کە ببین بە یاوەریان، زمانزان بە ئینگلیزی لەتەکیاندا بین.. پێشەوا فەرمووی: با دەستوور وەربگرم، لە رووسەکان.. ئەوە پێکنەهات، کاك سدیق حەیدەری، بەرپرسی راگەیاند، کرا بە یاوەریان.

چرابەرقو چاپخانەکەیان دی، بێئەوەی زانیارییەکی وایان بدەنێ، دەربارەی کێشەکە... ئەوانیش وێنەی ستالین ئاودامان، تابلۆی چەکوشو داس بە گەورەیی. هیچ گومانان نەما کە ئەمە پارچەیەکە لە مۆسکۆ.. بەڵکو مۆسکۆی دووەمە.

مایۆر جەلال ئەمین بەگم دی و پرسی: بارودۆخ چۆنە؟ وتم: مانگێکیتر بەردەوام نابێ کۆمارەکەمان.

نەوت:

چەکی کاریگەر، بگرە داگیرکەرە، سوورو رۆڵی خۆی هەیە لە کێشەکەدا، لەم جەنگو ململانێیەدا..

نەوت، کوردستانی باشور - ولایەتی مووسڵی لکان بە میری عێراقەوە.

کەنداو دڵی جیهانە، چەقی گرنگی گێتییە، جیۆپۆلیتیك، رامیاری جوگرافیا، سوورە لەسەری.

جوگرافیای رامیاری وەکو زانیارییەکی بەهادار، رامیاری جوگرافیاش، جیۆپۆلیتیك، بایەخێکی هیجگار زۆری هەیە.

لە کۆندا، کاپکاس، بیرە نەوتەکانی، دڵی جیهانو ناوەندیبووە، هەنوکە کەنداو، کە کانگای نەوتو چەقو ناڤەندی هاتوچۆیە، دڵی گێتییە، ناڤەندو سەنتەری هەرهەموو جیهانە.

ملانێ لەسەر کەنداوە بە مەبەستی دەست بەسەراگرتنی، فەرمانڕەوایی بەسەر کەنداودا فەرمانڕەواییە بەسەر هەر هەموو جیهاندا.

ئەمە ئامانجی دەوڵەتە زلهێزەکانە.. سەرمایەداران بەتایبەتی.

دوای جەنگی دووەمی جیهانی، جەنگی سارد، جەنگی پێشبڕکێی چەك، ئەو جەنگە درێژخایانە کە ئۆردوگای سۆسیالیستی و هێزی تێدا شکستی هێنا.

بەڵام ئایە، بەرەی دەوڵەتانی سەرمایەداری تاکەی دەتوانێ قورسایی هەموو گێتی و کێشەی نەتەوایەتی گشتی هەڵبگرێت، لە کوڵینی، ئەو رەنگرێژییەی کە سۆڤیەت کێشابووی بە ناوی گلاسنۆسو پرۆسترویکا، کراوەیی، بنیادنانی ئابووری دروستکردنەوە؟

ئایا دەوڵەتە سەرمایەدارەکان، بە سەرۆکایەتی ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا، دەتوانێ ئەم ئەرکە مەزنە گرنگە بەدیبهێنێ؟ تا چ رادەیەك ئەم بارە قورسە دەتوانێ هەڵبگرێ؟

ئەم دۆزانە، ئایندە ئاشکرای دەکات، پەردە لەسەر کارەسات لادەدات، هەر ئایندەش دەستەبەرە، زەمینەی رووداو، خۆی سەر هەڵدەدات.

بەرژەوەندی گشتی هەمیشەیی:

کێشەی گەلی کوردو ستراتیژییەتی خەباتی، دوای لەکیسچوونی دەستەڵاتی رامیاریو کشانەوەی لە گۆڕەپانی رامیاریو لەسەر شانۆ، لە کەوتنی شاهەنشاهێتی میدەوە، هاتنی هاخامەنشی تەختی ئێران، ملانێی گەلی کوردو ئازمریو فارس بووە، هەر دەمەی یەکێکیان خاوەنی دەستەڵاتبووە، گەلی کورد، لە تەقەلاو کۆشش نەکەوتووەو لە پێناوی رزگاریدا.

خاکی کوردستان مەیدانی جەنگو لەشکرکەشیو جێگەی ملانێبووە، لە چەرخی ئوسمانیو سەفەوییەوە تاکو بەرپابوونی جەنگی یەکەمی جیهانی.

پەیمانی سایکسبیکۆ، پەرتکردنی کوردستان، دابەشکردنی مولکەکانی ئوسمانی، پیاوە نەخۆشەکە.

پەیمانی سیڤەر 1920، گۆڕینی بە پەیمانی لۆزان 1923.. ئەم دۆزە لە چێوەی نێودەوڵەتیدا، دێتو دەچێت، لە هەڵچوونو داچووندایە، لە بەرپابوونو خەفەو کپبوونەوەدایە، لە تایتەرازووی لەنگەرو هاوسەنگی دەوڵەتاندا.. شۆڕشی شێخ سەعید پیرانو ژەنراڵ ئیحسان نوری، سمایلخانی شکاکو شۆڕشەکانی شێخ مەحمود حەفیدی نەمر، لە 1925 – 1931، شۆڕشی بارزان 1933، 1943، 1945، کۆماری کوردستان لە مەهاباد 1946، شۆڕشی ئەیلول 1961، بەیانی ئادار 1970، شکستوهەرەسی بزافی کورد، پەیمانی جەزائر، کۆڵی ئامادەکراو.

ئەمانە هەرهەموو، نموونەی زەقو ئاشکرایە، کە هەمیشە ئەم دۆزە، ئەم کێشەیە، کارتی کارە، بۆ مەبەستی گشتی دەوڵەتان، بەکارهێنراوە، سووتەمەنیو جیلکەوچەوێڵی ئاگر خۆشکەری بەرژەوەندی گشتی دەوڵەتە مەزنەکانبووە، لە بازنەی 2 لایەنیدا، لە نێوانی 2 هێزی زەبەلاحدا، هەریەکە بە مەبەستی تایبەتی خۆی، لە ناو ئەم 2 لایەنییەدا، کێشەکە ونبووە، بێسەروشوێن، ماوەتەوە..

هەنووکە رامیاری یەك لایەنییە، دوای بردنەوەی جەنگی سارد و شکستی سۆڤییەت.

بارودۆخی نوێ، دوای کۆتایی پێهێنانی ئەرکی پاسەوانێتی، ئەرکی پۆلیسی کەنداو، لابردنی شاهی ئێران، هاتنی کۆماری ئیسلامی بە رابەرێتی ئایەتوڵاخومێنی، هێڵی بەرگری ئێران نەما، قورسایی کەوتە سەر تورکیە، کە درێژەی ئەوروپایەو لەتەك بازاڕی یەکیەتی ئەوروپا، نێوان پەیدا دەکات.

کورد، لەم نزیکبوونەوەیە، دەکەوێتە سەر سنووری ئەوروپاو شوێنی ستراتیجی، زۆرینەی مۆنات، هێزی مەردووم، ئەم فاکتەرانە لە لایەکو، لە لایەکیترەوە، بنەما کزو لاوازیە ئابوورییەکەی تورکیە، لەیەکدانی 2 پارچەی کوردستان، ئەمانە هۆی لاسەنگین، کە گۆڕانکاری ستراتیژی خەباتی گەلە.

کامپی سەرمایەداری، دوای کەوتنی شاهەنشاهێتی ئەفغان، لاچوونی زاهیرشا دەرئەنجامی کودەتاو گەردشی کۆمەڵەی گەلی، هاتنی نورەدین تەراکی، بەدوایدا، نەجیبوڵا، ئەم گۆڕانکارییە، لە لەنگەری تەرازووی هاوسەنگی نێودەوڵەتی، دابڕا.

سەرمایەداری کەوتە خۆی بۆ دروستکردنی پشتێنەی ئیسلامی بە دەوری سۆڤییەتدا... کۆماری ئیسلامی هاتەکایەوە بۆ بەگژاچوونی ئایدۆلۆژی مارکسیو کۆمۆنیستی کە 60 ملیۆن پتر ئیسلام لە 6 کۆماری ئیسلامیدا لە سۆڤییەت، دوای شکستی لە جەنگی ساردا، ئەو مەترسییە نەما..

ئیمڕۆ، لەنگەرو هاوسەنگی دەوڵەتان گۆڕاوە، لەیەك لاییدا دەبینرێت. ئەم بارودۆخە، دیبلۆماسییەتی گۆڕیوە.. کێشەو دۆزو ستراتیژییەتی خەباتی گەلی کوردیشی گۆڕیوە، لەو بازنەیەدا، کە رووالەتێکی تری داوەتێ.

رامیاری – پۆلیتیك:

رامیـاری، بـاروبرایی نییـه، واروەرگـر براوەیـە، قورمارکـەر دۆڕاوە..
کەسێ رەنجخۆرەو من سزا نۆشم لـە ناوتانا.. مـوور دەسووتێ، کوانـوو گـڕی
پێخۆشە لە ناومانا.

لە عەرەبییەوە وەرمگێڕاوە

مرۆڤــ لـەو هاوکێشـەیەدا، کـە جەمسـەرێکی چـەرخەو جەمسـەرەکەیتری
زەوییە، لەتـەك هەڵچوونو داچوونو بـەرگریو پـەیڕەوی ژینگـەدا، سـەوداو مامـەڵە
دەکات، لە بوونو بوومەوە.

کاری رامیاریش، بەشێکی گرنگـە لـەم سەوداو مامەڵەیـەدا، کـە بـارو لایـەنی
ئابووری ژێرخانو بنچینەو بنەڕەتە، لەم کێشە سەرەکییەدا.

ژیـانی رامیـاریم لـە 1937، سـەرهەڵئەدات لـە کۆمـەڵەی برایەتیـدا کـە بـە
کردگار، ئەنـدامی کاراو نیمچە زاگرێبووم، چونکە ئەو سەردەمە، ئەم زاراوانەی کە
ئێستەکە هەیە، ئەو کاتە نەبوو.

لە ئەنجامی کارکردنمدا لەو بوارەدا، تووشـی گەلـێ چـورتمو گاشـەو گۆڵـمەز
بووم، لەوانە:

- دوای کەوتنی کۆماری کوردستان لە مـەهاباد، لانـەوازی زۆری بـۆ هێنـام،
شـەوانە تـەنها بـۆ نووسـتن پـەنامبردە بـەر بـەڕێز حسێن بـەگ جـاف،
بەهۆی ئەوەی مامۆستای حەسـەن بـەگی کوڕی بووم، خۆشـی خانـەدان،
خــاوەنی دیوەخــان بـوو، رێـزی لێئـەگرتم، شـەوانە لەسـەربانەکەیان
دەنووسـتم.. لـە ئـەنجامی ئـەو ئـەزموونو کارامەییـەی، کـە لـە کۆمـاری
کوردستان، سوودم لێوەرگرتبوو، سەرەڕای راسپێری سەرکردایەتی بەرزو
ئامۆژگـاری.. سـەرکردایەتی سـوپاییو رامیـاری سـۆڤیەتی، راپـۆرتێکم
پێشکەشـی بـرا کۆمۆنیسـتەکانکرد، کـە گەرەکـە بـە نـاوی نەتەوایـەتیو
ناسیۆنالیستو کوردایەتییـەوە، کاربکـەن، ئەگەرچـی کـاری پێنـەرکرا، بـە
دوژمنکـاری شکایەوە بەسـەرمدا، بـرای هاوسـەنگەرو هـاوڕێی تێکۆشـانو

خەبات لێمبوون بە دوژمن، چەند کەسێك لە ناو لیژنەی ناوچەی ئەو سەردەمە، ئەحمەد غەفورو عومەر عارف قاپڕەش، کە جیهانیان بەجێهێشتووە، فەرمانیاندابوو کە فڕێمبدەنە خوارەوە لە سەربانەکە... خانەخوێیەکەشم، ئەو کارە ناڕەوایەی پەسند نەکرد.

- دوای 1958، لە ئێران جموجۆڵێ هەبوو، شێخ نەسرەدین لە بنەماڵەی شێخانی بیارە، بە فەرمانی دەزگای ساڤاکی سنە، هاتبووە لای بەڕێز حەمە رەشید خان وێنەو دارۆخان... ژەنراڵ بەختیاری، دەیویست کودەتاو گەردش بەسەر شاهی ئێراندا بکات.. ئەو نێردراوە، نامەیەکی نووسیبوو بۆ من بە کوردی بە کاك ئازادی کوڕی ئەنوەر بەگی حەمە رەشید خاندا، ناردبووی بۆم، داوای هاوکاری کردبوو، بە ناوی کۆمەڵەی شۆڕشەوە، گوایا شۆڕشی کوردە.. منیش وەڵامم نەدایەوە، چونکە گومانم لێی هەبوو، ناوەکەیدابوو بە ساڤاکی ئێران، ئەوانیش بە ئاسایی هاوکاری ئاسایشی عێراقن، شتێکی ئاشکرایە، ئەم جۆرە هاوکارییانە... لەسەر ئەوە ڕاپێچکرام بە دەستبەسەری بۆ باشووری عێراق، 6 ساڵ، بێئەوەی ئاگاداریم هەبێت لەم بەزمە، ئەو سزایەم نۆشی.

- دوای 1970، بە کاری یەکێتی مامۆستایان، سەندیکا، بە مەبەستی یەکیەتی ریزەکانی مامۆستایان بە گیرفانی خۆم، چوومە خانەقین، دهۆك، هەولێر، برایانی بیرتەسکو تاکڕەو، لە مامۆستایان، ڕاپۆرتیان لێدام کە بمگرن، ڕاپۆرتەکە گەیشتە سەرکردایەتی، لەوێ بەڕێز و خەباتگێر، ئەسعەد خۆشەوێ، دەیناسیم بە توورەیی لێیانراپەڕیبوو، وتی: هەڕن ئەو کەریم زەندە لای سەرۆك بارزانی قاوەی دەخواتەوە، کێ پیاوە بچێ بیگرێ، بەوە لەو گاشەیە قورتاری کردم.

هێزی چوارەم* - دەوڵەتی سێبەر Shadow:

بگرە، هێزی یەکەمو دەستەڵاتی یەکەمە، ئەو هێزە نهێنییە کە کاروباری هەرهەمووو جیهان بەڕێوەدەبات، تەنانەت چارەنووسی میللەتە گچکەکانو گەلە چەوساوەکانیش، بەپێی بەرژەوەندی خۆیان، هەڵدەسووڕێنن.. کارتی کارنامەو بەرنامەیە لە پرۆگرامو ستراتیژییەتی خۆیاندا، بەکاری دەهێنن، ئەو هێزەش CIA، بێنتاگۆن، پاناگان، مۆساد، ئینتلجنسێرفس، کە ئاسایشو پاراستنی دەوڵەتە زلهێزەکانن.

دۆزو کێشەی کورد، بەپێی ئاووباو کەشی ئەم هێزە نهێنییە، سەرهەڵئەداتو کپ دەبێتەوە، لە هەلومەرجی رەخساو و بارودۆخی گونجاودا لەتەك رامیاری ئەواندا لەو تەباییەدا کە دێتە ئاراوە، گرژوخاو و هەڵچوونو داچوونی بەپێی ئەو پێوەرەیە، کە رەچاوکراوە بۆ راگرتنی لەنگەرو هاوسەنگی گشتی لە نێو رامیاری نێودەوڵەتیدا... ئەمە وەرامی پرسەکانی پێشووە.

بۆ نموونە، سەرکۆماری ئەمەریکا، جۆن کەنەدی کوژرا لە پێچێکی ئوستانەکانی ئەمەریکا، بە تفەنگی دووربیندار، قەناسە، لە مەودای 3 کم، لە بالاخانەیەکەوە بە دەستی لیئوز والد کوبی، ژنەکەی سۆڤیەتیبوو، گوللەی ئاراستەکردو پێکانی، لە تەنیشتی خاتو جاکلینی خێزانییەوە. خێزانەکەی بەرنەکەوت.. دەستی تریش هەیە لەم کارەساتەدا، شوێنەکەیان پشکنی، کوژەر دەستگیرکرا، لە کاتی هێنانی بۆ دادگا، جاك رۆبی، کارگێڕی تیاترۆخانەی شەوانە لیئوز والدی کوشتەوە، تاوانەکە گومکرا.

هۆی کوشتنی جۆن کەنەدی چیبوو؟

لە هێڵی رامیاری سەردەم لایدابوو.. براکەی، رۆبەرت کەنەدی، لە کاتێکدا خۆی هەڵبژارد بۆ سەرۆکایەتی، بەدەستی، سەرحان بەشارە سەرحان، ئەردەنی، کوژرا، لە ئوتێلێکدا، مەترسی ئەوەی لێدەکرا کە ببێت بە سەرکۆمار و تۆڵەی براکەی بستێنێ.

* ماسۆنی – Free Masons – Masonie – فەرمەسۆن.

زەنگی مەرگ – 1991/1/4:

کاتو دەرفەتو ڕێکەوت لەتەك ئاکامدا، یەکدگیربوو، لەبەرەبەیانی ڕۆژی هێنی ڕێکەوتی 1991/1/4، لە زەنگی خانووەکەمدرا، بە پەلە هەستام جارێکیتریش لێدرا، بۆ ئەوەی تاوانەکە زوو تەواو بکەن، خێرا چووم، بێئەوەی بپرسم ئێوەکێن؟ سرگی دەرگاکەم کردەوە، دوو بۆرە زەلام، پیاوکوژ تاکولۆ وەستابوون، شەروالو قەمسەڵە لەبەر، تەمەنیان 30-35 ساڵ، هەردووکیان قەویوقۆڵ، توندوتۆڵو تۆکمە، سەر رووت.

ئەوی ئەملایان پرسی: خاڵە، ئەمەش پەرلەیە.. وتی: مزگەوتی حاجیحان لە کوێوەیە؟.. منیش وتم: فەرموون، کاکە، دووبارە وتم فەرموون، فەرمانتان چییە؟ فەرموون.. سەیر دەکەم، 2 کابرای تێکسمڕاو، نامۆ، نایانناسم، ئاوڕم بەلای ئەوەیانەوە دایەوە کە پرسی لێکردم، مزگەوتەکە لە کوێوەیە؟.. ئەویتریان، لەبەر پشتێنەکەیەوە، خۆی ئامادە دەکرد، نیشانەی لەسەرمدەگرتەوە.. وامدەزانی گاڵتەم لەتەکدا دەکەن.. گوللەیەکی لە دەمانچە ستیلە بێدەنگەکەیەوە، فیشەکی فلچەی گڕداری ئاراستەی سەروچاومیکرد.. ئەگەر رووم لەوبوایە، ئاراستەی ناو دەمیدەکردم..

ئاوڕدانەوەکە، بوو بەهۆی ئەوەی کە گوللەکە جیغبکات، گڕەکەی دەموولووتی سووتانم، دەمووادانی هەڵتەکانم، وەکو فوارە، خوێن بە دەمولووتمدا هاتە خوارەوە..

منیش لەباتی هاوار بۆ خێزانو ماڵبەرم، هاوارم بردە بەر جادەوشەقام، خێزانو کوڕەکەم لەوێ نەبوون، خێزانەکەم چووبو بۆ سەردانی چرۆی کچم لە دەربەندخان.. کوڕەکەشم، سەربازبوو..

هاوارمکرد، ئەیهاوار کوژرام، بەدەم خوێنەوە دەتلامەوە، تاکو دوکانی مام کەریمی دراوسێمان هاوسێیەکان هاتن بە هاوارمەوە،

لەو کاتەدا، ئەورەحمان حاجی ئەبدولا بۆسکانی بەو بەیانییە سارده، بەسەر کارەساتدا دێ، دەوەستێ، دوودڵە، ناوێری بمبات بۆ بیمارخانە، پێ بە جەرگی خۆیدا دەنێو، بە بەتانیا دەمخەنە ناو ئوتومبیلەکەی.. هاتمەوە هۆشخۆم.

بووکەکەمو مام کەریم، دراوسێمان لەتەکمدان.. ئەورەحمان دەڵێ: بڵێ کەوتووم.. ئەگینا دەمگرن.. وتم: کاکە گوللەیان پێوەناوم، لەبەردەمی نەخۆشخانە دایانام، هەرچۆنێبوو بە چنگەکرێ، چوومە ژوورێ، کاتێ هاتمەوە هۆشی خۆم، لۆکە دەخەنە لووتمەوە.. وتیان: پەرەی پۆلیسخانەت پێیە؟ وتم: نەخێر، ئیتر رایاننەگرتم.. وتیان بچۆرە دادگا، ئەوانە کێبوون؟ وتم: نازانم، کەس دوژمنم نییە، ناچمە دادگا.

د. محەمەد باقر یارمەتیدام، وتی ئەمە مامۆستایە، خزمەتی کەمە، ئەوە خەڵاتە..

بە راستی ئەوە پاداشو خەڵاتی ئەو هەموو دەربەدەریو ئەشکەنجەو ئازاری ژیانەبوو کە دیومە.. نەزرانرا چیبوو، هۆی چیبوو، هیچ لایەنێکی رامیاری دەری نەخست.

گومان، هەر رژێم بوو، رەنگە پریشکی مامۆستا شاکیر فەتاح بووبێت؟ چونکە لە کاتی خۆیدا دادکۆکیم لێکردبوو.. 25 شەو لەسەر جێگە کەوتم، ئاگامم نەهاتبوو.. خوداوەندی میهرەبان و بەخشندە و پاکی خۆم، فریامکەوتن.. ویستی یەزدانی بزورگبوو، دوایی دەرکەوت لە بەڵگەی ئاسایشدا.

گەڕانەوە – بیرخەرەوە:

شێخ مەحمود حەفیدی نەمر، 1881 – 1956:

کوڕی شێخ سەعید کوڕی شێخ محەمەد کوڕی حاجی کاك ئەحمەدی شێخ کوڕی شێخ مارفی نۆدێیە.

لەتەك باوكو مامەكانی لە تەمەنی 10 ساڵیدا دەبن بە مێوانی سوڵتان ئەبدولحەمید ئوسمانی، ماوەی 2 ساڵ پتر لەوێ دەمێنێتەوە، دوای ئەوە لەتەك كاربەدەستانی ئوسمانیدا تێكدەچن، ئاڵۆزبوو كێشە پەیدادەبێ، وایلێهات لە 1907 بانگكران بە فەرمانی دەوڵەت بۆ مووسڵ، كارەسات روویدا، شێخ سەعیدی باوكی كوژرا.

ئەم رووداوە لە نووسراوەی 3 قوربانییەكە – شێخ ئەبدوسەلامی 2 بارزانی، شێخ سەعید كە لە مووسڵ كۆتایی بە ژیانیان هێنراوە.

20 ی گەلاوێژ، 1914، شێخی نەمر لەشكر رێكدەخات لە كوردستانەوە بەرەو شعێبە و بەسرە، بۆ بەشداری شۆڕشی 20، بە شانازییەوە، دوای ئەوە گەڕاوەتەوە بۆ كوردستان.. كارگێڕێتی كوردستانی گرتۆتە ئەستۆ، بە لەشكرەوە روویكردۆتە سنوور، لەتەك سوپای رووسدا جەنگاون.. دوای 1918، فەرمانڕەوایی پێسپێردراوە، تاكو جەنگی دەربەندبازیان، 1919، شێخی نەمر، بە برینداری گیرا، لەپاڵ بەردەقارەماندا، رەوانەی بەغدادكرا، دادگای سوپایی فەرمانی خنكاندنی بەسەرا درا، لە تەك شێخ محەمەد غەریبی زاوای، لە شێخانی گوندی قازانقایەی قەراخ.

فەرمانی خنكاندنیان گۆڕدرا، رەوانەی هیندستانكران، 3 ساڵ لەوێ مانەوە، دوای ئەوە گەڕاوەتەوە بۆ كوێت لەوێوە بۆ سلێمانی، كراوە بە فەرمانڕەوا لە 30 ی ئەیلولی 1922 تاكو 1924.. دووبارە پەیوەندی لەتەك كاربەدەستانی ئینگلیزدا تێكچووە، جەنگی پارتیزانی دەستپێدەكات تاكو 17 حوزەیران 1927، سەردەمی شایارێتی جەعفەر عەسكەری، شێخی نەمر لە ئەنجامی گفتوگۆكردندا دێتەوە بۆ بەغداد، ماوەیەكو گەڕاوەتەوە بۆ دەڤەری پێنجوین.

کارەساتی رۆژی رەشی شەشی ئەیلولی 1930، لە شاری سلێمانی، کە ئێمەی منداڵانی گەڕەکی مەڵکەندی، هاوبەشبووین بەپێی توانای منداڵی.

بۆ تۆڵەی ئەمە، شێخی نەمر بە گەرمی جەنگاو بۆ خوێنی گەشمەردەو بەهەشتییان جەنگی ئاوباریك 1931 بۆ سارێژکردنی برین روویدا.

بەپێی گفتوگۆ لەتەك میریدا، 1933 شێخی نەمر بە دەستبەسەری هێنرایە بەغداد تاکو 1941، بزاڤی رەشید عالی گەیلانی، لە مایسی 1941، دەرفەت رێکەوت گەڕایەوە.. منو ساڵح ئەحمەد بابان، مستەفا کەریم غەفور لە خزمەتیدابووین تاکو گوندی سیتەك لە شارباژێڕ.. ئەمە لە کۆمەڵەی برایەتیدا لێی دواوین.

دوای ئەمە، لە گوندی داریکەلی دانیشت لە بازیان، کەڵە هۆزانڤان، ئەحمەد حەمدی ساحیبقران دەڵێ:

وەك مەدینــــە بێنەبێبێ	**یا نەجەف بێ بێ عەلی**
شاری غەزنە بێ مەحمودە	**ئیستـە وەك داریـکەلی**

لە 1956/10/9، لە نەخۆشخانەی حەیدەری لە بەغداد، گیانی سپارد، بە ناکامی سەری نایەوە.. شێخی نەمر، لای مەلا کاکە حەمەی رەباتی دەڵێ:

شــــابازێ بـووم لە مەیـدانی شــــــکاری دوژمـنا
جەهلی میللەت بوو بە زیللەت هات بەسەر شانی منا

تەرمەکەی هاتەوە بۆ سلێمانی، شێخ لەتیفی کوڕی لەو کاتەدا، بەندکرابوو، خۆپیشاندانکرا، تەرمەکەی گوللەی بەرکەوت، ئەختەری خێزانی رەشۆل، لەو کارەساتەدا کوژرا.

عومەر عەلی ئوستانداربوو، بەڵام، لەو کاتەدا بە سیلە و مۆڵەت رۆیشتبوو، بریکارەکەی کاك فەوزی جەمیل سائب بوو.

شێخی نەمر 3 کوڕی هەبوو، شێخ رەئوف، شێخ بابا عەلی، شێخ لەتیف. ئارامگەو خەوابگەی لە مزگەوتی گەورەیە لە تەنیشت باپیریەوە، کە قاڵبی گڵی راکشاوە، بە نەمری هەرماوەو زیندووە.

بیرەوەریم لە خزمەتیدا:

لانــەوازیو ئــاوارەیی بردمــی بــۆ گونــدی داریکــەلی لــە رۆژانــی پیرەشــێری کەنەفت، شێخی نەمر، تفەنگێکی فرۆکەشکێنی ئەڵمانیم پێبوو، چووم خزمـەتی، کامیاببوو ئـەو شانشینە کوردە، یاخیگـەران لێی خڕببوونـەوە، هـەموو سـەرنجیان لێدەدام، منـیش تفەنگەکـەم چاکتر نزیککـردەوە، تـا بـە چاکی بیبینـن، بـزانن کـە خواردنی ئەوانیش نییە..

شـەو چـوومە لای کـوردە ئاوارەکـانی ئـەودیو، بـەیانی هاتمـەوە خزمـەتی، فەرمووی: شەوێ لەکوێ بوویت؟ وتم: قوربان لای ئەوان بووم.

ئەو یاخیگەرانە، خولە قەویلـەیی، جـەبار سـوێراوا، حەمـە کـەریم و حەمـە سوور وێڵەدەری، ئەوڕەحمان، حاجی سەعدون.. بۆ نیوەڕۆ، خـودی خـۆی 2 جـار چووە خـوارەوە، نەیـدەتوانی، دەچـوونە ژێـر بـاڵی، فـراوینم خـوارد لـە خزمەتیـدا، ماڵئاواییمکرد.. فـەرمووی لێـرە بمێنـە، بردمیـە ژوورەکـەیخۆی.. مۆبیلـەی تـۆزاوی سپرنگشکاو، لانەی ئەو پیرە شێرە، نزیکی کۆتایی ژیـانی، هاتـە گفتوگۆ، فـەرمووی: کـەریم، تـۆ بڵێیـت ئـاڵای کـورد جـارێکیتر بلەرێتـەوە؟.. وتم: لەرییـەوەو خۆمـان تێکماندا.. کڵاوو جامانەکەی بە توندی فڕێداو دایبەزەویدا، وتـی: بـە گـۆڕی کاکـە ئەحمـەد مـن تـێکم نـەدا.. فرمێسـك بـە هـەردوو چـاویدا هاتـە خـوارەوە، منـیش گوتەکانم گۆڕی، لە پاشدا داوام لێکرد کـە ماوەمبـدا بـڕۆم.. وتم: دەچـم بـۆ گونـدی تەنگیسـەر بـۆ لای شـێخ قـادر حەفیـدی بـرای، ئەمـە بـۆ شوێنە ونـی، سـڵکردن لـە یاخیگەران، ئیتر روومکردە گوندی خاوێ.

کاریگەری چەرخ:

شێخی نەمر، لە 1919، لە دەربەندبازیان، بە چەند تفەنگێکی وەکو حسکەو جاملێنرارو ژێرسافو مەعدەنو مارتلیو داداشو 3 تیرو قەپاغلی و ماکەنزییەوە، چوو بەگژ سوپای ئینگلیزداو قارەمانی سەردەمبوو.

رۆژانی دوایی پیرەشێر، کەنەفتی، پەککەوتەیی، 1955 عومەر عەلی بە پۆلێ سەربازو پۆلیسەوە، چووە سەری، شێخی نەمر، سواری ئەسپەکەی دەبیّ، دەچنە ژێر باڵی، تفەنگەکەی دەخەنە بەردەمی بە 2 کەس بنباڵی دەگرنو، پێی دەخەنە ناو ئاوزەنگییەوە، تاکو گوندی بارۆیی رۆیشت، دوایی ئاوڕیدایەوە تەنها 5-4 چەکداری بەدواوەیە، فەرمووی: بگەڕێنەوە.

پێشوازی لە عومەر عەلی دەکاو فەرمووی: پاشا ئەوە چووبووم بۆ ڕاو، ئەویش لە رووی دیبلۆماسییەوە، دەستی ماچدەکات، بە دەستبەسەری هێنای بۆ سلێمانی رۆژی 3 جار بە پێپیلکەی سەرادا، سەردەکەوت بە کۆمەکۆمە و خەنجەرەکەی قەدی خەریکبو بیدا لە ناوچەوانی، ئەوەندە کۆمابۆوە، پیریو پەککەوتەیی.

ئەمەیە داستانو چیرۆکی میللەتی ستەمدیدە.. عومەر عەلی لە کۆڕو کۆمادا، بۆ خۆهەڵکێشان دەیوت، شێخ مەحمود کیمە، واتە کێیە؟ کەرەتەیدەن گێتردم.. وەکو کەرەتە هێنام.

ئەمە کاری چەرخو زەمەنە، چەرخو زەمەن قارەمانە، ئەم پیرەشێرە، قارەمانە مەزنە، لە رەنگدانەوەی میللەتەکەیدا بەرجەستە دەبێت.

ئاخ، کاریگەری زەمەن، پیرەشێری وەکو شێخ مەحمودی نەمر لە بارۆییەوە بگەڕێتەوە، پێشوازی عەمەر عەلی بکات، لەتەك خۆیدا بیهێنێ بە دەستبەسەری، کۆمەکۆمە بە پێپیلکەی سەرادا رۆژی 3-2 جار بچیّ واژو، مۆری بەلگەی ئامادەبوون بکات، ئەمەیە کاری چەرخو شکستی گەل.

هەمان عومەر عەلی دوای 14 ی تەمموز، 1958، بدرێت بە دادگای گەل، لە دادگادا دەپاڕێتەوە.

ژەنراڵ بارزانی نەمر 1903/3/14 – 1979/3/1:

مێژووی بارزان 2 خولە:

✍ لە رێبازگەی نەخشبەندییەوە، شێخ تاجەدین بارزانی سەرۆکی بارزانو زێبارو دەوروبەری.. ئەم خولە، ئەم چەرخە بە خنکاندنی تاجی بەهەشتیان، شێخ ئەبدو سەلامی 2 بارزانی، کۆتایی هات، لە مووسڵ 1914، لەلایەن دەستەڵاتی ئوسمانییەوە.

ئەمە لە نووسراوەی 3 قوربانییەکەدا باسکراوە.

وشەی بارزان، بەرازی، خێڵی بەرازی، یاخو ناوی باپیرەگەورەیان، بارزانی دێرین، واتە رەوا، پارسان، پاوچاکان، خوداناسان، دەروێشەکان، دەروێشان، یاخود، بارزان – برایانی تەباو زانا.. دەچنەوە سەر خێڵەکانی هەکاری، چیانشین، دوور لە هێرشی مەغۆل، لە چەند بەرەیەك پێکهاتوون.. شێروانی، مزوری، دۆڵەمەڕی، هەرکی، بەرۆژی، بەرۆژووان، خانەوادەو بنەماڵەی شێخەکان، نەوەی شێخ تاجەدین نەخشبەندی.

بارزان، دەڤەری شاخاوی، بریتیە لە بارزان، مێرگەسوور، مزوری باڵا، بە چیای پێرس، ئابلۆقەدراوە، زێبار ، شیرمان، برات، لە خۆرنشینو باشوورەوە بە چیای شیرین، بارۆش، برادۆست، پیرانی، کانیڕەش، کلەشین، لە خاوەرەوە.

چەند کێوێکیتر لەمانە جودا دەبێتەوە، بە نێوی جیاوازەوە، کە هەموو لە زنجیرە راکشاوەکەی زاگرۆز و کانگاکەی کە چیای ئاراراتە، 5125 م بەرزە، جودا دەبنەوە.

ژەنراڵ بارزانی نەمر، کوڕی شێخ محەمەد بارزانی، برای خودانی بارزان، شێخ ئەحمەدی بەهەشتی، شێخ ئەبدوسەلامی 2 گەشمەردە، شێخ محەمەد سدیق، شێخ سلێمان، شێخ بابۆی برازای..

دوای زنجیرە بزاڤو شۆڕشەکانی بارزان، بە ئاوارەییو، دەستبەسەرکراوی لە سلێمانی، لەتەك خودانی بارزانو جەنگاوەرانیدا، بە کۆمەکو یارمەتی کۆمەڵەی برایەتی، بەهۆی شێخ لەتیف حەفید و بریکاری حاجی مەلا ئەسعەد مەحوی،

چەکدارانی ئەو کۆمەڵەیە: مچە قرگەیی، مکایەلی، براگەورە، شێخ حسێن بەردەزەردی، بەرزنجی، حەمە پیزە، بێسەری، ئەحە بێورمیی، بلباس، ئەمانە نیگابانی شێری بارزانبوون، رەوانەیانکردەوە، گەیشتەوە لانەی خۆی، شۆرشی بارزانی 1943 بەرپاکرد، کە کۆمەڵەی هیوا دەستی بالآی هەبوو لەو شۆرشەدا.

هەروەها شۆرشی ئەیلول 1945، شکستی بارزانو رۆیشتینان بۆ شنۆو لاجان، لەتەك ئەفسەرە کوردەکانو فەرمانبەرو رۆشنبیراندا کە هاوکاری شۆرشەکەبوون، سەرماو برسێتییانکێشا تاوەکو وەرگیران، لە کۆماری کوردستاندا بەشداربوون، هێماو پەیکەری دیموکراتی بوون، لە هەلکردنی ئالآی پیرۆزی کوردستاندا هاوکاربوون، کە بە ئاهەنگو سروودی میللیو وتاری پێشەوای مەزن، لەو رۆژە پیرۆزەدا ئەنجامدرا.

بارزانی، بەرگری مانونەمانی کرد لەو کۆمارە، تا دواهەناسەی کە شکستی هێنا بەرەو کاپکاس، لە کۆرەوی مەزندا، کە باسکراوە، لە رۆباری ئاراس پەرینەوە.

لە شۆرشی ئەیلولی 1945، دەرئەنجامی فشارگەری ناڕەوای هێزی میری زۆردار، کە دەیویست پشتی لێبگرێت، ئابلۆقەی بارزان بدا لەرێی باپشتیانو دیانەو بادلیانو کۆنە گوندەوە، هێزی بارزان بە سەرکردەی نورو شیروانی، بەرەنگاری یەکتربوون، تاکو ئێوارەی خایاند، بە کوشتنی قەیسەر هورمز کۆتایی هات، کە سەرکردەی هێزی نائاساییەکانبوون، لەشکری میری شکاو گەڕایەوە، کوژراو و چەکو چۆلی بەجێهێشت، شێخ محەمەد سدیق برای ژەنرال بارزانی بریندار کرا.

دوای ئەوە، جەنگی نەهلە، نێوانی چیای ئاکرێو پێرس لە 1945/9/8، هێزی میری، تۆپوفرۆکەی بەکار هێنا، بارزانیش بە تفەنگ ئابلۆقەی هێزەکانی میرییاندا، بەلآم خێڵە کوردەکان ئابلۆقەکەیان شکاند.

جەنگی هافدیان، هاودیانو مەزنە 2 ئەیلول 1945، بارزانییەکان، لە ئەشکەوتی هاودیاندا خۆیان متکردبوو، دوور لە مەزنە بە ماوەی کاتێ.

حەمەداغای مێرگەسوور شیروانی، نورو شیروانی هێرشیان برد، لەشکری میری شکا.

لە جەنگی هەرندا، لە پشتەوەی چیای پێرس، 3 کات لە بارزانەوە دوورە، بەرەنگارییەکیتر روویدا.. مایۆر عیزت ئەبدولعەزیز، ئەفسەری تۆپ، تۆپبارانیکردن، گوللە تۆپەکان کورتیهێنا.. سەرۆك بارزانی نەمر، فەرمانیدا کە تۆپەکان نزیکبخەنەوە، لە کۆتاییدا، بارزانییەکان بە ناچاری کشانەوە.

25 ئەیلول 1945، سوپای عێراق هێرشی برد، بارزانییەکان بەرگرییان لێکرد، جەنگ تاکو شەوێ خایاندی، بارزانییەکان کشانەوە بۆ گوندی هەرفتە، خانەوادەی بەرۆژی، تیرەکانیتر، گەیشتنە کێلە شینی پشتی شنۆ، ناو خاکی هەرێمی کوردستانی خاوەر لە 1945/10/12، خاکی کوردستانی باشوریان بە تەواوی بەجێهێشت لەتەك ئەفسەرو چەکداراندا.

سوپای رووسی لەودیو، خێڵەکوردەکان پێشوازییان لێکردن، لە دەڤەری شنۆو لاجان جێگیربوون... دوای شکستی کۆماری کوردستان بەرەوە کاپکاس رۆیشتن بە جەنگی پارتیزانی، خۆشم بەشداربووم.. 13 ساڵ لە رووسیا مانەوە، دوای 14 گەلاوێژ 1958 گەڕانەوە خاکی نیشتمانی دایك.

دووبارە بارودۆخ گۆڕدرا، 13 ساڵیتر لە شۆڕشدابوون، تاکو دەرچوونی بەیانی ئادار 1970.

دووبارە شۆڕش بەرپابۆوە، 1974، ماوەی ساڵێك، شکستی هێنا، ژەنراڵ بارزانی نەمر بەرەو ئەمەریکا رۆیشت، بە ناسۆری سەینایەوە.. ئارامگەو خەوابگەی لە شنۆیە، ئارامگەی جەنگاوەر ئەسعەدخۆشەوی، بەتەکیەوەیەتی، کەسی دووەمبوو لە شۆڕشەکاندا.. 1979/3/1 بارزانی نەمر کۆچیدواییکرد.

بارزانی نەمر:

1903/3/14 لە گوندی بارزان هاتۆتو ناو جیهانەوە.

1906 بەندکراوە لەتەك دایکی بەرێزیدا.

1919 بە فەرمانی شێخ ئەحمەد، خودانی بارزان، براگەورەی، چۆتە کوردستانی باکور، چاوی بە شێخ ئەبدولقادر نەهریو شێخ سەعیدی پیران دەکەوێ، لە شاری مووش.

1919 بە هێزێکەوە لە دۆڵی بیاو هاوکاری شێخ مەحمودی نەمر دەکات.

1920 لە کوشتاری ئەرمەنیدا، دەگاتە هانایانو فریایاندەکەوێتو، ئەنتزانیك پاشایان و خێزانەکەی قورتار دەکات.

1931 لە یەکەم راپەرینی بارزاندا، لە جەنگی بەرقی بەگدا سوپای دەوڵەتی شکاند.

1936 بۆ وتووێژ دەچێتە مووسڵ، لەوێ دەستبەسەر دەکرێت.

1943/3/12 لە سلێمانی بە کۆمەکی کۆمەڵەی برایەتی دەرباز دەبێو دەگاتەوە بارزان لە شنۆوە.

1943 سەرکردایەتی شۆڕشی بارزان دەکات.

1945/10/11 کشانەوە بۆ کوردستانی خاوەر، دوای شکستی شۆڕشەکە.

1947/6/18 لە رۆباری ئاراس پەڕینەوە بۆ رووسیا.

لە ئایاری 1953، دوای مردنی ستالین، گوێزراوەتەوە بۆ مۆسکۆ، چاوی بە خرۆشۆف کەوتووە.

1958/10/6 گەڕایەوە بۆ نیشتمانی دایك، دوای کودەتاو وەرچەرخاندنی رژێمی پادشاهێتی عێراق.

لە سەرتای ئاداری 1960 بە یەکجاری گەڕایەوە بۆ بارزان.

1961/9/11 سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلولی کردووە.

1971/9/29 لە پلانە گڵاوەکەی، مەلاکاندا، بە سەرسامی رزگاری بوو.

ئاداری 1974 دەستیدایەوە شۆڕشی بەرگری.

ئاداری 1975 بە هۆکاری ڕێکەوتننامەی جەزائرەوە، کشایەوە بەرەو کوردستانی خاوەر.

1979/3/1 لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە نەخۆشی شێرپەنجە، کۆچیدواییکرد و چاوی ئارامی لێکنا، لەسەر راسپێری خۆی لەسەر سنوور، لە شاری شنۆ، ئەسپەردەی خاکی پیرۆزی نیشتمانکراوە.

هەزاران سڵاو و درووود لە گیانی پاکی، لە رەوانی پیرۆزی... هەزاران سڵاو لە یارانو دڵسۆزانو هەڤاڵانیو لە ڕێبوارانی ڕێبازی بارزانی نەمر و شکۆمەندو سەرفرازەکەی.

کۆمەڵەی خۆیبوون - 1927:

القضية الكوردية، د. بلەج شێركو،
1930-1349 مطبعة السعادة
بجوار محافظة مصر.

دوای شکستی شۆڕشی 1925، کوردە دڵسۆزکان لە ئەنجامی ئەو کارەساتە دڕندانەیەدا، بڕیاری بەستنی کۆنگرەیەکی کوردی یەکگرتوو درا لە 1926، هەموو ڕەگەزە کوردییە سەرەکییەکان، کۆ بکاتەوە لە نوێنەرانی کۆمەڵو ڕێکخراوو سەرۆکی خێڵەکانو ناوداران بە مەبەستی خۆکۆکردنەوەو بەرگریو ڕزگاری کوردستان لە چنگی دوژمنی خوێنخوار و بەربەستکردنی هێرشی ناڕەواو پارێزگاری جەنگاوەرانی چیاکانو هەڵۆی کێوەکان.

ئەو کۆنگرەیە لە 1927 لە کوردستانی باکوور – داگیرکراو، دانیشتنەکانی مانگونیوێکی خایاند، لە بڕیارەکانی:

1- هەڵوەشاندنی هەموو کۆمەڵەو ڕێکخراوێك، بە مەبەستی دامەزراندنی کۆمەڵێکی گەورەی سەرەکی یەکگرتوو، هەموو ئەندامانی کۆنونوێ بگرێتە خۆی.
2- درێژە پێدانی شۆڕش و خەباتی هاوبەش لەتەك گەلی تورکدا، تاکو دوا سەربازی تورك خاکی کوردستانی پیرۆز بەجێبێڵێ.
3- ڕەچاوکردنی ئەم لایەنانەی خوارەوە:
   أ) دانانی فەرماندەی گشتی بۆ هەموو هێزە نیشتمانییەکان.
   ب) یەکخستنی هەموو هێزە شۆڕشگێڕەکان بە مەشقی سەربازیو جەنگی، چەکدارکردنیان بە نوێترین چەکوتەقەمەنی جەنگی.
   ج) دامەزراندنی سەرکردایەتی گشتی باڵای شۆڕش بۆ هەموو هێزەکان، هێزە نیشتمانییەکانی کورد، لە چیایەکی کوردستاندا.
   د) پەیوەندی بەستن لەتەك گەلی فارسو تورکدا لەسەر بنەمای برایەتیو تەباییو گونجاو.

ﻫ) بەستنی پەیوەندی برایەتی لەتەك عێراقو سوریە و قایلبوون بەو مافەی کە چەکی داڵە – پارێزراو – ئینتیداب – پەیمانە نێو دەوڵەتیەکان کە بڕیاریان لەسەر داوە، داوای مافی رامیاریتر نەکرێت.

لقو پۆپی ئەم کۆمەڵە لە هەموو کوردستاندا بڵاو بۆوە، ژەنراڵ ئیحسان نوری پاشا کرا بە فەرماندەی گشتی سوپا لە چیای ئاگری، شۆڕش بەرپاکرا، دەستپێکرا بە فراوانی، رۆژ لە دوای رۆژ، تاکو شاڵاوی مەزنی تورك 1928، برایە سەر ئاگری، شکستی تورك لەم هەڵمەتەدا.

لە ئەنجامی ئەم شکستە، تورك رێبازی خۆیانگۆڕی بە فێڵو تەڵەکە، یاسای بەخشینیان دەرکرد و راگوێزانو ئاوارەیی راگیرا، رێپێدان بە گەڕانەوەی دوورخراوان، دانانی سەرپەرشتیاری گشتی بۆ کوردستان – Vice Roi، بە مەرجی هەڵوەشاندنی کۆمەڵەی خۆیبوون.

ئەم پیلانە سەرینەگرتو بەسەرهاتەکانی رابووردوو وانەیەکی روونو ئاشکرابوون... کۆمەڵەی خۆیبوون، لەسەر ئەوە سووربوو، کە گەرەکە، دوا سەربازی تورك، خاکی کوردستان بەجێبهێڵێ، تورکیا، دان بنێ بە سەربەخۆیی کوردستاندا.. بەڵام دوای شکستی هەڵمەتەکانی 1928، 1929 بۆ سەر چیای ئاگری، خۆی ئامادەکرد بۆ هێرشێکی مەزنتر لە ئەپریلی 1930، تاکو 5 یۆنیۆ، خۆیبوون نەخشەی بەرگری هەبوو، ئەم پیلانە بۆ ماوەی 3 مانگ، لەو چیایەی کە ئاڵای کوردی لێهەڵکرابوو.. ئەو هێرشە مەزنە بۆ سڕینەوەی ناوی کورد، بۆ کوژاندنەوەی پێناسەی نەتەوەیی کوردبوو.

بەرەبەیانی 11 یۆنیە 1930، شاڵاوی سوپا برایەسەر شۆڕشگێڕان، 3 رۆژ بێدەنگی و خامۆشی ئەو چیا پتەوە سەختە خۆڕاگرە کشوماتە لە ئێخدێرو تەندرکو ئەرجیتو ڤانو بتلیسو چیای سوبحان – سیپان، شکستی تورکو هەڵوێستی بەرگری، 13 یۆنیە تاکو 13 یۆلیە، کوشتارو بریندار، تێکشاندنی 12 فرۆکە،

گرتنی 60 تۆپ، 6 هەزار گوللە، 150 خیوەت، 3 هەزار تفەنگ، 40 بار ئازوخە، شکستی 4 هەزار، تەنها لەشکری 7، 8، مایەوە لە ئاگری.

تورك، بە ناچاری سەربازیگرت لە جەوانانی 1901، 1905، دواخستنی هێرش بۆ سێپتێمبەر، دانان بەو شکستەدا، کوردی کەرتی باشووری گەورە و گچکە، لە جەنگاوەرانو پێشمەرگە، کەوتنە فریای برا کوردەکانیا.. کارەساتی وێرانکاریو خاپورکردن، دەستپێکرد.. تۆڵەی دڕندانەیی، بێبەزەیی کەوتەکار... 220 گوند خاپورکرا، لە شێوەی زیلان، لە پیرو پەککەوتەو منداڵ، تیرە بارانکران، سووتانیانن، بە سەدان لە ڕۆشنبیران گیران، فڕێدرانە گۆمی ڤانەوە بەدەم سروودی نیشتمانییەوە.

30 گوندی بەروپشتی چۆڵەمێرگیان وێرانکرد، 5 سەد ئافرەتو منداڵیان لەسێدارەدا، 400 گوندی نزیکی چیای ئاگری، سووتێنراو خاپوورکرا، هەروەها نشینیانی چیای تەندرك، بە بۆمبای سووتێنەر و گوللە تۆپ سووتانیانن.

هێزی جەواد پاشا لە ئوستانی هەکاری، بەیت شەباب - خانەی لاوان، شەمدینان، هەموو گوندو دێهاتەکانی سەرڕێی ئەو لەشکرە کە ئەکشا، وێرانکرا، نزیکەی 120 گوند و کێلگە.

لای ڤانەوە، بە فەرماندەی کەمالەدین سامی پاشا، دەڤەری چالدێران، 83 گوند سوتاو 600 کەسیان کوشت.

دوای ئەم هەموو وێرانکارییە، بڕیار لەسەر ئەمانە درا:

1- هەڵوەشاندنی ژیانی خێڵایەتی، دابەشکردنیان بەسەر ئوستانەکاندا.
2- نەهێشتنو قەدەغەکردنی چەك لە کوردستاندا.
3- ڕاگوێزانی کوردە گوندنشینەکان.
4- بەزۆرکردن بە تورك بە گشتی، قەدەغەکردنی زمانی کوردیو نووسین بە کوردی.

ڕۆژنامەی ئەحوالی بێروت

13 ئاب 1930.

نوسینگەی کارگەرانی نێودەوڵەتی لە زۆریخ، بێزاری دەربڕی، 30 ئاب 1930... لە رۆژنامەی ئەهرامی میسر 9 سێپتێمبەر 1930 پەسەندکرا.

9 **حوزەیران** – 1963:

شەبە یخونی شەوی مەینەت کتوپڕ داییەسەرمانا
لە دەریای میحنەتا خنکا، گوڵی شادی لە دڵمانا
دەستی فاشستی 63 لە 23 حوزەیرانا
خزانی سونبولی نوزی لە ناو جەرگەی کوردستانا

9ی حوزەیران، کارەساتی دڕندەیی 1963، دەرئەنجامی کودەتاو وەرچەرخانی 8 مانگی رەشەمەە، رۆژی هێنی 14 رەمەزان، رۆژی کۆتایی فەرمانڕەوایی ئەبدولکەریم قاسم، تاکڕەو 1963.

شەوی 7 لەسەر 8، مانگی رەشەمەە، هەینی 1963، لە بەغدادبووین، لە ئوستانی ناسرییە لە تەك مامۆستا کوردەکان، گوێزراوەبوون، منیش بە دەستبەسەری ، مامۆستا سابیر ئەحمەد، سەعید مەلا کەریم، جیهان شاوەیس، ئەو شەوە لە ئوتێل شەهلا بووین، لە کاتی 8ی شەوەوە شەقامەکانی بەغداد، چۆڵوهۆڵ، کەسی پێوەنەبوو.. بۆنی خوێنی لێدەهات، وتم: کوڕینە با بڕۆینەوە بۆ ئوتێل.. کارەسات رەچاو دەکرێت.

بەیانی زوو هەستاین وتم: بابڕیۆین، تاکو نەقەوماوە، بەگوێیانکردم هاوڕێکانم، هاتینە گەراج، بەرەو ناسرییە هاتین، لەسەر بازگەی رەشید و پری دیالە، دەربازبووین... نزیکی عەزیزییە، شۆفێرەکە، رادیۆیکردەوە، لەپڕ بە دەنگی بەرز وتی: **قضينا على الطاغي – نسور الجو**.. وتیان رادیۆکە بگرە.. وتم: نەء.. هاوڕێیەکانم وتیان بگەڕێنەوە، وتم: نەخێر.

هەریەکەمان بچینەوە شوێنی خۆمان، ئێمە دەستبەسەرین.. رژێمی نوێ لەتەك سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلو 1961، کەوتە گفتوگۆ بەهۆی بەڕێزان، کاك فوئاد عارف، سەیدا ساڵح یوسفی بامڕنی، کەریم قەرەنی برام.

ئەو کاتە سەیدا ساڵح یوسفی، دەستبەسەربوو لە ناسرییە وەکو ئێمە.. ئەم هەواڵە لە وێستگەوە ڕاگەیەنرا، پرۆژەی لامەرکەزی هاتە کایەوە.

دوای ڕۆژونیوێ بەرگری ئەبدولکەریم قاسم لە شایارێتی بەرگری، خۆبەدەستدانەوەیو کوشتنی لە چیمەنی وێستگەکەدا، ئەو وتووێژە سەرینەگرت.

سەرهەنگ سدیق مستەفا کرا بە فەرمانداندەی سوپا لە سلێمانی، فەتحی سقللی کرا بە دادوەری سوپایی هەرێمی باکوور.. پۆستی بەرەوپشتی شاری سلێمانی قایمکرا.

لە بەرەبەیانی ڕۆژی 9 حوزەیران، بە بڵندگۆ جاڕی قەدەغەی هاتووچۆدرا، تانکو زرێپۆش ئابلۆقەی شاریدا.. شاڵاو و هێرشی دڕندانە برایە سەر خێزانو خانەوادەو ئافرەتو منداڵ، پەلاماری، لاو و پیرۆ فەرمانبەرو کارمەندو دوکتۆرو کاسبکارو دادوەرو هەموو دانیشتوان درا، ڕاپێچی ناو زیلکران بەرەو تەویلەی سەربازخانە.. دووچاری برسێتی، تینوویەتی، هەڕەشەی مەرگ بوونەوە، تەویلەکان سیخناخکرا، 5 هەزار کەسی تێئاخنرا.. پتر لە 460 کەسیان لێکوشتن لە شیوی مەرگدا – وادی الموت، زیندەبەچاڵکران.

سەرهەنگ سدیق تەلەگرافیدا بە بەغداد وتی: 5 هەزار یاخیبوومگرتووە، فەرمانتان بەچییە؟.. ئەبدوڕەحمان عارف، سپاپودبوو، لە وەڵامدا، دەڵێ: دوایخە، چونکە سەرسامە لەوە کە لە ماوە یەکی زۆر کەمدا 5 هەزار چەکدار بەیدەستیکاتو بیانگرێ.. خودی خۆی دێتو، بارچاوەشێکی کورد لە تەکیدا و دەچنە لای گرتووەکان لە تەویلەکان.

یەکێك لەو گرتووانە بانگدەکاتو دەڵێ: تۆ چیت؟.. دەڵێ: کۆڵبەرم، دەڵێ کوا چەکت؟.. دەڵێ: نیمە، گوریسو پەتکم هەیە.

دووەم بانگدەکاتو دەڵێ: من پۆلیسم، پاسەوانبوومو گیراوم.

سێیەم دەڵێ: کارگێڕی گشتی پەروەردەم.

چوارەم دەڵێ دوکتۆرم.

پێنجەم دەڵێ دادوەرم .. بەمجۆرە..

سەدیق باندەکات، دەڵێ: کوا چەکیان؟ تاپڕێکو تەنها دەمانچەیەك گیرابوو. دەڵێ: ئەزمر گیراوە، ئاماژەی نەخشە دەکات، کوا زێوێی پیرەمەگرونت گرتوو؟ وەڵام نییە.

بەڵام کار لەکار ترازابوو، 5 سەد کەسی زیندەبەچاڵکردبوو..

هەروەها لە شاری کۆیە، بە فەرمانی تەها شەکرچی، دەیان کەس بە دنگەکانەوە – کۆڵەکەکان، تیرەبارانکران، لەوانە مامۆستا کەمال رەشید حەوێزی.

لە کەرکوك، گەڕەکی جەمهوری بە شۆفلۆ بیلدۆزەر تەختکرا.

لە 23 حوزەیراندا، بەهەشتیان – گەشمەردان، مارف بەرزنجی، حسێن بەرزنجی، کوڕانی شێخ ئەبدولکەریم قادر کەرەم، لەسێدارەدران.. نموونەی خەباتی میللیو هاوچەرخبوون.

منیش 6 ساڵ دەستبەسەریم کێشا لە ئوستانی ناسرییە، لە کەناری خوارووی زۆنگاوەکان، لە ئەلبوساڵح، ئیسلاح، کەحلا، قەلعەسوکەر، بە مووچەیەکی زۆر کەم، رۆژی 3 جار دەبوایە ئامادەبوومایە لە پۆلیسخانە.

لە هەولێر، بەدرەدین عەلی ئوستاندار، ئەویش لە وێرانکاریو گرتنو کوشتن درێخی نەکرد، چەپی لە خوێنرێژەکانیتر کەمتر نەبوو.

ژەنراڵ ئیحسان نوری پاشا، 1892 – 25 **ئادار** 1976:

لە خێڵی جەلالییە، بە بڕیاری کۆمەڵی خۆیبوون، لە یەکەم کۆنگرەدا 1927، بەپێی بڕگەی أ، ب، ج، ژەنراڵ ئیحسان نوری پاشا، دانرا بە فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارە شۆڕشگێڕەکانی چیای ئارارات، ئاڵای کورد لە پۆپە بڵندەکانیدا هەڵکرا.

ڕووداوەکانی ئارارات، لە رۆژنامەی کۆهستان، خاوەنی ئیسماعیل ئەردەڵان، بڵاویکردۆتەوە، ئەم رۆژنامەیە لە تەهران دەردەچوو، لە ساڵانی چلەکاندا..

ئەو دەمە بە کاری رامیاری، بەر لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، لە شارۆچکەی بۆکان لە خانەی قاسماغا ئێلخانیزادە، دیبوکری، بەیەکگەیشتووین.. لەم بوارەدا لەتەکیدا دواوم، لە شەوێکی مانگی ئاب 1945، کە بەرەو ئەمدیو دەگەڕامەوە.

دوای کزیو لاوازی شۆڕشی ئاگریداخ – ئارارات، دەرئەنجامی نەمانی ئازوخەو کەمبوونەوەی جەنگاوەران، بە ناچاری خۆیدا بەدەست رژێمی ئێرانەوە، چەرخی رەزاشا، بە دەستبەسەری مایەوە لە تەهران – تاران.

نامەی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان نارد دوای 14 گەلاوێژ 1958، وەڵامی ئەوتۆی نەدرایەوە، کە دەربارەی کۆمەکو دۆزی کورد بوو.

ئەم قارەمانە، بە نەداری، بە هەژاری، بە دەستبەسەری گوزەراندی، تەنانەت بەرگی شڕو کۆنی لەبەردابوو، پاڵتۆی بەسەردا لەبەردەکرد، بۆ ئەوەی دیار نەبێت.. شەوانە دەچووە دەرەڕێ لای دۆستو ئاشناکانی.. لە شەقامێکی تاران، ماتۆرسایکل لێیداو کۆتایی بە ژیانی ئەو کەڵەمێردە هێنا.. لە مەزارگەی بەهەشتی نێژراوە، بە بێناز، فەرامۆشکراوە، بێبایەخدانو ئەرزش، تەنها ژەنراڵ بارزانی نەمر بەسەریکردەوە، نمایندەی خۆی لە پرسەو ناشتنی ئامادەبوو.

د. ئەبدوسەتار تاهیر شەریف، دەڵێ: لە بتلیس 1892 هاتۆتە جیهانەوە، فەرماندەی شۆڕشی بۆتان بووە 1925، بانگەشەی یەکەم کۆماری کوردی کردووە، رووپێوی 960 کم2 .. لە ئەیلولی 1930 بە دەستبەسەری چۆتە تاران، لەوێ ماوەتەوە تاکو 25 ئاداری 1976، ماتۆرسایکل شێلای.. لە مەزارگەی بەهەشتی نێژراوە، گیانی بە بەهەشتی بەرین شادبێت.

جوگرافیای کوردستان – 1945 – 1958:

Geography is behind history

ئەگەر رەوابێو بڵێین، مێژوو بە راستی، سەرجەمو گردو کۆی جەمسەرەکانی چەرخو چاخو سەردەمی رابوردووبێت، بە کارەساتییەوە، بە کەڵەمێرانییەوە، بە رووداوەکانییەوە.. هەنووکەو ئیستەکەو سەردەمی نوێ، مەودای قووڵایی دەبەخشێت، بەو کارەساتانەو بەو رووداوانە، مەوداو لایەنو قوڵایی دووریش - رەهەند دەبەخشێت بە کەڵەمێردانی.

یاسای ویستی خەباتگێڕ و تێکۆشەر، رەنگرێژو دانەرو بەرهەمهێنەرە و رەوتو رێڕەوی مێژووە، بە کردارو پێکهێنانو پرۆسەوە.

لێکۆڵینەوەی جوگرافیایی، بە قووڵایی سەردەم، بە مەوداو لایەنی دووری - رەهەند چەرخەکەی، دەبێت بە جوگرافیای مێژوویی، کە لێکۆڵینەوەی جوگرافیایە بە 3 لایەنەکەیەوە.

شوێن ، کات ، مرۆڤ.

بریتییە لە 4 باسی بنەڕەتیو بوومی:

1- گۆڕانکاری زەویو ژیان، لەسەرهەڵدانیەوە ئەمە جیۆلۆجیای مێژوویی و زانای گۆڕانکاری چارەسەریاندەکات... خاك، نیشتمان، زەوی، شانۆی کارەساتە مێژووییەکانە، مێژوو، شانۆگەرییە، جوگرافیاش شانۆیە.

2- گۆڕانکاری شانۆی جوگرافیایی سەردەم، کە بریتیە لە لێکۆڵینەوەی چەرخی چوارەم، تاکو گەیشتۆتە سەر بارودۆخی سەردەم، لە رووی فیزیۆگرافیو ئاووباو کەشەوە.

3- لە سەرهەڵدانی مرۆڤەوە، لە جیهانی ئاژەڵییەوە لەو گۆڕانکارییەیدا، هەر مرۆڤ خۆی، دروستکەرو بنیاتنەری کەڵچەرو ژیارو شارستانی بووە.. هەر خۆی خاوەنی بڕیاری گۆڕانکارییەکەیە، تاکو ئیمرۆ و سبەینێش.

4- تێکەڵاوی چۆشو گونجاندنی مرۆڤ لەتەك ژینگەو دەڤەر بە بەرفراوانی واتاکانیەوە.

ئەمەیە شانۆگەریو شانۆ... هیچ جۆرە داستانو چیرۆکێك ناچێتە ناخی مێژووەوە، نەپساوەو نەبڕاوەو نە درێژخایانی کاتو چاخو چەرخو سەردەمەکەینابێت، بە مەبەستی روونکردنەوەی چێوە مێژووییەکە، بەگشتلایی، کە دەچێتە ناو ئەو بازنەو سنوورەوە، کە ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە، باوەش دەکات بە بوونو بوومدا، پەردەی لەسەر لادەداتو ئاشکرای دەکات.

جوگرافیا، پالپشتی مێژووە، کارەساتو ڕووداوی مێژووە، شانۆکەی خاکو ئاخو نیشتمانە، کە جوگرافیایە... مرۆڤ، ڕەگەزی سەرەکی، هۆکاری بنەڕەتییە، لە ناو ئەو هاوکێشەدا، کە جەمسەرێکی زەوییە و جەمسەرەکەیتری چاخو چەرخە.

ڕەگەزی بڕیاڕدەرو تەواوکەر، هەر مرۆڤ خۆیەتی، مێژوو بە تەنها، ناتەواوە، جوگرافیا تەواوکەریەتی، هەر ئەمەیە هۆی نووسینی جوگرافیای کوردستان، چونکە کێشەی سەرەکیو بنەڕەتی میللەتی کورد، پەرتکردنی خاکەکەیتی وەکو لەشێکی بێبالو قۆلو لاقو دەستو قاچی لێکراوە وایە، لەشێکی ناتەواوە خۆی لەسەر زەوی خلیسك بۆ ڕاناگیرێ، توانای وەستانی نییە لەسەر هەردووپێ، ڕاوەستاوبێت، ئەبێ بە هەر نرخێ بێت، تەقەلاو کۆشش بکرێت، بجەنگێین، خەباتبکەین بۆ یەکگرتنەوە، بۆ یەکخستنەوەی ئەندامانی ئەو لەشە ناتەواوەو دابڕاوە، بە مەبەستی یەکگرتنەوە، یەکیەتی.

بەو بڕواو بۆچوونە ئەم کارەم کردووە، 13 ساڵ بە پێ، گەڕان بە ناسنامەو پاسپۆرتی ساختەو درۆ گەڕاوم، قوڕو چڵپاوی گوندو دێهات نییە کە بە پاشەڵمدا هەڵنەپرژابێت، سەگی گوندێ نییە کە پێم نەوەڕیبێ، لە مزگەوتدا، نووستووم، دەریانکردووم، وتویانە تۆ دزی، تاوانبارکراوم، منیش نوێژمکردووە، وتوومە براکانم بە خودای مەزن پیاوی خراپو بەدکار نیم، بەیانی نوێژییان دەڕۆم.

لە 1945 – 1958، بۆ ئەمکارە گرنگە خۆم تەرخانکرد.

پەرتکردنی خاکی کوردستان، بەشکردنی، کێشەکەی ئاڵۆزکردووە، بە یەکگرتوو ڕەچاو ناکرێت، بە کەرتی گچکەو کەم دادەنرێت، سەوداو مامەڵەی نێودەوڵەتی هەر لەسەر ئەم بارە پەرتکراوەی، دێتەکایەوە، نەك وەکو لەشێکی

تەواو، بەڵکو وەکو مرۆڤێکی بێلاقو بێباڵو بێدەست، سەیر دەکرێت، کێشەکەش هەر بەو چاوە دەبینرێت، بۆیە، هەرواماوەتەوە، گەرەکە بەر لە هەموو، یەکگرتنەوە رەچاوبکەین، دروشمو ئامانجمان خۆییبوونو یەکبوون بێت، چونکە تاکو هەنوکە هەر کەرتوپەرتە، بۆچوونو تێرواندم بۆ ئەم یەکگرتنوو یەکبوونە، هۆی گەڕانمە بەدوای ئەم راستییەدا کە جوگرافیای کوردستانە، لە 1945 وە دەستم پێکردووە، تاکو 1958، هێڵی ئەتنی، نەتەوایەتی، ئەتنوگرافیم بە گەڕانی مەیدانی، خۆم، نەخشەم کێشاوە.. ئەم شوێنە خاکی کوردە، ئەو شوێنە کورد نین.. بەمجۆرە، ئەو ماوەیە، بە نەداریو دەربەدەری بە راونراوی.

هەر ئەم بارودۆخەو رۆزگارە ناهەموارە بووە بەهۆی ئەمکارەم، ئەگینا ئازایەتی خۆمنییەو دلاوەری خۆم نەبووە، بەڵکو قارەمانی، رۆزگاربووە، هەر چەرخو چاخو سەردەمو زەمەن قارەمانە.

کەڵەمێر و هۆزانڤانو نووسەر دێنێتە کایەوە.. هونەرە بۆ دیواری قورو قوتیلە و چراو لامپاو دیوارکۆ، کە زانای وەکو شێخ محەمەدی خاڵو نالیو مەحویو کوردیو سالمی پێگەیاندووە.

هەژاری، چەوساوەیی، نەداری، نەبوونی کە قانعی هۆزانڤانی گەیاندۆتە پلەو پایەی بڵند، نەمریو دلاوەریو قارەمانێتی ئەوەیە کە ئەو دەرفەتە لە کیسنەدرێت بە فیڕۆ نەڕوات.

سەردەم، چەرخو چاخ هەمیشە فەرمانڕەوان، شێخ مەحمودی نەمر نموونەیەکی بەرجەستەی، لە گۆڕەپاندا، بە چەند تفەنگێکی حسکەو جاملیزارو ژێرسافو مەعدەنو داداشو ماترلیۆ قەباغلی، لە جەنگی دەربەند بازیاندا، قارەمانبوو.

هەر هەمان شێخ مەحمودی نەمر، شاهی نشینی کورد، پیرەشێر.. ئوستاندار عومەر عەلی، بە پەلی سەربازو پۆلیس توانی شێخی نەمر بە قوڵبەستکراوی بیهێنێ، بە پێپیلکەی سەرادا بە کۆمەکۆمە، بە پشتی کۆمەوە، مۆرو واژووی ئامادەبوونو ئارابوون بکات.. ئەمەیە چەرخو زەمەن، نووشستی، نەهاتی رۆژگارە،

گەرەکە دۆستایەتی دوژمن بکەیت، هەر ئەم نەهاتییە، ئەم پەرتکردنە، کێشەی نێودەوڵەتی، لە ئاستی ئەم گرێکوێرەیەی گەلی کوردا، لە بەرانبەر ئەم تەلیسمەدا، هەروەکو خۆی ماوەتەوە.

بەم ئومێدە ئەمکارەمکردووە، کە ئەم جوگرافیایە بێت بە دەستووریاسا بۆ هەموو کوردو کوردستان بەو بڕوایە کە کوردستان یەکەو دوو نییە.. یەك میللەتیش هەیە، کە ئەوەش کوردە.. خاکەکەی یەکپارچەی جوگرافی لە یەکدانەبڕاوە، کەرتو پەرتنییە، گشتییە، لەسەر ئەم بنچینەیەش، سەوداو مامەڵەی لەسەر دەکرێت.. گشت، نەك کەرت... کێشەکە، یا گشتە، یا پەروەردەکەی نایەتە ئاراوە.

چـــار: What is to be done?

ئەرکی سەرەکی هەموو نەتەوەییو نیشتمانپەرستو کورد پەروەرێك ئەوەیە کە بجەنگێو خەباتبکات، لە تەقەلاکردنو کۆشش درێخی نەکات، بۆ بەدیهێنانی خواستی نەتەوەیی گۆشەگیریو کەنارەگیری پەڕبکاتو وەلاوەی بهێنێ، خود پەسەندی گۆربکات، شوێن ڕێبازو شەقامی شارێو گشتییەکە بکەوێت.

ئەم ئەرکە خۆی لە گوزارشتو دەربڕینێکدا دەبێتەوە، سووربوونە لەسەر رامیاری کوردایەتی هاوبەش، کاری رەسەنە بۆ یەکخستنی چالاکییە نیشتمانییەکان بۆ یەکێتی خەباتی رزگاریخواز لە هەموو کەرتەکانی کوردستاندا.

بوونی ڕێبازی رامیاری کوردایەتی هاوبەش، پێداویستی کاتیو هاوچەرخە، رامیارییەك کە هەموو کورد لە کەرتەکاندا، بگرێتەوە.

بۆ ئەم مەبەستە گرنگە پیرۆزە، کۆبوونەوەی گشتی گەرەکە، نوێنەری هەموو لایەکی تێدابێت.. بۆ رەنگرێژیو نەخشەکێشانی رامیارییەکی هاوبەش، ستراتیژییەکی هاوبەش، بە ویستی نەتەوەیی بە پەلە، هەموو لایەنەکان بگرێتەوە، بە ئارەزووی میللیو خواستنی نەتەوەیی میللەتی کورد، بۆ پێکهێنانی یەکیەتی نەتەوایەتی.

ئاشکراکردنی ئەم دروشمەی بۆ هەموو گەلانی جیهان سووربوون لەسەر ئەم خواستە، پیشاندانی ورەی بەهێزی میللەتی کوردە بۆ گەلانی دوورونزیك، بەجێهێنانی ئەرکو پێداویستییەکی نەتەوەییە، لەم بارودۆخەدا، لە رۆژگاری ئیمرۆدا.

بوونو رەسەنێتی ئەم ستراتیژییە هاوبەشە یەکگرتووە لەسەر بنەماو پایەگای پتەوو قایم، نەخشەکێشراو لە لایەن رەگەزە دڵسۆزەکانەوە، پێویستییەکی مێژووییەو هەر بوونە، رۆژگاری کوردستان، هاواری بۆ دەکات، گەرەکیەتی بۆ

دانانی ئەو ستراتیژییە یەکگرتووە و پەیڕەوی بکرێت، یەکەم خواستو دوا خواستە.

لایەنە رامیارییەکان، بەرپرسن بەرانبەر بەمە بۆ راڤەی ئەمە، بنوارە:

کوردستان و بزافی نیشتمانی کوردایەتی

سەلاح محەمەد سەعدولا،

چاپخانەی ئەهالی ، بەغداد، 1959.

کەواتە:

بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی،

بۆ یەکگرتن، بۆ رێکخستنی ریزەکانی گەل، بەمەبەستی یەکخستنی ستراتیژییەتی یەکگرتوو،

بۆ راگەیاندنی سەنتەری هاوبەش،

بۆ کوردستانیەتی پارتو کۆمەڵە رامیارییەکان،

ئەی برای کورد...

ئەوەی دەمانچە بە رابردووەوە بنێت،
دواڕۆژ تۆپی پێوە دەنێت.

ئەوەی کتێب هەتکبکات،
کتێب هەتکی دەکات.

گەلی بێکتێب، وەکو مرۆڤێکە چاوی بەستراوەتەوە،
تەماشای ئاوێنە دەکاتو خۆی نابینێ.

خودشکاندن، مەبەستێکە لەوە گرانترە کە
هەموو جیهان بە شیرو ئاگرو ئاسن داگیربکەیت.

غاندی

هەر بێشە گونانمەبە کە واڵاو خاڵییە
نەبادا پڵنگی خەوتووی تێدابێ.

بەدکار چ بەدییەکی دیوە لە چاکە، کە نایکا.

سەعدی

پیرۆزگە

ژیانی تەمەنی 11 مانگی کۆماری کوردستان لە مەهابادە.

یادی کۆماری میللی کوردستان لە مەهاباد – سابلاخ – ساوقبولاق – کانیسارد بە پێشەوایی قازی محەمەد، ئەو کۆمارەی کە ساڵێکی نەخایاند، مافی کۆمەڵو سنوورو چێوەی پەیوەندییەکانی دیاردەکرد.

یەکەم کابینەی تێدا دامەزرا، دوای فەرمانڕەوایی دەوڵەتو مەملەکەتی شێخ مەحمودی مەزن – حەفید، کە بریتیبووە لە:

حاجی بابا شێخ	سەرۆك
محەمەد حسێن خان – سەیفی قازی	شایاری بەرگری
مەناف کەریمی	شایاری فەرهەنگ – پەروەردە
سەید محەمەد ئەیوبییان	شایاری تە ندروستی
ئەبدوڕەحمان ئێڵخانیزادە	شایاری دەرەکی
ئیسماعیلاغا ئێڵخانیزادە	شایاری هاتووچۆ – گواستنەوە
ئەحمەد ئیلاهی	شایاری ئابووری
خەلیل خەسرەوی	شایاری کار
کەریم ئەحمەدیان	شایاری شارەوانیو پۆست
محەمەد ئەمین موعینی	شایاری ناوخۆ – ناوەکی
مەلا حسێن مەجدی	شایاری دادوەری
مەحمود وەلیزادە	شایاری کشتو چاندن

کۆماری کوردستان – 2 رێبەندان 1324 هەتاوی، رێکەوتی 1946/1/22 دامەزراوە.

لە 1946/12/15 شکستی هێناوەو کەوتووە رێکەوتی 10 فروردین – خاکەلێوە 1326 هەتاوی.

پێشەوا قازی محەمەد، لە کۆڕی چوارچرای شاری مەهاباد، لەسێدارەدراوە، لە 30 مارس 1947، لەتەک سەیفی قازی، حەمە حسێن خان، سەدری قازی، ئەبولقاسم، برای پێشەوا.

بابمێنێ یادی لە بیرو هزرو مێشکی هەر هەموو کورد و ئازادیخوازو رزگاریخوازی بەرێزدا[*]..

Karim Zand
هاوینی 1959

[*] پێداچوونەوەو پەسەند کردنی د. کامیل بەسیر.

لە ئەفسەران: عیزەت ئەبدولعەزیز ئامێدی، میرحاج ئەحمەد ئاکری، مستەفا خۆشناو، سەید عەزیز شەمزینی سەید ئەبدولا نەهری، جەلال ئەمین بەگ، نوری ئەحمەد تەها، بەکراغا ئەبدولکەریم حەوێزی، خەیرولا ئەبدولکەریم، محەمەد سالح زاژلی فەقێ محەمەد ماوەت، محەمەد مەحمود قودسی، ئەبدورەحمان مفتی.

بریکاری ئەفسەر: شەوکەت نەعمان ئامێدی لە نیشتمانپەرستو، سەرانی خێڵو رۆشنبیران، ژەنراڵ حەمە رەشید خان، زێرو بەهادر هەرکی میرزا سدیق، میرزا مەنگوڕی، پارێزەر هەمزە ئەبدولا، کەریم زەند، جەعفەر شێخ حسێن بەرزنجی، مەحمود ئەحمەد رەواندزی، محەمەد تۆفیق وردی، مەحمود مەجید، ئوسمان دانش شەریف، ئیسماعیل عارف، شێخ محەمەد ئەمین مەلحە، فایەق مەحمود، قانع، ئەنوەر ئەبدولا، وجدی محەمەد بەگ.

بێگومان، میللەت رۆڵەی دڵسۆزی خۆی لەبیرناکات، لە سەربازانو دڵسۆزانیتر.

مەلا عەلی سوسێ، کۆمەڵی هەقە، ئەحمەد ئیسماعیل، محەمەد ئەبدورەحمان، ئەبدولا سۆفی کەریم سەراج، ئەبدولا رەشید، عوسمان عەلی بەگ، مامۆستا ئەبدولقادر ئەحمەد هەولێری، مامۆستا جەمیل بەهادین ئامێدی، ئەسعەد عومەر، سالح زاخۆیی، سەعید فەرەج، شێخ عابد، مەغدید، لەتیف زەند، شێخ جەلال کاکەلاو، خۆیو 13 سەربازی هەلاتە، نامەی شێخ مەحمودی حەفیدی نەمریان هێنابوو.

شوێن:

شـــەقای مـــەهابادە.. کۆمـــەڵی جوێجـــویێ وەســـتاون.. چـــاوەڕوانی ڕەو و خۆپیشاندان دەکەن.. سێچوارێ لەتەکیەکدا وتووێژ دەکەن، بیروڕا بەم ڕۆژە پیرۆزە دەردەبڕن.

❁ خوێندکاری:

گـەلی کـورد لـە مێـژە، ڕازەی زانسـتو زانیـاری کـردووە، لـە چـەرخی زەردەشتەوە، لەسەردەمی مـاد – میـدەوە، لـە چاخی گۆڕانکاری کۆمەڵگـەی شـوانکارەییەوە بـۆ کۆمەڵگـەی کشتوچـاندنو چـێنگەو نیشـتەجێبوون.. بەڵگەش بۆ ئەوە زۆرە.. پاشەوارانی ئەشکەوتی شانەدەر لای بارزان، چەرمۆ – چـەرمگ.. قەڵاچـەرمەڵە لای چەمچـەماڵ، ئەشـکەوتی هـەزارمێردی سلێمانیو زەرزی و قزقاپانی سورداش.. کۆنترین مرۆڤـ، نیانـدەرتاڵ، تێیـدا ژیـاوە.. ئـەمڕۆ، کـە کۆمـاری میللـی خۆمانـدی، گەرەکـە زۆر کۆششـو تەقەلابدەین بۆ ڕازەی مەردوم.

❁ کـوردێکی هـەڵاتوو بـە قاچـێکی شـەلەوە، وەسـتاوە، دێتـە بـەردەم خوێندکارەکـەو دەڵـێ: شۆڕشـی شـێخ سـەعیدی پیرانـو شـێخ ئەبـدولقادری نەهری بەڵگەی خەباتمانە.. خۆشم لاقێکم لەسەر ئەمە داناوە.. ئەم کۆمارە ڕووناکی هەرهەموو کوردانە.

❁ کارگەرێك، دێتە پێشەوە و دەڵێ: ئێمـەش تـاکو هەنووکە چەوسـاوەبووین، بەڵام پەیدابوونی ئەم کۆمارە، دوارۆژێکی باشترو بەختەوەرمان دەبێت.

❁ جوتیارێك، دێتە بەرەوەو دەڵێ: تاکو ئیستەکە بەشخوراوبووین، ئا ئیستە، لە سایەی کۆماری دیموکراتییەوە بووین بە خاوەنی زەویوزار.

❁ نووسـەر و بوێـژێ دەڵـێ: ئیسـتەکە دەتـوانین بـە سەربەسـتی بنووسـینو بدوێین.

ڕەوی سەربازو دانیشتووان لە خوێندکارو فێرکارو کارگەرانو ئافرەتانو ڕێکخراوان تێدەپەڕێ، بە سروودی نیشتمانییەوە.. پێیشەوای مەزن، بە بەرگی سەربازییەوە سڵاوی گەل دەسێنێتەوە.

دوای تەواوبوونی ڕەوەکە، پێشەوا، وتارێکی پێشکەشکرد..

گوێگرانی بەڕێزو هێزا، جەوانانی بەهێز، سەرباز و پێشمەرگە قارەمانو دلێرەکان، سوپاسی بێپایان بۆ یەزدانی بەخشندەی میهرەبانو مەزن، کە ڕزگاربووین.. ئەم کۆمارەمان پێکهێنا، تاکو ئیستەکە لە مافی ڕەوای خۆمان بێبەریبووین، قوربانیمان زۆر داوە، مێژوومان خوێناوییە، بەڵام، شۆڕشی ئەمجارەمان بێخوێنڕشتن جێگیربوو.. شۆڕشی سپییە، یەکەم جارە لە مێژووی گەلەکەماندا بە بێخوێنڕشتن، سەرکەوتن وەگیرکەوێ.

ڕۆیشتنم بۆ تاران لەتەك حەمە حسێن خانو شایارانی ئازربیجاندا، وتووێژمکرد لەتەك سەرەك وەزیران ئوخست وەزیر – ئاغای قیوام سەڵتەنە، بە جۆرێکی وەها پێکهاتووین کە سوودبەخشە.. لە بەندو بڕگەکانی پەیمانی نێوانمان:

1- ئۆتۆنۆمی، خۆفەرمانی، کوردستان لە ناو میری ئێراندا، وەکو کۆماری ئازربیجان.

2- کشانەوەی سوپای ئێران لە هەموو دەڤەرو ناوچەکانی کوردستان.

وێڕای ئەمانەش، دەربارەی جەنگی مامەشەو قارەمانێتی بارزانیو ئەفسەری دلێر مستەفا خۆشناو، گەشمردە و بەهەشتی، خۆشەوێ.. دوای چەپڵە.. مژدەیەکی خۆشتر.. لەتەك ئازربیجانی میللیدا، پەیمانمان بەستووە لە ڕووی جەنگیو ڕامیاریو ئابوورییەوە... چەپڵە

شوێن:

بارەگای ژەنراڵ بارزانییە لە گوندی سەراو سەرچاوە.. سەرۆك بارزانی، لەتەك پۆدپۆلکۆنیك عیزەت ئەبدولعەزیزی فەرماندەی رۆخی سەقز، پۆدپۆلکۆنیك میرحاج ئەحمەد، دانیشتوون، پاسەوانێك بە چەکەوە لەبەر دەرکە وەستاوە، هەموو سەیری نەخشەی هێرشبردنە سەر شاری سەقز دەکەن..

سەرۆك بارزانی روو دەکاتە کاك عیزەتو میرحاج، دەڵێ: پۆستەکانی نزیکی شاری سەقز باش قایمبکەن.. ئامادەبن بۆ هێرش بۆ سەر سەقز..

کاك عیزەت: بەڵێ ئەزبەنی..

کاك میرحاج: هێرشێکی دەمەگازی گەرەکە بەرینە سەر سەقز لە 25٪ زیانبدەین، هەر سەرکەوتووین..

ئا لەم کاتەدا، کاك نوری ئەحمەد تەها، مایۆر، بە بەرگی ئەفسەرییەوە دێتو دەڵێ: تەورێز گیرا، دانیشتووان هەموو سەرسامبوون..

سەرۆك بارزانی: چۆن تەورێز گیرا؟..

مایۆر نوری: بەڵێ ئەزبەنی.. بڕیار وایە سوپای ئێران بە ناوی هەڵبژاردنی نماینده بۆ پەرلەمانی نوێ، بێتەوە بۆ شارەکان بۆ پاراستنی هێوریو هێمنی و ئاسایش.. بەم بیانووەوە، دێتەوە، هەر 2 کۆمارەکە لەناو دەبات.

سەرۆك بارزانی: لە مێژەوە ئەم بڕیارەم بیستووە، لەو کاتەوە کە سەرۆکی شایارانی ئێران، ئەحمەد قیوام سەڵتەنە، بە فڕۆکە چوو بۆ مۆسکو لەتەك ستالیندا رێکەوتن بۆ لەباربردنی کۆماری ئازربیجانو کوردستان، کردنی و دانانی بە کارێکی ناوخۆیی..

کاك میرحاج: بەڵێ ئەزبەنی، جەعفەر پێشەوەری، سەرکۆماری ئازربایجان، لەمە ئاگادارەو نیازی کشانەوەی هەیە.

کاك نوری، راست بێژی.

سەرۆك بارزانی: ئێمەش گەرەکە بکشێینەوە.

کاك میرحاج، روودەکاتە سەرۆك بارزانی، دەڵێ: چۆن بکشێینەوە؟

سەرۆك بارزانی: 2 سەد مێری جەنگاوەر بەرە لەتەك خۆت، ژەنرالْ عەزیمی سۆڤیەتی لە میاندواو ببینە، ئەو نەخشەتان بۆدادەنێت.. گەرەكە ساینقەلا بگرن، تاكو بەبێ زیان بكشێینەوە.

كاك میرحاج، كەریم زەند، شێخ محەمەد ئەمین مەلْحە بە دووسەد جەنگاوەرەوە، بەرەو شارۆچكەی بۆكان دێن، لە میاندواو، دەچنە سەربازگە، بە چۆلی دەیبینن، بڕیار دەدەن بچن بۆ مەهاباد.

شوێن:

شاری مەهابادە.. مەردووم، بە شەقامەكاندا دەڕۆن، بە خەماویو خەمگینی، ئالای كوردستان داگیراوە، كاك میرحاج، كەریم زەند، شێخ حەمەدەمین مەلْحە، دەچنە خزمەت پێشەوا، لە مالْەوە، لەبەرە بەیانو نوێژی بەیانیدا، لەتەكیدا دێن بۆ بارەگا.

پێشەوا ئاوڕدەداتەوە، فرمێسك بە هەردوو چاویدا دێتە خوارەوە، كە جەنگاوەران دەبینێ، هەنگاوی كورتو سست دەبێت.. دەچنە بارەگا، شێخ حەمە ئەمینی مەلْحە، كەسی دووەم دوای بەڕێز مامە رەزا، لە رێبازی هەقەدا، لەتەكیانە، پێشەوا لە شوێنی خۆی دادەنیشێو، رەوشبیران، كاك میرحاج، كەریم زەند، سەرانی خێلْ، لەو تەنگو چەلْەمەو گرژیو تەنگژەیەوە دەدوێن..

نوێنەری جوتیاران، دەچێتە لای پێشەواو دەلْێ: لەم بزاڤەدا، هەموومان بەشدارین، ئارمانجی دوورونزیكمانە، ژیانی ئابووریمان پێوە بەستراوە، من كە نمایندەی جوتیارانم، پەیماندەدەم كە هەرگیز لێت جیا نابینەوە.

پێشەوا: ئاشكرایە كە باوەڕم پێتانە، ئێوە زۆرینەن.

كارگەرێك، دێتە لای پێشەواو دەلْێ: ئێمەش وەكو برا جوتیارەكان، شانبەشانی یەكتر، ئامادەین بۆ خۆبەختكردن لەرێی رزگاریدا.

پێشەوا: خۆبەختکردن، لە ئێوە دوورنییە، چونکە پێڕەو و پرۆگرامی پارتی پێشڕەوی کوردستان بۆ راژەی کارگەرانو جوتیارانو خوێندکارانو ئەرککێشو بەشخوراوو زەحمەتکێشانە.. هەر ئەم پارتییەیە، کە نوێنەری راستەقینەی میللەتە..

میرحاج: بەڕێز پێشەوا، فەرمانت بەچییە؟

پێشەوا: ئێوە منتان دانابوو بە پێشەوا، بەڵام، ئیستەکە، ئێوە پێشەوای منن، من سەربازی ئێوەم.

کاك میرحاج، بە سرپە پێیوتم: هەستە بڕۆین، بەرەو سەردەشت، بۆ خڕکردنەوەو ئاگادارکردنی پۆستەکان.. شێخ حەمە ئەمین مەڵحە، لەتەکماندایە.

پێشەوا هەر لە بارەگایە، دەستەدەستە، ئەفسەرو سەرانی خێڵ دەچنەلای، وتووێژدەکەن بۆ چارەسەری کارەساتو رووداو.

سەرۆکی خێڵێك: ئێمەش ئامادەین بۆ بەرگی لە خاکو زەوی خۆمانو بابو باپیرانو باوانمان.

دوای لێکۆڵینەوە، ئەنجومەنو کۆمای جەنگ پێکهات.. باری جیهانو تواناو دەستەڵات رەچاوگیرا، بە تایبەتی هەڵوێستی سۆڤیەت، کە ناتوانێ یارمەتی بداتو کۆمەك بکات، لەتەك ئێران رێکەوتوون، کە ئەم کێشەوگرفتە، بە بارێکی ناوخۆیی دانراوە.

3 رۆژی تەواوی خایاند ئەم راوێژە.

سەرۆك بارزانی دێتە لای پێشەوا.. پێشەوا لەبەری هەڵدەستێ، بە گەرمی لەتەك یەکدا دەدوێن.

سەرۆك بارزانی، روودەکاتە پێشەواو دەڵێ: چی بکەین؟

پێشەوا: بڕیارمداوە لە میللەتو نەتەوەی خۆم دوورنەکومەوە، لە خۆشیدا لە تەیکاندابووم، لە ناخۆشیشدا هەر لەتەکیاندام... جەعفەر پێشەوەری، بروسکەو تەلەگرافی بۆ ناردووم، کە بکشێمەوە بەرەو سنووری سۆڤیەت.. بەڵام گەرەکە من لەم خاکە دانەبڕێمو تێیدا بنێژرێم.

سەرۆك بارزانی: ئێمە ناتوانین خۆمان راگیرکەین، کاتێك دوژمن دێتە ناو شارەکانی کوردستانەوە، لەبەر ئەوە، دراوو چەك، چیهەیە بۆ ئێوە، کە دەجەنگێن بۆ هاتنەدی خواستو ویستی گەلی کورد.

پێشەوا: زۆر بەجێیە، بچن دراوو چەك چیهەیە لە گەنجینە وەریبگرن، وا ئالای خەباتو تێکۆشانی دانەبڕاوو درێژ خایانم بە بارنتە دایە دەستان، دەستی پیرۆزی سەرۆك بارزانی، لە پێشینەوە بۆ پاشینە، بتمانەی میللەتن.

سەرۆك بارزانی: وا دیارە هەر لەسەر بڕیاری خۆتان شێرگیرن؟

پێشەوا: بەڵێ، بەڵێنم بە میللەتداوەو، سوێندم خواردووە کە لە خۆشیوناخۆشیدا، لە تەکیاندا دەژیمو دەمرم، ئازارو زیان لەسەریان هەڵدەگرم.

سەرۆك بارزانی و پێشەوا، دەست دەخەنە ناو دەستی یەکەوە، جوێدەبنەوە.

سەرۆك بارزانی: هەر پێشەوامانی، مەزنا میللەتی.

پێشەوا: وا ئالای خەباتو شۆڕشی بێوچانی میللەتی کوردم بە بارنتە دایە دەستان، ئەی ژەنراڵ بارزانی قارەمانو دلاوەر، ئێوە بە راستی پێشەواو سەرۆکی گەلو نەتەوەی کوردن.. هەر بژین بۆ کورد، هەر بژین بۆ کوردستان..

شوێن:

دیوەخانی پاشاخانو قولیخانی سەرانی خێڵی قەرەپاپاخە لە شارۆچکەی نەغەدە.

قولیخان، لەتەك سەرهەنگ غەفاری و چەند ئەفسەرێکی ئێران دانیشتوون، وتووێژدەکەن، داوای سەرۆك بارزانیو خودانی بارزان شێخ ئەحمەد بارزانی دەکەن. لەم کاتەدا بەڕێز سەرۆك بارزانی دێتە ژوورەوە، هەموو لەبەری هەڵدەستن، خۆشهاتنی لێدەکەن.

سەرهەنگ غەفاری، رووەدەکاتە سەرۆك بارزانیو دەڵێ: من فرستادەی ئالا حەزرەت شاهەنشاهم، خودی شاهەنشا پەرۆشە بۆ خانەوادەی بارزانی، بە تایبەتی شێخ ئەحمەد بارزانی، گەرەکە بیبینم.

سەرۆك بارزانی: بەڵێ ئاغای غەفاری.. بانگدەکاتە حەسۆ، نامەیەك بۆ بەڕێز شێخ ئەحمەد بەڕێدەکەن، داوای هاتنی لێدەکەن.. حەسۆ دەڕوات بۆ شنۆ، نامەکە دەبات بۆ خودانی بارزان، بەڕێز شێخ ئەحمەد.

شەو کاتی نووستن دێتو بڵاوەی لێدەکەن.. بۆ شەوی دوایی، هەمان دیوەخانە، بەڕێز شێخ ئەحمەد دێت، هەموو لەبەری هەڵدەستن.

سەرهەنگ غەفاری: خۆشهاتی ئاغای شێخ ئەحمەد.. هەمایۆن شاهەنشا دەیەوێ، دەخوازێ نوێنەرتان بنێرن بۆ لای، لەو بڕوایەدایە کە بارزانیان خێڵێکی جەنگاوەرو قارەمانن، لەیەك ریشەو نەژادێکین.. فەرمان بفەرموون کە لەتەك بارزانیدا بەرەو تاران بچین.. هەر خواستێك هەبێت دەیگەیەنین بە بارەگای ئاغای نوخست وەزیر قیوام سەڵتەنەو سپاپۆد عەلی رەزمارا، فەرماندەی گشتی ئارتەش.

بەڕێز شێخ ئەحمەد: بارزانی، هەڕە لەتەکیدا.

بەڕێز سەرۆك بارزانی: ئەز بەنی بچم؟

شێخ ئەحمەد بارزانی: بەڵێ.

سەرۆك بارزانی لەتەك سەرهەنگ غەفاریو میرحاج ئەحمەدو عیزەت ئەبدولعەزیز و نوری ئەحمەد تەها، بەرەو تاران دەڕۆن.. 40 رۆژی خایاند، سەردانەکەیان.

دووبارە دیوەخانی سەرانی خێڵی قەرەپاپاخە لە نەغەدە.. کەریم زەند ئامادەی هەر هەموو کۆبوونەوەکانە، لەو دیوەخانەی شارۆچکەی نەغەدە.

هەر هەمان دیوەخانە، دوای گەڕانەوەی سەرۆك بارزانی لە تاران.. دیوەخانی پاشاخانو قولیخانە، سەرانی خێڵی قەرەپاپاخ.

سەرۆك بارزانی، لەتەك سەرهەنگ غەفاریو میرحاجو عیزەت ئەبدولعەزیزو نوری ئەحمەد تەهاو حەمە سالح زاژلێو جەلالی ئەمین بەگو گەلێکیتر لە ئەفسەرانو خەباتگێڕان، لەتەك چەند ئەفسەرێکی ئێران گفتوگۆ دەکەن.

سەرهەنگ غەفاری: سبەینێ هەنگی سوارە بەرەو نەغەدە دێت.

سەرۆك بارزانی: بەڵێ دەزانم ئاغای غەفاری.

سەرهەنگو ئەفسەرانی ئێران بڵاوەی لێدەکەن.. سەرۆك بارزانی لەتەك شێخ سلێمان بارزانی و ئەفسەرە کوردەکان، دەڕۆن بۆ پۆستی سلێمان بەگ، لەوێ راوێژدەکەن.

سەرۆك بارزانی: سبەینی 1700 سوارەی ئێران دێنە نەغەدە، تەگبیر چییە؟ دەبێ ئیمشەو بیبڕێنینەوە.

شێخ سلێمان: وا باشە نەغەدە بەجێبهێڵین بەروە سنووری رووسیا بڕۆین.

هەموو پەسەندیانکرد، کشانەوە بەجێیە..

کاك عیزەت ئەبدولعەزیز: ئەمە نەخشەیەکی سەربازییە، پشتمان گەرەکە قایمبێت.

بەو شەوە، دەڕۆنو خۆیان ئامادەدەکەن.

شوێن:

دادگای ئێرانە..پێشەوا، لە رکەی تاواندا وەستاوە، زنجیرو کۆتی لەپیدایە، پاڵتۆیەکی سەربازی، خاکی، لەبەردایە، مێزەری سپی بەسەرەوە.

سەرۆکی دادگا، روو دەکاتە پێشەواو دەڵێ: نامت.

پێشەوا: قازی محەمەد.

سەرۆکی دادگا: کارت.

پێشەوا: رابەری پارتی دیموکراتی کوردستان.

سەرۆکی دادگا: تۆ، رەهبەری پارتی دیموکراتی نیت. تۆ، کوڕەی مەحمودیانی بازرگانی مەهابادیت.

پێشەوا: ببەخشە، من کوڕەی دوژمنانی گەلی کوردم.

سەرۆکی دادگا، روو دەکاتە نمایندەی گشتی دەڵێ بفەرموو.

نمایندەی گشتی: گوێگرانی هێژا، رەنگە نەزانن چۆن خودفەرمانی کوردستان پێکهات، پێش دامەزراندنی کۆمەڵە، بێزاری مەردوومی مەهاباد، بە تایبەتی قازی محەممەد، لە رەفتارو کردەوەی فەرمانداریکی ناپەسەند.. دەستکرا بە دامەزراندنی پێکهاتەو بناغەی ئەم مەبەستە، دوای راوێژو دیتنی ئاژاوەگێڕان، چوونی قازی محەممەد بۆ تاران، گوێنەگرتنی میری لە خواستو سکاڵای دانیشتوان، گەڕانەوەیان بە بێسوودی، لەم هەڵوێستەی میری، رقیان هەستاو راکردوو، بێکارە، کۆبوونەوە، پەلاماری فەرمانداریانداو لایانبرد، بە کۆمەکی بێگانە — بیانی، نەخشەی خودموختاری کوردستان کێشراو قازی محەممەد ئەم ئاگاهیەیدا، لە شاری مەهاباد.

رۆژ بە دوای رۆژ، پەرەیانسەند، چەکو جبەخانەو ئازوخەیان لە بیانی وەرگرت، لە پردی سوورەوە لە رۆژی 2 مانگی بەهمەن، رێبەندان 1324، هەتاوی، رێکەوتی 22 ک2 1946، قازی محەممەدو سەرانی خێڵو سەرۆك بارزانی بانگکرد بۆ شاری مەهاباد، بانگی دامەزراندنی کۆماری میللی کوردستاندرا و ئالایان هەڵکرد لە 26 ک2 1946، شاهەنشاهێتی نیگەرانبوو بە سازکردنی ئەم گەردانە، بەڵام کوردان، نیشتمانپەرستوو پەیوەندن بەم خاکەوە، لە بیانی دوور دەکەونەوە.. هەموو شاهنامە دەخوێننەوە، لەبەر ئەوە داوا کارم لە دادگای سوپای دلێری ئێران کە فەرمانبدا بە بڕینی سەری قازی ناپاکی بەکرێگیراو، پابەندە بێت خاکی ئێران... زیندووبێت باڵا بەرێز همایۆنی شاهەنشا.. بمرن نیشتمانفرۆشان.

پێشەوا، بو هیچ جۆرێك، دان بەم دادگایەدا نانیم، چونکە دادگایەکی رووکەشە.. ماوەمبدەن، کە گومڕایی نمایندەی گشتی دەربخەم.

سەرۆکی دادگا: هیچ مافی دادکۆکییت نییە، تۆ تاوانباریت.

سەرۆکی دادگا، فەرماندەدات بە بردنی پێشەوا... پێشەوا، دەچێتە دەرەوە، ئەندامانی دادگا راوێژ دەکەن، پاش نەختێ، پێشەوا دێتەوە ناو رکەی تاوان، سەرۆکی دادگا.. فەرمانی خنکاندنی دەخوێنێتەوە..

سەرۆکی دادگا: بە نامو مۆری باڵا بەڕێز شاهەنشا همایۆنی دادگای سوپای دلێری ئێران لە رۆژی دوو شەممە خاکەلێوە، 10 فروردین 1326 هەتاوی، فەرمانیدا بە خنکاندنی ناپاکی کیشوەری شاهەنشاهی، قازی محەمەد، لەبەر ئەوەی هەلگەڕاندنەوەو ئاژاوەیەکەوە، کە بووە بەهۆی کوشتنی مەحمودیانی بازرگانی مەهابادی.. با پیرۆز بێت ئەم فەرمانە.

ئەندامانی دادگا، هەموو چەپڵەی بۆ لێدەدەن.

پێشەوا، بە زەردەخەنەوە وتی: لەباتی پەیکەرم بۆ بکەن، دەمخنکێنن!.

شوێن:

مەیدانی چوارچرا.. کازیوەو بەرەبەیانی 10 فروردین، خاکەلێوە، 1326، ڕێکەوتی 30 مارس، مارت، 1947.

کۆڕی خنکاندنە، یەکەیەکە ریزکراون، بۆ پای سێدارە... جەندرمەو ساڤاکو پاسدار و سەرباز، ئابڵۆقەی مەیدانو خیابانو کووچەی شاری مەهابادی خامۆشیداوە:

1- پێشەوا دەچێتە بەرسیدارە، فەرمووی: توانیتان پێشمەگەیەکی کورد، بخنکێنن، بەڵام ناتوان، هەزارەها پێشمەرگەی کورد بخنکێنن.

2- محەمەد حسێن خان، سەیفی قازی، خۆی هاتە بەردەمی سێدارە، کڵاوی رەشیانکرد بەسەریدا، ملیانکرد بە پەتاو پەتەکە پسا، لەمکاتەدا دەڵێ: رژێمی رزیوی ئێران وەکو ئەم پەتە رزیوەیە، هێزی میللەت، دامودەزگای ناپاك لێك هەڵدەوەشێنێ.

3- سەدری قازی – ئەبولقاسم، دەیخنکێنن، بێئەوەی هیچ وتەیکی هەبێت.

4- ئەحمەدخان خەلیل خان فاروقی – سالار، فەیزوڵا بەگی، دێتە پێشەوەو دەڵێ: خۆم باڵانشینو دوژمنان لەژێر پێمدا دەبینم.

ئەوانیتریش، هەموو فەرمانیان لەملایە، سێ سێ دەیانهێننە سەر سێدارە، دەیانخنکێنن... تەرمەکانیان دەگوێزنەوە.

ناوەکانیان:

عەلی بەگ شێرزاد، رەوشنفکر، رەسوڵ نەغەدی، حەمید مازوچی، محەمەد نازمی، عەلی جەوەانمەردی، شێخ ئەمین ئەسعەدی، عەلی فاتمی قەلەندەر، ئەبدولاخانی داشالوجە، محەمەد دانیشوەر، ئەحمەد شەجیعی، شێخ سدیق ئەسعەدی، حسێن کانینیاز، محەمەد ئەمین باخلوجە، رەسوڵ مەحمودی.

کۆ = 19 گەشمردە – شامێر.

۞ تەنها پێشەواو سەیفو سەدر لە چوارچرای مەهاباد، لەسێدارە دراون.. ئەوانیتر لە بۆکان، لە سەر چالاوەکە کراون بەسێدارەدا

ولیام ئیگلتن ئەڵێ:

سێ ئەستێرە، حەمید مازوچی، دوو ئەستێرە، محەمەد نازمی، رەسوڵ نەغەی، ئەبدولا رۆشنفکر / لە شاری مەهاباد، لە سێدارە دران.

عەلیخان شێرزاد، مایۆر لە بۆکان لەسیدارە درا.

نووسراوی کۆماری مەهاباد.

نووسینی ولیام ئیگلتن – کور

و. جەرجیس فەتحولا – پارێزەر.

چاپی بێروت – ل 213.

شوێن:

چیای گادەرە، دوژمن ئابلۆقەیداوە لە هەموولاوە.

شۆڕشگێڕان، بارزانیو خێزانیان، شەوانە ئاگر دەکەنەوە، بە گوێنوی کوێستان.

ڕۆژانە، گەنم دەبرژێنن، دەیکەن بە برێشکە، لەبەر بێخۆراکی.

بەڕێز، شێخ ئەحمەد، نامەیەك، وەردەگرێت لەلایەن عەلی حیجازییەوە، لە بارەی وەرگرتنی خێزانی بارزانیان، بەپێی بەڵێنی میری شاهانەی لەناوچوو، دامودەزگای سەعیدی.. سەرۆك بارزانی، لەولاوە وەستاوە.

کاك عیزەت، جودادەبێتەوە، دەڵێ: ئەزبەنی، گەردنم ئازادکە، نەبادا یەکتر نەبینینەوە.

سەرۆك بارزان، بە گەرمییەوە: ئەسپەردەی یەزدانبن.

لەولاوە، مستەفا خۆشناو، خۆیدەدات بەدەستەوە.

خەیروڵا ئەبدولکەریم، بە نەخۆشی دەیهێنن.

محەمەد قودسی، لە لایەکی ترەوە دەگیرێت.

جەلال ئەمین بەگ، دەگرنو دەیبەن بۆ تاران.

محەمەد ساڵح ژاژڵی، بە بریندار دەیهێنن.

ڕەوشنبیران، دەچنە لای سەرۆك بارزانی، پرسیپێدەکەن.

محەمەد تۆفیق وردی، کەریم زەند، تیماری بریندارانەدەکەن.

جەمیل بەهادین لەتەك خێزانی بارزانیان، خودانی بارزان، محەمەد خالید، بەروە خێوەتگەی خرینە دێن.

محەمەداغا میرگەسووری شیروانی، پرد دەبەستێ لەسەر چۆمی گادەر.

10 ڕۆژ دەگوزەرێ.

سەرۆك بارزانی بە 750 جەنگاوەرەوە، دەرباز دەبن، دێنەوە بۆ لای چیای شیرین پشتی بارزان، لە پاسگەی ئەوبەرەوە، نانو تێشووی مانگێك فەراهەم دێنن،

خۆئامادە دەکەن، ملی ڕێ دەگرن بەرەو رووسیا، لەسەر رۆباری ئاراس بەرگریدەشکێنن، کۆڕەوی مەزنو جەنگی پارتیزانی، دەچنە ناو خاکی رووسیاوە.

مستۆی مەیرۆزی، مامەند مەسیح، حەمەدەمین میرخان، یەکەمجار دەپەڕنەوە، گەمێی سۆفیەتی باوەشیان بۆ گرتنەوە، خرانە ناو کەرەنتینەوە، دوای چەند رۆژێك ، وەرگیرانو بلاوکرانەوە بە کۆمارەکانی کاوکاسو ئاسیای ناوەندا.

شوێن:

زیندانی قزلقەلای ئێرانە.. پاسەوانو چەکدار لەبەردەمیدا وەستاوە، یەکەیەکە خەباتگێڕان دەهێنن ، ئازاریان دەدەن.

عەزیز یوسفی	تەمەنی 35 ساڵە
غەنی بلوریان	تەمەنی 36 ساڵە
شەریعەتی	تەمەنی 37 ساڵە
د. مەولەوی	تەمەنی 35 ساڵە
حەسەن رستگاری	تەمەنی 25 ساڵە

شوێن:

زیندانی مەڵبەندی بەغداد ... ژووری خنکاندنە.

ئەفسەرە قارەمانەکان:

1- مستەفا خۆشناو

2- عیزەت ئەبدولعەزیز.

3- خەیروڵا ئەبدولکەریم.

4- محەمەد قودسی مەحمود.

بە بەرگی زیندانییەوە، بە کۆتو زنجیرەوە، دانیشتوون، فەرمانی خنکاندنیان پێڕادەگەیەنن.

ئەوانیش خەریکی نووسینی ئامۆژگارین و مۆرو واژۆی دەکەن.

یەکەیەکە دەیانهێننە بەر پای سێدارە، ملیان دەکەن بە پەتدا..

19 حوزەیران، 1947.

نامەی شانازی:

18 حوزەیران، 1947.

لە شەهیدانی ڕێگەی نیشتمانییەوە، بۆ برایانی میللەتی کوردی خۆشەویست.

برایان،

لە ژیانی ژێردەستەیی تەنیا 14 چواردە سەعاتمان ماوە بۆ پەتی ئیستعمار. دەگەینە دنیای ئازادی و گیانمان دەگاتە گیانی پاکی شوهەدای ڕێگای نیشتمان.

برایان،

خۆمان زۆر بە بەختیار دەزانین کە بەرانبەر واجبی میللی، هیچ دوانەکەوتووین، تەنیا نەسیحەتی ئێمە ئەوەیە، کە لاوانو نیشتمانپەروەرانی کورد،

نوکرانی زات بکەن بە نیشانە، یەکیەتی بکەن بە ڕێڕەوی خۆیان بۆ شکاندنی تەوقی ئیستعمار و ڕزگارکردنی هەموو میللەتێکی مەزلۆم، بێجیاوازی.

برایان،

دوژمنی جەهالەتبن بە هەموو تواناتانەوە، شەڕی جەهالەتبکەن و دوای جەهالەت مەکەون.. ئێمە نیشانەی تێکۆشانی میللی میللەتی کوردین لە ساڵی 1947 دا.

برایان،

هاتنمانە بەر سێدارە لە بێدەستەڵاتیو سێودووکردنەوە نەبوو، بۆ تێکۆشان.. بەڵکو هەر وەکو سەربازێکی ئازا تاکو ئاخرین توانا هەوڵماندا، گەیشتینە ئەم نەتیجەیە.

ئیدی:

بۆ یەکیەتی ... بۆ ئازادی ... بژی کوردو کوردستان.

ئیمزا

خیروڵا ئەبدولکەریم　　مستەفا خۆشناو　　عیزەت ئەبدولعەزیز　　محمد محمود

من أرشيف كريم زەند

خانقين:

أرتميتا – في ثبت الغابرات.

خانقين:

عاصمة اقليم گەرمەسێر و حاضرتها، وريثة دولة كاردونياش – خانقين – خانكەيان – مدينة السلاطين – أرتميتا – مدينة البساتين و البطولة.. بقايا كاشۆ – كۆشۆ – كاساى – أحفاد الكاشيين و العيلاميين، رابطة حمرين – هامرين ، بخانقين همدان.

خانقين – المدينة الكوردية السباقة و التي تمرّ لتطوى صفحات الزمن الماضي و تفتح صفحات الحال لتستقبل الدراسة الكوردية في أحشائها و بين ضلوعها و لأول مرة في تأريخها، تفتح أول دورة للغة الكوردية و فروعها، و ذلك بدعوة من اتحاد معلميها و استجابة إتحاد معلمي السليمانية و إدارتها لها و التي كانت متكونة من السادة الأستاذ المدير العام للتربية السيد سامى حسين ناظم و المناضل الدكتور كمال خوشناو و الأستاذ كمال محمد امين و مدرس اللغة السيد الملا نورى عبدالله والسكرتير المخول بصلاحيات الإتحاد كافة، الرحالة، كريم زەند، حيث جرى التنسيق بين تينك الجهتين في السليمانية و خانقين و اكتسبت قوة الدفع و الدعم من أبناء خانقين البارين من أمثال محمود زهاوى و المدرس عدنان مايخان واسماعيل كرم و السيد حسين كورده.

و استنادا لبرقية وزارة التربية – مديرية الشؤون الفنية العامة - مديرية التدريب والمرقمة 380 و المؤرخة 1970/8/1 و الأمر الصادر من المديرية العامة للتربية في السليمانية المرقم 11942/41 في 1970/8/13، عقب التطوع التلقائي

و الذاتي من لدن السادة كريم زهند، مدير تطبيقات دار المعلمين و المدرس اللغوي محمد عبده أمين و المدرس فؤاد رؤوف صراف و السيد شيركۆ احمد شوقي معلم مدرسة تطبيقات دار المعلمين و الاختصاصي في تدريس الألفباء للصف الأول الابتدائي.

فتوجهوا اثر صدور الأمر الى مدينة بعقوبة، مركز محافظة ديالى – دێيەلە، تصغير القرية و دێى لاله – قرية العم، تلك الكلمة المشتقة من اصل اللغة الكوردية. و حضروا ديوان المديرية صباح يوم 1970/8/15 متجشما عناء السفر و العبء على حساب خواء جيوبهم الخاصة و عدم التقيد بأي شرط كان و سجلت مباشرتهم بالأمر المرقم 46 في 1970/8/20 و عيّن السيد جاويد سعيد باجلان مديراً للدورة، حيث فتحت يوم 1970/8/15، و المساهمون كانوا عددهم يربو على الثمانين، ضمت المدرسين و المدرسات و المعلمين و المعلمات و استقبلت بحفاوة بالغة من لدن المشاركين و المشاركات، سيّما شعب خانقين عامة إلتزاماً بالتقاليد الكوردية الأصيلة و الكريمة بخصوص الاستضافة و إكرام الضيف، فخصص مبيتهم في بناية إتحاد المعلمين و التزم كل من اعضاء المساهمين تباعاً بصدد اطعام وجبة غذائهم يومياً على مدار أيام الدورة طوال اكثر من شهر و نصف.

فكانوا مثالاً رائعاً و نموذجياً في ذياك المضمار، و قد حضر الافتتاح المشرف التربوي الاستاذ عبدالرحيم جلال و رئيس وحدة التدريب المشرف السيد على حيدر و من ثمة باشر المحاضرون بالقاء محاضراتهم وفق الاختصاص و التي صبت على أصول تدريس فروع اللغة الكورية على ضوء التربية الحديثة و ختمت الدورة بقيام أعضائها بسفرة جماعية الى مصيف سرتك و دربند بێلوله و من ثمة اجراء امتحان و إختبار شامل، فمنهم من كانوا مثالاً في الدوام و المواظبة و الاهتمام و نالوا الدرجة الممتازة و هم:

الاسم		الدرجة	
1-	الاستاذ المدرس مجيد ابراهيم رضا	96	ست و تسعون
2-	السيد محمد صالح جاف	96	ست و تسعون
3-	الست فاطمة على عباس	96	خمس و تسعون
4-	المدرسة گوڵباخ ابراهيم	94	أربع و تسعون
5-	السيد صالح مهدى صالح	94	اربع و تسعون
6-	السيد محمد كريم احمد	94	اربع و تسعون
7-	الخريجة، شكرية حسن	94	اربع و تسعون
8-	الست مليحة كريم رشيد	94	اربع و تسعون
9-	السيد ابراهمي على محمود	94	اربع و تسعون
10-	السيد محمد نورى فرج	93	ثلاث و تسعون
11-	السيد ابراهمي كريم	93	ثلاث و تسعون
12-	الست مريم محمد رسول جاف	93	ثلاث و تسعون
13-	الست صبيحة عبدالله	93	ثلاث و تسعون
14-	الست بديعة حسن	91	واحد و تسعون
15-	الست پروين عاكف باجلان	91	واحد و تسعون
16-	الست ماجدة عبدالله زهاوى	90	تسعون
17-	السيد محمد جمعة	90	تسعون
18-	السيد رحيم غيدان	90	تسعون
19-	السيد عبدالرحمن خليل	90	تسعون

مع الشكر الجزيل لأبناء خانقين الكرماء.

بلادى و إن جارت عليّ عزيزةٌ
أهلى و إن شــــحّوا عليّ كرامٌ

الحياة موت و الموت حياة

العوائق و العقبات و العوارض في

سبيل تكوين الدوة الكوردية

الأمة الكوردية المنسية في كوردستان و الكائنة في شرق تركيا و غرب إيران و شمال و الشمال الشرقي من العراق المصطنع و القطاعين الداخليين في كل من الجمهورية السورية و روسيا الفيدرالية، الدول المستقلة و التي تقدر نفوسها بـ 40 مليون نسمة و متصفة بخصائص الأمة، بما لديها من لغة مشتركة و أرض مشتركة وحياة إقتصادية مشتركة و تكوين نفسى مشترك يجد له تعبيرا في الثقافة المشتركة.

هذه الأمة المجزأة، ستحرر أجزائها من الحكم التركي المرهب و الجبروت الفارسي و الشوفينية العنصرية العربية و الاسلامية المنحرفة و ستنال تقرير مصيرها رغم تعرض أجزائها كل على حدة لأبشع الحملات البربرية الهادفة الى محوها من الوجود و حذف اسم الكورد و الكوردستان و منع لغتها و ترحيل الآلاف منهم و تهجيرهم وفق سياسة التتريك و التعريب و التبعيث و الانفال و الإبادة حسب خطط جهنمية في اطار الجينوسايد و الافناء بالأسلحة الكيمياوية والبيولوجية والدمار الشامل في ظل التعتيم الاعلامي و غمس و طمس و رمس أصالة عدالة مسألتهم و تشويه حق تقرير مصيرهم عبر الحقب و فقدان حقوقهم القومية حتى لدى إخوانهم المسلمين و هم مستضعفون.. هذه الأمة التي سكنت جبال زاگرۆز – مولد الشمس و أمها آرارات منذ العصور الغابرة و الموغلة في القدم وحتى يومنا هذا و اسست دولاً و إمارات مستقلة كدولة ئيلام التي تأسست في مدينة شوشه و حكومة لولوم في مدينة زهاو و حكومة كاشو – كاسای – گەڒی – الجبلي في ئاگرگف – عقرقوف 1760 – 1746 ق.م. و حكومة الميتانى – الميداني وشعبها هورى – خۆرى و حكومة سۆبارى – زيبارى التي حكمت من أعالى نهر الفرات حتى

مدينة كركوك – آربخا و أطرافها و حكومة خالدى حكمت منطقة بحيرة فان وحكومة نايرى – نهرى التي حاربت الآشوريين مراراً و دامت حتى 629 ق.م. وظهور الامبراطورية الميدية 701 ق.م. و ملكها الأول ديوسيس – كيقباد و اتفقوا مع حاكم بابل نبوبلاسر 615 ق.م و هجما على بلاد آشور و أستوليا على عاصمتهم القديمة شرگات 612 ق.م. و فتحها عنوة و انتحار ملكهم سينشار شكوم مع أهلة و أتباعه إحتراقاً بالنار و سحب كي أخسار معه أسرى الآشوريين و وزعهم في البلاد و انقرضت دولة الآشور تماماً.

عقب وفاة أسكندر تجزأت الدولة فتأسست دولة السلوكيين في كوردستان الجنوبية و عاشت زهاء 200 سنة، ثم تأسست دولة الپارت الأشكانى و حكمت كوردستان و هربت جيوشها و انهزمت أمام جيوش القيصر نيرون، فأصبحت كوردستان تحت نير دولة روما 115 م و انقرضت دولة الپارت على يد أردشير بابەك 424 م و تأسست الدولة الساسانية الكوردية و كانت الحروب بينهم و بين الروم سجالاً حتى عام 639م، حيث دخلت كوردستان في حوزة المسلمين عقب واقعة القادسية و قتل ملكها يزدگورد الثالث و من ثمة تشكلت الأمارت الكوردية هنا وهناك مستقلة و شبه مستقلة حتى 1513، واقعة چالّديران حيث تجزأت واقتطعت أرض كوردستان بين تركيا العثمانية و ايران الصفوية عنوة و اغتصاباً والوازع المذهبي له دوره و أثره في هذا المضمار و العقبات تنحصر في محورين أساسيين، الخارجية و الداخلية.

العوامل الخارجية:

1- التجزأة و الاقتطاع و التقسيم الذي يعاني الشعب الكوردي منه منذ سقوط دولة الميد و حتى ساعة ترقين هذه الأسطر.[*]

2- حالة العزلة نتيجة التقسيم و الاقتطاع و عامل الجيوبوليتيك و الجغرافي و الموقع و تباعد أرض كوردستان من البحار و لو انها تصل الى أعماق حوض أسكندرونة من الشمال الغربي و الى موانئ الخليج من الجنوب الشرقي و ذلك بسبب الاحتلال و سيطرة الدول الإقليمية.

لە تورکیا، هەروەکو ئیراق، رژێمی دەستەڵاتدار تەقەلای سڕینەوەی ناسنامەی گەلی کوردە.. راگوێزانی هەرێمی قەهرەمان مراس، دەفەرانی سوپا، بە بیانوی راونانی پاخیگەران، گوندەکان رادەگوێزن، لێدانو گرتنی لاوانی کورد، ئازارو ئەشکەنجە، لە کاتێکدا کە تورکیا، داوای وەرگرتنی دەکات بۆ چوونە ناو بازاڕی هاوبەشی ئەورووپاوە.

بەڵام تورکیا بەم کارە دڕندانەو توندو تیژییەی هەرگیز وەرناگیرێت، هەتا بەم شێوە دڕندەییە لەتەك کەمینەی بێچەکدا هەڵسووکەوت بکات، کە تاوانیان تەنها ئەوەیە کە کوردن، لەو نەتەوەیە نین.

لە هەفتەی رابووردوودا، کوردێکی پەنابەر، لە بەریتانیا خۆی سووتان، بۆ ئەوەی نەدرێتەوە بە توریکاو یەکێکیتریش، لە خەستەخانە مایەوە لە مەترسیدا.

هەر لەسەر مافی مرۆ و ناسنامەی رۆشنبیری کورد دەدوێین، 2 رۆژیتریش بە ئومیدی بڕیاردانی گشتی بە گەرم کە کورد بمێنێتەوە وەکو ئەمە کە لە مەترسیدایە.

هەندێ کاروبار هەیە، پێداویستی بە یەکخستن هەیە بە وردی کە باسێك بخرێتە بەردەم لیژنەیەکی رشتەیی – لکێ، مافی مرۆ لە UN، لە جنیف، سویسرە، بەڵکو پیلانێکی ترسناکو سامناك هەیە لە نێوانی سەرانی چەند وڵاتێك، بۆ قڕانی گەلی کورد بە بیانووی ئەوەی کە داوای خۆییبوونو سەربەستی دەکەن، ئەوەی پێیان دەدرێتو لێیان دەسەندرێتەوە و وەریدەگرنەوە.

چاوگ:

دراسات کوردیە – Studia Kurdica

هۆزی بەربەر،
لە نەوەی میدە

بانگێشتێ بۆ دانیشتنی نائاسایی نەتەوە یەکگرتووەکان UN
کوردو مافی مرۆڤ و پێناسەی رۆشنبیری.

نووسینی:
حسێن ئایەت ئەحمەد
و. کەریم زەند

کەسێتی ناودار، شۆڕشگێڕ و نیشتمانپارێز و نەتەوەیی جەزائیر، حسێن ئایەت ئەحمە، ئەڵێ:

ئامادەبوونم، لەم کۆنگرەیەدا، بە مەبەستی دەربڕینی هەستو سۆزم بۆ گەلی کورد و مافی چارەنووسی وەکو کەسێك لە هۆزی بەربەری باکوری ئەفریکا بە مافێکی رەوا، لەو جیاوازیەی کە هەیە، چونکە وتاربێژێك دوێنێ وتی: ﴿ گەلی کورد نەوەی میدە ﴾.

وەکو بە کورد کراوین هاتووم، Iurdo ite، بەڵام، باوەڕم پێبەن وەکو جەزائیرییەکی دیموکراتخواز، ئاواتو ئامانجم ئەوەیە کە جەزائیرو هەموو وڵاتانی خۆراوا کانگەو لانکەی دیموەکراتیو لێبوردن بێت، هەموو شتێك وتراوە، لەبەر ئەوە درێژەی نادەمێ.

جەورو سزاو کارەساتی راگوێزانو هێرشی چەکی کیمیاوی زۆرداریو ستەمدیدەیی میللەتی کوردی چەوساوە، ناتوانین بێدەنگی لێبکەین و پێی نەزانین، وەکو لە جەنگی 2 ی جیهانیدا روویدا و ئەوەش کە لە رۆژگاری نیستەو

هەنوکـە روو دەدات بـە ئاشـکرا لەبـەر چـاو و دەروونـی میللـەتان و نەتـەوە یەکگرتووەکاندا بۆردمان، کوشتن، بڕین، ئـەوەی پێشکەشـی ملیۆنـەها لاوو جـەوانو منداڵی کورد دەکرێت، ئایندەی نادیار لەسەر هەموو بارستاییەك، بێگومان، گەرەکە دەردەکەی بزانین، چارەسەرەکەشی بۆ دیاردە بکەین.

بیرتان دەخەمەوە کە نووسراوی تاعهون، هی کامۆ، بـەر لـە هـەموو کارێـك، گەرەکە کۆمەکی ئەو گەلو کەسانەی کە دەکەونە بازنەی مەترسییەوە و تێیدان بـە کولەمەرگی ژیان بەسەردەبەن.

ئەرکە لە سـەرم سلاّو لـەو کەسانە بکـەم کـە چاوەڕێی گوشـاری رای گشـتی نـینو بـەپێی توانـا و سـنووری دەسـتەلاّتی خۆیـان، بـەو کەرەسـەو شـێوازی راگەیاندنەی کە هەیانـە، کۆمـەکو باربووی کوردنشینەکانیان کـردووە بێبەرانبـەر، بـە بـڕوای مـن 2 هۆکـاری سـەرەکی هەیـە بـۆ ئـەم کارەساتانە لـەم چـەرخەدا کـە دووچاری گەلی کورد بووە.

یەکەمیان، رێکخراوە دەوڵەتییەکان،

دووەم، شێوازی دوای نەمانی قۆناخی داگیرکەری وەکو کارەسـاتی نـازی دژی نەتەوەیی.

وتاربێـژێکیتر دوێنـی وتـی: ﴿ لـەوەتی، یـا لەوتـەی ئـەبوت غریغـوار، زۆرداریيەك کە لە وڵاتێکدا، ناشێ دووبارە بکرێتەوە وەکو دەربارەی هەموو جیهان ئەو تاوانە کرابێت.﴾

پێشـێلکردنی مـافی مـرۆڤ لـە وڵاتێکـدا، پێشـێلییە لەسـەراپای جیهانـدا، ئەگەرچـی مـادەی 2، برگـەی 7 مـاوە نـادات بـە دەسـتێوەردانی کاروبـاری نـاوخۆ، لەلایەن کۆمەڵگەی دەوڵەتانەوە.

کار بەستراوە بە رێکخراوە دەوڵەتییـەکان، هێـزە مەزنـەکان، گەمـەویاری بـە باری بەدیو خراپە بە ئەنجام دەگەیەنن، لە خاوەری میانـەدا، تـەنها بـەهاو بایـەخ بـۆ نەتـەوەو شـوێنگەی سـتراتیجییە، وەکـو لـە دوای جـەنگی 2ی جیهـانی، سـەوداو مامەڵـە لەتـەك فرانکـۆ لـە ئیسـپانیا و سـالازاری پورتگـال، پـۆرنکیز، بـە بیـانوی

رووداوی رامیارییەوە، کە کاردانەوەی سامناکو کاریگەری ئەمرۆن هەنوکەیی، زەقو ئاشکرایە لە پرۆسەی نەمانی قۆناخی داگیرکەری بە ناوی مافی مرۆڤەوە، بە سەرفرازییەوە، نمایندەی ولاتەکەم بووم لە کۆنگرەی باندونگدا، کە دەرفەتی مێژوویی مرۆڤایەتی بوو بە گشتی بۆ رێزلێگرتنو پەیرەویکردنی مافی مرۆڤ لەسەر ئاستی جیهانی.

ئەم بەرپرسییە، بەرجەستەبوو، لە ماوەی دامەزراندنی رژێمە دیکتاتۆرییەکانی ولاتانی جیهانی 3، ئەم کارە ترسناکە وەکو وتراوە، ئاماژەی ئەو چۆنیەتییە سەوداو مامەڵەیە بکەن کە لەتەك کەمینەدا دەکرێت بەو جۆرە بێت دەڵێم لەتەك زۆرینەشدا، ئەو هەڵسوکەوتە دەکەن.

نازی رەفتار دژی کەمایەتی، قرانی نەتەوەیی، شادبوونیان بەو کارە، لە کاتێکدا زۆرینە هیچ بایەخێکی پێنەداوە، ئەمانە ئەنجامیان ناپەسەندە، زۆرینەش بەر ئەو هێرشو شاڵاوە کەوتووە لە چەرخی رژێمی نازیو فاشیەکاندا.

ئەوەی چاوەڕوانکراوە لە ولاتانی جیهانی 3 شتێکی نوێ پێشکەشبکات لە رووی بەهای گیانییەوە.

رەسەنێتی کاتێك دەردەکەوێت کە گرێبدرێت بە نوێخوازییەوە.. هەموو ئایینو باوەڕێك، بایەخی زۆریداوە بە چارەنووسی مرۆڤایەتی زۆرلێکراو، چەوساوە، بێوەژن، نامۆ، ئاوارە، کەساس..

پێغەمبەر (د.خ) زۆر بایەخی داوە بە چارەنووسی مرۆڤایەتی، دەفەرموێ: ﴿ باشترین خەبات، وشەی رەواو دروستە، لای زۆردار﴾ ، دەفەرموێ: ﴿ دوای زانست بکەون ئەگەر لە ولاتی چینیش بێت ﴾.

کورد نزیکە لێمان، سامانی رۆشنبیرییان هەیە و فرەیە.. قورئانی پیرۆز دەفەرموێ: ﴿ خانووەکانیان بە دەستی خۆیان کاولدەکەن ﴾.. ئەمە پیشەو کاری دیکتاتۆرانە، بەرانبەر گەلانی خۆیان، هەر بوونو رێکەوتنییە، بەلام زمانی سەرکوتکردنو تۆقاندنو تیرۆری رامیاری رووداو کە ئەم کۆنگرە دروستو رەوایە، کە دەربارەی کورد گیراوە، رێمپێبدەن، بە نەوازشەوە، پێشنیاز دەکەم، کە دەوڵەتەکان

داوای دانیشتنێکی تایبەتی بکەن لە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەمەبەستی ئامادەکردنی رای گشتی لە پەیرەویکردنی بەڵگەو رێکەوتننامە دەوڵەتییەکان بۆ کاری چارەنووسی.

بەڵێ دادگەی نۆرەنبورگ، دەرفەتێکی مێژووییبوو بۆ دادکۆشی لە بیرو باوەڕ، لەبەر ئەوە ناشێ، ئەم کۆمایە بکرێت بە دادگە، رای گشتی ئامادەبکرێت وەکو پێویست بۆ تەواوکردنی گفتوگۆ بە شێوەیەکی رەوا، بۆ ئەوەی لەم جۆرە کارەساتانە قورتاربین.. حەزە دەکەم لە شاری ڤیانا، کە رابەری دیموکراتی خاوەری کوردستان، گەشمردە، ئەوڕەحما قاسملۆی تێدا کوژرا لەتەك 2 جێداریدا، واتە بووە بەبیانوو، یاسای کاری نایاسایی تێکەڵ بە رووکاری گری میونخ Syndrom.

چاوگ:

دراسات كوردية،

العدد 4-8 السنة 1993،

الكورد، حقوق الإنسان و الهوية الثقافية.

کوردی فەیلی

وشەی فەیلی:

فیلی – پیلی – هێمای نەبەردیو دلاوەریو جەنگاوەرییە.

لە دەستنووسەکانی سۆمەریدا وشەی پەیلی – جەنگاوەر، قارەمان، ئازا، دلێر، نەبەز، خۆگر، ناوی هاتووە..

زمانناسان دەڵێن: تیپی پ، لە جیاتی ف ، بەکارهاتووە.

خاوەرناسی ئینگلیزی کر زۆن، ل 1892، بەرگی 2 لە نووسراوەکەیدا دەڵێ: وشەی فەیلی – قارەمان، شۆڕشگێر، خەباتگێڕ ، یاخی – الثائر – المتمرّد، دژی زۆرداری، دژی چەوسانەوە.

هێنری فیڵدی، خاوەرناس، ل 98، نووسراوە زانستییەکەی، ناسینی رەگەزە ئێرانییەکان، پالپشتی راو بۆچوونی کر زۆنە.

بەشەکانی:

4 بەشن: لوڕ، کەڵهور، لەك، گۆران.

لوڕی گەورەو گچکە، لوڕی مەزن 3 لکە: بەختیاری، مامسێنی، کۆمگلۆیی. ئەمانەش دەبن بە لکی بچوکترەوە.

لوڕی گچکە: پێشکۆ، پشتکۆ، 2 بەشن: گەورەکۆ، لەیەکیان جودا دەکاتەوە.

پێشکۆ، ئەودیوی سنوورە، خورەماوا، درووود، ئەرنا، کازارون، بروجرد، کۆدەشت.

پشتکۆ، 2 بەشە، لە هەرێمی خاوەرا کوردستان لە شاری ئیسلامئاباد، گەیلانی باختەر، قەسری شیرین، سەرپێلی زەهاو، دەهلەران، ئێلام، مەهران، چەندین شاریتر.

دووەم بەش، لەمەدیوی سنوور، لە کەلار، کفری، کەرەخان، خانەکین، شارەبان، شاری بانو، بەدرە، بەدرێ، جەسان، مەندەلی، بەندنیزین، زرباتییە، ئەلی شەرقی، ئەلی غەربی، شێخ سەعد، کمیت، 40٪ لە ناو شاری کوت – واست، دەڤەری حەی غەراف، قەلعەسوکەر، شەترە، هێلی غەراف، لکی رۆباری دەجلە، لە بەراییەوە تاکو کۆتایی، بلاوبوونەتەوە.

کەلهوڕ، خێلو تیرەکانی: شازادە، مەنسوری تاکو دەڤەری هەزارە لە ئەفغانستان و بلوجستان و شاری کوێتەی پاکستان...

بەم پێیە لە خانەکین و مەندەلی.

گۆران:

سەر بە هەورامانین، بە راوبۆچوونی مێژووناسان، بەلام لە کوردی باشور، نزیکترن، بە تایبەتی لە فەیلی گۆران، 4 بەشن: زەنگنە، سنجابی، باجەلان، گۆرانی گچکە، لە خانەکین و مەندەلی و دەڤەری مووسڵ.

زەنگنە، بە پەرشو بلاوی لە دەڤەرانی کفریو نزیکی کەرکوك..

باجەلان، لە دەڤەری خانەکین ، نزیکی مووسڵ، کە بە شەبەك ناسراون

دیالێکتی کوردی فەیلی:

کرمانجی ژێروو، لە هەموو دیالێکتەکانی تری زمانی کوردی، کۆنترو رەسەنترە.. ئاینزا لە 75٪ کوردی فەیلی جەعفەرین – شیعەن، 17٪ سونین، ئەهلی هەق و ئەوانیتر، زەردەشتی، ئیزیدی، مەسیحی، کریستیانی، جووە.

تۆماری مێـــژوو:

کێوی زاگرۆز، دەشتی سۆزیان و چۆمی کارون، فرە ئاوی فەرو پیتی زەوی، شوشی ئیستەو کەنارەکانی چۆمی سیمرە، کە دەرژێتە چۆمی ئارەبەوە.

ئەم فاکتەرو هۆکارانە، کوردی فەیلی گردوکۆ کردۆتەوە، بەر لە 6-4 هەزار ساڵ پ.ز.

لە دەربەند نامروودەوە هاتوون بەپێی نووسراوی مێژوویی.

ئیستەخر دەڵێ: بە ناوی شاری لوڕەوە، دیزپول، ناونراوە، ئەم زەوییە بەپیتە لانکەی ژیاریو کەڵچەر و شارستانێتی ئێلام بووە لە چەند سەدەیەکدا.

شوێنەوارو پاشەواری شاری شوش پایتەختی ئێلام، پارسوس، مزگەوتی سلێمان هەنوکە و مهرجانقدق، دەرە شاری ئیستەو شاری سەرمکیتر، نیشانەو هێمای بڵندو بەرزی تۆماری مێژووە، سەراپای چەرخەکان، شاری شوش، جەمسەری رێ و گەیاندنی نێوانی دووچۆمان، میزۆپۆتامیا و ئاسیای گچکەو شوێنە دوورەکان. جیهانی ژیاریو پێشکەوتوو بووە، لەو سەردەمەدا، لەتەك هیندستانو هاوسێکانو دەوڵەتی سۆمەرو ئەکەدو هیتر.

سنووری شاهەنشاهێتی ئێلام، ولاتی پارس لە باکوورەوە، لە هەمەدان، ئەکباتان تاکو بابل.

لە خۆرنشینەوە، رۆباری دەجلە، تیگرە.

لە باشوورەوە، کەنداو تاکو ئەسکەلە – دەربەند – بەندەر بوشەهر، کە بریتیبووە لە: خۆزستان، لوڕستان، پشتکۆ، بەختیاری.. ئەمانە، هەرهەموو دەڤەری فەیلی بوون، تەنها جگە لە خۆزستان.

ئەڵێن هیندۆئەورۆپین، بانی ئێرانین، کاپکاسین، یا خەزەرین، نیشتەجێی ئەم هەرێمەبوون بەر لە هەزاران ساڵ.

مێژووی ئێلام:

1- چەرخی پێش مێژوو، لە 8 هەزارەی پ.ز، 3335 پ.ز، هاوچەرخو پەیوەستی سۆمەریو مێژووی ئەکەدییە، تا کۆتاییهاتنی ئەم 2 دەوڵەتە بە دەستی ئێلام.

تەوراتی پیرۆز، بەستی 4، لە سفر بیدایش، التكوين الآيات، 1، 5، 9، 17، ناوی شاری ئێلام، كدركر هاتووە.

2- خولی پەیوەستی ئێلام، بابل، لە 3335 – 745 پ.ز.

3- خولی هاوچەرخی ئاشور لە 745 – 645 پ.ز.

لێرەدا دەوڵەتی ئێلام کۆتایی دێت بە دەستی ئاشوربانیباڵ، 645 پ.ز.

دوای ئێلام، رەچەڵەکی ئەخمینی پارس – فارس، دێتە ئاراوە، لەتەك میدی کوردا، یەکئەگرن، دەوڵەتی ئێران دادەمەزرێنن، بە سەرۆکایەتی کۆرش.

ئەسکەندەری مەکدۆنی، کۆتایی پێهێنا، 331، دوا پادشایان کیسرابوو.

ئەمە سەردەمی سلوقی بوو.

شاپوری ساسانی، شکستی پێهێنا تاکو چەرخی شا یەزد گورد – ئیزدکرد – خوداکرد، دوا پادشای ساسانی، کەوتە بەر شاڵاوی ئیسلام و کۆتاییهات 636 – 640 ز.. هاتەژێر رکێفی ئیسلامەوە.

چەرخی ئیسلام:

لە چەرخی ئیسلامیدا، دەڤەرەکانی فەیلی، کەوتنە ژێر رکێفی فەرمانڕەوایی ئیسلامەوە، بە ناوچەو دەڤەری چیا، کۆهستان، ناوبراوە، شاری سیمرە و شیروان، بەشێکبوون لە میری بەغداد و شاری دەرمشەهر، سەر بە ئوستانی بەسرە بووە، لە چەرخی ئەباسیو جێنشین ئەبدوڵا سەفاح.

کوردی فەیلی، لە دەڤەری ئێراقی ئەجەم و ئێراقی عەرەب – ئارەب، جێگیربوون.

لە شاری بەغداد، لە بازاڕو بازرگانیدا زۆر کۆکبوون، دەشتەکانی لەوەرگەی هاوینی و زستانییان بوو، دەڤەرانی چەند میرییەکی تێدا سەقامگیربوو.

یەکەم: میری ئەتابگی لوڕستان 545 ك – 1154 ز، 3 سەدە پایەدار بووە، تەیمور لەنگی مەگۆل، لە ناوی بردوون.

دووەم: دەوڵەتی ئال خورشید، لە لوڕی گچکە 580 ك – 1185 ز تاکو 695ك – 1395 ز.

سێیەم: دەوڵەتی ئەتابگی لوڕی گچکە، 631 ك – 1334 ز.. لە چەرخی مەگۆلدا، ناوی لوڕستان بووە بە لوڕی بزورگو لوڕی کچکە.

لە چەرخی دەوڵەتی سەفەویدا، لوڕی بزورگ بووە بە بەختیاری و گوهگیلویی، ئەمە چەرخی سەفەوی و ئوسمانی، لە فەرمانڕەوایی شا ئەباسی سەفەوی – تەهماسب، سوورنێوی ئەتا بگ بووە بە ئوستاندار – والی، یەکەم ئوستانداری- فەرمانڕەوا، حسێن خان بوو. بارەگاکەی شاری خورەماباد، قەڵا، دوژی فەلەکئەفلاك بوو.

میر زولفەقار، ماوەیکیتر، فەرمانڕەوایی دەڤەرانی لوڕستان بوو، لە خێڵی کەڵهوربوو، کە فەیلییە.. شا ئەباسی سەفەوی، فەرمانیدا کە بەغداد بگرن.. 3 مانگ گەمارۆیدا و گرتی، 1633ز .. 6 ساڵ لە ژێر رکێفیدا مایەوە، تاکو بە دەستی شائەباسی سەفەوی کۆتایی بە فەرمانڕەوایی هێنا، لە چەرخی سەربەخۆییدا سەرپێچی کرد 1639.

کێشەی سنوور:

1555ز، کێشەی نێوانی سەفەویو ئوسمانی سەریهەڵدا، ئێراق بەشێکبوو لەو کێشەیە.

خێڵە کورد نشینەکان دابەشبوون بەپێی نیشتەجێبوونیان، بەشێکی لەو دیو، بەشەکەیتری لەم دیوی سنوور.. برا، ئامۆزا، خزمو خوێش، بەپێی رەگەزنامە.. وڵاتنامەی هەردوولا، لەیەکتر دابڕان، بەپێی پەیمانەکانی نێوان سوڵتانی ئوسمانی، مرادی 4، شا تەهماسبی یەکەم، 1639، پەیمانی زەهاب، یەکەم بەشکردنی خاکی کوردستان، کوردستانی پەرتکراو، نێودەوڵەتی، الکوردستان المجزاة. Partition – Divison – Kurdistan.

بڕیاردرا، دەڤەری نێوانی بەغداد – ئازەربیجان، جەسان – بەدرە، بەر ئوسمانی، ئێراق کەوت، لەتەك شاری مەندەلی، تاکو دەرمتەنگو سەرمیل ببێت بە سنووری دەرمتەنگو دەشتەکانی نێوانیان، کەوتە ژێر چنگی ئوسمانی..

چیای سنووری سەر بەم دەڤەرە کەوتە بندەستی لایەنەکەیتر.

سەرمیل، سنوور، دەرمتەنگ،، دەرتابێلایەن، خێڵەکانی زیائەدین، هاروونی جاف، کەوتە بندەستی دەروازەی بالاّ - الباب العالی ، ئەستانبوڵ – ئەستانە، پیرەوزەدۆڵی، مایەوە لە بندەستی ئەولادا.

دوژی زنجیرەی سەرچیا، رمانیان و هەموو پاسگەکان نزیکی شاری زورکوهی لەولا بۆ قەلاّ، دوژی زەڵم، هەموو تەواوکرا، لە لایەن سوڵتانەوە.

دووژی هەورامان و دێهاتەکانی، خاوەندارینیەکەی بۆ ئەولا، کەوك جنان، هێڵی سنووری شارەزوور و قزڵجە و دەڤەرانی، کێشرا و تەواوکران لە لایەن سوڵتانی ئوسمانییەوە.

مەریوان – میهرەبان، دەڤەرانی کەوتنە بەر ئەولا.

پەیمانانی 1639، زەهاو ، 1737 لە هەمەدان، 1736 لە ئەستانە، ساڵی 1746 لە مغان، 1832 لە ئەرزوروم، دانوستانی سنوور تاکو 1849، کەوتنی ئیمپراتۆرییەتی ئوسمانی، نەگەیشتنە هیچ رێکەوتننامەیەك.

لە چەرخی والی – ئەستاندار، مەحەمەد حەسەن خان، هاتە پشتکۆ، کردی بە بارەگای سەربازی خۆی، بۆ بەربەستکردنی هێرشی ئوسمانی.

1905، هێرش هێنرا بەسەر مەهرانی کورد، سەر بە پشتکۆ.

ئەلی غولام رەزا خان، دوا ئوستانداری کوردی فەیلی، لەشکرێکی بە سەرکردەیی مامی، سەید جەواد فەیلی، پێکەوەنا بۆ شاڵاوبردنە سەر ئوسمانی، دوا دەستدرێژییان تاکو سنوور کێشانی نێودەوڵەتی لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا، 1914 – 1918..

ئێلام، کەوتە بندەستی رەزاشای ئێران.

راپەڕینی فەیلی بەرپابوو دژی دەستەڵاتی مەڵبەندی بە سەرکردەیی شاژنی شۆڕشگێر، قەدەمخێر، دوای کوشتنی براکەی، لەلایەن رەزاشای ئێرانەوە.. 3 ساڵ شۆڕشی کورد و کپبوونەوەی لەبەر بێئازوخەیی و بێچەکو چۆڵیو نەبوونی کۆمەکەوە... ئەمە جەنگی خورەماباد بوو، 1919.

راپەڕینیتر، دژی میری تەهران بە سەرکردەیی ئوستانداری پشتکۆ، غولام رەزاخان.. یاخیبوونیو باجنەدانی، داوای سەربەخۆیی لە تەهران دەکرد.. رەزا شا، لەشکری ناردەسەر، بە ناچاری غولام رەزا خان، کشایەوە بەرەو ئەمدیو..

نەوەکانی خەباتگێڕبوون، تاکو شکستی و نیسکۆی 1938، روویانکردە ئەمدیو، بۆ ئێراق، نەخشەو پێکهاتەی دیمۆگرافی گۆڕدراو تێکچوو بەم رووداوە.

زرباتیەو مەندەلی، چەرخی ناسرەدین شا لەسەر ئێران بوو.

شارەکان:

ئێلام، مەندەلی، بەندنیژین، بەدرە – بەدرا، جەسان، زرباتییە، ئەلی غەربی، ئەلی شەرقی، کمیت، عبدە، شارەبان، زهیران، قەلعە، تعان، ورمزیار، قەلاچە، شوشە، حیان، کردی.

لوڕستان:

هەرێمی لوڕستان، خۆراوای ئێران، شاری خورەمابادی بنکەو قەڵا، دوژی فەلەك ئەفلاك لە ناوەندا.

دوژی فەلەك ئەفلاك:

قەڵا، دوژێکی پتەو و قایم لە خۆراوای شاری خورەمابادە، لەسەر گردێکی بەرز، رۆبار لەملاولەولایەوە، ساختمانێکی کۆنە، سەدان ساڵ لەمەوبەر.. ئیستەکە کراوە بە زیندانی – گرتووخانەیەکی سامناکو سامدار، ژووری ئەشکەنجەو ئازاردان، تەڕو شێدار، ژێرزەمین، سردابی فراوان، هەواو بای پاکی

بۆ ناچێت، تاریکو نووتەك، ڕووناکی تێدا نییە، چاو چاونابینێ، ترسناك تەنها چەند کاتێك ڕۆشنایی تێدەکەوێت.

لە ئەنجامی هەڵکەندنو پشکنیندا، پاشەواری چەرخی میدی تێدا دۆزراوەتەوە.

خێڵەکانی:

شێوازو دیالێکتی ئاخاوتنی لوڕی ئاری کۆنە، گروپی بانی ئێرانی، هیندۆئەورووپی، ئاخافتنی لوڕی – لەك، فەیلی، لوڕی گچکە، لە پشتکۆوە تاکو بەدرەو جەسان و زڕباتییە، ئەم خێڵانە نیشتەجێن:

1- ئەلی شیروانی، 4 تیرەن: دارەوەنی، سەفەرەوەنی، میرەوەنی، چراخوەنی.
2- چارداور.
3- مەلکشاهی.
4- شوهان – شوان.
5- دووسان.
6- قەیتول.
7- لەك.
8- کلاوایی.
9- کورد.
10- کوردلی.
11- تەرگەواری.
12- لوڕ.
13- خزل.
14- هیمینی.
15- ڕووسایی.
16- ڕەنگنە.
17- پیریایی.

چۆمی سیمڕە – سەد مەڕە:

دەڤەری فەیلی دەکات بە 2 کەرتەوە: پێشکۆ – پێشیکێو، پشتکۆ – پاشیکێو.

شاری ئێلام – عیلام، گەورەشاری دەڤەرەکەیە، ئەمە بە گوێرەی میری ئێلام، خانو قەلاو دوژ.

هەنووکە، شاری خوڕەماباد، بنکەیە، 3 کات لە کرمانشاوە دوورە.

شۆڕشەکان:

شۆڕشی شاوێردیخان، باپیری خانەکانی پشتکۆ، لە دەڤەری سیمڕەوە – سەدمەڕە، بالورستان، مەزنێ، سلۆز ناو، سەرۆکی هۆزێکی کورد لە دیرکوند، داوای کچەکەی شاوێردیکرد بۆ مەنسوری کوڕی... شاوێردی ڕەزامەندی نیشاندا، کوڕێکی لێبوو، ناونرا حسێن خان.

شاوێردی، پردێکی گەڕۆکی دروستکرد، پرد تەنگ، پول دوختەر – پردی کچ، ئەمە نهێنی سەرکەوتنەکانیبوو، بۆ بەربەستی هێرشو شاڵاوی شائەباسی سەفەوی، هێرشی ناکاو، شەبەیخون، شا ئەباس زۆر بە خێرایی بۆ سەر خوڕەماباد، بەڵام ئەو سەرکەوتووە نەبوو.. هەرچەندە بە فێڵ توانی بچێتە ناو شاری خوڕەمابادەوە، ناکۆکیو دووبەرەکی خستە ناو کوردانەوە، لە ئەنجامی ناپاکیدا، نهێنی پردەکە، دەرفەتی ڕەخساند حسێن خانی کوڕی سلۆز، دانرا بە ئوستاندار، نەخشەی هاوبەشی دژی خاڵی خۆی کێشا، کە شاوێردیبوو، پایەو پلەیەکی شیاوی پێبەخشی، پردێکی لەسەر چۆمی سیمڕە دروستکرد، شاوێردی ڕاونرا، پەنای بردە بەر قەڵای چنگڵە، پاسگەی تورك بوو، ڕوویکردە تورك بە هیوای پاراستنی، بەڵام نەپارێزرا.

حسێن خان خاڵی خۆی کوشت و سەریبڕی.. سەلکو کەللە سەرەکەی بە دیاری نارد بۆ شائەباس، خستییە ژێر هەردوو پێیەوە لە خوڕەمابادو خێزانەکەی بە دیلی هێنرا بۆ سیمڕە.

بەمجۆرە، حسێن خان خاڵی خۆی کردە قوربانی پلەوپایەو کرا بە والی — ئوستانداری لوڕستان.

یەکەم ئوستاندارە کچی ناودارێکی خوڕەمابادی هێناو کوڕێکی لێبوو، ناونرا بە منوچەهر..

کوڕەکەی بوو بە والی، کچی خاڵی خۆی هێناو کوڕێکی بوو بە ناوی شاوێردی2، کرا بە والی، دوا کۆچی منوچەهر، دوای حسێن خانی 2، ئەلی مرادخان، ئوستانداری پشتکۆ.. بە شمشێرزەن ناسرا.. توانی بە شمشێری بڕندە وشترێك بکات بە 2 نیمەوە لە بەردەمی شائەباسی سەفەویدا.

دواجار کرا بە نمایندەو بالیۆزی ئێران لە لای ئوسمانییەکان، هەر لەوێ کۆچیکرد.

دوای ئەو ئیسمایل خان لە سەرکورسیو تەختی میرنشینی دانیشت و یاخیبوو، پەنای هێنا بۆ ئەمدیو، ئێراق، حەسەن خانی کوڕی ئەسەدخان دانرا بە ئوستاندار لە چەرخی شاهەنشانی، دەوڵەتی زەند، کەریم خان بانگێشتکرا، بەڵام نەچوو، بەداخەوە سەرینایەوە، حەسەن خان لە جێگەی باپیری دانرا.

ئەمە چیرۆکی سمایل خان.

حەسەن خان کوڕی ئەسەدخانە، کچی مامی خۆی هێنا، کوڕەکانی: ئەحمەد خان، هەیدەرخان، ئەلیخان، محەمەد حسێن خان.

دەڤەری پشتکۆ و پێشکۆ کرا بە 3 مەڵبەندەوە:

1- دەڤەری ژێر رکێفی ئەلیخان، خێڵە کوردەکانو شوهان.

2- دەڤەری مەحەك، 2 کەرتبوو:

یەکەمیان، لەژێر فەرمانڕەوایی ئەحمەدخان.

دووەمیان، لەژێر دەستەڵاتی نمشە، لە دواجاردا هاتەوە ژێر رکێفی هەیدەرخان.

ڕەچەڵەکی ئەلیخانو نەوەکانی، ئەحمەدخانو کوڕانی هەیدەرخان، ئەمانەن: حسین قولیخان، ئەبوقەدارە، گەیشتە پایەی والی.. لە نەوەکانی: غولام رەزاخان، دوا ئوستانداری پشتکۆ و پێشکۆ.. لە چەرخی رەزاخانی پەهلەویدا، پەنای هێنا بۆ ئەمدیو، لە سەردەمی شا فەیسەڵی یەکەمدا، لە شاری بەغداد کۆچیکرد و لە شاری نەجەفی پیرۆز نێژراوە.

ئوستانداران – رچە:

غولام رەزاخان، کوڕی حسێن قولیخان، کوڕی هەیدەرخان کوڕی ئەلیمرادخان کوڕی حسێن خان کوڕی شاوێردیخانی 2 کوڕی منوچەهر کوڕی حسێن خان، کوڕی مەنسور کوڕی سلۆز.

هەرهەموویان، نەوەی شاوێردیخانی یەکەمن.

داستانی سەرەگاو فیل:

لە چەرخی سەفەویدا، تیرەیەکی خێڵی رەبیعەی ئارەب، کۆچدەکەن، لە دەڤەرە خێڵە کوردنشینەکانی دێرگوند نیشتەجێ دەبن.. کۆنە گوند – دێکۆن.. پێشوازییەکی بە گەرمیان لێدەکرێت، سەرەگای کولاویان لە تەشتێکی گەورەدا پێشکەشدەکەن.. هێمای هێژاییو رووالەتی میوانپەروەری و خانەخوێیی..

لەم میانەو میوانداریەتیەدا، سەرۆکی خێڵی رەبیعەی ئارەب ئەڵێ: دەبین بە مەزنی ئەم هۆزە، چونکە سەرەگای هێمای مەزنییان پێشکەشکردین، کە نیشانەی سەرۆکایەتیو مەزنایەتییە.

بەم ئەندازە و بەم پێیە، چیرۆکی کەرتکردنی گا.. گوایا حسێن قولیخان، ئەبو قەدارە، گایەکی گەورەی 2 نیمە کردووە بە شمشێر بە یەك کەرەت، لە گرەودا لەتەك شێخ خەزعەلی سەرۆکی خێڵی رەبیعە.

هەروەها دەڵێن:

پاڵەوانێکی زۆرانباز لە پشتکۆ باوەش دەکات بە فیلێکداو بەرزی دەکاتەوەو هەڵیدەگرێت.

رایەکیتر، گوایا، زۆرانی لەتەکدا دەگرێ، بە سەریدا سەردەکەوێ، لە نمایشێکدا، لە پێش دەمی شاهەنشایەکی ئێراندا.

ئەمەیە وشەی **فیلی**، لەم چیرۆکەوە هاتووە.. بووە بە **فەیلی**.

فەیلی ئەمدیو – ئێراق:

مێژووی هاتنی فەیلی دەگەڕێتەوە بۆ چەرخی هێرشی نادرشای ئەفشاریو کشانی بۆ دەڤەرو هەرێمی لورستان، ئەو ناوچەیەی کە زەرنیخی فرەی هەیە.. فەیلی، لە چەرخی والی پشتکۆوە کۆچیانکردووە بۆ ئەمدیو.. پتر لە نیو ملیۆن کەس.

لە 1947، 30 هەزارکەس بوون، 6٪ ی مۆناتی ئێراق.

لە بەغداد، گەڕەکی کورد، گۆڕەپانی کورد، شەقامی کیفاح، غازی، فەزوەی ئارەب، لە بازاڕ و بازرگانیدا و بەشدارییان، بازاڕی شۆرجە و سابوونی، بابوشێخ.

حسێن قولیخان، سەرکردەیەکی شۆڕشی بیستەکان بووە، ناودارو رامیارو نووسەرو هۆزانڤانیان فرەیە، لە ناو ئەم هۆزە قارەمانەدا، وەکو:

سەی یاقو، مەلایاقوب، یوسف باسکو، شاکە، خان مەنسور، شەفی، مەلا نامدار، محەمەد هەسەن، برزوو، ئەرکەوازی، داری ساری ، محەمەد بەدری.

40٪ ی دانیشتوانی شاری کوت – واسیت، کە حەجاج کوڕی یوسف سەقەفی لە 702ز لە کەناری دەجلە – تیگرە، بە 3 ساڵ تەواویکرد، ناوەندی کوفەو بەسرەو ئەهوازە.

حەی واسیت، لەسەر لکی غەراف، لە بەنداوی کوتەوە لە رووی رۆباری دەجلە، 1816 ئال ئەلیخانی برای هەیدەرخانی کوڕانی هەسەنخان، لە 1840، کۆچیکردووە، دوا فەرمانڕەوای پشتکۆ لە خێزانو فامیلیای خورشید 4 سەدەی خایاندووە.

لە شارۆچکەی حەی، بەپێی ئاماری 1947، مۆناتی 68537 کەس بووە.

2 جار راگوێزراون لە 1973، 1973، 1980، 1983.

خێڵەکانی:

باپیرەوەند، قەیسی وەند، هەماوەند، کاوریزادە، بیاجیسە، جاروەند، کاکە وەلی، شوهان – شوان، خەتاوی، خزل، خرزدان، ماسپی، زرگوش، دوزلون، مەلەکشاهی، سوورەمێری، سەگەوەند، باوات.

کوردی باشووری چیای هەمرین - هامرین:

مێژووی هەبوونی کوردی باشووری کێوی هەمرین، کۆنەو دێروکیان دەگەڕێتەوە بۆ چەرخی ئەو گەلو هۆزانەی کە 3 هەزار ساڵ بەر لە زایین، گرێدراون بە سۆمەرییەوە کە باپیرە گەورەی کوردن.

لە دەڤەرانی گۆتی و کاشیو میدیو گەلانی ئارامی 5 سەدە دوای سۆمەری، لە باشوری هەمرین و باکوری وڵاتی سۆمەر، نیشتەجێبوون، شاری بابل پایتەختیان بووە.. دوای شکستی ساسانی، رەوینو ئاودیوی چیای زاگرۆز بوونەوە، تەنها کوردە هەژارو نەداران، مانەوە لە شوێنی خۆیان.

دوای هاتنی ئیسلام، ئارەب بە خاووخێزانەوە کۆچیانکردووە بۆ ئەم دەڤەرانە، بە فەرمانی جێدار ئومەر کوڕی خەتاب.

کوردی باشوری هەمرین 3 بەشن:

1- هەرهەموو دەڤەری خاوەری دەجلە – تیگرس، تاکو 1900 بە پێی ئامار، ژمارەی ئارەب زۆرتربووە.
2- کوردی باشوری دەجلە.
3- لە شارەبانەوە تاکو فاو.

ئوستانی دیالە – دێیەلە، لەم کافارانە پێکهاتووە: مەندەلی، شارە، دێڵتاوا، خالیس.

دیالە، واتە گوندی لالە، لە پەیڤی دێلمەوە هاتووە، دەیلەم – دێی لم – گوندی لم.

بە ئاشووری ، میترنات، می، واتە، ئاو.

ئەباسی، وتوویانـە، خۆراسـان – خرسـان، تامراشـیان، بنکـەی شـاز قوبـادی پێوتراوە، لە باشوری دیالەوە، تاکو رۆباری رداتو – عزیم، شازهورمز.

دیالـە لـە هەمرینـەوە تـاکو ئوسـتانی کـووت، هـەزاران سـاڵ پ.ز. بنکـەی سەربازیو زۆزانی فەرمانڕەوایانی کورد بووە.

لەوبەری دەچلەشەوە، شاریان دروستکردووە، وەکو کوفـە، ئـاگرگف، عـوقر، عەقـەرگوف سـۆمەری، گـۆتی، کاشـی، میـد، ساسـانی، ئیسـلامی، ئەباسـی، رەی، مازندەران، خۆراسان، سەمەرقەند، بەسترابوو بە پایتەختی ئیسلامەوە.

باقووبـە، نـەهرەوان، سیمسـرە، مـاهرود، شـارەبان، کاروانسـەرای فـرەی لێدروستکراوە، رێگەی بازرگانیو حەج بووە.

ئوسمـانی بایـەخی پێنـەداوە، بـەڵکو بـە کـەلاوەیی و مـەکۆی رێگـرو یـاخی ماوەتەوە.

دیالـە، 1920، لەتـەك کـەرکوکو هـەولێرو سـلێمانی بـە پارچـەکانی تـری کوردستانەوە، بیرو هزری پێکهاتنی دەوڵـەتی کوردی سـەربەخۆی لێکـراوە لەلایـەن کۆمەڵەی گەلانەوە... بەڵام ئەمە پێکنەهاتووە.

بەریتانیان ل 25 نیسان، 1920، ئێراقی خستە ژێر چنگی خۆیەوە بـەپێی پەیمانی سانریمو، بەدوای پەیمانی سایکس بیکۆدا.

دیالە کرا بـە پارێزگـە – ئوسـتان، باقوبـە بـوو بـە بنکـە، بایـەخی پێـدراوە، بەهۆی شوێنی ستراتیژیو نزیکی لە بەغداد و سنوورەوە.. وێڕای پیتوفەڕی زەوی و بوونی پاشەوارو کەڵچەر، لە مەهرود و کەنعان.

پێش جەنگی یەکەمی جیهانی، 60٪ کوردبووە، 30٪ ئارەبو تورکی ئازەریو ئەرمەن بووە، وێڕای تورکمانو فارو چیچانو چەرکەس.

کورد لە کۆنەوە جێواربوون لە ناو شاری باقووبەو بەروپشتی، بەم خێڵانـە: زەنگنـە، شـەروان، جـاف، مەلەکشـاهی، لـەك، بیرومنـدی، قـەرەئولوس، ئەرکـەوازی، گـۆران و دەیـان تـیرەو بنەماڵـەیتر، زەمانیـان، ئـارەبی بەسـەردا زاڵبـووە، بـە ئـارەب دادەنرێن.

مینا، ئەرکی، هەرکی، دلفان، دلفیە، بجواری، چوارکی، گۆران، خێلانی، زکوك، سیرملیە، دهلکیە، سوامرە، هۆزی بەرازی.

لێرەوە کۆچیانکردووە بۆ دوورگە، لە چەرخی ساسانیدا..

م. وردی، کوردی فەیلی لە مێژوودا ل. 24، دەڵێ: کوردی فەیلی لە ئێراق، 250 هەزار جێوارن، لە نێوانی مەندەلی، دیزفول، بەرانبەر بە شاری ئیمارە، بریتین لەم هۆزو تیرانە:

قەیتول، ئەلیشەروانی، موسا، باویجادر، دووسان، مالیمان، خزل، ریزەوەنی، قیاسوەنی، مارین، سەگەوەنی، سوێرەمیری، شوان، کورد، مەلەکشاهی، هۆزی جاوان – گاوان، لە کۆتایی چاخی 4 ك، لە دەڤەری فەرمانڕەوایی بەنیعەناز، جێواربوون، وەکو هەڵوان، سەرپێلی زەهاو، کوت، حیللە، رێگەی خۆراسان – باقوبە.

لــــوڕ:

لڕ – لە وشەی لۆلۆوە نزیکە، بەپێی وتەی سپایزەر، ئەشێ ناوی یەکێك لە لکەکانی کاسای بووبێت، کە لە نووسراوی پیرۆزدا بە کۆشی ناوبراون.

مۆنانی، بەپێی وتەی خاوەرناس نامدار، کرزۆن ساڵی 1881 بەمجۆرەیە: ژمارەی لوڕی مەزن و کچگە – پشتکۆ، پێشکۆ، 421 هەزار کەس... 170 هەزاری بەختیاری، 14 هەزاری کۆگلۆیی، 210 هەزاری فەیلی ساڵی 1904، رابیتو، بەشی پێشکۆی بە 130 هەزارو بەشی پشتکۆ بە 50 هەزار داناوە.

لوڕستان، بەپێی زمانو زارو دیالیك، 2 بەشە، لوڕی مەزن، بریتیە لە مامەسانی، کۆگلۆیی، بەختیاری.

لوڕی گچکە، واتە فەیلی.

قەرەئولۆس، بریتیە لە: کش، کایتون، چارماندی، کاکەوەند، نەفەتچی، گاوسواری.

سوورەمیری، بریتیە لە: کەڵهوڕ، توتیك، ماميحان، ئینە، ئەنتاری.

باجەلان، بریتیە لە: جۆمور، قازانلو.

زەند، بریتیە لە: موحەمەد ساڵح ئاغا، عەلیان، تاهیرخان، غەنی.

زولفەقارخان:

زولفـەقارخان کـەلۆڕ 934 ك – 1538 ز، دژی ئیـبراهیم خـانی مـامی راپـەڕی کـە لـە لایـەن سـەفەوییەکانەوە، دانرابـوو بـە ئوسـتاندار – والی بەغـداد، مامەکەی خۆی کوشت، جاڕی ئوستانداریّتی – بەوالیبوونی بەغداد، ئاشکراکرد، بـە ناوی ئوسمانییەوە، تەهماسپ پەلاماریداو کوشتی و بەغدادیگرتەوە، لەو چەرخەدا، شارەزوور لەسەر هەردەلان بوو – ئەردەلان، چەرخی مەئمونخان.

زولفەقارخان، 1530، شا تەهماسپ، لەرێی کرمانشاوە، بەرەو بەغداد هـات، کەسێ بـەرگری لێنـەکرد، تـەنها زولفـەقارخان نـەبێت کـە ئـەویش بـەرەو گرتنـی بەغدادبوو.

بـەلام نـاکۆکیو ناپـاکی، چەکوچـۆلی سـەفەوی، شکسـتکرد، دوا چـەرخی داگیرکردن کە بە چاکی نووسرابێت، چاخی شا زولفەقار بووە کە بە باشی بـەراییو پێشەکی جلەوی فەرمانڕەوایی نازانرێت و چۆنیەتی رووداوەکە.

تـەنها ئەوەیـە، کـە ئـەم شـایە لـە فامیلیـاو خێزانـی لـوڕە، بـە کۆمـەکی جەماوەریو هێزی مەزنی هۆزەکانی کەلهوڕی بـە توانـا، تـوانی بـە گـورزێکی ناکـاو بەغـداد بگرێتـو ببێـت بـە تـەنها مـەزنی ئێراقـی ناوەنـد... کەسێك نـەیتوانیوە دژایەتی بکات.

شا تەهماسپ، تەمەنی 16 سالبووە.

پوختە:

لوڕستان، کەوتۆتە هەرێمی خاوەری کوردستان، لە باشووری کێـو – کـۆهی گەورە، کردویەتی بە 2 بەشەوە، پشتکۆ، پێشکۆ.

مۆناتی 3 ملیۆن کەسە، هەرهەموو هۆزەکانی لوڕ.

چاوگ:

1- زەند کەریم، جوگرافیای کوردستان، 1958.
2- رۆژنامەی ئیتحاد، ژمارە 94، 27ی ئاب 1994.
3- م. وردی، الکورد الفیلی في التاریخ.
4- مێژووی کوردو کوردستان، زەکی ئەمین، ل 435، و. محەمەد ئەلی ئەونی.

دەوڵەتی ئەشکانی کوردی
225 پ.ز.

دوای دامەزرانـدنی دەوڵـەتی میـد لـە ناوەنـدی کوردسـتاندا، 255 پ.ز. رزگاربوون لە دەستەڵاتی سلوکس، فەرماندەی یۆنانی – گریك، دوای ئەسکەندەری مەکدۆنی کوڕی فلیپ.

شائەشـەك – ئارشـاك – Ashek – Arshek، یەکێکـە لـە کوڕەکـانی دارای3 – شای میـد.. بە هاوکاری کوردی هاوسییەکانی – کاشی، لۆلۆ، ئـەمیردی، میـد، کیمـری، پـارس – پـارت، سـیتی، گـۆتی، هـەر هـەموو بەشـداری هەڵمـەتی دامەزراندنیبوون بە خوێن، قوربانی، جانبازی لە پێناوی سەربەستی کوردا.

پێکهـاتنی سـوپای بـزورگ بـە سـەرگردەیی ئارشـاك، بەگژاچـوونی سـلوکی، بەرەو شـاری داماگان Damagan ، کـرا بـە پایتـەخت، دواجـار مەدایـەن بـوو بـە پێتـەختی دەوڵـەتی ئەشـکانی مـەزن.. 451 سـاڵ فـەرمانڕەوابوون، لـە هینـدەوە تاوەکو دەریای رەش.

ئـەو پارزەمینـەی کـە شـا کەیئەخسار فـەرمانڕەوایی دەکـرد، زمـانی مـیری کوردی بووە.

رێژەی کورد، 80٪، ئەویتری 20٪ پارس، سەخدی، ئەرمەن، جۆرجی بـووە، کە هەر هەموویان توخمو رەگەزی هیندوئەوروپین.

پارس، ئەگەر برای کورد نەبێ، بێگومان ئامۆزان.. پاشکۆی دەوڵـەتی کـورد بوون، سەرانەو باجیان دەدا بە کورد..

ئەوانەی فەرمانڕەوابوون، خاوەنی دروستی کورد بوون.

پارسەکان، سەرقاڵی کشتیاریو ئاژەڵدارییبوون.

کورد، دەچوون بە گژ سۆمەریو ئەکەدیو ئیلامیو ئاشووریو هیتیو میسریو لیدیدا.

پارسەکان، لە دەڤەری شیراز لەسەر دەریای پارس — فارس، کەنداوی پارس، مەملەکەتەکەش، ئەو پارچە زەوییەبوو کە پێی دەگوترا وڵاتی پارس، هەنوکەشو نهو هەر ئەو ناوەیە، پێشدادی، کەیانی، ئەشکانی، ساسانی هەر هەموو کوردن، فارەمانێتیو فەرهەنگو ژیارییان هی کوردە. کورد خاوەنیەتی، خێڵی مازندەران کوردن، پەهلەوی، گێلی زمانی کوردییە.. دارای مەزنی ئەشکانی، پارسو بیانی لە ناو دەوڵەتدا دایمەزراندن.

ئەو ئیمپراتۆرییەتەی کە قوباد دایمەزراندبوو، بوو بە قوربانی هێرشی ئەسکەندەر و کارەساتی هەولێر، جەنگی کوکمیلا 33 پ.ز. دوای کۆچیدوایی ئەسکەندەر، دەوڵەتی سلۆکی دامەزرا، 225 پ.ز.. ئارشاک ئاڵای سەربەخۆیی هەلگرد.

میری سلۆکی لەسەر زەمینی کوردستان سڕییەوە، دەوڵەتی ئەشکانی لە شوێنی سلۆکی دامەزرا.

ئەوروپی پێیدەڵێن، دەوڵەتی پارت، لەبری ئەشکانی عەرەب، ئەجەم، تورك، پێیدەڵێن، فارسی کۆن — Ancien perse.

هەروەها فەرهەنگەکەشیان بە فارسی کۆن دادەنێن.

فەرهەنگی کاردۆنیاش و کاشی کە 700 ساڵ فەرمانڕەوابوون بەسەر بابلدا، فەرهەنگی لولو و میتانیو میدە.

شای ئاشووری ڕێزیان لە هونەرمەندو سەنگتەراشو وێنەکێشو نەخشەرو ئەندازیاری لولو گرتووە، بە مەبەستی ڕازاندنەوەی شاری نەینەوا — نین ئاڤا — نینئاوا.

شوێنەوارەکانیش هی گۆتیو لولو و کاسیو هۆریو میتانیو میدو کوتیو ئەمردییە.

کورد لە فارس کۆنترە، ئەشکانی 451 ساڵ فەرمانڕەوابوون.. 37 شا فەرمانڕەوایەتی کردووە، لەسەر تەختی کوردستان.. ناوەکانیان:

ئەرشەك، تیردادی، ئەردەوانی، فریا، پانتۆس، فەرهادی، میهردادی، فەرهادی2، منوچهر، فەرهادی 3، خوردی2 ، ڤالۆنی، ئەردەوانی 3 ، تیردادی 2، سپنای، ڤاردان، گودەرز، میهردادی 4، پالاش، ڤانونی 2، پالاشی 2، ئەدەوانی4، باکوری / خەسرەو، ئەکسیدار، پالآشی 3، پالآشی 4، باکوری2، پالاشی 5، 6، ئەردەوانی 5.

شا ناودارەکانیان، ئەرشاکی دامەزرێنەر، شای شەشەم میهرداد، شای حەوتەم فەرهاد 2، شای دەیەم، خوردی یەکەم.

پەهلەوی ناوی زمانە، زمانی مەملەکەتی پەهلەو، واتە مەملەکەتی مید و کورد، مید لە ناوەندو کورد لە کاروکاری و فارس لە پەراسوو کەنارەوە هاتووە، بەپێی هەڵکەوتی جوگرافی..

زمانی پەهلەوی کوردییە، زاراوەی کوردییە، مازندەران دەڤەرێکی میدی کۆنە.

خێڵی مازندەران Mazindaran ، خێڵی jishli + iri ، فەرهەنگی شەمسەدین سامی کورد، لە ماوەی 200 ساڵدا لە شەڕو جەنگدابوون لەتەك شای ئاشووریدا، لە خاوەرو باشوور، کە گوتیو لولو و کاشیو مید، منائی، پارتاسین، پارت، ئەمیردی، تێیدا ئاکنجی بوون.

نەوەکانی کەیقوباد، لە گۆڕەپانی جەنگدابوون، هەروەها نەوەی فرییرز، کەینەخسار، کەیبەهمەن، کەیکاوس، مەنفیسو نەینەواو بابلیانگرت، هەروەها شیفەش، سوز، لەکش.

ئیمپراتۆرییەتی کوردستان، لە خاوەرەوە، هیند، لە خۆراواوە، دەریای ناوەند، میدیتیریناو مەرمەرە، لە باکوورەوە، رۆباری جەیهون - جەیهانە و چیای کاپکاس و دەریای رەش، لە باشوورەوە، میسر، لیبیا، دەریای ئەممان، عەمان، بەهەشتی جیهان.

چاوگ:

- مختصر تاريخ كوردستان. و. حازم عبدالقادر حسين، مجلة لالش، ل: 110-117-121.
- القاموس العام، لشمس الدين سامی.
- تۆماری تەمەن، زەند کەریم.

لا تشكو للناس جرحا و أنت صاحبه
لا يعرف المرءُ جرحاً إلاّ من به ألمُ

ئاشووری

Ashur:

ئاسورا – ئاشور – سۆبار – سۆران – ئاسار – ئاشوری – ئاسوری – ئاتوری – ئوسار Usar.. ئەم گەلە بە چەند ناوێکەوە ناسراوە، بە رادەیەك، کە زانیارییەکی ئەوتۆ دەربارەی رەچەڵەکو بوومیان نییە.. بەو هۆکارەی کە بوونیان لەم هەرێمەدا لە 5 هەزارەی پ.ز. کە ئەمانیش دەچنەوە سەر سۆمەری.. ژیاریو شارستانییان بنیاد ناوە، لە دەڤەرانی ئاکادو ئورو کلدو بابلدا.

کەڵچەریان تاکو 612 پ.ز. هەر راوەستاو بووە.. سنووری شاهەنشاهێتییان، گەیشتۆتە کاپکاس و ئێران لە خاوەرەوە، دەریای سوور، فەلەستین، لوبنان، ئوردون، سورییە، بیابانی میسر، لە باشوورەوە، ئەنەدۆڵو قەیسەری، لە خۆراواوە، تاکو بەشێکی دوورگەی ئەرەب.

شاهەنشاهێتیەکی تۆکمەو پتەو، فەرمانڕەوا بەسەر هەرێمەکەدا، ئەو سەردەمە.

ئاشوری بنیادنەرو دامەزرێنەری بناخەی شارستانیو مرۆڤایەتییە، نووسینەکەیان، کە ئەلفبای سریانی بوو، بەرنامەی ئەلفبای یۆنانی و عەرەبی و هیندی و کاریگەریشی هەبووە بۆ سەر ئەلفبای چینی.. کە 4 تیپە، یەکەمەکەی تیپەکانی ئاشوری، لەلایەنی یۆنانییەکانەوە، بەکار هاتووە، تاکو ئیستەکەش، کە ئەمانەیە: ئولف، **بیت، گومل، دولت.**

نووسینی تەورات، بۆ یەکەمجار، بە تیپی سریانیو ئارامیبووە.

پێغەمبەری مەزن محەمەد (د.خ.) و یارانی بە تیپی سریانیو ئارامی خوێندکاریان فێرکردووە.

باخچەی هەڵواسراو، دوژی بابل، گەواهیدەری ئەم راستییەن.

زانکۆی نسیبین و ئورفەی پ.ز. ناسراو بە قەنتشرین، واتە، هێلانەی دڵ... ناوی هەمەجۆرە، تاکو 612 پ.ز.

لە زەوی میزۆپۆتامیاو دەرەوەیدا و دوای ئەو چەرخەش میدو پارتی، فەرمانڕەوابوون، تاکو هاتنی ئەسکەندەری مەکدۆنی 330 – 320 پ.ز.

مید، لە چیای زاگرۆز، جودی، گودی، پارتیش لە شوێنی خۆیدا، ئاشوری لە سورییەو لوبنان، بەشێك لە فەلەستین و ئوردونو دەشتەکانی 2 چۆمان و ئەوەی پەیوەستە بە ناوی ئاشوورییەوە، سریانی، کلدانی، کە ئیمڕۆ کێشەیە.

سریانی، هەر ئاشوورییە، تیپی ش لە زمانی یۆنانیدا، بووە بە ئاسووری، ئەسیرین، سورییە، لەمەوە هاتووە.

لە زمانی ئاشووریدا، سوریو، سریوبو، ئاشوری، سریانی هەمووی یەکەو نەتەوەیەکە، بە شارستانی کلدانی ناسراوە.. بەر لەوە سۆمەری بووە، لە شارێکەوە بۆ شاریکیتر، ژیاریو شارستانێتی، راگوێزراوە.. کلدانیو ئاشووریو سریانی، زمانێکو نەتەوەیەکە، لە رووی نووسینو ناوەوە.

ناسنامەی نەتەوەیەك، زمانو رۆشنبیریو جوگرافیایە.. ئەمانە هەرهەموو لە ژێر رکێفی ساسانیدا بوون، ماوەی 2500 ساڵ، دوای ئەوان، ئیسلامیو ئوسمانیو مەگۆلیو خۆراوایی، گۆڕەپانی جەنگو پێکادانی بێوچان، کە بەشی ئاشووری ئازار و لاوازیو بێبەشیو تەنگەناسەیی.

هەرچەندە، ئایینی کریستیانیان وەرگرتووە، بەڵام هەر قورتار نەبوون، لەو ستەمدیدەییەو ستەمی بێزەنتیو رۆم و چەوسانەوەی شۆفێنزمی ئارەبو تورکو فارسو رۆمان، بە هۆکاری ناکۆکی ئایینو ئایینزاییەوە.. رۆما، کڵیسەی سریانی بە زۆرەملی خستە پاڵخۆی، کە لە ئەنتاکییەبوو، خستیە پاڵ کڵیسەی رۆما لە ئەستانبوڵ – قوستەنتەنییە.

کەنیسەی ئەنتاکییە، یارانی عیسا، شەمعون، پەترۆس، یەکەم بەتریرکی ئەنتاکییە، بایەخدار لای ئاشووری، ئەو رۆڵەی نەما، دوای راونانی لە لایەن رۆماوە،

340 ساڵ زوربەی کادەری ئایدیۆلۆژی کریستیانی فرێدرانە ناو ئاگرەوە و سووتان، هەندێکیان کران بە نێچیری دڕندەکانو لاکی ناو دەمی شێرە برسییەکان... تەنها تاوانیان ئەوەبوو کە کریستیانین و دژی کۆیلایەتین.

ڕەوشی کریستیانی، کە بلاوکرایەوە، لە ئەورووپاو ڕۆما، پۆلس و هاوکاری سیلاس بەپێی ڕاسپێری شەمعون پەترۆس بوو لە چەرخی قوستەنتینی گەورە لە 325. گۆنگرەی کریستیانی لە شاری ئەزنیك، بە چاقاری ڕۆما.

نمایندەی ئاشووری، مار یەعقوب نسیبین و بریکارەکەی، مۆر – مار ئەفریم سیروس و مەترانی دیاربەکر، شەمعون، نەیانویست کە کەنیسەکەیان ، لە ژێر چنگی ڕۆمادا بێت و ناکۆکی تاکو بەستنی کۆنگرەی 2 لە ئەستانبوڵ 451، لە گەڕەکی خەلفەدۆنا، ڕاونانو ئازارو ستەمی دژی ئاشووری، تەنانەت، لە ناشتنی مردوودا.

بنکەی کەنیسەی ئەنتاکییەو ڕاونانیو داخستنی و سوکایەتیو ڕسوایی پەتریرکی سریانی... ئەمە نیشانەی دەستەڵاتی ڕۆمابوو بەسەر کەنیسەی خاوەردا.

لەم ماوەیەدا، ئایینزایی و دابەشبوونی ئایینزایی سەریهەڵدا لە چەرخی 5 بە سەرۆکایەتی مەتران ناستریۆس و کوریلۆسی یۆنانی.

تێڕوانینی ناستریۆس، هۆکاری دابەشبوونبوو لە ناو کەنیسەی سریانیدا.

سریانی بۆتانو هەکاریو ئورمێ بوون بە نەستووری و تاکو هەنوکە، لە باکورو بەهدینانو هەولێر – ئەربل، بەغداد، هیندو کاریگەری لەسەر چین و مەگۆل و بۆ یەکەم جار لە مێژوودا بە کەنیسەی خاوەر ناسراوە، لە ناو ئاشووریدا، هەروەها بە خۆراوایش ناو براوە.

بەم پێیە، ئایینزای کاتۆلیکی خۆی سەپاند، لە ئەنجامی ئەم دوژمنکارییەداو بەشێك لە ئاشووری گرێدران بەم ئایینزایەوە.

بەڵام، برێك لە ئاسووری لە سوورییە ناسراوبوون بە مالیکی – مالکریو – مالیکری – مالیلکری.. پەیوەستی شاو پەیوەستی ڕۆما بە مەبەستی دابەشبوون.

لە سەدەی 7، مەتران مارون، لە کەنیسەی سریانی – یاقوبی، پچراو چووە پاڵ رۆما، ئاییینزایی مارۆنی، سەریهەڵدا، بە زۆری لە لوبنان.

تاکو هەنوکە، مالیکی و مارۆنی، نوێژ بە زمانی سریانی دەکەن، لە کڵێسەدا.

چەرخی 18 – 19، دابەشکردنێکیتر روویدا لە رێگەی میسیۆلیر، لە سورییەو تورئایدین.. بەشێکیان بوون بە پرۆتستان و بەشێکیان بوون بە کاتۆلیک.

پوختەکەی:

سریانی ، کلدانی، مارۆنی ، کاتۆلیک.. هەرهەموو یەك نەتەوەو یەك زمانو، رۆشنبیرییەکیان بووە، دوژمن، بۆ پەرتکاریو مەبەستی دابەشبوون هەمیشە لە بۆسە و سەنگەردا، خۆی مەڵاسکردووە بۆ سەقامگیربوونی ئەم جوداییەو جیاوازییەو پەرتکردنو دابەشبوونە ناڕەوایە.

دیرۆك:

لە دێرەوە تاکو ئیستەکە ئەم گەلە بە کێشەی ئازارو ئەشکەنجەو پەرتبوونەوە، دەتلێتەوە، لە ئەنجامی پێڕەوی ئەم پۆلاتیکی پەرتکردنەوە.

بیر لە دەستەڵات دەکاتەوە، دوای روخاندنی شاهەنشاهێتی ئاشووری بە دەستی میدو پارتیو کۆمەکی کلدانی 612 پ.ز..

هەرچەندە هاوبەشی دەستەڵاتبوون لەتەك میدو پارتدا لە بابل تاکو 539 پ.ز.

مێژووناس، جورجردی و پرۆفیسۆر ماتییف، سوورن لەسەر پەیوەندی نێوانی کەیخساری میدو نبوبیلایسر، شای بابل، پتەوبوو، توانییان شاهەنشاهێتی ئاشووری، کۆتایی پێبهێنن، بە سوپای هاوبەش، ئومیت شازادە کچی کیخسار، خێزانی کوڕی نبوبلاسەر نەبوخوزنەسر، ئەم پەیوەندییە، مایەوە تاکو 550 پ.ز.، ماوەی فەرمانڕەوایی مید.

ناپاکی پارتی هۆی کەوتنی میدبوو، 550 پ.ز. بە سەرکردەیی داریۆسی یەکەم.

گەلی مید کەوتە بەر راونانو کوشتنو برین، پاکۆی زاناکانیو سەپاندنی رۆشنبیری خۆیان بەسەر میددا.

شالاوی گەورەی پارتی بۆ سەر بابل بوو بەهۆی کەوتنیان 539 پ.ز.. بەسەر هەرێمەکەدا فەرمانڕەوابوون تاکو هاتنی ئەسکەندەری مەکدۆنی 330 پ.ز.، هاتنی رۆمان 260 پ.ز.، بە هێزێکی گەورەوە، میزۆپۆتامیا کەوتە ژێر رکێفیانەوە.

ملانێی ساسانیو رۆمانی لەسەر دەڤەرەکە تاکو 640 پ.ز.، دەستەلاتی ئیسلام، شاری نوسەیبین بوو بە سنووری نێوانی ساسانیو شاهەنشاهێتی رۆمان – بیزەنتی – بیزەنس.

بەری خاوەری بۆ ساسانی و رۆخی خۆراوای لەژێر چنگی رۆماندابوو.

جەنگو پێکادان لە نێوانیاندا بەرپابوو ماوە 8 سەدە، زانکۆو خوێندنگە، هەرهەموو داخرا.

ساسانیو کورد، ئایینی زەردەشتییان وەرگرت و کورد پەنایبردە بەر چیاکان، ئەگەرچی ساسانیش کوردبوون، رۆمانیش بوون بە کریستیانی، لە چەرخی 14 ز، بەکاریان هێنا بۆ مەبەستی رامیاری خۆیان.

کریستیانی، بلاوبۆوە، لە ناو گەلانی شاهەنشاهێتی رۆمانو جەنگی رۆمانو ئارەب، بەرپابوو لە سەدەی 5-6 تاکو چەرخی 18.. زۆر لە کریستیانی کوژران، بە تایبەتی ئارتۆدۆکسی بەلگان.

رۆمان، گەلی ئاشوری راونا، لەبەر ئەوەی نەهاتنە ژێر ئالای کەنیسە و دێری سریانی – یاقوبی، بەو هۆکارە کەنیسەی ئەنتاکییە داخراو پەتریرکی سریانی دەستبەسەر کرا، 969ز، پەتریرک یوحەنا 8، پەتریرکیەکەی گواستەوە بۆ مەلاتییە تاکو 1058، لە ئەنجامی گوشاردا، گواستییەوە بۆ شاری دیاربەکر.

لە چاخی پەتریرك یونیسیوس یەحیا، یوحەنای 6، پەتریریکی لە نێوانی دیاربەکرو ماردینو دێرزەعتەرانو دێرەکاندا دەگوێزرایەوە، لە کێوە سەختەکاندا، دوور لە دەستەلاتی رۆمان.

رۆمان، کزبوون 1293 چەرخی پەتریرکی 86 ئەغتیۆس کوڕی وهیبی 5 تاکو 1932، بنەی پەتریرکی سریانی، دێر زعفەران ماردین بووە، دوای پەتریرك، ئەلیاس شاکیر، چۆتە موسلۆ هیند، لەوێ کۆچیکردووە.

دوای کۆچی، لە شاری حومس، کۆبوونەتەوە، پەتریرکی هاتۆتە شام، دیمەشق، لەتاو راونان.

ئاشوری، راژەی ئارەبو رۆشنبیریکردووە، وەرگێڕان لە دەربارەی یارانی پیغەمبەر (د.خ.) ئیسحاق کوڕی حەنین لە چەرخی ئەباسیدا، تەنانەت جێوار مەئمون بە ستوونی زانستی، ناویبردووە، کورەکانی وێژەی ئەرستۆو ئیفلاتون لە رامیاریو یاساییو دەستووریو هەتا داستانی هۆمیرۆس و ئەلیادە و ئۆدیسە، کە تیافلو ئورفەلی وەریگێڕاوە.

ئیسلام، باجی خستونەتە سەر وەکو کۆیلە بەکاریهێناون.. بۆیە پێیانوتراوە، فەلە، لە وشەی فەللاحەوە هاتووە.. پیغەمبەر (د.خ) ستەمی لەسەر لابردن، بەلێنی داوە بە پەتریرك ئیشوبافید، لە چەرخی خۆیدا.

بەلام ئوسمانی، ئازاری نەك هەر تەنها ئاشووری، بەلکو راونانو ئازارو ستەمو زۆرداری بۆ ئەرمەنو کوردو هەرهەموو کریستیانی بووە، بە درێژایی دەستەلاتی بە شێوەی دڕندەیی، دوای بنیادنانی شورەی چین، بە مەبەستی بەربەستی هێرشی تورك، بە تایبەتی چەرخی سەلجووقی لە ئەنادۆلو دەستەلاتی ئوسمانی 400 سالّ لە چەرخی 16، تەقەلای تواندنەوەی گەلان، سەربڕین، کوشتارکاری بە ناوی ئایینەوە.

سوخرەو بێگاری هی کوردو نەتەوەکان، بۆ پێکهاتنی ئامانجی خۆیان.

ئەرمەنی لە مێژوو دەرهێنراو ئاوارەکراو لەتەك ئاشووریدا بەهەر چوار لای جیهاندا.. کوردیان دواخست سەدان سالّ لە چەرخو چاخ، پەیوەندی گەلانیان شێواند و زەهراویکرا، بوو بە پەیوەندییەکی کوشندە لە نێو گەلە چەوساوەکاندا.. بە تایبەتی سەردەمی رژێمی کەمالیزم و کەمالی.

کورد و شانشینی ئاشوور – ئاسوور:

لــە چــەرخی دامەزرانــدنی ئیمپراتۆرییــەتی ئاشــوورەوە، تەقــەلادراوە کــە ناسنامەو پێناسەی نەتەوەیی کوردایەتی پابەندیو پەیوەستەگیو ریشەو رێچەڵەکی رەسـەنێتی کوردیـو کـوردەواری لـە شاهەنیشاهێتی ئاشـور بسـڕنەوە، ئـەو راسـتیو دروسـتییەی کـە هـیچ کێشـەیەکی لەسـەر نییـە، بـەپێی ئـەم بەڵگـەو بۆچـوونو سەرنجانە:

1- **شوێنگە:** شـوێنگەی دەوڵـەتی ئاشـوور، بنکـەو بنـەی سـەرهەڵدانیان، لـە نـاو ئاخو خاکو زەوی کوردستاندا، ئوسـتانی نەینـەوا، مووسـڵ، هـەولێر، ئـەربل، دیـاردەکراوە.. دواجـار گەیشـتۆتە هـەرێمی ئێلامـو وڵاتـی شـامو میسـر، کـە لەتـەك نەخشـەی خـاکی کوردسـتاندا، هاوچـوونیەکەو هاوجووتـە، تەنانـەت لەتەك نەخشەی هاوچەرخی کوردستان.

2- **نێـو – نـاو** – Name:

دەوڵـەتی ئاسـوور، لـە وڵاتـو خـاکی سـوبارتودا، دامـەزراوە، ناحـەزانی ئاسۆریو دوژمنانی، بە فەرمانڕەوایانی سۆبارتۆیان دادەنێن، کە رەگـو ریشـەی پێکهاتەی میللەتی کوردە.

سۆبارتۆ – سۆباری – زێباری

زۆر رەوایە کە بڵێن، ناوی سۆبارتۆ ، دابڕێت بەسەر دەوڵەتی ئاسوریدا، واتە، ئاسور، سۆبارتۆ بووە.

ناوی سۆبارتۆ، بنەڕەتی وشەکە، لە سەرهەڵدانی چەرخی سـۆمەرییەوە، لـە سـەرەتاوە وشـەی ئوسـار Usar، لـە زمـانی سـۆمەریدا تەمـەنی وشـەکە 2500 پ.ز.

لە زمانی کوردۆنیدا – کیشی، ناوەکە بە شێوەی: سوار – ئاسورا، تەمەنی ئەم ناونانە، دەگەڕێتەوە بۆ 1500 پ.ز.

زاراوی ئاسورا، هەر وشەی ئاسارە، تیپی ئا بووە بە واو.

ئاسورا، لە زمانی کیشیدا، هەمیشە لەتەك وشەی یاش بە شێوەی سوریاش، بەکارهاتووە، مەبەست لە زەویو خاکو وڵاتیبووە کە پوختەکەی واتای ناوکەی، وڵاتی خوداوەندی خۆر، وڵاتی خۆر بووە.

تەمەنی بەکارهێنانی ئەم شێوەیە هەزار ساڵ پ.ز. بووە.

لە چەرخی پارسدا، 500 پ.ز. ئەم ناوە بەسەر ناوەندو باشورو، لە دواییدا باکوری دوورگەی وڵاتی شامدا دابڕاوە.

وشەکە، گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بووە بە سورستان، بووە بە وشەی سریان، ناوی هۆزو بەرەیەکی ئایینی کریستیانییە.

لە رووی جوگرافییەوە، تەنها بەسەر بەشێکی وڵاتی شامدا، دابڕاوە، کە سوریە – سووریيە.

ئەسوار – ئەهوار، واتە، پەروەردگار، دروستکەر، لەتەك وشەی مزدا، ئاهورامزدا، هورمز، خودانی پژوە، المولی الحکیم، ناوی ناسراو، لە زمانی کوردی هاوچەرخدا.

ئاسوار، سوریيە – سوریا – سورەیا، ناوی کچە کوردو رەنگی سوورە.

خێڵەکانی لولو، رۆڵی مەزنیان هەبووە، لەمەڕ دامەزراندنی دەوڵەتی ئاسورو فەرمانڕەواکانیاندا.

پێشینەی ئەم خێڵانە، نیشتەنیانی دەوڵەتی سۆبارتۆ، خۆری – هۆری ، سیروان، بە هەرێمی کوردی فەیلی گوتراوە.

لە سەدەی ئیسلامیدا، دواجار، ناوەکەی بە شێوەی سۆران - سۆرانی میرنشین، بنکەکەی رەواندز بێت.

ئاسووری، ئاسوریان – ئاسوریها – ئاشوری، تیرەیەکی کریستیانی نەژاد سامی، زمانی سریانی پەیڕەوی نەستور و ئەسقەفی مەزن لە قوستەنتەنییە، بەشی زۆرینەی لە تورکیاو ئێراق، لە سەلماسو ئورمیەن.

فەرهەنگی عەمید حەسەن عەمید، بەرگی 1.

کورد و ئاشوور:

سەنحاریب 705 – 682 پ.ز. لە 699 پ.ز. جەنگی کوردۆئین – داستانە لە دەڤەری کێوی جودی – گودی – گۆتی – گۆد – God – خوداوەند، ماوەیەکە لە تۆمارگەکانی ئاشوردا بە ناوی جەنگی 5 لە جەنگەکانی سەنحاریبدابووە.

خاوەرناس، مێجەرسۆن، ئەڵێ: نایبری، کوردۆئیین، باکوری زاب.. شاتجلا تبلیسەر، ئاشوریو نەوەکانی بە دانیشتووی دەڤەری دەجلە و فوراتو باکوری نیڤانس، کێوی تۆرئابدین، واتە، ئوستانی دیاربەکرو خەرپوتو دێرسیمو چیای یونس – تۆرۆس، گەلی کوردۆئیین ساڵی 401 پ.ز. تێدا ژیاوە.. ناوەندی چەرخی ئەخمینی، دوای شکستی مید و کوردۆئینانە، باپیری کوردن.

دوای روخاندنی مید، لە چیاکاندا خۆیان قایمومەڵاس کردووە، بە کورد ناسراون، ناوو مێژوو لەو کاتەوە هێرشی یۆنانو رۆمانو پرسی، شکستیان هێناوە، بەهۆی چیا بڵندەکانەوە.

تەنها ئاشوری چۆتە ناو ئەو وڵاتەوە، کە کوردستانە.

کریستیانی – مەسیحی:

کریستیانی لە ئورشلیم – ئورشلایم، قودس، بیت لەحمەوە سەریهەڵدا، بەرەو ئەنتاکییە، لەوێوە بۆ دوورگەی قوبرس و رۆما، لە خۆراوا بۆ شاری رەها – ئورفە، هەرێمی باکوری کوردستان، لە باکورەوە.

شاری ئورفە – رەها، بنکەی سەرهەڵدانبوو، بەرەوە خاوەرو روویکردە شاری دیاربەکر، بەرەو هەدیاب – ئەربل، بۆ بیت گەرمای – گەرمیان – کەرکوك – ئارابخا، واتە کوردستانی باشوور، بوو بەهۆی بڵاوبوونەوەی زمانی ئارامی... سریانی بوو بە زمانی ئاسایی و گفتوگۆ و بوو بە زمانی میری، لە رێساو دەستووری کەنیسەی کۆنی خاوەر بوو بە هاوتای زمانی یۆنانیو لاتینی.

کێونشینانی ئەو چەرخە، لەتەك گەلێ رەگەز تێکەڵبوو، ئەتنی، رۆم، فارس – پارس – پەراسو، مید، ناوەند، کورد – کار، دوای ئەوانیش، ئارامی، سریانیو پاشماوەی ئاشووریو کلدانیو هیتر.

کار سەقامگیر بوو بۆ مید، دوای کەوتنی ئاشوور و بوون بە زۆرینە و ناوەکەیان گۆڕدرا بە تێپەڕبوونی چەرخو چاخ و ناوی هەرێمەکەش بە ناوی وڵاتی قردو بوو بە کوردستان، لە سەرەتای سەدەی 11 ز، زۆر لە گەلانی هەرێمەکە، ئایینی کریستیانییان وەرگرت، کە بەر لەوە لەسەر ئایینی زەردەشتی بوون، یاخود زروانی، بەر لە زەردەشتی، وەتەنی، بێباوەڕی بە هەموویان، مێژووییەکو کەڵچەرێکیان پێکهێناوە لە دەڤەرەکەدا.

چاوگ:

- رۆژنامەی وگن الشمس، ژمارە 16 -= 17، نووسینی نوعمان نەشرۆ.
- ئایین و باوەڕ لە کوردستاندا ، کەریم زەند.
- فەرهەنگی عەمید حەسەن عەمید، بەرگی 1.
- تاریخ الآشوريين، الجزء الأول، م.س. لازيرف ، ترجمة أسامة نعمان، مطبعة دار الجاحظ ، بغداد 1970.

تورکمان

دێرکو نیۆلیێنان

نیۆلیێنان:

تورکمان، تورك + مان – ئوغوز – ئاغوز – رووسپی – ئازاد – ئوغوزمان، باپیرە گەورەی تورك.

گەلی تورکزمانی، ناوەندی ئاسیا، رەگو ریشەو نەژادیان، دەگەڕێتەوە بۆ خێڵانی ئوغوز – غز، لە چاوگی مێژووی ئیسلامیدا، لەتەك خێڵی تردا، لە زەویو خاکی مەنگۆلیا – غز – ئوغوز، گەلی دەشتەکی جەربەزەو دڕ – راووڕوتو تالانیو بڕۆو هێرشو هەڵمەتبەریو شالاوبردن بە مەڕومالاتەوە، روویانکردۆتە نێوانی کێوەکانی ئۆراڵو کەزبین، لە نێوانی سەدەی 10، بەرەو خۆراوا، تێکەڵ بە کەلچەرو فەرهەنگی ئیسلامی بوون و پابەندی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بوون.

چەکدارانی تورکمان، بە مەبەستی کاروباری خۆیی تورکمانی جێگیربوو لە باشووری ئێراق، لەتەك سەرهەڵدانی سەلجوقی تورك، لە خاوەرداو دەستبەسەراگرتنی پێتەختی ئەباسی لە بەغدادو داگیرکردنی چەند بەشێکی خاکی ئەنادۆڵی ئیستەکە، کە پێی دەگوترا، شانشینی بیزەنتی کریستیانی.

کەرتێکی ئەم تورکمانە، بوون بە پاشکۆی سەلجوقی، روویانکردە ئێرانو ئازربیجان، دڕیان بە چیاکانی کوردستاندا بە ئەرمەنستانیشەوە.

ئوغوز، تێکەڵ بە کورد بوون.

ئەم وشەیە، ئەم نێوە، ئوغوز، لە زمانی کوردیدا وەکو ناوێکی ناسراو، تایبەتمەند بە مرۆڤی کورد، لەمەوە، وشەی تورکمان، بڵاوبۆوە، بوو بە باوی سەردەم، بەسەر پاشماوەی ئوغوزدا دابڕا.. ئەوانەی ناوەندی ئاسیاو خێڵانی ئوغوز

بە گشتی لە چەرخی میرنشینی زەنگی، ئەتابیگی، لە دوورگەو شام و هەولێرو – ئەربل، لە چاخی سەلاحەدینی ئەیوبیدا..

تورکمان بوو بە هێزێکی سەربازی، بەشداری جەنگی خاچەکانبوون، شانبەشانی کوردو ئارەب.. کەرتو تیپێکی تورکمان، ئاق قوینلو، مەڕەسپی، ئالاو ئارمو دروشمی مەڕەسپیو مەڕە رەشیان قەرەقوینلو، بلندو بەرز کردەوە.

ئاق قوینلو، قەرە قوینلو.. لە کوردستانو ئێرانو ئێراقدا، فەرمانڕەوایەتی شارە کوردنشینەکانیانکردووە، وەکو تەورێز و ئامەد و دیاربەکر.

کاتێ کە فەرمانڕەوایەتی کەوتە دەستی بەری توغرول، دەوڵەتی ئوسمانی، بەرپابوو، هاتەکایەوە. مرۆڤی خێڵانی تورکمان رێژەیەکی مەزنیان پێکهێنا، لە دەوڵەتی ئوسمانیدا، واتە لەو دەوڵەتەدا.

تورکمان، بە یەك زمان گفتوگۆو وتووێژ دەکەن، بە زاراو و شێوەی جۆراوجۆر، پەیوەستی نەریتو رەوشی خێڵەکی رەسەن، جیاوازییان هەیە لەتەك تورك نشینانی تورکیا، لە رووی رووالەتو روخسارو تایبەتمەندێتی کۆمەلایەتی نێو کۆمەلگاییەوە.

تورکمانی ئازربیجان، ئایینزای جەعفەری – شیعە گەرییان پەسەند و بەگەنکرد، پابەندی بوون، دوای سەرهەلدانی دەوڵەتی سەفەوی لە ئێران..

بەلام، تورکمانی باشووری کوردستانو ئێراق، زۆرینەیان موسلمانی سونین.

ئوستاندارانی ئوسمانی، نیشتەجێیکردن، لە ناو شارو کەنارەکانیاندا، بە مەبەستی دروستکردنی پشتێنەو هێلی ئاسایش، پچر پچر بە هێلێکی لارو چەماوەو کەوانەیی، لە تەلەعفەرەوە، خۆراوای مووسل، بە کەرکوکدا تێپەڕدەکات، لە شاری مەندەلی کۆتایی دێت.. نیو ملیۆن کەس پترن.

هەروەها، تورکمان لە ئەنەدۆلو حەلەبو سورییەو ئێرانو خۆراسانو ناوەند و ئەفغانستان، هەیە.

کۆماری تورکمانستان 1924 دامەزراوە، پێتەختەکەی ئەشقاباد، مۆناتی لە 6 ملیۆن کەس پترە، تورکمانی سونەی 65٪ ، گۆی گشتییە، لە دۆلی رۆباری ئاموداریا و مرغاب، نیشتەجێو جێگیربوون.

چۆلی قەرەقوم، زەوی کۆماری گرتۆتەخۆو داپیۆشیوە.. دەکەویتە کەنارەکانی، دەریای کەزبین، بیابانی کەرکوم.

وشەی تورکمان، ترکمان – ترکمن – تورکمان – تەرکەمان – ترکمانند – تورك ئیمان.

1- **تورکمانەندی فارسی** – تورکئاسا – نیمچە تورك، ئیسلامبوون، خێلی تورك ئیمان، خێلی ئوغوز، سەدەی 11ز ئەم ناوە، چەسپاوە، تورك ئیمان – ئیمانتورك – تورکمانند – مانند تورك.

بۆچوونیتر، تەرجمان – وەرگێر، تەرجمانی نێوانی ئارەبو تورکی موسلمان.

تیرەیەکی ئێران، نیشتەجێ لە گورگانو تورکمان سەحرا.

لە هۆزە ناودارەکانیان، یموت، کوکلانە.

تورکمانستانی کاپکاس، پێرەوی ئایینزای سونەو زمانی تورکی، وەکو لە فەرهەنگی عەمید حەسەن عەمید بەگی، 1، ناویان هاتووە.

تورکمان، لە وشەی خێلی قومانی سەلجوقییەوە هاتووە، بووە بە تورکمان، بەپێی رێزمانی تورکی، تورك + مان.. یاخود مەن.

ئەم پاشگرە لە زمانی تورکیدا واتە: گەورەیی، مەنی، زۆربە، بێپایان، بەکاردێت... واتە، تورکی گەورە، رەسەن، خوێنپاك، زۆرینە.

2- ڕێچەڵەك:

ئەو تیرەو خێڵە تورکمانەن کە لە ئاسیای ناوەندەوە، لە قۆناخی جیاجیادا، بە چەند هەنگاوێك لە خۆراسانو دەڤەرانی جێگیربوون، لە پاشدا بوون بە ئیسلام، بەرەو ئەنەدۆڵو ئێرانو خاوەری میانە کشاونو شۆڕبوونەتەوە، بەو بۆچوونە، کە تورکمان دەچنەوە سەر خێڵی ئوغوز، کە لە ئاسیای ناوەندەوە، کۆچیانکردووە، بوون بە 2 بەشەوە.

بەشێکیان، بە کۆچەری ماونەتەوە، بەشەکەیتری لە شارەکاندا، جێگیربوون.

ئەو تورکانانەی بوون بە ئیسلام، کەوتنە جەنگو شەڕەوە، لەتەك ئەو تورکمانانەی کە نەبوون بە ئیسلام.

لە دواییدا، ئوغزان بەرەو وڵاتی پەچەنەك pecenek نزیکی لێواری دەریای ڕەش، چوون، لەوێوە گواستیانەوە، بڵاوبوونەوە بە وڵاتە ئیسلامییەکاندا.

چەند دەوڵەتو میرنشینیان دامەزراندووە.

ئوغوز، ناوی ئیمپراتۆر، شانشینی تورك، ئوغوزخان، ئەو سوورناوەی پێبەخشراوە.

تیرەکانی ئەم خێڵە 24 نەوەی ئوغوزخانی لێکەوتۆتەوە، ئوسمانی، سەر بە تیرەی قایی kayi، ئەم خێڵەن، سەلجوقی، سەر بە تیرەی کینك Kinik.

3- **نیشتەجێبوون:**

تورکمان لە ئێراقدا چەرخی سوڵتان مرادی 4، 1638، سوپای سەفەوی، لە ئێراق شکاو شکستی هێنا.

بەشێکی ئەو هێزەی تورك، ماوەتەوە، نیشتەجێکراون، بە مەبەستی جوداکردنەوەی هێڵی پەیوەندی نێوانی، ئوستانە تورکەکانی باکورو ئوستانەکانی باشووری ئوسمانی بێت، بە مەبەستی پاراستنو ئاسایشی لە دەڤەرەکەداو پشتێنەی پارێزگاری بێت.

سەلجوقی، ویستوویەتی بەلای خۆیاندا رایانکێشن، کاتێ کە توغرول بەگ، هاتۆتە ئێراق.

سەلجوقی – قینك – کینك، Kinik بە ناوی سەردارو دەستەڵاتەوە، ئەگەرچی، لە تیرەی ئوغوزن.

ئەباس ئەزاوی، ئەڵێ: تورك، پێش مەگۆل هاتوونەتە ئێراق.

4- **کۆچ:**

ئەرشەد هورمزی ئەڵێ:

بە قۆناخ هاتوون، ساڵی 54 ك – 673 ز.

ئەبدوڵا زیاد، 2 هەزار توركی تورکمانی هێناوە بۆ بەسرەو نیشتەجێبوون.

ئەم تورکانە، لە سوپای ئەمەویو ئەباسیدا خزمەتیانکردووە، بەشداربوون، چەندین جێنشینیان هێناوە و خزانویەتیانە ناو سوپاکانەوە، **ئەمە قۆناخی یەکەم.**

قوناخی دووەم، چەرخی سەلجوقی و نیشتەجێکردنی تورکمان 1505، کە توغرول بەگ پێی خستە ناو شاری بەغدادەوە.. تورکێکی زۆر، لەم شاڵاوەدا هاتوونو جێوار بوون.

چەرخی سەلجوقی لە ئێراق 1118 – 1194، ئەتابیگی مووسڵ، چەند دەوڵەتو میرنشینیەکی گرتۆتەخۆ، دوا دەوڵەتی ئاق قوینلو بایندەری 1508، لەسەر دەستی ئیسماعیل شا سەفەوی، کۆتایی پێهات.

سێیەم قۆناخ، ژمارە زۆرکردن، تورکمان سوپای سلێمان قانونی 1635 نیشتەجێکران.

تورکمانی مرادی 4، لە کوردستاندا جێگیرکران، مۆرکی نەتەوەیی بە زۆری داگیرکەر، گوڕدراوە، واتە مۆرکی کوردەواری بەپێی ئاماری 1957، 136٫806 هەزار کەس بوون، لە کۆی ژمارەی هەموو ئێراق، 6٫339٫960 کەس بووە.. ئەم ئامارە سەرنجی تێدایەو لەم ڕێژەیە کەمترە 2٪ ی دانیشتوانە.

پوختە:

هەردوو وشەی تورکانو غز، یەك دەربڕینە لە چەرخی دەستەڵاتی سەلجوقیدا، لە مێژووی سیستاندا، بە هاتنی سەلجوقی بۆ ناو سجستان 428ك – 1036ز.

وشەکە لە مێژووی ئەبوفەزل بهیت 470ك – 1077ز، ئاماژەی بۆ سەلجووقی کردووە، هەروەها بۆ تورکانیش.

ڕەنگە، غزی تورکمان، بەر لە سەلجوقی هاتوون، دوای شاڵاویان.

زەین ئەخبار، ئەڵێ:

غز سەدەی 5 – 11 بە سەلجوقی وتووە، تورکمان.

مێژووناسان، تورکمانو غزیان جوداکردۆتەوە، وەکو مینۆرسکی، ئەڵێ:

سەلجوقی، بۆ ئەوەی خۆیان لە خێڵانی غز جودابکەنەوەو لەو خێڵانەش کە بەرهەڵستیانبوون، سوڵتان سەنجەریان بەدیلگرت 1153 – 1156، لە نووسراوی، تناول قبائل الترك، دانەری مروزی، 514ك – 1120 ز، بە تورکی ئیسلامی گوتووە، غز، کاتێ جەنگی نێوانیان، گروپی بەرەو خوارەزم، خوار زەمین، کۆچیان کردووە بۆ دەڤەری بچنك، لەمەوە بۆی چووە، مینۆرسکی هاوچونبوونی

ئیسلامبوونی غزە، کۆنترین وشەی تورکمانە، نووسراوەی، أحسن التقاسیم، هی جوگرافناسی مەزنی ئارەب، مەقدیسی بشاری، 4 ك، باسی شاری بروکتوبلاجی، کردووە، کە گوزەرگەی تورکمانی ئیسلام بووە...

لە ل 274، 5 275، ئەڵێ:

شای تورکمان، فەرمانڕەوای ئەودوا دیاری ناردووە بۆ خاوەنی شاری سیرام، ئەسپیچاب.

تورکماننـد، وەکو تـورك، لـە نووسـراوی مـەحمود کاشـغەری، دیـوانی زمـانی تورك، سەدەی 5—11.

مێژوونووسی مەگۆل، بە گروپی غزی کۆچکردووی ناوبردووە.

تاجیکی، پێی وتوون، تورکمان.

دانەرێکیتر ئەڵێ: تورك – ئیمان – تورکی ئیسلام.

خاوەرنـاس، بریتسـك، ئـەڵێ: تـورك + مـان – Turk + man، وەکو لـە ئاسیای ناوەند.

چاوگی رووسی ئەڵێ: تورك، بێپاشگر.

شاهەنشاهێتی غز – یابغو بە 2 ناو، تورکمان – غز، ناوی بردوون.

E.Denison Ross، ئەڵێ، لە زاری فاسبیرییەوە، ناو تورکمان، لە تورکو پاشگری مان – من، وەکو لە ئینگلیزیدا، ship یاخود dom.

وشەی من، بە تورکی واتە، سام، توند، مەزن دێت.

فەرهەنگی عەمید ئـەڵێ: تـرك Turk، تیرەیـەکی مـەزنی نـەژادی زەرد لـە کۆندا لە تورکستانو باکوری چین، نیشتەجێبوون.

مـەگۆل، ریشتەیەکە لـەوان، سـەدەی 6 کۆچـیانکردووە بـۆ ئێرانـو ئاسـیای گچکەو دەڤەری ئەورووپاو کیشوەری جودا، هەنوکە زیندەگی دەکەن، وەکو ئوسمانیو تورکمانو ئوزبەگو، قرغیز، شێوەی ئاخاوتنی جودا، تـورکی ئـازەری لـە ئازربیجانو خمسو کەزبین.

زمانی تورکی، لە دەستەڵاتی غزو تاتارەوە لە ئێراندا هاتۆتە ئاراوە.

کێشەی تورکمان:

ئـەم کێشـەیە، بەسـتراوە بـە کێشـەی بزافـی رزگـاریخوازی گـەلی کـوردەوە، لێیدانابڕێت.. لەو رەوتەدا، هاوجووتە، لـە نـاو ئـەو هاوکێشـەدایە.. ئەمـە نیشـانەو هێمای چارەنووسی هاوبەشی گەلی کوردو تورکمانە، لەسەر زەویو خاکی پیرۆزمان.. هاوکاریو هاوبەشیو هاریکاری هەر بوونی مێژووییەو تەباییە، کە چەرخو رۆزگار سەپاندوویەتی.

گەرەکـە هاوکـاری یـەکتربین، لـەم قۆنـاخی رزگـاری نەتەوەییـەدا، لـە کوردسـتاندا، لـەم بارودۆخـە ناسکەدا، لـە نـاو گێـژاوی نێودەوەڵـەتیو نەتەوانیـدا و هەرێمی و ناوخۆییدا.

ئەگەرچـی، مـافی رۆشـنبیری 1970، بـەیانی ئـاداری مێـژوویی زیـادە تێپەرکاری تێدابوو، کە 90٪، خوێندنگەی میری لە کەرکوکو چەند شارۆچکەیەك، کە رێژەیەك تورکمانی تێدایە، گوایا، ئارەزووی خوێندن بە تورکی دەکەن.

ئەمە لە رووی راستییەوە، کێشو سەنگێکی ئەوتۆی نییە.

چاوگ:

- هورمزی ئەرشەد، و. کاروان ئەبدولا... گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی.
- رۆژنامە کوردییەکان، نووسینەکانی م. جەمیل رۆژبەیانی.
- زەند کەریم، جوگرافیای کوردستان، دەستنووس 1958.
- مجلة الأدب الترکمانی، د.س أحسن، ترجمة د. حسین علی داقوقی.
- فەرهەنگی عەمید حەسن، بەرگی 1.
- شجرة الترك، أمیر خیوة.
- گلشن خلفا، تورك تأریخی.

گەلی جوو

Jew - Jewish

گەلی جوو:

شانشینی یەهودا، مەملەکەتی یەهودا، لە فەلەستین – فەلەستان، لە هەزارەی یەکەمی پ.ز. فەرمانڕەوابوون، تەختی سلێمانو داود، لە مێژوودا، شوێنی تایبەتی خۆی هەیە، چەرخی نەبوخوزنەسری بابلی 597 – 586 پ.ز. بە 2 جار بە دیل هێناونی بۆ شاری بابل، ئەمەیە سەبی بابل.

ئاشووری، 300 ساڵ درێژەی بووە، 911 – 636 پ.ز.، 15 شا، فەرمانڕەوایی کردووە.

دەستەڵاتی ئاشووری، ئەوانیش، تیرەو بەرەکانی گەلی جووی بە دیل هێناوە بۆ ناو چیاکانی کوردستانو بڵاوبوونەتەوە، 280 ساڵ بە دوورخراوەیی، خۆیان ژیاندووە، بە کشتو چاندنەوە، خەریکبوون.

گەڕیدەی ئیسپانی، بنیامین نەتیلی، جوولەکەبووە، لە سەدەی 12ز هاتۆتە ئامێدی - ئاڤاهی مید، لە باشوورا کوردستان، ئەو سەردەمە 25 هەزار جوو، لەو دەڤەرەدا بوون، لە 100 ناوچە، لە چیای خەفیتان - خەفەتیان – حەیتون – هەفتون، چەرخی جێنشینی ئەباسی، موقتەفی بیلا، 530 – 555 ك، 1160 ز، موستەنجید بیلا، هاتۆتە کوردستان و وڵاتی فارس، لە ئیتالیا و یۆنانەوە، واتە ئەو گەڕیدەیە د. گرانت، ئەمریکی، هاتۆتە کوردستان، ئەڵێ:

جوو، نەوەی ئەوانەن کە ئاشووری بە دیلی هێناونی..

بە ناو نەستوریدا، گەڕاوە، مزگێنیدەر، مژدەدەر بووە، هاتۆتە شاری ئورومیە، ئۆرۆمایە، 5 خوێندنگەی کردۆتەوە، فێری زمانی کوردی بووە، چۆتە باکورا کوردستان، 6 ساڵ گەڕاوە بە کوردستاندا.

ئەحمەد سووسە، ئەڵێ:

بوون بە جوویی هەدیاب – هەولێر، کە دەستەڵاتیان گرتۆتە دەست.

نەزاتی، دایکی هێلانە، جووبووە... نراجان، ئیمپراتۆری رۆمان لە ناویبردن.
یەکەم کۆنگرەی جوو، لە شاری پاڵ Pall ی سویسرە 1807 بەستراوە بە سەرۆکایەتی، تیۆدۆر هرتزل.. نەخشەی ئایندەی دەوڵەتی جوو – عیبری کێشاوە بۆ گەلی جوو، لە فەلەستین.

پەیمانی بەلفۆر، بەڵێنی بەلفۆر، شایاری دەرەکی بەریتانی، ئەو بەڵێنەی گرتە ئەستۆ لە 1917، ئەو ئاواتە هاتەدی لە 1948.

هەرچەندە دەربەدەریو رەهەندەیی هەندەرانو کاری هۆلۆکوست – شواح – فڕنی سووتاندنی نازیو فاشیست، کوانووی سووتاندنی 5 ملیۆن جوو، مەرگی زۆرو قوربانی فرە، ناوی ئیسرائیلی نەسڕییەوە..

هۆلۆکوست، وشەیەکی یۆنانییە، شواح، وشەیەکی عیبرییە، واتە فڕنی سووتاندن – محرقة.

گەلی جوو Jew ، لە کوردستاندا، کەمینە، کەمایەتییەکی ئایینی بوون. 30-25 هەزار پتر بەر لە کۆچیان 1919 – 1951... گەورەترین کەمایەتی بوون، پاشماوەو جێماوی دیلی ئاشووری بوون، لە مەملەکەتی ئیسرائیلو یەهوداوە، هێنابوویان و نیشتەجێی کردبوون، لە دەڤەرو ناوچە چیا کەنارەگیرەکانو دوورەکان، لە ساڵانی 723 – 722 – 701 پ.ز.

لە کوردستان جێگیربوون، گوندو دێهاتیان تێدا دروستکردوو بڵاوبوونەوە بە ناو کوردنشینەکاندا و بە درێژایی چاخوچەرخ، بوون بە رەگەزی پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردەواری، لە کوردستاندا.

زمانیان، تێکەڵبوو بە زمانی کوردی و وشەی تێکەڵیو جۆری ژیانو پۆشاکو خۆراکو کاری رۆژانەو پەروەردەی ئاژەڵو، کاری کێڵگەو کشتو چاندنو رستنو خۆدانەپاڵ خێڵو کەسێتی کۆمەڵگەی کورد، بە مەبەستی خۆپاراستنو مانەوە، بە تایبەتی کەسێتی بەهێزو ناودار وەکو شێخی نەمر، مەحمود حەفید، کە بە باشی نیگابانی کردوون، لە چەرخو سەردەمی دژوارو تەنگژەدا.

گەڕیدەی جوو، بنیامین تەحلیلی، ئەمە دەسەلمێنێ کە 25 هەزار جوو، لە چیاکانی خەفتیان، سنووری وڵاتی مید، کە پاشماوەی دیلەکانی شەلمانەسری شای ئاشووری، بوون.

پێش کۆچیان بۆ ئیسرائیل، لە شارەکانی کوردستاندا بە بڵاوی دەژیان، لە هەولێرو کەرکوکو سلێمانیو دهۆکو ئامیدیو ئاکرێو زاخۆو زێبارو هەڵەبجەو پێنجوینو قەراخ، تەنانەت 2 گوندیان هەبوو لە نزیکی دهۆك، سندۆری باکوری دهۆك بە چەند کم ڕێگەی کۆنی ئامێدی.. هەنووکە بەنداوە، کەوتۆتە ناو بەنداوی دهۆکەوە.. هەروەها گوندی بیت تەنور لە بڕواری باڵا، باکوری ئامێدی، بە زۆری لە گوندی براش، لە برواری ژێرچەند کەنیشتەیان هەبوو، لە دهۆکو ئامێدی، 2 کەنیشتە، لە سندۆرو بیت تەنور، گۆڕستانیان هەیە بە ناوی بنخڕان.

داود کوڕی یوسف، لەوێ کۆچیکردووە، 1620ز، گۆڕی خێزانەکەی، خاتو نەجات، نزیکی کەنیشتەی جووە لە ئامێدی.

لە شارەکانی کوردستاندا، گەڕەکی تایبەتییان هەبووە..

توێژەرەوەی کۆمەڵایەتی، هەنری فیلد، لە نووسراوەکەیدا، ئەنترۆپۆلۆژی ئێراقدا، ئەڵێ:

شێخەکانی گوندی سندۆری کوردی جوو، لە بنەڕەتدا بە ڕێچەڵەك، جووی فەلەستین، پاشماوەی دیلی ئاشوورین، کە لە چەرخی سەنحاریبدا، 701 پ.ز. لە چیاکانی کوردستان، جێگیربوون.

بزافی سەهیۆنی جیهانی، سوورە لەسەر بردنیانو کۆچبارییان، پتر لە جووی ئێراق، واتە، بایەخو بەها پتر دراوە بە گواستنەوەی جووی کوردستان، بە هۆکاری گەلی چیانشین، تەندروستو بەهێز، کاروپیشەی جووتیاریو ئاژەڵداریو باخو کێڵگەو بێستان، بە مەبەستی بەکارهێنانیان لە کیبوتزاندا، کامپ نشین و ئۆردوگانشینی جەلیلی شاخاویو خاوەن شەقلۆ مۆرکی چیا نشین، دوای کۆچیان 1919 – 1951.

لە رووداوی رێکخراوی، هشوارەی جوو، دژی دامەزراوە جووەکانی بەغداد 1950 – 1951 بە مەبەستی گوشار خستنە سەر بەرەی جوو، لە بارەی کۆچکردنیان بۆ ئیسرائیل.

مۆسادی ئیسرائیلی، درێخی نەکردووە لە کوردستاندا بۆ سەقامگیریو جێگیربوونی ئیسرائیل و پەیوەستی بە شۆڕشی کوردەوە.

دڤید کمحی، کارگێڕو رێبەری گشتی وەزارەتی دەرەوە، لە سەرەتای دروستبوونی هاوکاریو کۆمەکدا، ئەوەی کە ژەنراڵ رۆفائیل ئیتان، سەرۆکی سوپای ئیسرائیل، سوپاپود، لە نووسراوەکەیدا داستانی سەرباز، لە دیداری کوردوستاندا و کۆمەکی بە کورد.

سەرۆکی مۆسادی ئیسرائیلی ژەنراڵ نسفی زامیر 1971، پویەندیکرد بە سەرانی شۆڕشی کوردەوە، پەیوەندی توندوتۆڵ لەتەك ئارییەڵشاروون، کۆلۆنێل موردەخای هودا.

گەڕانەوە – جووی کورد:

دەرفەرتی دوای جەنگی کەنداو، رەخسا بۆ سەردانی کوردستان، لە رێی تورکیاوە بە تایبەتی، جووی کورد لە ئیسرائیل بە مەبەستی شادبوونەوە بە تاموبۆی ژیانی کوردەواری و چاو رەشکردنەوە بە دیدەنی کوردستان و ئاواز و سروودی ژیانی.. بەو مەبەستە 2 دەستە جووی کورد هاتوونەتەوە بە ناوی تۆریستەوە – گەشتیاری، لە وەرزی هاویندا، بە ژمارەی زۆر، ئەوانەی کە تێیدا لەدایکبوون، سەروماڵی خۆیان هەرهەمووی دادەنێن تەنها بۆ سەردانێك.

1988، دەستەیەك لە جەوانانی ئیسرائیل بە سەردان چوون بۆ ئەڵمانیاو ئیتالیا.. لاوانی کۆتەنیم – کەتەمۆنیم، نزیکی ئورشلایم، قودس، هەڵپەرکێی کوردییان هەڵبژارد، ئەمانە یەکەمین نەوەی جووی کوردستانن.

نعوز زیون – کاستەڵ، نزیکی قودسە، کۆمۆنێکە زۆربەی جووی کوردستانە، سەرۆکیان، ناسائیل کابای پابەندی زێدەن، زاینگە.

ئەم 2 کۆمۆنە، گیانو هەستی کوردایەتییان زەقو ئاشکرایە، هەتاکو هەنوکە پێکەوە دەژین، زمانی خانەوادەییان زۆربەی کوردییە، ئاوازو مۆسیقاو هەڵپەڕکێی کوردی باوە لە ناویاندا.

جووی کوردستانی باشور لە 1950 – 1951، سەرەتای دامەزراندنی میری ئیسرائیل، گەڕاونەتەوە.

جووی خۆراواو خاوەر بە سیڤارادیم و ئەشکەنازیم ناسراون.

جووی کوردستان، لە نیوەی دووەمی سەدەی 18، دەستیانکرد بە گەڕانەوە، زۆربەیان روویانکردە قودس.

جووی کوردی، رەنجدەر، شاخاوی، وەرچەرخانی، ئابووری روویدا، سەرچاوەی ژیانی چاکتریان بۆ رەخسا، پلەی دارایی، کۆمەڵایەتییان پارێزرا، لە کوردستان بێمایە و سەرمایە، سەختی ژیان جیڕبوونەوە، فرۆشیاری دەستگێڕی پیشەیانبوو... لە ئیسرائیل، ژیانیان، لە بارترو تێروتەسەلتر بوو.

دانی رۆنیشتاین، رۆژنامەنووسی قودسی خۆی تەرخانکرد بۆ فێرکردنی زمانی عیبری بۆ جووی کوردستانی.

گۆڵدامایر، سەرەك شایارانی ئیسرائیل، میوانی شکۆمەندی دامەزراندنی کۆمەڵەی جووی کوردستانی بوو 1973.

کۆمەڵە 1970، کەوتە جموجووڵ، لەسەر کیسەی پارتی کارگەرانی ئیسرائیل، کەلچەرو فۆلکلۆری نەتەوەیی کوردییان بوژاندەوە، بە تایبەتی، سەهرانە، جەژنی بەهار.

لە پارکە گەورەکاندا، هەڵپەرکێو سترانو گۆرانیو رەشبەڵەك، سەهرانەی 1988، سەرانی 2 پارتە سەرەکییەکەی ئیسرائیل، بەشداربوون.

گۆڤاری، هیتاداشوت، لە ماوەی 17 ساڵدا، 5 ژمارەی دەرچوو، گۆشەی تایبەتی تێدا تەرخانبوو بۆ بایەخدان بە مێژوو، فەرهەنگی جووی کوردستان.

حەبیب شەمعون، کێشەی کوێرەوەری کوردی گەیاندە بەرنامەی کاری پەرلەمانی ئیسرائیل.

﴿ **گۆڤاری، ئەمرۆی رووناکبیری ژمارە 1 ك 1997** ﴾

مۆساد:

ڕۆڵی دەزگای پاراستنو ئاسایشی ئیسرائیل لە ماوەی 1961، کورد – ئیسرائیل، لە زاری د. مەحمود ئەلی ئوسمانەوە:

کوردستانی نوێ، ژمارە 1522، 1524، 1525، 1526، 1527، ڕۆژی 21، 23، 24، 25، 1997/12/28.. دۆسیەو پەروەندەی کورد – جوو.

شلۆمۆنکدیمۆن، لە نووسراوەکەیدا (الموساد فی العراق و دول الجوار)، د. مەحمود ئەلی ئوسمان بە 2 زنجیرە لە گۆڤاری (ئەلوسەت – لەندەن) 1968 – 1973، بە هاوڕێیەتی سەرۆك بارزانی نەمر چۆتە ئیسرائیل، دروستبوونی سێگۆشەی ئیسرائیل – ئەمریکا – ئێران.

شای ئێران، کۆڵەکەو ستوونی بووە..

سەرۆك بارزانی نەمر، بە نیازی گەیشتن بە ئەمریکا ئیسرائیلی بە چاکترین ڕێگە زانیوە.

ئەم نهێنییە دوای شکستی شۆڕشی کورد 1975، ئاشکرابوو، هەر لە شەستەکانەوە، لە ڕێی، د. کامەران بەدرخانو عیسمەت شەریف ڤانلی و ڕۆژنامەنووسانەوە، لە 1963، دەرکەوتووە، ئێران قۆزتیەو بۆ بەرژەوەندی خۆی، ڕازگری بیر و دەفتەری سیاسی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد فەتاح بووە.

1967، ئیسرائیل داوای کۆمەکی لە کورد کردووە بۆ وەشاندنی گورزێ لە سوپای ئێراق.

بارزانی نەمر، ئامۆژگاری ئێراقی کردووە کە نەجەنگێن لە تەك ئیسرائیلداو پێی گوتوون، ئەیدۆڕێنن.

تاهیر یەحیا، نمایندە بووە، داوای وەستانی شەڕیکردووە لە سەرۆك بارزانی نەمر، ئەویش قبوڵیکردووە... داواکەی ئیسرائیلی ڕەتکردۆتەوە،

نەخۆشخانەی مەیدانی ئیسرائیل لە کوردستاندا، بە ئامانجی کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی ئێراق، کراوەتەوە.

ئێراق، هەمیشە جێی مەترسی ئیسرائیلە، لە پلەی دووەمدا میسر.

دوای مۆرکردنی پەیمانی رووسیا و ئێراق، 2 پزیشکی ئیسرائیل لە کوردستان کاریاندەکرد و بوون بە 3 دکتۆر، وێڕای کۆمەکی سەربازیو دارایی مەمرەو مەژی، ئەوەندەی کە کار نەکاتە سەر تەنینەوەی بزافی کورد.

لە تورکیاو ئێران، چەکی کۆنو ئەوانەی لە جەنگی ئارەبدا دەستیانکەوتبوون.

تەوەری پەیوەندی ئیسرائیل – کوردستان – تەهران کەناڵی پاریس هەبوو.

د. کامەران بەدرخان لە چلەکانەوە پەیوەندی هەبووە.. نووسراویان لەسەر کوردستان نووسیوە.

سەرۆکی مۆساد، مائیر عمیس، دواتر، زلفیزامیر، کارگێڕی گشتی شایاری دەرەکی، دیڤید کیمحی، مێچەری پاراشوت تسوری حاجی، یەکێ لە نمایندەکان کە هاتۆتە کوردستان، حاییم لیکوب، پلەی تاج، پاراشوت بۆ مۆساد کاریکردووە، ناوی ئیسحاق عیادی بووە.. لە باڵیۆزخانەی تەهران کاریکردووە، بە ناوی ئەفسەری مەشقەوە، دەهاتن.

لە ئیسرائیل، سەرۆك بارزانی نەمر، بەر لەوەی چاوی بە سەرەك وەزیران بکەوێ، داوای حاجی خانو داودی کردووە، کە بیبینێ، لەوێ، ناوی دیڤید جیا بووە.. لە ئیسرائیل بارودۆخی باشنەبووە... داوایکردووە، کە خانوویەکی چاکی بدەنێ.

ئیسحاق مۆردەخای، ئاکرێیبووە، لە تەمەنی 6 ساڵیدا گەڕاوەتەوە بۆ ئیسرائیل، وەزیری بەرگرییە..

لە ئیسرائیل 2 هەزار جووی کوردستانی هەیە، مەڵبەندی رووناکبیرییان هەیە، لە تەلئەڤیف – تەل ئەبیب، مۆردەخای 1965، دیڤید کیمحی، هاتۆتە کوردستان، بەرپرسی گەورەی وەزارەتی دەرەکی بووە، لە چەرخی لیڤی ئەشکولدا.. کیمحی، جووی ئینگلیزە، رۆشنبیریو بیروڕای باشی بووە دەربارەی کورد، بۆ ئێراق، ڤانلی- (وانلی عیسمەت)، کاریکردووە و زانیاری داوەو ئەو نهێنیەی گواستۆتەوە بۆ ئێراق، لە بەڵگەنامەکانی ئێراقدا، دەرکەوتووە.

دوای 1991، ئەمە دەرکەوتووە، بۆ لیژنەی مافی مرۆڤ لە U.N.

پرۆژەی ئاسایش:

ئەم پرۆژەیە رەگوریشالی مێژوویو برێك پێودانگی رامیاریو جیۆپۆلیتیكی هەیە، بە ئارمانجی پرۆژە ئاسایشییە تایبەتمەندییەكەی، بە درێژایی ژیانی سیاسی جوو، كە چارەنووسی كۆی كردونەتەوە، توانییان لە 1948دا دەوڵەتێ دابمەزرێنن، كە لە سەرەتای 721 پ.ز.، هێڵە سەرەتاییەكانی ئەم پرۆژەیە دارێژراوە، لە چەرخی هێرشی ئاشوورییەوە بۆ سەر دەوڵەتی یەهوزا لە ئورشەلیم، هەڵتەكاندنو دارمانو روخاندنی لە 582 پ.ز... جا لەو كاتەوە، ئەوەی ئیسرائیل پەیمانی تۆڵەسەندنەوەیان داوە، بیریان لە بنیادنانەوەی دەوڵەتی یەهوزا – ئیسرائیل، كردۆتەوە، لە دیواری گریانەوە – الحائط المبكي، نوێژیانكردووە، نزاو داوایانكردووە، كە بگەڕێنەوە بۆ زەوی جێژوان – أرض الميعاد – ئیسرائیل.. هەستیان بە پێویستی ئاسایشیو ئارامیو هێوری كردووە، لە بواری ئابووریو بازرگانیدا، لەو هەموو وڵاتانەی كە تێدا دەژیان، بەر لە كۆبوونەوە، زەمینە خۆشبوو بۆ بانگەوازی مانفیستۆ بیلۆ، كە رێگەی خۆشكرد بۆ بەستنی یەكەم گۆنگرەی 1897 لە شاری بازلی سویسرە، بە سەرۆكایەتی جووی مەجەری تیۆدۆر هرتزل.

حاخامەكان، لەم روانگەیەوە، نەخشەی تیۆری ئاسایش بە بایەخەوە سازكرا، لە بواری پەیوەندییەكاندا.

ئیسرائیل ISRAEL

تأريخ بني اسرائيل من أسفارهم

محمد عزة دروزه

1389هـ – 1969م – المكتبة العصرية

صيدا – بيروت.

ئیسرائیل، وشەیەکی ئاوێتەیە، ئیسرا + ئیل = هێز + ئیلاه = هێزی خوداوەند، خوداوەند هێزە ، الله قوی.

ئیسرائیل، سوورناوە Surname، نازناوی یاقوب کوڕی ئیسحاق کوڕی ئیبراهیمە... دوای زۆرانگرتنو زۆرانبازی لەتەك فریشتەدا ئەم سوورناوەی پێبەخشراوە.

المنجد في الأعلام، چاپی 26.

یاقوبو ئیسو، جووتە – دووانەبوون، لە منداڵدانی دایکیاندا، زۆرانی لەتەك ئیسوی برا گرتووە، پێشبڕکێی کردووە، بۆ ئەوەی زووتر بێتە ناو جیهانەوە، لە ژیانیشدا، ڕێزی لێگرتووەو سەرپێچی نەکردووە و ڕێزی برا گەورەیی ڕەچاوکردووە.

ئیسرائیل، واتە، خوداوەند بەهێزە.. لە تەوراتدا، ئەم ناوەو لە دواتردا بە هەموو گەلی عیبری وتراوە Hebrow.

عیبرانی، زمانی گەلی جووە، یەهودی، گەڕانەوە بۆ ڕەواو هەق.

ناوی ئیسرائیل، لە هەڵبەستێکی نەخشێنراو، هێڵکاریدا لەسەر دیواری، کارنەك، نووسراوە، لە سەرکەوتنی مۆبنتاخ، شای خێزانی 19، لە 1225 –

1215 پ.ز.، خێڵێکی ئیسرائیلی رەویون، بە ستەمکاری، بەر لە فەرمانڕەوایی ئەم شاهەنشایە.

ئیسرائیل، نووسراوی پێکهاتە، سیفری تەکوین - سفر التكوين.

نەوەی یاقوب کوڕی ئیسحاق کوڕی ئیبراهیمن.

ئیسرائیل، دووەم ناوە، خوداوەند شا، ئەم ناوەی پێبەخشیون، سفر التكوين، چیرۆکی بوونەوەر، لافاوی نوح، سەرهەڵدانی ئیبراهیم، هاتنی بۆ زەوی کەنعانو کینانە، فەلەستین، میسر، تا کۆتایی ژیانی یوسف.

چیرۆکی سەرهەڵدانی پەیامبەر موسا، (د.خ.)، سەرسامییەکانی، دیلی جوو، سەبی بابل، لە سێیەکی یەکەمی سەدەی 6 پ.ز.

ناوی فەلەستین – فەلەستان ، لە شیرازەی رەوشی ئیسحاقدا.

رووداوی ئیسرائیلی، هاتنیان بۆ زەوی کەنعان، کۆچی موسا و مردنیو ناشتنی لە زەوی موئاب.

گۆڕی نادیاری ل 5 سیفری پێکهاتەی تەوراتدا هەیە، تەورات، بە زاری هەورامی، تا – تو – هەتاو – رووناکی - رات – رێنمایی، واتە، نور و هدی.

هەندێك دەڵێن: هەموو نووسراوانی چاخی دێرین، العهد القديم Antion times – Olden times، گوزارشتە لە تەورات.

بەڕێز موسا (د.خ.) 40 شەو لە کێوی سینا، توور بەبێ خۆراك ماوەتەوە، وتەو پەیمانو چاخو 10 وشەکەی نووسیوە، لە تابوتی خوداوەندا.

دوای کۆچی موسا، لە روونووسی پرۆتستانیو کاتۆلیکدا لە تابووتی چاخدا، سلێمان لە شاری داودەوە بردوویەتی بۆ پەرستگە.

چیرۆکی ئیبراهیم، برای هەمێ، هەموان، بە شێوەی کرمانجا ژووری، خێڵو نەوەو نیزە و مەنجەنیقو ئاگرو گفتوگۆی لەتەك شاهدا، روونبۆتەوە.

بە راو بۆچوونی نووسەرانی ئەم دێڕانە، ئیبراهیم – برای هەمێ – برای هەموو – هەموان، لە خێزانێکی کوردە، لە هۆزی جاف، تیرەی کەهروتایش، لە 1950 پ.ز.، کوڕی ئازەر سورناوی باوکی، پێش پەیامبەرێتی.

سارای خێزانی شازادەیەکی هەورامان بووە.. لە گوندی باریی، سەر سنوور، خوارووی تەوێڵە، خۆیو خێزانی نیشتەجێبوون.

هەر لەم گوندەوە، نزایکردووە 4 مەلەکە گیانیان کراوەتەوە بە بەردا. هەر پارچەیەکیان لەسەر کێوێکەوە.

چیرۆکی مەنجەنیقو مەلەکان، لە تەوێڵەی هەورامانو کێوەکانی، روویداوە. گرۆپێك باوەڕی پێدەهێنن، باوکی نەبێ..

هاتنی ئیبراهیم بۆ کەنعان، فەلەستین، لە ئوری سۆمەرەوە، ئورای – ئوراها – ئورفەی کوردستانی باکوور لەتەك، کوڕیو سارای خێزانیدا و کوڕەزا کۆچکردووە، هارون، هاتونەتە هەڕان، لەوێوە بە فەرمانی خوداوەند، خۆیو خێزانیو لووتی برازای هاتونەتە زەوی کەنعان.

ئەم کارە، پەیوەندی بە تاریخ، ئازەری باوکییەوە نییە، لە رۆبار دەپەڕنەوە، عبر – عیبر.

عیبری Hebrow:

عیبر – پەڕینەوە، بڕینو شەقکردنی ئاو، بێوچان بێوەستان، هەر لەوێ پەرەیانسەندو زۆربوون.. ئور – شار – پایتەختی سۆمەر، شاهەنشاهێتی ئارامی، 2چۆمان، میسوپۆتامیا Mezopotamya ، شەپۆلی ئارامی، بەو ناوەوە بووە.

عیبرانی، نەوەی ئیسرائیلن، ئیسرائیل نەوەی یاقوب کوڕی ئیسحاق کوڕی کوڕی ئیبراهیمن.

ئیبراهیم، بە ئابرام – ئەبرەحیم – أب رحیم – عیبرانی ناوبراوە.

عیبریو، لە 2 پەڕەی بوردی سەدەی 13 پ.ز. چاخی رەعەمسیس 2 لە خێزانی 19، لە 1292 – 1225 پ.ز. لە مۆزەخانەی لاید Lide ، لە هۆڵەندە. زانا سایاش.. وەرگێری لە زمانی میسری کۆنەوە، 2 پەیامە، نامەی یەکەمیان، کۆسەر نووسیوەتی وەڵامی سەرۆك بکنقناحە، دەرئەنجامدانی کارو خۆراکی داوە بە عیبری. ئەوانەی کە پەڕیونەتەوە، لە بەرد کێشانی ساختمانو بینای شارە عەمسیس مریمانان..

دووەم نامە، کینا نووسیویەتی بۆ سەرۆك کیچانا، فەرمانی بە ئەنجام گەیاندووە، لە ئاکاری عیبرییەکان.

بەردکێشان بۆ پەیکەری خۆر.. لە باشووری منف.. عیبریو، نەوەی ئیسرائیلن لە میسر، پەرەیانسەندووە.. ئەمەیە ناوی عیبری.

نامەکەیتر، لە تەل ئەمارنە، پایتەختی فیرعەونەکان لە باشووری قاهیرە بە 500 کم، نامەیەکی خشتی سوورەوەکراوە بە زمانی کە ئەو شارە، ئەتون ، خێڵی دەشتەکی – رەوەند – خابیر – خبر – خەبەر – چاخی.

ئەخناتون، شاهی خێزانی 18 لە 1400 – 1380 پ.ز. نێوانی تەعبیر – خابیر – عابیر، لە مێژووی میسردا.

بزافی هیکسۆس – هەقسۆز – شوانکارە، شکستیان، نەوەی ئسرائیل لە میسر، دەرچوون، بە رابەریو پێشەوایی پەیامبەر موسا د.خ.

ئەوانەش کە مانەوە لە میسر، پێیانوتراوە عیبرانی.. ئیبراهیم، خێڵەکەی لە رەچەڵەکی خابیر – عابیرە.. لە یەکەم خانەوە لە 2 چۆمانەوە – میزۆپۆتامیاوە بۆ فەلەستین.

هاتنی ئیبراهیم، لە شاری شەکیم، نابلس، گوزەرگەی بحبرون – شاری خەلیل، روونەو ئاشکرایە.

هۆری – هۆرییەکان، نەوەی ئیسو کوڕی ئیسحاقن لە زەوی ئادوم، باشووری خۆراوای ئوردون.

کۆڕەوی ئیسرائیل، لە میسرەوە، سەدەی 13 پ.ز.، دوای فەرمانڕەوایی رەعەمسیس 2، بە سوخرەو بێگار گیراون بۆ پرۆژەکانیان.

لە پەڕەی بوردی، بە قۆناخ، بۆ سینا، روونکراوەتەوە.

دەرچوونی لاوی بە پیتی روونووسی پرۆتستانیو سیفری کەحبار، بە ناونانی کاتۆلیکی 49 لاپەڕە، 27 پەرەگراف، دەرکەوتووە.

مەملەکەتو ژیارو شارستانێتی ئیسرائیل:

ئیسرئیلی لە خاکو زەوی کەنعاندا، مەملەکەتی یەهودا، جێگیربوون، تێکەڵی نیشتەجێیەکانیشان بوون، لە دێرەوە.

یەکەم شاهەنشا، شائوڵ بوو، پەیامبەر سمۆئیل، ئاماژەی بۆ کرد، کە بیکەن بە پادشا، بە سۆنگەی قارەمانێتیو دلاوەرییەوە، بە جەنگەکاندا، لەتەك عەمالیقەو دەشتەکییەکانی باشووردا.

لە چەرخی ئەمەدا، ئیسرائیلی سەرکەوتووبوون، قارەمانو دلاوەری دەستنیشاندەکرد، لە نێوانی ئەوانەدا، داود د.خ.، لە بەرەی سیبت — یەهودابوو.. ئەمیش خۆی بە شیاو دەزانی بۆ پایەی پادشاهێتی، چونکە شائۆل لە بەرەی بنیامین بوو.

داود، 1016 پ.ز. بوو بە پادشا، وڵاتی یەهوداو بیست لەحمو حەبرونی پایتەختی خستە ژێر رکێفی خۆیەوە، سەرکەوت، لە باکوری بیوس — قودس، لە چەند جەنگێکدا، کە بە سەرکەوتنی ئیسرائیل کۆتایی هات، جالوتی تێدا کوژرا.

داود، بەرەی جووەکانی یەکخست، پایتەختی گواستەوە بۆ شاری بیوس، کە بەسەر دەریاچەی لووتدا دەیڕوانی، رۆباری ئەردەلان لە لایەکیەوە و جەمسەری رێگەکان بوو.. دوژ — قەڵای سەهیۆن، پارێزگاریبوو، کردی بە پایتەخت.. ئیسرائیلی پابەندکرد بە پایتەختی نوێوە، کە بە ئورشەلیم — ئورشلایم — شاری ئاشتی — قودس، ناو دەبرا.

هەروەها دەستبەرکاربوو لە دروستکردنی پەرستگەی پەیکەر — هەیکەل، بە ناوی خوداوەندەوە.. لە هەموو لایەکەوە بۆی دەهاتن.

دەستەڵاتیان پەری سەند، تاوەکو دەریای سوورو قەدپاڵەکانی چیای لوبنانو ئانتی لوبنان.

ئەبشالومی کوڕی — باوکی ئاشتی لێی هەڵگەڕایەوە.. لەشکری هەردوولا لە محتابەم، بەرەنگاری یەکتربوون، ئەبشالوم کوژرا و باوکی نیگەران بوو بۆی.

داودشا، سەرۆکی مەملەکەتی ئیسرائیل، خۆشەویستی گەل، خاوەنی دەستەڵاتی ئایینی و سەربازی، سوورناوی پادشاو پەیامبەری بۆ رەخسا، دوای

شائول شاو پەیامبەر سمۆئیل، خۆی قایمو پتەوکرد، لە پایتەختی ناوەندی وڵاتدا. قارەمانو سەرکردەو دۆستی بەئەمەکی وەکو یوئابی، لەخۆ نزیك کردەوە، کە بوو بە ناووکی سوپای 24 هەزار جەنگاوەر.. بەم سوپا بەهێزە، هەموو دەڤەرەکانی کۆنترۆڵکرد، لە مووابیو ئادومیو عەمالیقە، سنووری مەملەکەتی فراوانکرد، گەیشتە دەریای سوورو سوورییە.

سلێمان:

دوای کۆچیدوایی هاتە سەر تەختی فەرمانڕەوایی 975 پ.ز.، دوای کوشتنی ئەدونیای برای و کوشتنی سوپا سالار یوئاب و دەستبەسەری سەرۆکی کاهینەکان – پارسا. مەملەکەتی ئاوەدانو فراوان لە چەرخی سلێماندا و ئاواتی لە پارێزگاری وڵاتو یەکیەتی ئیسرائیلدا، لە ژێر ئاڵای شاهەنشاهێتی خۆیدا.

دوژی تەدمری دروستکرد، سیاسەتی ناوخۆی یەکسخت، وڵاتی دابەشکرد بە 12 ئوستانەوە، هەر ئوستانەی فەرمانداریکی بۆ دانا، هاوبەشی ئەو فەرمانڕەواییەیاندەکرد.

کەشتی دروستکرد لە تەك پەیکەری سلێمان، هەیکەلی مەزن، پەیمانی دۆستایەتی لەتەك شای سوور – حیرامدا بەست.. ئەسپی لە وڵاتی میسرەوە هێنا و سوارەی، لە هێزی سوپادا دامەزراند، ناحەزانی سەرکوتکرد.

چەرخی سلێمان، چەرخی زێڕینی ئیسرائیل بوو.

بەریعامی سەرۆکی بەرەی ئەفرایمی لێیاخیبوو... شا سلێمان بە توندی سەرکوتیکردو پەنای بردە بەر فیرعەونی میسر.

شا سلێمان، 900 پ.ز. کۆچیدواییکرد.

مەملەکەتی داود و سلێمان دابەشبوو.

بەرەی باکوور بە سەرکردەیی بەریعام، مەملەکەتی ئسرائیلی باکوور.. مەملەکەتی یەهوداو بەرەی بنیامین کەوتە ژێر رکێفی رەحیعامی کوڕی سلێمان، لە باشووردا.

شکیم – نابلس، دوایی، سامرە، بوو بە پایتەختی ئیسرائیل.. ئورشەلیم، بوو بە پایتەختی مەملەکەتی یەهودا.

ئاشووری بە سەریاندا سەرکەوتن، لە پاشان کلدانی هێرشیان بردە سەریانو کۆتایی بە فەرمانڕەواییان هێنا.

مەملەکەتی ئیسرائیل لەلایەن شەلمانەسەری ئاشوورییەوە گەمارۆ درا، شا سەرجون، شاری سامرەی گرت، 27 هەزار لە نشینانی راگوێزکرد بۆ وڵاتی میدو ئاشوور.

ئەم مەملەکەتە 2 سەدە بەردەوام نەبوو، 930 – 722 پ.ز. مەملەکەتی یەهودا مایەوە، خۆیان قایمکرد لە پەناگەی هەیکەلدا، فیرعەونی میسر گەمارۆی قودسیدا لە چەرخی رەحبعامدا، هەروەها سەنحاریبیش.

گەمارۆکەیان هەڵنەگرت تاوەکو باجی زێڕو زیویان لە شا حەزقیا نەسەند، لە پەیکەرو کۆشکەکەیدا.

نبوخدراسەری کلدانی هێرشی هێنایە سەریان، گەمارۆی شاری قودسیاندا و کشانەوە و سەرنەکەوتن.

دووبارە هێرشیان بۆ بردەوە، 587 پ.ز.، داگیریانکرد، دوای گەمارۆی یەك ساڵی رەبەق.

نشینانیان بەدیل هێنا، ئەمەیە سەبی بابل و داستانی دیواری گریانو نوێژیان و داوای گەڕانەوەیان بۆ زەوی جیژوان _ ارض الميعاد.

شارستانێتی ئیسرائیل:

هزری یەکیەتی ئایینی، نووسراوەی چەرخی کۆن، 5 سفری یەکەم، بیری خوداوەندی تاکو تەنها، پێشەواو پەیامبەر، موسا، رابەری ئایینی گەلی جوو، یەکەم خاوەنی هزری تاکناسی.

تەورات:

تیشکو رێنمایی ، نور و هدی، 5 سفری یەکەم، یەکەم نووسراوەی مێژوویی، دێروك، پاشەواری کۆن، تۆماری بنەمای ئایینی و کارەساتو رووداوی دێروکی پەسەند و بێوێنە و پڕهێز، لە بارەی پێکهاتەی جیهانو بوونەوەرو هۆکاری، بڕواو پەسلان و رۆژی هەڵسانەوە و بنەمای سفرەکانی دەرچوونو لاوییەکانو دووانییەکانو یاسا و رێسا و سروتی کۆمەڵایەتیو رەوشی دەئامۆژگارییەکەی نێوانی

باوەڕو رەوش.. تاكناسی – خوداوەندی تاكو تەنها ناسینی – خوداناسی، سەرپێچی نەكردن، گوناهو سزای توند.

تۆماركردنی كێشەی ماف و سەوداو مامەڵەو بۆماوەو ژنهێنانو دابڕانو خاوەندارێتی و كێشەی كۆمەڵگە.

یاسای موسا، بنەماو پایەگای نوێ، خاوەندارێتی بۆ هەمووان، گەڕانەوەی خاوەندارێتی دوای 49 ساڵ دەست بەسەراگرتن، بۆ خاوەنی پێشووی، ئازادكردنی كۆیلە دوای 6 ساڵ.. باسی نەخۆشیو پەتا..

ئەمانە هەر هەمووی لە تەوراتدا، چەرخی كۆن، هەیە.

پەیامبەرانی ئیسرائیل:

رۆڵیان لە چەسپاندنی هزری تاكناسیدا، نەمانی بیرو هزری هاوبەشی، لە خوداناسیندا، لە نێوانی ئیسرائیلیدا، چەمكی باڵاو پیرۆزی ئایینی.

قوربانی پێشكەشكردن بۆ سڕینەوەی تاوان و پاكژبوونەوەی دڵو نیهاد و پابەندبوون بە فەرمانی خوداوەندەوە.

نوێژ و نزاو پەرستن، لەجیاتی قوربانیو پێشكەشكردنی سەربڕاو و وشەكۆیی، ورەی پتەو و وزەو راپەڕین و پەلاماردان.. یەكیەتی میللەت، یەك نەتەوەییو یەك میللەتی.. گەلی هەڵبژاردەی خوداوەند، هەربوونێتی گەڕانەوە determinism، بۆ خاكو زەوی و زێدو نیشتمانو وڵاتی خۆیان.. مانەوەی جاویدی هەتاهەتا تێدا.

هەوالی تۆماركراوی مێژوویی ئیسرائیلی و ئایینی جوو، دوای كۆچیدوایی پەیامبەر موسا د.خ. هەر هەمووی پەندو ئامۆژگاریو، ئاراستەییە لە ئاكاری گۆڕانكاری ئایینداید، لە لایەن رابەرو پێشەوا ئایینیەكانیانەوە.

چاوگ:

- رۆژنامەی الشرق الأوسط، العدد 682، 1997/7/31.
- تاریخ بني اسرائیل من أسفارهم، محمد عزة دروزة، 1389 هـ – 1969 م. المكتبة العصرية، صيدا ، بيروت.

زمانی بەراورد

توێژینەوە - زمانناسی

زمان، ڕووداوێکی کۆمەڵایەتییە، لە درێژایی مێژوودا پەیدا بووە.

زمان، بۆشاییەکی فراوانی داگیرکردووە لە ژیانی گشتیدا..

زمـان، دینەمۆیەکـە، خـاوەنی ڕووداوو سـەلماندنە.. واتاکـانی سـەرکەوتووە، شێوەی پەیوەنـدە بـە ڕاڤەی وشـەکانەوە، ڕەگو ڕیشـەی وەسـتاوی، قـەوارەو بـوونی میللەتە، دەگۆڕێت بەپێی نموونەی کەلچەر و ڕۆشنبیریو بڵاوی هاتووچۆی نێـوانی مرۆڤــ، گرنگیـو بایـەخی خـۆی هەیـە، دەرکـەوتووە، بـە پێـو ڕادەی گەشەسـەندنی هەستی نەتەوایەتی، نەك لەلای میللەتە مەزنە سـەربەخۆکان، بـەڵکو لـە نیشـتمانە گچکەکانیشدا، ئەمە بەپێی پەسەندی ڕیچارد وڵف.

زمـان، کۆگـاو گەنجینــەو دەفـری بیروهـزرو هۆشــە، ڕووداوی ڕاســتەوخۆی بیرۆکەیــە، دیاردەیــەکی کۆمەڵایەتییــە، بــەکارهێنراوە... ناوەنــدو ئــامێری هــۆی پەیوەنـدی کەسـانە، لـە نێـوانی خۆیانـدا، لـە گۆڕینـەوەی بـیروڕادا، لـە سـەوداو مامەڵـەدا، لـە دێـرەوە، لـە مێـژەوە تـاکو هەنوکـە، یـەك زمانـە بـۆ کۆمەڵگەیـەکی بەشـداریو هاوبەشـی نێـوانی ئەنـدامانی، یاسـای زانسـتی ڕێزمـان و لکـەکانی، لـە بنەڕەتدا بۆ وشەکان زەمینەو کرۆکو پایـەگاو بنـەمای پەسـەندی چەشـنەکانیەتی.. هیچ زمانێ لەسەر لەناوچوونی زمـانێکیتر، پێشـڕەوتی وەرناگرێـت و زمـانێکینوێ پەیدا ببێت.

بــەڵکو لــە ڕێگـەی تــەواوکردنی توخمــە بنەڕەتیــەکانی زمانــە وەســتاوەکەو بەربڵاوی گۆڕانکاری لە زمانە کۆنەکەدا بۆ زمانە نوێیەکە، لە بارودۆخی چۆنیەتی

هەردووکیانـــدا، نـــەك لـــە ڕێـــی لـــەناوبردنی زمانـــە کۆنەکـــەوە.. بـــەڵکو لـــە پەسمەندەکردنی توخمە چۆنیەتیەکان کە دێتە کایەوەو کەڵەکە دەبـن لەسـەریەك، بە شێنەییو لە دواییدا بەکاری کورتەو پەختـەبوونی توخمـە چۆنیەتیە کۆنـەکان، جۆش دەخوات.

زمـان، پەسـەندییەکی هاوبەشـی هـەموو ڕووالەتـە کۆمەلایەتییەکانـە، بـە ژێرخانو سەرخانەوە، لە ڕاژەکردنی تەواوی کۆمەلگەدا.

بیرو هزرو هۆش، هەرگیز، لە زمـان جودا ناکرێتـەوە.. بوونیشـی نییـە بـەبێ ماتەری زمانو دوور لە ماتەری سروشتی زمان.

ئالوودەییو خولیا بە زمانێکەوە، لە بوونو بوومەوەیە.. وەکو توانـای بـەدەنیو جەستەیی وەکو ڕۆیشتن و جیاوازی لە زیندەوەریتر.

وتـــە: لە بەراییـدا، لـە پـەرەوەردگارەوە، بریتـی بـووە لـە ژیـانو زینـدەگیو زیندوویەتی.

ژیانیش تیشکی مرۆڤ بووە، جیهـانی ڕۆشـنکردۆتەوە، مـرۆڤیش ئـەو تیشـکو ڕووناکییەی دیتوەو باوەڕی پێهێناوە و ئاگاهی بۆ داوە.

وتـــە، بەرجەسـتەبووە، بـە کـارو فاکتـەری تێگەیشـتن لەیـەك، لـە نێـوانی مرۆڤدا.

بەلام، لێکۆڵینەوە، ساوابووە تاکو چەرخی 19، سەردەمی گریـك، بـۆ یەکـەم جار، سەرنجیانداوەتە بێخیو یاسای بنەڕەتو ڕژێمـی بـوومی، بـە زانیـاری نـوێ، ئـەم کەڵچـەرە گریکییـە، ڕەچـاوکراوە، تەنانـەت هیرۆتـس، دەریخسـتووە کـە یـەکێ لـە شـاهەکانی میسـر، بسامیتخۆس، ویسـتوویەتی بزانـێ، یەکـەم گـەلی ڕووی زەمـین، کامەیە؟

لەبـــەر ئـــەوە، 2 کۆرپـــەی ســـاوای نـــوێزای، هێنـــاوەو خســـتویەتیە ژێـــر چاودێرییەوە، تاکو گوێیان لە یەکەم وتەو دەربڕینیان بێـت.. هـەردوکیان بـە یـەك وشـە زمانیـان پـژاوە، وتوویانـە بیکـۆس Becos ، بـە زاری فریجـی، واتـە، هەبـەز

ئیفلاتۆن، له 427 – 447 پ.ز. له نامەی Dialogue، له باسی بنەڕەتی وشەو تێڕوانینی ناو، به ناونراوەکەوە، ئایە ئەمه به پەیوەندی سروشتی رووداوەکەیە، کە ناتوانێ ئەو لێکدراوەیە لە سروشتی راژەکە جودا بکاتەوە، یاخود پەیوەندییەکە کە کۆمەڵگە چەسپاندوویەتی.

ئەم نامەیەی ئیفلاتۆن پوختەی کێشەی چەرخێکی تەواو لە نێوانی باوەڕی Analogist، کە سوورن لەسەر ئەوەی زمان، بوونێکی سروشتییە، پیوەرو کێشە لە بێخو بنجی پەیدابوونیدا بڕوای Anomalist، ئەوانەی لارییان لەمە هەیە، وێنەیان هێناوەتەوە بۆ دارشتنو لادانو وەرگێڕان.

خاوەنی باوەڕی یەکەم، باسەکەیان بردۆتەوە بۆ هەڵگێڕانەوەو وەرگرتن بە وردکردنەوە کە رۆژگار گۆڕانی رێزمانی بەسەردا تێپەڕکردبێت، کە لێکۆڵینەوەی نوێ چاری ئەم وردەکارییەی لە گۆڕاندا کردووە، تاکو هەنوکە، کلیلە زۆر گرفتی پێشینیانی پێکراوەتەوە.

گریك، تەنها بایەخیان بە زمانی خۆیانداوە، بە ئاوێنەی رژێمو یاسای جیهانی لە رازاوەترین شێوەدا، داناوە، لەم تێڕوانینەوە، رێزمانی فەلسەفەی گشتی پەیدا بوو، نەك لەسەر بنچینەی زمانێکی دیاردە کە گریکییە.

بەمجۆرە، پەیبراوە بە بەشەکانی وشەو دارشتنی پێوەری و گێڕانەوە بۆ نیهادو گوزارە، مسند و مسند الیە.. شیکردنەوە وکاریگەری لە تاکو رستەدا و جیاوازی لە نێوانی نێر مێ، تاکو کۆ، دووپات، فەرمانو خوازو لاری، ئەرێو نەرێ.

ئەمانەی لە فەلسەفەی دایۆنسیۆس تراکسدا Dionysusthrax، لە باسەکانی ئەپۆلۆنیس دایسکۆلسدا Apllonious Dayscolas، لە چیرۆکی ئەلیادەو ئۆدیسەدا، ناوبانگی سەند، بە چێژی زمانی کۆن، بە لێکۆڵینەوەی تایبەتی دەقەکانی.. ئەمەش بە لێکۆڵینەوەی رەخنەیی ئەسترخس 216 – 144 پ.ز. خستییە روو، Aristrchus، بەراوردیو هاوتەریبیو بەرانبەری لەسەر زاراوەکانیتری گریکیدا کراوە.

لــە زمانناســانیان، هیرۆدیــن، ئــەپۆلۆنیۆس، دایســکۆلس.. لــە ئاکــاری شیکردنەوەو ئەکسێنت Accent، لە زمانی گریکیدا، لە کۆندا، باسکراوە.

دوای گریك، خۆراواییـەکان، هیچیان نەخستەسـەر شێوازو ڕێزمـانی گریـك، تاکو چەرخی 18 .. ئەوسا زانایان، کەوتنە گومانەوە، کە چۆن زمان پەیدا بووە؟

لە بووندا، بەخششێکی یەزدانیو خەلاّتی پەروەردگارە؟ لەمەوە بیرکرایەوە، تیۆری هەمەجۆرە پەیدا بووە..

ڕۆمان، شوێنی گریك کەوتن لە دانانی زمانی لاتینیدا، 2 نووسراویان دانا:

یەکەمیان: دۆناتس Donatus ، لە چەرخی 4 ز،

دووەمیان: بریسکیان Briscian لە چەرخی 6ز.

ئـەم 2 نووسـراوە، پایـەگابوون تـاکو چـەرخەکانی ناوەنـد.. لاتینـی، گۆڕانی بەسەرداهات.

زمـانی فەرەنسـیو ئیتـالیو ئیسـپانی، کەوتنـە بـرەو.. پێـان دەوتـرا، زمـانی ڕۆمانیان.

لاتینی کلاسیك Romace Languages ، سـەردەمێك مایـەوە، ڕێزمـانی جیهـانی گشـتی بـرەوی سـەند، لاتینـیش، بـە هـەموو زمانەکانیـەوە، داڕێـژرا، بـە ڕێبازگەیەکی دیالیکتیکی سەردەم، لە نێوانی چەرخی 17 زانایـان پـەیڕەوییانکردو لاتینـی بـوو بــە زمـانی پـەتیو پـاراو، زمـانی سـەردەمو هاوچـەرخ، سـتاندەرد Standerd، لە ئەورووپادا.

دوای ئەوە، عەرەبیو عیبری، پەیدابوو..

گەڕێـدەکان، توخمـو ڕەگـەزەکانی زمانیـان بـەهۆی گەشـتوگوزارەکانیانەوە، دەبرد بۆ هەموو لایـەك.. مزگێنـیدەران، نووسـراوی ئایینیـان وەردەگێـڕا بـۆ وڵاتـە دۆزراوەکان.

مـژدەدەرە ئیسـپانییەکان، دەسـت پێشـکەرییانکرد.. بـەڵام کـەم تێبینـی و نەشـارەزایی لـە زمانـدا، خامــە لــە نــەنگیو کــەموکووڕی لــە وەرگێڕانەکانیانــدا دەردەکەوت..

بازرگانیو هاتووچۆ، فراوانبوو، گواستنەوە ئاسانبوو.. پێداویستی بە نووسینو رێزمانو فەرهەنگ بایەخی سەند.. بە فەرمانی کاترینی 2، شاژنی روسیای قەیسەری 1786، کۆمەڵە واژەیە دانرا، 285 وشەبوو، بۆ 200 زمانی ئەوروپاو ئاسیا، 80 زمانیتری خرایە سەر لە زمانانی ئەفریکاو ئەمریکا.

لە 1806 – 1817، نووسراوێك دەرچوو لە 4 بەرگدا بە 500 وەرگێڕان، دەربارەی نوێژانی مەسیح Lord pray .. ت.س. ئیدلۆنگ T.C. Adelong.

لە سەردەمی راپەڕیندا لێکۆڵەرەوەکان، لە زمانەکەی خۆیان وردەبوونەوە وەکو فرانسیسکۆس جنیۆس 1589 – 1677، تەلاشیکرد، لە دەقەکانی ئینگلیزی کۆندا.. Franciscus guneus ، هەندێك دەقی خێزانی زمانەکەی کە هۆڵەندیو جرمانیو کۆتکی Cothic، ئەسکەندیناڤی.

زمانی کۆتیکی مردوو، کە ئیمرۆ نازانرێت، لە بەشەکانی ئینجیلدا لە چەرخی6، دەرکەوتووە کە بە روونووسی سلڤرکۆداکس ناسراوە Silver Codax جۆنیۆس لەتەك دەقی ئەنکلۆسەکسۆنیدا، بڵاویکردەوە.. جۆرج هیکس لە 1842 – 1715، ئەم کۆششەی پەسەندکرد.

لەسەر ئەمە رێزمانی بۆ کۆتکیو ئەنلگۆسەکسۆنی دانا.

زانایانی ئارەب، وەك حافز جەلالەدین، ئەبدورەحمان سیوتی شافیعی، نووسراوی **بقية الوعاة في طبقات اللغويين و النحاة**، لە 1326 ك، لە چاپخانەی سەعادە لە میسر چاپکرا، هەروەها **معجم الأدباء و وفيات الأعيان و أبناه الرواة على أبناء النحلة** و هیتر... هەتەری لەسەر پوختی و پاراوی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز، دوای ئیسلام.

ئەبو ئەسوەدی دوەلی، رێزمانی ئارەبی دانا، لە پەیکەری کردارو نیهادو گوزارە، دواوە.

زانایانی دوای ئەم، لەسەری رۆیشتن وەکو ئەنبەسە کوڕی میعدان ئەلمەهدی.. بەڵام کۆمەڵگە دژی عەنبەسە وەستان، وەکو میمونی ئەڤرەت، لە

سالآنی سەدەی کۆچیدا، دوای ئەم یەحیا کوڕی یەعموری بەسری و شاگردەکەی، ئەبدولآ کوڕی ئیسحاق حەزرەمی بەسری.

دەستەی 2 هاتنە گۆڕێ لە 117 ك، ئەبو ئومەر کوڕی ئەلای مازینی تەمیمی، سەرکردەیانبوو، کە لەسەر دەستی یەحیای کوڕی یەعمور و نەسری کوڕی عاسم، زانیارییان وەرگرت.

خەلیل ئەحمەد فەراهیدی و یونس کوڕی حەبیب بەسری، ئەمانە، لە ئەبی ئومەرەوە، بەهرەیان وەرگرت.

ئەبو محەمەد زیدی و مەعاز کوڕی موسلم هەراء و عیسا کوڕی ئومە سەقەفی... ئەمەی دواییان هاتە بەسرە، رێزمانی لە ئەبدولآ ئیسحاق وەرگرت، لەمەوە دەستەی 2 پەیدا بوو بە سەرۆکایەتی یونس حەبیبی بەسری و خەلیل ئەحمەد فەراهیدی کە دائیرەی – بازنەی، عەروزی داناوە.. لەوانیشەوە ئەحمەس و عەلی هەمزە کەسائی و ئەبی زەکریا فراء، هەلکەوتن.

یونس لە چەرخی هارونە رەشیدا کۆچیکردووە، 799 ز.. سیبەوەی، شاگردی خەلیلە، سەرکردەی دەستەی 4 نووسراوی لە رێزماندا هەیە.

بە رای نووسەری ئەمدێرانە، سیبەوەی یەکەم کەسە رێزمانی ئارەبی داناوە، کە خۆشی ئارەب نییە.

سەردەمی خەلیل، لە کوفە دەستەیەکیتر، پەیدابوون، وەکو، رواسی، لەمەوە کەسائی و شاگردەکانی، فراء پەیدابوون.

کەسائی لە نوسراوەکانی سیبەوەی کۆلیوەتەوەو بەرپێچی داوەتەوە.. ئەمە بوو بەهۆی جیاوازی نێوانی کوفیو بەسری.

ئەم 2 فێرگەیە، خوێندنگەیە، لە رێزماندا واتە، ئەم 2 خوێندنگەیە، هەندێ دەستیاوی لێکۆلینەوەی کەلچەری ئەوروپایی، بە سەرەومیە، چونکە ئایینی برەهمی، کۆمەلە سرووده ئایینیە کۆنە پیرۆزەکانی، رەچاوگرتووە.. کۆنەکەیان ریکفیدایە Rig-vida... دەگەرێتەوە بۆ چەرخی 18 پ.ز.

زانا لایەنگرەکانی پتر بایەخیان بە هەرە کۆنەکانداوە، لە رووی راڤەی واژەو بێژەو تێگەیشتنو لێکدانەوە بە دروستترین شێوە.

زماناسان، لە سنووری باسەکانەوە، چوونەتە ناو زمانی وتووێژو گفتوگۆی زیندووەوە، لە چینە بالاکان کە زمانی سانسکریتییە، بەر لە دەرکەوتنی نامیلکەی بانینی، لە رێزمانی سانسکریتیدا 350 – 250 پ.ز... ئەمە شوێنەواری نەمری چالاکی بیرو هزری مرۆڤە، لە سەرنجو شیکردنەوەو پەیداکردنی وشەو وردکردنەوەی وێڕای تێبینی و شارەزایی نووسەر.

تەنانەت، هیچ زمانێکی مرۆڤیتر ئەو سامانەی نەبووە، لە باسی قووڵو وردیو وێنەگرتنیو رووداویدا.

لەمەوە سانسکریتی، بە درێژایی چەرخ، پیرۆزییەکی وەرگرت، بوو بە زمانی وێژەییو میری.

براهمای هیندییەکان وەکو لاتینی لە سەدەکانی ناوەندا، زمانی ئایینیو زانیاریبوو.

ئەوروپا لە سەدەی 17- 18، زانیارییان لە سانسکریتیو هیندییەوە وەرگرتووە، بەهۆی مژدەدەرانەوە.. بە تایبەتی ئەو ئینگلیزانەی کە لە خاکی هیندا زۆرتر ئاگاهییانداوە، لەم رووەوە، تاکو سانسکریتی بوو بە بەشێك لە زانیاری زاناکانی سەدەی 19..

زانایانی ئەوروپا، سەرسامبوون، لە وردەکاری لێکۆڵینەوەی هیندییەکان، لە زمانەکەیاندا، لە رەچاوگیریو سەرنجدا، نەك لایەنی گشتیو دیدی – تیۆری.. وێڕای ئەوەی سانسکریتی، رێژەی نێوانی زمانە دوورەکانو بەراوردکردنی گرووپی زمانەکانیتریشی دەرخست.

بێگومان، هیند، لە رووی دوورییەوە لە ئەوروپا، کەڵچەری کۆنی زمانی خۆی پاراستووە، هەرچەندە کە هیندی لە خێزانی زمانە ئەوروپاییەکانە، هیندۆئەورووپی، بۆ ئەم لەیەکچوونە، چەند وێنەیەك دەهێنینەوە..

لە ئینگلیزیدا: مادەر mother ، برادەر Brather ..

جەرمانی: مادەر mother ..

لاتینیو رومانی: ماتەر matar..

گریك : ماتەرام mataram ..

روسیو سلاڤی: ماتە mata - لە راکێشدا matari ..

لە ئینگلیزیدا: دوو – tow

لاتینی : دوو – duo ..

فەڕەنسی: دوو – duo..

گریکی: دوو – duo ..

سانسکریتی: دوو – douu ..

روسیو خێزانی: دوو – dua ..

کوردی : دوو – dü ..

لە ئینگلیزیدا: سێ – three ، بە لاتینی: tris ، گریکی: tries ، سانسکریتی: traya ، رووسی: tri ، فەڕەنسی: تروا.

لە ئینگلیزیدا، کرداری یارمەتدەر is ، لە جەڕمانی: ist ، لە لاتینی est، لە گریکی esti ، لە سانسکریتی asti ، لە رووسی yest.

لە پێشدا وا دەزانرا، کە زمانە ئەوروپاییەکان، لە سانسکریتییەوە، وەرگیراوە، وەکو دەرکەوتووە، سانسکریتیو لاتینیو، ئەوروپایی، وێنەی هەمە چەشنەن لە زمانێکی تری پێش مێژوو.

یەکەم کەس ئەم راستییەی زانییوە، ولیم جۆنسە 1746 – 1794 ز. یەکەم زانای ئەوروپاییە، گەیشتۆتە ئەو ئەنجامو ئاکامە فراوانەی سانسکریتی لە وتارەکەیدا لە 1786 ز، پێشکەشکرد.. دەریبڕی کە سانسکریتیو لاتینیو گریکی، تەبایی توندو نزیکیان هەیە، لەتەك چاوگی کۆنی زمانە نەماوەکان کە کوتکی و کلیتییە Cothic – Celtic..

لێکۆڵینەوەی مێژوویی بەراوردی زمانە ئەوروپییەکان، باسێکی گرینگو بایەخداری زانیارییە لە سەدەی 19 دەرکەوتووە، کە زمانە ئارییەکانو زاراوەکانی پەیوەستەگیو پابەندی توندوتۆڵی هەیە بە سانسکریتیەوە هەروەها زمانی باڵتیکی و سلاڤی لە لایەکەوە و زمانی سانسکریتی لە لایەکی ترەوە.

بە راستی، جۆنس، دەریخستووە کە زمانی جرمانی – گرمانی پەیوەندییەکی تەواوی هەیە بە لاتینیو گریکیو سانسکریتییەوە، هەروەکو زمانی ئەرمەنی و ئەلبانی 2 دوو لکن لە درەختی ئەوروپی، هەروەها زمانی کوردی ئاری نەژاد.

پوختە:

زمان، بە بیروڕای هەموو هزرڤانان، یەکێکە لە دەرکەوتووترین و زەقترین رەگەزێ، کە نەتەوایەتی و میللەتی جیاوازی لێپەیدا دەبێت.

هەندێکیان دەڵێن:

ئەگەر یەکەم هۆکارو رەگەزی یەکەم نەبێت، رەگەزی بنەڕەتیو بناخەییو بنچینەییە.

باوە، دەپرسێو دەڵێ، میللەت چییە؟

لە وەڵامدا، دەڵێ: هیچ میللەتێ بوونو بوومی نییە بەبێ زمانی هاوبەش.

شبرنچەر دەڵێ: میللەت، کۆمەڵە کەسانێکە، بیر دەکەنەوە هزرو گفتوگۆیان، جۆریکە.

ستالین، سوورە لەسەر ئەوە، کە کۆمەڵێکی نەتەوەیی بە هیچ رەنگێ ئەو بۆچوونەی نابێت، کە پێی بێتە ئاراوە، واتە مەیدانەوەو پێی بوترێ میللەتە، بەبێ زمانی هاوبەش.

بەم پێیە کە بەرهەمی رێژگەیەکی گشتی مێژوویی کۆمەلگەیەو بنیادی ژێرخانی چەندەها سەدەیە، کۆششی سەدان نەوەو نیژەیە، بەرهەمی زنجیرەیەکە لە چەرخو چاخو سەردەم، لەو ماوەیەدا شێوەو کەسمی وەرگرتووەو گۆڕاوە و سواوە.

هەروەکو ستالین دەڵێ: نە بە بنیادی ژێرخانو سەرخانە هاوسەنگ دەکرێ و لە وانیش، زۆرتر دەژی.

زمانی کوردی، بەر لە ئیسلام، سوورێکی تایبەتی هەبووە لە پێکهاتەی شێوەو کەسمی نەتەوەیی، رەگەز و هۆکاری پاراستنی بووە.

جۆرو گروپەکانی مەردووم، ئادەمیزاد، لە سەدە دێرینەکاندا بە دابەشکردنی کۆمەڵگەی خەڵکەوە بۆ یۆنانیو رۆمانیو فارسیو هیندیو چینی و ئارەبو کوردو تورك .. هتد.. ئەم بەشکردنە بەپێی جیاوازی زمانی نێو ئەم کۆمەڵگایانە بووە، لە سنووری جوگرافیایی دیاردەکراودا.

کەواتە، پێیان دەگوترێ هەرێمو دەڤەری زمانی لە گشتییەوە بۆ تایبەتی.

سنووری زمانە سامییەکان، هیندۆ ئەوروپی، زمانی تورکی، مەنگۆلی، ئەفریکای رەش، دەڤەری زمانی ڤیبتی، هەرێمی زمانی بەربەر، ئامازیخی، هەرێمی زمانی کوردی.

زمان، رووالەتێکی کۆمەڵایەتییە، گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەپێی بارو دۆخو ئاوو باو کەشو هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و داگیرکردنو جەنگو سەرکەوتنو ژێرکەوتن و کاری خێڵایەتیو تیکەڵاویو بازرگانیو گەلێکیتر..

زمانی وێژەیی و کەنیسەیی، ئایینی و پەیوەندی نێوانیان رەگەزو هۆکاریو کاریگەریو، ئەمانە هەرهەموو لێکۆڵینەوەی تایبەتی گەرەکە، بە تایبەتی نووسراوی ئایینی پیرۆز و وتەی پێشینیان و وێژەی نەنووسراو و فۆلکلۆر و کەلچەر و ژیانی خێڵەکیو شارە پیرۆزەکان، وەکو شاری مەککەی پیرۆز و کاریگەری لە یەکگرتنی زمانی ئارەبیدا، بازرگانیش، پایتەختەکان کە وەکو پالێوگەیەکی مەزن بۆ زاراوی هاتوو، زمانی لەیەك گەیشتن و سەوداو مامەڵەو تێکەڵاوی.

چونکە زمان، کەنارەگیر نییە، بەڵکو دابەشکەری هاوبەشە لەسەر زەمینەیەك، ئەو پرۆسە تێکەڵە مەزنە، بە پوختی تەواو دەبێت، لە ئەنجامی کرداری تاقیگەکەدا.

چاوگو پەراوێز:

1- گۆڤاری المعلم الجدید ، مجلد 39 ، بەرگی 2 – 1978 – وائل بهجت سلیمان ل: 68، 69، 70، 71، 72، 73 – سوودم لێوەرگرتووە.

2- زمانو هونەری وەرگێڕان، کەریم زەند.

3- زمانو هونەری وەرگێران، کەریم زەند.

4- تۆفیق وەهبی، زمانناسی و نووسینەکانی.

5- وێژەی بەراورد، 1832، لە فەڕەنسە، سەریهەڵداو گەشەیکرد.

بەراورد، رووکردنە ئەدەبو وێژەی نەتەوەیەکیترە، بە مەرجێ:

- میراتی خۆی بپارێزێت.
- یاساو رێزمانی، نەتەوەکە بپارێزێت.
- سوود لە چاوگە بیانیەکان وەربگرێت.

لە فەڕەنسە، بەراوردی مێژوویە، دوورە لە جیهانی ئابووری، بەرەو وێژەی ئەوروپییە، رووی نەکردۆتە نەتەوەکانی خاوەر.

رێبازەکانی:

- ئەمریکیو ئەوروپی.
- سۆڤیەتی، رووسی، زانستیو پەیوەندی دەکۆڵێتەوە.

بۆ ئەمە پێویستە، شارەزایی مێژوویی لە هەردوو نەتەوەکە و زانینی زمانی هەر دوولا، سوود لە چاوگی بیانی.

6- گۆڤاری لێکۆڵینەوەی ئارەبی، ژمارە 12، سالی 15، ت1، ئۆکتۆبەر 1979، بێروت.

7- وتاری ستالین لە کۆنگرەی 14، پارتی کۆمۆنستی سۆڤیەتی، کە وتی: گەرەکە، دەرفەتی لەبار برەخسێنرێت بۆ پەرەسەندنی کەلچەری نەتەوەییو گەشەکردنی، بە مەبەستی دەرکەوتنی تواناو ناوەکییەکانی.

ئەمە وەكو سەرەتا زۆر پەسەندبوو، بەلام بەشی دووەمی ئاخافتنەكەی وتی:

دەبێت، هەموو هەلومەرجێك بێتە ئاراوە بۆ هەموو یەكبوونو یەكیەتی كەلچەری نەتەوەیی لەیەك كەلچەری ناوكۆ و هاوبەشدا، بە تاكە زمانێكی هاوبەش.

بەشی دووەمی وتەكەیبوو، بەلگەو پەلپو بەهانەو بیانوو بەدەست دەزگا رامیارییەكانەوە، بۆ ئەوەی كە هەموو بنكە كەلچەرییەكانی كوردی، بتوێتەوە و بسڕێتەوە، فێرگە كوردییەكان دابخرێن و راپێچو راگوێزانو چەوساندنەوە و سڕینەوەی ژیاریو كەلچەری كوردی، دەستپێكرد، كۆمارە ساواكەی كوردستانی باكوری خاوەر، كراسنی كوردستان – كوردستانی سوور، كە پایتەختەكەی لاچین – لاتشنسكی بوو، 1923، دامەزرابوو، لە بێشكەو لانكەدا، زۆر بە زوویی خنكاو گۆڕكرا وەكو هەلم با بردی.

بارزانی
عەبدوسەلامی دووەم
کوڕی، شێخ محەمەدی بارزانی
1914 - 1864

بارزانییان، لە بەشی خوارووی دەڤەری زێبار، نیشتەجێن، زەوی شاخاوی سەخت، لە باکوری کوردستانی باشوورەوە.

زێبار، واتە، ڕۆباری زێی گەورە – مەزن – سەروو – باکور، خێڵی زێبار، هەر لەم دەڤەرەدان.

بارزان، ناوی باپیریانە، واتە هەڵگری مافو ڕاستی، لە پارسان – دەروێشان، برازان – برای زانا، لەمانەوە هاتووە.

بارزانی، تیرەیەکی مەزنن، لە بنەڕەتو بنچینەوە دەچنەوە سەر تیرەو هۆزانی هەکاری، گەلێ بەشن:

شیروانی، مزوری، دۆڵەمەڕی، بەرۆژی، هەرکی، بەرۆژوان، شێخەکان – شێخان لە نەوەی شێخ تاجەدین نەخشبەندی خالیدی – مەولانا خالید..

لە نەوەکانی: شێخ ئەبدوسەلام و براکانی شێخ ئەبدوڕەحمان شێخ ئەبدوڕەحیم.

شێخ ئەبدوسەلامی کوڕەزای، ڕێبازی نەخشبەندی لە شێخ خالید نەخشبەندی، وەرگرتووە، لە ڕێی شێخانی شەمزینانەوە.

شێخ خالید زیائەدین، بەرزترین زاناو ڕێپیشاندەریانبووە، لە خێڵی میکایەڵی، کە تیرەیەکی خێڵی گەورەی جافە.

چۆتە هیندستان، ڕێبازی نەخشی لە شێخ ئەبدوڵای دەهلەوی نەخشبەندی وەرگرتووە، گەڕاوتەوە بۆ کوردستان، لە ئوستانی سلێمانی، بڵاوی کردۆتەوە.

لە بەغداد، چەرخی داودپاشا ئوستاندار – والی، خانەقاو تەکیەی بۆ دروستکردووە، لەسەر کەناری ڕۆباری دەجلە، هەموو کوردستان گەڕاوە، چۆتە قودس، شام، لەوێ گیانی پیرۆزی بەخاك سپاردووە، ئارامگەو خەوابگەکەی لە گەڕەکی سالحییەی شامە.

کاتی تێپەڕبوونی مەولانا شێخ خالید، بە بارزاندا، شێخ ئەبدوسەلام، ڕێبازی نەخشبەندی لێوەرگرتووە.

دوای شێخ ئەبدوسەلام، شێخ محەمەدی کوڕی، لەسەر ڕێوشوێنو ڕێبازی ئەو دەڕوات، دوای کۆچکردنی شێخ محەمەدی کوڕی جێگریبووە.

شێخ ئەبدوسەلامی 2، شێخ ئەحمەد، خودانی بارزان، شێخ محەمەد سدیق، بارزانی نەمر، مستەفا ژەنراڵ، شێخ محەمەد شێخ بابو.

لە کوڕانی شێخ ئەبدوسەلام، شێخ سلێمان، شێخ ئیبراهیم، شێخ ئیسماعیل.

لە کوڕانی شێخ محەمەد سدیق، شێخ ئەبدوڵا، شێخ ئەلی، شێخ نوری.

لە کوڕانی سەرۆك بارزانی نەمر، مستەفا: شێخ ئوبەیدیلا، شێخ لوقمان، شێخ ئیدریس، شێخ سابیر، کاکە مەسعود بارزانی.

لە کوڕانی شێخ محەمەد – بابۆ، شێخ سادق، شەفیع، ئەیوب.

لە کوڕانی برای ئەبدوسەلامی یەکەم، شێخ ئەبدوڕەحمان، شێخ ئەبدوڕەحیم، کوڕو نەوەی ماوە.

یوسف کوڕی سەعید کوڕی ئەبدوڕەحیمە.

ئاغایانی زێبار، نەیاندەویست کە دەستەڵاتی شێخانی بارزان لە دەڤەرەکەیاندا بڵاوببێتەوە، بەرگرییان لێکراوە.. جەنگو کوشتار، پەیدابووە، لە نێوانیاندا، لە ئاکامدا، بارزانییەکان سەرکەوتوو بوون.

بەڵام ئاغاكانی زێباری، كۆڵیان نەداوە، بە پشتگیری دەستەڵاتی ئوسمانیو پروپاگندە، توانیویانە، ناوی یاخیگەرێتی بدەنە پاڵ بارزانییان، بە بیانووی ئەوە، كە شێخ ئەبدوسەلام، دەیەوێ لەتەك رووسیا هاوكاری بكاتو پەنای بۆ بەرێت.

ئەمە بوو بەهۆی نیگەرانیو راكردنی سەفوەت بەگی قایمقامی سەربازی كە تاوانی مەحمود شەوكەت پاشای سەرەك وەزیرانی درابووە پاڵ.. پەنای بردبووە بەر شێخ ئەبدولسەلام نەیدا بە دەستەوە.. چونكە، خاوەن بەختن و پەناگەن، خاوەنی ئاگردانن، چاوگی ئاوی شیرین بوون، مەردومو مەلوومور لێیان گرد دەبنەوە، وەكو شێخی نەمر، شامەحمودی كورد.

ئوسمانییەكان، داوای سەفوەت بەگیان دەكرد، لەو كاتەدا، كۆمەڵی یەكێتیو بەرزی – الاتحاد و الترقی، لە ئەستانە، توانییان سوڵتان ئەبدولحەمید، لابەرن و دەستوور بڵاو بكەنەوە، 1908، براكەی سوڵتان رەشادی 5، خرایە شوێنی.. دەستەڵاتی نوێ، دەستیانگرت بەسەر كاروباردا، دەستیانكرد بە كوشتنو برینو تۆڵەسەندن.

یەكێ لەوانە، شێخ ئەبدوسەلامی بارزانی بوو، كە بە یاخیبوو دادەنرا.

محەمەد پاشا داغستانی، ئوستانداری مووسڵ، هێرشی هێنایە سەر بارزان، شێخ ئەبدوسەلام، ناچاری هەڵاتن بوو.

كاتی كەوتنی كابینەی یەكیەتییەكان، پارتو كۆمەڵەی سەربەستی هاتنە كایەوە، نازم پاشا كرا بە ئوستانداری بەغداد، فەرمانی بەخشینی گشتی دەركرد بۆ هەموو بارزانییەكان.. داوای لە دەرگای باڵا ، ئەستانە كرد، كە شێخ ئەبدوسەلام خەڵاتبكرێت.

سەفوەت بەگیش زۆر كۆششی لەمەداكرد، بەڵام كار وەرگەڕا، نازم پاشا كوژراو پیاوانی یەكیەتی گەڕانەوە سەر كار، نەزیف پاشا كرا بە ئوستانداری مووسڵ، كە لایەنگری خۆیانبوو، هەرچەندە كوردیش بوو، بەڵام راكردنو هەڵاتنی سەفوەت بەگی قایمقامی كرد بە بیانو بۆ هێرش بردنە سەر بارزان، داوای سەفوەت بەگیان دەكرد، لە شێخ ئەبدوسەلام، یاخود هاتنی خۆی بۆ مووسڵ.

پیشەو ئەرێتی کوردایەتی، کاری ناڕەوا ناکا.. پەنابەر و هەڵاتو نادات بەدەستەوە... شێخ ئەبدوسەلام، ئەم کارە ناڕەوایە ناکات.

بە ناچاری بارزانییەکان چوون بۆ کوردستانی خاوەر، دەڤەری ئورومیە، کات بەهاربوو، شێخ ئەبدوسەلام بوو بە میوانی سەید تاها شێخ سدیق شەمزینانی لە گوندی نەهری، 5 مانگ مانەوە، دوایی چوونە گوندی چار بۆ لای سمکۆی قارەمان، زۆر رێزیان لێگیراوە، لە پاشا گەڕاونەتەوە بۆ گوندی نەهری، لە رێگە بە فێڵ پیاوانی دەروێش ئەبدوڵا، زۆر لێی دەپاڕێنەوە کە لابداتو میوانداری بکەن، دەڵێن کە دەروێش ئەبدوڵا سوێندی خواردووە کە خانووەکەی بسوتێنی ئەگەر شێخ ئەبدوسەلام لانەداتە لایان و نەبێتە میوانیان.

ئەویش بە دڵپاکی شوێنیانکەوت بۆ گوندی دەروێش ئەبدوڵا.. لەپڕ گەمارۆو ئابڵوقەیانداو پەلاماری شێخ ئەبدوسەلامو مرۆڤەکانی دەدەنو یەکدوویەکیان لێدەگوژنو دەیانگرنو دەیاندەنە دەست نزیکترین هێزی ئوسمانی، هەرچەندە شێخ ئەبدوسەلام بەخۆشی داوایان لێدەکات، کە ئەم کارە ناڕەواو ناپەسەندە، بەڵام هیچ سوودی نەبەخشی.

کاتێ سلێمان نەزیف زانی، چوو بە پیرییەوە، لە رێگە پێی وت، بۆچی نەهاتی؟. بەمجۆرە ناچاربویت کەبێیت؟

شێخ ئەبدوسەلامیان هێناو خرایە سەربازخانەی سپاوە.. درا بە دادگەیەکی رووکەش، فەرمانی خنکاندنی خۆیو 3 کەسی تر لە تەکیدا، لەسیدارەدران، 1 کانون 1914، ئەو 3 کەسە ئەمانەبوون:

محەمەداغا هیشتی، ئەبداغا مزوری، عەلی محەمەد ئەمیناغا.

مزوری، کە لە هەڕەتی هەرزەکاریو جەوانیدابوو، لە کاتی سەرکەوتنی بۆ سەر سێدارە، وتوویەتی: بارزانی، نامرن..

هەموویان لە گۆڕستانی ئەلبوبەدران، بەرانبەر مزگەوتی عومەر مەولا، 1 کانون 1914، نێژران.

شێخ ئەبدوسەلام، باڵابەرز، باریك، گەنم رەنگ، سەروسیما جوان، مێزەری سپی، جبەی رەش، بەپێی گەرماو سەرما رەنگی جبەکەی گۆڕیوە.. ئازا، دلێر، پارسا، لە خودا ترسو خوداناس بووە.. لە تەمەنی 50 ساڵیدا، بە ناڕەوا، بەسێدارەدا کراوە.. گەشمردەی نەمرو شامێری کوردستانە، لە ریزی جاویدانە.

گیانی بە بەهەشتی بەرین شادبێت.

چاوگ:

- نووسراوی الضحايا الثلاث، عبدالمنعم غلامی.
- گەشتنمای زەند، دەستنووس، زەند کەریم، سوود وەرگیراوە.

بۆ دەستی پیرۆزی پەیکەری دیموکراتیو راگرو ستوونی کۆماری کوردستانی ساوا لە مەهاباد.. قارەمانی هەمیشە زیندوو بارزانی نەمر مستەفا و نەوەو نیژەی، پەیدەرپەی.

بزاڤی بارزان 1945/10/11:

دوای شکستی شۆڕش و کشانەوە بەرەو دەڤەرانی شنۆ، لاجان، سندوس، هەرێمی خاوەری کوردستان.

بە فەرمانی بارزانی نەمر، پەیوەندی نوێکرایەوە لەتەك رووسیای سۆڤیەتی – شوورەوەی ئەو سەردەمە، لە رێگەی بیمارستانی ئورمییەوە، بەهۆکاری نەخۆشیەوە.. کاك عیزەت عەبدولعەزیز، ئەنوەر عەبدولا دڵسۆز، میرحاج ئەحمەد، بە سەرووەریەوە، بەشداری خۆشم.. گفتوگۆ لەتەك ژەنراڵ ئەتاکشیوف، لۆپۆف سپاپود، ڤیلجیڤیسکی، کرا.

بە بێسیم گەیاندرا بە کرملین، وەڵام بە خێرایی هاتەوە هەموو بارزانی وەرگیران، دەرزی نەخۆشیان لێداین.. بەرگی نوێ و چەك وەرگیرا.

هەڵکردنی ئاڵا:

22 ی کانونی 2 ی 1946، ئاڵای کوردستان هەڵکرا، بارزانی نەمر شانبەشانی پێشەوا قازی محەمەد وەستاوە.. بە فەرمایشتی بارزانی نەمر، تەرمی مرۆیەك لە شێوەی کەڵە هۆزانڤانی کورد، حاجی قادری کۆیی‌دا، راست بۆوەو ئاڵاکەی ماچکردو چووەوە ناو دارتەرمەکەوە و راکشایەوە.

بۆکان – ئابی 1946:

ژەنراڵ بارزانی نەمر لە ناو جێبێکدا، کاك ئەنوەر دڵسۆز لە تەنیشتیەوە، بە دیداری شادبووم، بە شێوەی یاسایی، نامەم پێشکەشکرد، وەکو سەربازێك.. خۆشم مامۆستای دەبیر بووم لە بۆکان.

هۆکاری چەرخ:

گونـدی سـەراو سەرچـاوەی حەمەداغایـە، نێـوانی شـاری سـەکزو بۆکـان. پەدپۆلگۆنیك، سەرهەنگ، عیزەت عەبدولعەزیز ئامێدی، فەرماندەی هێزە، مێجەر ژەنراڵ بارزانی نەمر ئارایی هەمیشەیی هەیە.

رۆژانی کۆتایی تەمەنی یەکساڵ کـەمتری کۆمـاری کوردسـتانە، بـە فـەرمانی ژەنراڵ بازرانی نەمر، نەخشە دانراوە بۆ گرتنی شاری سەکز.

لە ناکاو، نوری ئەحمەی تەها، لە تەورێزەوە هات.. هەر کە دابەزی، سەرۆك بارزانی فەرموی: ها، نووری چیە؟ گوتی: ئەزبەنی تەورێز گیرا.

فەرمووی چۆن؟ گوتی: بەڵی ئەزبەنی..

شێخ محەمەد ئەمینی مەڵحە، کەسی دووەم، دوای هێژا مامەڕەزا، لە بـەرەی هەقەدا بە خۆیو 20 چەکدارەوە، لەوێ ئامادەبوو، هـەروەها میرحـاج ئەحمـەدیش و خۆشم... هەمووومان چاوەڕێی فەرمانی سەرۆك بارزانی بووین.

شەوی کۆتایی:

کـانونی یـەك / 1946.. کـاتی خۆئامادەکردنـە بـۆ هێرشبردنە سـەر شـاری سەکز، بە مەبەستی گرتنی.

لەولاوە، تانکەکانی ئازەربیجانی، چرکەچرکو خڕەخڕ دەکشێنەوە.

هاوکات لەتەك هاتنی کـاك نـوری ئـەحمـەد تـەها، کـە هـەواڵی گرتنـی شـاری تەورێز و هاتنەوەی هێزەکانی رژێمی ئێرانی بۆ نـاو ئازەربیجـان، کـە بـۆ سـەرۆکی هێنا.

بـارزانی نـەمر، دوای ماوەیـەك رامـان، کـات 12 شـەوە، زسـتانە، پروشـەی بەفرە، ساردە.

سـەرۆك، فەرمانیـداینێ، 200 جـەنگاوەر، شـێخ محەمـەد ئـەمینی مەڵحـەو، فەرماندەیی کاك میرحاج.

سەرۆك فەرمووی، بچنە بۆكان، ساینەقەلا بگرن بۆ ئەوەی هێزەكانی بارزانی بە ئاسایی بكشێنەوە.

هاتینە تەغیاباد، گروپی بارزانی بە خێزانەوە لەوێ ئاكنجیبوون.. بە بۆكاندا تێپەڕین، شارێكی خامۆش، بێئاگا لە رووداو..

هاتینە میاندواو، بە مەبەستی دیتنی ژەنراڵ عەزیمی سۆڤیەتی، بەپێی فەرمانی سەرۆك بارزانی، چووینە سەربازگەی میاندواو، سەربازگەی چۆڵوهۆڵ، ژەنراڵ عەزیمی دیار نییەو تەنها یەك سەربازیشی لێنییە، كە گەرەك بوو ژەنراڵ عەزیمی پلانمان بۆ دابنێ، كەچی خۆی رایكردبوو.

شاری میاندواو، تاقی سەركەوتنیان لێدابوو بۆ پێشوازی لەشكری ئێرانی. بەرەو مەهاباد هاتین، بەفرو پشۆ دەباری، دیمان كە ئالای كوردستان، داگیراوە.

بەرەبەیانە، كازیوەبوو، ئەو دیمەنە كاریگەرە كاریتێكردین، چووینە خزمەت هێژا پێشەوا، لە خانەی خۆی، نوێژی بەیانیمان كرد لە پشتیەوە.

بە خیاباندا هاتین بۆ بارەگای پێشەوای مەزن، بە رێزەوە لە پشتیەوە بە یاسای سەربازی، بە چەكو چۆڵو جبەخانەوە دەڕۆیشتین.

پێشەوای مەزن، ئاوڕیدایەوە، ئێمەی بەو قیافەتو جۆرە دی.. فرمێسك بەخوڕ بە هەردوو چاویدا دەهاتە خوارەوە، كوڵی گریانی نەدەوەستایەوە، تاكو گەیشتینە بارەگای خۆی.. یەك كوردی ئەودیوی بەدواوە نەبوو.

خەزانی تەمەن:

بارەگای پێشەوایە، بەرەبەرە كەسانێك دێن.

میرحاج، روویكردە پێشەوا، گوتی، هێژا، بەڕێز پێشەوا، فەرمانت بە چییە؟

فەرمووی، ئێوە منتان دانابوو بە پێشەوا، كوردان منیان كردووە بە رابەر.. ئیستەكە، من سەربازی ئێوەم، سەربازی رێزدار بارزانیم.. ئێوە فەرمانتان بەچییە؟

هاتینە دەرێ، بەرگو پۆشاکمان گۆڕی، لەتەك شێخ محەمەد ئەمین مەلحە، تاوەکو گوندی گوێچکەدەرەی نزیکی ڕێگەی سەردەشت هاتین، پۆستەکانمان ئاگادارکردو گەڕاینەوە بۆ مەهاباد.

ئەنجومەنی کۆماو دانو وەرگرتنی ئالأی خەباتەو تێکۆشان:

ژەنراڵ بارزانی نەمر 2 جار هاتە لای پێشەوا.. فەرمووی: هەر پێشەوامانی، لە تەکماندابە وەکو هێمای سەر کۆماری یاسایی نێودەولەتی، شانازیت پێوە دەکەین..

پێشەوا فەرمووی، بەلێنم داوە، بەرپرسم بەرانبەر بەو سوێندەی کە خواردوومە.. لە خۆشیو ناخۆشیدا لەتەك میللەتە کمدابم.. لە نیشتمانو خاکی پیرۆزی خۆمدا گیان بسپێرم، **إن العهدا كان مسؤولا**..

سەرۆك بارزانی، فەرمووی: دوژمن جێگەی باوەڕ نییە.. من تا دوا گوللەو فیشکەك ئەجەنگێم، تا نەگەمە ئاوات چەك دانانێم.

لە سەردانی جاری دووەمدا هەر بەم جۆرە، پێشەوا گوتەکانی دووبارە دەکردەوە.

وەرگرتنی ئالآ:

پێشەوا سووربوو لەسەر هەلوێستی خۆی.. سەرۆك بارزانی مالئاوایی لێکرد.

پێشەوا ئالأی کوردستانی پێشکەشی سەرۆك بارزانی کرد، ئێمەش هەموو بە سلأوی سەربازی لەبەر دەمیاندا وەستاین بەرێزەوە.. سلأوی یاساییو سەربازی بۆ ئالأی کوردستان دەکەین.

پێشەوا، کلیلی قاسەو جبەخانەی داینێ، فەرمووی ئەمانە بۆ ئێوە باشە.. ڕوویکردە سەرۆك بارزانیو، مالئاوایی لەیەکترکرا.

لەو دیمەنە پڕ شکۆدارەدا بە یاساو ریسای میری، ئالآی خەباتو جەنگاندنی پێشکەشی بارزانی نەمر کرد و فەرمووی:

لە پێشینەوە بۆ پاشێن.. لە باشترین پێشینەوە بۆ باشترین پاشین.

من خیر سلف لخیر خلف.

ئێوە پێشەوای گەلو رابەرن.. ئەسپەردەی یەزدان بن، سەرفرازو سەرکەوتووبن.

منیش بە فەرمانی سەرۆك بارزانی، کرام بە بەرپرسی گواستنەوەی خێزانەکانی بارزانی و دامەزراندنیان لە دەڤەری شنۆو لاجان و سندوس‌و نەغەدە.

نەغەدە:

سەرهەنگ غەفاری هاتە نەغەدە بە نمایندەیی سپاپود عەلی رەزمارا، هاتە خانەی پاشاخان و قولیخان، سەرانی خێڵی قەرەپاپاخ.. داوای خودانی بارزان شێخ ئەحمەدیان دەکرد.

خودانی بارزان، شێخ ئەحمەد، لە شنۆوە بە سواری داشقە هات، کات زستانو بەفرە.

بارزانی نەمر، ئێمەش وەکو سەرباز لە خزمەتیاندابن.. میوانی پاشاخان و قولیخانین بە ئەفسەرە کوردەکانەوە، کاك عیزت، میرحاج، نوری ئەی‌حمەد تەها، جەلال ئەمین بەگ، بەکر عەبدولکەریم، خەیرولڵا عەبدولکەریم، محەمەد قودسی، عەبدورەحمان مفتی، ئامادەبوون، وێڕای خۆم.

سەرهەنگ غەفاری، دوای نەوازشو گفتوگۆ، گوتی:

ئالآ حەزرەت شاهەنشا، گەلێ نەوازشی هەیە، داخوازە کە بە دیداری شاد ببن، داوای دانوساندن دەکا..

سەرۆك بارزانی ماوەی مانگێ پتر لە تاران مایەوە، بە مەبەستی دانوساندن.

دوای هاتنەوەی هەر لە خانەی سەرانی خێڵی قەرەپاپاخ، لە نەغەدە، میوانداری کراین.

جەنگی پارتیزانی:

سەرهەڵدان.. لە قەهراواوە – قاراوا، 48 کم لە سەقزەوە، 64 کم لە بۆکانەوە.

بەرەبەیانی 24 نیسان، گوڵان، 1946 لەشکری ئێرانی بە فەرماندەیی سەرهەنگ کەسرە، فەرماندەی سەقز بە مەبەستی هەڕەشە و تۆقاندنو خۆنواندن 13 کم هاتە پێشەوە، بە ئاهەنگی مۆزیکاو فلوت.

بارزانیان، بۆسەیان بۆ دانان، لە هەموو لایەکەوە ئاگربارانیانکردن، 21 کوژراو و زامدار و 40 دیل، هێزان بۆ مەهاباد، ڕێزیان لێگیرا لەلایەن نشینیانەوەو بران بۆ تەورێز، لەوێ بەریاندان.

مامەشا – مامەشە:

لەشکری ئێرانی بە فەرماندەیی حاجی عەلی ڕەزمارا، سپاپود جەنراڵ.. بارزانیەکان، بە فەرمانو نەخشەی سەرۆك بارزانی، بەروپشتی دەفەری سەقزیانگرت.

گردی مامەشە، بەسەر شاری سەکزدا، فەرمانڕەوایە، 2 بەتالیۆن بە تۆپو تانکو فرۆکەی جەنگی هێرشیان هێنا.

بارزانیەکان، بە بەرگو پۆشاکی خاکیو شینکیەوە، نەدەبینران... 13 جەنگاوەری بارزانی بەسەر گردەکەوەبوون

قارەمان خۆشەوێ خەلیل بە 30 چەکداری بارزانیەوە فریاکەوت... بە فەرمانی سەرۆك بارزانی، لە 200 یاردە – مەتردا نەبێ نابێ کەس تەقەبکات.

هاتنە پێشەوەو جەنگ دەستی پێکرد.. کوژراوی ئێرانی 22.. زامدار 40.. قارەمان خۆشەوێ بە خەنجەر هەڵیکوتایە سەر شۆفێری تانکەکەو بە گوللەی فرۆکەکە گەشمردەبوو.. برا بۆ تەورێز بە زامداریو لەوێ گیانی بە بەهەشت سپارد.

فەرماندەی جەنگی مامەشە، مستەفا خۆشناو بوو.. نەخشەو پلانی سەرۆك بارزانی نەمر بوو.

مەرگەڤەڕ:

فیبرایر 1947، لەتەك 2 ئەفسەری ئازەری، کە پەنایان هێنابوو بۆ سەرۆك بارزانی.. هاتینە مەرگەڤەر، بە مەبەستی ڕێگەخۆشکردن بۆ ڕووسیا.. سەرینەگرت، سەید عەبدوڵا فەندی نەهری لەوێ نەبوو.

گەلی کوتور:

ئادار، 1947.. زنجیرە چیای سنوور.. مێژوو لە بۆسەدا، خۆی مەڵاس دەکات، دەوەستێ.. دەنووسێ..

جەنگی قەهراوا و مامەشە دەستەبەری ئەندازەی تەمەنی خۆگریو خۆڕاگری کۆماری کوردستان بوو.. هێماو ئارمی شکۆمەندیبوو.

گۆی زەوی لە توێی خولی خۆیدا، ڕۆزگار دەپێچێتەوە.. زەوی مرۆڤ قووتدەداو دەیکات بە خۆراك.

پەروانە دەوسووتێ، مۆم کز دەبێ، شەوگار شەق دەبێ.. بەڵام داستانی بارزانی نەمر کۆتایی نایەت.

بارزان – بارزانی:

لە بەرجەستەبی مرۆڤێکی پتەوەیک.. خۆگر بەرگەردە بە بەرجەستەیی بیر و هزر و ڕاستی و دروستییەکە.. کە پەیوەستە بە ژیانەوە و بە دڵێکی خۆشی مرۆڤانەیی لە ڕەوتی کارەسات و ڕووداوەکاندا .. وەکو دیمەنێکی چاک کە مرۆڤ کەم بکاتەوە لە سەرما و سوڵەدا بەو ئرەمەندی کە ژیانێکی دوورخایەن بێت و پێش بەک بە بوونی، وەک لەم شیعرەدا خۆی دەنوێنێت:

البحر تعلو علی امواجه جیف

و تستقر باقصی قعره الدرر

فیا للذی تحدف الدهر غدرتا

هل حارب الدهر الا من له خطر

هەروەها ئەم کتێبە ناوکراوی و ژیانامەی بەشێوە کاریەکانی لەحیز کوردو لەوانە محەممەد ئوێسی - مستەفا خۆشناو - جەلالی جەمال بەگ -

مووری ئەحمەد تەها - محەممەد ساڵح زازەلەبی - و هەروەها سیاسەتمەداری کورد و خەباتگێر عەمەرە عەبدوڵڵا - ١٩١٥ - ١٩٩٨، باسی ویلایەتی شارەزوور و هەولێر و کەرکوک و داقوق و ئاڵتون کۆپری - پردێ و چەمچەماڵ دەکات لە زۆر ڕووەوە باسی نەورۆز لە لاقاوی ترجمە - نەورۆزی کورد - نەورۆز و شاعیرانی کورد هەر لە کۆنەوە لە دێرینەوە ئەوەی دوو دێری لەسەر نەورۆز وتبێت مامۆستا کەریم لەم کتێبەدا بۆی تۆمار کردووە.. هەروەها مێژووی سالنامە - شێخ حەمەی کلەزەردە کە خاوەنی ڕوانگەی گەردوونیە و یەکەم زانای ئەستێرەناسی جیهانە.

ئینجا باسی هەورامان ئاسی لە ڕووی مێژوو و زمان و جوگرافیا - کە لە کۆنگرەی هەورامان ئاسی لە شاری (سنە)ی کوردستانەوە لە لایەن مامۆستا کەریم زەندەوە خوێندرایەوە.. باسی داستانی بەڕێز پەیامبەر ئیبراهیم (د.خ) تێدایە، هەروەها باسی میرنشینەکانی ئێرانی خاوەر - کورتە باسێکی خانزادی حەیدەر و جرانیتراغای ڕەنگینەی تێدایە.

ژیانی سەیدا ساڵح یوسفی یامەڕنی گەشمەرە - ١٩١٨ - ١٩٨١.

ئینجا باسی تیرەی زەند و زەنگەنە و دەوڵەتی کەریم خانی زەند و خێڵە کوردەکان و چەند چیرۆک و بەسەرهاتەکان دەکات. لەوانە کورد لە دەفتەری کۆنی کوردەواریدا، دزێژەی چەرخی عوسمانی، چلەی مامۆستا کارێزخی و یادی حاجی قادری زینەوی لە شاری کۆیە نوتزیزمی، خودسەرخشاری، لخرد فەرمانی، لیبرالی و خوکمی زاتی باخۆ، لیبرالیزم، گرێی لیبرالیزم، لیبرالیزمی کارکێتری - سیاسی - بەهەوتی - جوگرافی .. خابانەی لیبرالی لە کوردستاندا لە پەرلەمانیدا، ڕاپەڕینەکانی (٦٨٨ - ١٩٩١) و هەروەها باسی کەشتییە ئازادەکانی کورد وەکو اکەریم ئەلەکە، شێخ مەحمودی حەفید، شەفیع شێخ باپیر شێخ محەممەد بارزانی دەکات.. ئەمانە و زانیاری زۆریش دەربارەی سالی لەوانەی بووە، کۆچکردنی ...

ناودارانی کورد، وێڕای باسی جەلالەدین ڕۆمی و مەولانا خالید ١٧٧٩ - ١٨٢٦. ئینجا خواجە قەندی، مەلا کاکە حەمە سەیف الله ١٨٨٤ - ١٩٦٤، ڕەشایی ١٨٤٤، میسباح دیوان، ڕەسوڵ حەمزا تۆفی - پیرەمێردی فەیلەسوف - زێوەری کەلە شاعیر، مارف چیارگ، مێژوونووس ساڵح قەفتان، توفیق وەهبی بەگ، ئەحمەدین مەلا، میر جەلادەت بەدرخان، دامار حسێن حوزنی موکریانی ١٨٩٣ - ١٩٤٧ کە مێژوونووسێکی ناوداری کوردە، هەروەها فەرماندە ئیحسان نوری پاشا دەکات، ناوەرۆکی نوسراوەکە وانە کتێبەکە (بریتییە لە کورتە ڕەوتێک لە سەرەتای ژیانییەوە و مێژووی ئاین و باوەڕی کورد ڕەوون دەکاتەوە.. لە پێشەکییەکەیدا لە بۆچوونی (رالف سولکی) کە لە هەڵکەوتنی ئەشکەوتی شانەدەرەوە لە کێشەی براودوست سەروی زێی گەورە نزیکی زێبار و پاکووی خاوەری شارۆچکەی ئاکرێ نزیکی گوندی (زاوی چەمی) سوری بەیەکەری مەردومی نیاندەرتاڵ کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی بەردینی ناوەند.

کەریم شاهیر - چەرمگ، واتە (thewhite) نزیک چەمچەماڵ - قەڵای چەرمگ پێکەی ڕۆمی.

باسی تیرە و هۆز و خێڵەکانی کوردی کۆن لە کۆنی و لززارنز و هۆزی و میتانی و میدیا و ئینجا ئاکو سەردەمی زەردەشت ٥٧ دپ.ز، پاشاکانی لەناو کوردا وەک نیزدی - شەیک دەکات.

ئینجا هەر بەم شێوەیە دێتە سەر میللەتی کورد لە گەلێک جارگەرە وەدین کرێیە، بەسالانی میللەتی کورد - بۆکسەر خاکی هاربەش و مێژووی هاربەش و زمانی هاربەش و زاردوە و ئەنگوستانی هاربەش، هاربەشی دریژخایان دژی داگیرکەران، کە لە چالدێرانەوە بەم خاکە دابەشکراوە و پەرتکراوە - ١٥١٤ - کە بووە بە کوڵتوری هاربەشی نەتەوەیی کە بەم شێوەیە کە ئێستا هەیە.

باسی کۆنسەرڤیزمی و ئیستشان پەرستی و کورداییەتی و دابەشکردنی جوگرافیای زمان و هۆزەکانی و ... [illegible]

[illegible]

ژمارە ٤٤٥/٧/٨/٢٠٠٣

بەسەرکردنەوەی مامۆستا پێشەنگەکانی کوردستان

کەریم زەند



دیمانەی ئەمجارەمان لەگەڵ مامۆستا وپەروەردەکارو نووسەرو گەڕیدەو وجوگرافیا ناس وزمانزان وسیاسەتمەدارو ڕۆڵەیەکی ستەمدیدەی گەلی کوردمانە کەماوەیەکی دوورودرێژ چالاکانەو بوێرانە لە زۆر بواری هەمەجۆردا کاری‌کردووەو، ڕۆڵ وجێ پەنجەی وقەڵەمی بە بڕشتی دیارەو هێشتاش وێڕای ئەوتەمەنە درێژەی بێ نووسین وخوێندنەوە ناتوانێ بژی. بەردەوام لە هەوڵ وتەقەلادانە لە پێناو خزمەتکردنی گەلی کورد وکوردستانی ئازیز.
بۆ چوونە ناو جیهانی مامۆستا کەریم زەند و زیاتر ئاشنابوون بە ژیننامەکەی، ئاسۆی پەروەردەیی بەپێویستی زانی ئەم پەیڤینەی لەگەڵدا بکات.

ئاسۆی پەروەردەیی: مامۆستا کەریم، حەزدەکەین سەرەتا بزانین لە چ ساڵێك ولە چ شوێنێکدا لە دایکبوون؟

کەریم زەند: من ناوم کەریم حەمە ساڵح ئەمیناغای چینگییە لە میرنشینی چنگییانی شارباژێڕ، لەتەك زەند، زەنگەنە، تاڵەبانی، سیامەنسووری لەبەرە بابێکن. لەگەڕەکی مەلکەندی، لەشاری سلێمانی ساڵی ١٩٢٤ هاتوومەتە ناو جیهانەوە.

ئاسۆی پەروەردەیی: باشە بەر لەچوونە قوتابخانە وەك پێشوو باوبوو لای مەلا خوێندووتە؟ دوایی لە چ قوتابخانەیەك؟

کەریم زەند: بەڵێ سێ خوێندنی حوجرەم لای مەلای ئایینی مەلا محمدەد، حاجی مەلا عەبدوڵڵای بلاخی، مەلا ئەبوبەکر خوێندووە. هاوڕێی حوجرەم عەلی وریای شاعیر بوو. وانەی قورئانی پیرۆزو گولستانی سەعدی وژمێرە بە هەرچوار کردارەکەیم تەواوکردووە. ئەوانەش لە خوێندنگەی زانستی کە کارگێڕەکانی کەریم زانست و، سەعید بەگی سلێمان بەگ بوون.

مامۆستاکانی: فایق بێکەس و، ئەبوبەکر هەوری و، عوسمان ساحێبقران و، کامیل سابونچی بوون.

پڕۆژەی خوێندنی زانستی، خوێندنگەی سەرەتایی: هەموو شاری سلێمانی دوو خوێندنگەی تێدابوو: مەکتەبی یەکەم ومەکتەبی دووەم بە ڕێنووسی کۆن، خوێندنگەی دووەم تاکو پۆلی پێنجەمی سەرەتایی تێدابوو، لە خانووی سەعدی مارفدا بەڕاڕاوەی سەردەم پێیدەگوترا مەکتەبی پەرژ. لە خوێندنگەی دووەم وەرگیرام، لە پۆلی دووەم ئەوە لەکاتێکا لە ئاستی پۆلی چوارەمدا بووین، چونکە فارسیمان دەزانی وتارادەیەکیش ئینگلیزی.

کارگێڕانی خوێندنگەکە بەزنجیرە: تۆفیق فیکرەت عەبدوڕەحمان، عەلی ئاگای پەروەردکار، ئەدیبە فەندی کەرکووکی، بوون **مامۆستاکانمان:** حامید فەرەج، مەجید عەلی مەلکەندی کە لەدواییدا بوو بە لیوا، خالید سەعید هاوڕێی نووری سەعید، ئەزهەت فەتاح ئەشخانە کە مامۆستای مێژووو جوگرافیا بوو، هەموویان کۆنە ئەفسەری تورکمانی بوون. هەروەها مامۆستایان: عوسمان حاجی عارف دەباخچی، محەمەد عەلی ئەربیلی. کە پاشان بوو بەکولۆنێل لە سوپای عیراقدا.

ئاسۆی پەروەردەیی: ئەی ئەو قوتابیانەن کە لەگەڵتا دەیانخوێند ئەگەر ناوەکانیانت لەبیر مابێ؟

کەریم زەند: هاوڕێیەکانی خوێندنگە: کەریم فەرەنی برا، هۆمەر گوڵەبی، ئەحمەد سەید حەسەن ڕەشید، مەحمود حەمە عەلی، فەخرەدین سابیر کەرکووکی، حیسامەدین، ئەزهەت، عەبدولوەهاب ئەیزی هتد بوون.



ئاسۆی پەروەردەیی: با بێینە قۆناغی ناوەندی دوای تەواوکردنی قۆناغی سەرەتایی لە چ قوتابخانەیەك خوێندت؟

کەریم زەند: لە سلێمانی تەنیا یەك ناوەندی هەبوو کە (٣) پۆلی بوو، خوێندنیش بەزمانی عەرەبی بوو، هەموو کتێبەکانمان بەعەرەبی بوون، وەك (القواعد، المطالعة، الكيمياء، الفيزياء، الحساب، الهندسة، الجبر، التاريخ الطبيعي) هەروەها مەشقی سەربازی - الفتوة - هەبوو. مامۆستا وکارگێڕ بەرگی سەربازییان لە بەردەکرد، ئێمەش بەرگی فتوە ومەشقی چەکداریان دەکرد.

ئاسۆی پەروەردەیی: ئەو مامۆستایانەی کە قوتابخانەکەیان بەڕێوە دەبرد کێ بوون؟

کەریم زەند: عەبدوللانووری کە مووسلاوی بوو، هەروەها زەکی ئەمین، کەمالەدین داود، ئەبو هانی.

ئاسۆی پەروەردەیی: ئەی مامۆستاکان؟

کەریم زەند: خەیری حەماد فەلەستینی بوو - وەرگێڕبوو، حەسەن فەلاح ئەویش فەلەستینی بوو، هەروەها ئەحمەد ئیبراهیم قازی، بەشیر للووس و، بەدیع فەتحوڵا کە هەردووکیان مەسیحیی مووسلاوی بوون. مامۆستایەکی تریش کە ناوی شەریف قەزوینی نەجەفی بوو.

ئاسۆی پەروەردەیی: دەکرێ ناوی ئەو قوتابییانەی کەلەگەڵتا دەیانخوێند بزانین؟

کەریم زەند: هاوڕێیانی ئەو قۆناغەی زۆر بوون، هەندێکیان پلە وپایەی بەرزیان وەدەسهێنا لەوانە: کەریم قەرەنی برا، حەمە سەعید حاجی برایماغا، دکتۆر محەمەد سالح. حەمدی غەفوورەفەندی، حەمە ئەمین حەمە عەلی بەگ، سەعید شەفیق بەگ ڕەشید پاشا، عومەر سدیق، حاجی جەمال عەوڵا، عەلی میرزا عارف، مەحموود مەجید بەگ، نامیق ڕەشید، مستەفا کەریم بەگی جاف، شەوکەت ئەحمە بەگی جاف، نووری شێخ ڕەشید ئەبابەیلی، عەلی شێخ کەریم ئەبابەیلی، باقی ئەحمەد سابیر، هادی محەمەد خری، قادر عەبدورەزاق، نووری مەجید سەلیم، ئەحمەد سەید عەلی دری، ع.ح.ب(حەمە شێخ حوسێن بەرزنجی)، کەمال عەلی باپیر، ڕەزا سەعید مارف.

ئاسۆی پەروەردەیی: دوای تەواوکردنی قۆناغی ناوەندی لە سلێمانی لە چ خوێندنگەیەك گیرسانەوە؟

کەریم زەند: لە سەردەمی ئێمەدا زۆربەی ئەوانەی کە لە دواناوەندی دەردەچوون، دەچوونە بەغدا بۆ خوێندن، منیش یەکێك بووم لەوانەی کە لە خانەی مامۆستایان لە ئەعزەمیە وەرگیرام، لەوێدا ئەو قوتابییانەی کە لەگەڵ مندا دەیانخوێند چەند ناوێکم لە بیرماوە، لەوانە: مستەفا نەریمان، محەمەد تۆفیق وردی، هادی محەمەد خری، حوسێن لڕەزی (سەلام عادل).

ئاسۆی پەروەردەیی: یەکەم دەرچوونت وبوونت بە مامۆستا کەی بوو، لە کوێ بوو؟

کەریم زەند: سالی ١٩٤٣-١٩٤٤ دوای دەرچوونم لە خانەی مامۆستایان لە خوێندنگەی فەیسەلییەی سلێمانی دامەزرام لەوێ تەنیا ساڵێك دەوامم کرد، لە ڕێگەی ئەزموونێکی دەرەکی بڕوانامەی پۆلی پێنجەمی وێژەییم وەرگرت، ئەوجەلە ئەزموونی بەکەلۆریا پۆلی چوارەم پێنجەمی دەرگرتەوە.

دوای ئەوە چوومە بەغدا لە خانەی باڵای مامۆستایان لە پۆلی ئامادەیی بە ئینگلیزی وەرگیرام.

لە هەمان کاتدا بڕوانامەی دبلۆمی نێو دەوڵەتیی - قاهیرە - م وەرگرتووە.

ئاسۆی پەروەردەیی: دەمانەوێ لێرەدا ئاوڕێك لە بواری ڕامیاریدا بدەینەوە، بەپێی تەمەن و باروودۆخی ژیان هەڵبەت لە سیاسەت دوور نەبووی، وەکو بزانین لە چەند پارتێکی سیاسی کارت کردووە.

کەریم زەند: بەڵێ لە پارتی برایەتی ،هیوا، ئازادی ، پارتی دیموکراتی کوردستان کارم کردووە . لەو پێناوەشدا تووشی گرتن و بەندیخانە و دوورخستنەوە بووم . بۆ نموونە: دوو ساڵ بەندیی قورس بە زنجیرەوە لە زیندانەکانی ئەبو غرێب ،کەرخ، بەندیخانەی مەڵبەندی لە بەغدا ،گرتووخانەی عیوازییە لە بەغدا ،هەروەها (٦)ساڵ دوور خراوەیی و دەستبەسەری لە باشووری عێراق ، لە هۆرو زەلکاوەکانی ناسرییە ،چبایش. من هەر لە ساڵی (١٩٣٨) ەوە تێکەڵی کاری ڕامیاری بووم لە کۆمەڵەی برایەتی و هیوادا ئیمچە نووسیاری کۆنووسەکان بووم کە شێخی ئەمر سەرۆکی شانازی بوو ، شێخ لەتیفی کوڕی و شێخ ئەسعەدی مەحوی بەڕێرس و کارگێڕ ڕاگرو دامەزرێنەری بە ڕاستی کۆمەڵەی برایەتی بوون .

لە کۆمەڵەی هیوادا نزیکی سەرکردایەتی بووم ،کە سەرۆکەکەی مامۆستای نەمر ڕەفیق حیلمی بوو ،هەروەها لە کۆمەڵەی ئازادی و (ژ.ك) و پارتی دیموکراتی کوردستان ڕۆڵم هەبووە .

ئاسۆی پەروەردەیی : بیستوومانە بەڕێزتان چوونەتە مەهاباد لە کۆماری کوردستان مامۆستایەتیتان کردووە ،

کەریم زەند: بەڵێ لە شاری بۆکان ساڵی ١٩٤٦ مامۆستا بووم، هەروەها لە شاری مەهاباد وانەم وتۆتەوە و لە پێشەوا قازی مەحەمەد نزیك بووم و بەشداریی جەنگی پارتیزانیم کردووە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، هەروەها ڕۆیشتم بۆ ڕووسیا و دوایی گەڕانەوەم بۆ وڵات و، مامۆستایەتی دووبارە کارگێڕی ڕاهێنگەی مامۆستایان بووم .

ئاسۆی پەروەردەیی: ئەی لە بواری بەشداریکردنت لە کۆنفرانس و کۆنگرەکاندا ؟

کەریم زەندی: بەشداریم لە ٢٢ کۆنفرانس و کۆنگرە لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتدا کردووە . کارگێڕو وتاربێژ بووم لە خولی خوێندنی کوردی لە سلێمانی و خانەقین و ئامێدی دوای ساڵانی ١٩٧٠.

ئاسۆی پەروەردەیی : هەر چەندە کە بەڕێزتان مامۆستان و لە بواری پەروەردەو فێربووندا خزمەتێکی باشتان کردووە ،تەنانەت (١٥) ساڵ خزمەتتان لە بواری بنبڕکردن و نەهێشتنی نەخوێندەواریدا کردووە هەروەها بریکاری کارگێڕ و سەرپەرشتیار بوون و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانی بووی بێ مووچە و پاداشت بۆ ماوەی (١٥) ساڵ کارتان کردووە و وەك خۆت دەفەرموویت (٣) جار زەرییان پێبەخشیوی ڕەتتکردۆتەوە و، بۆ ماوەی (١٥) ساڵ پشووی مۆڵەتی هاتوچۆ هەموو جۆرەکانی لیستی هاتوچوون نەبوونە، بەڵام ئێوە زیاتر وەك نووسەر ناسراون ،حەز دەکەین لەم ڕووەوە پوختەیەك لەو چالاکییانەت بزانین ؟

کەریم زەند: من جگە لە کارکردنم لە بواری پەروەردە و فێرکردندا کە سکرتێر و جێگری سەندیکای مامۆستایان بووم، سکرتێر و جێگر و سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد بووم لە سلێمانی دوو نۆرە . هەروەها ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (ڕۆژی نوێ) ساڵی ١٩٥٨ ،(نووسەری کوردم دوای هەفتاکان .هەروەها ٣٠-٤٠ دانان و وەرگێڕان و دەستنووسم هەیە (١٥)ەیان چاپکراون ،(٣٥٠) زنجیرە وتاری بڵاوکراوەم هەیە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا .



لە شاکارەکانم وەرگێڕانی ئینجیلەکان لە فەرەنسییەوە بە هاوکاریی د.یوسف پەری ،هەروەها جوگرافیای کوردستان بە مەیدانی بۆ ماوەی (١٣) ساڵ. وەرگێڕانی دۆکیومەنت . نووسراو لە سەر وەرگێران
Language And Trans Lation Technic

ئاسۆی پەروەردەیی: دوا وێستگە کە لێیدەوەستین ئاوڕدانەوەیەکە لە پێگەیاندنی ئەو قوتابییانەی کە شانازییان پێوە دەکەیت ئەگەر ناوەکانت لەبیر مابێ.

کەریم زەند: ناوی خوێندکارە پێگەیشتووەکان بەشانازییەوە، ئەمانەن : پرۆفیسۆر د.عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ ئەحمەد زرنگ د.کاوس قەفتان- د. جەلال مەجید بەگ- د. شەفیق قەزاز د. بەهجەت عەزیز قەزاز شەماڵ سائیب ڕەفیق قەزاز لەتیف عەبدللا و عەبدللا ئەژدەر ،د. خالید ، د.فەریدون قەفتان ، کامیل قەفتان ، لیوا سەلاح ئەحمەد فەهمی ، سالار عەزیز ، شێخ فاتح قەرەداغی، مامۆستا بەکر ، جەزا سالح ماجیستێر لە عەرەبیدا، مامۆستا محەمەد خواستیاری دکتۆرا ، تالیب شێخ عەلی ، حەسەن عەبدللا ، کەمال مەجید بەگ ، عەبدللامەجید بەگ ، ئەژی گۆران، مامۆستا کەریم باراوی ، ئەنوەر فەخری واسیف ،جەمال سالح ئاغا ، بەکر عەباسی ئەندازیار ، د. فوئاد مەجید بەگ ، عومەر خامە سەردار، حەمە ئاغا عەبدرەحمان ئاغا- حەسەن حوسێن بەگی جاف.

دوا بەدوای ئەم دیدارە مامۆستا کەریم زەند بە نامەیەکی تایبەتی چەند زانیارییەکی تری خستە سەر خەرمانی کورتە ژیننامەکەی و دەڵێ:

خوێندنی ئەکادیمی مێژووی ڕامیاری و وتار و باسی لە زانکۆکانی ناوەوە و دەرەوەی کوردستان لە ئاکاری مێژوو و،سیاسەت و کەلتوور و فەرهەنگی نەتەوەیی کوردیدا پێشکەشکردووە . لە زانکۆی ماینز یۆحەننا گوتەنبەرگ ئەڵمانیا پایەی پرۆفیسۆری پێبەخشراوە بە ناوی ڕاکر پرۆفیسۆر بەرز و یارمەتدیدەری د. مەهدی ئەلبەیاتی ، لە حەفتاکاندا.

ساڵی ١٩٨٠ لە سەر داخوازیی خۆی خانەنشین کراوە کە بە پێی تەمەن و یاسای ئێستا (٣) ساڵی مابوو.

دیمانە:کەمال غەمبار

Thursday 6 of August 1992

Dear all family !

Now, back in Sweden since Monday, I will out of my heart thank you ever so much for your kind hospitality to me during my visit.
I will never forget your kindness and hope to be able to see you again in the future.
I feel greatly honoured to have been able to meet with you all and to have been able to meet as many representatives from your people as I did.
I was sick those days till today, but recovering I will do my best to fullfill the tasks of helping your country with what I promised during my visit.

The trip by car through all the different countries, unknown to me mostly, was a hard business. I was glad to be able to act as a co-driver.
The nice little grandchildren of yours behaved bravely, beeing the most kind children I have ever met with.
I tried to play with them, making the trip enjoyable for them.
A call from Aso yesterday told me that they are all well back in Karlstad again. Karlstad is about 600 kilometres from where I live, so when leaving me here they had to go on driving for hours.
Your son entered my life in May this year at a conference by the Swedish gouvermement about taking care of refugees in Sweden. Beeing extremly interested in the question of the kurdish people and the Middle East area, I started to talk to him about it. At that time I had closed my heart to any relation with a man and decided to stay alone for the future happy with the odd family I made myself by taking an iranian refugee with wife as my son and daughter. What will happen to me and Aso is written in the stars. I have sincerely asked him to think of the matter of his family, to stay with them whatever happened with us. His children needs a caring

and loving father.

Whatever his decigsion will be, I will stay his friend and help him to find his way in life.

I owe you all very much taking me as a daughter to your family without asking questions or making moral remarks about my behavior. The days with you all will linger in my mind as a visit to the garden of Eden full of love and happiness in the middle of the sufferings of many of your people.

If, in the future, Aso and I will join I think we can make a great couple as we are children of the same mind and thinking.

Soon my vaccation is over. I will start my work as a teacher again and I will also start working again at the hospital for elderly people where I do extra work in order to save money for giving away.

I will read and learn more about the kurdish history in order to prepare myself better for the next visit.

Perhaps I can make myself ready to write down the story of Karim Zand. I am prowd of having been able to meet one of the men of the Republic of Mahabad.

I want you, mäster Karim, to take your family into your arms and kiss them from me. Especially your dear wife.

I love you all and hope to have news from you some way or other. Perhaps little dear Sgu could train his knowledge in English by writing to me.

Your daughter in Sweden,

Kristina

Address: Kristina Warming, Betgatan 1, 241 38 Eslöv.
Sweden

نامەیەکی شێخ مەحمود بۆ کونسوڵی ڕوسی

لە ئەرشیفی گەڕیدەو جوگرافناس / مامۆستا کەریم زەند



شێخ مەحمودی حەفید

بەڵگەنامەی مێژویی Document

پەیام ـ نامەی سەرۆك و باوکی کورد ـ شێخ مەحمودی حەفید کوڕی شێخ سەعیدی شێخ محمدی کاك ئەحمەدی شێخی مسارفی نۆدێ ی بەرزنجی کورد بۆ کونسوڵی ڕوسیای سۆڤیەتی (1881 - 1956) 30 کانونی 2ـ 1923 لە شاری تەورێزی ئێران

بۆ هێژاو مەزن کۆنسوڵی دەوڵەتی روسیای سەرکەوتووی شکۆدار لە ئازەربایجان لە تەك دوو پاتکردنەوەی ڕێزمدا ، سلاّوو درودتان ئاراستە دەکەم .

لە ساڵی 917 لەکاتێکدا لەسەرا پای جیهاندا دەنگی سەربەستی و راستی و ڕزگاری گەلان بوو لە چنگی دڕندەو تاوانکارە ناسراوەکان . هەموو گەلان و ئەتەوە ژێر دەستەکانی رووی زەمین پێشوازیان لیّ کرد ، جەنگاو خەبات و قوربانی دا لە پێناوی ئازادیدا ، بە ئومێدی ئیازپاکی و ئابرومەندی گەلی روسی بوو بە مەبەستی بەدیهێنانی ئاوات و خواستەکانی .

لە بارەی مافی ئێمەوە ئاشکرایە لە زوربەی ڕۆژنامەکاندا کە بەریتانیای داگیر کەر بە تۆپ و چەکی کوشندەی ئاگراوی و بۆمبای سوتێنەر بیّ جیاوازی ئافرەت و منداڵ و پیاو بیّ بەزەیی و بە توندی دەست دەوەشێنیّ و سەرکوتمان دەکات لە 1919 یەر لە 4 ساڵ کە گەلی کوردی چەوساوەو ژێر دەست بۆ بەدیهێنانێکی خواست و ویستی ڕەواو یاسایی خۆی لە سلێمانی پایتەختدا ، بەلاّم چەرخی چەپگەرە لە ئاستی گەلی کورد و بارودۆخی ناوخۆیی دەوڵەتی ڕوسیای شکۆمەند ، بەجۆرێك بووە کە نەیتوانیوە پەیکاری و بەدواداچونی بارودۆخی گەلانی ژێر دەستەو بیانی دەرەوەی روسیا بزانیّ و ئاگادار بیّ . بەلاّم گەلی روسی بەهێز و توانی بەهۆکاری ئیازپاکی و ڕاستی مەبەستیەوە لەسایەی خوداوەندەوە ، تواناو هێز و مەزنی خۆی دەربخات گەلی کوردی چەوساوە بەشانازی یەوە هاوارتان بۆ دەهێنیّ پەنا دەباتە بەر ئەم کاروبارانەی خوارەوە .

ـ گەلی کوردستانی باشور هەر هەموو ئارەزومەندی دۆستایەتی و کۆمەکی دەوڵەتی روسیای شکۆمەندن ئامادەیی لێبوردن قوربانین لە پێناوی ئەم برایەتی و دۆستایەتی یەدا بەماڵ و بەگیان بە پێی پێداویستی ئەو دۆستایەتیە ئاشکراو ڕوونە لە لایەنی ئێمەوە وەکو مەرجێکی بنەڕەتی تکامان وایە ، کەدان پێداانانی ڕێسایی و ڕەسمی و یاسایی بە مافی ڕەواماندا و ئاشکراکردنی پەیوەندیمان بەڕای گشتی جیهانی بۆ بەهێزکردن و پتەوبوونی تواناو دەستەلاتمان بە شێوەی گشتی و کزکردن و لاوازی توانای دوژمن .

پێویستمان بە هەندیّ تۆپ و شەستیر و فرۆکەو چەك و چۆڵ و تەقەمەنی و گوللەو ئازوخەو زەخیرە هەیە ، نمایندەمان بەزاری (دەمی) ئاگاداریتان دەکات کەفەرماندەو قومانداانی سوارە ، سەرهەنگ ڕەشید ئەفەندی و سکرتێری تایبەتی عارف ئەفەندی یە .

لەدواجاردا بە هیوای بەدیهێنانی مافی ئەتەوەیی و یاسایی گەلی کوردین کە دەستی برایەتی و دۆستایەتی بۆ درێژکردوون بە مەبەستی یەکگرتن کەبەدڵ و گیان خوازیارە .

ئاشکرایە ئاگر بەست دژی هەر لایەك شۆڕشەکەمان لە باشوری کوردستاندا ئاراستەیە پابەندی بەهاوسێ کانی یەوە ئەگەر چی تواناانیە بە نوسین بۆتان ئاشکراکەین بە دوورودرێژی ، هاوکات ئەبونی باوەڕی ئێوا نمان وەکو پاڵپشت پەیوەندی دیپلۆماسیمان تاوەکو ئەنوکە ، نییە بەتەنها ئەوە هەیە کە گەلی کورد بە گشتی گەلی ڕووسی بەڕزگارکەری گەلانی خاوەر (خۆرهەلاّت) دەزانن . جا لەبەر ئەمە ، ئامادەیە کە چارەنوسی خۆی بەچارەنوسی ئێوەو ئایندەتان ببەستن . ئەوەی کە مێشکی ئێمەی پێوە خەریکەو خچلە کێشەی پشتگیریمانە . گەلی کورد ، بەهێوری و ئارامی یەوە چاوەڕوانی پەیوەندی بەستنە لە ئێوا نمان دا ئەو پەیوەندیی یەی کە هاوکاری و هاریکاری و تەواوکاری دێنێتە ئاراوە ، کە خەونی منە ئەو ڕزگاری یە شایاتی باسە بەدیهێنانی ئەم ڕووداوە ئاودارە ، مێژوو بە تیپی زێڕین کۆشش و خەباتمان هەر هەموو دەنوسێت .

کرێف ١١ــــ٧

کەریم زەند:

لەژیانی وەزیفیمدا یەك رۆژ مۆڵەتم وەرنەگرتووە

ئا: گەلاوێژینوێ



پ: مامۆستا کەریم زەند کێیە؟

و: کەریم زەند حەمە ساڵح ئاغای حاجی سەلیم ئەمین ئاغا چینگی زەنگەنە لە میرنشینی چنگیان لەتەك زەند، زەنگەنە، سیامەنسوری، تاڵەبانی، بەرەی بابێکن، لە گەڕەکی مەلکەندی لە شاری سلێمانی ١٩٢٥ هاتۆتە جیهانەوە. دوای خوێندنی ئایینی، خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی، لە سلێمانی تەواو کردوە. خانەی مامۆستایانی لە بەغدا تەواو کردوە، ساڵێکی خوێندن، مامۆستا بووە لە فێرگەی فەیسەلیە. دوای ئەوە چۆتەوە بۆ خوێندنی بالا لە بەغدا، لە خانەی بەرزی مامۆستایان بەزمانی ئینگلیزی، دوای ئەوە بەرەو ئازەربایجان بۆ بەشداری بوون لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد، وێڕای بەشداربوونی لە شۆڕشی حەفید شا مەحمودی نەمرو پێشەوا قازی موحەمەدی نەمر، دوای

من یەکەم کەس بووم بەکوردی لەسەر حەقەم نووسیوە

شکستی، لە جەنگی پارتیزانیدا بەرەو رووسیا چووە. دوای گەڕانەوەی بۆ نیشتمان، بەنەداری دوو ساڵ بە قورسی بەند کراوە بەزنجیر لە زیندانی ئەبو غرێب و، شەش ساڵ دەسبەسەری لە کەناری باشووری زۆنگاوەکانی ناسریە، بەمووچەیەکی کەم و، سیانزە ساڵ دەربەدەری و رەهەندەیی بینیوە.

پ: کاتی خۆی لە چ قوتابخانەیەکی سەرەتاییدا خوێندووتە؟

و: لە ساڵی ١٩٣٠- ١٩٣١ چوومە بەر خوێندنی قوتابخانە، دوای ئەوەی لە حوجرەی مزگەوتدا دەرسی ئاییم خوێند لەسەر دەستی مامۆستا مەلا عەبدولاو مامۆستا مەلا بەکرو کەسانی تر. من کە چوومە خوێندنگای سەرەتاییەوە بەتەواوی خوێندن و نووسینم زانیوە بەکوردی و بەعەرەبی جگە لە زمانی فارسی، ئەوسا لە سلێمانی دوو مەکتەب هەبوون مەکتەبی یەکەم و مەکتەبی دووەم، مەکتەبی یەکەم لەبازاڕی عەسری و مەکتەبی دووەمیش لەخانووی سەعیدی مارفدا بوو، لە مەکتەبی یەکەمدا مامۆستا صالح قەفتان بەڕێوەبەر بوو کە زیاتر کوڕە دەوڵەمەندەکان تیایدا دەیانخوێند، بەڕێوەبەری مەکتەبی دووەمیش مامۆستا توفیق فیکرەت بوو. مامۆستاکانیش بریتی بوون لە بەڕێزان خالد سعید، نەزهەت فەتاح شەش خان، عەلی ئاگاه (عەلی شەوقی سەعید)، مەجید عەلی، حامد فەرەج، نوری سالح ئاغا، قوتابییەکانی هاوڕێم لەو مەکتەبەدا بریتی بوون لە کەریم قەرەنی، ئەحمەد سەعید حەسەن، عومەر عەبدلرەحیم، عومەر حەسەن دەوڵەت، مستەفا کەریم غەفوور و کەسانی تر. لەوێدا تاپۆلی شەش بەزمانی کوردی دەمانخوێند، وا تێدەگەم پێش ئەم مێژووەش لەساڵی ١٩٢٦ قوتابخانە لە سلێمانیدا هەبووە و هەر بەزمانی زکماک خوێندویانە.

پ: ئەو مامۆستایانەی هەرگیز لەبیرت ناچنەوە؟

و: هەموو مامۆستاکانم گەورەمن و لەبیر ناچنەوە، بەڵام مامۆستا نەزهەت فتاح شەش خان، سوودێکی زۆرم لێ دیوە لەرووی جوگرافیا ناسییەوە، ئەو خۆی ئەفسەرێکی گەڕۆک بوو، ژاپۆنی دیبوو.. ئەو وای کرد عیشقی جوگرافیاناسی و گەڕیدەیی بچێتە خوێنمەوە. هەروەها مامۆستا عەلی ئاگاه کە هەمیشە ئامۆژگاری دەکردین کە نەچین بۆ چایخانەو جگەرە نەکێشین.. تائێستاش نەجگەرە دەکێشم و نە چا دەخۆمەوە. لە قوتابخانەی ناوەندیدا لە مامۆستا کەمال الدین داود، ناسراو بە -أبو هانی- عەرەبییەکی باش فێربووم.

پ: خوێندکارە زیرەکەکانی هاوپۆلت کێ بوون؟

و: عومەر کۆڵەبی و کەریم قەرەنی، دوو خوێندکاری زۆر زیرەک بوون و ململانێی یەکتریان دەکرد.

پ: سەرەتای تێکەڵ بوونتان بەسیاسەتەوە؟

و: لەساڵی ١٩٣٧ بووم بەئەندامی کۆمەڵەی برایەتی هەروەکو لە پێشووتردا وتم کە ستوونی ئەم کۆمەڵە لەسەرشانی ئەسعەد مەحوی بووە، ئەم حزبە خۆی لە خانەقای مەحوی دامەزراوە و هەر لەوێش کۆتایی پێ هاتووە و هەڵوەشاوەتەوە.. لەبیرمە ئەو ساڵە وەفدی کۆیە بەسەرۆکایەتی محەمەد حوێز (حمە رەش) و سەمەد محەمەد مەنجەڵ هاتن بۆ سلێمانی، بەیاوەری من چووین بۆ سیتەك بۆ خزمەتی شێخ، حەمە رەش لەڕێگادا ووتی: ئەگەر شێخ قبوڵی نەکرد دەستی ماچ بکەین ئەوا من وەك سەرکردەیەکی هاوچەرخ ئیعترافی پێ دەکەم. منیش ووتم شێخ سەرناسەو نایەڵێ دەستی ماچ بکەین. کە گەیشتینە ئەوێ، خەریکی دەست نوێژگرتن بوو.. کە ئێمەی دی هات بەپیرمانەوەو تەوقەی لەگەڵدا کردین و سەری ماچ کردین.

پ: ئەی وەفدی برایەتی سەردانی کۆیەی نەکرد؟

و: بەڵێ.. وەفدەکەی کۆیە وەفدی کاکە زیاد ئاغا بوو کوڕی حەماغای کۆیە، دوای گەڕانەوەی ئەوان من و مستەفا کریم غەفور چووین بۆ کۆیە بۆ وەڵامدانەوە بەنامەی شێخ و بەمۆری ئەسعەد مەحوی.

پ: ئەندامە دیارو ناسراوەکانی کۆمەڵەی برایەتی کێ بوون؟

و: شێخ لەتیفی حەفید، ئەسعەد مەحوی، شێخ لەتیفی دانساز، ئیسماعیل شاوەیس، صدیق


اللغة الكردية وفن الترجمة

Kurdish Language
And
Translation Technic

BY
Karim Zand

نرخ - الثمن - ٢٥٠ - فلس
Price - 250 - F.

1977

مطبعة كامراني سليمانية ت ٣٢٥٠٨
١١٨ / ٢٠٠٠ / ١ / ٢ / ١٩٧٨

رقم الايداع في الكتبه الوطنيه ببغداد ١٣٨١
لسنة ١٩٧٧
ژمارەی سپاردن بە نوسراوخانەی نیشتمانی
لە بەغداد ١٣٨١ سالی ١٩٧٧


کریم زەند

زمانی کوردی
و
هونەری وەرگێران

اللغة الكردية و فن الترجمة
Kurdish Language
and
Translation Technic

1977 - ١٩٧٧

شاوەیس، مەحمود ئەحمەد، عەلی قەفتان، محەمەد خدری تاپۆ، فوئاد رەشید، ئەحمەد فەخری، شێخ جەلالی حەفید، حەمە سەعید سەلیم جاف، شێخ قادر سەید ئەحمەد، دکتۆر نوری فەتووحی عەلەکە، ئیبراهیم کوردی، محێدین چنارە کە دەستی راستی شێخ بوو، لێپرسراوی شارباژێڕ بوو.. ئەندامە لاوەکانی ئەم کۆمەڵەش وەك لە بیرم بێ بریتی بوون لە مستەفا کەریم غەفور، نوری شاوەیس، حەمە سەعید ئیبراهیم ئاغا، کەریم زەند، سالح ئەحمەد بابان، محەمەد قودسی‌و کەسانی تریش.

پ: بۆ کۆمەڵەی برایەتی هەڵوەشایەوە؟

و: لە مایسی ١٩٤١ هەرای رەشید عالی قەوما، چل رۆژ دەوامی کرد، دوای ئەوە شکستی هێنا، شێخ گەڕایەوەو لە دیلیەتی رزگاری بوو بەڵام حزبەکە هەڵوەشایەوە.

پ: کێ بوون ئەو کەسانەی لەتەك شێخدا گەڕانەوە؟

و: ئەوانەی شێخیان بەسەلامەتی گەیاندەوە سلێمانی شۆڕە سوارانی گەرمیان بوون. کوڕەکانی برایم خان‌و میرزا عەزیز ئاخەیی – جاف، دەروێش حسێنی خانەقینی کە خەڵکی کرماشان بوو. خاڵی برایم نادرییە کە کەسایەتی‌یەکی ناسراو بوو لە کۆماری مەهاباد. هەروەها ئەحە خورشە کە شۆفێری تایبەتی شێخ بوو.

پ: بەکام رێگەدا شێخی نەمر گەڕایەوە سلێمانی؟

و: لە بەغداوە بۆ کفری‌و لەوێوە بۆ قەرەداغ – سلێمانی– سیتەك، ئەوسا سیتەك مۆڵگەی کوردان بوو، مۆڵگەی شۆڕش بوو.

پ: خەڵك بەرەو پیریەوە چوون؟

و: بەڵێ.. لە کەسایەتی‌یە ناسراوەکانیش کە بەپیریەوە چوون، سەعید ئاغای جەعفەران، کوێخا نەجمی سەوسێنان، شێخ سەعیدی تیمار، جگە لە ئەندامانی کۆمەڵەی برایەتی بەسەرۆکایەتی ئەسعەد مەحوی.

پ: دوای گەڕانەوەی شێخ چ بەسەر برایەتی هات؟

و: وەفدێکی برایەتی بەسەرۆکایەتی شێخ جەلالی حەفید چوو بۆ بەغدا بۆ گفتوگۆ. پاشان فشارێکی زۆر لەلایەن حکومەتەوە خرایە سەر شێخ مەحمود، شێخیش بۆ بەرژەوەندی کورد، سیتەکی جێ هێشت‌و لەداری کەلی نیشتەجێ بوو، کۆمەڵەش کۆتایی پێ هات، ئەم مەسەلەیەش لەرێی عەلی کەمالەوە – کە نوێنەری حکومەتی مەرکەزی بوو– جێبەجێ کرا کە کەسایەتیەکی ناوداری کورد بوو. لەبەرامبەر ئەوەشدا حکومەتی ئەوسا هێندێ داوای کوردی بەجێ هێنا لەوانە موتەسەریفی سلێمانی گۆڕی، هێندێ کاربەدەستی کورد هاتنە سەر کار، بانقی کشتوکاڵی کرایەوە، لەگەڵ چەند شتێکی تر.

پ: ئەدی هەڵوێستی شێخ لەتیف؟

و: شێخ لەتیف وەك سەرۆکی کۆمەڵە مایەوە.. لەگەڵ چەند چەکدارێك سەرمان هەلگرت بۆ سەردەشت لەوێ حکومەتێکی مەحەلی دامەزرا، کە تەنیا ئاڵای نەبوو.. ئەمە لە ساڵی ١٩٤٣ دا بوو کە نیوەی ئێران لەژێر رکێفی سۆڤیەتو نیوەکەی دیکەشی لەژێر دەسەڵاتی ئەمەریکادا بوو، ئێران نەمابوو وەك دەوڵەت. ئێمە لەوێ داوامان لە شێخ لەتیف کرد کە پەیوەندی بە نوێنەری سۆڤیەتەوە بکات کە بابلۆف بوو، ئەوە بوو نامەمان بۆ نارد، کەچی لەبری وەڵامی نامەکە خۆیان هاتن بۆ سەردەشت.

پ: کێ سەرۆکایەتی وەفدەکەی سۆڤێتی دەکرد؟

و: جەنراڵ ئەتاکشیۆف سەرۆکایەتی وەفدەکەی دەکرد، کە وەفدێکی سەربازی بوو لە سوپای سوور، لە پردی کەڵوێ پێشوازی لێ کرا. لەماڵی حاجی غەفور ئاغا لەگەڵ شێخ لەتیفو ئەسعەد مەحوی کۆبوونەوە.. هەردوکیان قسەیان بۆ وەفدەکە کرد کە زمانزانیان لەگەڵدا بوو، کۆبوونەوەکە ئەنجامی نەبوو.

پ: دوای ئەو نائومێدییە؟

و: ئەسعەد مەحوی گەڕایەوە سلێمانی، کە ئەمەیان بوو بە (نقطة التحول) بۆ هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵە. ناچار هەمووومان گەڕاینەوە بۆ سلێمانیو کەسێکی خوێندەواری بەدەورەوە نەما. پاشان فشارێکی زۆر خرایە سەر شێخ لەتیف لەلایەن باوکیو کەسو کاریەوە کە نەچێتە فەلەکی سۆڤیەتییەوە ناچار ئەمیش گەڕایەوە سلێمانی.

پ: وا پێدەچێ کۆمەڵەی برایەتی پەیوەندی بەگەرمیانەوە زۆر بووبێ؟

و: بەڵێ.. بەڵێ.. ئەوسا شاری کفری سەرەڕێگای کاروانی بازرگانی بووە لەنێوان بەغداو سلێمانی. واتە بەغدا – کفری– سلێمانی. (کێ ماش) ناوی کفری کۆن بووە هەروەها (صلاحیە)شیان پێ ووتووە، هەر لەو ناوچەیەشدا ابراهیم خانی دەلۆ شۆڕشی بەرپا کردووە کە ئامانجە هەرە سەرەکییەکەی ئازادکردنی شێخ محمود بووە لە ئەسارەت. بەڵام بەداخەوە کە شێخ ئازاد دەبێ، ئیبراهیم خان کۆچی دوایی کردووە، شێخ زۆر بۆی دەگری.

پ: دوای هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی برایەتی، تێکۆشەرانی کورد لەکوێ خڕبوونەوە؟

و: دیارە خەباتگێرانی کورد کۆڵیان نەداو حزبێکی دیکەیان دروست کرد کە ناوی نرا حزبی هیوا. ئەم حزبە لەسەر لاشەی کۆمەڵەی برایەتی دروست بوو.. سەرۆکایەتی ئەم حزبە کەوتە دەست مامۆستای باڵا رەفیق حیلمی.

پ: ئەندامە ناسراوەکانی هیوا؟

و: رەشید باجەلان، موکەڕەم جەمال تاڵەبانی، عەونی یوسف، زەید ئەحمەد عوسمان، فائق هۆشیار، مستەفا خۆشناو، میرحاج، محەمەد قودسی، شێخ ئەحمەدی شاکەلی، داود بەگ، عەتا تاڵەبانی.

پ: یەکەم کۆنفرانسی ئەم حزبە؟

و: یەکەم کۆنفرانس لە کەلار گیرا، بەئامادەبوونی محەمەد سەعید بەگ، داود بەگ، حەمید ئاغا زەنگەنە، مستەفا بەگ، کەریم بەگ جاف، مستەفا نەریمان، کەریم زەند، مستەفا خۆشناو، میرحاج. مامۆستای باڵا رەفیق حیلمی لەو کۆنفرانسەدا فەرمووی: ئینگلیز هیچمان بۆ ناکات باوەکو تەکتیك رووبکەینە سۆڤیەت.

پ: بۆ کەلاریان هەڵبژارد؟

و: چونکە ئەندامە هەرە زۆرەکانی هیوا لەکەلار بوون.

پ: کەی ئەو هیوایە رووی لەکزی کرد؟

و: لەساڵی (١٩٤٥) حزب رووی لە هەڵوەرین بوو، ئەحزابی تەقەدومی دروست بوو، لە سەرووی هەموویانەوە کۆمەڵەی ئازادی، یەکێتی تێکۆشان (وحدة النضال) کە پەیوەندییان بەحزبی شیوعی عێراقییەوە هەبوو. ئەندامە ناسراوەکانی یەکێتی تێکۆشان ئەمانە بوون: سالح ئەحمەد بابان، سعاد مراد بەگ، مستەفا کەریم غەفور، غەفور میرزا کەریم، کەریم زەند.

پ: دەربارەی کۆماری کوردستان لەمەهاباد.. دەتانەوێ چ بیرەوەرییەك بگێڕنەوە.

و: بیرەوەری زۆرن.. لە کۆتایی ١٩٤٦ وەفدێکی ئەمریکی لەسەر ئاستی بەرزکە کادیری سەربازییان لەگەڵدا بوو، کە بەڕواڵەت بۆ کاری فەرهەنگی

یەکەم بابەتم لە ژمارە (٤٣)ی گۆڤاری (کەلاوێژ)دا بلاوکردەوە

هاتبوون، سەردانی مەهابادیان کرد کە لە بنەڕەتدا بۆ کاری سەربازی هاتبوون و بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەمەڕ کۆمارەکە.. چووم بۆ خزمەت پێشەوا، سڵاوێکی سەربازیم بۆ کرد. داوام کرد ببم بەوەرگێڕ –بەزمانی ئینگلیزی–، لەوەڵامدا فەرمووی بادەستوور وەربگرم. کەسێکی وانەبوو زمان بزانێ.. وەفدەکە کەوتە گەڕان. سەرێکی کارەباو چاپخانەیان دا، بەشەقامەکاندا سووڕانەوە، بەڵام نە لەسەر ئاستی کۆماری و نە لەسەر ئاستی جەماوەری، پێشوازی گەرمیان لێ نەکرا. پاشان گەڕانەوە. لە ئەنجامی ئەم ڕووداوەدا کە بەجەلالی ئەمین بەگ گەیشتم باس و پرسی لێ کردم دەربارەی وەفدەکەو ناکامەکەی. من ووتم: ئەم کۆمارەی ئێمە یەك مانگی دیکە دەوام ناکات. چونکە بۆ هەموو شوێنێك دەڕۆیشتی وێنەی ئاودامانی ستالین و چەکوش و داس هەبوو، کە بووە هۆی ئەوەی ئەمریکا بیکا بەبیانوو بۆ ڕووخانی کۆمارە ساواکە. دەیانگوت کۆماری مەهاباد مۆسکۆی دووەمە کە ئەمە خۆی لە خۆیدا مەترسییەکی زۆری دروست کرد بۆ سیاسەتی دەوڵی و بەرژەوەندی ئەمریکی و ئینگلیزی لەناوچەکە بەتایبەتی بەرژەوەندی نەوت کە داگیرکەری گەلانە.

پ: ئەو دەمەی کە بەڕێزتان لە مەهاباد بوون وا تێدەگەم شتێکتان لەسەر (حەقە) نوسی؟

و: ڕۆژگاری کۆماری کوردستان لە مەهابادو بوونی شێخ حەمینی مڵحە لەوێدا کە کەسی دووەمی ناو ڕێبازی حەقە بوو، کە ئەو دەمە خۆی و هەژدە نەفەر هاتبوون بۆ کۆماری مەهاباد، من ئاشنایەتی کۆنم لەگەڵ مام ڕەزادا هەبوو کە ڕابەری حەقە بوو ئەو دەمانەی لە هەڵەبجە دەس بەسەر بوو. پێشەوا پێی زانی کە من ئەو پەیوەندییەم بە مام ڕەزاوە هەیە، بۆیە داوای لێ کردم کە ڕاپۆرتێك دەربارەی حەقە بنووسم منیش لەسەر فرمانی پێشەوا پەیوەندیم بەمڵحەوە کردو دوای ڕازی بوونی مام ڕەزاو بەپێی زانیاری هێندێ سەرچاوە ڕاپۆرتێکی تێرو تەسەلم پێشکەش بەخودی پێشەوا کرد. دوای گەڕانەوەم بۆ کوردستانی باشوور دووبارە شتێکم دەربارەی حەقە نووسی و لە گۆڤاری کاروانیشدا دەربارەی ڕێبازی حەقە نووسیومە. من یەکەم کەس بووم بەکوردی لەسەر حەقەم نووسیوە.

پ: لەمەهابادەوە بۆ زوێنگاوەکانی ناسریە؟

و: شەش ساڵ لە ناسریە لەزۆنگاوەکانی ئەوێ دەست بەسەر بووم. کەس نەیدەتوانی یارمەتی گەڕانەوەم بدات بۆ کوردستان. بەڵام کە بایزاغا دزەیی بوو بە متصرفی ناصریە نامەیەکم بۆ نارد، زۆر هەوڵی بۆدام بەڵام بێسوود بوو. چونکە بڕیاری دوورخستنەوەم کاری خودی سەرەك وەزیران بوو. ئەوسا عبدالسلام عارف سەرەك کۆمار بوو. بەڵام دوای ئەوەی عبدالرحمن بەزاز بوو بەسەرەکی وەزیران بەعەرەبی نامەیەکم ئاراستە کرد نووسیبووم لەبرایەکی کوردەوە بۆ برایەکی عەرەب.. نووسیبووم: تا دوێنێ داوای حمایەت لەگەلی عێراق دەکرد، من ئێستاکە داوای حمایە لەتۆ دەکەم، لەبەر ئەوە دادی خەڵك بپرسە لۆکە لەگوێی ئاخنراوت دەرێنە چونکە ئەگەر دادم نەپرسی (سوف یستجیب عامل الزمن)، برادەران گوتیان مەینووسە خەتەرە، کەچی هەر نووسیم.. دواجار ناجی طالب ڕزگاری کردین.

پ: دەڵێن: لە وەزیفەدا زۆر مولتەزیم بوویت؟

و: من پانزە ساڵ سەرپەرشتیاری نەهێشتنی نەخوێندەواری بووم. سەفەرێکی زۆرم کردووە بۆ کارەکانم بەڵام لیستی سەفەرم نەبووە – قائمة السفر– لە ژیانی وەزیفیمدا یەك ڕۆژ مۆڵەتم وەرنەگرتووە. نەمۆڵەتی نەخۆشی نەئاسایی نەمۆڵەتی ساڵانە. کوڕم مردووە نەچووم بۆ سەرقەبران، کارو ئیشی خۆم جێ نەهێشتووە. سی (٣٠) نەوەم پێ گەیاندووە بەگەنج و پیرەوە. لەهەموو تەمەنمدا هیچ خەڵاتێکم لەکەس وەرنەگرتووە، زەویم وەرنەگرتووە مخصصاتم وەرنەگرتووە. خۆم بەمووچە شڕەکەی خۆم ژیاوم.

پ: ئەم خانووە کە هەنووکە لەناویدا دانیشتووین، لای بەڕێزتان چ مانایەکی هەیە؟

و: ئەم خانووە، نیشتمانێکی بچووکە.. یان نیشتمانە بچووکەکەمە، لەساڵی ١٧٨١ز دروست کراوە، لە شاربازێڕەوە باپیرانمان هاتوون بۆ ئێرە. باپیرە گەورەمان حەوت حەجی کردووە. باپیرم ساڵح ئاغا لێرە ژیاوە، هەروەها حەمە ئاغای باوکم. ئەم

تەرجەمەکردنی ئینجیل
خزمەتکردنی زمانی کوردییە

خانووە یادگارێکی دێرینە لەگەڵ بیناکردنی سلێمانیدا دروست کراوە. زۆر کەسایەتی ناوداری کورد هاتوچۆی ئەم ماڵەیان کردووە لەوانە شێخی ئەمرو شێخ لەتیفی کوڕی و مستەفا بارزانی و.. هێمنی شاعیر بۆ ماوەی شەش مانگ لەم خانووەدا ژیاوە. شەهید قاسملو سەردانی ماڵی ئێمەی کردووە. قاسملو و شەرەف کەندی هەردووکیان لەکۆماری مەهابادا قوتابی خۆم بوون. ئافرەتانی کوردستان لە ساڵی ١٩٥٩ لەم ماڵەدا کۆدەبوونەوە، لەوانە بەهیە مەعروف، درەخشانی حەفید، ئەنجوم زوهدی، (لەتیفە ئیبراهیم) نازەنین کچی حەمەی ئەورەحمان ئاغاو کۆمەڵێ ئافرەتی تر. لەبیرمە شەوێك گڕ بەربووە نوێنەکەی هێمن لەئاکامی جگەرەکێشان، کەخۆی لەناویدا خەوی لێ کەوتبوو.. باش بوو خێزانەکەم خەبەری کردەوەو لەسووتان رزگاری بوو. ئەم خانووە یادکارێکی کۆنی دێرینە.. کەلەپوورە.. دەبێ لەم خانووەدا تەرمەکەم ببەن بۆ گۆڕستان.. من ئەم ئەمانەتە پیرۆزە دەپارێزم و دەیدەمە دەست ئەوە.

پ: مامۆستا بەرێزتان یەکەم نووسینتان لە چ ساڵێکدا بڵاوبۆتەوە؟


و: یەکەم بابەت کە بڵاوم کردەوە کورتە چیرۆکێکی مەکسیم گۆرکی بوو بەناونیشانی -تاڵی ژیان- لە عەرەبییەوە کردبووم بەکوردی و لە ژمارە (١٢)ی گۆڤاری گەلاوێژدا لە ساڵی (١٩٤٣)دا بڵاوم کردەوە.

لە ساڵی ١٩٤٤یشدا لە ژمارە (٥)ی گۆڤاری گەلاوێژدا نووسینێکی نووسەری رووسی -سفرونۆڤا- م بەناونیشانی (هێزی سامدار) بڵاوکردەوەو ئەم نووسینەشم هەر لە عەرەبییەوە کردبوو بەکوردی و ئیتر لەوساوە بەردەوام بابەتی هەمەجۆری نووسین لە رۆژنامەو گۆڤارە کوردی و عەرەبییەکاندا بڵاودەکەمەوە.

پ: چ هۆیەك هانی دای کتێبی (مێژووی نەژادو پەیوەستەگی کورد) لە فارسییەوە بکەی بەکوردی؟

و: ئەم کتێبەم لەگەڵ شاعیری میللی ناسراو خوالێخۆشبوو قانعدا کردووە بەکوردی.. لەو ماوەیەدا لە قوتابخانەی پیرەمەگرون لە سلێمانی کارگێڕبووم.. قانیع هات بۆلام و داوای ئەلف و بێیەکی کوردی لێ کردم بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی و بۆم پەیدا کردو خستییە گیرفانە قووڵەکەیەوەو رۆی.. بۆ دووەم جار کە هاتەوە بۆلام دەستی بەگیرفانی کەواکەیدا کردو کتێبەکەی رەشید یاسەمی لێ دەرهێناو وتی باپێکەوە ئەم کتێبە بکەین بەکوردی.. من پیرم و تۆ لاوی بایادگارێکمان پێکەوە هەبێ.. منیش قسەکەیم پەسەند کردو کەوتینە وەرگێڕانی کتێبەکە.. بەلام هەر یەکەم رۆژ هەستم کرد لەبەر پیری خوێندنەوەی کتێبەکە ماندووی دەکات لەبەر ئەوە کتێبەکەم دا بەسێ مامۆستای خەتخۆش کە ئەم مامۆستا بەرێزانە بوون (مامۆستا عیزەت رەشید.. مامۆستا کەمال قەرەداغی.. مامۆستا ئەحمەد قەرەداغی) کە فارسی زان بوون و سێ روونووسیان لە کتێبەکە نووسییەوەو ئیتر بەو جۆرە ئیشەکەمان تارادەیەك ئاسان کردو هەریەکەو لەسەر دەسنووسێکی کتێبەکە کارمان دەکردو لە بارەی وەرگێڕانەکەوە پرس و رامان بەیەکدی دەکردو چاومان بەبەشە وەرگێڕدراوەکاندا دەخشاندەوەو بەم جۆرە لەماوەی مانگێکدا بەکۆششی هەردووکمان کتێبەکەی رەشید یاسەمیمان لە فارسییەوە کرد بەکوردی و ئەنجا کردمان بەدوو دەستووس و هەریەکەو دەسنووسی خۆمان خستە گیرفانمانەوەو قانیع ئەملاو ئەولای ماچ کردم و وتی: کەریم ئیتر ناتبینمەوە حەز دەکەم ئاگاداری خۆت بی..

قانیع خۆی و دەسنووسی کتێبەکە لە گوندی





کەریم زەند — بەڕێز مامۆستا شاکیر فەتاح ئەحمەد
-1974-
پیرەت - رۆشە - کۆنگرەی زمانناسان

(لەنگەدێ) لەسالی (١٩٦٥)دا بەخاکی پیرۆزی نیشتمان سپێردراو منیش لەو کاتەدا دەسبەسەر دوورە زێدو ئاو و خاکی خۆم بووم‌و ڕۆژانی ڕەش تەنگی پێ هەڵچنیبووم..

کە وردە وردە بریسک‌و هوڕی ڕۆژانی خۆش دەرکەوتەوە منیش گەڕامەوە بۆ خاکی خۆم‌و دەستنووسی کتێبەکەم لەژێر گڵ دەرهێناو دوای ئەوسا بەئاگاداری نەوەکانی قانیع (کاك وریاو کاك بورهان) لەسەر ئەرکی خۆم لە چاپخانەی کامەرانی لە سلێمانی چاپم کردو هەروەك وەفایەکیش بۆ قانیع‌و بنەماڵەکەی لەسەر بەرگی کتێبەکە نووسیومە (لەچاپدانەوەی بەدەست نەوەی قانیعە).

پ: مامۆستا بەڕێزت ئینجیلت کردووە بەکوردی.. ئایا ئەو کارەت بەخوایشتی خۆت کرد یارێکخراوێك داوای لێ کردی؟

و: کە لە سلێمانی دوورخرابوومەوەو لەکەناری باشووری ڕۆنگاوەکانی خوارووی میزۆپۆتامیا دەسبەسەر بووم هیچ کتێبێك دەست نەدەکەوت کە بیخوێنمەوەو ڕۆژانی گەرم‌و شەوانی پڕ لە مێشوولەی هاوین‌و هەروەها شەوانی دوورو درێژی ساردی زستانی پێ لەبیرخۆم بەرمەوە، بەڕێکەوت چاوم بەکتێبی -العهد الجدید- کەوت‌و دەستم کرد بەخوێندنەوەی‌و ئیتر کەڵکەڵەی ئەوە کەوتە سەرم لە عەرەبی‌یەکەیەوە بیکەم بەکوردی‌و لەماوەی دوو ساڵدا وەرگێڕانەکەیم تەواو کرد.. شایانی گوتنە لە ساڵی ١٩٦١ەوە تاوەکو ساڵی ١٩٦٧ لە باشووری میزۆپۆتامیا دوورخراوەو دەسبەسەر بووم‌و دەبوایە هەموو ڕۆژێ سێ جار لە مەرکەزی ناوچەکە (ئیسپات وجود) بکەم‌و ئیمزای ئامادەبوونم بکەم.. لە ساڵی ١٩٦٧دا بڕیاری دوورخستنەوەو دەسبەسەریم هەڵوەشایەوەو وەکو مامۆستایەك گەڕامەوە سەرکاروباری مامۆستاییم.

کە لە سلێمانی جێگیر بوومەوە دیدەنی بەڕێز قەشە (یوسف سلێمان پەری)م کرد کە خەڵکی -ئەرمووت- بوو لە کۆیە..و پێم گوت ئینجیلەکانم کردووە بەکوردی.. وتی کارێکی چاکت کردووە بیهێنە باسەیری وەرگێڕانەکەت بکەم.. کە دەقی وەرگێڕانەکەمی خوێندەوە وتی باشتر وایە لە دەقە فەرەنسی‌یەکەیەوە بیکەین بەکوردی.. ئیتر بەهەردووکمان خەریکی بووین‌و کارەکە دوو ساڵی خایاندو لەو کەین‌و بەینەدا چاویلکەکەم‌و پاندانێك‌و پانتۆڵێکمی تیاچوو.

میـــللەتی ڪـــورد

MILLETY KURD

کــەریم زەنــد

١٩٧٠

چاپخانەی کامەران ــ سلیمانی ــ ت : ٦٠٨

بە ڕەزامەندی [وزارة الثقافة والاعلام] لە چاپ دراوە

Kurdish Nation

by

Karem Zand

1970

Price - nirxy 75 FiLse

نرخی (٧٥) فلسە

دوای پوختــــەکردنی وەرگێڕانەکــــە ویســــتمان لەبەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کــوردی هــەندێ پارمــەتی بۆ چاپکردنی وەرگرین. بەداخــەوە دەقــی ئینجیلــە کوردییەکە کەوتە دەست خــەبیرێکی پرۆتستانتیو ئەو پەسەندی نەکرد چونکە لەمەزەبی پرۆتستانتیدا شیکردنەوەو راڤەکردنی ئینجیلی پیرۆز قەدەغەیە.

کە لە پارمەتی دانمان نائومێد بووین مـن کەوتمە هـەوڵی ئـەوەی لـە حسابی خۆمـان چاپی بکـەین.. ئەگەرچی حەزم دەکرد لە چاپخانەی کامەرانی چاپی بکەم بـەڵام لەسـەر خواستی قەشـەی بـەڕێز یوسف سلێمان پەری بردمان بۆ چاپخانەی راپەڕینو ئەو لـە گیرفـانی خـۆی پێشـەکییەکی بەچاپخانەکـە دا ئیـتر تۆمـەتی کـاژێکێتی درایـە پـاڵو راونـراو دوایـی خـۆم ناچـار بـووم شـەش سـەد حەوسـەد دینـاری دی بەمانگانە لەمووچەکەم بـدەم بەخاوەنی چاپخانەکـە بۆ چاپکردنی ئینجیلەکەو بەو جۆرە بەسەرپەرشتی بەڕێز لەتیف پۆڵس کە مامۆستایەکی مەسیحی بوو بەدووسـاڵ —١٥٠٠— هـەزارو پێنجسـەد دانـە لـە ئینجیلەکـە چـاپ کـراو رۆژگارەکـەی زۆر رەشو ناخۆش بوو لەسەر داوای خاوەن چاپخانەکـە بەپەلـە هـەموویم بـردەوە بـۆ ماڵـەوەو پـەنا بـەخوا لـە گەنجینەیەکدا شاردمەوە.

لـە راستیشدا مەبەستم لـە وەرگـێڕانی ئینجیـل ئـەوەبوو کـە بـەهۆی تەرجەمەکـەوە نەتـەوەی کـورد لەدونیادا بناسرێ.. لەم بارەیەشەوە لەکۆنگرەیـەکی جیهانیدا کـە لـە بـەیروت سـازکرا بـەئینگلیزی قسـەم کردو گـوتم مەبەسـتم لـە تەرجەمـەکردنی ئینجیـل خزمەتکردنی زمانی کوردییەو ناساندنی گەلی کـوردە بەگەلانی مەسیحی جیـهانو چەسپاندنی ئـەوەی کـە کوردیـش زمـانی تایبـەتی خـۆی هەیـەو پـێ‌ی دەنووسێ.. جگـە لـەوەش بـەوەرگێڕانی ئـەم کتێبـە پیرۆزە کەلێنێکم لە کتێبخانەی کوردیدا پڕ کـردەوە ئەوەش بەو نیازەی کە ئینجیل کتێبێکی ئاسمانییەو لـەهیچ بەشێك لـە بەشـەکانی کوردسـتان قەدەغـە

لە هەموو تەمەنی خۆمدا خەڵاتم لە هیچ کەسێك وەرنەگرتووە

ناکرێو رێ لە خوێندنەوەی ناگیرێ، شایانی باسە شەهید (شاکیر فەتاح)یش بانگ کرابوو بۆ کۆنگرەی ناوبراوو من بەهاندانی ئەو بەشداریم تیادا کرد ئەگینا هەرچەند بانگ کرابووم نەدەچووم..

پ: بەر لە بەرێزتان کەسی دی ئینجیلی کردووە بەکوردی؟

و: بەڵێ لە ساڵی ۱۹۱۹دا مەترانێك لە مەهاباد بەرێنووسو داڕشتنی کۆن ئینجیلی پیرۆزی کردۆتە کوردی..و دوای ئێمەش تەوفیق وەهبی بەشێکی لێ کردۆتە کوردی.. هەروەها شاکیر فەتاحیش –تەورات–ی کردووە بەکوردی بەڵام هەر دەستنووسەو رەنگە لە کتێبخانەی زانکۆدابێ چونکە خوالێخۆشبوو شەهید شاکیر فەتاح هەموو کتێبو نوسراوو دەستنووسەکانی خۆی پێشکەش بەکتێبخانەی زانکۆی سلێمانی کردووە.

دەبێ ئەوەشم لە بیر نەچێو بیڵێم کە لەسەر ئەم کتێبە سێ جار هەوڵی تیرۆرکردنم دراو جاری سێیەم دوو کەس بەدەمانچەی بێدەنگەوە هاتنە سەرمو برینداریان کردمو هەرچۆنێ بوو خۆم گەیاندە نەخۆشخانە بەڵام تەداوییان نەکردمو بۆ تەداوی داوای پسووڵەی پۆلیسخانەیان لێ کردم. من لە تیرۆریستەکان رزگارم بوو بەڵام گەلێ رۆشنبیری دی تیرۆر کران لەوانە: شەهیدانی شکۆدار کاکەی فەلاحو رەئووف زوهدیو عومەر توفیقو دڵشاد مەریوانیو هتد...

پ: کێ ئەم تاوانانەی ئەنجام دەدا؟

و: پیاوانی بەعس... ئەنجامیان دەداو هەروەکو لەدواییدا ئاشکرابوو بۆ تیرۆرکردنی هەموو یەکێك لە ئێمە –۲۵– بیستو پێنج هەزار دیناری تەرخان کردبوو..

پ: جگە لە ئینجیل چەند بەرهەمی چاپکراوی ترت هەیە؟

و: من تاکو ئێستا پانزە کتێبو نامیلکەی خۆمم بەچاپ گەیاندووە، لەوانە:

١– حركة كردستان وآزربيجان التحررية / ١٩٥٩.
٢– جوگرافیای کوردستان بەکورتی.
٣– سەرنجێ لەئابووری سیاسی.
٤– ئینجیل.
٥– ئاینو باوەڕ لە کوردستانا.
٦– زمانو هونەری وەرگێڕان... هتد.

جگە لە چاپکراوەکانیش کۆمەڵێ بەرهەمی دیم ئامادەن بۆ چاپ... وەکو:

١– جوگرافیای کوردستان.
٢– کوردستانی پەرت کراو.
٣– كركوك والسليمانية صنوان... هتد.

پ: مامۆستا بەرێزتان لە سەردەمی کۆماری مەهاباددا لە مەهاباد بوون بەچ هۆیەکەوە لەوێ بووی؟

و: من دووجار بۆ مەهاباد چووم.. یەکەم جار لە ساڵی ۱۹٤٥دا بەپێ چووم.. ئەویش دوای کۆبوونەوەیەك لەم ماڵەی خۆماندا لەگەڵ کاك ساڵح حەیدەریو هەندێ سیاسەتمەداری تردا بڕیاردرا من بڕۆم بۆ مەهابادو پەیوەندی لەگەڵ (ژ.ك)دا بکەمو قازی محەمەد ببینم کە هێشتا نەببوو بە سەرکۆمار.

مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدو کاك ئیسماعیل شاوەیس پەیوەندییان بەقازییەوە هەبوو، دیدەنییان دەکردو گۆڤاری نیشتمانیان بۆ سلێمانی دەهێنایەوە کە زمانحاڵی –ژ.ك– بوو لە مەهاباد. جاری دووەم کۆماری مەهاباد دامەزرابوو، نامەی فەهدم برد، نامەی دانپیانانو پیرۆزبایی لەکۆماری مەهاباد.

جێی خۆیەتی کە ئاشکرای بکەم من سێ مانگ لەگەڵ فەهدا لەحەشارگەدا بوومو خەباتی ژێر زەمینیم کردووەو هەر لەڕێگای فەهدیشەوە ئەوە رێك خرا کە پەیوەندی بەسۆڤیەتەوە بکرێ. من بۆ

مێژوو دەیلێم فەهد حەزی دەکرد دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێ. لەجاری دووەمدا لە مەهاباد مامەوەو لەوێ بۆ ماوەی دە -١٠- رۆژ کرام بەمامۆستای ناوەندیو دوایی راپۆرتیان لێ دامو بەکۆمۆنیست لەقەڵەم درامو رەوانەی قوتابخانەی سەرەتایی گەلاویژ کرام لە مەهابادو منیش بەخۆشحاڵیەوە ئەوەم قبووڵ کرد.. بەلام لەوێش دووبارە راپۆرتیان لێ دام کە گوایا من لەهجەی زمانی ئەوێ بەکار ناهێنمو ئەم قسەیە کەوتەوە دەمی قازی محەمەدو رۆژێ بەتایبەتی هات بۆ قوتابخانەکەو خۆی کرد بەو پۆلەدا کە من دەرسم تیادا دەگوتەوەو ماوەیەك گوێی گرتو ئەنجا رۆیشتو وەك بیستمەوە لە ئۆفیستی تایبەتی خۆیدا گوتبووی: لە تارانێڕا مامۆستای وام نەدیوە... لەدواییدا لەسەر داوای قازی محەمەد دەورەی تایبەتیم بۆ فێربوونی زمانی کوردی کردەوەو گەلێ کەس لەوانەی کوردیان بەخوێندنو نووسین نەدەزانی بەشداری ئەو دەورەیەیان کردو فێری کوردی خوێندنەوەو کوردی نووسین بوون.

پ: مامۆستا بەڕێزتان لە ساڵی ١٩٤٥دا نێردراون بۆ مەهاباد بۆ پەیوەندی کردن بە (ژ.ك)ەوە.. ئایا (ژ.ك) لە چ ساڵێكداو لەکوێ دامەزراوە؟

و: ژ.ك لە رۆژی ١٦ی ئەیلوولی (١٩٤٢) بەرامبەر (٢٥/شهریوەر/١٣٢١)ی هەتاوی لە باخی حاجی داود نزیکی شاری مەهاباد بەئامادەبوونی میرحاجو مستەفا خۆشناو دامەزراوە.

پ: کە ئاڵای مەهاباد هەڵکرا تۆ لەکوێ بووی؟

و: کە ئاڵای مەهاباد هەڵکرا من لەوێ ئامادەبوومو ئاڵاکە لەگەڵ گوتنی سروودی (ئەی رەقیب)دا هەڵکراو لە هەمان کاتدا تابووتێك بەرزکرایەوەو کەسێك لەشێوەی حاجی قادری کۆییدا لە تابووتەکەدا راست بۆوەو ئاڵاکەی ماچ کردو دیسانەوە لەناو تابووتەکەدا راکشایەوە.. دوابەدوای ئەوە قازی ئەمر قسەی کردو گوتی: هەموو راپەڕینێك بەخوێن کراوە.. بەلام ئەم راپەڕینەی ئێمە راپەڕینێکی سپییە.

پ: مامۆستا هیچ یادگارییەکی خۆشی ئەو کاتەت لەیادە؟

و: بەڵێ رۆژێکیان لەسەر قەلا بووم لەنزیك شاری بۆکان پێشمەرگەیەك هات وتی شێخ جەلال هاتووە وامزانی شێخ جەلالی حەفیدە کە روانیم شێخ جەلالی کاکەلاو بوو نامەی شێخ مەحموودی نەمری پێ بوو بیدەم بە پێشەوا قازی محەمەد.. هەروەها نامەی شێخ لەتیفی پێ بوو بۆ من.. کە کاروباریان بۆ ئاسان بکەم. نامەکەی شێخ مەحموودم بەپێشەوا گەیاند..و سیانزە سەربازی هەلاتوو کە لەگەڵ شێخ جەلالدا هاتبوون چونە ریزی پێشمەرگەوەو رەوانەی رووکاری -پەسوێ- کرانو منیش گەڕامەوە بۆ بۆکان.

پ: مامۆستا زەند دەڵێن کلێتەکەی سەرت دیاریی پێشەوایە پێشکەشی کردووی؟

و: باش بوو کلێتەکەت بیر خستمەوە.. ئەوە دیاریی جەنابی شێخ عەبدوڵای شەمزینییەو لەساڵی ١٩٤٦دا لە کوردستانی ئێران پێشکەشی کردمو هەر لەو ساڵەوە ئەم کلێتەیەم لەسەردایەو منیش وەکو دیاری لەو رۆژگارەدا دەمانچەیەکی -کوڵت-م بەسەد -١٠٠- فیشەکەوە پێشکەش بەسەید عەبدولقادری نەهری کوڕی شێخ عەبدوڵای شەمزینی کرد.

ژمارە (١) ساڵی دووەم شەهید تەمموزی ١٩٩٩



قاسملو
-هێمای کوردستان-
لە مێژووی شکۆداردا
١٩٣٤-١٩٨٩

کەریم زەند

د. عەبدولڕەحمان مەمەد ئاغا-(محەمەد ئاغای قاسملو)- ڕۆژانی گەشی ژیانی کۆماری کوردستان. لە شاری مەهاباد-سابلاغ-سارقبولاق-کانیسارد-١٩٤٦- ڕێکەوتی ١٣٢٤ی هەتاری.

لە خوێندنگەی گەلاوێژ لەگەڵ فێرخوازان د. عەبدولڕەحمانی ئەحمەد توفیق و د. سادق شەرەفکەندی، یوسف ریزوانی و خوێندکاریتر پێکەوە بوون.

قاسملو. جەوانێکی تەمەن ١٢ساڵی لە پۆل شەشی سەرەتاییدا زرنگ و چالاک- کوڕی خاوەنداری گوندی قاسملو، لە دەربەند-گەل قاسملو. وابەستەی بنکەی ئوستانی ئورمییە-ئورومایا-شاری ناو-لەوگوندە نزیکەی ئورمیە لە ١٩٢٤ چاوی بە جیهان هەڵهێناوە.

بۆ خوێندن هاتۆتە شاری مهاباد. منیش وەکو مامۆستایەکی وانکاری دەبیرستان گوێزرابوومەوە بۆ فێرکاری فێرگەی گەلاوێژ-کارگێڕو دەستەی فێرکاری- بریتی بوو لە ئای مەلای داودی، ئای ئازاو مامۆستایتر وەکو مامۆستا توفیق وردی-شێخ جالەر بەرزنجی-عوسمان دانش-جەمیل بهادین. مامۆستایانی خۆبەخش جانبەخش لە کوردستانی باشوردوە. گیانبازوو خۆ بەختکەرو لێبوردو هاتبونە ناو شۆڕشی کوردستانەوە وەکو سەربازی گومناو و جانبەخش. چەرخو ڕۆژگار ئەزمونت و هەرەس و شکست و ڕووخاندنی کۆماری ساوای تەمەن١١مانگ هاتەکۆڕێو جەنگی پارتیزانی بەرەو ڕووسیا دەستی پێکرد.

سیاسەتی سۆڤیەتی ئەو سەردەمە، کوڕی سەرانی خێڵ و ناودارانی کوردی بژاردو کردو ناردیانن بۆ خوێندن بۆ "باکۆ"ی پایتەختی ئازربێجانی شورەویو بۆ ئەوەی ببن بە کادری ئایندە، بە پەروەردەکردنیان بە ئایدیۆلۆژی سۆشیالیستی. لەوانە د قاسملو، سەید موسا ڕازان د. عەزیز شەمزینی کوڕی شێخ عەبدوڵای خانەوادەی نەهری.

قاسملۆ گەیشتە چیکۆسلۆڤاکیاو بڕوانامەی دوکتۆرای وەرگرتوو لەسەر کوردو کوردستان نووسراوەکەی بڵاوکردوە خانم هیلین نەسرین بوو بە هاوسەری کە هاوڵاتی چیکی بوو، هیوار میناس لێکەوتۆتەوە.

١٩٥٩ گەڕاوەتەوە بۆ کوردستانی باشور لە زانکۆی بەغداد وتاربێژ بووە. دوای شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ١٩٥٨.

پەیوەندی لە تەك بارزانی ئەمردا بووە، بە هاریکاری مامۆستای خەباتگێڕ - هەمزە عبدوڵاو بە ڕاسپێری بارزانی خوالێخۆشبوو، لە خانەی نوری سەعید پرۆگرامیان بۆ کوردستانی مەزن داناوە، نووسینەکە هی ئاغای قاسملو بووە

بڕوای بە ڕزگاری کوردستان بووە، لە ئایندەدا.

دۆستی مامۆستا هەمزە عەبدوڵا بووە. سکرتێری پارتی دیموکراتی ئەو سەردەمە. خودی بارزانی ئەمر بایەخی زۆری پێ ئەدا. کێبرکێو پێشبڕکێیەکی توندوتیژ هەبوو لە نێوانی قاسملوو ئەحمەد توفیق دا، ڕابەرتی لێدرا، ئەوو د.مراد دەرکران بە بیانوی ئەوەی کوردی خاوەرن.

لە دژایەتیدا زۆر هێمن بوو، بە ئارامی وەڵامی ئەدایەوە، تا ڕاستی بۆدەر ئەکەوت.

نووسراوەکەی کوردستان و کورد، بە چیکی دەرکردوە، کراوە بە عەرەبی. عەزیز حاج وەریگێڕاوە، (٢) جار بە کوردی چاپکراوە لە بەغداد زمانی چیکی، فەرەنسی، ئینگلیزی، ڕووسی، عەرەبی، کوردیی، ئاسوری، تورکی زانیوە، خۆشی لە پاریس بارەگاو بنکەی دانابوو.

١٩٥٩ - هاتۆتە سلێمانی خانوم دابونێ ماوەی دساڵ بە ناوو کارەبارە بە خۆڕایی، بە مەبەستی بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران، زانیاریم داوەتێ، ناری نەهێناوم. خێزانەکەی خانم هیلین نەسرین چیکی سلۆڤاکی، کوردی و فارسی زانیوە. کریس کوچێرا نووسەری گەورەی فەرەنسی بە مامۆستای خۆی داناوە بە داخی گران و مەخابنەوە ئەم ڕابەرە سیاسیە شکۆدارە، ئەکەوێتە ناو تەڵەی دوژمنەوە، بە بیانوی دانوستان لە ڤیەننا وڵاتی نەمسە لە ١٣ گەلاوێژ ١٩٨٩ ڕێکەوتی ٢٢ مانگی پوشپەڕ بەدەستی چەپەڵی دوژمن لەتەك د.فازل ئامۆزای پرۆفیسۆر د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ کوژران.

تەرمەکەی لە گۆڕستانی ناودارانی فەرەنسە لە پاریس نێژراوە.

کە شۆڵێرەکەی نەچێتەوە بەدوایدا کارەسات ڕوویداوە. ئەمە ئەنجامی کەمتەرخەمییە. دوژمن جێگەی باوەڕ نییە، ئەی گەلی براو دۆستینە

ئەم ڕووداوە دوای بڕانەوەی جەنگی ئێران و عێراق بوو. بڕوای کز ببوو بە ڕۆژانی گەش. وتو و وێژو دانوستان لە ئاستی نەشیاودا بکات و پێی قایل ببێت لەکاتێکدا کە قاسملو پێشەواو ڕابەری میللەتێکە.

سەد مەخابن بۆ ئەو لە کیس چوون و دۆڕاندنە. بۆ پتر زانیاری وەرگرتن سەرنجی مێژووی خەباتی ٤٠ساڵەی پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن. نووسینی قاسملو. بۆ دەبێ سەرکردەکانمان وا بە ئاسانیو بە هەرزان بچنە بەردەستی دوژمن؟ هۆی چییە؟

مامۆستای بەڕێز کەریم زەند

ئەم کاتەتان باش

ڕێز و سلاوم بۆ جەنابتان هەیەو، لە ئەحواڵتان دەپرسم. بە سوپاسەوە کتێبی (تۆماری تەمەن ٣ ـ خەرمان ـ شارا) بە دەستمان گەیشت کە بە دیاری ناردبووتان.

ئەم بەرهەمەی بەڕێزتان نرخ و بەهای مێژوویی خۆی هەیە، لە پاراستنی زۆر لایەنی دیکەی تایبەت بە کەسایەتی و بەسەرهات و ڕووداوە مێژووییەکان و ساغکردنەوەیان بە شێوەیەکی ڕاست و دروست کە وەك ئەرشیفێکی پووخت دەبنە دیکۆمێنت و بەڵگەی زیندوو، تا ڕاستی و حەقیقەتی ڕابردووی مێژووییمان دوور لە بەرژەوەندی و شێواندن بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بخرێنەڕوو.

دەستخۆشیتان لێ دەکەین بۆ خەمخۆریتان لە پاراستنی ئەو لایەنە مێژووییانە کە لەو بەرهەمەتاندا دەستنیشانتان کردووە، هەر بژین و ئومێدەوارم هەر سەرکەوتوو و تەمەن درێژ بن.

لەگەڵ ڕێزدا...

نێچیرڤان بارزانی

٢٠٠٤/٤/٢٤



حکومەتی هەرێمی کوردستان
Kurdistan Regional Government

MINISTRY OF CULTURE

وەزارەتی رۆشنبیریی

رێزنامە

بەڕێز / ...م. کەریم زەند.........

لەگەڵ چوونە نێو ساڵێکی نوێ و بەردەوامبوون لەسەر جێبەجێکردنی بڕیاري سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(٨٦)ی تایبەت بەڕێزلێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەنووسەران و هونەرمەندان، خزمەتی بەرچاوی بەڕێزتان لەبواری برەودان بەرۆشنبیری کوردی بەرز دەنرخێنین و هیواي سەرکەوتن و بەردەوامیتان بۆ دەخوازین.

فەتاح زاخۆیی
وەزیری رۆشنبیری
سەرۆکی دەستەی رێزلێنان لە نووسەران و هونەرمەندان

زۆر بەڕێز و خۆشەویستم مامۆستا کەریم زەند

سڵاو و ڕێز و ئاشتیمان پێشکەش بێت ...

تەندروستی و بەختەوەریت دەخوازم ، هیوا بەرزیت و سەرکەوتن و ئاواتەکانت

مامۆستایان ، ئەمڕۆ لەگەڵ کاکە ئاشتی عاکری زیارەتی بنکەی «ڕەنجبەرەکان»یان کرد ، سەردانی هەموو بەشەکانی کوردستان ستافێکی خۆشەویستی هەبوو زۆر بەخۆی باشتر تەندروستیان بوو ،

لە دەوری ئەو ئەلبومی بە ناوی ... یادکرد ، لەبەرچووی هەرکاریلە هوی ، بە سەردانی ، بەنیسبەت یادداشتەکانی ژیانتان منی تەکلیف کرد ، هەرچۆنێ جەنابتان بخوازن ئامادەم بۆتان چاپ و بڵاوی بکەینەوە چەند بەشێکی ... لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی «سپیرێز»

چاوەڕێی جەنابتان لە وەڵامدانەوەی ... بەشێکی تایبەتی باشترین شێوە لە خزمەتی ئێوە دەبین و هاوڕێی ئێمە بن

چاوەڕێی وەڵامی جەنابتانم


حەمە شادی ... ئازادی
حسن احمد مصطفى
٢٠٠٤/١/١٣

ژمارە (١٥)، نیسانی ٢٠٠٢

کریف

خواجە ئەفەندی

کەریم زەند


خواجە ئەفەندی دامەزرێنەری کۆنترین خوێندنگەی زانستی لە شاری سلێمانی.

بە فەرمانی هاندانی عیزا ـ کاک ئەحمەدی شێخ عەزیزی وەحاناغای رەسولاغا گەلالی ئەوەی ئەحمەداغا فەرمانڕەوای مساوەت و شارەزوور خوێندنگەیەکی سەرەتایی کردەوە ئەرکی فێرکردنی رۆلەکانی شاری سلێمانی گرتە ئەستۆی خۆی، بنچینەی زانستی و یاسای ئیسلامی تیدا دەخوێندرا خانەی باوکی خۆی بۆ تەرخان کرد بۆ ئەم خوێندنگەیە سالی ـ 1860.

ـ لە ماوەی 10 سالی کردنەوەی خوێندنگەکە کە تەنها 2 پۆلی تێدا کرابۆوە، سەرەتای قورئانی پیرۆز و فەرمایشتەکان و فەرموودە پیرۆزەکانی پێغەمبەر (د . خ) تێدا دەخوێندرا وێرای خوێندنەوە و نوسین.

ئەمە لەیەکەم پۆلی خوێندنگەکەدا، لە دووەم پۆلدا مێژووی کۆن و نوێی ئێران و زمانی عەرەبی و دارشتن و خوێندنی فەرهەنگی ئەحمەدی لە دانانی شێخ مارف نۆدێی باوکی عیزا کاک ئەحمەدی شێخ بوو، وانەی پۆلەکە بوون.

ـ 1870 فێرگەکە فراوان کرا، هەنگاوی گرنگی هەلهێنا بەرەو پێشڕەوتن، سێیەم پۆلی تێدا کرایەوە: مێژووی دەوڵەتی عوسمانی و ئەورووپی و زمانی فرەنسیش خرایە چوارەم پۆلەوە، وێرای وانەو بابەتی بڕیاردراو، ئەمبووی توخمی ئافرەت و ژن، لە سەرتەختەکانی خوێندنگەکەی کاریگەری پڕ بازاری هەبوو لەمامۆ و دەروونی خواجافەندیدا هەستی بەگرنگی بەشداربوونی هەردوو توخمە دەکرد بەکسانیان لە خوێندن و فێرکردندا لای پەروەردە بەسەند بوو ئەم فاکتەرو هۆکارە پالنەری بوو بۆ ئەوەی کچی خۆی حەفسە لەگەل بە فێرخوازانی بکات.

بەوکارە کۆسپ و تەگەرەو دیواری کەنارە گیری و گۆشەگیری ناو چوار دیواری خانەی داروخاند هاوتای مەلای گەورەی کۆیە کە کچی خۆی ناردە بەر خوێندن لە تەك کوڕاندا.

ـ لەکاتی سەردانی نوستاندار (تەحسین پاشای عوسمانی) بۆ شاری سلێمانی و سەردانی خوێندنگەکەی کە بەرنامەو پرۆگرامەکانی جێگەی سەرنجی نوستاندار بوو، لەبەر ئەوە فەرمانی دا کە بگرێت بە فێرگەیەکی میری هاوتای فێرگەو خوێندنگەکانی تری میری. ئەگەر چی تەنها لەو سەردەمەدا خوێندنگەی روشدیی مولکیی سیڤل هەبوو لەم شارەدا. لەسەر ئەوە فەرمان دەرکرا بۆ خواجائەفەندی کە دابنرێت وەکو وانکار ـ مامۆستا، لە خوێندنگەی روشدیی مولکی و ناسناوی خواجە ئەفەندی پێ بەخشرا واتا مامۆستای گەورە.

ـ زۆر لە پیاوانی ناسراو و مەزن لەسەر دەستی خواجە ئەفەندی دەرچوون و پێگەیشتن وەکو: پاشا و شەریف پاشا خەندان و ئیبراهیم پاشا سەدری مەزن، مستەفا پاشای ئەمرود، پیاوێلکی نوسەر و مێژوونوسی گەورەی کورد، ئەمین زەکی بەگ سەرۆك و باوکی کورد، حەفید زادە، شێخ مەحمودی نەمر، هەرئەوە ماوە کە بلێین:

خواجە ئەفەندی لە دایکبووی شاری سلێمانی یە سالی 1841 سالی 1942 تێیدا کۆچی دوایی کردووە.

ژێدەر و چاوگ/ئەرشیفی کاکە عەلی شێخ نوردەدین جەلیزادە هەولێر دەستنوسی عەرەبی لەکاتی خۆیدا نێردراوە بۆ رۆژنامەی نور نورگانی یەکێتی نیشتمانی لە بەغداد بە دەستی خەباتگێری کۆچکردوو عومەر مستەفا دەبابە منیش کردومە بە کوردی.

دیدەوانی

و: حیات مجید قادر

بۆ یەکەم جار دیدەوانی لەسالی ١٨٩٩ لەلایەن سەرکردەیەکی سوپای بەریتانیا بەناوی " لوروبارون باوڵ" دامەزرا ناوبراو لەکاتی هێرش بردنە سەر ئەفەریقا لەشەڕەکەدا رووبەڕوی دوو قەبیلە بوونەوە بەناوی (سوزای زۆرو) لە ئەنجامی شەڕێکی قورسدا کە ٢١٩ رۆژی خایاند سوپای بەریتانیا شکستی هێناو نەیتوانی سەر بکەوێت پاشەکشێیان کرد هۆی ئەم سەرنەکەوتنەشیان دەگەڕایەوە بۆ بەشداری کردنی زۆری منداڵان لەجەنگەکەدا کە ئەو منداڵانە بەشێوەیەکی چالاکی شێوە پەروەردەکردنێکی دەشتەکیان پێوە دیار بوو بۆ ئەم مەبەستەش " لورد بارون باوڵ" بۆ یەکەم جار و لەسالی ١٩٠٧ راپۆرتێکی لەسەر ئەم منداڵانە نووسی وەلەسالی ١٩٠٨ منداڵان بەشداریان کرد لە دیدەوانیدا جێگەی باسە لەسالی ١٩١٥ دیدەوانی لەعێراقدا کراو لەسالی ١٩٣٠ لەسلێمانی دیدەوانی سازکرا وەلەسالی ١٩٥٠ عێراق بەشداری جیهانی کرد لە دیدەوانیدا شیاوی تێروانینە ئەو خوێندکارانەی بەشداری دەکەن لەم چالاکیانەدا دەبێت سیفاتی خۆڕەوشتی بەرز و دلسۆزی بۆ گەل و ولات مرۆڤی بەسوزیان لێ پەیدابێت بەرزمی بەگیاندار وبێ دەسەلاتداپێتەوە ئێستاش لەشاری سلێمانی سالانە ئەم چالاکیانە لەبەهاراندا دەکرێت بەبەشداری خوێندنگەکان بەشێوەیەکی سەرکەوتو بەڕێوە دەچێ.

کوردستان — یادەوەری

هەر بێشە گومان مەبە کە خاڵییە
ئەبادا پڵنگی خەوتووی تێدا بێ

سەعدی شیرازی



کەریم زەند*

✿پێویستی مێژوویی، خەباتی میلەتی کوردی ستەمدیدە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و سەرەتای بەرپابوونی جەنگی دووەمی جیهانی ١٩٣٩، رۆژگاری گەلی کورد و گێژاوی سیاسی ناچاری و پێداویستی دەرئەنجامی دەروازەبەستن بە رووی کۆشش وتەقەللاو، خەباتی نەتەوەیی گەلی کوردی بەشکراو و نکوولێکراو، دوای بەستنی پەیمانی سەعداباد ١٩٣٧ بۆ بەرگری و بەرەنگاری ئەو رووداوە تاڵە، لە سایە و سێبەری شێخی نەمردا، شێخ مەحمودی حەفید بەرزنجی، دەستبەسەر لە شاری بەغداد لە ئەعزەمییە و، بە هەوڵ و تێکۆشانی ئەوەی شێخی نەمر- شێخ لەتیفی حەفیدی بریکار و جێگرو، بە هاوکاری ئەسعەد مەحوی - ستوون و راگر و کۆڵەکە و دامەزرێنەری راستەقینە. لە تەک هەڤالان- شێخ لەتیف دانساز سنەیی و د. نوری فەتوحی عەلەکە، حەمەی تایق، حەمە سەعید بەگ سەلیم بەگ جاف، سەید قادر سەید ئەحمەد مەحمود ئەحمەد، عەلی قەفتان، ئیسماعیل حەقی شاوەیس، سدیق شاوەیس کۆمەڵە و پارتی برایەتی دامەزرێنرا.

لەناو خوێندکارانیشدا نوری شاوەیس، محەمەد قودسی، محەرەم محەمەد ئەمین، سالح ئەحمەد بەگ، مستەفا کەریم غەفور، کەریم زەند محەمەدی محەمەد. قادر عەبدولرەزاق، بەشداری ئەو کۆمەڵەیان کرد.

کۆمەڵە و پارتی برایەتی وەکو پێداویستییەکی مێژوویی بەردی سەنەند، لق و پۆپی بەناو شارەکانی کوردستانی باشوور بە تایبەتی لە سلێمانی و هەولێر، بەهۆی کاک رەفیق سەراج وئەسعەد مەحوییەوە، بلاوبۆوە.

رۆژگار دێت و دەڕوات، هەل و دەرفەت دەردەخسێت بۆ شێخ مەحمودی نەمری دەستبەسەر لە بەغدا بەهۆی بەرپابوونی هەرا و بزاڤی رەشید عالی گەیلانی لە مایسی ١٩٤١.

بەهۆی کاری مەردانەی شوفێری دلێری شێخی نەمر کاک ئەحمەد خورشە بە لێبردوویی و بوێری و بە یاوەری شێخ مەحمودی نەمر، لەژێر باڵی تاریکی شەودا ملی رێگەی دووروودرێژ دەگرن، بەرەو دەڤەری گەرمیان بۆ ناو شۆڕە سوارانی خێڵی زەنگنە و تاڵەبانی و داوده و دەلۆو، چەکداری قارەمان میرزا عەزیز ئاغەیی تەرخانی، کە دواجار کرا بە سەرکاری گوندی تاقان لە بەخشی قەراخ لە پێشوازییاندا دەبێت.

رەوت و رەهەندی مێژوو بوو، ئەو خوێنشاندانە نەتەوەییە، لە رەوی چاخی چەرخوزەمەندا.

لە سەنگاو و کێوی سەگرمە، کەلە مێران و چەکدارانی جافەران و سیوسێنان و تیماری قەراخەوە، سەرانیان.

خاوەنرێزان، سەعید ئاغا جافەران خوێو عەولقاراغای کوڕی کوێخا ئەجمی سێوسێنان، شێخ سەعید تیمار،خوێندکارانی ناو کۆمەڵی برایەتی- سالح ئەحمەد بەگ بابان، مستەفا کەریم غەفور، کەریم زەند، نماینده و فرستادەی کۆمەڵە رۆڵی کاریگەریان نواند لەم رەوتە مێژووییەدا. لەشکری شێخی نەمر و کاروانی چەکدارانی بەرەو گوندی سیتەکی شاربازێر هاتن، کەلە سوارانی پشدەری - میراودەلی هاتنە پێشوازییان.

جا لێرەدا ئەم پرسە خۆی دیاردە دەکا ئەو مرۆڤە کێبوو کە شێخی نەمری دەرباز کرد؟

ئەو شوفێرە دلێرە. خاوەنرێز و ئەمەکدار ئەحمەد خورشە بوو بێگومان ژەنراڵ بارزانی نەمر و خودانی بارزان -خاوەنرێز و - هێزا، شێخ ئەحمەدی بارزان و یاران و هەڤالانیان،لە شاری سلێمانی دەستبەسەربوون (١٩٣٩-١٩٤٣) خودی بارزانی نەمر- مەلا مستەفا، دیمانەی هەمیشەیی لە ئارادا بوو لە خانەقای مەحوی بەشداری کۆڕ و کۆمای کۆمەڵەی برایەتی دەکرد، وەکو سەرکردەیەکی قارەمان پێشوازی لێدەکرا، خۆشی بە ئەوازشەوە بە ئەندامێکی شانازی ئەو کۆمەڵە دەزانی، شێری بیرە کەبرە، پڵنگی بارزان بیری لە دەرباز بوون دەکردەوە بۆ لانەکەی خۆی لەدەڤەری بارزان.

هەمان مرۆی دەربازکەری شێخی نەمر- ئەحە خورشە- دێتەوە مەیدان، بەپێی ئەخشە و پلانێکی پتەوی داڕێژراو لەلایەن شێخ لەتیف حەفید و ئەسعەد مەحوی و شێخ لەتیف دانسازەوە، تەگبیری ئەو گەڕانەوەیە کرا.

بۆ پاراستن و دوورخستنەوەیان لە هەر ئەگەرێک، ئەو بەرێزانە ئامادە و تەیارکران.

مجەفرگەیی مکایەلی- برا گەورە، شێخ حسێن بەرده زەردی بەرزنجی، حەمە بیزە خێڵی بیسەری- غەوارد، ئەحە بێورەیی - باوکی حەمە بێورەیی- بلباس بە هاوکاری محەی سالەسوور و نوری حەمە سوور، شوفێری ئەیەرد، یاوەر و چەکداری ژەنراڵ بارزانی نەمر بوون تا گەیشتەوە لانەی شێران- بارزان.

سەرئەنجامی ئەم رووداوە گرنگە، خودانی بارزان شێخ ئەحمەدی خاوەنرێز خۆی و دەست و پێوەندی گوێزرانەوە بە دەستبەسەری بۆ شاری حیللە، هەر لەو ماوەیەشدا (١٩٤٣) شۆڕشی بارزانییان بەرپا بوو.

لێرەدا نابێ رۆڵی کۆمەڵە و پارتی هیوا، بە سەرکردەیی- مامۆستای باڵا- رەفیق حیلمی، لەبیر بکرێ

دوو رووداو و دیاردەی گرنگ لە مێژووی نەتەوەکەماندا:

یەکەم: دەرباز بوونی شێخی نەمر- حەفید مەحمود بەرزنجی- لە شاری بەغدادەوە لە مایسی-١٩٤١. گەڕانەوەی بۆ کوردستان، لە هەرای رەشید عالی کەیلانیدا.

دووەم: دەربازبوونی ژەنراڵ بارزانی نەمر- لە دەستبەسەری لە شاری سلێمانییەوە بۆ لانەی شێران -بارزان- لە مانگی ٧- ساڵی ١٩٤٣.

ئەم دوو رووداوە مێژووییە، هەمیشە زیندووە، لە یادی نەتەوەپەرستاندا یادیان، جاوید و نەمر و هەمیشە زیندوو و، شاد بێ.

گیانیان، لە بەهەشتی بەریندا حەساوە و ئارام بێ.

یادی تۆش کاک ئەحە خورشە، هەمیشە لەسەر زار بێ، میللەت رۆڵەی دلسۆزی خۆی هەرگیز لەبیر ناکات ■

*گەڕیدە و جوگرافناس
٢٠٠٠/٦/٢٨

گولان
٢٧

(ژمارە: ٣٧٤) ٢٠٠٢/٣/٢١

To the White House

Dear Sirs,

With due respect permitus dear Sirs to present , you our warmest greetings and to seize this opportunity to send these few lines about the misfortunes of 11th Sep. 2001.

We are fully a ware of the fact that you are not inneed to us or to others to protect you and drive back the dangersor to offer condolences but we are pushed by sincere feelings and conciousness to exprees our strongest condemnation and denounce the offensive actions carried out by black hearted. Terrorists against the peaceful people. The unsightly action committed by those hirelings shall remain a disgrace spot on the front of all those who envolved in planning motivating and implimenting. That criminal actions.

We, the Southern Kuristan Kurds evaluate the impact of this devil behavior more than others, because through out the history we were victims at similar actions and thousands of our innocent people went victims of terror in addition to chimical weapons simply because they demanded the authorities for their national rights which have been recognized by the international free will.

We, and millions of people regardless of colour, race, and religon, strongly protest those dirty action and stand beside you shoulder to shoulder. Up holding your steps to eradicate and put an end to terror and seize this opportunity to offer our condolences to the relatives and families of the victems malidication shall follow them up. Perpetually they will not find any place over the global with the assistance of God.

Death to all terrorists and existence to peaceful people.

Karim Zand
Kurdish migratory and
Geographist

M.M. Qadir
Economist

Sulaimani
18.3.2002

نحن واثقون أيها السادة الافاضل من أنكم لستم بحاجة لنا أو لغيرنا لدرء الاخطار عنكم أو نعزيكم و لكن تدفعنا احاسيس صادقة لنعبر عن استنكارنا لاحداث الـ ١١ من ايلول ٢٠٠١ و ندين بشدة ما قام بـه الارهـابيين الاشرار تجاه الناس الامنين.

ان الاعمال الارهابية اللاإنسانية التي ارتكبها هؤلاء ستظل وصمة عار في جبين كل من خطط او حرض أو ساهم في تنفيذ ذلك العمل الاجرامي الخبيث.

نحن من الكورد في الكوردستان الجنوبية نقدر وقع هـذه الاحـداث اكثر مـن غيرنـا، حيـث راح مـن الالاف ضحية الاعمال الارهابية و استعمال الاسلحة الكيمياوية لمجـرد المطالبـة بـالحقوق القوميـة الـتي تضمنـها الارداة الحرة الدولية نحن و الملايين من الناس بغض النظر عن اللون و الجنس و الدين نستنكر اشد استنكار ما قام به حفنة من فاقدى الضمير و الوجدان.

نقف معكم و نؤيد خطاكم للقضاء على الارهاب و نستغل هذه الفرصة لنقدم تعازينا لذوى الابريـاء الذيـن ذهبوا ضحية هذا العمل الاجرامي.

اللعنة ستلاحق هؤلاء أبد الدهر، انهم بعون الله سوف لن يجدوا مأوى على وجه الارض.

الموت، الموت للارهابيين و الحياة للناس الامنين الاحرار.

محمود محمد قادر
اقتصادى

كريم زند
الرحال و الجغرافي الكوردى

السليمانية
18.3.2002



في نظام الضمان الاجتماعي

الأربعاء 19 من شهر ذي القعدة الموافق 19 من شهر الطير 1424 ميلادية

أسسها الطالب : معمر محمد القذافي « بمدرسة مصراتة الثانوية 1962 أفرنجي »


العدد « 519 » 12 صفحة

القائد يدلي بتصريح حول القضية الكردية

القضية الكردية .. قضية مقدسة

على الأمم المتحدة أن تضطلع بكل مسؤولياتها في مساندة استقلال الأمة الكردية

تجديد عهد الوفاء



رسالة مفتوحة

الزعيم العربي النبيل
معمر القذافي المحترم

تحية محبة و أخوة

الحمد لله الذي أنعم على شعبنا الكردي شقيقاً و إنساناً طيباً في شخصكم الفذ وما لمساعدتكم و دعمكم و دفاعكم المتواصل لكفاح أمتنا الكردية و الذي يزيدنا أملاً و عزماً و قوة في استمرار نضالنا العادل. و يجعلنا نأمل و نطمح فيه من شقيقنا الشعب العربي الأبي أكثر قوياً في فهم قضيتنا الإنسانية قبل أي شعب آخر.

التأريخ يشهد على أن شعبنا لم يبخل على العرب و المسلمين يوماً بأي غال و نفيس، و لن يبخل قط مستقبلاً حيث أن دماء شبابنا و شباب العرب قد امتزجت في قنديل كفاح شعبينا المشترك مضينا درب كفاح المسلمين في بيت المقدس و على الأرض الإسلامية بقيادة السلطان الكردي صلاح الدين الأيوبي قاهر الصليبيين و نصر المسلمين. و كذلك على أيدي القادة و ضباط الكرد في حرب فلسطين. الذين كان لهم دوراً متميزاً في تحرير أكثر المواقع المحتلة و فك أسر كثير من أخوتنا الضباط العرب الأشاوس سنة ١٩٤٨. و كما كنا دوماً مع كفاح شعبنا العربي المسلم في كل مكان على الأرض العربية كنا نتقبل كل الإجراءات التعسفية و القمع و المطاردة و الاعتقال التي لم تثنيا عن مساندتنا و تأييدنا بل كانت تزيدنا إصراراً و تحدياً و مشاركة.

لذا فإننا نأمل من أخوة العروبة، اخوة الإسلام أخوة الإنسانية و السلام أن لا يبخلوا علينا بالدعم و المساندة بما يحقق رجائنا و أمانينا و حلمنا. حلم كل شعب من أجل الحرية و حق تقرير المصير و الاستقلال فالحق ليس مقصوراً على أمة و ممنوع على أمة أخرى و العدل عدل يعلو و لا يعلى عليه

فخامة الزعيم الكريم

مواقفكم الجريئة تزيدنا عزماً و إصراراً و تؤملنا للمزيد من نصرة أخوتنا العرب. و نأمل من فلسفة الفكر العربي المعاصر أن تنظر إلى قضيتنا كما تنظر إلى كل القضايا المماثلة في الساحة الدولية لكفاح شعوب الكرة الأرضية و كفاح المسلمين و كفاحنا جزء لا يتجزأ من الكفاح الإنساني العادل لتحقيق حقوق كل إنسان بميزان التساوي العادل. دون تمييز أو تحيز. كما نرجو أن يسمع نداءنا العرب أجمعين. حيث كنا الوحيدين الذين بإمكان العرب و المسلمين الاعتماد علينا دوماً كما كنا في الماضي البعيد و القريب. و ما نطالب به ليس اقتطاعاً لجزء من الأرض العربية أو جزء من الحق العربي في السيادة. بل نطالب بحق مشروع لكل أمة. وهو توحيد أرضنا الكردية. أرض كردستان ملك آبائنا و أجدادنا حبانا و ما لنا في حق ملكيتها. كردستان العمزق حيث كما كنا ضحية الاستعمار و الدسائس المجرمة بتجزئة الأرض العربية و أمة العرب و بث روح الفرقة و التنازع بينها

العرق بين الشقيقين أن كل جزء من الأجزاء الخمسة لكردستان قد ألحقت بأرض جارة من جارات كردستان و التي ما انفكت و حتى يومنا هذا تطمع في أن يكون لها نصيب الأسد في الأرض الكردية الغنية بالنفط و المعادن

لم نكن يوماً نطالب بأكثر من ذلك خارج حدود حقنا في وطننا كردستان و كل ما نأمله من أخوتنا العرب أن يفهموا قضيتنا العادلة بل و باستطاعتهم اليوم مؤازرة و مساندة وحتى دعم أمتنا الكردية في تحقق الحقوق القومية و الوطنية على أرضه و يوم ذاك سيكون للعرب أقوى نصير في محنه القادمة

هذا ما نأمله يا أخا الكرد. أيها الإنسان الفاضل الشهم يا من لم يبخل علينا بدعمهم و مساندتهم المتواصلة رغم بعد المسافات بيننا

أيها الأخ زعيم ليبيا الكريم

كان لسماعنا بنبأ رسالتكم الموجه للسيد كلنتون أثره البالغ و و الكبير في نفوس شعبنا الكردي. الذي يكن لكم أبلغ آيات الحب و الإعجاب و الوفاء و شعب ليبيا الشقيق العربي الكريم و النبيل. الذي أنجب بطلاً مثلكم و جعلكم الله تعالى أو نصير عربي! بنصر قضيتنا الإنسانية العادلة

نعاهدكم و شعبنا يا فخامة الرئيس أن نكون دوماً خير و صديق لشعبنا العربي في كل مكان و أن نبقى على عهدنا بالوفاء و المحبة و الاعتزاز و نصرته في كل المحن بإذن الله تعالى. كما نأمل في الوقت نفسه من الرئيس الأمريكي السيد بل كلنتون. الذي نسمع دائماً تصريحاته الرنانة المتواصلة.

سيادة الأخ الكبير

ختاماً نتمنى لكم العز و العمر المديد و الموفقية و أن ينصركم الله تعالى لنصرتكم شعبنا و أمتنا الكردية

تقبلوا أبلغ آيات الشكر و المحبة و الإعتزاز أدامكم الله و وفقكم لنصرة الحق

كريم زند
جغرافي و رحال كردي

فوزي رفيق حلمي
عن نخبة من ممثلي الشعب الكردي
في جنوب كردستان
ت: ٢٤٣٢٠

العنوان: السليمانية - عاصمة أول مملكة كردية تأسست بعد نهاية الحرب العالمية الأولى في عهد المغفور له الملك محمود الحفيد - بعد إن كانت عاصمة لإمارة بابان الشهيرة

١٩٩٨/٣/٢١

27

ROYAL GEOGRAPHICAL SOCIETY
KENSINGTON GORE · LONDON SW7 2AR

Telephone 071-589 5466 *Fax* 071-584 4447

President The Rt. Hon. the EARL JELLICOE, KBE, DSO, MC, FRS, PC

Director and Secretary DR JOHN HEMMING, CMG

14 April 1994

Mr Karim Zand
c/o Mr Wagham Jaff

Dear Mr Karim Zand:

I am writing, as President of the Royal Geographical Society, to say how glad and honoured we were to receive, through the good offices of your friend, Mr Wagham Jaff, the two maps of Kurdistan which you kindly sent to Lord Archer.

I have bought your letter to the attention of Dr John Hemming, the Director of the RGS, and he will be placing your two maps in our historic Map Room where they will be available to all visitors to the Map Room.

I well remember the visits to Kurdistan which I paid when I, as a British Diplomat, spent two years in Bagdad as Deputy Secretary General of the Bagdad Pact. These visits to your beautiful country, with its splendid landscape and hospitable inhabitants, will always remain very much in my memory.

This letter comes with my best wishes to you and to your people.

With my thanks & best wishes.

Yours Sincerely

George Jellicoe

JELLICOE

Corporate Patrons

VAT Reg. No. 239 5327 46

Registered Charity No. 208791

The Lord Archer of Weston - super - Mare

House of Lords

7th April 1994

Mr Karim Zand
c/o Mr W Jaff
27 Stanbury Ave
Fishponds
Bristol
BS16 5AL

Dear Mr Zand,

Many thanks for your letter of 5th March.

I have sent your excellent maps on to The President of The Royal Geographical Society at 1 Kensington Gore, London SW7 2AR, UK.

I am still working on the moving of the Thirty Sixth Parallel but I can't pretend that I am making much progress.

Best wishes to you and all your friends. Keep working hard.

Yours Sincerely

Jeffrey Archer

Please reply to: Alembic Ho[illegible] Albert Embankment, London SE1 7TY

Sulaymany, Kurdistan

Dear Mrs Tacher,
Ex., British Prime Minister,
Excellency.

It gives us a great pleasure to seize this opportunity to present to your Excellency the warmest greetings from the people of Kurdistan and wish you a long life and all the success.

Dear Mrs Tacher,

During your recent visit to the Middle East you have announced that IRAQ is a false State, fabricated from the remaining bodily state(s parts as a result of wars and ambition of the Global Capitalism.

We highley appreciate that brave attitude and would like to assure that this plain and open position was a motive to the Kurdish People to renew his confidence and satisfaction to your Excellency.

Excellency,

We hope that the above mentioned initiative will become a corner stone, and a main key to open the closed doors and remove the obstacles staying in the way of the Kurdish issue and become a real help and support to participate in lifting up this misfortune imposed on the Kurdish people, and rescue them from the ambitions of the neighboring countries which continuously try to defeat this great historical experiance that we live since the 6th of March, 1991.

Excellency,

Your noble position, together with the stands of the British political personalities will renew our confidence in our selves and encourage us to go ahead and do our best to make this experience successful with the help of your holding up and baching our humaniterian rights in order to unify our people, lands, and soverinty.

In this regard, we are certain that through your aid and uphholding we shall be able to abort all the plans and conspiracies fabricated against our people.

Please Excellency accept our regards and appreciations.

Karim Zand M.M. Qader FAWZI R. Allami

Yours faithfully

~~[illegible]~~.

Sulaymany, Kurdøstan

To: British Broadcasting corporation,

Dear Gentlemen,,

While we highly evaluate your sincere, and invaluable endeavors in building up the humaniterian relations with the people all over the world, through the transmission of your programs to different nations, each in its national language, we find ourselves having the same rights to be one of those nations which were fortunate to have this generous gesture to express our feelings and make the people aware of our culture, traditions, also participate in strengthening, establishing, and deepening the friendly ties among the nations.

We would be greateful if you kindly take this matter into consideration and renew the Kurdish section which was broadcasting from Yafa during the second Wold War under the supervision of late the Kurdish wellknown poet Abdulla Goran, late Ramzi Qazzaz, and the Kurdish late artist Rafeeq Chalak.

We are confident that this issue will have your kind attention and once again you will Grant the Kurds his natural right.

Please Gentlemen accept our warmest greetings a highest appreciations.

We remain.

Mahir
M. M. Qader

Karim Zand

Fawzi.
FAWZI R. Hilmi
Your faithfully

الذي اقترفناه حتى تصم شعوب الأرض آذانها عن صرخاتنا و آلامنا و ما جرى في كوردستان من جرائم يندى لها جبين الإنسانية.

سيدنا...

يسعدنا لو تفضلتم و تكرمتم بتقليب صفحات التاريخ و تنبشوا بين سطور الماضي ما يحفزكم على البحث عن قضيتنا العادلة آلا وهي قضية شعب و وطن. قضية أمة من الأمم العريقة. قضية تاريخ مجيد و حضارة منسية الشعب الكورد و وطنه كوردستان.

وتكونون بهذا العمل الكريم قد كرمتم ابن هذا الشعب الا وهو آبانا و نبينا و حبيبنا إبراهيم أب الأنبياء اجمعين.

ننتظر سيدنا نصرتكم و عطفكم السامي فنحن خلق الله و ابناء عمومتكم. و لنا عليكم حق يجب ان لا تبخلوا به علينا، فهو ما امرنا وآمركم الله تعالى وتحقيق الرؤيا لا تتم آلا من الرؤيا الصالحين عباد الله اجمعين.

لكم منا و شعب كوردستان و ارض مبعث الرسالات و الأنبياء.. ارض السلام .. كوردستان خير السلام الى حامل السلام.

دمتم في اتم الصحة و لمقامكم الشكر العميق.

من ابناء كوردستان
1999

المخلص
الرحالة الجغرافي الكوردي
كريم زەند
مترجم الأناجيل المقدسة مع القس د. يوسف به ري
1972

المخلص
فوزي رفيق حلمي
السليمانية ت/٢٤٢٣٠

المجد للعلي في السموات
وعلى الأرض السلام

قداسة البابا المحترم والحبر الأعظم الموقر -

تحية سلام واحترام وبعد -

لا يخفي على مقامكم الجليل وانتم قمة القيادة الروحية للأسرة المسيحية في العالم.. ان هناك شعبا في وسط هذا الزخم من الشعوب التي خلقها الله على كرتنا الأرضية.. لازال يعاني من الاضطهاد و العبودية و العنجهية الإمبريالية العالمية.

و الغريب ان هذا الشعب وهو على ارض وطنه التي خلقه الله عليها لا يستطيع التمتع بابسط الحقوق الإنسانية بل لن نكون مبلغين بأننا بتنا نحسد الحيوان في هذا اليوم على ما يتمتع به من الحقوق و التي يبخل بها على شعبنا الكوردي.

لان بلادنا اليوم مستعمرة دولية / مشتركة من قبل خمس دول منذ الحرب العالمية الأولى وحتى يومنا هذا.

سيدنا صاحب المقام الجليل

العالم من اقصاه الى اقصاه اصبح بفضل العلم و التكنولوجيا الحديثة والأقمار الصناعية على اتصال دائم و مباشر مع بعضه واصبحت شعوب الأرض تلم بما يحدث من امور واحداث و ظروف و تطوراتها في العالم.

ولكننا نحن شعب كردستان الذي يزيد نفوسنا عن الأربعين مليونا من البشر لازلنا نصارع وحوش الاستعباد من اجل عتق رقابنا و إنهاء عبوديتنا للأجنبي الدخيل الحامل لكل أنواع الضغينة و الحقد غير المتفهم لحقوقنا المغتصب لإنسانيتنا و احاسيسنا و مشاعرنا و ما سبب ذلك إلا طمعهم بثروات و كنوز بلادنا و التي اصبحت نقمة و عائقا امام تمتعنا بحريتنا و استقلالنا وسيادة بلادنا.

سيدنا صاحب المقام الكريم


نحن نتساءل ... هل هذا هو العالم الجديد المنتظر كما يصوره لنا واضعو النظام الجديد... أصحاب الادعاءات المزيفة ام هي خدعة بارعة جديدة متطورة لكل الاعيبهم السابقة، ابتكروها لخداع الشعوب المستضعفة!؟

يا قداسة الحبر الأعظم..

في الوقت الذي نشاهدك فيه على شاشات التلفاز عبر الأقمار الصناعية في عالمنا هذا، يجعلنا نرقب بشوق كبير أن تكون كوردستان مشمولة برحلات السلام التي تقودها. وانتم في هذا العمر(أطال الله عمركم) الى بلدان العالم و زيارة الشعوب الكرة الأرضية وان لا نكون بعيدين عن خواطر ذاكرتكم وسمو عطفكم ولطفكم. نترقب و كلنا امل مجيئكم إلى بلادنا ارض الأنبياء ومسقط راس نبينا إبراهيم الخليل عليه السلام / ومهبط الأديان Religions land ونتلهف إلى استقبالكم بما يليق بمقامكم العالي.

سيدنا...

نجد والحيرة تأخذنا إلى سؤال طالما راودنا في خيالنا وتفكيرنا.. الا و هو.. أيها المحترم العزيز. هل نحن موجودون في هذا العالم.. ام لا!؟ وهل نحن من الاغراب عن هذه الأرض!؟ و ما هو الذنب



Royal Geographical Society
Kensington Gore London Sw7 2 AR.
Tel. 071-589-5466

The British Society for International Political Geography has decided the official Recognition of the National flag for Kurdistan Land with its three famous colours and the round sun arm in the middle this resolution has come during its last annual meeting which was held in London such as the recognition of Palastinian flag and Akholistani (the Seack and Eritirian flag) by the same organization before years.


The Kurdistan flag will be proved in all political geographical publications all over the world according to this important decision.

The British media Center of
Kurdistan, London, Britain
1992

قررت الجمعية البريطانية للجغرافية السياسية العالمية و التي مقرها في لندن الاعتراف الرسمي بالعلم الوطني لأرض كوردستان و بألوانه الثلاثة المعروفة مع شعار قرص الشمس في الوسط.

و قد جاء هذا القرار في اجتماعها السنوى الأخير المنعقد في لندن أسوة بالاعتراف بالعلم الفلسطيني و الاخولستاني السيخ و الأريتيرى من قبل نفس المنظمة قبل سنوات و سيثبت العلم الكوردستانى في منشورات الجغرافية السياسية في جميع انحاء العالم إستنادا لهذا القرار المهم.

المكتب الإعلامي الكوردستاني-البريطاني
لندن – بريطانيا
١٩٩٢


Learn about the Kurds and their Homeland
KURDISTAN
The Population of Greater OCCUPIED KURDISTAN is 26,000,000 +
KURDISTAN/TURKEY 12,000,000 +
KURDISTAN/IRAN 8,000,000 +
KURDISTAN/IRAQ 4,000,000 +
KURDISTAN/SYRIA 1,000,000 +
KURDISTAN/USSR 1,000,000 +
KURDISTAN is the homeland of the KURDISH people, or(KURDS).
The KURDS are Aryan stock and decended from the MEDES.
Black Sea
U.S.S.R
Caspian Sea
U.S.S.R
OCCUPIED KURDISTAN TURKEY
OCCUPIED KURDISTAN IRAN
CYPRU
Mediterranean Sea
OCCUPIED KURDISTAN SYRIA
OCCUPIED KURDISTAN IRAQ
JORD
SAUDI ARABIA
EGYPT
Red Sea
The Gulf
AREA OF THE OCCUPIED GREATER KURDISTAN 135,547 Sq miles, or, 475,000 Km².
KURDISTAN/TURKEY (47.4 %) area
KURDISTAN/IRAN (33.7 %) area
KURDISTAN/IRAQ (15.8 %) area
KURDISTAN/SYRIA (3.1 %) area
KURDISTAN is nearly the size of FRANCE.
MOUNT ARARAT is located in the section of KURDISTAN OCCUPIED by TURKEY.



Sunday 15/2/2004

تاريخ

الجغرافية التأريخية لوطن الكورد

الجغرافية تساند التاريخ

دراسة الجغرافية ببعد زمني هي الجغرافية التاريخية

Geography is behind History

دەقی دادگایی کردنی پێشەوا قازی محەمەدو سەدرو سەیفی قازی

ئا: بەدرەدین سالح

دەربارەی دادگایی کردنی پێشەوا قازی محەمەدو سەدر وسەیفی قازی گەلێک وتراوەو نووسراوە؛ دیارە ئەم نووسینانە دوو دەستەن، دەستەی یەکەم ئەو کەسانەن کە ویستوویانە ئەو مێژووە بشێوێنن و بەپێی بەرژەوەندی دوژمنانی کورد ئاکار وقسە و شتی دوور لەو زاتانەیان نووسیوەو هەوڵیان داوە ئەو مێژووە بشێوێنن کە دیارە بەری ڕۆژ بە بێژنگ ناگیرێ و بەڵگەشمان دڵسۆزی و خۆشەویستی گەلی کوردە بە قازییەکان و ڕێبازە پیرۆزەکەیان. دەستەی دووەمی ئەو نووسەرانەش ئەو بەڕێزانەن کە یان لەڕووی دڵسۆزییەوە شەونخونیان چەشتووە تا کۆن بکەلەبەرە شاراوەکانی ئەو کارەساتە واتە ڕووخانی کۆماری کوردستان و لەسێدارەدانی پێشەواکەی ئاشکرا بکەن، بەڵام ئەوەی کە ئێستا لەبەر دەستی ئێمەدایە، دەقی ئەو نووسینەیە کە بە قەڵەمی سەروان (کیۆمەرس سالح) هەواڵنێری گۆڤاری ئەرتەشی شاهنشایی ئێران کە دیارە خۆی لە دادگایی کردنەکەدا ئامادەبووە، دەقی ئەم دادگایی کردنەی وەکو وێژەنامەیەکی تایبەت چاپ کردووەو بەسەر ئەفسەرانی گەورەو جێگەی دڵنیایی شار پایە بەرزانی حکومەت دابەش کراوە ئەویش زۆر بەنهێنی.

هەر لەم ژمارەیە تایبەتیەدا کە بە ناوی (تاج کیانی) نووسراوە لە (ستاد) بنکەی ناوەندی فەرماندارى ئەرتەش بە ئەرشیف کراوە، ئێمەش وەرمان گرتووەو پاچڤەمان کردووە بۆسەر زمانی کوردی.

گرنگی ئەم بەڵگەنامەیە لەوەدایەکە (سەروان کیۆمەرس سالح) وەک هەواڵدەرێکی چالاک و چاپوک خۆی لە دادگایی کردنی پێشەوا قازی و سەدرو سەیفدا بەرهەڤ بووەو لە بەر ئەوەی خوشکەزای (سەر لەشکر فەرەیدون جەم) بووە کە ئەویش مێردی (شەمس)ی خوشکی شای ئێران بووە، بۆیە جێگەی باوەڕو دڵنیایی دەرباری شای ئێران بووە، لەم سۆنگەیەوە هەموو بەڵگەنامەو نامە نهێنییەکانی شای ئێران لە ژێر دەستی (سەروان کیۆمەرس سالح)دا بووە تاکو ئاوە بەناوە هەندێکیان لە ئامیلکەی تایبەتیدا بۆ بەرپرسانی سەربازی چاپ بکرێن یاخود دوای ڕێکخستنیان ببرێنە نامەخانەی نهێنی لەشکری ئێران.

دیارە ئەم چاپکردنەش بۆ وردان و دڵ گەرمی ئەفسەرانی لەشکری ئێرانی بووە، هەروەها ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەو نامانە یاخود ئەو ڕۆژنامانەی چاپ دەکرێن لە کۆتایی ساڵدا هەموویان کۆ دەکرێنەوەو لە لایەن (ئەرشیفخانەی سەرکردایەتی لەشکر)ەوە چاپ دەکرێن و دەپارێزرێن.

ئەوەی بەردەستتان ، وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا دەقی ئەو نووسراوەیەیە کە لە دەقی دادگەیی کردنی قازییەکان وەرگیراوەو لەو وێژەنامەیەدا چاپکراوە.

سەروان (کیۆمەرس سالح) دەنووسێ لە دوای تەواوبوونی



دادگەیی کردنی قازییەکان و لەسێدارەدانیان، تەواوی ئەو ڕووداوەم بێ کەم و زیاد لە مانگانە (ماهنامە)دا چاپ و هەواڵە گرنگەکانیشم لە وێژنامەکەی (تاج کیانی) دا چاپ کرد، بەڵام پێش ئەوەی بکەوێتە بەردەست و بڵاوبێتەوە، منیان بۆ دادگەی ئەرتەش بانگ کرد، لەوێ پێیان گوت تۆ بە تاوانی ئاشکراکردنی نهێنییەکانی دادگەیی کردنی قازییەکان تاوانباری و پلەی سەروانی یان لێکردمەوە، ساڵێکیش بەندیخانەیان بۆ بڕیمەوە. بەو هۆیەوە هەم چاپ کردنی (ماهنامە) ڕاگیرا و هەمیش ئەو هەواڵانە بڵاونەکرانەوە.

کیۆمەرس ئەم زانیارییانەی دوای بەربوونی لە بەندیخانە لە ژمارە (٧٥)ی (ماهنامە)کەدا ساڵی (١٣٢٦-١٩٤٧) بڵاوکردوونەتەوە، هەروەها بەر لەوەش لە ژمارە (٦٦)ی ساڵی (١٩٤٦)ی ئەو (ماهنامە)یەدا دەنووسێ دوای کۆتایی هاتنی شەڕی دووەمی جیهانی و گەڕانەوەی لەشکری ڕوس و ئینگلیز بۆ وڵاتی خۆیان؛ ئەرتەشی ئێران کەوتە جموجۆڵ و جوڵانەوە.هەر ئەو هەواڵنێرە لە ژمارەکانی (٤٤تا٦٤)ی ئەو (ماهنامە)یەدا ڕووداوەکانی ساڵی (١٩٤٣تا١٩٤٦)ی کوردستان و ئازەربایجان دەگێڕێتەوەو دواتر لەسەر کۆماری کوردستان و ئازەربایجان بەدوورو درێژی دەنگوباس و شتی وردو گرنگی بڵاوکردۆتەوە کە هەندێکیان بە ئەرشیف کراون و هەندێکیشان چاپ کراون.

لە زۆربەی ژمارەکانی (ماهنامە)کەدا نامەی وەفاداری و دڵسۆزی سەرۆک هۆزی دیبۆکری، عەلی یار ئەسعەدی سەرۆک عەشیرەتی مامەش، قەرەنی ئاغای عەشایەرو ڕەشید بەگی هەرکی و حەسەن تیلۆو قرتیاس مامەدی و نوری بەگی بەگزادەو محەمەدەمین چەپی هەرکی و حەمزەی نادری مامەش و ئەوانی تر بۆ شای ئێران و دەربارەکەی، یان بڵاوکراوەتەوە یاخوود لە نامەخانەی ئەرتەشدا بە ئەرشیف کراوە. لە هەمووی سەیرتر

پەیوەندی عومەر خانی شکاکە بە دەربار کە لەو ماوەیەی کە عومەرخان ئامیر هێزی لەشکری کۆماری کوردستان بووە لە سەقزو دەوروبەری نزیکەی (١٧) نامەی بۆ دلنیایی کردنی دەرباری شا لە دڵسۆزی خۆی بۆ شای ئێران ناردووەو خۆی بە سەربازی دەرباری شای ئێران ناساندووەو بەرهەڤی بەجێ گەیاندنی ئەرک و فەرمانی دەرباری لە خۆی نیشان داوە. هەروەها ئەو نامانەش ئێستە لە نامەخانەی ئەرتەشی ئێرانی پارێزراون.

جێگای ئاماژە پێکردنە کە سەرداری دیبۆکری، عەلی یار لە یەکێک لەو نامانەدا چۆنیەتی چونیان لەگەڵ پێشەوا قازی محەمەددا بۆ باکۆو ئازەربایجانی روسیەو کۆبوونەوەکانیانی بێ کەم و کورتی و بەتێرو تەسەلی بۆ دەرباری شای ئێران نووسیوەو ئەوانی لێ ئاگادار کردۆتەوە.

ناکرێ لەم وتارە کورتەدا باسی ناوەڕۆکی هەموو ئەو نامانە بکەین، بەڵام لەرووی کاریگەری ناوەڕۆکی نامەکەوە ئەم نامەیەی عەلی یار گەورەترین گورزبووە لە کۆمارو لە رووی رێژەی نامەکانیشەوە عومەر خانی شکاک زیاترین رێژە (ژمارە)ی نامە بۆ دەربار نووسیووە هەر دوا بەدوای دەرچوونی لەشکری روس لە کوردستان عومەر خان بە پەلە نامەیەکی بۆ شا نووسیوەو لەو نامەیەدا داوا لە شا دەکات هەرچی زووترە ئەرتەشی ئێران بگاتە کوردستان و نووسیویەتی وامن بە خۆم و هەموو هۆزی شکەکەوە وەکو سەربازی شای ئێران بەرهەڤین فەرمانەکانت بەجێ بگەیەنین. هەر بۆ ئەوەی دەرباری شاهەنشا لە دڵسۆزی و گوێ بە فەرمانی خۆی دڵنیا بکاتەوە دوو کوڕی خۆی بە ناوەکانی قادرو لەزگین بۆلای شاهەنشا ناردوەتە تاران. تا لەکاتی هاتنی ئەرتەشی ئێران بۆ کوردستان بە تایبەت بۆ مهاباد رێنوێنی ئەرتەش بکەن و بێن بە چاوساغیان.

جگە لە عومەرخان زۆربەی سەرۆک هۆزو خێڵە کوردەکانی تریش بۆ دڵنیایی و رێنمایی ئەرتەش و ئیسپاتی ئاتەگوێتی خۆیان بۆ دەربار کورو براو کەسانی دڵسۆزی خۆیان رەوانەی تاران کردبوون.

سەروان **(کیۆمەرس سالح) دەنووسێ** لە رۆژی (١٧)ی مانگی سەرماوەز چەند یەکەیەکی لەشکری ئێران کە لە تۆپخانەو تیپارو چەند تانکێک (چەند کۆنە، تانکێکی لەکارکەوتوو) ئە تارانەوە بەرەو تەورێز وەرێ کەوتن و سێ رۆژ دواتر واتە لە (٢٠)ی مانگ لە دەوروبەری شاری تەورێز دامەزران، بەڵام هەر بەبیستنی ئەم هەواڵە هەموو سەرانی حکومەتەکەی ئازەربایجان بەرەو روسیە هەڵاتبوون و وڵاتیان بەجێ هێشتبوو، بەڵام ئەرتەشی ئێران بۆ دڵنیابوون لە زۆر شت تا رۆژی دواتر واتە (٢١)ی مانگ خۆی لە چوونە ناو شاری تەورێز پاراست. لێرەدا سەروان کیۆمەرس سالح دەنووسێ: ئەو کاتەی دەست بەسەر شاری تەورێزدا گیرا من بۆ ئامادەکردنی ژمارەیەکی نوێی مانگنامەکە گەڕامەوە تاران.

لە رۆژانی دواتر بڕیاری رووەو کوردستان بوون بۆ ئەرتەش دەرچوو هەر بۆ ئەم مەبەستە ئەو چەند یەکە لەشکرەی کە هەر لەسەردەمی کۆماری کوردستانەوە لەسنەو کامیاران و دیواندەرە تا نزیک سەقز جێگیر کرابوون و جار جارەش لەگەڵ لەشکری کۆماری کوردستاندا تووشی شەڕ دەبوون بڕیاری رووەو مهاباد چوونیان بۆ دەرچوو..

لەشکری تارانیان لەگەڵ هەندێ یەکەی لەشکری ئێران لە تەورێز بۆ گەیشتن بەو هێزانەی ناوهان هێنان لە رێگای قەزوینەوە بەرەو کوردستان نارد. ئەم هێزانە رۆژی (٢٠)ی مانگی سەرماوەز گەیشتنە، سەقزو لەوێوە بەرێنمایی سەرۆک هۆزەکانی کورد بە رێگە و بانەکاندا بەرەو ناوەندی کۆمار مهاباد وەڕێ کەوتن.

ئەو لەشکرە رۆژی (٢٩)ی سەرماوەز گەیشتە مهاباد و زۆر بەپەلە ئەفسەرە تایبەتەکان کەوتنە شوێن قازی محەمەدو سەیف و سەدر. ئەرتەشی ئێران لە پادگانە چوکەکەی مهاباد دامەزراو بارونەی داکوتا، هەر ئەوشەوە بەرێگای (لاسنکی)یەوە

پەیوەندییان بە تارانەوە کردو داوای چۆنیەتی یەکلاکردنەوەی چارەنووسی قازیەکانیان کرد. قازیەکانیش لەسەربازخانەدا بەندکرابوون.

زۆر زوو لە تارانەوە فەرمان گەیشت کە لیژنەی دادگەی مەیدانی پێک هاتووەو بۆ دادگایی کردنیان بەرەو مهاباد بەڕێوەن.

رۆژی (٦)ی رێبەندان لیژنەی دادگە بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ غولام حوسێن عەزیمی و دادستانی سەرهەنگ حەسەن کوفانیان و دادیاری سەرگوورد جەعفەر سانعی و لەژێر چاودێری سەرهەنگ ئەمیر حوشەنگ خلعتبەری گەیشتنە مهاباد و کۆبوونەوەی دادگەیی کردنی قازیەکان دەستی پێکرد. سەروان (کیۆمەرس)دەڵێ منیش لە تەواوی دانیشتن و کۆبوونەوەکانی دادگەیی کردنەکان ئامادە بووم، دانیشتنەکانی دادگە چەند سەعاتێکیان درێژە دەبوو، پرسیارو تاوانەکان لە لایەن دادستان حەسەن کوفانیانەوە دەخرانەڕوو، دەتوانم بڵێم پرسیارەکان رۆشن و روون نەبوون.

بەشی زۆربەی تاوانەکان لە لایەن تاوانبارەکانەوە (قازیەکانەوە)رەد کرانەوەو قازیەکان زۆر بوێرانە داوای هێنانەوەی بەڵگەیان دەکرد، بەڵام لەبەر ئەوەی پێشتر هەر لە تارانەوە تاوانەکان دەستنیشان کرابوون و هەر لەوێشەوە بڕیاری کۆتایی وەرگیرابوو قەراریش وانە بوو هیچ بەڵگەیەک بۆ ئەو تاوانانە پێشکەش بکرێ، بۆیە دانیشتنی دادگە وەک رێز بەندیەک دوای چەند سەعات کۆتایی هات و دوای نیو سەعاتیش بڕیاری لەسێدارەدانی قازیەکان، پەسەند کرا، لە راستیدا ئەو بڕیارە لە تاران درابوو هەر ئەو شەوە ئەو بڕیارە بە قازیەکان راگەیەنرا.

تاوانەکانی قازی محەمەد کە بەهۆی ئەمانەوە بە تاوانبار ناسراو بڕیاری لەسێدارەدانی دەرچوو ئەمانەی خوارەوەن:

١- بازرگانی کردنی نەوت لەگەڵ دەوڵەتی روسیە بەبڕی ٥١٪ بۆ دەوڵەتی روس و ٤٩٪ بۆ کۆماری کوردستان بەبێ ئاگاداری و رەزامەندی دەوڵەتی ناوەندی.

٢- گۆڕین و دەستکاری کردنی نەخشەی وڵاتی ئێران و جیاکردنەوەی (٥) پارێزگای ئورومیە، کرمانشاو سنەو تەورێز و ئیلام.

٣- دانان و دروست کردنی (پەرچەم) ئاڵا بۆ کۆماری کوردستان بە ئارمی چەکوچ وداس شێوەی ئاڵای روسیە.

٤- لێدانی سکەی پوڵ (پارە) بۆ حکومەتی کوردستان بە ناوی کوردستان بەوێنەی روبیەی روسی و وێنەی قازی محەمەد.

٥- سازکردنی نەخشەی کوردستانی گەورە هی هەر چوار پارچەکانی کوردستانی ئێران- عێراق - تورکیا- سوریە.

٦- هێنانی بێگانە بۆ ئێران و خستنە ژێر دەستی بەشێک لە خاکی ئێران بۆ نموونە مەلا مستەفای بارزانی.

٧- تەهدیدو هەڕەشەکردن لە شاهنشای ئێران و دەوڵەتی ئێران و راگەیاندنی شەڕو هاندانی خەڵکی کوردستان لە دژی شاهنشا ئاریامێهر.

٨- پەیمان و بەڵێن بەستن لەگەڵ حکومەتی روسیە لە دژی حکومەتی ئێران و هاوکاری هێزەکانی داگیرکەری روسیا لە تەواوی خاکی ئێراندا.

٩- راگەیاندنی سەربەخۆیی حکومەتی کوردستان و داگیرکردنی بەشێکی گەورە لە خاکی ئێران بە ناوی خاکی کوردستان.

١٠- ناردن و هات و چۆ بۆ دەرەوەی وڵات و سەردانی روسیە و دانیشتن و کۆبوونەوە لەگەڵ (باقرۆف)ی سەرۆک کۆماری ئازەربایجانی روسیە.

١١- گرێدانی پەیماننامەو گرێ بەندی بازرگانی بەبێ پرس و رای تاران لەگەڵ بێگانەو ناحەزانی ئێران.

١٢- گرتن و کوشتنی کاربەدانی میری و روخاندنی

خانووەکانیان و سووتاندنی ماڵەکانیان بە تایبەت کارمەندە غەیرە کوردەکان.
نووسەرو پەیامنێری ماهنامە لە درێژەی گێڕانەوەکەیدا دەنووسێ:
قازی محەممەد زۆر بەتوندی هەموو ئەو تاوانانەی ڕەد دەکردنەوە تەنیا سێیانیان نەبێت. ئەوانیش:

١- چونی باکۆی ئازەربایجان و چاوپێکەوتنی جەعفەر باقرۆف.
٢- بوونی ئاڵا بەڵام ئەودک ئەوان بۆی چوون کە چەکوچ و داسی لە شێوەی پەرچەمی ڕوسیا لەسەربووبێ.
٣- هاتنی مەلا مستەفای بارزانی بۆ مهاباد ئەویش ئەک کەس هێنا بێتی خۆی هاتووە، چونکە ئەو کوردەو کوردستان ماڵی هەموو کوردێکەو هەر کوردێک حەزێک لە هەر بستەخاکێکی خۆیدا بژی هەقی خۆیەتی، چونکە ماڵی خاوەن ماڵە.

*** تاوانەکانی سەیفی قازی یان محەممەد حوسێن خانی قازی وەزیری جەنگ و جێگری سەرۆک کۆمار قازی محەممەد.**

١- چوونی دەرەوەی وڵات، باکۆ پایتەختی ئازەربایجانی ڕوسیە.
٢- پەیوەندی کردن بە پیشەوەری سەرۆک کۆماری ئازەربایجانی ئێران لە تەورێزو لەگەڵیدا کۆبوونەوەو پەیمان بەستن لەگەڵ هەردوو سەرۆک کۆماری ئازەربایجانی ڕوسیە و ئازەربایجانی ئێران واتە لەگەڵ پیشەوەری و باقرزف کە ئەویش پەیمانێکی سێکوچکەی نیزامی بووە.
٣- وەرگرتنی وەزارەتی جەنگ لە کۆماری کوردستان لە دژی حکومەتی ئێران.

*** تاوانەکانی سەدری قازی یان ئەبو ئەلقاسم سەدری قازی کە بەنوێنەری دەوری (١٤)ی مەجلسی شۆرای ملی تهران لە لایەن خەڵکی کورد لە بەشی مهابادو دەوروپشتی ئەو شارە هەڵبژێردرابوو.**
١- نووسینی شیعرێکی حەماسی گەورە بۆ مەلا مستەفای بارزانی و بەو شیعرە بە خێرهێنان و پێ هەڵگرتنی وەک و ڕەمزی پیرۆزی گەلی کورد.
٢- هاوکاری کردنی قازی محەممەد و وەزیرانی کۆماری کوردستان و حکومەتەکەیان و دانانی ڕێنوێنی حکومەتداری و دامەزراندنی کارو بارەکانی حکومەتداری لە مهاباد.
٣- نووسینی نامەیەک بۆ قازی محەممەد کە تێیدا نووسیویەتی خۆتان ڕاگرن تا لەدەرەوە کۆمەکتان پێدەگا.
٤- هاندانی خەڵک لە دژی حکومەتی ئێران و دڵنیاکردنی بەرپرسانی کۆماری کوردستان لە مهاباد، بەوەی کە تازە دەوڵەتی ئێران ناتوانێ شەڕ لەگەڵ کۆماری کوردستاندا بکات.

لە سەر وردەکارییەکانی بەڕێوەچوونی دادگەکەدا کیومەرس ساڵح دەنووسێ:
دانیشتنی دادگە نزیکەی چوار سەعاتی خایاندو دەستەی دادگەکە دوای نیو سەعات پرس و ڕاگۆڕینەوە، بڕیاری لە سێدارەدانیان داو بە هۆی بێشەلەوە بە ستەدی ئەرتەش کە ئەو کات، سپەهبەد ئەرشەدی هومایونی، سەرۆکی ستادبوو و ژەنەراڵ تاجوودانی شا لە دەربارو سەرهەنگ فەخرولامین باشیان پەیوەندیان کردو لەوێوە بڕیاری گەڕانەوەی تارانیان وەرگرت. هەر ئەو شەوە بەڕێگای میاندواودوە گەڕانەوە تاران و ئەو شیعرەی کە ئەبولقاسم سەدری قازی پێ تاوانبارکرا هەر بە کوردی لە ژمارە (٦٦)ی ماهنامە- مسلسل ١٥٣دا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام لەگەڵ تێکەڵی هەندێ وشەو هەڵەی چاپی ئەویش، چونکە سەروان کیومەرس ساڵح کوردی نەزانیوە و دیارە ئەوەی تایپیشی کردووە

کوردی نەزانیوە تا بتوانن فۆرمەتێکی شیعرەکە بە جوانی بنووسنەوە و چاپی بکەن. پێویستە ئاماژە بەوەش بکەم کە هەر لەو کۆڤارەدا، لە ویژەی ئاسەکەی تاج کیان -یش دا زۆر بابەتی گرنگ و بە پێز لە بارەی کۆماری کوردستان و بزاڤو چالاکییە هونەری و ئەدەبییەکانی ئەو کاتی مهاباد بڵاوکراونەتەوە، ئەمەش دەقی ئەو شیعرەیە کە بووە بەندی یەکەمی تاوانبار بوون و لە سێدارە دانی سەدری قازی



یا خوا بەخێر بێی هەڵۆی بەرزە فڕی بارزانەکەم
ڕەمزی پیرۆزی گەل و نیشتمانەکەم
بارزانی دوژمن شکێنی، شێری ژیانەکەم
پێت لە سەر چاو و تەزات لە ماڵ و گیانەکەم
بێی تۆ گەل و نیشتمانم بێ خێر و دیلە
ژێر چەپۆکی دوژمن و زەرد و مات و زەلیلە
دڵی دوژمن لە ترسی هەڵمەتت دێتە لەرزە
نیە دوژمن بەرنگارت لەم کورەی ئەرزە
بە تۆ ناسرا گەل و نیشتمانی کوردەواری
ئەتۆی بەرز و بارێز، لە هەر لایە دیاری
بێی تۆیە کە دوژمن بە سەر نیشتماندا زاڵە
بێی تۆ گەل وەک مەلی زامار و بێ پەر و باڵە
تۆ مەردی مەیدان و نەبەرد و ڕۆڵەی
واریسی پیرۆزی ئیرسی بارزان و تۆڵەی
بە مێژوو خاوەن نیشتمان وگەل و خێوی
بە بەرزیت بازی بارزان و لوتکەی کێوی
لای دوژمن بارێز و بە ناوبانگی بە تاوان
بە بیستن دوژمن چرکە مێزە دەگری لە تاوان
بە بارزانم دەنازم، ئەقدەمی ڕووی زەمینە
بێشەی شێر و ئاوەکەی مایەی ژینە
لە تۆ فێربوون بەدەردی بێشەمشان ئاشنایی

بە تۆ بوو شەوی بەخت ڕەشمان ڕەوشەنایی
بێ تۆیە ئەم نیشتمانە دەکەن بەش بەش و دابەش
بەم بەش و پرشو پەرێشانە بوو بێبەش
هەر تۆ بۆ نیشتمان غەمخۆر و پڕ مشووری
فەرامۆشت نەکرد لە کاتی غوربەت و دووری
تۆ بۆ گەل و نیشتمان مژدە و هەم فریشتەی
بە شارەت هێنەری ئەم هەر دوو شار و دەشتەی
گەلم بێ تۆ هەتیو و پەرێشان و وەڕەز بوو
مەلی بێ پەڕو باڵ و گرفتاری قەفەس بوو
بە تۆ گەشاوە ڕوخساری پڕ چرچ و چرووکم
بە تۆ ڕزگار و ژیاوە گەلی مەقتووک وسووکم
کوردم و لەو خاکە بوومە بەو ئاوە ژیاوە
بۆ ئازادی گەل و ڕزگاری نیشتمانم ئەماوم
من بە ڕووت و قووتی و پێخواس و بێ کرلی
لەمالی خۆڕما دوژمن بە سەر بارم دەناسی
مەقدەمی خێرت لای برد، غەمی زۆرم لە سەرشان
بە تۆ سارێژ بوو، تەنی برزارم و حالی پەرێشان
زامی دەردی کوردانم پڕژان و لە مێژە
دەرمانی دەردی مووزمین دوور و درێژە
سەروەر موستەفایە بۆ محەممەد پشتیوان و برایە
یا ڕەب شوعلەوەر کەی ئەو دوو چرایە
یا ڕەب بە فەزل و فەیزی خۆت و نووری ئیمان
مورەفەق کە محەممەد، هەم مستەفا ڕا بخاتری قورئان
فەخری گەل مستەفا و بارزان، مایەی شانازی
فیداتە گیان و سەر و مالی، سەدری قازی
ئەوەی بارزان وانەناسێ بێ هۆش و بێ زمانە
کەر و گێژ وتێژ حەیران و ئەزانە
ئەوەی ناحەزی بارزانە، جاش و خۆفرۆشە،
یانی :گەواد بابە و زۆڵە کوردە و دایکی زانی

دوای تێپەڕبوونی نزیکەی ماوەی سێ مانگ بە سەر دادگایی کردنی قازییەکان ئینجا لە ستادی ئەرتەشی ئێران دەستەیەک بۆ دووبارە دادگایی کردنەوەی قازییەکان لە سانەی خسوارەوە دەستنیشان کرا.

١- سەرهەنگ ڕەزا نیکو زادە (دادستان)
٢- سەرهەنگ ڕەجەب عەتا (سەرۆکی دادگەیی دووبارە پیاچوونەوە)
٣- سەروان حوسێن سولح جو
٤- سەروان ئەمەری وەک پارێزەر بۆ قازییەکان دەستنیشان کرابوو.

لێرەدا هەوالنێر کیشومەرس دەنووسێ: لەگەڵ ئەوەی کە تاوانبارەکان (قازییەکان) بە وردی بەرگری کردن و ڕەددانەوەی خۆیان بۆ ئەو تاوانانە لە (١١٤) لاپەڕەدا لە جەلسەی یەکەمدا بوو بە دادگەی پێچوونەوە و داوای سەلماندنیان کردبوو، داواکەیان بۆ ماوەی نزیکەی سێ مانگ لە دادگەی مەیدانی ستادی ئەرتەش دانرابوو چونکە لە مهاباد داخرابوو مۆر کرابوو هەر بەو شێوەیە مابووە و هیچ کەس ئامادە نەبوو و تەنیا بیکاتەوە یا خود بیخوێنێتەوە.

هەروەها لە کاتی هاتنی دەستەی دادگایی لە تارانەوە بۆ مهاباد ئەم داوانامەیەی بەرگری کردنیان لەگەڵ خۆیان، بۆ نەهێنابوون تا لانی کەم لە کاتی دادگەیی کردنی دووبارەشیان دا پێیان بڵێن ئەوانەمان قەبووڵ نییە. ئەگەرچی تاوانبارەکان زۆر لە خۆیان و لەو نووسراوەی بۆ بەرگری کردن و سەلماندنی بێتاوانی خۆیان ئامادەیان کردبوو دڵنیا بوون، بەڵام دیار بوو بڕیاری تاوانبارکردنیان هەر لە تارانەوە دەرچووبوو.

تاوانباران وایان بیردەکردەوە کە هەر یەکەیان لە وانەیە چەند ساڵێک بەند بکرێن بەڵام وا دەرنەچوو.

لە درێژەی نووسینەکەیدا کیشومەرس دەنووسێ، دەستەی پیاچوونەوەو دادگەیی کردنەوەی قازییەکان لەلایەن ستاد (فەرماندەیی) لەشکری دەستنیشان کران و بەشای ئێرانیش ناسێندران. شاهەنشا هەندێ ئامۆژگاری و ڕاسپاردەی کردن کە بە هیچ شێوەیەک نابێ شک و گومان لە دادگەدا نەکەن و بەردەوام پەیوەندی بێتەلیان دەگەڵ ستادی ئەرتەشدا بەرقەرار بێت.

دەستەی دیاریکراوی دادگە لە ڕۆژی (١٣٢٥/١/٤) لە تارانەوە بەرەو تەورێزو لەوێوە بۆمیاندواو مهاباد وەڕێ کەوتین، ڕۆژی (١٣٢٥/١/٧) گەیشتینە شوێنی مەبەست و شەوێک لە پادگانی مهاباد پشوومانداا. بەیانی دادگە دەستی پێ کرد، سەرەتا قازی محەممەدیان هێنا و دەست کرا بەپرسیار لێکردنی کە تاوانەکانی هەمان ئەو ١٢ مادەیەی پێشووبوون کە لەلایەن دادگەیی نیزامی سەحراییەوە جاری پێشتر ڕووبەڕووی کرابوونەوەو قازی محەممەدیش جگە لە سیاسیان نەبێت هەموو ئەوانی دیکەی بە توندی ڕەدکردنەوە... قازی محەممەد دووبارە بۆ سەلماندنی تاوانەکانی دادگە داوای بەڵگەی دەکرد. لە تەواوی کاتی خوێندنەوەی تاوانەکان و بەرگری لەخۆکردنی دا (قازی محەممەد زۆر ئارام و لەسەرخۆبوو، زۆر بەڕێزو بەهێمنییەوە وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە).

بەهۆی پێداگری قازی محەممەد لەسەر ڕەدکردنەوەی تاوانەکانی دادگە، دادستان بەسەر قازی دا نەڕاندی و زۆر بە توندیی قسەی لەگەڵ کرد، قازی محەممەدیش کاردانەوەی بەتوڕەبوونی خۆی نیشانداو بە زمانی فارسی بە دادستانی وت: شما نمک خوردە دیگران را نشخوار میکنید. هەروەها پێی وت: **شما اگردین ندارید و خدارا هم نمی شناسید و ایمان بە حساب و کتاب اخرت ندارید لا اقل ذرەای جوانمرد باشید، پێی وت ئەم هەموو درۆو بوختانەتان چۆن بۆمن دروست کردووە ئەگەر ڕاست دەکەن بەڵگەیەک بخەنەڕوو.**

لەبەر ئەوەی ئەم قسانە لەناو فارساندا ئیهانەیەکی گەورەیە بۆیە بەو قسانەی قازی دادستان زۆرتر تووڕەبوو تاکو بەمستیش لەسەری خێدا و بە **قازی محەممەدی گوت: کوردان سەگ سفەت؟!** بەڵام ترسێنی و هەڕەشەی دادستان کاری لە قازی نەکرد بەڵکو بە پێچەوانەوە زیاتر بەڕووی دادستان هەڵپڕا و پێی وت: سەگ و بێ شەرەف و بێ ئابڕو ئێوەن کە هیچ سنوورێک بۆ خۆتان و بۆ خەڵک و یاسادانانێن، ئاخر بێ شەرەف ئەتر هەر دەتوانی بڕیارێک کە ئەو بێ شەرەفەکەی تر داویەتی جێبەجێی بکەی لەوە زیاتر هیچ هەڵەیەکی ترت لەدەست نایە، من لە زووەوە خۆم بۆ ئەوە ئامادەکردووە و بە باوەشی ئاواڵەوە، ئەوەی کە بێ تاوانم و لە ڕێگەی ئازادی میللەتەکەمدا دەکوژرێم ئەمە بەڕەحمەت لەلای خودا بۆ خۆم دەزانم. شانازی بەو مەرگ و مردنە مەردانەیە دەکەم.

دوای تەواوبوونی قسەکانی، قازی محەممەد بڕیاری دا ئیتر هیچ قسەیەک نەکات و وەڵامی هیچ پرسیارێکی دادگە نەداتەوە قازی سێندی خوارد وەڵام نەداتەوە و گوتی ئەم نامەردە هەر شەلەتێکی دەیکا بابیکا، دادستانیش بۆ ئەوەی قازی محەممەد بێنێتەوە سەرخۆی و بەڵکو لە بڕیارەکەی پاشگەز بێتەوە کاتی پشوودانی دادگەکەی ڕاگەیاندوای پشوودان زۆریان هەوڵ و تەقەللادا کە وەڵامی پرسیارەکانی دادستان سەرهەنگ نیکوزاد بداتەوە، بەڵام **قازی محەممەد گوتی:** کە ئێستا بڕیار وایە من لە سێدارە بدرێم ئەمە بە خاتری ئەو سۆزو بەڵێنەیە کەمن بە میللەتەکەم داوە، بڕیارم داوە لەگەڵ گەلەکەمدا بژیم و بۆ ئەوان بمرم تازە چۆن ئامادەم بەڵێنی خۆم و سوێندێک کە خواردوومە بشکێنم، بە هۆی ئەو هەموو بێ

شەرەفییەی سەرهەنگ کە خۆی کراوە دادستان. من ئامادەنیم وەڵامی ئەو کەسە بدەمەوە مەگەر کەسێکی تر پرسیارە لێ بکات

کاتێک روون بووەوە قازی محەممەد ئامادەنییە قسە بکات دەستەی دادگە کەوتنە راگۆڕینەوە لە نێوان خۆیان. ناچار بڕیاریان دا لەشوێنی سەرهەنگ ئیکوزادە، سەرهەنگ رەجەب عەتایی کە سەرۆکی دادگەبوو، بوو بە دادستانی دادگەکە.

پرسیارەکان دووبارە لە یەکەمەوە دەست پێکرایەوە؛ قازی محەممەدیش هەموو ئەوانی رەدی کردبوونەوە رەدی کردنەوە. لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی کە بۆچی بەبێ ئاگاداری لەگەڵ حکومەتی ناوەندی گرێبەندی بازرگانی نەفتتان لەگەڵ روسیەدا بەستووە؛ **قازی محەممەد پێکەنی و گوتی:** کامە نەفت. ئێمە کام بیرو کۆمپانیای نەفتمان لەبەردەستدا بووە تا بازرگانی پێوەبکەین. سەیرە ئەگەر ئێوە دەتانەوێ بەناڕەوا تاوان بدەنە پاڵ ئێمە. تاوان و بوختانێکمان بۆ دروست بکەن کەلانی کە. وێ بچێ. رەنگە ئێوە ئاوی ئەم رووبارە کە بە ناو شاری مهاباددا دەڕوات دەبێ بە نەفت بزانن. بەراستی ئێوە زۆر نەزانانەو بێ سەروبەرانە ئەو هەموو تاوانەتان بۆمان هەڵبەستووە کە هیچ کامیان ئەساسیان نییە.

هەروەها لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە گوایە قازی محەممەد رێگەی داوە یاخود داوای لە بێگانە کردووە بێتە ناو خاکی ئێران وەک مەلا مستەفا؛ قازی محەممەد هەروەک سێ مانگ بەر لە ئێستە وەڵامی ئەم پرسیارەی دایەوەو گوتی مەلا مستەفا لە کوردستان بێگانە نەبووەو نییە. کوردستان هی هەر کوردێکە. ئەو جارە کەس ئەوەی نەهێناوەو باردۆخ وایکردووە بێ بۆ بەشێکی تر لە ماڵەکەی خۆی. واتە لەبەشێکی ماڵەکەی خۆیدا هاتووە بۆ بەشێکی تری ماڵەکەی خۆی و وسلام.

ئەوجا سەرهەنگ عەتایی یەکە یەکە پرسیارەکانی دووبارە پرسینەوەو قازی محەممەدیش هەروەک پێشتر هەموو تاوانەکانی دووبارە رەدکردنەوە؛ لەو کاتەدا دیسان سەرهەنگ ئیکوزادە، کە دادستان بوو و قازی محەممەد زۆر بەتوندی لە بەرامبەری وەستابوو وەکو مار خۆی دەخواردەوە؛ پارچە قوماشێکی لە جانتاکەی دەرهێنا کە رەنگی سوورو سپی و سەوزبوو چەکوچ و داسێکی لەسەر کێشرابووەوە بە قازی محەممەدی گوت: ئەدی هەموو حکومەت و پەرچەم و تەشکیلاتت ئەوە نییە؟!! سەرهەنگ تفێکی لە ئاڵاکە کردو خستییە بەرپێی و پێی لێنا؟! **قازی محەممەد لە بەرانبەر ئەم کردەوەی سەرهەنگدا وتی یەکەم جار ئەمە هەرگیز ئاڵای کوردستان نییە و نەبووە، چونکە ئاڵای ئێمە چەکوچ و داسی تێدا نییە دووەم ئەم هەڵسوکەوتەتان نیشانەی کەم عاقڵی و بێ شعووری تۆ دەگەیەنێ، دڵنیابن ئاڵای کوردستان ئێوە دەستان پێی راناگا بێ حورمەتی پێ بکەن، رۆژێکیش دێ لەسەر ئەو خانووەی کە منی تێدا دادگەیی دەکرێم هەڵدەدرێ و دەشەکێتەوە.**

پەرچەم (ئاڵا)ی کوردستانم وا بە مەلا مستەفای بارزانی

سپاردووەو لەسەر شانی ئەو لەو چیا بۆ ئەو چیاو لەو شار بۆ ئەو شارو لەو وڵاتە بۆ ئەو وڵاتەی دەبا؛ تا رۆژێک لە تەواوی بەرزایی و بڵندایییەکانی کوردستان هەڵدەدرێ و دەشەکێتەوە، دڵنیابن ئەو رۆژە دێ. ئینجا سەرهەنگ داوای لە قازی محەممەد کرد هەر چەند ئەم بابەتە لە دەرەوەی بەرنامەی ئێشکاری دادگەیە بەڵام ئەگەر بکرێ هەندێ تایبەتمەندی و خورەوشتی مەلا مستەفا بارزانیمان بۆ باس بکات.

چ وەک بیروباوەڕ بۆ چوونی خۆی یان وەک خورەوشت و ئەکاری خودی بارزانیی، بەبێ دەمارگیریی.

قازی محەممەد گوتی: ئە مەلا مستەفا بارزانی بگەڕێ تۆ خۆت وتت کە مەلا مستەفا کەسێکی بیانییەو ئەمە لە دەرەوەی ئێشکاری دادگەیە، بەڵام دیسان سەرهەنگ داوای لێکرد... قازی محەممەد گوتی، ئەگەر بە تەواوی باسی مەلا مستەفات بۆ بکەم لەوانەیە بلێی لایەنگیری و خۆشەویستی و دەمارگیریی کوردانە گرتوویەتی.


سەرهەنگ عەتا سوێندی بۆ خوارد کە من بڕوام بەراستگۆیی تۆ هەیە، هەر لەو دادگەیەدا بۆم روون بۆتەوە کە هەرچی وتوتەو دەیڵێی لە ناخی دڵتەوەیە و بە باوەڕەوە وتوویتە.

ئینجا قازی محەممەد گوتی: من ناتوانم هەموو تایبەتمەندییەکانی بارزانی بۆ ئێوە باس بکەم، ئێوەش هەرگیز ناتوانن بارزانی بە تەواوی بناسن ئەگەر منیش بڵێم ئێوە هەرگیز پەسندی ناکەن کە دوژمنتان بەو هەموو کردەوەو تایبەتمەندییە باش و جوانانەوە بناسن و ئەوپەڕی دوژمنایەتی ئێوەشدا بێ.

دادستان هەڵیدایێ و داوای لێکرد کە بەرادەی زانیاری خۆی مەلا مستەفایان پێ بناسێنێ، هەرچی لە بارەیەوە دەیزانێ بیڵێ.

قازی محەممەد دیسان پێی لەسەر ئەوە دادەگرێت و گوتی ئەمن و ئەکەس ناتوانێ بارزانی وەک خۆی بە ئێوە بناسێنێ حەز دەکەم ئەو باسە بگەڕێنێ، بەڵام دیسان داوایان لێکرد ئەو باسەیان بۆ بکات. قازی محەممەد وتی باشە. **بەڵام تەنیا لە چەند رستەیەکدا دەتوانم بڵێم مەلا مستەفا بارزانی، ئەوەی لە پیاوەتی و کەرامەت و شەرافەت و ئینسانیەت و شەجاعەت و ئەبەزی و سەخاوەت و پیاوەتی و نەترسی لە مێژوودا کەسانی مەزن بوویێتیان، مەلا مستەفاش هەیەتی، ئەوەی موسڵمانانی سەدری ئیسلام لە باوەڕو راستی و پاکی و دڵسۆزی بۆ خواو ئایین و خەڵکی هەژارو داماوی میللەت بوویانە بارزانی هەموو ئەوانەی تێدایە؛ هەروەکو سەعدی دەڵێ: هرانچە خوبان همەدارند، او بتنهادارد.**

جا حەز دەکەن باوەڕبکەن و پێتان خۆش بێ یا حەز دەکەن پێتان ناخۆش بێ. هەموو ئەوانەی لە دادگەکەدا بەرهەف بوون سەریان لەو تاریفەی قازی محەممەد سوڕما، قازی محەممەد دیاربوو هەموو ئەو قسانەی لە ناخی دڵیەوە بە باوەڕەوە دەگوت و هیچ شکو وگومان لەوەدا نەبوو ئەو تاریفانەی کە لە مەلا مستەفای کردن نە بە خاتری دڵخۆشی مەلا مستەفا بوو، نە بەخاتری هەیبەتی دادگە. عەتایی لێی پرسی ئەو هەموو توڕەییەتان لە جەنابی سەرهەنگ ئیکوزادە



چی بوو، چونکە ئێمە بێسترومانە لەم وڵاتەدا کەس بەرادەی تۆ لەسەرخۆو ئارام و هێمن نییە. قازی محەمەد گوتی من ئەو مافە، بەکەس نادەم ئێهانە بە گەلەکەم بکات و ئێستا من لە پێناوی ئەو میللەتەدا حوکمی لەسێدارەدرانم پێدراوە تازە من بە خاتری چی حەز بە ئیهانەی هەر خوێڕی و ناپیاوێک قەبوڵ بکەم و من ئەنیا (مثل بەنە بە مثل) وەڵامی ئەوە داوەتەوە نە زیاتر، ئەمە کاری خوایە کە دەبێ خوێڕی و بێ سەروپێیەک بێت و ئیهانە بە میللەتی کورد بکات ئەمە لێشاتوویی و لێزانی ئێوە نییە. ئینجا من چیە دەوێ ت قبولی هەر بێ حورمەتیەک بکەم هەروەک و سەعدی دەڵێ (هرا انکس دست ازجان بشوید، هرانچه درد دل دارد بگوید) ئەگەر من بەبێ ئەزاکەتیم ئەزانیبا زۆری ترم لەدڵدا بوو پێی بڵێم، تازە ئەوەی من داوام بوو لە خوا، خوا پێی داوم واتە مەرگ و شەهیدبوون لە پێناوی ئایین و گەلەکەمدایەو هیوادارم بەڕوویەکی سوورەوە بچم بۆ بارەگای خوای گەورەو میهرەبان. لە کۆتایی ئەو دادگەیەدا ئەو تاوانەشیان خستە پاڵ قازی محەمەد؛ کە گوایا ئەو دێرە شیعرە (**اگرسراسر پشت بردشمن دهیم- ازان به کەیکی به کشتن دهیم**)ی بۆ کۆمەڵێک ئەفسەرو کادیری کۆمەڵ خوێندۆتەوەو ئەو نیش کردوویانە بە دروشمی خۆیان. بەڵام قازی محەمەد لەوەڵامدا گوتی جاری یەکەمە من ئەو شیعرە دەبیستم، دوایی دەستی خۆی گوتی ئاتا ئەو شیعرە سەدری قازی (ابو القاسم سەدری قازی) وتوویەتی و قازی محەمەد شیعری تری بەرانبەر هێزی چەکداری کۆماری کوردستان وتودو وتوویەتی ئەرتەش و حکومەتی ئێران وەک دێرە شیعری: پیرمردی زنج می نالیمه، پیرێ چشنیش هم می مالیند. سەروان کیومەرس سالح دوای خانەنشین بوونی لە ژێر نووسی گۆڤارێکی تردا دەنووسێ: من لە زۆربەی دادگاکانی مەیدانی و سەربازی و بەدەوییدا وەک هەواڵنێر بەشدارم کردووە، ئەو کاتەی کە هەواڵنێری «ماه نامە»ی ئەرتەش بووم. بەڵام هەرگیز هیچ کەسێکم بەرادەی قازی محەمەد بە جەرگ و بوێر نەدیوە. هەرگیز لە کاتی دادگە کردنیدا نەترسابوو و زۆر بەبێ باکی قسەی دەکردو وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە وەک ئەوەی لە کۆڕی جەژن و داوەتێکدا دانیشتبێ وابوو.

هەر لە سەروبەندی دادگەیی کردنی قازی محەمەد بۆ جاری دووەمدا کیومەرس سالح لە(ماه نامە) کەدا دەنووسێ کە تەواوی هەل و مەرج و ڕووداوەکانی دادگەیی کردنەکەی وەکو خۆی نووسیوە بەڵام هەر بەو هۆیەشەوە بووە دواتر بە تاوانی ئاشکرا کردنی نهێنی لەشکەری و دژە ئەمنیەت بوون (ماه نامە) کەیان بڵاونەکردۆتەوەو سەروان (کیومەرس سالح)یان دادگایی کردووە.

لە درێژەی نووسینەکەیدا سەروان کیومەرس دەنووسێ: کاتێک سەرهەنگ نیکوزاد ئیهانەی بە قازی محەمەد و گەلی کورد کردو قازی محەمەدیش زۆر بە توندی وەڵامی دایەوە: قازی محەمەد وتی پێشینانی ئێمە لێوەیان زۆر باشتر لە ئێمە ناسیبوو، یاخوا خودا ئەو شاعیرە خۆش بێ کە گوتوویەتی: سەروان کیومەرس سالح دەڵێ **شیعرێکی زۆر بەواتاو بەرزو گەرمی خوێندەوە کە بە فارسی بوو و ڕەگ و ڕیشەی عەجەم و شیعەی دەردەهێنا.**

حەزم دەکرد ئەو شیعرە بنووسمەوە و بزانم شیعری کێیە. بەڵام کاتێکی دادگەبوو نەمتوانی شیعرەکەی پێ دووبارە بکەمەوەو لە دوای خوێندنەوەی شیعرەکە قازی محەمەد وتی: ئاوا ئێشانی ئێمە ... داوەو ئێوەیان پێ ناساندووین. قازی محەمەد گوتی هەزار ڕەحمەتیان لێ بێ دیسان سەرهەنگ عەتا پرسیاری لە قازی محەمەد کرد: ئەو کاتەوەی مەلا مستەفا بارزانی لەو ناوە بێیستبوو هیچ پەیوەندیەکتان لە گەڵیدا هەبووە. ئەگەر بووە لەچ ڕۆژێکدا و چۆن بووە.

قازی محەمەد گوتی: تا بارزانی گەیشتە دەوروبەری شنۆو نەغەدە (ئەمساڵ) پەیوەندیان پێکەوە هەبوو، بەڵام لەوەتەی ئەو دوور کەوتۆتەوە هیچ پەیوەندیەکمان نەماوەو ئاگام لێ نییە.

دیسان لێیان پرسی: ئایا دەکرێ بڵێی ئەو کاتەی لەگەڵ مەلا مستەفادا پەیوەندیت هەبوو، مەلا مستەفا چی پێ ڕادەسپاردیی، چ نەخشەیەکی بۆ ڕزگارکردنی تۆ هەبوو؟!

لەوەڵامدا قازی محەمەد گوتی: مەلا مستەفا بارزانی زۆری هەوڵدا من لەگەڵیدا بچم، تا نە خرابوومە بەندیخانەوە پێی وتم کەمن دڵ بەبێ تاوانی خۆم خۆش نەکەم، مەلا مستەفا وێنەی ڕاستەقینەی ئێوەی عەجەمی بۆ کێشام و حاڵی کردم کە ئێوە چۆنن و چین و کێن.

سەرهەنگ عەتا لێی پرسی: دەکرێ بڵێی ئەو وێنەیەی لە ئێمەی بۆ کێشایەوە چی بووو چۆن بوو؟

قازی محەمەد گوتی: بەڕاستی بارزانی ئێوەی لە هەموو کەسێک باشتر ناسیوە؛! مەلا مستەفا پێی وتم کە هیچ گەل و میللەتێک وەک عەجەم نییە، عەجەم کاتێک دەسەڵاتی هەبوو لە خۆی بێ بەزەیی و بێ وێژدان و زاڵمترنییە، بەڵام ئەگەر ژێر دەست بوو کەس ناتوانێ و نازانێ وەک عەجەم خۆی مەزلوم بکا و بپاڕێتەوە لە کاتی بەهێزیدا هەرچی لە دەستی دێ دەیکا و لە کاتی بێ دەسەڵاتیشدا بە هەر چیەک خۆی دەرباز کا دەیکا و دەیڵێ جا تۆ بە هیوای ئەوە مەبە کە تاوانێکت نەکردووە عەجەم لێت خۆش بێ.

دیسان سەرهەنگ عەتا پرسی بەشێوەیەک نیت کە لەگەڵیدا بەڕێشتی. قازی محەمەد وەڵامی دایەوەو گوتی: ئەگەر خوای گەورە ئەو شێوە مەرگەم بەخۆ بە خێڵاک دەزانێ نا پەشیمان نیە، چونکە بەڵێنم بە میللەتی کورد داوە لەگەڵیان بژیم و لە پێناویاندا بمرم. دەزانم ئەگەر من ڕۆیشتبام، ئەمستان نەکەوتایە بەردەست دڵنیام کەسانی زۆرتان لە خەڵکی بێ تاوانی میللەتی کورد بە تۆڵەی من دەکوشت. جا بۆیە خۆشحاڵم بەوەی یەکەم جار من بێ تاوان دەکوژرێم، دووەمیش بە بەڵێنی خۆم وەفام کردو هیوادارام ڕووسووری دنیا و قیامەت بم لەلای خوداو لەلای میللەتەکەی خۆم.

پرسیار: ئایا کاتێک تۆ زیندانی بووی بارزانی لە دەوروەی مهاباد هیچ نەخشەو پیلانێکی بۆ ڕزگارکردنت هەبوو یان شتی تر؟

قازی محەمەد گوتی: بەڵێ بارزانی خەبەری دامێ کە هەر شەوێک دەڵێی من دەتوانم ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگەکانم بنێرم و بێنە ناو پادگان و بەهەر جۆرێک بێت لە بەندیخانە ڕزگارت بکەم. مەلا مستەفا زۆری مەبەست بوو لە بەندیخانە نەمێنمەوەو نەکوژرێم.

پرسیار: ئەی بۆچی ئەو کارەی نەکرد؟

وەڵام: من خۆم نەمویست؟

پرسیار: لەبەرچی؟ بۆچی ئاما دەنەبوونی ڕزگارت بێ؟!

قازی محەمەد وەڵامی دایەوە: لەبەر چەند هۆیەکەوە بوو.

سەرهەنگ عەتایی پرسی: هۆیەکان چی بوون؟

قازی محەمەد گوتی: سەرەتا لەبەر ئەو پەیمان و بەڵێنانەم بوو کە گوتم دووەمیش بۆ ئەوە بوو زیاتر لەوە خوێنی نەڕێژرێ بە تایبەت لە پێناوی مانەوەی منداو من نیگەرانی کوشتن و کوشتار بووم.

سەرهەنگ عەتا وتی: بەڕاستی نیگەرانی خۆت بووی یاخود بارزانیەکان یاخود نیگەرانی سەربازانی ئێمە بووی؟!

قازی محەمەد گوتی: نەوەڵڵا نە نیگەرانی خۆم بووم و نە نیگەرانی سەربازانی ئێوە بەڵکو من نیگەرانی کوردەکان و لاوەکانی بارزانیەکان بووم. دەنا من ئەوەم بۆ خۆم داناوەو دەمزانی هەر دەکوژرێم و ئەمەیان ئاواتی منە.

سەرهەنگ عەتایی: دەکرێ بڵێی بۆ ئەوەندە نیگەرانی بارزانییەکانی؟

قازی محەمەد: لەبەر چەند هۆیەک؟!

سەرهەنگ عەتا: ئەو هۆیانە چین؟!

قازی محەمەد: چونکە مەلا مستەفا و بارزانییەکان هیوای دوا ڕۆژی میللەتی کوردن و منیش پەرچەمی کوردستانم بە ئەوان سپاردووە ئەوان پارێزگاری ئەو ئاڵایە (پەرچەمە)یە دەکەن تا ڕۆژی

خۆی ئالای کوردستان لای ئەوانە نەک ئەوە کە سەرهەنگ نیکوزادتفی لێ کردوو پێی لەسەر دانا، هیوام بە خوایە رۆژێک بێت و ئەو ئالایە بەدەستی بە توانا و بەهێزی بارزانی لە سەر ئەم خانووەی کە منی تێدا دادگە دەکرێم و هەموو شوێنە بەرزەکانی کوردستان بشەکێتەوە.

سەرهەنگ عەتا: دوایین پرسیار: ئایا بەڕاستی خۆت ئەچووی یا مەلا مستەفا دەگەڵ خۆی ئەیبردی و ئەیویست لەگەڵیدا بێت؟!

قازی محەممەد گوتی: وا دیارە ئەوانەی من ئێستا وتومە باوەڕت پێیان نییە؟!

سەرهەنگ عەتا: ئاحەز دەکەم ڕاستیەکەیم پێ بڵێی؟!

قازی محەممەد: سەرهەنگ پێت ڕادەگەیەنم کە تۆش ئیعبە نەکەی؟ یانی چی ڕاستیەکەیت پێ بڵێم مانای چییە!؟ ئا من بۆ کوێ دەڕۆم ئێرە خاکی کوردستانە؟ باب و باپیرانم لێرە ژیاون خۆ من پیشەوەری ژن سیفەت نیم وڵات و میللەتەکەم بەجێ بهێڵم و هەڵێم!!.

سەرهەنگ عەتا: لە ترسی ئەوەی قازی محەممەد دووبارە تووڕە نەبێتەوەو وەک نیکوزاد ئەویش ڕیسوا نەکا بە پەلە داوای لێبووردنی کردو سوێندی خوارد کە مەبەستی ئیهانە کردنی نەبووە بەڵکو قسەیەک بوودو واهاتووە.

قازی محەممەد گوتی: ئەگەر قسەیەکم گوتبێ و ئێوە پێتان خۆش بووە، ئەوە دیارە زۆربانم پێچەوانە پێگرتوو، دەنایەقینەن ئەوەی وتوومە هەمووی وایە.

سەرهەنگ عەتا: بەڕاستی داوات لێدەکەم وەڵامی ئەو پرسیارەشم بدەوە کە ئەوەندە هۆگریت بە میللەتەکەت و وڵاتەکەت هەیە، بۆچی وچۆن بوو ئیجازەت بە بێگانەدا بێتە ئەم وڵاتەو بێتە سەرباری گەلەکەت.

قازی محەممەد گوتی: دیارە ئەوەندە لەو وشەیە دووبارەدەکەمەوە مەبەستان هێزەکانی ڕوس و ئینگلیزە.

سەرهەنگ عەتا: نامەبەست مەلا مستەفا بارزانییە؟!

قازی محەممەد: بەپێکەنینەوە گوتی دەمێکە وەڵامی ئەو پرسیارەتم داوەتەوە، دووبارە گوتنەوەی بێ ناوێ، پێم وایە بارزانی ئەمن هێناومە و نە بێگانەو غەیرە کوردە. مەلا مستەفا کوردەو کوردستان ماڵی هەموو کوردێکە و مەلا مستەفا بارزانی وەکو ئێستا نیک لە بەشێکی ماڵەکەی خۆی هاتۆتە بەشێکی تردەوە، هەموو کەسێکیش مافی ئەوەی هەیە لە هەر شوێن و لایەکی ملکو ماڵی خۆیدا دانیشێ و ئەوە مافی خۆیەتی و باش بەش بزانن من خۆم حەزم نەکرد بڕۆم دەنا من چەندین ئۆتۆمبێلم لەبەردەستدا هەبوو هەرکات و سەعاتێک مەیلم بوایە دەستم بڕۆم و لە خاکی ئێران دەرچم. زۆر باشیش لەسەرئەنجامی کارەکەی خۆم ئاگادارییوە.

ئێوەش زۆر باش دەزانی، هەروەک بارزانی گوتی ئێوەی عەجەم لە کاتی زەلیلیدا کەس نازانێ و ناتوانێ وەک ئێوە بپاڕێتەوە ومەزلومیەتی خۆی نیشان بدا، بەڵام لە کاتی دەسەڵاتداری دا کەس لە عەجەم زاڵمتر، بێ بەزەیی و کەلەڕەقتر و دڵ ڕەش تر نییە.

بەم شێوەیە دادگەیی قازی محەممەد کۆتایی هات.

ئینجا نۆرەی محەممەد حوسێن خانی سەیفی قازی هات و زۆر بە هەیبەت و ویقارو لەسەرخۆیی و بوێری هاتە ژوورەوەو هەر پێی وانەبوو ئەمە دادگەریە.

سەرهەنگ نیکوزاد هاتەوە سەر شوێنی ڕەسمی خۆی و ڕووی لە سەیفی قازی کردو دەستی کرد بەپرسیار.

پرسیار: تۆ چۆن بووی بەوەزیری جەنگ و بۆچی ئەو بەرپرسیارێتیە (پوشالی) پەسەیبیەت وەرگرت و مەبەست ئەم کارە چی بووە.

سەیفی قازی: من بە ئیفتیخارەوە ئەو ئەرکەم وەرگرت و مەبەستم خزمەت بە گەلەکەم بوو هیچی تر.

پرسیار: مەبەست خزمەت بوو یان بۆ ئەوەبوو لەڕێگای ئەمنیەتدا پووڵ وەسەریەک بنێی و پیتی بێ.

سەیفی قازی: بەپێکەنینەوە، سەرهەنگ ئەکەی تۆش من ئاناسی جگە ئەوەی کە هەر بۆپوڵ ئەوەم نەکردەوە بەڵکو من نزیکەی (٢) ملیۆن تومانم بۆ میللەت و کۆماری کوردستان خەرج کردووە، کە دارایی و سەروەتی تایبەتی و کەسی خۆم بووە. سەرهەنگ وا دیارە جگە ئەوەی هیچ لە بارەی منەوە نازانی شتێکی ئەوتۆش لە کارو، داب و نەریتی دادگە و دادرەسی نازانی.

لێرەدا، چونکە سەرهەنگ هێشتا لە جنێوەکانی قازی محەممەد تووڕە بوو و دڵی پڕ بوو و هەستی بە تێک شکان و دۆڕان دەکرد ویستی بە هانەیەک بە سەیفی قازی، بگرێ و خۆی تووڕە بکات، بەڵام سەیفی قازی ئاگاداری کردەوەو پێی گوت: ئێمە تازە دەستمان لە ژیان و ماڵی خۆمان شۆرشتووەو ئەگەر بەقەد تۆزقاڵێک بێ ئەدەبی و جەسارەت بکەی من وەکو قازی محەممەد نیم هەر بە قسەو جنێودان وازت لێ بهێنم. مستی خۆی گرێ کردوو بەسەرهەنگی نیشاندا و پێی وت بەم مستە سەرو گوێلاک و دەم و ددانت دەشکێنم، ئاخر لە مەرگ زیاتر کە ناوانی ئێمەشە چی تر هەیە. یەک ملیۆن درۆو بوختان و قسەی تۆزو شتی ترتان. شتی تری بێ واتاتان بۆ دروست کردووین ئەو جا خەریکن شەڵەت و ناماقوڵی زیاتریش دەکەن.

هەموو ئەو درۆو بوختانانەی کە سازتان کردووە هیچ بنەماو ئەساسێکیان نییە، بەڵام ئێستا من لێرە ڕادەگەیەنم کە ئەو هەموو درۆو بوختانانە بە شانازییەوە لەسەرخۆم قەبوڵ دەکەم. ئیتر ئامادەنیم هیچ وەڵامێکتان بدەمەوە. بەم شێوەیە دادگەی سەیفی قازیش کۆتایی هات.

ئینجا نۆرە گەیشت بە ئەبو لقاسم سەدری قازی و هێنایانە بەر دەم دادستان و یەکەم پرسیارێک کە ئاراستەیان کرد ئەوە بوو کە: ئایا مەبەست لەو نامەیە چی بووکە بۆ قازی محەممەد تان نووسیوەو داوات لێکردووە خۆراگرن ئاکۆمەکتان دەکاتی.

سەدری قازی گوتی: هەرگیز شتێکی وا نە ئارادانییە و ئەگەر دەڵێن بووە ئەرموون بیخەنەڕوو.

ئینجا دادستان گوتی: ئەدی ئەو شیعرە چییە کە بۆ بارزانیت نووسیوە؟! سەدری قازی گوتی: بەڵێ ئەوە من نووسیومە خۆشم ویستووە شیعرم بۆی نووسیوە.

دادستان دووبارە پرسیاری کردەوە: ئایا ئەو یارمەتییەی کە تۆ نووسیوتە پێشتریش بووە یان بۆ جاری یەکەم بووە کە لەلایەن بێگانەوە کۆمەکتان پێ بکرێ!! دیسان سەدری قازی وتی: ڕەدی دەکەمەوە شتێکی وانەبووە. ئینجا دادستان گوتی: بۆچی لە تەوریز لەگەڵ پیشەوەری کۆبوونەوەت کردووەو وتوویژتان لەگەڵ (ئەمیر عەلی ئۆف) فەرماندەری ئیزامی ڕوس لە میاندواو و ئەلکسندەر لە سەرتیپی کونسوڵی ڕوس لە ئورومیە هاتوچۆو دانیشتن و کۆبوونەوەتان لەگەڵیان داکردووە.

ئەبولقاسم گوتی: ئەوانە پێویستییەکانی ڕۆژگاربوون.

دادستان گوتی: ئەو کارانە جاسوسی بووە بۆ ڕوسەکان؟!، بەڵام **ئەبو لقاسم سەدری قازی ئەم بۆچوونەی ڕەددایەوە گوتی:** جاسوسی بۆکێ، بۆچی، چی لە وڵاتی ئێمەدا هەبوو کە ڕوسەکان ئەیان دیبێ وەک ئەوەی هەبوو، شتێک جێگەیەک هەیە کە ڕوسەکان خۆیان بۆی ئەچوبن.

ئینجا دادستان ناوی چەند نامەی تری هێنا کە ناوو ئاوات نووسیبوون. ئەبولقاسم گوتی: هەر شتێکە بۆ هەر جێگایەک نووسیبێ (نوسخە)دانە یەکە لای خۆم هێشتۆتەوە، تکایە بەرووندە (دۆسیە)ی ئێمە بنێرن بۆ تاران، ئامەو بەڵگەنامەکانی من هەمووی لەوێیە، باشتر ڕوون دەبێتەوە کەمن چیم بۆ کێ نووسیوە.

بەم شێوەیە دادگەیی کردنی دووبارەی هەرسێ قازییەکان تەواو بوو، دەستەی دادگەیی دووبارە کەوتنە گفتوگۆ کردن و مونافەشە.

بە پێچەوانەی دادگەیی مەیدانی پێشووتر کە لەکەمتر لەنیوسەعاتدا موناقەشەی ئێوان خۆیان براندەوەو بڕیاری خۆیان وەرگرت؛ دەستەی دووبارە دادگەیی کردنەوە بڕیاردانیان ماوەی زیاتر لە (١٠) کاتژمێری خایاند، لەو ماوەیەدا پەیوەندی بێتەل لە نێوان مهاباد و تاراندا بەردەوام بوو تا ئەوەی کاتژمێر دوانزەی نیوەشەو دادگە بڕیاری وەرگرت و بڕیاری لە سێدارەدانی هەرسێ قازییەکانی بەپەرەو زۆر بە پەنە ئەو بڕیارە بە تارانیش ڕاگەیەنرا. کەچی هیچ کام لە قازی محەمەدو سەدرو سەیفی قازی و ئێمە لە بڕیارەکەی تاران تێنەدەگەیشتین، بەڵام کاتێک بینیمان ڕەنگ وڕووی فەرماندەری نیزامی زۆر گۆڕاوەو دەستی دەلەرزێ و بەپەلە بەهۆی بێتەلەوە خەریکی پەیوەندی کردنە، هەستمان کرد کە توندترین بڕیار وەرگیراوە.

کەچی بڕیار وابوو ئەو شەوە تەنها نیو سەعات پەیوەندی بێتەل دەگەڵ تاراندا هەبێ، بەڵام ئەو شەوە دیاربوو ستادی ئەرتەش و دەرباری شا تایبەتی چاودێری ئەنجامی کۆتایی دادگەکەبوون.

ئەوەی ڕاستی بێ دادگای دووبارە پێداچوونەوەو دادگە کردنەوەش هەر هەمان ئەو تاوانانەی دادگای مەیدانی پێشووی دووبارە کردنەوەو بۆ هیچ لە تاوانەکان بەڵگەی پێدڤی نەخستەڕوو، هیچیش گوێیان بەڕەدکردنەوەی تاوانبارەکان (قازییەکان) نەداو بڕیاری لەسێدارەدانی هەر سێکیانی پەسەندکرد. ئیتر کەوتنە خۆ شوێنێک لە ناو شاردا بدۆزنەوە تا داری سێدارەیان لێ هەڵبخەن. دیاربوو فەرماندەری نیزامی زووتر لەوەی بڕیاری دادگە وەربگیرێ، ڕۆژێک زووتر ئەو خانووەی لە چوارچرایەو چەند ئێزمە دەستنیشان کردبوو بەنی هەر لە هەوەلەوە شوێنی لە سێدارەدانیشیان بۆیان دەستنیشان کردبوون. فەرماندار گوتی شوێنی پێویستمان ئامادەکردووە.

سەرەتا ویستیان جێبەجێ کردنی حوکمەکە بۆ فەرماندەری مهاباد بەجێبهێڵن و ئێمە دەگەڵ دەستەی دادگە خۆمان بەرهەڤ کرد بگەڕێینەوە تەوریزو لەوێوە بەرەو تاران بڕۆین، بەڵام لە ئاکاو دەستورهات تا جێبەجێ کردنی حوکمەکە دەبێت دەستەی دادگە نەڕۆن ئامادەبن. ناچار مابینەوە تا لەسێدارەدانی قازییەکان بەڕێوەبچێ.

هەر سێ قازییەکان لە دوای دادگە کردنەوە لە نێوبادگاندا لە ژوورێکیان دانابوون، بەڵام دەوروبەری ئەو خانووە بە چاودێرو چەکدار چاودێری دەکرا نەبادا ئیمکانیان بێت خۆیان ڕزگار بکەن.

بڕیاردرا یەکەیەکە لە ئۆتۆمبێل سوار بکرێن و هەر ئۆتۆمبێلێک (١٠) چەکدار (سەرباز)ی لە تەک سواربێ. پێیان گوتن دەتان نێرین بۆ تاران. فەرماندەری مهاباد دەستووری دا بە ئەفسەرێک یەک بە یەکەیان بهێننە بۆ مەیدانی چوارچرا.

(کیومەرس سالح) دەنووسێ: منیش بۆ تەواوکردنی ڕاپۆرتەکەم، بۆ گوڤارەکەم چوومە بەندیخانە. کاتێک لەگەڵ ئەفسەرێکدا چووینە ناو بەندیخانەکەوە دیتمان قازی محەمەد خەریکی نوێژکردن بوو، ئەفسەر هەواڵەکەی بە قازییەکان ڕاگەیاندو پێی وتن خۆتان کۆکەنەوە ئێوە دەنێردرێنە تاران، هەردوو سەدرو سەیفی قازی بەتایبەت ئەبولقاسم زۆری پێ خۆش بوو، دواتر کە سەلامی نوێژی دایەوە، بینیمان کە هاتنی ئێمەو ئەم هەواڵە هیچ کاری تێ نەکردووە، بەپەلە جلوبەرگ و شتومەکی خۆیان کۆدەکردەوەو ئامادەبوون. گوتیان مادام دەچین بۆ تاران ئیزن بدەن هەواڵ بە ماڵەوەمان بدەین با پوڵ و پارەیەکمان بۆ بهێنن بۆ خەرجی ڕێگا. ئەفسەرەکە گوتی نا، پێویست ناکا، چونکە بەرپرسانی پلەبەرز بڕیاریان داوەتە ئەفسەری بەرپرسی ئەو کارە بۆ خەرجی ئێوە، بۆیە پێویست بەوەناکا ئێوە پارە لەگەڵ خۆتان بهێنن.

بەپێی بڕیار هەریەکە لە قازییەکان لەگەڵ دەکەس چەکداری جودێر سواری لۆرییەک کران، بەڵام هەر لە ئێوارەی ئەو ڕۆژەوە فەرماندار بارودۆخی نائاسایی لەشار ڕاگەیاندبوو هەر جۆرە لە هاتوچۆو دەرکەوتنێک قەدەغەبوو. تەواوی ناو شارو دەوروبەریش بە ئەفسەرو سەرباز تەنرابوو. لە ماوەی سەعاتێکدا هەریەکە لە قازییەکان بەجیا لەگەڵ (١) سەربازدا لەنێو ئۆتۆمبێل دا سوارکران. قازی محەمەد لە ناو یەکەم ئۆتۆمبێل و محەمەد حوسێن سەیفی قازی لە ئۆتۆمبێلی دووەم و ئەبولقاسم سەدری قازی لەئۆتۆمبێلی سێیەمدا لە نێو ماشێندا چاوەڕوانی دەستوور بوون کە وەڕێ بکەون. بەڵام لە تارانەوە دەستوور درابوو گوایە بۆ ترساندنی خەڵکی کوردو پەندو عیبرەت وەرگرتنیان لە مەیدانی چوارچرای ناو شاری مهاباد بەهۆی هەڵواسین بەدارەوە لە سێدارە بدرێن، فەرمانداری مهاباد لە کاتی هاتنی دەستەی دادگە بۆ مهاباد: ئەو خانووەی کە لە مەیدانی چوارچرابوو بە دانیشتووانی چۆڵ کردبوو، ئەو خانووە سێ نهۆمە و هەرسێ نهۆمەکەی پێ چۆڵ کردبوون، بە بەهانەی ئەوەی کە گوایە شەو ئەفسەری چاودێری شار لەوێ دەبێ و ئەو خانووە سێ دەرگای هەبوو یەکێک لە دەرگاکان بۆ مەیدان دەکراوە یەکێکیان بۆ دەرەوەی مەیدان و یەکێک بۆ حەوشەیەکی بچوک کە هەی بوو، دەستووری ڕۆیشتنی ئۆتۆمبێلی قازی محەمەد بەرەو مەیدان درا، کە ئۆتۆمبێل گەیشتە پێش دەرگای ئەو خانووەی مەیدانی چوارچرا، قازی محەمەد پرسیاری کرد، بۆ دەبێ لێرە دابەزم، ئەفسەر پێی گوت. سەفەرەکەی تۆ لێرەوە بەرەو تاران ڕێک دەخرێ و چەند پرسیارێکی لاوەکی ماوە لێرە لێتان دەکرێ، قازی محەمەد دابەزی کاتێک هاتە ناو ژوورەکەوە دیتی دادستان سەرهەنگ نیکوزاد و مەلایەکی کوردەواری و چەند سەربازێکی چەکدار لە ژوورەکەن. هەروەها مێزێکی گەورەو قورئانێک کە لەسەر ئامێزەکە دانراوە. هەروەها سەرۆکی بەهداری (تەندروستی) کە تازە لە تارانەوە بۆ مهاباد هاتبوو لەوێن، لەناو ژوورەکەدا یەکسەر تێگەیشت کە چوونی تاران درۆیە بەفریو هێناویانن بۆ چوارچرا. دادستان سەرهەنگ نیکوزاد دەستی کرد بە خوێندنەوەی حوکمی دادگە و قازی محەمەدی حاڵی کرد کە دەبێ هەر ئێستاکە ئەو حوکمە جێبەجێ بکرێ.

بە قازی محەمەدی گوت ئەگەر وەسیەتێکتان هەیە بیکە یاخود بینووسە قازی محەمەد زۆر بە گوڕج و گۆڵی چووە پشت مێزەکەو دەستی کرد بە نووسینی وەسیەت نامەکە، تا چەند لاپەڕەیەکی نووسی، پاشان دیاربوو ماندوو بووە بۆیە بە مەلای مهابادی گوت وەرە ئەوەی من دەیڵێم بینووسە، قازی محەمەد زۆر بە ڕوونی ئەوەی دەیگوت و پێی نووسی: گوتی بینووسە فلان زەوی و فلان جێگەو فلانە بۆ مزگەوت و قوتابخانەو نەخۆشخانە بێ. تا بۆ گەلی کورد ئەوەی داهاتوو سوودی لێ وەربگیرێ، ئامۆژگاری یەکگرتن و پێکەوە ژیان و خۆشەویستی بۆ کورد کرد، کاتێک وەسیەت نامەکەی تەواو بوو دەستی کرد بە نوێژکردن، تۆبە و لە خوا پاڕانەوەی بەجێگەیاند، ئەم کارە نزیکەی ٢٫٥ کاتژمێری خایاند، دادستان لە بەسەرچوونی ئەو ماوەیە دوورو درێژە زۆر ناڕەحەت و نیگەران بوو، بەپەلەبوو بۆ گەڕانەوەی تاران. دوای ئەوەی قازی محەمەد وەسیەت نامەی نووسی و نوێژو لەخوا پاڕانەوەی بەجێ گەیاند، داوای کرد کە ئیزنی بدرێ چەند وەسیەت و ئامۆژگاری بۆ خەڵکی کورد بنووسێ، دادستان ئیزنی ئەوەی پێدان داوای قەڵەم و کاغەزی کرد، بۆیان هێنا، هەر بۆ ئەوەی دادستان سەرهەنگ نیکوزادو هەموو ئامادەبووان گوێیان لێ بێ و حاڵی بن بە مەلای گوت وەرە بینووسە، گوتی مەلا هەرچی من پێت دەڵێم تۆ هەر ئەوە دەنووسی. مەلا گوتی قوربان چی بنووسم، بزانم ئەوەی جەنابت دەتەوێ من بینووسم بزانن دادستان ئیجازەی ئەوەت پێ دەدا قازی محەمەد توڕە بوو گوتی: دادستان کێیە ئیزن بەمن بدا یانەدا داخۆ دەمەوێ بڵێم چی.

لێرەدا کیومەرس سالح دەڵێ: قازی محەمەد ئەو شتانەی بە فارسی بەمەلا دەگوت و پێی وت تۆ بە کوردی بیان نووسە.

مەلا گوتی، قوربان نازانم بە کوردی بنووسم، قازی محەمەد توڕەبوو گوتی. ئەمەش یەکێکی تر لە بەدبەختییەکانی گەلی کوردە لە درێژەی ئەم باسەدا کیومەرس سالح دەنووسێ: ئینجا قازی

محەمەد دووبارە خۆی دەستی کردەوە بە نووسینی وەسیەت نامەکەی، بەم شێوەیەی خوارەوە کە بە خەتێکی زۆر خۆشیشی نووسیوە:

بسم الله الرحمن الرحیم

میللەتی رۆڵە و براعەزیزەکانم، برا بەش خوراوەکانم، میللەتە زوڵم لێکراوەکەم، وام لە دوایین ساتەکانی ژیانمدا، چەند ئامۆژگاریەکتان دەکەم، وەرن بە خاتری خوا چیتر دوژمنایەتی یەکتری مەکەن یەک بگرن و پشتتان وەیەکتری بدەن، لەبەرابەر دوژمنی زۆردارو زاڵم بوەستن، خۆتان بەخترایی بە دوژمن مەفرۆشن، دوژمن هەر ئەوەندە ئێوەی دەوێ تا کاری خۆی پێتان جێبەجێ دەکات و قەت بەزەیی پێتان دانایە، لە هەر هەلێکدا بێ قەت لێتان نابوورێ.

دوژمنانی گەلی کورد زۆرن، زاڵمن، زۆردارن بێ بەزەیین، رەمزی سەرکەوتنی هەر گەل و نەتەوەیەک یەکگرتن و یەکبوونە، پشتگیری تەواوی میللەتە. هەر میللەتێک یەکێتی و تەبایی نەبێ هەردەم ژێر دەستی دوژمنانی دەبێ، ئێوە گەلی کورد هیچتان لە گەلانی سەر ئەم گۆی زەویە کەمتر نییە، بەڵکو لە پیاوەتی و غیرەت و لێهاتووی لە زۆر لەو گەلانەی کە رزگاربوون لەپێشترن. ئەو میللەتانەی کە لەچنگی دوژمنە زۆردارەکانیان رزگاریان بوو وەک ئێوەن، بەڵام ئەوانەی خۆیان رزگارکردووە یەکێتیان لە نێواندا هەبووە با ئێوەش وەکو هەمووگەلانی رووی زەوی چیتر ژێر دەست نەبن، هەر بە یەک گرتن و حەسوودی بەیەک نەبردن و خۆنەفرۆشتن بە دوژمنان لە دژی نەتەوەکەمان دەتوانن رزگاربن، براکانم چیتر فریوی دووژمن مەخۆن، دوژمنی کورد لە هەر رەنگ و دەستەو قەومێک بێت هەر دوژمنە، بێ رەحمە، بێ وێژدانە رەحمتان پێ ناکا، بەیەکترتان بە کوشت دەدا تەماح و وەبەردەنێ بە درۆو فروفێڵ بەگژ یەکترو دادەکا، لە ناو هەموو دوژمنەکانی گەلی کورد دوژمنی عەجەم لە هەموویان زاڵمترو مەلعون ترو خوانەناس ترو بێ بەزەیی ترە، لە هیچ تاوانێک بەرانبەر بە گەلی کورد دەست نا گێرێتەوە هەر بەدرێژایی مێژوو لەگەڵ گەلی کورد غەرەزو کینەی ریشەداری هەبووە هەیەتی، تەماشاکەن بروانن تەواوی گەورە پیاوانی گەلەکەتان لە سمایل ئاغای شکاکەوە بگرە تاجەوهەر ئاغای برای و هەمزە ئاغای مەنگورو چەند و چەندین مرۆڤی دیکە هەر هەموویان بەفریردان ئارامیان کردنەوەو خەڵکیان لە پشت کردنەوەو ئینجا زۆر نامەردانە کوشتیانن، هەموو ئەوانەیان بەسوێندو قورئان فریودان کە گوایە عەجەم نیەتی خێری لە گەڵیاندا هەیەو چاکەیان لەگەڵدا دەکا، بەڵام هەر کوردێ خۆش باوەڕەو بە سوێندو سۆزی عەجەم فریوی خواردووەو باوەڕی پێ هێناون، کەچی تا ئێستاش بە درێژایی مێژوو کەس نەیدیوە تاکو جارێکیش عەجەم بەسوێندو وادەو ئەو پەیمانانەی کە بەسەرانی داوە، وەفای پێ بکا و وادەکانی لەگەڵ کورد بەجێ بگەیەنێ، هەر هەمووی درۆو فروفێڵ بووە، جاوا من وەکو برایەکی چوکەی ئێوە، لە رێگای خودا، بۆ خاتری خودا پێتان دەڵێم یەکتر بگرن و قەت پشتی یەکتر بەرمەدەن، دڵنیابن ئەگەر عەجەم هەنگوینتان بداتێ، دیارە ژەهری تێدا کردووە، بەسوێندو بەڵێنی درۆی عەجەم فریومەخۆن کە ئەگەر هەزار جار دەست لە قورئانی پیرۆزیش بدا و بەڵێنتان پێ بدا دڵنیابن تەنیا مەبەستی فریودانی ئێوەیە تاوەکو فێڵێکتان لێ بکا.

وامن لە دوایین ساتەکانی ژیانمدا بەخاتری خودای گەورە ئامۆژگاریتان دەکەم، پێتان دەڵێم و وخوا بۆخۆی دەزانێ کەمن ئەوەی لە دەستم هات بەسەرو بەگیان و تێکۆشان، بە ئامۆژکاری ورێنوێنی ورێگەی راست نیشاندانی ئێوە درێغیم نەکردووە، ئێستاش لەوساتەداو لەو باردۆخەدا دیسان پێتان رادەگەیەنم کە چیتر فریوی عەجەم نەخۆن و باوەڕ بەسوێند و دەست لە قورئان دان وبەڵێن و سۆزەکانیان مەکەن، چونکە عەجەم نە خوا دەناسن و نەباوەڕیان بەخواو پێغەمبەر هەیەو نەباوەڕیان بە رۆژی قیامەت و حساب و کتاب هەیە، لەلای ئەوان ئێوە هەر لەبەر ئەوەی کە کوردن، با موسڵمانیش بن، تاوانبار و مەحکومن، بۆ وان دوژمنێ سەرو ماڵ و گیانتان بۆ ئەوان حەلالە و بە غەزای دەزانن، هەرچەندەی کە بەڵێنتم وانەبوو من بڕۆم و ئێوە لە دەست ئەو دوژمنە دڵ رەشانە بەجێ بهێڵم، بەڵام کە زۆر جاریش بیرم لە رابردوو و گەورە پیاوانمان کردۆتەوە کە عەجەم بەفریوو سوێندو درۆو حیلە گرتوویانن و کوشتویانن، چونکە لەمەیدانی نەبەردی دا پێیان نەوەستان و نەیان توانیوە لەبەرانبەریاندا رابوەستن، ناچار بەدرۆو فیروفێڵ هەڵیان خەڵەتاندوون کوشتویانن.

من ئەوانم هەر هەموویان لەبیر بوو قەتیش باوەڕم بە عەجەمان نەکردووە، بەڵام عەجەم لەپێش گەڕانەوەیان بۆ ئێرە چەندین جار رەڵام و راسپاردەیان بەنامەو بەناردنی کەسی ناوداری کوردو فارس بەدانی بەڵێن و پەیمانی یەکجار زۆرو بۆرەوە کە دەوڵەتی عەجەم و شاخۆی نیەتی خێریان هەیەو ئامادەنێ تاکو دڵۆپێک خوێن لە کوردستان برژێ ئێستا ئێوە ئەنجامی بەڵێنەکانیان بە چاوی خۆتان دەبینن ئەگەر سەرانی هۆزو عەشیرەتە کوردەکانمان خیانەتیان نەکردبا و خۆیان بە حکومەتی عەجەم نەفرۆشتبا ئێمەو ئێوەو کۆمارەکەمان وای بەسەردانە نەدەهات.



ئامۆژگاری و وەسیەتم ئەوەیە با منداڵەکانتان بخوێنن، چونکە ئێمەی میللەتی کورد هیچمان لە میللەتانی تر کەمتر نییە، ئیلا خوێندن نەبێ، بخوێنن بۆ ئەوەی لە کاروانی گەلان دوانەکەون هەر خوێندن چەکی کوشندەی دوژمنە.

دڵنیابن و بزانن ئەگەر تەبایی و یەکگرتن و خوێندەواریتان باشبێ زۆر باشیش بەسەر دوژمنانتان سەردەکەون. ئێوە نابێ بە کوشتنی من و براو ئامۆزاکانم چاوتان بترسێ، هێشتا دەبێ زۆر کەسی دیکەی وەکو ئێمە لەو رێگایەدا بەخت بکەن تا دەگەنە ئاوات و مەبەستتان.

دڵنیام لە دوای ئێمەش زۆر کەسی تر هەر بەفێڵ و دووڕوویی لەبەین دەبرێن.

دڵنیام زۆر لەوانەی لە دوای ئێمەش دەکەونە دوای فروفێڵی عەجەمان لە ئێمەش زاناترو لیهاتووتر دەبن؛ بەڵام هیوادارم کوشتنی ئێمە ببێتە پەندو عیبرەت بۆ دڵسۆزانی گەلی کورد وەسیەتێکی ترم بۆ ئێوە ئەوەیەکە لە خوای گەورە داوابکەن هەر چیەکتان بۆ سەرفرازی ئەو گەلە کرد کۆمەکتان لەئەو بوێ دڵنیام خوای گەورە سەرتان دەخاو کۆمەکتان دەکا، رەنگە بڵێن ئەی بۆمن سەرنەکەوتم لە وەڵامدا دەڵێم، بەو خوایە من سەرکەوتووم؛ چ نیعمەتێک و چ سەرکەوتنێک لەوە گەورەترە کە ئێستا وامن لە رێگەی گەل و میللەت و وڵاتەکەمدا، سەروماڵ و گیانم لە پێناوی ئەودا دادەنێم، باوەڕبکەن من خۆم لە دڵمەوە ئارەزووم بوو ئەگەر مردم بە مەرگێک بمرم کە لەحزووری خواو رەسولی خواو گەل و میللەتەکەمدا رووسووریم بۆمن ئەو مەرگە سەرکەوتنە.

خۆشەویستەکانم کوردستان ماڵی هەموو کوردێکە، هەروەکو لە

مـاڵەوەدا ئەندامـانی ئەو مـاڵە هەرکـەس لە هەر جـۆرە کـارو کردەوەیەکدا دەیزانێ، ئەو کارەی پێ دەسپێرن نیتر کەس مافی چاوچنۆکی پێ نییە، کوردستانیش هەر ئەو ماڵەیە ئەگەر زانیتان کەسێک لە ئەندامانی ئەو ماڵە کارێکی لە دەست دێ لێی گەڕێن بایبکا.

نیتر نابێ بەرد بخەنە سەرێی و نابێ بەوە دڵگیربن کە یەکێک لە ئێوە بەرپرسیاریەتی گەورەی بە دەستەوەیە، ئەگەر کاری گەورە کەوتۆتە سەرشانی کەسێک و بەڕێوەی دەبا دیارە لێی دەزانێ و بەرپرسیاریەتی گەورەتریش لە بەرانبەر ئەو ئەرکەدا هەیە. دڵنیابە برا کوردەکەت هەر چاکترە تا دووژمن کینەی لە دڵەو ئەگەر من بەرپرسیاریەتی گەورەم لەسەر شانی نەبا ئێستا لەژێرداری سێدارەدا ڕانەدەوەستام، بۆیە نابێ لەگەڵ یەکتردا چاوچنۆک بن، ئەوانەی فرمانی ئێمەیان بەجێ نەدەگەیاند، نەک هەر فرمان جێبەجێ نەکردن بەڵکو بە تەواوی دوژمنایەتیان دەکردین، لەبەر ئەوەی خۆمان بەخزمەتکاری خەڵکی خۆمان دەزانی؛ ئێستا ئەوان لە نێو ماڵ و منداڵی خۆیان لە شیرین خەودان، بەڵام ئێمە بە تاوانی خزمەت کردن بە میللەت را لەژێر داری سێدارەین و خەریکم دوایین ساتەکانی ژیانم بەم وەسیەت نامەیە تەواو دەکەم. جا ئەگەر منیش بەرپرسیارەتی گەورەم لەسەرشان نەبوایە ئێستا منیش وەک ئێوە لەناو خارخێزان و لە ماڵی خۆم لە شیرین خەودا دەبووم، ئەوەی کە ئامۆژگاریتان بۆ دوای خۆم دەکەم ئەمەش یەکێکە لەو بەرپرسیاریەتیانەی کە لەسەر شانمە. دڵنیابە ئەگەر کەسێکی تر لەنێوە بەرپرسیاریەتیەکانی منی وە ئەستۆی خۆی گرتبا، ئێستا ئەو لە شوێنی من لەژێر سێدارە دەبوو، وا من بە مەبەستی ڕەزایەتی خوداو بەپێی بەرپرسیاریەتی سەرشانم وەکو کوردێکی خزمەتکاری گەل و لە ڕێگای کاری چاکدا (امر به معروف) ئەو چەند ئامۆژگارییەم کردن کە هیوادارم لە مەودوا عیبرەت وەربگرن و بە تەواوی گوێ لە ئامۆژگاریەکانم بگرن، بە هیوای خوای گەورە بەسەر دوژمنانتاندا سەرکەون.

١- باوەڕتان بە خوداو ماجا، من عندالله و پەرستنی خوداو پێغەمبەر (د.خ)، بەجێ گەیاندنی ئەرکی ئاینیتی پتەوبێ.

٢- یەکێتی و تەبایی لە نێوان خۆتاندا بپارێزن، کاری نەشیاو مەکەن لە بەرانبەر یەکتردا چاو چنۆک مەبن بە تایبەت لە بەرپرسیاریەتی و خزمەت کردندا.

٣- خوێندن و زانست و پلەی زانیاریتان بەرنە سەرەوەو بۆ ئەوەی کەمتر فریوی دوژمنان بخۆن.

٤- باوەڕبە دوژمنان مەکەن، بە تایبەت بە دوژمنی عەجەم، چونکە بەچەند هۆو ڕێگاوە عەجەم دوژمنی ئێوەیە، دوژمنی گەل و نیشتمان و ئاینیتانە. مێژوو سەلماندویەتی کە بەردەوام لە کورد لە بەهانەیەو بە کەمترین تاوان دەتان کوژێ و لە هیچ تاوانێک بەرانبەر بە کورد دەست ناگێڕێتەوە.

٥- بۆ چەند ڕۆژێک ژیانی بێ قیمەتی ئەم دنیایە خۆتان مەفرۆشن بە دوژمن، چونکە دووژمن دوژمنە و جێگەی هیچ باوەڕ پێکردنێک نییە.

٦- خیانەت بەیەکتر مەکەن، ئەخیانەتی سیاسی و ئەگیانی و ماڵی و ناموسی، چونکە خیانەتکار لای خوداو مرۆڤ سوک و تاوانبارە، خیانەت بەڕووی خیانەکاردا دەگەڕێتەوە.

٧- ئەگەر یەکێک لە ئێوە توانی کارەکانی ئێوە بەبێ خیانەت کردن ئەنجام بدا، هاوکاری بکەن، نەوەک لە پێناوی چاوچنۆکی و بەخیلیەوە دژی بوەستن، یاخوا نەکا بێن بە جاسوسی بێگانە لەسەری.

٨- ئەو شوێنانەی لەوەسیەت نامەکەدا نووسیومە بۆ مزگەوت و نەخۆشخانەو قوتابخانە، ئێوە هەمووتان داوای بکەن تادەکرێ و سودیان لێ وەردەگیرێ.

٩- ئێوە لە خەبات و هەوڵ و تێکۆشان مەوەستن تاوەک هەموو گەلانی تر لەژێر چەپۆکی دوژمنان ڕزگارتان دەبێ، ماڵی دنیا هیچ نییە، ئەگەر وڵاتێک و هەبێ، سەربەستیەک وهەبێ؛ ماڵ و خاک و نیشتمانەکەو هی خۆتان بێ، ئەو کاتە هەموو شتێکتان هەیە، هەم ماڵ، هەم سەروەت، هەم دەوڵەت ئابرو نیشتمانتان دەبێ.

١٠- من پێم وانیە حەقی خودا نەبێ، حەقی ترم لەسەربێ، بەڵام ئەگەر کەسێک لای وا بوو، لەکەم تا زۆر شتێکی لای منە، سەروەتی زۆرم جێ هێشتوە، بابچێ لە واریسانم داوا بکا و وەری بگرێتەوە.

تا ئێوە یەکتر ئەگرن سەرناکەون زوڵم و زۆر لەیەک مەکەن، چونکە خوا زۆر زوو زاڵم لەبەین دەبا و نابوودی دەکا. ئەوە بەڵێنی خوارەندە بێ کەم و زیاد، زاڵم دەڕووخێ و نابوود دەبێ، خوا تۆڵەی زوڵمی لێ دەکاتەوە.

هیوادارم ئەوانە لەگوێ بگرن و خوا سەرکەوتووتان بکات بەسەر دوژمناندا، وەک سەعدی فەرموویەتی:

مراد ما نصیحت بودو گفتیم
حوالت باخدا کردیم و رفتیم
خزمەت گوزاری گەل و نیشتمان
قازی محەمەد.

دوای تەواوبوونی، قازی محەمەد لە نووسینەوەی وەسیەت نامەکەی بەدادستانی گوت حەزدەکەی گوێ بگرە بۆت بخوێنمەوە؟!
دادستان گوتی: پێویست ناکات.

قازی محەمەد گوتی: باشە بەڵام لەبەرئەوەی لە شەرعی ئیسلامدا لە دار دوون کارێکی ناپەسەندە، کە دەم کوژن تیر بارانم بکەن، بەڵام دادستان ئەو داواکاریەی لێ قەبوڵ نەکرد، چونکە بڕیاری دادگە، خنکاندن بەپەت بوو.

ئینجا قازی محەمەد گوتی: نوێژەکەم و دەستوراتی بەر لە مردن جێبەجێ دەکەم، ئیزنیان پێدا، بەر لەوەی بچێتە ژێر پەتی سێدارە ڕووی لە قیبلە کردو هەردوو دەستی بەرزکردنەوەو لە خوا پارایەوە بەدەنگێکی بەرز گوتی: خودایە تۆ خۆت شاهیدی کەمن لە خزمەت بەو میللەتەدا هیچ خۆم نەبواردووەو کەم وکوڕیم نەکردووە، خودایە تۆ شاهیدی کەمن هەرچیەکم لە دەست هاتبێ لە ڕێگای تۆدا و لە پێناوی ڕازی بوونی تۆدا کردوومە، خودایە بە گەورەیی خۆت تۆڵەی مەزلومان لە زاڵمان لەو دنیایەو لە قیامەتدا بستێنەوە، کە دەزانم هەروایە، ئەی خودای ئاگادار لە هەموو شتێک، هەموو میللەتانی ژێر چەپۆک و میللەتی کورد لەژێر چنگی ئەو زاڵمانە ڕزگار بکە.

دواتر کـەسـیـەرس دەڵێ: ئەم ڕێوڕەسمە و لەخوا پارانەوەیش نزیکەی (٣٠) دەقیقەی کێشا، هەروەها ئەو وشانەی کە قازی محەمەد بە کوردی دەیگوتن، واتا فارسیەکەیم لەمەلا کوردەکە دەپرسی کەئەوێ ئامادەبوو.

لە دوای ئەم مەراسیمە قازی محەمەدیان بردە ژێر پەتی سێدارەو لەداریان دا. زیاتر لە دوو دەقیقەی نەکێشا کەقازی محەمەد گیانی سپارد کاتژمێریش ببوو بە (٤)ی نیوەشەو.

ئینجا ئەمجارەیان بە ئەو (کامیۆن- لۆری) یەکرد کە محەمەد حوسێن سەیفی قازی، وەزیری جەنگی کۆماری کوردستانی تێدابوو بێنە مەیدان، سەیفیشیان هێنایە ژوورەکەوە، کە چاوی بەدادستان و مەلا و سەرۆکی بەهداری کەوت، یەکسەر زانی کارەسات چییە، بەڵام هیچ تێک نەچوو؛ ئەگۆڕاو نەشێواو، دادستان حوکمی دادگای خوێندەوە، پێی وت کە دەتوانێ وەسیەت نامەیەک بۆ خۆی بنووسێ، ئەویش چووە پشتی مێزەکەو تەواوی وەسیەت نامەکەی خۆی لە دەڵاپەڕەدا نووسی. کە تا ئەو کاتە خەریک بوو بەیانی دادەهات، کاتێک بەرەو مەیدانیان برد، هەر کە چاوی بە قازی محەمەد کەوت و کەوا لە دوورەوە لە دار دراوە و لاشەکەی بە هەواوەیە یەکسەر دەستی کرد بەدروشمی شۆڕشگێڕانە، بە زمانی کوردی و بەدەست و پێڵاقە کەوتە سەرو گوێلاک و گیانی ئەفسەرو سەربازەکان. ئیتدالی بەر هەر سەربازێک دەکەوت دەیخست،

ئەعرەتەی سەیفی قازی وەک ئەڕاندنی شێر وابوو. تەواوی خەلکی دەوروو بەرو نزیک چوارچرای لە خەو ڕاپەڕاند. لەگەڵ ئیدانی هەر کەسێک کە دەستی پێڕا گەیشت وەک شێر دەیئەڕاند، دەیگوت، بژی قازی محەممەد، بژی کورد، بژی ئیستقلالی میللەتی کورد، ئێمە دەمرین، بەڵام کورد هەرگیز نامرێ. خەیڵتان خاوە، لەبەرئەوەی دەنگی محەممەد حوسێن خان سەیفی قازی خۆی گەورەبوو و خۆیشی زۆر بە هەیبەت و نەترس بوو تا گەیاندیانە ژێر سێدارە چەند کەسێکی بە مست و پێلاقە خست. زۆرکەس لە دەنگی ئەو لەخەو ڕاپەڕین، بەڵام چونکە هەر لە ئێوارێوە باری نائاسایی و قەدەغەی هاتوچۆ ڕاگەیەنرابوو کەس زاتی لە ماڵ وەدەرکەوتنی نەکرد.

دوای ئەوەی بە دارەوەیان کرد دوای دوو دەقیقە پەتی سێدارە پچڕاو کەوتە خوارەوە، دووبارە بەرزیان کردەوەو هێشتا ئەعرەتەی دەکێشا ئینجا بردیانە بن داری سێیەم کە بۆ سەدری قازی ئامادەکرابوو دووبارە هەڵیان واسییەوە، سەعات بوو بە پێنجی بەیانی دنیا تەواو ڕووناک ببوو.

نۆرە گەیشت بە ئەبولقاسم سەدری قازی، بەڵام لەبەر ئەوەی زیاتر لە چەند کاتژمێرێک بوو بە ئێو کامیۆنەکەدا لە چاوەڕوانیدا مابووەوە گێژو وێژ ببوو.

هەروەها، چونکە ئەوەندە لە شوێنی لەسێدارەدانەکەش دوورنەبوو دەبێ گوێشی لە ئەعرەتەکانی سەیفی قازی بوو بێت، بۆیە ئاڕادەیەک تێگەیشتبوو کە کارەسات چییە.

کاتێک دایان بەزاندو هاتە ژوورەکەوە دادستان و مەلا و ئێمەی بینی دەستی کرد بە پاڕانەوە و گوتی: ئاخر من هیچ گوناهێک نەکردووە تکا دەکەم، بمنێرن بۆ تاران با کاری من باشتر ڕوون ببێتەوە.

ئاخوند یا مەلای مەهاباد پێی وت: عەیبە ومەکە مەپاڕێوە، پیاوانە وەکو ئەوانی دیکە بە... تۆ بە پاڕانەوە هیچ دەردێکت دەرمان ناکا. حوکمی دادگاوە دەبێ جێبەجێ بکرێ، جا بۆچی پیاوانە نەمری، مەردانە بڕۆ و سەرت بەرز بێ، بۆ دڵی دوژمن بە خۆت خۆش دەکەی. ئەوانە دوژمنکارن نەبێ لە دار دەدەن، ئەو قسانەی مەلا زۆری کار لێکرد، بۆیە دانیشت و دەستی کرد بە نووسینی وەسیەت نامە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە سەروان اکیومەرس سالح) باسی ناوەڕۆکی وەسیەت نامەی سەدری سەیفی قازی نەکردووە: مەگەر دڵسۆزان و هۆگرانی مێژووی کوردی لە ئەرشیف خانەی ئەرتەشی ئێراندا هەوڵی ئەوەیان وەدەست بکەوێ دەقی ئەو وەسیەت نامانەش بدۆزنەوە وساغی بکەنەوە، دواتر

کیومەرس سالح دەنووسێ:

کە وەسیەت نامەکەی تەواوکرد، بەرەو مەیدانی لە سێدارەدانیان برد کاتێک چاوی بە تەرمی قازی محەممەد و سەیفی قازی کەوت حالی تێک چوو بورایەوە، نەیتوانی خۆی بەپێوە بگرێ، ناچار هەر بەو حالەوە بە باوەشی سەربازەکان پەتیان لەملی کرد، ئەویش لە دار دراو کارەساتی لە سێدارەدانی هەرسێ سەرداری کورد کۆتایی هات.

دوای لەسێدارەدانیان ئەو ئۆتۆمبیلەی کە ئێمەی لە تارانەوە هێنابوو ئامادەبوو، هەندێک دوورتر لە مەیدانی چوارچرا وەستابوو. پێشتر شتومەکی ئێمە لە ناو ئۆتۆمبیلەکە بارکرابوو، بەپەلە هەیئەتی دووبارە پیاچوونەوەو دادگەیی کردن و من و چەند سەربازێک سواری ئۆتۆبوسەکە بووین و بەرەو میاندواو تەورێز دەرکەوتین، کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی گەیشتینە میاندواو.

قەت باوەڕم نەدەکرد کە بەڕێز و ڕێبەرانی کورد ئەوەندە بە جەرگ و بە غیرەت و ڕەشیدبن، تا ئێستاش دەنگی قازی محەممەد کە دەیگوت: خودایە جەزای مەزلومان لە زالمان وەربگرەوە. یاخود ئەعرەتەی سەیفی قازی کە تەواوی ئەو مەیدانەو دەوروبەری پڕکردبوو زللەو پێلاقەی لە ئەفسەرو سەربازان دەدا لەبەرچاوەو لە گوێمدایە.

هەر لە دووری ڕا توانیم چەند وێنەیەکی لێ بگرم و ئەم وێنانەی نزیک بکەوەمەوە دوای لە سێدارەدانیشان هەر لە دوورەوە وێنەی هەلواسراوی لێ گرتن، پێم وابوو دووعاکانی قازی محەممەد قەبوڵ دەبن، بەڵام نازانم کەی و چۆن.

هەموو ئەو نووسینەی سەرەوە کە لەبەر دەستماندایە لە ژمارە (٦١)ی ماهنامەی ئەرتەش، سالی (١٣٢٥-١٩٤٦) دا بەو شێوەیە نووسراوەو چاپ کراوە. دەبێ ئاماژە بەوەش بکەم کە لەوەسیەت نامەکەدا زۆر بەرگری و ڕستەی ڕەش کراوەتەوە کە دڵنیام ئەمە بە ئەنقەست کراوە، بە تایبەت ئەو بەشەی کە ئامۆژگاری میللەتی کورد دەکات، بەڵام لەو بڵاوکراوەیەی کە بە ناوی «وێژەنامە» بەتایبەت و بەشێوەی نهێنی و بۆ ئەفسەرانی ئەرتەش و شوێنی تایبەت چاپ دەکرا کەچی هەندێ جێگەی سانسۆرکراوە، بەڵام کەمتر شوێنێکی لادراوە دادگایی کردنی هەرسێ قازییەکانی بە تەواوەتی تێدا نووسراوە.

لە ژمارەیەکی دواتری ئەو گۆڤارەدا سەروان کیومەرس سالح دەڵێ، بە بەهانەی دژی ئەمنیەت بوونی من وێژە نامەکەشم ئیزنی بڵاوکردنەوەی وەرنەگرت، هەروەها لە کۆتایی نووسینەکەیدا دەڵێ: قازی محەممەد بە مەلاکەی گوت: بەیانی ئەو وەسیەت نامە ئامۆژگارییانەم بدە بە خەلکی شاری مەهاباد، قازی محەممەد ئامۆژگارییەکانی دا (مەلایە کەوە)، بەڵام دوابەدوای بەدارەوە کردنی قازییەکان دادستان نووسراوەکەی قازی محەممەدی لە مەلا گرتەوەکە ستاندەوەو دای بە من و گوتی: ئەمە لە دوا ڕۆژدا دەبێتە فیتنە. ئەمنیش ئەو لە وێژەنامەکەدا چاپم کرد، بەڵام دواتر پێشگیری لە بڵاوبوونەوەی کرا.

پێویستە ئاماژە بەوەیش بدەم کەوەسیەت نامەی خانەوادەیی و وەسیەت نامەو ڕاسپاردەکانی دەستخەتی قازی محەممەد بۆ گەلی کورد هەروەکو لە ئامە خانەی ئەرتەشی ئێراندا پارێزراون و ئەمە (بایەگانی بەگ خانەی مللی ستادی ئەرتەش) دا لەگەڵ هەموو ژمارەکانی ئەو ماە نامە بەو وێژە نامەیەی (تاج کیانی)دا. جگە لەمانە ئەو ڕێ بەڵگەنامەی دەنگەکانی ئەفسەرو سەرانی ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی سەرتاسەری ئێران بۆ نموونە تەواوی مێژووکی دادگایی کردنی ئەفسەرانی خوراسان و ئازەربایجان و قەزوین و شیراز و تاران و ئەسفەهان و دادگەیی کردنی ئەفسەرە تودەییەکان و ڕاپەڕینی ئەرتەشی شاهنشاهی و ئیرەی هەوایی و جەبهەی میللی و لایەنگرانی دکتۆر موسەدیق و سوپەبیای ژنی تێ لەگەڵ لە ڕێسەنەی زاهیدی گیرە ڕاوای شای ئێران لەو ئامەخانەیەدا وەک خۆیان پارێزراون.

سەرچاوە:

- وێژە نامە (تاج کیانی) وێژەی ستادی ئەرتەش.
- گۆڤاری (ماە نامە)ی ئەرتەشی ئێران ژمارەکانی ٤٤ تا ٧٥ .

تێبینی

پێدەچێ دەقی ئەم دادگایی کردنە وەچنگ برای بەڕێزمان (ئەم بۆکان) کەوتبێ کە بە هۆی بارودۆخی تایبەتیەوە نەمانتوانی ئەوی ڕاستەقینەی بڵاوبکەینەوە، بەڕێزیان لە بۆکانەوە زەحمەتی بە کوردی کردن و ناردنی بۆ کاک حەیدەر ڕواندوزی کێشا بوو. ئێمەش وەک گۆڤاری خەباتی قوتابیان خستمانە بەردەستی برای ڕۆژنامەنووس کاک(بەدرەدین سالح) و زەحمەتیان کێشا دووبارە پیای چوونەوە، و پێشەکەی بۆ نووسیوە و ئامادەی کردووە و زیاتر کوردانەیەتی. هیوادارین لە داهاتوویەکی زوو دا بتوانین بیکەین بە کتێبێکی سەربەخۆ وێنەی ئەو دەستنووسەی لە گۆڤاری - ماهنامە و - تاج کیانی دا بڵاوکراوەتەوە کشتی دەستمان بکەوێ و ئەویش بڵاوبکەینەوە.

نامەیەك

نامەیەکی مێژوویی گرنگ بۆ قازی محمدی شەهید

هەمیشە سەرکردەکانی کورد هاوراز و هاو سۆزی پیرانی نەقشبەندیی بوون . خۆیان بەدڵ سۆز و هۆگر و گوێرایەڵیان زانیوە ، چەندەها بەسەر هات و پرس و رای گرنگ لەمیانیاندا بووە . هەندیکیان نەشیت بۆ ئەوەی کەبکریت بەپێناسەی گەلیك ، یان مێژووی وولاتیك ، یان جیگای سەرنج و تیرامان و بەهرە وەرگرتنیکی تایبەتی ، کەهەموان سوێی لیوەربگرن .

باپیکەوە بەخیرایی سەرنجیکی کورت بدەین لەوەی کەمەرحومی پیشەوا قازی محمد لەسەرەتای خەبات و تیکۆشانی بۆ بەرگریی لەکورد و کوردستان نامەیەکی گرنگ دەنوسیت بۆ جەنابی شیخ محمد ئەمینی بیژوی : پرسی پی دەکات ئایا دەست بەوکارە گرنگە بکات ، ئایاهەنی و شۆرشەکەی بەرپابکات ئەوەی مەبەستی بیت بۆی دەنووسی و داوای وەلام لەشیخی بیژوی دەکات . ئەویش وەلامی دەداتەوە . هاو خەمی و سۆزی خۆی رادەگەیەنی و خۆی بەشایستەی ئەو پرس و رایەنازانی و دەفەرموی :- دەبوایە پرست بەیەکیکی سەرناسی سیاسەت مەدار بکردایە و منی دوعا گۆ چیم پیدەکریت . بەلام لەبەر ئەوەی راویژت پی کردووم و بەپیی فەرمودەی حەزرەت ﷺ پیویستە بەئەمانەتەوە وەلا مت بدەمەوە بۆیە ئیستیخارەم کردوو (کەئەمەش شیوە و مەرجی تایبەتی هەیە) ئیمجا بەناچاری ئەوەی بۆی دەرکەوتووە ئاشکرای دەکات و مێژوویش سەرانسەر دەبیتە شاشیدیکی زیندوو بۆ فەرموودەکانی بیژویی نەقشبەندی کەهەر لەخۆیەوە قسەی نەکردووە بەلکو وەك خۆی دەفەرمویت : واکەوتە دلمەوە . کەئەگەر بەو کارە هەلبستیت تەمەنت کورت دەبیت بەلام ئاوبانگیکی گەورە دەردەکەیت واتە بۆخۆت توشی زیان دەبیت و بەئاشکرا دەفەرمویت . زەمانە ئەگەر کەسیکی هەلبریی و بەرزی کردەوە ئەوە کاتی تیاچوونی نزیك بووەتەوە بۆیە وابەرزی کردۆتەوە بەئاشکراباسی ئەوەدەکات کەدەیخەنەسەر کورسی و منی بەپەتی سیدارەوە دەکەن و کورسی لەژێرپیی دەردەهینن فەرمانی خودایش چۆنی بریاردابی هەروایە بەلام ئەگەر ئەم کاردنەکەیت ئەوا بەبیگومان و دوو دلی بەپیچەوانەوە دەبیت . واتە تەمەنت دریژ دەبیت . بەلام ناوو شۆرەتت نابیت ، جائارەزووی خستۆتە دەستی خۆیی ئایاتەمەنی دریژی ئەویت یان کورتی . وەئەرووی ئامۆژگاریشەوە دەفەرمویت : فتوای ئەم کارەش لەدلی خۆت وەربگرە و داوای فتوا لەدلی خۆت بکە

پەیردو

بەلی هەر واش دەرچوو پیشەوا قازی محمەدی بڕواداری شەهید . بەرزبویەوە و چووەسەرکورسی و پشتیان تی کرد و پەتی سیدارەیان بۆهەلبریی و ملیسان کرد بەپەتەکەوە . تەمەنیکیی کورت بەلام ناوو سەدایەکی زۆر پیرۆز بۆپیرۆزی و بەگەلکیی . لەپیشەوە دەقی نامەکە دەنووسینەوە لەپاشان بەفۆتۆکۆپی دەیخەینە بەرچاوی بەریزتان کەلەلایەن ئەوەی شیخی بیژوی زانای بەریز مامۆستا شیخ رەئوفی نەقشبەندیی یەوە بەدەستمان گەیشتووە زۆر سوپاسیان دەکەین ئەمەش کەرامەتیکی تری شیخانی نەقشبەندی یە خوا پلەو پایەیان بەرز بکاتەوە

(گوڤاری پەیردو

صورەت نامەی شیخ محمەد ئەمین ی بیژوەیی لەوەلامی پیشەوا قازی محمد

١٣٢٤/٤/٤

١٣٢٤/٤/٤

بسمه تعالی وتقدس وتحیتهم فیها سلام بەرز و بەریز و خۆشەویستم جەنابی قازی محمد .

بەر لەهەموو شت بۆ گوێرایەڵی لەفەرمایشتی ئاسمانی بۆ عانەمی ئینسانی (واذاحییتم بتحیة فحیوابأحسن منها .) لەوەلامی سەلامی ئیوەی عەزیز ، عەرز تان ئەکەم (وعلیكم السلام ورحمة الله وبركاته أهل البیت انه حمید مجید) کاکە گیان : غەم و پەژارە ئەوەن زۆرە ، هەمووی ئانوسریت خەفەت و کەسەر ئەوەن بلاوە هەمووی ناگوتریت . (لیقضي الله أمرا كان مفعولا) لەبارەی پرس و مەشورەت بۆ ئەو کارە گرنگ و ئالۆزەی کەلەپیشەوە

نامەیەك

پەیرەو

لەمنت نووسی وە و. پرست پی کردووم . چە بلیم و چە بنووسم . باشتر ئەوە بوو کەلەگەل یەکی لیزانتر . ئەهلی تاقی و تەجرەبەتر ـ (سەبیاس و سەرناس) ئەو باس و خواسەت باس بکردایە . منی دۆعا گۆ و دۆعاجۆ . لەکۆی سەری خۆ لەو کارە ئالۆزە دەرنەکەم ـ بەلام بەهەر حال رووی (المستشار مؤتمن)ـ فاستخرت الله في ذلك ـ وام ئەکەویتە دلەوە . ئەو کارە بۆتۆ کەوەخۆی گریی ، عومرت کوورت نەبی . وناوو شۆرەتت دریژ . یەعنی : تەمەنی کورت و چوك و ئاوازی زۆر و گەورە

(وفي العكيس العكس بلا لبس) واستفت قلبك وما اغنا عنك من الله من شيء ان الحكم الا لله .

کە کورسی بۆ گەیینی مل بەپەت بی زەکەتی عەینی فەلاکەتیا

جا خۆت ئەیزانی لەم کورت و دریژە یەکی هەلبژیرە

وكان امر الله قدرا مقدورا

الشيخ محمد امين النقشبندى

ئیمزا

صورت نامۀ شیخ محمد امین شیروەیی در پاسخ پیشوا قاضی محمد

١٣٢٤/٤/١

بسمه تعالی وتقدسا : وتحيتهم فيها سلام

برزوبریزو خۆشەویستم جناب قاضی محمد

[illegible]

وكان امر الله قدرا مقدورا

شیخ محمد امین النقشبندی

وەفاتی سۆفی محمدی بیلولەیی و سۆفی عبدالعزیزی گەورە



بەناوی گۆڤاری (پەیرەو) پرسە و سەرە خۆشی لەبنەماڵەی سۆفی (محمد عبد الله) ی بیلولەیی دەکەین .

خوالی خۆش بوو لەسالی (١٩١٤) لە گوندی (بیلولە) ی سەر بەناری (بەمۆ) لەدایك بووە . هەر لە سەردەمای لاویتیەوە خولیاو عاشقی ئیسلام و ئەیدای دینە پاکەکەی حەزرەتی محمد ﷺ و ریبازی تەریقەتی پر لە نوری نەقشبەندی بووە . هەر لە تەمەنی (٢٠) سالیدا لەسەر دەستی شیخ (عەلائەددین) ی نەقشبەندی (تمسك) ی کردووە ، بوتە یەکیك لە موریدە دلسۆزو پاکەکانی ئەو ریبازە و ، لەپاشان بەیعەتیشی بە حەزرەتی شیخ عوسمانی سیراجەددین کردووە . ئەم پیاوە بەرزە لە ژیانیدا دلی کەسی لەخوی ئەرەنجاندووە . بۆیە گەورەو بچوك ریزیان لی دەگرت لە هەرکوی دەربکەوتایە . کاتەکانی خوی بەفیرۆ نەداوە و هەر خەریکی عیبادەتی خوی بووە . دنیای بەخەویکی بەتال زانیوە . سۆفی محمدی بیلولەیی لە ئیوارەی (١٧ / ١ / ٢٠٠١) دا کوچی دوایی کردو ، خانەی خوی گویزایەوە بۆ دونیایەکی ئەبراوە . خودای گەورە پایەداری قیامەتی بکات ئامین .

هەروەها پرسە و سەرە خۆشی خۆمان بەناوی گۆڤاری (پەیرەو) لە بنەماڵەی (سۆفی حاجی عبد العزیز) دەکەین . داواکارین کە بەرودرەگەر جیگایان پرکاتەوە لە دونیادا و ئەوانیش پایەدار تربکات ئامین .

سۆفی عبدالعزیز مەشهور بە (حاجی عبد العزیزی گەورە) لە سالی (١٩١٣) لە دایك بووە . لە سالی (١٩٣٨) (تمسك) ی وەرگرتووە لە سەر دەستی حەزرەتی شیخ (عەلائەددین) دا . لە دیی (پشتە) ی ئەوبەری سیروان دا ژیاوە . لە زەمانی حەزرەتی شیخ عوسماندا دووبارە بەیعەتی تازەکردۆتەوە . پیش ئەوەی بروات بۆ حەج حەزرەتی شیخ بە (حاجی عبدالعزیز) بانگی کردووە . هەمیشە کارو کاسبی کردووە و بەدەستی خوی بژیوی بۆ مال ومندالی پەیدا کردووە . وە موریدانی حەزرەتی شیخ بەتایبەتی لە مالی ئەودا لە پشتە ئیسراحەتیان کردووە . لە سالی (١٩٧٨) دا مالیان هاتوتە (موجەمەعی زەراین) و لەوی نیشتەجی بووە . تاکو لە سالی (٣١ / ١٢ / ٢٠٠٠) دا وەفاتی کردو لە دونیادا چووە . خودای گەورە لی ی خوش ببیت و پایەداری بکات .

داوا لە خوینەرانی بەریز دەکەین ، لە میژووی ئەم پیاوە بەرزانە دا چیان دەست دەکەویت بۆمان بنیرن ، تا ئیمەش بتوانین بە ئیرو تەسەلی لەسەریان بنوسین و ، بیخەینە بەر ئیگای خوینەران .

(گۆڤاری پەیرەو)





and loving father.

Whatever his decision will be, I will stay his friend and help him to find his way in life.

I owe you all very much taking me as a daughter to your family without asking questions or making moral remarks about my behavior. The days with you all will linger in my mind as a visit to the garden of Eden full of love and happiness in the middle of the sufferings of many of your people.

If, in the future, Aso and I will join I think we can make a great couple as we are children of the same mind and thinking.

Soon my vaccation is over. I will start my work as a teacher again and I will also start working again at the hospital for elderly people where I do extra work in order to save money for giving away.

I will read and learn more about the kurdish history in order to prepare myself better for the next visit.

Perhaps I can make myself ready to write down the story of Karim Zand. I am prowd of having been able to meet one of the men of the Republic of Mahabad.

I want you, mister Karim, to take your family into your arms and kiss them from me. Especially your dear wife.

I love you all and hope to have news from you some way or other. Perhaps little dear Sgu could train his knowledge in English by writing to me.

Your daughter in Sweden,

Kristina


Address: Kristina Warming, Betgatan 1, 241 38 Eslöv.
Sweden

Thursday 6 of August 1992

Dear all family !

Now, back in Sweden since Monday, I will out of my heart thank you ever so much for your kind hospitality to me during my visit.
I will never forget your kindness and hope to be able to see you again in the future.
I feel greatly honoured to have been able to meet with you all and to have been able to meet as many representatives from your people as I did.
I was sick those days till today, but recovering I will do my best to fullfill the tasks of helping your country with what I promised during my visit.

The trip by car through all the different countries, unknown to me mostly, was a hard business. I was glad to be able to act as a co-driver.
The nice little grandchildren of yours behaved bravely, beeing the most kind children I have ever met with.
I tried to play with them, making the trip enjoyable for them.
A call from Aso yesterday told me that they are all well back in Karlstad again. Karlstad is about 600 kilometres from where I live, so when leaving me here they had to go on driving for hours.
Your son entered my life in May this year at a conference by the Swedish gouvermement about taking care of refugees in Sweden. Beeing extremly interested in the question of the kurdish people and the Middle East area, I started to talk to him about it. At that time I had closed my heart to any relation with a man and decided to stay alone for the future happy with the odd family I made myself by taking an iranian refugee with wife as my son and daughter. What will happen to me and Aso is written in the stars. I have sincerely asked him to think of the matter of his family, to stay with them whatever happened with us. His children needs a caring



بۆ / کریم زەند

خزمەتی ئەدەب و رۆشنبیری کوردی مەزنترین میدالیای هەرە بەرزی ژیانی ئێوەی
کوردەواریانە.. یەکێتی ئەدیب و نووسەرانی کورد بە بۆنەی سێیەم میهرەجانی شیعری
کوردی یەوە، تەقدیرزانی و رێزگرتنی ئێوە بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانی چونکە ئێوە
چراوگی رووناکی بوون لەم رێگە پیرۆزەدا کە خزمەتی چاکی گەل و ئەدەبی کوردیتان کردووە

ئێتر سەربەرزی و تەمەن درێژیتان بۆ دەخوازین

یەکێتی ئەدیب و نووسەرانی کورد
لقی سلێمانی

یەکێتی
ئەدیب و نووسەرانی کورد

١١-٩-١٩٨٦



من كتاب (سفرة من دەربەندی بازیان الی ملەی تاسلوجه)
بقلم: توفيق وهبي – مطبعة المعارف – بغداد – 1965 – 1385 هـ - ص35



حمەغای ئەوڕەحماناغا   شێخ عبدالقادر(گوللەنەبڕ)   مەلا کاکە حمە سیف الله



شێخ ئەبدولکەریم شێخ قادر کرپچنە – شێخ ئەبدولقادر چوێسە شێخ تەها

شێخ محەمەد کوڕی شێخ ئەبدولکەریم – کەریم زەند


شێخ رەئوف، خاڵۆزای شێخ ئەبدولکەریم




زێوێ - پیرەمەگروون



دهۆك 1974






دوو تاق – شا پووری دووەم و شا پووری سێیەم


تاق بستان – کرماشان – 1968/8/6


DİYARBAKIR


ERZURUM



گەلی عەلی بەگ



حەسەکە - سوریە



قامشلی – شەقامی الجسرین




وێنەی پێنجوین



شایی و ئاهەنگی دێی دۆرێی ناوچەی بڕواری باڵا - 1972



دێی ماوەت بە کاولی 1991



دهۆك



سلێمانی – فولکەی لای باخچەی گشتی 1962




شەقلاوا



مووسڵ – نەبی یونس






ئاکرێ



ئامێدی - 1972



قەڵای باوەکرۆ – قەراخ – سەروو دەربەندگەور



گەڕاوی جەلی – نزیکی گەلی سماقلوو - 1970



خورماڵ 1962




سەرچنار - 1964



تەوێلە



کۆیە - 1970



سنە - سەنەندوژ




شاری ئامێدی




ڕۆشنگەی ئامێدی



دەرگای ئامێدی




شاری سلێمانی



گەلی عەلی بەگ



پردی خانەقین – 1868 دروست کراوە
لەلایەن کچی شاوە بۆ رێی مەکە و دیدەنی گۆڕی پێغەمبەر (د.خ)



هەولێر – ئەربیل – ئەربل




دێی زەڵم



چوارتا



رانیه



قەڵادزێ



گەلی دۆرێ – برواری باڵا – دێرێکی کۆن لە سەرەوە – 800 ساڵ لەمەوبەر
1972



زێویێ – پیرەمەگروون – لەولاوە ئارامگەی تۆفیق وەهبی - 1970



ئامێدی



سەرسەنگ - 1964



دەرگای ئامێدی



پردی دەلال - زاخۆ



سۆلاف



هەڵپەرکێ
دیاربەکر - تورکیا



ڕۆشنگەی خورماڵ
کەریم زەند لە سەرەوە
عبدالله خالد / مامۆستا
لە خوارەوە



Karim Zand 1925 Karim Qarane 1925







کەریم زەند – خالد خاڵ – قاهیرە - 1969



کەریم زەند – زانیار قرگەیی – مەزاری نەمران - 2004



فیکتۆریا – ولیەم یوحەنا – کەریم زەند - 2004



جەلال ئەمین بەگ – کەریم زەند - 1992



سارا پیتەریلا A.C.S – کەریم زەند - 1996



راگنەر هانسین – نەرویج / ئاسۆ زەند / کەریم زەند / ئانیا زراین- نەرویج - ئۆسلۆ



هێلینا ئیلۆڤسەن / کەریم زەند / راگنەر هانسن



ناسری ڕەزازی / کەریم زەند / مەرزییە فەریقی - 2001



کەریم زەند / زانیار سەردار قرگەیی / پ.د. نەسرین فەخری



ابونا جوزیف پەری – کەریم زەند - 1997



د. خانم رونیا تلوعی
کەریم زەند
2003



مارلین گروشکه - 2000

ناوەرۆک

ناوەرۆك

ناوەرۆك

ناوەرۆك

ناوەرۆك